# لەسەر شەرەفی فادیمە

کوشتن و شەرم

پێشکێشه به: سونگیول و نه‌بیله

ئوننی ڤیکان

# لەسەر شەرەفی فادیمە

## کوشتن و شەرم

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

ئەحمەد ئەسکەندەری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئوننی ڤیکان
لەسەر شەرەفی فادیمە – کوشتن و شەرم
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەحمەد ئەسکەندەری
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٢٦
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠٥ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆ – شیکاگۆ و لەندەن

ئوننی ڤیکان مامۆستای بەشی ئانترۆپۆلۆجی (زانستی مرۆڤناسی) کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی ئۆسلۆ. خاتوو ڤیکان هەروەها نووسەری چەندان کتێبە وەکو "لە پشتی پەچەوە لە عەرەبستان؛ مامەڵەکردن لەگەڵ دڵە تۆفانییەکان؛ سبەینێ، بەئومێدی خوا و خەیانەتی دەستودڵبازانە" کە هەموویان لەلایەن چاپخانەی زانکۆی شیکاگۆوە پەخش کراونەتەوە. "لەسەر شەرەفی فادیمە" پێداچوونەوە و پەرەپێدان و بەشێکیش دووبارە نووسینەوەی کتێبەکەیەتی بەناوی "For ærens skyld," کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٣دا بە زمانی نەرویجی لە چاپ درا.

ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی:

In honor of Fadime: murder and Shame/ Unni Wikan

The University of Chicago Press 2008; All rights reserved

The translation has been published with the financial support of NORLA Translated by: Ahmad Eskandari

وەرگێڕانی ئەم کتێبە بەیارمەتی و پشتگیریی ڕێکخراوی NORLA لە نەرویج ئەنجام دراوە

# پێشەکیی وەرگێڕ

خاتوو ئوننی ڤیکان (Unni Wikan) نووسەری ئەم کتێبەم یەکەم جار لە کۆنفرانسێکی نێونەتەوەییدا بینی کە لەلایەن حکومەتی سوێدەوە لە کۆتاییی ساڵی ٢٠٠٤دا لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. هەردووکمان لە کارگەیەکدا (وۆرکشۆپ) بووین کە بەتایبەت لەسەر کوشتنی نامووسی و شێوە جۆراوجۆرەکانی دەدوا؛ لەم کارگەیەدا کەسانێک لە فەلەستین، ئوردن، پاکستان، بەنگلادیش، کوردستان، بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا و چەند وڵاتێکی تر سەبارەت بەئەزموون و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان دەدوان.

دواتر وەرگێڕانی کتێبەکەیم بە سوێدی خوێندەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵە لەسەر بابەتی نامووس و ڕۆڵی کولتوور و ئاین و دابوونەریت هەر لە چین و تەبەتەوە هەتا بەنگلادیش و پاکستان و وڵاتانی عەرەبی و ئەمەریکای لاتین و کوردستان. هەر ئەو کات بیرم لەوە کردەوە کە ئەم کتێبە بۆ کتێبخانەی کوردی زۆر پێویستە. کاتێک کە لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٩دا بۆ بەشداری لە چەند کۆڕێک لە سلێمانی و کەلار و ڕانیە لەگەڵ خاتوو ئوننی ڤیکان پێکەوە چووینەوە بۆ کوردستان، چ لە ڕێگەی سەفەرەکەمان و چ لە وڵات بەدوور و درێژی ئەم بیرۆکەیەم لەگەڵی هێنایە گۆڕ. ئەو بەرەوپیری پێشنیازەکە هات و گوتی باش وایە دەقە ئینگلیزییەکەی وەربگێڕدرێتە سەر کوردی چونکە پێداچوونەوە و هەروەها هێندێک شتی تازەیش دەگرێتە خۆی.

ئوننی ڤیکان ساڵی ١٩٤٤ لە بنەماڵەیەکی خوێندەواردا لە باکوری نەرویج لەدایک بووە. نەنکی لە ڕیزی یەکەم ژنە مامۆستاکانی نەرویج بووە. مامۆستای ئانترۆپۆلۆجیی کۆمەڵایەتییە لە زانکۆی ئۆسلۆ. لە چەندان وڵات وەکو میسر، عوممان، یەمەن، ئەندەنووسیا و بوتان ژیاوە، نووسیویەتی و کاری لێکۆڵینەوەی کردووە. وەکو مامۆستای میوان لە زانکۆکانی فەرەنسا، بەریتانیا، ئەمەریکا و

ئەڵمانیا کاری کردووە. ڕاوێژکار بووە لەگەڵ چەند ڕێکخراوێکی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو یونیسێف و پرۆگرامی جیهانیی خۆراک لە وڵاتی بوتاندا.

هاوسەرەکەی، فریدریک بارت (Fredrik Barth) سوشیال ئانترۆپۆلوجیستێکی زۆر بەناوبانگە کە ماوەیەک لە کوردستان ژیاوە و کتێبێکی بەنێوی "بنەماکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە باشووری کوردستان" بە زمانی ئینگلیزی نووسیوە کە یەکەم جار ساڵی ١٩٥٥ بڵاو کرایەوە.

ئوننی ڤیکان لە کتێبی "لەسەر شەرەفی فادیمە، کوشتن و ناموس"دا پاش کردنەوەی باسێکی چڕوپڕ لەسەر چەمکی ناموس لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکاندا، دەچێتە سەر لێکۆڵینەوە لەسەر چەندان حاڵەتی کوشتن یان توندوتیژیی ناموسی کە لە وڵات و لە کولتوور و ئاینی جیاوازدا ڕوویان داوە. ئەو بە بەڵگەوە نیشانی دەدا کە کوشتن و توندوتیژیی گرێدراوی ناموس نە تایبەتە بە نەتەوەیەک نە کولتوورێک و نە ئاینێکی دیاریکراو. لە ڕێگەی بەشداریکردن لە (وەکو شایەتێکی پسپۆڕ) و لێکدانەوە و توێژینەوەی چەندان حاڵەت لە دادگەکانی سوێد و نەرویج و دانیمارک، ئوننی ڤیکان دەمانباتە ناو داڵانە تاریکەکانی ئەو پێکهاتە و پێوەندە کۆمەڵایەتییە نەریتی و عەشیرەتییانەی کە ڕەوایەتی دەدەن بەم چەشنە تاوانانە.

ئەم کتێبە پێمان دەڵێ کە تاوانی ناموسی لەناو پەیڕەوانی نزیکەی هەموو ئاینەکاندا دەبیندرێ؛ لە سوێد کوردبوونی فادیمە بوو بەجێگەی باس و مشتومڕ، بەڵام لە نەرویج موسڵمانبوونەکەی کەوتە بەرباس؛ دایکی فادیمە لەم کتێبەدا شوێنێکی زۆر گرینگی دراوەتێ؛ ئێمە لەگەڵ مرۆڤێکدا بەرەوڕوو دەبینەوە کە ئەوپەڕی خۆشەویستیی هەیە بۆ منداڵەکەی لە هەموو و باروودۆخێکدا، هاوکات ئەرکەکانی بەرامبەر بەهاوسەرەکەی قەت ناخرێتە پشتگوێ؛ ئەم دایکە کە جگە لە زاراوە کوردییەکەی خۆی هیچ زمانێکی تر نازانێ، لە پرسی هاوگونجیدا (ئەنتێگراسیۆن) لەلای نووسەر بووەتە کەسایەتییەکی جێگەی سەرنج. لەم کتێبەدا هەروەها لەگەڵ بەسەرهات و نموونەگەلی زۆری وەکو کچێکی مەغریبی لە نەرویج، پیاوێکی پاکستانی لە نەرویج، پیاوێکی توونسی، کچ و کوڕێکی پاکستانی لە گوندێکی ئەو وڵاتە و ژنێکی ژاپۆنی لە ئەمەریکا بەرەوڕوو دەبینەوە.

وتارەکەی فادیمە لە پەرلەمانی سوێد لەم کتێبەدا جێگەیەکی شیاوی دراوەتێ؛

من ئەم وتارەم لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٤دا وەرگێڕایە سەر کوردی و لە کۆڕی دووەمین ساڵوەگەڕی کوشتنەکەیدا لە ستۆکهۆڵم پێشکێشم کرد. لەبەرئەوەی دەقی وتارەکە بە سوێدییە، بە نووسەرم ڕاگەیاند کە ئەو وەرگێڕانە باشترە لەوەی کە من جارێکی تر لە دەقە وەرگێڕدراوە ئینگلیزییەکەوە بیکەمەوە بە کوردی. ئوننی ڤیکان ئەمەی پێ باش بوو.

لەم وەرگێڕانەدا هەوڵ دراوە شێوەی نووسینی وشەکان و دێرەکان هەر وەکو دەقی ئینگلیزییەکەی بێت؛ هەر شوێنێک لێکدانەوەی منی پێویست بووبێت لە بەردەمیدا نووسیومە "و"، واتە وەرگێڕ.

ئەحمەد ئەسکەندەری

# پێشەکی

ئەوە چییە کە پیاوێک ڕادەکێشی بەرەو ئەوەی کە منداڵەکەی خۆی بکوژێت لەسەر ناموس؟

ئەوە چییە وا دەکات لە دایکێک کە بەقازانجی پیاوێک شایەتی بدا کە منداڵەکەیانی کوشتووە - لەسەر ناموس؟

ئێوە لەمە تێ دەگەن، ئەگەر ئەوەی کە من کۆششم بۆ کردووە توانیبێتم بەئەنجامی بگەیەنم: واتە شیکردنەوەی ناموس و کوشتن بەناوی ناموسەوە. هێزی هاندەری من کوژرانی فادیمە شاهیندال بوو لە شاری ئوپسالا لە سوێد لە ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٢دا. چارەنووسی فادیمە هیچ هێمنایەتییەکی بۆ من نەهێشتەوە. ئەو کە بەڕەچەڵەک کورد بوو، لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە هەتا مەرگەکەی لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا لە سوێد ژیابوو. ئەو کە نموونەیەکی بەرجەستەی نەبەزی و سەروەریی کەسییەتی بوو، زیاتر لە هەموو کەس کاری کردبوو بۆ ئەوەی هۆشداری بدا بەوەی کە سیاسەتی هاوگونجی سوێد بەرامبەر بەکەسانی وەکو دایک و باوکی ئەو شکستی هێناوە. ئەو هەوڵی دابوو وڵات تێ بگەیەنێت کە "ناموس" - ئەو جۆرەی لە هێندێک کۆمەڵگەدا بەکردەوە ئەنجام دەدرا - دەشێت ببێتە بابەتێکی کوشندە. ئەو هۆشداریدابوو کە لەبەرئەوەی ئەوینی ژیانی خۆی واتە "پاتریک لیندێخیۆ"ی سوێدی - ئێرانی هەڵبژاردووە لەوانەیە بکوژرێت. بەڵام ئەو لە کاتێکدا شکستی خوارد کە کەمترین چاوەڕوانیی بۆی هەبوو _ نزیکەی چوار ساڵ پاش ئەوەی هەڕەشەی کوشتن لە دژی ئەو لاواز بووبوو.

مەرگی فادیمە تراجیدیایەکی سوێدی بوو، تراومایەکی (برینێکی دەروونی) سوێدی بوو. کاتێک خەریکی تەماشای ناشتنەکەی بووم لە کڵێسای دێرینی شاری ئۆپسالاوە، کە تەلەڤزیۆنی دەوڵەتیی سوێدەوە ڕاستەوخۆ بڵاوی دەکردەوە، بۆمدەرکەوت کە هیچ بژارێکی ترم نییە؛ من دەبێ هەوڵ بدەم تێ بگەم؛ من دەبێ

ئەوپەڕی کۆششی خۆم بکەم بۆم دەرکەوێت کێشەکە لەسەر چییە. بۆچی ئەو (ژنە) ڕزگاری نەبوو؟ ئەوە چ شەرەفێک بوو لە کوشتندا؟ ئەی لە داهاتوودا چی پێویستە بکرێت بۆ ئەوەی بەر بەم چەشنە تراجیدیایانە بگیرێ؟

من لەم بوارەدا تازەکار نەبووم. من ساڵانێ لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا کارم کردبوو و لە مەیدانی توێژینەوەدا لەسەر ئەوەی بەنێوی "نامووس و شەرم" دەناسرێت، ئەرکم جێبەجێ کردبوو. بەڵام چارەنووسی فادیمە شاهیندالْ و چارەنووسی ئەوانەی کە پێش ئەو بەو ڕێگەیەدا رۆیشتبوون – وەکو سارا و پێلا، کە هەردووکیان دانیشتووی سوێد بوون – لەگەڵ توانای لێ تێگەیشتنی من لە ململانێدا بوو. لە هەموو توێژینەوەکانمدا لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست من هەرگیز بەرخوردم بەنموونەی ڕاستەقینەی کوشتنی نامووسی نەکردبوو. وەکو زۆربەی زانستکاران منیش پێم وابوو کە کوشتنی نامووسی هی کۆمەڵگەی پاشکەوتووی لادێکانە و بەرەو نەمان دەچێ. کاتێک کە لە حەوشەکەی خۆمدا، لە سکاندیناڤیا دەرکەوت، پەرێشان بووم.

بەردەوام بەسەرهاتی فادیمەم بیردەکەوتەوە. من "دەبوو" تێ بگەم لەبەرچی ئەویان لەناوبرد و خەڵک مەبەستیان چی بوو کاتێک کەسانێک دەیانگوت "باوکی هیچ ڕێگەیەکی تری نەبوو؛ ئەمە دواین شتێک بوو پەنای پێبەرێت."

چۆن دەکرێت کوشتنی کچەکەی خۆت ببێتە "دواین پەنا بۆبردن"؟ یان وەکو باوکی لە دادگە گوتی "دوایین ڕێگەچارە". "کێشەکە ئێستا تەواو بووە."

هیوادارم ئێوە لەمە تێ بگەن کە چی لەپشت ئەم دەربڕینە بەرواڵەت تۆقێنەر و بێ مانایەدایە. ئەوەش کە (ئەم دەربڕینانە) لەلایەن دەعبایەکەوە نایەت. مرۆڤێک خەریکە قسە دەکات: پیاوێک لە بێ ئومێدییەکی قووڵدا، کە هەست دەکات لەلایەن کۆمەڵگەوە و بەدەستی "ئەم کچەوە، کە مردووە" خەیانەتی پێ کراوە. ئەمە کەسێکە کە فادیمە هاودەردییەکی ڕاستەقینەی هەبوو بۆی. ئەو ئێوارەیەی کە کوژرا، فادیمە سێ جار وتی "باوکە بێچارەکەم".

ئێمە پیاوێک دەبینین کە بەوەرگرتنەوەی ژیانێک نەبێت، توانای دەربازبوون لە شەرمەکەی، سووکایەتی پێکردن و بێ ئابڕووییەکەی نابینێ. پیاوێک کە بەپێی ڕوانینی ئەو، لە بەرچاوی هەموو دنیادا بووبووە مایەی پێکەنین. "بیروڕای گشتیی

جیهان" بۆ ئەم بەسەرهاتەی خوارەوە بڕیاردەرە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، شەرم و سووکایەتی وێ دەچێ بۆ ژنان و پیاوانی ڕۆئاوا بیر و بۆچوونێکی دوور لەوان بنوێنێ. ئەگەریش جارێک لە جاران هەست بە بێ ئابڕوویی بکەین، ئێمە وامان پێ باشە کە خۆی لێ گێل بکەین. هێرش و سووکایەتیکردن بەڕادەی پێویست بۆ زۆربەی ئێمە ئاشنایە، بەڵام بەئاشکرا دان پێدانانی، واتە سەلماندنی شکست. هەموو شتێک لەسەر ئەوە چڕ دەبێتەوە کە کۆنترۆڵی ژیانت هەبێت، یان لانی کەم "وا نیشان بدەیت" کە کۆنترۆڵت لەدەستدایە.

بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی دنیادا دەتوانیت کۆمەڵگەی وا بدۆزیتەوە کە تێیدا ڕووشاندنی ویژدان، سووکایەتی پێکردن و شەرم بیری ناوەندی و ئەزموونی ڕاستەقینەی هاوبەشن. لە هێندێک شوێن، "شەرم" چەمکێکی زۆر لاوازە. بێشەرەفی شەیتانە، ئەوپەڕی بێ ئابڕووییە، خاڵی نەگەڕانەوەیە، مەگەر ئەوەی کە تۆ هەنگاو هەڵبگریت بۆ تۆڵەکردنەوەی ناموسەکەت. بکوژی فادیمە خزمەتی بەم مەبەستە کرد.

بەسەرهاتی فادیمە دەتوانێت یارمەتیمان بدات هەنگاوێک هەڵبگرین لەسەر ڕێگەی تێگەیشتن لەوەی کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا مانای شەرم و بێناموسی چییە، بەبێ ئەوەی بیکەین بەدیوەزمە. فادیمە دەستیدایە کارێکی زۆر دژوار کاتێک کە هەوڵی دا تێگەیشتن بخوڵقێنێت بۆ کەسانی وەکو دایک و باوکی خۆی. ئەم کتێبە هەر بەهەمان گیان و بۆ هەمان ئامانج نووسراوە.

بەسەرهاتی فادیمە گێڕانەوەی منی پێوەیە. من دەمەوێت ڕووناکی بخەمە سەر ژیان – و مەرگی – و ڕێز لە یادی بگرم.

من هەروەها مەبەستی دووردەستتریشم هەیە: یارمەتیدان بەتێگەیشتنی ئێمە لە ناموس و کوشتنی ناموسی و لەوانە هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی هیچ بناغەیەک نییە بۆ گرێدانی کوشتنی ناموسی بەئیسلامەوە، ئەو چەشنەی کە هێندێک کەس "پاش فادیمە" هەوڵیان بۆ دا. ئەوەی کە ئەو تەنیا چوار مانگ پاش یازدەی سێپتەمبەر کوژرا، زۆر کەم بووە هۆی ئەهوەنکردنەوەی ئەو بۆچوونەی کە پێوەندییەک لە نێوان ئیسلام و کوشتنی ناموسیدا هەبێت.

بەڵام کوشتنی نامووسی کردەوەیەکە بناغەکەی لەسەر ریزێک بیروڕا دارێژراوە کە لەناو کۆمەڵێک باوەڕی ئاینیدا و هەروەها لەناو کەسانێک کە باوەڕی ئاینییان نییە روو دەدات. کوشتنی نامووسی بەپێی ڕاپۆرتەکان لەناو مەسیحییەکان و موسڵمانان، هێندووەکان، سیکەکان، جوولەکەکان، بوداییەکان و کونفێسیووسییەکان روویان داوە، بەڵام تەنیا لە کۆمەڵگەی ناوچەیی تایبەتدا بووە. ئەوە زیاتر داوونەریت و ڕەوشتە، نەک ئاین کە هێزی بزوێنەرە هەرچەند ئاین دەشێ کەڵکی لێ وەربگیرێت و جاری وایە کەڵکیشی لێی وەردەگیرێت بۆ ڕەوایی پێدانی کوشتنی نامووسی.

کوشتنی نامووسی تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەدا کە بەقووڵی ریشەی داکوتاوە، ڕێگەچارەیەکی ئاسان نییە. کەسانێکی زۆر تێ دەکۆشن پێشی پێ بگرن. چەندان بژارەڕێگە خراونەتە پێش بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی شەرمەزاری، بۆ دوورکەوتنەوە لە کردەوەی توندوتیژی و لەدەستچوونی ژیان. من چەند بژارەیەکی لەم چەشنە پێناسە دەکەم و هەروەها ئەو خەم و نائومێدییەی کە لەلایەن کەسانێکی زۆری نزیک لە قوربانییەکەوە هەست پێ دەکرێت، کاتێک کە با ئەو حاڵەش "چارەسەری کۆتای" روو دەدات.

ململانێ لەگەڵ کوشتنی نامووسی تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانە دەکرێت کە لەوێدا ئەمە بەشێکە لە نەریتێکی لەمێژینەی شەرەفدار. کەسانێکی زۆر، بەئاشکرا یان بەنهێنی، چالاکانە کار دەکەن بۆ ئەوەی ژیانی ئینسانەکان رزگار بکەن و بەها مرۆڤایەتییەکان بپارێزن. ئەمە لە خودی کۆمەڵگەکەی فادیمەشدا وابوو. کوشتنەکەی بۆ دایکی و خوشکەکانی و زۆری تریش دڵتەزێن بوو بەڵێ بۆ دایکیشی، کە سەرەنجام لە دادگەدا پشتگیریکردن لە باوکی فادیمەی هەڵبژارد. من هیوادارم بتوانم رووناکایی بخەمە سەر چارەنووسی دایکەکە.

کوشتنی کچی خۆ – یان کەسێکی نزیکی بنەماڵە – لەبەر خاتری نامووس، بەپێی تۆماری مێژوویی نەریتێک نەبووە کە رۆژێک لە رۆژان بەشێک لە یاسای نامووسی ئەوروپاییەکان بووبێت. بەڵام ئێستا هەیە. کوشتنی نامووسی، کە مەبەست لەوە کوشتنی ئەندامێکی بنەماڵەیە لەبەر نامووسی گشتی، بووە بە بەشێک لە راستییەکەی ئەوروپا. فادیمە بەشی زۆری ژیانی بۆ قسەکردن لە دژی

ئەم چەشنە نەریتە و هۆشداریدان بەسوێدییە مێشک لیبراڵەکان تەرخان کردبوو؛ بۆ ئەو مەترسییەی کە ئەم چەشنە ڕێسایانە لەسەر مافی مرۆڤ و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی دایدەنێن. پێگەی ئەمڕۆی ئەو لە سوێد و بەوڵاتریشەوە، شایەتی ئەوە دەدەن کە فادیمە لە پێشەوەی سەردەمی خۆیدا بوو. توندوتیژی بەناوی ناموسەوە و کوشتنی ناموسی لەوانەیە بۆ مانەوە هاتبێتە ئەوروپای نوێی فرە کولتوورەوە. بەڵام ئەگەر باشتر لەوە تێ بگەین کە ئەم هەموو باسە لەسەر "ناموس" چییە و چۆن دەکرێ واتایەکی نوێی بدرێتێ و زیاتر بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان کەڵکی لێ وەربگیرێت، دەشێت ژیان رزگار بکرێت و ئازاری ناپێویست دوور بخرێتەوە.

فادیمە لە سوێد بووەتە هێمایەک، سیمبۆلێک بۆ کەسێکی ئازادیخواز کە هەموو شتێکی فیدا کرد – تەنانەت ژیانیشی – بۆ ئەو شتەی کە بەلایەوە زۆر ئازیزە. بەڵام فادیمە لەوەش زیاتر بوو؛ ئەو مرۆڤێکی پێگەیشتوو بوو کە هەستی دەکرد ناچارە ڕێگەیەکی نامرۆڤانە بگرێتە بەر و بەهۆی ئەو ڕێبازەی کە هەڵی بژاردبوو، بچەمێتەوە. ئەوەش بەو مانایە بوو کە خۆی لە بنەماڵەکەی دابڕێت و ئەوەش نرخێک بوو دەبوو بیدات بۆ ژیانکردن لەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشیدەویست. کاتێک کە ئەو پیاوە ساڵێک دواتر مرد، ئەو لەوپەڕی تەنیاییدابوو. هاوڕێکانی بوونە بنەماڵە تازەکەی. بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی جێگەی دایک و خوشکە چکۆلەکەی بگرنەوە کە فادیمە هەروەکو دایکێک چاوی لێ دەکرد. فادیمە گەڕایەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوان بێت و گیانی لە پێناویدا دانا.

بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی کە زۆر باوە، کە گۆیا فادیمە لەبەر ئەوە کوژرا کە پاتریکی خۆش دەویست لێکدانەوەی من ئەوەیە کە هەلومەرجی "تر" بڕیاردەر بوون لەسەر ئەم ڕووداوە. ئێمە ناتوانین لەو پرسیارانە ڕابکەین کە بەهۆی کاتی ڕووداوەکانەوە بەرز کراونەتەوە. هۆی چی بوو کە نزیکەی چوار ساڵ پاش مەرگی پاتریک لە کارەساتێکی ئۆتۆمۆبێلدا (ساڵی ١٩٩٨) ڕێگە درا بە فادیمە کە لە ژیاندا بێت؟ ئەو ناسنامەیەکی نهێنی نەبوو: قەت خۆی نەشاردبووەوە و بە کراوەیی دەژیا. ئەو تەنیا یەک هەفتە پێش ئەوەی کە بڕیار بوو بەرەو وڵاتی کینیا بچێت و لەوێ پلانی دانابوو بۆ ماوەی شەش مانگ بمێنێتەوە، کوژرا. لەبەرچی لەو شوێنەدا کوژرا؟ بۆچی کوشتنەکەی ئەوەندە وەدوا کەوت؟

وەڵامەکە تەنیا لای بکوژەکە و هەر کەسێکی تری شەریکی تاوان دەست دەکەوێت. بەڵام توێژینەوەی من کە لەسەر بژارکردنی پڕ زەحمەتی هەموو دەستنووسەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس و تۆمارکراوەکانی بەڕێوەچوونی دوو دادگە، وتووێژی خۆم لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە و هەروەها زانستی گشتیی ئیتنۆگرافییی خۆم لەسەر شەرم و نامووس هەمووی ئەوە نیشان دەدەن کە چەندان هەلومەرج رۆڵیان هەبووە. فادیمە ململانێی لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی کردبوو، ئەمەش نەک هەر لەسەر هەڵبژاردنی ئەوین و خواستی سەربەخۆبوون. ئەو هەروەها ئەو ئۆلتیماتۆمەی نایە ژێرپێ کە لەسەر ژیانی پێی درابوو؛ تاراوگە یان مەرگ. تاراوگە رێگەچارەیەکە لە هێندێک کۆمەڵگەدا و لەوانە کوردستانی تورکیا کە وڵاتی بنەماڵەی فادیمە بوو، لەمێژە سەقامگیر بووە. ئەگەر رەفتاری تۆ ئابڕووی بنەماڵەی بردبێت، ناچارت دەکەن لەوەی بچیتە تاراوگە، ئەمەش باقیی ئەندامانی بنەماڵە "رزگار دەکات" لەوەی کە وەکو ئەرکێک، ئەتۆ بکوژن.

فادیمە – کە ئێستا ئیتر بووە بەسوێدی – بەزەحمەت لە واتای تاراوگە دەگەیشت. جگە لەوەش، ئەوەی پێ قبوول نەدەکرا و زۆری پێ نەچوو گەڕایەوە بۆ سەرزەوینی دوژمن. ئەو لە شوێنی خوێندنەکەیەوە واتە "تاراوگەکەی" شاری ئوێستەرشوند، سەفەری کرد بۆ شاری ئوپسالا بۆ ئەوەی بەنهێنی دایکی و دوو خوشکەکەی ببینێت. فادیمە بەم چەشنە وای رێک خست کە لە دواین ساڵی ژیانیدا بەشداریی بەشێک لە ژیانی بنەماڵەکەی بێت.

بەڵام ئەو بەئاگر یاریی دەکرد. دوورخراوەکان لەوانەیە بەزەییان پێدا بێت، بەڵام ناتوانن داوای ماف بکەن. فادیمە هەڕەشەی ئەوەی دەکرد کە سیستەمەکە لە ناوەخۆوە لەبەریەک بترازێنێت. فادیمە هەموو یاسایەکی یارییەکەی تێک دەشکاند، تەنیا هەر ئەوانەش نا کە پێوەندییان هەبوو بە ئابڕووی سێکسییەوە و یان هەڵبژاردنی هاوسەرەوە. ئەو هەروەها پاش ئەوەی کە بنەماڵەکەی خستە بەر بێ ڕێزی و ڕەخنە لە میدیاکاندا، سەرپێچیی کرد لە تاراوگەکەشی. فادیمە لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە بوو بەهێرشبەرێکی چەند لایەنە. بەدوور لەو (ڕاستییە) ناکرێت لە تراجیدیای فادیمە تێ بگەین. ئەمە بۆ کەمکردنەوەی شتەکە نییە، بگرە بۆ ئەوەیە ئاسانتر لێی تێ بگەین.

بەئاسان لێکدانەوەی چارەنووسی مرۆڤ وا یدەکات کە کاریگەری دراماتیکی زۆر بەهێز و خەسڵەتی قابیلی تێگەیشتنی زۆر ئاسانی لێ بکەوێتەوە. دراماکە لێرەدا سەبارەت بە بکەری تاوان و قوربانییەکەیەتی، جوانی و دەعبا. شێوەی ناساندنی بەسەرهاتی فادیمە لە میدیاکاندا پێکهاتەیەکی دراماتیکیی بەسەردا سەپاند. ئەمەیە ئەو شێوەیەی کە ئێمە لە داهاتوودا ئەومان وەبیر دێتەوە و ئەمەیە ئەو چەشنەی کە ئێمە "دەبێت" ئەومان وەبیر بێتەوە؛ وەکو ژنێکی جوانی گەنج کە لە شەڕێکی قارەمانانەدا خەبات دەکات و ژیانی خۆی لە پێناویدا دادەنێت.

ئێمە سەبارەت بەو شتانەی کە ئەو کردی، کەمتر بیر ناکەینەوە چونکە بۆمان دەردەکەوێت کە لە گەرمەی شەڕەکەدا، فادیمە ئازاری توندی گەیاند بەو کەسانەی کە بۆیان بەدەربەست بوو. بەسەرهاتی فادیمە هەروەها چیرۆکی ئەو بنەماڵەیە کە خۆی بەگەمارۆدراو دەبینی و لە ڕاستیشدا بەهۆی کەڵک وەرگرتنی میدیا لە فادیمە و کەڵک وەرگرتنی ئەویش لەوان، کەوتبوونە گەمارۆوە.

فادیمە خۆی خستە بەرچاوان بەو هیوایەی کە ئەو کارە ژیانی دەپارێزێت. ئەو هەروەها ئومێدەوار بوو کە لە ڕێگەی قسەکردنەوە و بە دانی ڕواڵەتێکی مرۆڤانە بەکێشەکەی، دەتوانێت یارمەتی ئەو کچانە بدات کە لە دۆخێکی وەکو ئەودا بوون. توێژینەوەی من ئەوە دەگەیەنێت کە ستراتیجییەکەی (فادیمە) بوو بەهۆی لاوازکردنی دەرفەتی زیندوو مانەوەی. لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ئێتنیکییەکاندا گەورەترین ناشیرینکاری ئەوەیە کە ڕاوێژی ئەنجومەنی ناوخۆیی بنەماڵە ئاشکرا بکرێت. شەرم هەتا ئەو کاتەی کە نەبووە بە زانیاریی گشتی، نامووسی بنەماڵە زیانمەند ناکات. بێ ئابڕوویی نابێتە بابەتێک بۆ ئەوەی ململانێی لەگەڵ بکرێت هەتا ئەو کاتەی کە "هەموو کەس دەیزانێت" لە حاڵەتی فادیمەدا، بنەماڵەکەی هەستیان دەکرد کە بێ ئابڕووییەکەی ئەوان تەنانەت لە بەردەم پەرلەمانیشدا فووی پێدا کرابوو. فادیمە لە بینای پەرلەمانی کۆندا رۆژی ٢٠ی مانگی یازدەی ٢٠٠١ وتارێکی پێشکێش کرد. دوو مانگ دوای ئەوە لە ژیاندا نەمابوو.

هۆکارە ئاڵۆزەکانی ئەم کوشتنە، تاوانەکە ناکاتە قابیلی لێبووردن، بەڵکو تەنیا وا دەکات زیاتر قابیلی لێتێگەیشتن بێت. ڕێگەی سەردەرهێنان لەوەی بۆچی

خـەڵکانێک بەرەو ئەوە ڕادەکـێشـرێن کـە لەسـەر نـامـووس کـۆتا بە ژیانێک بێن، دەبێت لەو روانگە جیهانییە ڕەچاو بکات کە لەوێدا تایبەت بوون و ئارامیی ژیانی بنەمـاڵە ئەلفـوبێـیـە و ئاشکراکـردنی ئـەمــەش بۆ ناو خـەڵک توندترین چەشنی شـەرمەزارییـە. تراجیدیای فـادیمە ناچارمـان دەکات لەوە تێ بگەین کە کۆمـەڵگەی فرە کولتووری ئێستـای ئێمـە ئەو کەسـانەش دەگرێتەوە کە بۆچوونێکیـان هەیە سـەبارەت بەوەی "تایبەت" چییە، کە پێویست دەکات لە ئاشکراکردن خۆبپارێزێت جا بەهەر قیـمـەتێک بێت. شـەرم تا ئـەو کاتەی بەشـاراوەیی دەمێنێتـەوە دەکرێت چاری بکەیت. دەکـرێت بەرگـەی سـووکایەتی پێکردن بگریت، بەڵام تـەنیـا لە ژیانی ناوەخـۆییدا. کـێشـەکانی بنەمـاڵە دەکرێت چارەسـەر بکرێن، بەڵام تـەنیـا لەودیوی دەرگەی داخراوەوە و لە ڕێگەی ناوبژیوانییـەوە. لە حاڵەتی فادیمەدا ئەمە چارەساز نەبوو؛ کەس نەبوو هەنگاو بنێتە پێشەوە و بەرپرسیارەتی قبووڵ بکات. بەڵام دواتر چەندان لێکۆڵەرەوە و لەوانە ئەندامـانی کۆمـەڵگەی کـوردی ئاماژەیان بـەوە دا کـە دەکرا بەم چەشنە رەفتاریان بکردایە.

سیستەمی یاسای سوێد لە روویەکەوە زۆر تایبەتە: تۆمـاری چاوپێکەوتنەکانی پۆلیس بەئاشکرا لە بەردەستدایە. من لە حـاڵەتەکەی فـادیمەدا دەستڕەسیم هەبوو بەسەر دەربڕینی هەمـوو شایەتەکاندا، لەوانە ئەو تاکەکەسانەیش کە دواتر خۆیان کێشـایەوە لەوەی کـە لە دادگەدا شـایەتی بدەن و یان ئـەوانەی کە بانگهێشـتنی دادگە نەکران. لە ڕێگەی ئەم بەڵگانەوە کە دەقی نزیک بەسـێسـەد لاپەڕە بوون من توانیم حاڵەتەکە لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە ببینم و بۆ من بوو بەسەرچاوەیەکی زۆر گرانبەهای تێگەیشتن.

جـاری وا هـەبووە کـە بەهـۆی ئەوەی بـەزیادی هـەسـتم بە هـاودەردی کـردووە بەرامبەر بەکەسـانێک کە نەمدەویست هاودەردییـان لەگەڵدا بکەم، تووشی ڕاڕایی دەبووم. مـن دەمـویست پڕاوپڕ و بەتـەواوی لایەنی فـادیمـە بگرم و هـەرگـیـز پێم وانەبوو کە ئەوەم بۆ مـوشکیل دەبێت. من هێشـتایش لـە قووڵاییی دڵەوە لایەنگری فادیمەم، بەڵام بـەتێگەیشتنێکی زیاترەوە لە دۆخی هێندێک لە نزیکترین دۆسـتان و دوژمنانی ئەو. لەو بۆچوونەوە من هەنگاوێکی گەورەم هەڵگرتووە بەرەو تێگەیشـتنم لە نامووس و لە کوشتن بەناوی نامووسەوە.

من سـەرەتا هـاتبوومـە سـەر ئەو قەناعەتە کە کوشتنی نامووسی _ کاتێک دەگاتە

ئەو شوێنەی کە ژیانی منداڵەکەی خۆت بستێنیت _ ناکرێت لێی تێ بگەیت مەگەر ئەوەی کە بۆ خۆت بەشێک بیت لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو داوونەریتە بەسەریدا زاڵە. ئەمە باوەڕی من بوو، سەرەڕای ئەوەی کە ئانترۆپۆلۆجیستێکم کە سی ساڵ ئەزموونی تێگەیشتن لە کولتووری جۆراوجۆر و چەندان ساڵ کاری مەیدانیم لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا هەیە. ئەو کاتیش و ئێستایش پێمـوابوو کە سنوورێک لە تێگەیشتندا هەیە کاتێک دەتەوێت لە شتێک هەستیارانە تێ بگەیت نەک هەر تەنیا ڕووناکبیرانە. بەڵام لە کاتی کارکردن لەسەر ئەم کتێبە، من ئێستا دەتوانم لە کوشتنی ناموسی تێ بگەم. هیوادارم تێگەیشتنی خۆم لەگەڵ ئێوەی خوێنەریش دابەش بکەم، بەڵام پێویستە کە وردە وردە لەم ڕەوتەدا بچینە پێش. بۆ ئەوەی ململانێی خۆم لەگەڵ ئەو کەرەستەیە و بەرەوپێش چوونی لەسەرەخۆی من بەرەو تێگەیشتن لەگەڵ یەکدا بێنەوە، من ئێوە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ خۆم دەبەم. جاری وایە هەست دەکرێت کە خەریکین لە بازنەیەکدا دەخولێنەوە، جاری وایشە دژ بەخۆمان دەدوێین. بەڵام ڕێگەچارەیەک هەیە و کاتێک هەموو شتێک گوتراوە و کراوە، هیوام وایە کە تۆ لەگەڵ من بیت: بەڵێ بەدوای ئەم ڕێگەیەدا چوون قازانجی هەبوو!

من لە ناوەڕاستی مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٢دا دەستم کرد بەنووسین و یەکەم پێشنووسم لە نزیکەی چوار مانگدا تەواو کرد. لەو کاتەدا من لە دوو کۆبوونەوەی دادگەی باوکی فادیمەدا دانیشتبووم. یەکەمیان، لە دادگەی ناوچەیی ئوپسالا کە لە نێوان ١٢ تا ١٥ی مانگی سێدا بەڕێوە چوو، دووەمیش دوای پێداچوونەوە، لە دادگەی باڵای ستۆکهۆڵم لە نێوان ٢٢ هەتا ٢٥ی مانگی پێنج. ئەمە زۆر کاریگەر بوو، بەڵام کاریگەربوون کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو بۆ توێژەر: من تازە خەریک بووم لە دادگەی سەرەتایی تێ بگەم کە دانیشتنەکانی دادگەی پێداچوونەوە وایان کرد زۆربەی تێگەیشتنەکانم هەرەسی هێنا. ڕیزێک لە شیکردنەوەکانم بەئاشکرا دژ بەریزێکی تر دەبوون. بکوژ پاشگەز بووەوە و ژنەکەشی هەر وای کرد.

من بڕیارم دا ڕووداوەکان وەکو خۆیان تۆمار بکەم و ڕێگە بە خوێنەر بدەم بەردەوام بێت لەگەڵ هەرەسهێنان و وەرچەرخانی بۆچوونەکانی مندا. ئەمە بەشێکە لە بەسەرهاتەکە و سەبارەت بە ڕێگەچارەیە – واتە ئەو شێواز و کەرەستانەی ڕێگە دەدەن باشتر لە سیستەمە یاساییەکە تێ بگەین. ڕێسای

نامووس له بەرامبەر دەسەڵاتی یاسادا رادەوەستێت.

لەوانەیە کەسانێک بەلایانەوە ئەم لێکدانەوەی من زۆر زبر، یان زۆر رووت بێت. ئاخۆ نەدەبوو من زیاتر شیکردنەوەم هەبووایە، یان زۆرتر خوێنەرم رێنوێنی بکردایە لەم رێگەیەدا؟ لەوانەیە وابێت. بەڵام مەترسییەکە ئەوە بوو کە گەیشتن بەئامانج ئەوەندە ئاسان دەبوو کە روانگەی پڕ بایەخ کە بە گەشەی هەنگاو بەهەنگاو دەست دەکەوێت، لە کیس دەچوو. ئەگەر خوێنەران بەرەنجامی جیاواز لەوانەی منیان دەست بکەوێت، هیچمان لەدەست نەداوە. بەپێچەوانە، گرینگ ئەوەیە کە بابەتەکان بۆ خۆیان بێنە گۆ، بەبێ ئەوەی کە دەنگی من بەردەوام ئاراستەیان بکات. راستییەکان بەردەوام لە چوارچێوە و لە دوو توێی کتێبەکەدا لە بەردەستدان و ناکرێت خۆی لێ ببوێریت.

لەوانەیە ناتەباییەکی تر ئەوە بێت کە من کەڵکئاوەژووم وەرگرتووە لە کەسانێک کە لە ئاستێکی بەرزی تاکەکەسیدا و زۆرجار زۆر هەستیارانە دەربڕینەکانیان لەلای پۆلیس باس کردووە. ئەوان لەوانەیە بیریان لە شتێکی وا نەکردبێتەوە – یان تەنانەت ئاگەداریش نەبووبن – کە رەنگە ئەو قسانەیان کە تۆمار کراوە بۆ هەمووان ئاشکرا دەبێت و هەر بەو هۆیەشەوە کەسانێکی وەکو منیش کەڵکی لێ وەردەگرن. ئەم ناتەباییە زۆر گرینگە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من بڕیارم داوە کەڵک لە مافی خۆم وەربگرم بۆ دەستڕاگەیشتن و کارکردن لەسەر ئەم بەڵگەنامانە. بەشێک لە هۆکارەکانی من ئەوەیە کە ئەمانە تاقانەن؛ ئەم (بەڵگەنامانە) دیدێک دەدەن بۆ ناوەوەی کێشە بناخەییەکانی نامووس و کوشتنی نامووسی کە لە هیچ شوێنێکی تر لە وێژەدا لەسەر ئەم بابەتە دەست ناکەوێت. نموونەیەک بۆ ئەمە شایەتیدانی خوشکە چکۆلەکەی فادیمەیە. واتە لە مۆرک و لە ناوەرۆکدا، بەپێچەوانەی هەر شتێکی کە من بینیومە و باسی لێوە کراوە، هەڵگری پەیامێکە سەبارەت بەچارەنووسی منداڵێک کاتێک برینداڕ دەبێت بەهۆی ئەوەی کە کوشتنێکی نامووسی بنەماڵەکە لەبەریەک دەترازێنێت. منداڵێک کە نائومێدانە تێ دەکۆشێت تێ بگات باوکی بکوژە، دایکی لەناو تۆفانێکی هەستەهەڵچووندا دێت و دەچێت، براکەی لەوانەیە شەریکی بکوژەکە بێت (ئاخۆ دەتوانێ وابێت؟) و هەروەها خوشکە گەورەکەی کە ئەو هەمووە خۆشەویستە مەحکومە بەوەی ئەوەندە ئازار بۆ باوکی دروست بکات کە لە ناچاریدا بەرەو کوشتنی کچەکەی رای بکێشێت.

ڤینا داس کە هاوکاری منە دەڵێت لە کوشتنی نامووسیدا ژنان نابێت لەوێ ئامادە بن. داس کە ئانتروپۆلۆجیستێکی زۆر بەرجەستەی هیندوستانە، سەرسووڕمانیی خۆی رادەگەیەنێت لەو راستییەی کە فادیمە لە پێش چاوی دایکی و خوشکەکانیدا کوژراوە. بەپێی ئەزموونی داس لە هیندوستان و بەشێک لە پاکستان، شتی وا نەبیستراوە.

خوشکە سێزدە ساڵانەکەی فادیمەیش سەری سووڕماوە کە باوکی توانی لە پێش چاوی ئەودا ئەو کارە بکات، بەڵام دڵخۆشیی خۆی بەوە دەداتەوە کە باوکی نەیدەزانی کە ئەو لەوێ بووە. ئەو لەگەڵ ئەو باوەڕە لە مشتومڕدایە کە دەیتوانی پێش بەو کوشتنە بگرێت. وەکو زۆربەی منداڵان ئەو کێشەی گەورەساڵان زۆر بە جیدی وەردەگرێت و هەست دەکات بەرپرسیارە. ئەو هەروەها لەژێر ئەو ترسەدا نوقم بووە کە بەتەنیا کەوتووەتەوە. کاتێک کە فادیمە دەکوژرێت و دایکی ڕادەکات بۆ ئەوەی داوای یارمەتی بکات، ئەم کچە پەشۆکاوە؛ تۆ بڵێی دایکم ئێستا نەچێت خۆی نەکوژێت؟

ئەم نەوجەوانە هەموو شتێک بەپۆلیس دەڵێت، زۆر روون و بەوردی شایەتیدانێک بە زمانی نەپاراوی سێزدە ساڵانێک. ئەو تووڕەیە لە کەڵک وەرگرتنی دەزگاکانی راگەیاندن لە فادیمە و کەڵک وەرگرتنی فادیمە لەوان و هەروەها تووڕەیە لە پۆلیسیش. ئەو پێی وانییە کە پۆلیس قسەکانی بە هێند وەردەگرن: "من دەزانم وایە! من دەزانم وایە. ئەمە شتێک نییە کە پێم وابێت! من دەزانم!" پێ لەسەر ئەمە دادەگرێت و زۆر توند ناڕەزایەتی دەردەبڕێت بەرامبەر بەو شێوەی کە بنەماڵەکەی لە دەزگاکانی راگەیاندندا نیشان دراون. ئەو دەیەوێت بزانێت لەبەرچی هیچ کەس پێوەندیی بەوەوە نەگرت. بۆ کەس ڕێگەی پێ نەدا بێتە قسە؟

فادیمە بووەتە بیروباوەڕێک، هێمایەک. بەڵام ئەو زۆر لەوە زیاترە، رێک لەبەر مرۆڤانەبوون و مێهرەبانبوونی. فادیمە لەوە تێ گەیشت کە تا چ ڕادەیەک بووە هۆی ئێش و ئازار بۆ بنەماڵەکەی ئەو چەشنەی کە ساڵی ١٩٩٨ کەڵکی لە دەزگاکانی راگەیاندن وەرگرت، هەرچەند ئەو کارەی تەنیا بەهۆی غەریزەی زیندوو مانەوە هەڵبژارد. ئەو دواتر توانی جڵەوی خۆی بگرێت. بەڵگە بەدەستەوەیە کە ئەو پەشیمان بوو لەوەی کە بەو چەشنە ڕێگەی گرتبووە بەر. ئەمە یەکێک لە لایەنەکانی "حاڵەتی فادیمە"یە. ئەمە قوربانیی زۆری لێ کەوتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی نیشاندانیانەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، خۆیان بەبچووککراوەیی دەبینی.

هەر دەربڕینێک، بەناعیلاج ڕستەکە لە دەقەکەی خۆی دادەبڕێت و بەم چەشنە ئەوەی ئێمە سەبارەت بەخۆمان و ئەوانی تریش دەیگێڕینەوە، لە بارودۆخی خۆمانەوە لە ژیاندا دەست پێ دەکات. ئەو وشانەی فادیمە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەری دەبڕی لە کاتێکدا بوو کە بنەماڵەکەی بەتەواوی، لەوانە دایکیشی ئەویان بەجێ هێشتبوو، باوکی و براکەی هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردبوو و لە دواییدا وای لێ هات زۆر بۆی زەحمەت بوو بەرگە بگرێت. پەشیمانبوونەوەکەی زۆر درەنگ بوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو بوارەدا زۆر بێ بەزەیین؛ چی گوتراوە، تازە گوتراوە. دایکی فادیمە دەبوو لەگەڵ ئەوەدا هەڵبکات کە بەپێی زانیاریی گشتی ئەو بەمنداڵەکانی خۆی گوتبوو کە هەموو کچانی سوێدی قەحبەن. خوشکە بچکۆلەکەی فادیمە وەکو کچێکی هەشت نۆ ساڵان دیبووی کە واتەواتی ئەو لەسەر تەلەفۆن لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووبووەوە. نارەزاییی دەربڕینی ئەم کچە گەنجە شیاوی گوێگرتنە. هەر بۆیە لەم کتێبەدا جێگەیەکی زۆری پێ دراوە.

فادیمە لەلای ئێمە ئەوەندە گەورەیە کە بەتەواوی کەڵک لە بەسەرهاتەکەی وەربگرین و بیری لێ بکەینەوە واتای چییە بنەماڵەکەی خۆت وەکو "دەعبا" نیشان بدەیت، چۆن ئەم نیشاندانە کەسانی بێ تاوان بریندار دەکات و چی بکرێت بۆ ئەوەی تیشک بخرێتە سەر ستەم لێکردن و توندوتیژی بەرامبەر بەتاکەکەس بەبێ ناوزڕاندنی هەموو کۆمەڵگەکە. ئێمە هاوکات کە خەریکی ئەم کارەین، بەگیان و هەناسەی فادیمە هەڵسوکەوت دەکەین. ئەو لایەنگری تێکەڵکردن بوو و دژ بە پەراوێزخستن بوو. ئەو هاوگونجی دەویست نەک لە پەراوێزخستن. ئەو ئاواتەخوازی بەرەنگاربوونەوە بوو بەرامبەر بەدەسەڵاتە دژە مرۆڤایەتییەکان و سەرەڕۆکان بەبێ ئەوەی ئەو کەسانە مەحکووم بکات کە خۆیان بووبوونە قوربانی تەنانەت کاتێکیش کە بەشێک لەوانە بەنۆرەی خۆیان بووبوونە هاوکاری تاوان.

سەرەنجام، ئەو تاسەباری یەکگرتنەوە بوو لەگەڵ بنەماڵەکەی تەنانەت باوکی و براکەی کە هەڕەشەیان کردبوو بیکوژن.

بەشی یەکەم

# ژیانەکانی سوێد

**١- فادیمە، لە یادی ئەو**

لە مانگی دووی ساڵی ٢٠٠٢دا فادیمە شاهیندالّ پاش مەراسیمێک لە کڵێسای گەورەی سەردەمی کۆن لە شاری ئوپسالا نێژرا. بەشداران لە ڕێوڕەسمەکەدا بریتی بوون لە ڤیکتۆریا شازادەی سوێد، سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرانی داد و یەکسانی، قەشەی گەورە و ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی ناودار. بنەماڵەی فادیمە خۆی، شاهیندالّەکان کە نزیکەی دووسەد و پەنجا کەس بوون لەناو ئەو دووهەزار کەسەدا کە لە کڵێسا گەورەکە جێگەیان دەبووەوە. لانی کەم دووهەزار کەسی تریش لەو ڕۆژە سارد و بارانییەدا لە دەرەوە ڕاوەستابوون بۆ ئەوەی دوایین ڕێزی خۆیان پێشکێش بەفادیمە بکەن. مەراسیمەکە ڕاستەوخۆ لە تەلەڤزیۆنی سوێدەوە بڵاو دەکرایەوە.

خاتوو توولیکی کۆیڤۆنێن بیلووند، قەشەی کڵێسا گەورەکە بەڕێوەبەری مەراسیمەکە بوو. ئەو گوتی بنەماڵەی فادیمە خوازیاری ڕێوڕەسمێکی شایستە بوون لە شوێنێکی پیرۆزدا. فادیمە ئەویندارى شاری ئوپسالا بوو و ئاواتی خواستبوو لەو کڵێسا گەورەیە مارە بکرێت و لەوێشەوە ببرێت بۆ ناشتن. ئەمە بوو سەرچاوەی ئەم ڕێوڕەسمە هەرچەند کە فادیمە ئەندامی کڵێسای سوێد نەبوو.

با ئەوەی کە هیچ زەماوەندێک نەبوو، تەنیا ناشتنەکەی. خۆشەویستەکەی فادیمە واتە پاتریک لیندەخیۆ، ڕۆژی ٣ی مانگی شەشی ساڵی ١٩٩٨ لە پێکدادانی ئۆتۆمۆبێلدا مردبوو. چوار ساڵ دواتر، فادیمە بەرەوڕووی مەرگ بووەوە، ئەو لەسەر ئەوینداریيەکەی بۆ پاتریک و مافی هەبوونی ژیانێک لەسەر خواستی خۆی وەستا و لەلایەن باوکییەوە کوژرا. "فادیمە قەحبە بوو"، باوکی بەپۆلیس دەڵێت.

"کێشەکە ئیتر ئێستا نەماوە".

باشە ئاخۆ ئەمە کوشتنی نامووسی بوو؟ یان کوشتنی بەناو نامووسی؟ قەشە گوننار ستۆلسێت پێی دەڵێت کوشتنی شەرمهێن. ئەو وێ دەچێت بڵێت کە وەرن با چەمکی نامووس لە لکەی توندوتیژی و ترس جیا بکەینەوە. جیهان پێویستی بەشەرەفی راستەقینە هەیە. وەرن با ڕێز لەوە بگرین و هەر بەوپێیەش بژین.

کابرایەک کە لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەم قەشەیەدا هاوڕا بوو، لە شوێنێکی قایم لە زیندانێکدایە لە دەرەوەی ئۆسلۆ بەنێوی لۆرێنسکووگ. ئەو ژنەکەی خۆی کوشت و لەسەر ئەو تاوانە خەریکی تێپەڕاندنی ٢٣ ساڵ زیندانەکەیەتی کە حوکمی لەسەر درابوو. ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە هەر لە منداڵییەوە خراوەتە مێشکی کوڕانی وەکو ئەو کە ئەگەر مێیینەیەک بێشەرەفیی هێنا بەسەر بنەماڵەدا، دەبێ بکوژرێت، جا با کچی بێت، خوشکی، ئامۆزا یان ژنی بێت. ئەو دەڵێت "ئێمە پێویستمان بەچەمکێکی نوێیە لەسەر شەرەف".

چەمکێکی وەها لەسەر شەرەف کە بەهای گرینگی تاکەکەس بەرەسمی دەناسێت و بوونی هەیە. ئەمەش لە چەندان بناغەی کولتووریدا هەم لە ناوەوە و هەم لە دەرەوەی بواری کارتێکردنی ڕۆئاواییدا دەبیندرێتەوە. بەشێک لە مەبەستی من لە نووسینی ئەم کتێبە ئەوەیە نیشانی بدەم کە شەرەف لەلایەن پیاوان و ژنانی کۆمەڵگە جیاوازەکاندا کە لەوانەیە ئێمە هێندێک لەوانە بە "نەریتی" دەستەبەندی بکەین، لە "باشترین" واتای وشەکەدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێت و لێی تێ دەگەن. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی دەرەوەی ئەوروپادا کوشتنی فادیمە و بەسەرهاتی سامناکی هاوشێوە کە لە دەزگاکانی راگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە بۆ نموونە هەڕەشەی کوشتن لەو گەنجانەی کە ئامادە نین بەزۆر هاوسەرکاری بکەن ئەو ئەندازە دەبێتە هۆی دەربڕینی بێزاری و شەرمەزارکردن کە لە ڕۆئاوا ئەو کارە دەکەن. ئەمە بۆ موسڵمانەکان راستە، هەروەها بۆ هیندووەکان، بووداییەکان، مەسیحییەکان و ئەو خەڵکانەی کە لەسەر هیچ کام لە ئاینە جیهانییەکان نین.

سەرەڕای ئەوەش ناکرێت ئینکار بکرێت کە کوشتنی نامووسی بوونی هەیە. ئەمانە "بەناو" (کوشتنی نامووسی) نین. بگرە لە ڕاستیدا هەن. ئێمە لەوانەیە بە رۆحی قەشە ستۆلسێتەوە ناویان لێ بنێین کوشتنی شەرمهێن. ئەمە نیشاندەری

مەحکوومکردنی ئێمەیە بۆ ئەم چەشنە کردەوانە، واتە کردەوەی ئێجگار قێزەون سەرەڕای ئەوەی کە بەبیانووی سەرەتای ئەخلاقییەوە دەکرێت. بەڵام ئەوە تەنیا بە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکاندایە کە ئێمە دەتوانین هیواخواز بین بەرەنگاری ئەم تاوانە سامناکانە ببینەوە.

چەمکی شەرەف لە ئاستی جیهاندا واتای جیاوازی هەیە و لەنێو دەستەوتاقمی لێکنەچووی خەڵکیدا بەشێوەی جۆراوجۆر مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. من بەئەنقەست خۆ دەبوێرم لەوەی کە وشەی وەکو "کولتوور" یان "کۆمەڵگە" بەکار بێنم، چونکە ئەم وشانە بەئاسانی ئەو هەستە پێک دێنێت کە کەسانی لەسەر ئەم یان ئەو کولتوور و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی دیاریکراو کاردانەوەیان دەبێت. ئەمە وا نییە. تەنانەت لەو شوێنانەیش کە کوشتنی نامووسی بەشێکە لە کولتووری ناوچەکە، لەوانەیە بەدەگمەن وابێت کە کچ، خوشک و یان هاوسەرەکەت بکوژیت لەبەرئەوەی بنەماڵەکە لە شەرمێک کە ئەو بەسەریدا هێناویەتی خاوێن بکرێتەوە. مێهرەبانی، بەزەیی و ئەوین مرۆڤ لە کوشتن لادەدەن. خەڵک ڕێگەچارەی کەمتر دڵڕەقانە دەدۆزنەوە. بەڵام ئەو ڕاستییەی کە لە هێندێک کۆمەڵگەدا کوشتن لەبەر خاتری نامووس نەریتێکی لەمێژینەیە – تەنانەت بەشێکە لە یاسا – پێوانەی ئەو شتەیە کە فادیمە دەبوو بەربەرەکانێی لەگەڵدا بکات.

مەرگی فادیمە کوشتنێکی نامووسی نەبوو پێی بگوترێت "بەناو". ئەو بەدەستی بکوژێک کوژرا _ بکوژێک کە دووچاری چەمکی شەرەف و بێشەرەفی بووبوو، کە چەندان جار هەڕەشەی کوشتنی لێ کردبوو. پێشتر لە ساڵی ١٩٩٨دا باوکی فادیمە و براکەی لێیان دابوو و هەڕەشەی کوشتنیشیان لێ کردبوو. ئەویش پۆلیسی ئاگەدار کردبووەوە و هەردوو پیاوەکە حوکم درابوون. دووەمین هێرشبردنی براکەی پێنج مانگ زیندانیی بۆ بڕییەوە. فادیمە بەردەوام لە مەترسیی کوشتنیدا ژیابوو. ئەو هەروەها ئاگەدار بوو لەوەی کە خەریکی ململانێیە لەگەڵ چەندان هێزدا: نەک دڵپیسی و سەرخۆشیی شێتانە، توندوتیژیی بێ دەربەستانە، بگرە باوەڕبوونێک کە ئەگەر لە ڕوانگەیەکی تایبەتییەوە سەیری بکرێت، لای وابوو مەعقوول و لەسەر هۆشە. لەو ڕوانگەیەوە دەشێت بەئەستاندنی گیانی کچێک، خوشکێک، دایکێک و هاوسەرێک شەرم بشۆردرێتەوە.

جەماوەرێکی دان پێدانەر پێش مەرجە. بۆ ئەوەی کە شەرمێک "بشۆردرێتەوە" و شەرەفێک ساخ بکرێتەوە، کۆمەڵگەیەک لە خەڵکێک پێویستە کە بەچەپڵەلێدان قەرەبووت پێ دەدەن، ئەمەش بۆ گەواهیدان بۆ کوشتنێک و ئەو یاسای نامووسەی کە بڕیارەکەی دەدات. باوکی فادیمە بەشێک لە وەها تاقمێک بوو. بەڵگەی زۆر بەدەستەوەیە کە دۆستان و خزمان دەچوونە ژێربالّی و پێیان دەگوت کە هەق بەوە و هەستی شکست و شەرمەکەی ئەویان بەهێز دەکرد. دواتر، چەندان کەس هێشتایش هەر پشتی ئەویان دەگرت، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەو هیچ بژارێکی تری نەبوو: دەبوو بیکوژێت.

کوشتنی نامووسی تاوانی لە ڕووی هەڵچوونەوە نییە، یان ئەوەی کە بەهۆی دڵپیسییەوە بێت. لە سەرەتای کوشتنی فادیمەدا بوون کەسانێک کە دەیانگوت کوشتن لەبەر خاتری نامووس هەر وەکو ئەو کوشتنە وایە کە لەسەر دڵپیسی دەکرێت. ئەمە بەرەنجام وەرگرتنێکی هەڵەیە. ئەوە ڕاستە کە کوشتنی نامووسی لەوانەیە بەهۆی دڵپیسییەوە بێت، بەڵام تەنیا وەکو هۆکارێک کە نە گرینگترینە و نە زۆرترین پێوەندیی پێوە هەیە. پێش زەمینەی کوشتنی نامووسی هەبوونی جەماوەرێکی دان پێدانەرە، تاقمێک لە خەڵک کە بکوژەکە بە شەرەف خەڵات دەکەن. ئەمەیە ئەو شتەی کە کوشتنی نامووسی جیاواز دەکات. کوشتنی نامووسی بەگۆشەنیگایەکەوە بەرەو جەماوەر ئەنجام دەدرێت کە بەگشتی لە پێشدا گەڵاڵەیان بۆ داڕێژراوە و ئامادە کراون. تۆ دەتوانیت باری شەرمەکە لەسەر شانت فڕێ بدەیت، کە ئەمەش لە پێوەندی لەگەڵ جەماوەرێکدا دەگونجێت. ئەوە ڕاستە کە هەستی شەرمکردنەکەت لەوانەیە زۆر قووڵ بێت، بەبێ ئەوەی کە "ئەوانی تر" پێ بزانن. ئەوە ڕاستە کە تۆ وا هەیە کە لە نهێنیدا بەو بێ ڕێزی و سووکایەتی پێکردنانە بریندار دەبیت. بەڵام لە چوارچێوەی ئەو نەریتانەی کە ئێمە خەریکین باسیان لێوە دەکەین، تۆ تەنیا پاش ئەوەی کە شەرمەکە لەلای هەموو کەس زانراوە، دەتوانیت "بیشۆریتەوە". شەرم، ئەو چەشنەی کە لێرەدا لێکی دەدەینەوە، دیاردەیەکی "جەماوەری"یە. شەرم گرێ دراوەتەوە بەو بێ ئابڕووییەی کە بووەتە ڕاستییەک "بۆ کەسانی دەرەوە". ئەم چارەڕەشییە تووشی بنەماڵەی فادیمە بوو، کە بە قیمەتی ژیانی فادیمە تەواو بوو.

ئەو ڕووی کردە جەماوەر. ئەو کەوتە قسەکردن. ئەو ڕاوەستا لەسەر مافی خۆی

بۆ ژیانێک بەخواستی خۆی و لەگەڵ خۆشەویستەکەی پاتریک، تانەت پاش مەرگی پاتریکیش. ئەو باسی ئازاردان و هەڕەشەی مەرگی کرد، باوکی و براکەی تاوانبار کران و سزا دران. ئەمە باوەشێنکردنی گڕی ئاگر بوو لەژێر تووڕەیی کولاوی بنەماڵەدا. سزادانێکی رەسمیی دواین سووکایەتیکردن بوو، بەڵگەیەک کە نیشانی دەدا پیاوەکان نەیانتوانیبوو کۆنترۆڵ بکەن.

فادیمە ئومێدەوار بوو کە ئاشکرابوونی کێشەکەی، لەسەر حاڵەتەکەی ئەو، ئاشکراکردنێک کە ئەو هەر تەنیا لەبەر خاتری خۆی نەیدەکرد، ئەو دەپارێزێت و لە مەرگ رزگاری دەکات. بەڵام کارتێکردنی لەسەر ئەو پیاوانەی کە ئەو پێویستی بەپارێزگاری بوو لە دەستیان، رێک بەپێچەوانەوە گەڕایەوە: شەرمەکەی ئەوان لە بازاڕ و لە مەیدان نیشان درابوو. لە چەقی شەرمەزاریدا بوون. لە وەها هەلومەرجێکدا، تۆ بۆ بەدەستهێنانەوەی "ناموسە"کەت چی دەتوانی بکەیت؟ تۆ ئەوە دەکەیت کە فادیمە خۆفی لێ بوو: تۆ دەکوژیت. بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵ تۆ دەبێت نیشانی بدەیت کە کێ سەرەداوەکانی بەدەستەوەیە، کێ ئاغا و سەروەرە.

کەوابوو قسە لەسەر دڵپیسی نییە. قسە لەسەر دەسەڵات و کۆنترۆڵە. هەر بۆیەش کوشتن لەسەر ناموس جیاوازە لە کوشتن لەسەر دڵپیسی. ئەمە لەسەر ئەوینی وەڵام نەدراوە یان پێوەندییەکانی ژن و مێردێک نییە. قسە لەسەر مافی کۆمەڵەکەیە بەسەر تاکەکەسەوە و هەروەها ئەرکی تاکەکەس بۆ ملکەچکردن. قسە لەسەر پێکهاتەکان و سیستەمەکان، دەستەبەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکە کە لەنێو ئەو باوەڕەدا داڕێژراوە کە بۆ خزمەتکردن بەسیستەمەکە بوونیان هەیە.

باوکی فادیمەیش قوربانییە – قوربانیی "کولتوورێک" کە داوای لێ دەکات ئەو دەبێت دەسەڵاتی بەدەستەوە بێت، فەرمان بدات، کۆنترۆڵ بکات، تەمبێ بکات. ئەو نابێت هیچ ململانێیەک بۆ ناموسەکەی کە تەنیا هی خۆی نییە، قبووڵ بکات. ئەو تەنیا هەڵگری بەشێکە، کەسێک کە بەشێک لە ناموسی عەشیرەتەکە جێبەجێ دەکات، هەروەکو چۆن هەموو کەسی تریش لەبەر خاتری عەشیرەکەیان دەبێت وابن. تاقمەکە بیناقاقای تاکەکەسەکەی گرتووە.

ئەمە بۆ دایکی فادیمەیش راستە، کە پشتگیریی لە هاوسەرەکەی و کوڕەکەی کرد لەو شکایەتی دادگە کە فادیمە لە مانگی پێنجی ١٩٩٨دا کردبووی، بەمەیش

بووە مایەی نائومێدیی کچەکەی. دایکی فادیمەیش قوربانییە، تاکەکەسێکی تر کە لە بارەگەی کۆمەڵگەدا قوربانی دەکرێت. فادیمە دوو مانگ پێش کوشتنەکەی لە پەرلەمانی قەدیمی سوێد لەسەر ئەم بابەتە بۆ جەماوەرێک دوابوو: دایکی سەرکۆنە کرا کاتێک کە فادیمە پێوەندیی لەگەڵ ئەودا پچڕاند، ئەمەش کارێک بوو پێویست بوو بیکات ئەگەر ویستبای بەپێی هەلومەرجی خۆی بژیێت.

شەرمی منداڵ دایکیشی دەگرێتەوە، چونکە ئەرکی سەرشان و بەرپرسیارەتیی دایکەکەیە دڵنیا بێت کە بایەخەکانی باوک و باپیران دەگوێزرێنەوە بۆ منداڵەکان. پاکیزەیی ئێجگار زۆر گرینگە بۆ کچان. هەر چەشنە پێوەندیی سێکسی پێش یان لە دەرەوەی هاوسەریەتی ئەوپەڕی بێ شەرمییە بۆ کچان. لێرەدا "سێکسی" واتایەکی بەربڵاوی هەیە. کۆمەڵایەتیبوون، کە لەلای زۆربەی ڕۆژئاواییەکان وەکو شتێکی بێ گوناه چاوی لێ دەکرێت، لەم کۆمەڵگە بەنەریت تەندراوانەدا حیسابی سێکسیبوونی لەسەر دەکرێت. بینین لەگەڵ کوڕێکدا لەوانەیە بەس بێت. دەنگۆیەک کە تۆ بینراویت قسەت لەگەڵ کوڕێک کردووە لەوانەیە بەس بێت. دەنگۆ لە راستی گرینگترە. ژنانێکی گەنج گیانیان لە پێناو گێڕانەوەیەکی کەم بایەخ لەسەر خەوشداربوونی پاکیزەییان داناوە. ئەوان تەنانەت دەرفەتی پارێزگاری لە خۆیشیان پێ نەدراوە.[1]

بەڵام لە حاڵەتی فادیمەدا بەڵگە هەبوو. باوکی لە کۆڵان ئەوی لەگەڵ پاتریک بینیبوو. ڕۆژەکە ٣ی مانگی ٩ی ١٩٩٧ بوو. ئەمە خاڵی نەگەڕانەوە بوو. فادیمە دەبوو یان لە پاتریک و یان لە بنەماڵەکەی خۆی جودابێتەوە. ئەو پاتریکی هەڵبژارد.

فادیمە هێشتا پاش مەرگی پاتریکیش لەسەر هەڵبژاردنەکەی خۆی مایەوە. پاتریک ڕۆژی ٣ی مانگی حەوتی ساڵی ١٩٩٨ هەمان ڕۆژ کە بڕیاریان دابوو بگوێزنەوە لای یەک و پێکەوە بژین، لە کارەساتێکی ئۆتۆمۆبێلدا لەسەر جادە، گیانی لەدەست دا. فادیمە هەر وەکو ئاواتی خواستبوو، لە گۆڕستانی قەدیمی ئوپسالا و لە پەنای پاتریک نێژرا. ئەوە کە وای لێ هات، لەوانەیە بەشێکی لەبەر ڕووداوەکانی ١١ی ٩ی ٢٠٠١ بووبێت.

لەم ڕۆژە بڕیاردەرەدا فادیمە لە نیویۆرک بووبوو. ئەو بۆ ماوەی هەفتەیەک پشوو

چووبوو بۆ ئەوێ بەڵام پاش هێرشەکە بۆ سەر باڵەخانە بەرزە دوانەکان دەستبەجێ گەڕایەوە بۆ سوێد. کتوپڕ، مەرگی چاوەڕواننەکراو و ئەوەی کە چۆن لەوانەیە هەموو کەسێک بەرکەوێت، بوو بەئەزموونێکی راستەقینە بۆ فادیمە کە ماوەیەکی درێژ لەژێر هەڕەشەی کوشتندا ژیابوو، هەروەها پاتریکی لە مەرگێکی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا لەدەست دابوو. ئەو دەیویست ئامادە بێت. هەر بۆیە رێک دوای ١١ی سێپتەمبەر، پاش گەڕانەوەی بۆ سوێد پێوەندیی گرت لەگەڵ هاورێ نزیکەکانی و گوتبووی دەیەوێت دڵنیا بێت کە ئەگەر کاتی ئەویش هات، لە پەنای پاتریکەوە بنێژرێت.

کات زۆر گرینگ بوو، چونکە بەپێی نەریتی ئیسلامی مردووەکە دەبێت پێش هەڵهاتنی هەتاوی رۆژی دواتر یان هەرچی زووتر پاش ئەوە بنێژرێت. هاورێ باشەکانی فادیمە دەستبەجێ کەوتنە خۆ. مەراسیمی ناشتنی فادیمە لە ئاستێکی گەورەدا بەڕێوە چوو. بوو بەرووداوێکی ئێجگار جوان و بە شکۆ. بەڵام بۆ فادیمە ئەوەی کە گرینگ بوو جێبەجێکردنی دوایین ئاواتەکەی بوو؛ وای بنێژن لە پەنای پاتریکدا بحەسێتەوە.

ئاخۆ ئێمە قەت لە کوشتنی ناموسی تێ دەگەین؟ چۆن دایکان دەتوانن لەگەڵ ئەم چەشنە کوشتنانەدا بن؟ کە زۆرجار وا دەبێت (هەڵبەت بۆ فادیمە وا نەبوو). ساڵانێ کە ئەم پرسیارانە یەک لە دوای یەک لە من دەکرێنەوە. منیش خەریکی مشتومڕم بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەمەوە. ئاخۆ کوشتنی ناموسی قابیلی تێگەیشتنە؟ بە چ واتایەک؟ من گەیشتوومەتە ئەم بەرەنجامەی خوارەوە.

نەء، ئێمە ناتوانین لەمە وەکو "ئەزموونێکی ژیاو" تێ بگەین. بەبڕوای من بۆ ئەوەی لەمە تێ بگەین دەبێ کەسەکە بەشێک بێت لەو داوونەریتەی کە ڕەوایەتی ئەدات بەم چەشنە کردەوانە. "تەنانەت پاش ئەوەش لەوانەیە دژوار بێت". بۆ ئەو کەسانەی کە لە ئافرەتەکەوە نزیکن زۆر زەحمەتە تێ بگەن کە ئەندامێکی زۆر خۆشەویستی بنەماڵە دەبێ گیانی خۆی لەسەر دابنێت، تەنانەت کاتێکیش کە ئەمە بەشێکە لە داوونەریت و بەم چەشنە "شتەکان دەبێت ئاوەها بن." بەڵام لەو بابەتانەیشدا کە قسەی مان و نەمانە، بەپێی هەلومەرج، بژارەی بەڕێککەوت هەیە. کوشتنی ناموسی هەرگیز ڕێگەچارەیەکی ئاسان نییە.

لەبەرئەوەی من کەسێکم کە لە دەرەوەم، باشترین کار بۆ من ئەوەیە تێ بکۆشم روونی بکەمەوە کە لە کوشتنی ناموسیدا کێشەکە لەسەر چییە، ئەمە لە کاتێکدا کە من بەتەواوی دەزانم کە بەناعیلاج دابڕانێک دەبێت لە نێوان روونکردنەوە و تێگەیشتندا. ئەمەش هەر دروستە. ئەوە دڵنیایی دانە کە لە حاڵەتی وەکو هی فادیمەدا، یەکدڵی نیشاندان سنووردارە. ئێستەکانێ زۆر کەس دەیانەوێت بانگەشە بکەن کە "هیچ شتێکی ئینسانی بۆ من بێگانە نییە." بەڵام گرینگ نییە چی روو دەدات، هیچ کەس ناتوانێت زیاتر لە پارچەیەک لە چەندایەتی و جۆراوجۆربوونی بێ کۆتایی مرۆڤایەتیی بەرکەوێت.

سەرەڕای ئەوەش ئێمە دەتوانین هەنگاوێکی گرینگ بەرەو تێگەیشتن هەڵبگرین بەوەی کە تێ بکۆشین لەو چەشنە تەنگژانە بگەین کە بەرەو کوشتنی ناموسی رێگە دەبڕن. کەسێک کە کوشتنی فادیمەی شەرمەزار دەکرد، بەڵام هاوهەستی دەردەبڕی بۆ باوکی وتی "باوکی ئەو هیچ رێگەیەکی تری نەبوو". "ئەوە تاقە رێگەی دەربازبوون بوو." ئەمەیە ئەو شتەی کە ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین بە تێگەیشتن بگەین: کە کوشتنی منداڵەکەی خۆت دەبێتە "تاقە رێگە" و لەوانەیە تەنانەت ببێتە "رێگەچارەیەک" بۆ کێشەکە.

لە ناوجەرگەی ئەم باسەدا هەستێکی شەرم و بچووکبوونەوە جێگەی خۆش کردووە، ئەوەی کە هێرش کراوەتە سەرت و سووکایەتیت پێ کراوە، پێت پێکەنیون و رێک لە پێش چاوی جەماوەردا بەگاڵتەجاڕی سەیریان کردوویت.

دواتر دێینەوە سەر دادگەییکردنی باوکی فادیمە. لە نواندندا پێکدادانێکی پڕاوپڕی کولتووریی وەها روو دەدات کە باوکی فادیمە هاوار دەکات: "بزانن فادیمە چی بەسەرمدا هێناوە، من نازانم چۆن بتوانم بۆتان بەیان بکەم!" ئەو دەستەودامێنی دادگە دەبێت و هەموو هەوڵی خۆی دەدات و دەتەقێتەوە کاتێک کە روو لە دادوەر دەکات و دەڵێت: "ئەم فادیمەیە، ئەو چەشنەی ئەو رەفتاری دەکرد... ئەگەر تۆیش کچێکی وەهات هەبووایە، تویش دەتویست بیکوژیت!" دواتر پاش چرکەیەک: "نەء، نەء، هەڵبەت من نەخۆش بووم. هیچ باوکێک نایەوێت کچەکەی خۆی بکوژێت ئەگەر نەخۆش نەبێت!"

ئەمە بۆکسبازییەکی دڕندە نییە بگرە تێکۆشانی سەرلێشێواوی پیاوێکی

هەراسـانە بۆ وەرگـێـڕان لـە کولتـوورێکەوە بۆ کـولتـوورێکی تر. ئـەو دەزانێت تا چ رادەیەک هاودەردی سوێدییەکان بۆ ئەو پێویستە. خەڵکی سوێد تێ دەگەن کە هیچ پیـاوێک بەخـواسـتـی خـۆی نایەوێت منداڵـەکـەی خـۆی بکوژێت. ئەوان دەبێت بەدڵنیـاییـیەوە لەوەش تێ بگەن کە ئەو ڕاکێشرا بەرەو توندڕۆیی، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو نەخۆش بوو. ئەمە زۆر مرۆڤانەیە.

ئێمە هەموومان هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەوانی تر خۆمان ڕێک بخەین، چەشنێک لە زڕەزڕ بدۆزینەوە، ئـەویش بەهۆنینـەوەی ئەو هـەوایەی کــە برێتین لـە ئەزمـــوون و هەست کـە بەباوەڕی ئێـمــە لەلای هەمـووان هـاوبەشـە. گـرفـتـەکـە لەوەدایـە کـە وشەکانمان دەمانبەستنەوە. ئەوان لەوانەیە ڕێگر بن و لە هەمـان کاتدا یاریدەریش بن لە پڕۆژەکـەمـاندا. باوکی فـادیمە ئەو وشـانەی بەکـاردەبرد کـە پاش هـاویشتن دەگەڕانەوە بەرەو خۆی. ئەو لە جەماوەرەکەی خۆی خراپ تێ گەیشتبوو. هیچ کام لە "ئێـمـە" نەیدەتوانی قبووڵی بکات کە ئەگەر کچێکی وەکو فـادیمەمـان هەبووایە، ئێمەیش دەمانویست بیکوژین.

بەڵام ئێـمــە وەڵامی ئەو کـابرایە دەدەینەوە کـە لە بـەردەم ئێـمــەدایـە و کـاتێک هەراسانبوونە قووڵەکەی دەبینین. چونکە ئەو لە خۆی وا تێ دەگات کە پاڵیـان پێوە ناوە و ناچاریان کردووە بکەوێتە پارێزگاری لە خۆی. بۆ ئەوەی بتوانین ڕوانینێک بەدەست بهێنین کە مەبەست لە کوشتنی ناموسی چییە، ئێمە پێویستە "لەوپەڕی وشـەکـانەوە" بڕوانین، نێـوان دێڕەکـان بخـوێنینەوە و تێ بکۆشین خـۆمـان لەگـەڵ دۆخێکی تەنگی زۆر ئینسانیدا دەرگیربکەین(٢). ئەمە بۆ تێگەیشتنی کولتووریش بەگشتـی هەر وایە: ئێمە پێویست ناکات چەق ببـەستین لەسـەر وشـەکـان بەڵکو بۆمـان دەربکەوێت کە باشدەربڕین جاری وایە ئەو ڕاستییـە دادەپۆشێت کە ئێمە ژیانی قـابیلی بـەراوردکردنمان هـەیە. ئێمـە لە لانکەوە هەتا گۆڕ خـەبات دەکـەین لەگەڵ کێشـەی هەبوونیی لێکچوودا و ئەمەمان بۆ دەردەکەوێت باوەکو دەریایەک لە جـیــاوازی و لێکنەچوون نـاوەندی بیــروڕاکــانمان، شــێــوەی ژیانمان، کەسایەتییەکانمان و هەلومـەرجی مادیمان لێک جودا دەکاتەوە. ئەمـەش بەجۆرێک ئارامیمان پێ دەدا.

ئەمە دەشتوانێ هۆکار بێت کە بۆچی هێندێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە کوشتنی

نامووسی هەر هەمانە، یان زۆر هاوشێوەیە لەگەڵ کوشتنێک کە دڵپیسی هاندەری بوو بێت. ئێمە پێویستمان بەتێگەیشتن هەیە. دەستەبەندیکردنی کوشتنی نامووسی لەم ڕێگەوە لانی کەم یارمەتیمان دەدات کە "ئەوی تر" وەکو تەریک نەبینین. بگرە ئەو "یەکێکە لە ئێمە." کەسێک کە تۆ دەیناسیتەوە. بەڵێ، ئێمەیش هەستی دڵپیسیمان هەبووە، تەنانەت لەوانەیە وەها دڵپیسی گڕی تێمان بەردابێت کە بیرمان لە کوشتن کردبێتەوە.

هەر ئەوەندە، بەڵام نەک لەوە بەولاترەوە. بەراوردکردنەکە لێرەدا کۆتاییی پێ دێت. چونکە قسە لەسەر کوشتنە، یان خۆئامادەکردن بۆ کوشتنی منداڵەکەی خۆت لەبەر خاتری نامووس. تەنانەت کاتێک کە ژنان دەبنە قوربانیی کوشتنی نامووسی، تاوانەکە زۆرجار لایەنی پێوەندیدار بەبنەماڵەی ژنەکەوە ئەنجامی دەدات. ژنەکە لەلایەن کەسانی خۆیەوە دەکوژرێت.

کوشتنەکەش بۆ قازانج دەکرێت. بەرهەمەکەی بەدەستهێنانی ناوبانگ و هەیبەتە، کە ئەویش پارە و بەرژەوەندیی مادیی تری لێ دەکەوێتەوە. نرخی بازاڕی بنەماڵە هەڵدەکشێت، وەکو لە پێشووتردا.

بنەماڵەکە بەبێ نامووس دەبێتە مایەی پێکەنین؛ هەموو کەس بە مەسخەرەوە چاویان لێ دەکەن. کچەکانیان لە بازاڕی هاوسەرکاریدا بێ بایەخ دەبن. کوڕەکانیان وەکو کەسی لاواز چاویان لێ دەکرێت ناپیاو. لەباری کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە بنەماڵەکە دەکەونە ئەوبەری پەرژینەکەوە.

"ئێستا ئێمە دەتوانین بە سەری بەرزەوە بچینە دەرەوە"، ئەمە قسەی ئەمەلی هەژدە ساڵانە پاش ئەوەی کە برا شازدە ساڵانەکەی خوشکەکەیانی کوشتبوو. بنەماڵەکە فەلەستینی بوون. دایکیان دەڵێت: "بنەماڵەی ئێمە وەکو یەکێک لە هەرە پلە بەرزەکان چاوی لێ دەکرا، ناوبانگێکی زۆر بەرزمان هەبوو". ئیتر ئەوە بوو کە شەرەفمان نەما. تەنانەت براکەم و بنەماڵەکەیشی قسەیان لەگەڵ نەدەکردین. کەس هاموشۆی نەدەکردین. ئەوان تەنیا دەیانگوت: "ئێوە دەبێت کچەکە بکوژن".(٣)

لە ناوەندی ئەم بەسەرهاتەدا باسمەیە، ژنێک کە گومانی زینای لێ دەکرا. ئەو کە لەوە تۆقیبوو بیکوژن، لەگەڵ ئەو کەسەی کە گۆیا خۆشەویستەکەیەتی هەڵاتن.

هاوسـەرەکـەی تـەڵاقی دا و باسـمـە بەنهـێنی لەگـەڵ پیـاوەکـەی تردا پەیمانی هاوسـەریەتی بەست. سـووکـایەتی بەرامـبـەر بـەبنەمـاڵەکـەی لـە هەمـوو گـوندە فـەلەسـتـینیـیـەکەیاندا لە ئۆردۆن بڵاو بووەوە. دایکی باسـمـە کـاتێک کـە چوو بۆ دۆزینەوەی کـچـەکـەی، تفـەنگێکی لەگـەڵ خـۆی برد. لە ئەنجـامـدا تەقـە کوشندەکە لەلایەن برا شـازدە سـاڵەکەی باسـمـەوە کرا، ئەو برایەی کـە تەمەنی تەنیا دە سـاڵ بوو کاتێک کە خوشکەکەی هەڵات.

لەناو هێندێک لەو داوونەریتانەدا کە پشتگیری لە کوشتنی نامووسی دەکەن – هەموویان وەک یەک نین – ژن قەت لە بنەماڵەکەی خۆی سەربەست نابێت. تەنانەت دوای ئەوەی کە شـووی کرد، دەتوانێت بنەمـاڵەکە بخـاتە نـاو قـووڵاییی شـەرمـەوە. کـات سـاڕێژکـار نییـە. ئـەگـەر داخـینەکـەن، شـەرمـەکـە چڵک دەکـات و هـەتا دێت گەورەتر و کوشندەتر دەبێت.

لە حـاڵەتـی فـادیمەدا چوار سـاڵی خـایاند. چوار سـاڵ مـەترسـیی کـوشندە پێش ئەوەی سـەرەنجـام بیکوژن. ئـەم ژنە گـەنجـە بـاریک و شـیـرینە وەکـو "هێـزێکی سـامناک" کـارتێکردنی لەسـەر بنەمـاڵەکـەی هـەبـوو. لەبەرئەوەی کـە ئەو پاتریکی هەڵبژاردبوو، کە قەتیش دەرفـەتی پەیدا نەکرد لەگەڵی بژیێت، هەروەها چونکە پێی دادەگرت لەسەر ئەوەی کە ژیانی خۆی بەپێوانەی خۆی بەڕێوە ببات، دەبوو بمرێت. چوار سـاڵ پاش مـردنی پاتریک، فـادیمەیش نرخـەکەی دا. ئـایا دەکرێت لەمـە تێ بگەین؟

بنـەمـاڵەی فـادیمـە بیـسـت سـاڵ لـە سـوێد ژیا بوون. ئـەوان کـورد بـوون و لە ئەلبسـتـان نزیکی مـاڵاتیـاوە هـاتبـوون کە ناوەندی پارێزگایە لە باکوری ڕۆئاوای تورکیا. نزیکەی سێسـەد کەسی عـەشیـرەتەکەیان لە سوێدن، بەڵام زۆربەیان لە وڵاتانی تری ئەوروپا نیشتـەجێ بوون و یان هێشتا وان لە تورکیا(٤)، لە وڵاتەکەی خۆیان، کوشتنی نامووسی نائاسایی نییە(٥)، خاڵی فادیمە یەکەم کەسی بنەماڵەی شـاهینداڵ بوو کە کۆچیکرد بـۆ سوێد و لە کۆتاییی شـەسـتـەکاندا گـەیشتـە ئەوێ. باوکی فادیمە بەدوایدا هات لە ١٩٨١دا. باقیی بنەماڵەکە لە ١٩٨٤دا هاتن بۆ لای؛ فـادیمـە ئەو کـات حـەوت سـاڵان بوو. لـە تورکـیـا، شـاهینداڵەکـان بـەدەسـەڵات و دەسـتـڕۆیشتـوون. دایک و باوکی فادیمە ئامـۆزان، خـوشکی باوکی شـووی کـردووە

بەبرای دایکی. دوو خوشکە گەورەکەی فادیمەیش بوونەتە هاوسەری کوڕانی دوو برای بنەماڵەکە. دوو خوشکی بچووکتری و براکەی بێ هاوسەرن.

لە سوێد باوکی فادیمە هەتا ١٩٩٨ بۆ ماوەی شازدە ساڵ کاری کرد و خاوەن کارەکەی باشی لێ دەگێڕێتەوە. ئەو تۆزێک سوێدی فێر بووبوو و پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو. ئەو پێش مەحکومبوون لەسەر هەڕەشەی کوشتن لە فادیمە لە مانگی پێنجی ١٩٩٨دا هیچ کێشەیەکی لەگەڵ یاسادا نەبوو. ئەو دەیسەلمێنێت کە فادیمەی کوشتووە. فادیمە بیست و پێنج ساڵی تەمەن ژیا.

تەنانەت خزمە نزیکەکانی فادیمەیش لە ململانێدان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: باوکی چۆن توانی وا بکات؟ خەڵک پێویستیان بەوەیە کە تێ بگەن. نەک تەنیا "ئێمە" کەسانی لە دەرەوە، بگرە بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە فادیمەوە نزیک بوون. چۆن باوکی فادیمە خۆی رازی کرد ئەو بکوژێت؟ وێ دەچوو کە ئاشتبوونەوە زۆر نزیک بێت. بەگوێرەی قسەی فیدان، کچە گەورەکەیان بەماوەیەکی کەم پێش ئەوە باوکیان نیشانەی دابوو کە دەیەوێت وابکا.

فیدان دەڵێت: "بیستنی ئەوە حەسانەوەیەکی زۆر خۆش بوو. بابە وتی لەوانەیە کاتی لێبووردن گەیشتبێت. ئەو دەیسەلماند کە هەڵەی زۆری کردووە و بڕیاری هەڵەی داوە. من لە خەیاڵی خۆمدا دەمهێنایە پێش چاو ئەو کاتەی کە هەموو بنەماڵەکە دیسانەوە یەکدەگرنەوە."[٦]

کچی دووەم، ئەڵماس، پشتگیری لەو قسەیە دەکات. "ئێمە هەر بنەماڵەیەکی ئاساییین. هیچ کاممان پێمان وانەبوو کە باوکمان دەتوانێت کارێکی لەو چەشنە بکات."[٧]

کاتێک کە فادیمە مرد، دایکی لەوێ بوو و هەوڵی دا پێش بەکوشتنەکە بگرێت بەوەی کە خۆی خستە نێوان بکوژ و قوربانییەکەوە. دوو خوشکە بچووکەکەی فادیمەیش واتە نەبیلە و سونگیول لەوێ بوون. دواتر لەبەر ئەو شۆکەی پێیان گەیشتبوو تیمار کران.

دایک و خوشکەکان پێکەوە هاتبوون تا خواحافیزی بکەن لە فادیمە کە قەرار وابوو هەفتەی دواتر بۆ خوێندن بچێتە وڵاتی کینیا. ئەوان بەنهێنی یەکیان دیت، هەروەکو چۆن سێ یان چوار جاری تریش ئەو ساڵە ئەو کارەیان کردبوو. ئەوە

نەزانراوە کە چۆن باوکەکە بۆی دەرکەوت کە ئەوان لە ماڵەکەی سونگیول بوون لە بەشی قەدیمی شاری ئوپسالا. جاری یەکەم کاتێک کە لە دەرگەی دا و بۆیان نەکردەوە ڕۆیشت. ژنەکان ترسابوون. کاتێک کە نەبیلە و فادیمە ئامادەی ڕۆیشتن بوون (دایکیان شەو لەوێ دەمایەوە)، نەبیلە لە چاویلکەی دەرگەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد. وا دیاربوو ڕێگە هێمنە. بەڵام باوکی گەڕابووەوە. باوکی هەڵی کوتایە بەردەرگەکە و لە مەودایەکی زۆر نزیکەوە فادیمەی دایە بەر تەقە لە دەموچاو و لە پشتی سەریەوە. ئەو هاواری کرد، "هەی قەحبەی چەپەڵ!"

خوشکە گەورەکەی فادیمە دەڵێت باوکمان مێشکی نەخۆشبوو، باقیی ئەندامانی بنەماڵەکەش ئەوە دەسەلمێنن. تەنیا کەسێکی نەخۆش کارێکی لەو چەشنە دەکات. ئەو نەیدەتوانی بەرپرسیار بێت. ئەوەندە بێدەرەتان بووبوو کە توانای بیرکردنەوەی ڕاستەوڕاستی نەبوو. هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵە ئەم لێکدانەوەیان لاپەسندە، کە ماقووڵ و قابیلی تێگەیشتنە، بەکورتی مرۆڤانەیە.

کەسانێکی تر لەگەڵ ئەوەدا نین. چەند کۆچبەرێک بەمیدیای سوێدییان گوتبوو کە ئەو دەبوو بیکوژێت. ئەو هیچ بژارەیەک و هیچ بەدیلێکی تری نەبوو. مەرگی فادیمە تراجیدییە بەڵام ناکرێت شەرمەزاری بکەیت؛ لە ڕاستیدا بابەتێک بوو لەسەر مەرگ و ژیان. پشتی باوکی لە دیوارەوە بوو، هەر ئەوەندەش نەبوو.

فادیمە ساڵی ١٩٩٨ وتی: "من ژیانی هەموو بنەماڵەکەمم وێران کردووە. ئیتر کەس هاوسەریەتی لەگەڵ کچەکان ناکات. هەموویان مۆرکی قەحبەیان پێوە نراوە."

لە مەراسیمی یادکردنەوەی فادیمەدا، ڕێزگرتنەکان تاجە گوڵینەی حکوومەت و پەرلەمانیشی لەگەڵ بوو کە نیشاندەری ئەو گرینگییە بوو بەم ئینسانە بە لەش بچووک، بەڵام مەزنە دەدرا؛ بە ڕێوڕەسمێک شەرەفمەند کرا کە ئەوەندەی دەکرا زۆر نزیک بوو لە ناشتنی کەسێکی حکوومەت.

لە وتاری یادکردنەوەکەیدا خاتوو قەشە کۆیڤۆنێن بیلووند وتی: "فادیمە شەهیدێکی سەردەمی ئێمە بوو. با سوپاسی پەروەردگار بکەین بۆ فادیمە، کە بە نەترسبوونی، هێز و توانای و ئەوینی بۆ ژیان، بوێری و وزەی دا بەکەسانێکی ئەوەندە زۆر." فادیمە دوای مەرگی پاتریک دڵی شکابوو، بەڵام کۆڵی نەدابوو؛ لە

باتی ئەوە، خۆی کۆ کردەوە و ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ شەڕکردن لەسەر مافی تاکەکەس کە چۆن بتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. قەشە بۆی پرسیار بوو: "لەبەرچی مەرگ پەیمانەکانی خۆشەویستی هەڵدەوەشێنێتەوە؟ بۆچی مەرگ ئەوەی کە ژیان پێکەوەی دەنێت، لەبەریەکی هەڵدەدرێ؟" لە کۆتاییدا وتی کە ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لەلا نییە.

دایک و خوشکەکانی فادیمە پێش دەستپێکردنی مەراسیمەکە بەکوڵ دەگریان. گریان لەناو زۆرێک لە دۆستەکانی فادیمە و باقیی جەماوەری ناو کڵێساکەدا پەرەی ئەستاند، لەوانەش شازادە ڤیکتۆریا. رۆژنامەی داگێنز نیهێتێر نووسی: "لە کاتی ناشتنی فادیمەدا عاسمانیش گریا." لە کاتێکدا کە خەریک بوون لە پەنای پاتریکە خۆشەویستەکەیدا دەیاننایە گۆڕ، باران بەخوڕ دەباری.

ئاخۆ فادیمە موسڵمان بوو؟ ئەم پرسیارە زۆرجاران لە میدیادا مشتومڕی لەسەر کراوە. ئەنجوومەنی ئیسلامیی نەرویج رای گەیاند کە نەخێر ئەو موسڵمان نەبوو. زۆر کەس دەیسەلمێنن. بەڵام کەسانێک لە خزمەکانی فادیمە شتی جیاوازیان بە میدیا جۆراوجۆرەکان وتووە؛ بەڵێ ئێمە موسڵمانین. سونگیول، یەکێک لە خوشکەکان دەڵێت هەموو بنەماڵەکەمان و لەوانە باوکیشم موسڵمانین، بەڵام ئەوەندەی من ئاگەدارم لە ژیانی رۆژانەدا ئیسلام بەڕێوە ناچێت. [٨] ئەو هەواڵنێرەی کە لە تەلەڤزیۆنی سوێدەوە ڕاستەوخۆ ڕێورەسمی ناشتنەکەی دەگواستەوە بەم شێوەیە لێکی دایەوە: "بنەماڵەکە موسڵمانن، بەڵام عیبادەت ناکەن." خوێندکارێک پێی گوتم: "باوەڕم پێ بکە شاهیندالەکان موسڵمان نین، ئەوان بە قسە وا دەڵێن. لە راستیدا ئەوان یەزیدین، ئەوەش بەتەواوەتی جیاوازە."[٩] خوێندکارێکی تر وتی "ئەگەر موسڵمان بووایەن، چۆن دەیانهێشت ناشتنەکەی فادیمە لە کڵێسایەکدا بێت نەک لە مزگەوت؟" کەسێکی سێیەم دەنگی بەرز کردەوە "ئەوان لە کڵێسا نزایان بۆ پەروەردگاری ئێمە دەکرد. دەکرێت ئەو کەسە موسڵمان بێت؟"

مشتومڕەکان لەسەر باوەڕەکانی فادیمە، ئەگەر بووبێتی، هەمان دەردی ئاراستەکردنی گفتوگۆ جەماوەرییەکانی هەیە کە لە نەرویج و لە سەرەتای مەرگی فادیمەدا پەیدا بوو. وەڵامەکان لە سوێد جیاواز بوون. نەرویجییەکان لەسەر

کوشتنی نامووسی لە چوارچێوەی ئیسلامدا چەقیان بەستبوو. سوێدییەکان سەرنجیان بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشا کە بکوژەکە هەم لەم حاڵەتەدا و هەم لە دوو حاڵەتی پێشوویشدا کورد بوون. ئێمە دواتر دەڕوانینە لێکدانەوەی گونجا و بۆ ئەم هەڵوێستانە. لە هەمان کاتدا شایانی باسە کە کوشتنێکی نامووسی بەم دواییانە (١٩٩٤) لە سوێد ڕووی دا لەناو بنەماڵەیەکی مەسیحیی فەلەستینیدا: کچێک کە ئامادە نەبوو بەزۆر بیدەن بە شوو، بەدەستی باوکی کوژرا.

لە ڕۆژی ناشتنەکەی فادیمەدا، کچێکی خەڵکی مەغریب پێی گوتم "ئەوە کوردەکانن کە ئێستا بارودۆخێکی دژواریان هەیە لە سوێد نەک موسڵمانەکان." زۆربەی کوردەکان موسڵمانن؛ سەرەڕای ئەوەش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرنجی ڕای گشتی بەرەو داوونەریت و ڕۆڵی ژنان لەناو هێندێک کۆمەڵگەی ئێتنیکیدا ڕادەکێشرێت. لە ڕاستیند زۆرێک لە کوردەکان شەرمەزارکردنی خۆیان بەرامبەر بە کوشتنی فادیمە ڕاگەیاندبوو. کوشتن ڕیزپەڕە و هەروایش دەمێنێتەوە.

گەلۆ فادیمە خۆی دەبوو چۆن بیر لەم هەمەوو بۆچوونانە بکاتەوە؟ ئەم هەمەوو کێشە لەسەر ئەوەی کە ئەو چی بوو یان چی نەبوو. لەبەرچی ئینسانێک دەبێت بەو شێوەیە بخرێتە ناو قاوخێکەوە؟ کەس نەیدەزانی لە دڵی فادیمەدا چ باوەڕێک هەبوو. ئەگەر موسڵمان بووبێت، ئەوەی بۆ خۆی ڕاگرتبوو. بەگوێرەی ئیسلام، هەموو ئینسانێک لە بەرامبەر خوادا بەرپرسە. کەسانی تر بۆیان نییە دابنیشن و داوەریی لەسەر بکەن.

بنەماڵەکە ڕێزیان لە خواستی فادیمە گرت بۆ ئەوەی لە کڵێسای گەورە لە ئوپسالا بنێژرێت. لەوانەیە بەو واتایە بێت یان نەبێت کە ئەوان هەستیان کردووە پاڵەپەستۆیان لەسەرە بۆ ئەوەی قبووڵی بکەن و هیچ چارەیەکی تریان نەبووە ئەوە نەبێت کە بیسەلمێنن کاتێک کە بینییان ڕێوڕەسمی ناشتنەکە لەژێر چاودێریی حکوومەتدایە و ئەندامانی بنەماڵەی پاشا و دەوڵەت و کاربەدەستانی تر تێیدا بەشدار دەبن. بەڵام ئێمە بە دڵنیاییەوە هێندێک شت دەزانین.

فادیمە بەربەستەکانی یەک لە دوای یەک دەشکاند؛ ئەو دەیویست پرد دروست بکات. ئەو لایەنگریی بۆچوونێکی هەمەگیری جیهانی بوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بەپێداگرتن لەسەر بەها حاشاهەڵنەگرەکانی تاکەکەس. ئەو نوێنەرایەتیی ئازادی و

یەکسانیی دەکرد بەبێ ڕەچاوکردنی جێندەر، ئاین و نەژاد. ئەو دژ بەتەسکبینی بوو و دەیویست ئاشتبوونەوە هەبێت لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکاندا و لای ئەوانەی باوەڕیان وابوو کە تاقە پارێزەرانی راستین، راستییەک کە هەتاهەتایە هی ئەوان بێت. فادیمە باوەشی ئاوەڵا بوو بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک. ئەمەش تایبەتمەندیی ڕێوڕەسمەکە بوو کاتێک کە ئەویان ناشت: خەڵکانی ئاینیی جۆراوجۆر و شێوە ژیانی جیاوازی لەژێر یەک میچدا کۆ کردەوە. هەڵبژاردنی مۆسیقا و گۆرانییەکان لە گەلێک سەردەم و کولتوور و هەوای زۆردا وەرگیرابوون کە رێگەی بە هەموو کەس دەدا هەست بکات لە ماڵی خۆیەتی. بەو چەشنە بوو کە فادیمە خوازیاری بوو.

مۆسیقای ناشتنەکەی هەم سێکولار و هەم ئاینی بوون: "فرمێسکەکانی بەهەشت" بە دەنگی ئێریک کلاپتۆن؛ "پرد لەسەر ئاوی تۆفانی" بەدەنگی سیمۆن و گارفونکێل، بە زمانی سوێدی؛ سرووده ئاینییەکانی "خاک دڵگیره"، "بۆ بیرەوەری"؛ کۆراڵێکی بێ وشە بە ئۆرگ لەلایەن نیلس لیندبەری؛ گێڕانەوەیەک بەگۆرانی لە سۆنێتی ویلیام شێکسپیر "ئاخۆ دەتوانم تۆ بەراورد بکەم بە رۆژێکی هاوین"؛ "فاتمە"، هەوایەکی فۆلکلۆری کوردی(*)؛ سەرەنجام گۆرانی جێپەسندی فادیمە "وان" بەدەنگی یوو توو.

قەشە کۆیڤۆنێن بیلووند مشووری دەخوارد وشەگەلێک پەیدا بکات بتوانن دڵنەوایی و ئارامیی بدەن، وشەگەلێک کە پشتیوانی و لەگەڵدابوونیان پێشکێش دەکرد، نەک رەتکردنەوە و لێبووردن و ئاشتبوونەوە. ئەو وەبیری خەڵکەکەی هێنایەوە کە چۆن لە رۆژانی دووری رابردوودا، چەکەکانیان لە بەرهەیوانەکەدا بەجێ دەهێشت پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە بۆ پەناگەی کڵێسا. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا گوتی با هەموومان بەو گیانەوە هەستە تاڵەکانمان لە پشتی سەرمان

(*) بۆ مێژوو؛ هەڵبەستی فاتمەی مامۆستا عەلی مەردان، ئەو رۆژانە لە مێشکمدا دەهات و دەچوو. کە زانیم کێ بەرپرسی رێوڕەسمەکەیە، تەلەفۆنم لێ کرد و پێشنیازم کرد بە مۆسیقا ئەو پارچەیە لە رێوڕەسمەکەدا لێ بدرێت. پاش راوێژ لەگەڵ بنەماڵەکەیان بەپەسند زانرا و کاتێک هونەرمەند فەریبورز فەخخاری بە کلارینێت ژەندی من لە پەنایەوە دانیشتبووم. وەرگێڕ

بەجێ بهێڵین و پێکەوە بەرەوپێشەوە بچین. خاتوو قەشە لە راگەیاندنی ئیمانیدا بەشێوەیەکی نادیار وشەکانی دەگۆڕی تاوەکو موسڵمانان هەست بەوە نەکەن کە زۆر لە دەرەوە دانراون. "سێ هەبوونی پیرۆز" – وەکو "بەنێوی باوک، کوڕ و رۆح القدوس" لە بەشی سەرەتاییدا دەرهاوێژرا، چونکە "سێ هەبوون" لەگەڵ فێربوونەکانی ئیسلامدا ناکۆکە. هەموو کەس نوێژ دەکات بۆ پەروەردگاری ئێمە؛ موسڵمانان، مەسیحییەکان و جووەکان هەموویان باوەڕیان بەیەک خوا هەیە و موسڵمانانیش بانگی دەکەن "پەروەردگاری ئێمە".

کاتێک کە تابووتی فادیمە خەریک بوو لە کڵێسای گەورە ببرێتە دەر، شەش ژن، بە سەری رووتەوە، هەموویان ڕەشپۆش، هاتنە پێشەوە. ئەوانە ئامۆزا و هاوڕێی بوون، جگە لە یەکیان هەموویان بەڕەچەڵەک کورد بوون. بەپێی نەریتی ئیسلامی، دەبێت "پیاوان" هەڵگری تابووتەکە بن و ئەمەش هەتا چەند خولەک پێش ناشتنەکە ئەو شتە بوو کە قەشە چاوەڕوانیدەکرد کاتێک ژنەکان خۆیان ناساند و داوایان کرد ببنە تابووتبەر. قەشەکە پێی گوتن لەگەڵ پیاوەکان قسەی لێ بکەن، کە ئەوانیش وایان کرد. دواجار ئەو وتی "بەڵام ئاخۆ زۆر گران نابێت بۆتان؟" ژنەکان وەڵامیان دایەوە "خوا هێزمان پێ دەدا." بەم چەشنە ئەوان مێژوویان خوڵقاند.

ساتێکی لەبیرنەچووەوە بوو. ژنێک کە وێنەیەکی گەورەی فادیمەی هەڵگرتبوو پێش ڕێچکەی خەڵکە کەوت کاتێک کە تابووتەکە تێ پێچرا و لە گوڵەمێخەک، کە گوڵی دڵخوازی فادیمە بوو (پەنجا هەزار گوڵەمێخەکی لەم چەشنە کڵێسا گەورەکەیان رازاندبووەوە) بۆ ناو باران و تەم برایە دەرەوە. ئەو دیمەنە لە ژنانی ڕەشپۆش، پرچ ڕەش، سەر رووت، هەموویان بەپێی شوێنی لەدایکبوونیان موسڵمان، کە فادیمەیان لە کڵێساکە دەبردە دەرەوە بەرەو ئەو شوێنەی کە داوای کردبوو بینێژن، نیشانەی جەنجاڵ و نارەزایی دەربڕین بوو. ئەمە تەنیا کردەوەیەکی هاوخەباتی دەربڕین لەگەڵ قوربانییەکە نەبوو بگرە پەیامێکی زۆر گرینگ بوو. "ئەو ئێستا هی ئێمەیە. ئێوە خەیانەتتان پێ کرد." ئەندامانی نێرینەی عەشیرەتی فادیمە لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە لەگەڵ هەڕەشەی مەرگدا ژیابوو ڕەچاوی داواکانی ئەویان بۆ پشتیوانی نەکردبوو. براکەی هەوڵی کوشتنی دابوو، بەڵام شکستی خوارد. ئەوانی تر سەلماندبوویان کە فادیمە دەبوو بکوژرێت.

تابووتەکـەی فـادیمە کـە بە ژنان گـەمـارۆ درابوو بە پشـتگیـریی بێـدەنگیی ڕێچکەیەکی خەڵک و تابووتبەران بەرەو ئەو ئۆتۆمۆبێلە برا کـە دەیگواسـتەوە بۆ دوایین شوێنی حەسانەوەی لە "گۆڕستانی قەدیم".

"بۆ من ئەمە وڵاتێکی ئازادە!" ئەمە فادیمە بە ناڕەزایی وتی بەرامبەر بەوەی کە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دوور خـرایەوە، کە ئەویان لە شـاری ئوپسـالا دەرکردبوو و هەڕەشـەیان لێ کـردبوو کـە ئەگـەر بگەڕێتـەوە دەیکوژن. "من مـافی ئەوەم هـەیە بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە خۆشەویستەکەمی لێ نێژراوە."

فادیمە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.

**٢ – سارا: "لەوە سوێدیتر بوو" کە مافی ژیانی هەبێت**

کاتێک کە سارا خەریکی خوێندنی مێژووی سوێد بوو، فادیمە بیست ساڵان بوو و عاشقی پاتریک بووبوو.

سارا تەنیا پازدە ساڵ تەمەنی بوو کاتێک کە برا شازدە ساڵانەکەی و ئامۆزا حەڤدە ساڵانەکەی کوشتیان. ئەوان غافڵگیریان کرد کاتێک سارا خەریک بوو دەچووەوە بۆ ماڵەوە لە "شەوێکی عێراقی" لە دیسکۆتێکێک. ئەو زۆر لە گیانی خۆی دەترسا و هەر بۆیە پێی خۆش بوو بەتاکسی بچێتەوە بۆ ماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانی، بەڵام تاکسییەکە جمەی دەهات و لە باتیی ئەوە بە ئوتوبووس ڕۆیشت. وێ دەچێت کە ئەو بەباشی سەیری دەوروبەری کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە هێمنە. کوڕەکان دەبێت خۆیان باش داشاردبێ. سارایان دۆزییەوە بە خنکێندراوی لەناو کۆمەڵە بەفرێکدا لە نزیکی ماڵەکەیان. شوێنەکە شاری ئوومێئۆ لە باکور و کاتەکەی ١٥ی دیسەمبەری ١٩٩٦ بوو.

دایکی سارا سەلماندی کە کوڕەکەی دوو هەفتە پێشتر هەڕەشەی کوشتنی لێ کردبوو. ئەو دەیگوت "سارا قەحبەیە. ئەو لەگەڵ کوڕانی سوێدی دەخەوێت." دایکی دەیپرسی: "ئەی خۆت چی؟ تۆیش لەگەڵ کچانی سوێدی دەخەویت، وانییە؟" ئەو وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، بەڵام ئەوە جیاوازە." ئەو پیاوە. جگە لەوەش ئەو ئارەزووی ئەوە ناکات کە لەگەڵ کچانی عێراقی بیکات. تەنیا لەگەڵ کچانی سوێدی، لەگەڵ قەحبەکان.(١)

سێ ڕۆژ دوای کوشتنەکەی، دایکی سارا هەموو شتەکانی کوڕەکەی کۆ کردەوە، جلەکانی، سیدییەکان، هەموو شتێک. ئەو بوخچەکانی بردە سەر هەمان کۆمەڵە بەفرەکەی سارا دواین هەناسەی لەسەر کێشابوو، ئاگرێکی لەو نزیکانە کردەوە و هەموو ئەو شتانەی لەگەڵ خۆی هێنابووی سووتاندی و چاوەڕوانی کرد هەتا دواین کوتەکان لەنێوچوون. دەنگی بڵێسەی ئاگر تێکەڵ بووبوو لەگەڵ لاواندنەوەی دایک. ئەمە شێوەی دەربڕینی ئەو بوو: کوڕەکەم بۆ من ئێستا مردووە، هەروەکو ساراکەی خۆم.

دایکێک دووان لە منداڵەکانی لەدەست دابوو. دایکی دەیگوت، ئەوان کە تەنیا ساڵێک لە نێوانیاندا بوو، نزیکەی وەکو دووانە وابوون. تەنانەت نێوەکانیشیان وەکو یەک دەچوون: مەیسەم ومەیثەم.(٢)

مەیسەم لە سوێد خۆی ناو نابوو سارا.(٣) ناوی تەواوی مەیسەم عابد عەلی بوو.

دایکی سارا ئاگەداری ترس و توندوتیژی بوو تا سەر ئێسقان. ئەو بەپێچەوانەی نەریتی لەمێژینە، لە باوکی سارا جیا بووبووەوە و ڕق و تووڕەیی بنەماڵەی مێردەکەی هەڵخڕاندبوو. وڵاتی ئەوان لە بنەڕەتدا کوردستانی عێراق بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٢ەوە لە سوێد ژیابوون. خزمانی نێرینە وادیارە هەڕەشەیان لە سارا کردبوو: "پێت وانەبێت کە تۆیش ڕزگار دەبیت هەر لەبەرئەوەی کە دایکت وابوو." باوکی سارا گوتبووی کە دایکی دەکوژێت ئەگەر جارێکی تر هاوسەرکاری بکات (ئەو عاشقی کەسێکی تر بووبوو) یان ئەگەر ڕێگری بێت لە بەخێوکردنی منداڵەکاندا.

بەخێوکردنی منداڵەکان بە باوکەکەش درا. زۆری پێ نەچوو کە سارا کەوتە بەر لێدانی توند و پەیتا پەیتا. باوکی سکاڵای ئەوەی لێ دەکرد کە خەریکە دەبێتە "سوێدی" و شەرمی هێناوەتە سەر خزمەکانی. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی کەوتنە ناو کارەکەوە و ماڵێکی تایبەت بەمنداڵانی هەڵگیراوەیان بۆ سارا پەیدا کرد لە دوورگەی گۆتلەند. ئەو ئەوێی پێ خۆش بوو دەشیویست لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام بنەماڵەکەی پێیان داگرت لەسەر ئەوەی کە دەبێت بگەڕێتەوە. کاتێک کە سەرپەرشتییەکەیان دا بەیەکێک لە مامەکانی، سارا خۆفی لێ نیشت لەسەر ژیانی و لە بەرامبەر ئەو بڕیارە ڕاوەستا. ئەو هەموو کارێکی کرد بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت.

دەزگای پارێزگاریی منداڵان سەرنجی دا: "بۆ جێبەجێکردنی نیشتەجێبوونە تازەکە یارمەتیی پۆلیس پێویستە."(٤)

یاسر کە یەکێک لە بکوژەکانە، کوڕی سەرپەرشتیارە تازەکەی بوو. دواتر دەرکەوت کە باوکی و مامەکانی – سەرجەم پێنج کەس – نزیکەی ساڵێک پێشتر کۆبوونەوەیەکیان کردبوو بۆ ئەوەی قسەی لێ بکەن کە چۆن لەگەڵ "کێشەی سارا" هەڵسوکەوت بکەن. ئەوان بڕیاریان دا کە بیکوژن بەڵام بکوژەکەیان دیاری نەکرد. ئەو هەڵبژاردنە دەبێت دواتر کرابێت.

نالین باکسی ئەندامێکی کوردی پەرلەمانی سوێد لە گفتوگۆی گشتی کە بەدوای کوشتنی ئەم منداڵەدا پێک هات گوتی، "ئەو دوو منداڵکارە نەیاندەتوانی لەسەر دەستپێشخەریی خۆیان ئەو کارە بکەن. ئەوان نەیاندەوێرا وا بکەن. ژیان یان مردن پرسێکی بەکۆمەڵی بنەماڵەیە بۆ ویست و دەسەڵات. کوڕەکان تەنیا کەرەستەیەک بوون. کەسانی تر لە پشتەوە بوون"(٥)

کوشتنی سارا لە ١٩٩٦دا رای گشتیی سوێدی هەژاند، نەک لەبەرئەوەی یەکەم کوشتن بوو کە دووبارە رێکخستنەوەی نامووس هۆکاری سەرەکی بوو. ساڵی ١٩٩٤ کچێکی سوێدی–فەلەستینی لەلایەن باوکییەوە کوژرابوو لەسەر ئەوەی کە ئامادە نەبوو بەزۆر بیدەن بە شوو. بنەماڵەکە مەسیحی بوون. لە پایزی ساڵی ١٩٩٦ دا ڤارنا (تەمەن بیست و شەش)، دایکی شەش منداڵ بەدەستی مێردەکەیەوە کوژرا. پێشتر دوکتۆرەکان و کارمەندانی کۆمەڵایەتی سەرنجیان دابوو کە زۆر بەتوندی لێی درابوو و لە دەستی مێردەکەی سکاڵای بردووە لای پۆلیس. ڤارنا نەیوێرا لە دادگە شایەتی بدات. سەرەڕای ئەوەش مێردەکەی بە شەش مانگ زیندان سزا درا بەڵام لەبەر رەفتاری باش ماوەیەکی پێ بەخشرا و زووتر ئازاد کرا. ئەو یەکراست چووەوە بۆ ماڵەوە و ڤارنای کوشت – دوایە لەگەڵ ئەوەی کە منداڵە ساواکەیانی بەباوەشەوە بوو گەڕایەوە بۆ لای پۆلیس و خۆی تەسلیم کردەوە.

خۆتەسلیمکردنەوە بە پۆلیس بەشێکە لە نەریتی "باشی" کوشتنی نامووسی. نیشانەی ئەوەیە کە تۆ سووری لەسەر کردەوەکەی خۆت و لەسەر نامووسی خۆت. مەیثەم و یاسریش تۆزێک کەمتر لە ٢٤ سەعات پاش کوشتنی سارا ڕاپۆرتیان دا

لەو کارەی کە کردبوویان.

بەڵام سەرەڕای حاڵەتەکانی پێشووتر، ئەوە بەسەرهاتی سارا بوو کە زەنگی هۆشداربوونەوەی لە سوید لێ دا. دەکرێ بڵێین کە کوشتنی ئەو بوو بەدەستپێکی سەردەمێکی نوێ. بۆ یەکەم جار سوید دەبوو لەگەڵ ئاکامەکانیدا _ بەتایبەت کارتێکردنی لەسەر کچان و ژنانی گەنج – بەرەوڕوو ببێتەوە کە وڵات سەرنەکەوتووە لە سیاسەتی هاوگونجیدا. لە پڕ ڕووناکیی ڕۆژ کەوتە سەر ڕاستییە شاردراوەکان. ئیتر گونجاو بوو کە لەسەر ئەو بابەتانەی پێشتر بڤە بوون قسە بکرێت، بنووسرێت و گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.

سوێدێک کە لەباری سیاسییەوە خاوێن بوو، دەبوو لەوێوە دەست پێ بکات کە چارەنووسی ئەم ژنە گەنجانە بووبوو بە بەشێک و پارچەیەک لە هۆشیاریی گشتی لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا. لە دەستپێکی ئەمەشدا وشیاربوونەوەیەکی نوێ سەبارەت بە ڕووداوەکان سەری هەڵدا کە هەتا ئەو کات تا ڕادەیەک بەبێ سەرنجدان تێپەڕیبوون، وەکو چەند کوشتنێکی ژنانی کۆچبەر. لەناو ئەوانەدا ڤارنا، کە دوو سێ مانگ پێش سارا کوژرابوو.

کوشتنێکی تر و هەوڵدانی کوشتنێک لە ماوەی یەک مانگدا دوای کوشتنی سارا زیاتر جەختی کردەوە لەسەر جیدیبوونی بارودۆخەکە. ژنێکی گەنجی لبنانی بەدەستی مێردەکەی کوژرا لەبەرئەوەی زۆر بووبوو بە سوێدی. کچێکی کورد بیست و چوار جار چەقۆی لێ درا لەلایەن براکەیەوە و نیوە ئیفلیج بوو. ئەو پاش ئەوەی کە ویستیان بەزۆر بیدەن بە شوو، پێوندیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا بڕی.

نالین باکسی بەمیدیای گوت، "من سەرم سووڕ دەمێنێت لەوەی کە ئێوە سەرتان سووڕماوە." کۆچبەرانی تر بە ژن و بە پیاوەوە پشتیوانییان لێ کرد. بەواتای یەکێک لەوان: "ئەم شتانە زۆرجار روو دەدەن. سوێدییەکان نایانەوێت بزانن."(٦)

ژێسووس ئالکالا کە رۆژنامەنووسە و شارەزاییی هەیە لە یاسادا، بە دوور و درێژی چووە ناو بابەتەکەوە بۆ ئەوەی دنیا ئاگەدار بکات سەبارەت بە سارا. رۆژنامەی لاپەڕە گەورەی "داگێنز نیهێتێر" زۆر بەدڵنیاواڵەییەوە دوو وتاری سەرەکیی بۆ تەرخان کرد: "کوشتنێک نە – ئیعدامکردنێک" و "پیاوانی بنەماڵەکە دەبێت تاوانبار بکرێن." وتارەکان زۆر یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی سەرنج بەرەو

کوشتنی سارا ڕابکێشرێت.

ڕۆژی ٨ی مانگی دوو، ئالکالا نووسی: "لە بنەڕەتدا چەمکی کەرامەتی تاکەکەس و بایەخ ئەوە دەگەیەنێت کە هەر ئینسانێک مافی هەیە ڕێزی لێ بگیرێت، ئەمە بەدەر لەوەی ئەندامەتیی لە تاقمێکدا هەبێت، تەنانەت لە نەبوونی هاوڕێیانێک کە لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەودا بن، تەنانەت لە سەربەخۆبوونی سەرکەشی ئەودا، تەنانەت لە خەڵوەتگەی ئەودا... "

"کەسانێکی زۆر هەن وەکو ساران. وەرن با خیانەتیان پێ نەکەین."(٧)

پێنج ساڵ دواتر، ڕێوڕەسمی ناشتن لە کڵێسای گەورەی ئوپسالا دیسانەوە بەڵگەی خیانەتێکی تر بوو. فادیمە بە ماوەیەکی کەم پێش مەرگی، لە وتارێکدا لە پەرلەمان هۆی هێنایەوە، "ئەگەر کۆمەڵگە بەرپرسیارەتیی خۆی وەربگرتایە و یارمەتیی دایک و بابی منی دابایە تا هەست بەوە بکەن کە بەشێکی گەورەتریان هەیە لە کۆمەڵگەی سویددا، ئەمجار لەوانەیە ئەمەمان دوورەپەرێز کردایە." مەبەستی ئەو لە "ئەمە" ناچاربوونی لە دابڕان لە بنەماڵە و ئەو ئازارەیە کە ئەوان بوونە هۆکاری. لە چاولێڕوانینەوەدا وشەکانی فادیمە زایەڵەیەکی تێدایە. ئەم کوشتنە لەوانە بوو دوورەپەرێز کرابایە. دەبوو دوورەپەرێز بکرایە.

مۆنا سالین، وەزیری هاوگونجی کە وادیارە ئەم تراجیدییە بەقووڵی کاری تێ کردووە، ئێستا دەیسەلمێنێت کە : "ئێمە شکستمان هێناوە. من شکستم خواردووە."(٨) توێژینەوەی حاڵەتی سارا بەکەڵکە ئەگەر ئێمە بمانەوێت تێ بگەین کە چۆن کوشتنی فادیمە هاتە پێش و چی دەتوانین بکەین بۆ بەرگریکردن لەم چەشنە تراجیدیانە. چیمان فێر دەکات؟

کوشتنی سارا پرسیارگەلێکی بنەڕەتیی هێنایە ئاراوە. کێ مافی هەیە "ببێت بەسوێدی"؟ کێ دەبێ ڕێگەی بدرێتێ کەڵک وەربگرێت لەو بەهایانە کە بۆ دەوڵەتی خۆشبژێتی بناغەییە: واتە ئازادی و یەکسانی؟ کامانەن سنوورەکانی پێکەوەهەڵکردنی کولتووری؟ چۆن دەتوانین پارێزگاری بکەین لە مافی مرۆڤ، نەک لە چین و لە کوبا، بگرە لە خودی وڵاتەکەی خۆمان؟ وە ئاخۆ ئێمە بەراستی ئامادەین بەو ئەندازەیە تێ بکۆشین لە حەوشەی پشتەوەی خۆمان، کە لە شوێنەکانی تر دەیکەین، لە چوارچێوەیەکی گلۆباڵدا؟

پرسیارەکانی لەمەڕ بەرپرسیارەتیش دەبنە پرسی ناوەندی: دوو کوڕ دەیسەلمێنن کە سارایان کوشتووە، هەرچەند دەڵێن ئەوان بەهەڵە ئەو کارەیان کردووە: بۆ ئەوەی بیترسێنن، ئەوان کەمەربەستێکیان خستووەتە دەوری ملی. ئاخۆ ئەوان دەیانتوانی بەخواستی خۆیان ئەو کارە بکەن؟ ئاخۆ یاسایەکی نامووسی هاندەریان بووە؟ کوڕەکان حاشا لەمە دەکەن. ئاخۆ دەتوانین باوەڕیان پێ بکەین؟ ئاخۆ کوشتنی سارا کوشتنێکی نامووسی بوو؟ چ گرینگییەکی هەیە ئەگەر بڵێین وابوو؟ ئاخۆ ئەمە نابێتە داخکردنی کۆمەڵگەیەک بە گشتی و کولتوورە دیاریکراوەکەی؟

بەدرێژاییی زستان و بەهاری ١٩٩٧ سارا لە چەقی مشتومڕی گشتیدا بوو، بەڵام شتی زۆری تریشی گرتە خۆی. هەروەکو ئالکالا نووسی: "لەناو ژنانی باوەڕداری موسڵماندا – لە سویدیش – زۆر کەس دەبن، لەوانەیە زۆرینە، کە دەخوازن حیجابیان هەبێت و پێیان وایە بەتەواوی دروستە کە پیاوان بڕیار بدەن لەناو بنەماڵەدا و لەسەر بابەتە کۆمەڵایەتییە بەرینەکان. هەتا ئێرە باشە. بەڵام لێرەدا ئێمە قسە لەسەر ئەو ژنانە دەکەین کە نایانەوێت ملکەچی ئەم چەشنە فەرمانانە بن. ڕێک و ئاسان: چۆن هەڵسووکەوت لەگەڵ سارادا بکەین؟ بەرپرسیارەتیی ئێمە بۆ سارا چییە، چی بوو؟"(٩)

کە ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو پرسیارە، کێ مافی ئەوەی هەیە " سویدی بێت"؟ فادیمە نەیبوو، لە ڕوانگەی بنەماڵەکەیەوە، هەرچەندە کە ئەوان بیست ساڵ لە سوید ژیابوون و بووبوونە شارۆمەندی سوید. بنەماڵەی فادیمە لە تورکیاوە هەڵهاتبوون، هی سارا لە عێراقەوە. دایکی سارا بەپۆلیسی گوت: "لێرە کە بەلایەنی کەمەوە دەمانتوانی هەست بە ئازادی و هێمنایەتی بکەین، بنەماڵەکەمان لەبەریەک ترازا." تراجیدییەکانی ئەم منداڵانە ناچارمان دەکەن بە بیرکردنەوە؛ ئەوان گیانی خۆیان دانا لە پێناوی ئەو ئازادییەی کە بنەماڵەکانیان وەدووی کەوتبوون. بۆ سارا و فادیمە، نرخی ئازادی مەرگ بوو.

ئێستا ئێمە چۆن ئەم ڕاستییە تاوتوێ بکەین کە لە چاو هێندێک لە شارۆمەندانی سویدەوە "سویدی بوون" بریتییە لە تاوانێک کە سزای مەرگە، ئەگەر تۆ کچ بیت؟ براکەی فادیمە لەگەڵ کچە دەزگیرانێکی سویدی دەژیا. پێوەندیی ئەو

قەت نەچووە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەو دای لە فادیمە و هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد لەسەر ئەوەی کە دەیویست لەگەڵ پاتریکدا بێت. یاسر، بکوژی سارا، هاوڕێی کچی سوێدیی هەبوو. لە هەمان کاتدا ئەم پیاوە گەنجانە "پاسەوانانی" کولتوورێک بوون کە کچان وەکو قەحبە سەیر دەکەن ئەگەر شێوە ژیانێکی ئاساییی سوێدی هەڵبژێرن. هەر وەکو نالین باکسی وەبیرمان دێنێتەوە، ئەوان لەمەدا تەنیا نەبوون: لە کاتێکدا کە هێشتا منداڵن، کوڕان ناتوانن بەپێی خواستی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن لەو حاڵەتانەدا کە ئەوەندە جیدین و ژیان یان مەرگی خوشکێک و یان ئامۆزایەک لە ئارادایە. لێرەدا پێویستە بیروڕایەکی هاوبەش، هاودەنگییەک هەبێت کە ڕەوایەتی دەدات بەوەی کە دەیکەن. لە هێندێک حاڵەتدا دەتوانن بەن بەقارەمانانی کۆمەڵگەکەیان. فەریال مێسو بولوس کە سوێدی–سوورییە، وتوویەتی، "پارێزگاریکردن لە نامووسی بنەماڵە دەتکاتە قارەمان."(١٠) زۆر وێ دەچێت کە ژمارەی کوشتنی نامووسی و هەوڵدانی کوشتن زۆر گەورەتر دەبوو ئەگەر زۆرینەی کچەکان سەریان دانەنواندایە لە بەردەم ڕێسای کۆمەڵگەکەدا.

هەر وەکو هاوڕێیەکی سارا دواتر لێدوانی دا: تەواوی ئەوەی سارا کردی ئەوە بوو کە ژیانی ئاساییی کچانی سوێد بەڕێوە بباتا، بەڵام ئەو بەئاشکرا و ئازادانە دەیکرد.(١١) ئەو لە دەرەوەی ئەوانی تر ڕاوەستا، سەبارەت بە مافی خۆی بۆ ژیانێک تایبەت بە خۆی ڕاشکاوانە وەستا. چارەنووسی ئەو هۆشدارییەکە. ئەویان ناچار کرد کە نرخێک بدات لەبەرئەوەی ترس بخاتە نێودڵی ئەو کەسانەی کە دەیانویست بەدوای نموونەکەی ئەودا بچن.

بێرنادیتا نوونێز سەرۆکی "تێرافەم" واتە ئەو ڕێکخراوەیە کە بۆ یارمەتیدان بەکچانی پەنابەر لە سوێد دامەزراوە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کچانێکی زۆری تریش دەکەونە سەر هەمان هێڵ دوای مەرگی فادیمە. "تێرافەم" قەت پێشتر ئەو ژمارە زۆرە تەلەفۆنی لەو چەشنەیان بۆ نەکراوە لەلایەن کچانێکەوە کە ترساون و داوای یارمەتییان کردووە. ئەوان وا دیاربوو کە زۆر زیاتر لە جاران تۆقیون لەو مەترسییانەی دێتە سەرڕێیان ئەگەر خۆیان ڕزگار بکەن. نوونێز گوتی، "هەموو ئەوانەی تەلەفۆنیان بۆ کردووین – ئێمە چەند سەد تەلەفۆنمان بۆ کراوە – ترسیان لێ نیشتووە. هیچ کەس هیچ ڕووناکییەک لە کۆتاییی تونێلەکەدا نابینێت."(١٢)

فادیمە گوتی لە کاتی گەورەبوونیدا هەبوونی هاوڕێی سوێدی قەدەغە بوو. ئەمە بابەتێکی ناسراوە لەناو ژمارەیەکی روو لە زیادی بەسەرهات کە کچانێک بە زەوینەی پەنابەرییەوە دەیگێڕنەوە. بنەماڵەکان زۆرجار لەوە دەترسێن کە کچەکانیان زۆر ببنە سوێدی، نەرویجی، دانیمارکی و هی تر. کوڕان ڕاناکەن: ئەوان زۆرجار بەتوندی لەسەر هێڵ دەهێڵرێنەوە. ئەوان جاری وایە دەنێردرێنەوە بۆ زێدی باپیران بۆ پەروەردەی دووبارە؛ ئەوانیش دەکرێت بەزۆر ژنیان بۆ بێنن. بەڵام ئەوان مەترسی ئەوەیان نییە کە لەلایەن بنەماڵەکەی خۆیانەوە بکوژرێن. ئەوان ئەگەر لەگەڵ "قەحبەدا" بخەون، کارتێکردنی بۆ سەر ناموسی بنەماڵەکەیان نابێت.

سارا قەت باسی ئەوەی نەکرد کە چلۆن پەروەردە کرا. ئەو قەت لە دەورەی ژیانیدا کەسێکی ناودار نەبوو. سارا هەتا کاتی مردنەکەی نەبوو بە بەشێک لە مێژوو. بەسەرهاتی ئەو لەلایەن کەسانی ترەوە دەگوترێتەوە، کەسانێک وەکو دایکی و خزمانی دایکی، هاوسەری پێشووی خاڵی، کارمەندانی کۆمەڵایەتی، هاوڕێیانی مێیینە، لێکۆڵەران، رۆژنامەنووسان و سیاسەتوانان. بەڵام سەرەڕای ئەوەی کە کەسانێکی زۆر کاریان کردووە بۆ پاراستنی بیرەوەریی ئەو وەکو کەسێکی تەواو، سارا هەر وەکو "حاڵەتێک" دەمێنێتەوە. ژیان و مەرگی سارا وەکو حاڵەتێکی مێژوویی دەمێنێتەوە چونکە مەرگی ئەو وەکو سەرچاوەیەکی ناکۆکی دەمێنێتەوە. ئەمە بەواتای چی بوو؟ ئێمە چ دەرسگەلێک دەتوانین لەوە وەربگرین؟

لە مانگی دووی ساڵی ١٩٩٧دا گفتوگۆکان لە سوێد پەرەگر بوون: ئاخۆ کوشتنی سارا کردەوەیەک بوو لە هەلومەرجێکی کولتووریدا یان زۆر ئاسان کوشتنێک بوو؟ ئاخۆ کوشتنی ناموسی بوونی هەیە؟ ئاخۆ سارا لەبەر خاتری شەرەف کوژرا؟ ئەگەر وایە، کێ تاوانبارە، هەر تەنیا مەیثەم و یاسر؟

ئالکالا لە نووسراوەکەیدا ئەو بۆشاییانە ئاشکرا دەکات کە لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا هەیە لەسەر رەفتاری ئەو دوو کوڕە و لێرەوە لەسەر سروشتی کردەوەکە. بە تێگەیشتنی دوای کارەساتەکەوە دەکرێت سەرنج بدەین کە بۆ ئەوەی کوشتنێک بچێتە ریزی کوشتنی ناموسییەوە، چەند هەلومەرجێک پێویستە ئامادە بکرێن. رزگارکردنی ناموسی بنەماڵەی زۆر نزیک یان هێندێک دوور ئەرکێکی بەکۆمەڵە:

مـافـەکـانی بنەمـاڵە لە سـەرەوەی هـی تاکـەکـەسن، تاکـەکەسـیش دەبێت ئامـادەی سەردانەواندن بێت. پێویستە تێگەیشتنێکی هاوبەش هەبێت کە کوشتنی کەسێک دەتوانێت "شەرم بشۆرێتەوە." پێویستە دەسەڵاتی پیاوسالاری هەبێت کە بەپیاوانی بنەماڵە ماف و ئەرکی ئەوە ئەدات کۆنترۆڵی سێکسیی مێیینەکان بکەن. پێویستە دەســەڵاتێکی توندوتۆڵی لە ســەرەوە بۆ خــوار هـەبێت کــە رێزی لێ بگیــرێت و بەرێوەش بچێت. گـەنجـان "پێـویسـتـە" بەگـوێی گـەورەکـان بکـەن. بەڵام ئێـمـە چاوەڕوانی چارەسـەرکردنی حاڵەتەکە دەکەین. بۆشایی لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا کە لە خوارەوە باسیان دەکرێت، دەرکەوتن بەشێک لەبەرئەوەی کە لەو کاتەدا (واتە زسـتـان و بەهاری ١٩٩٧) کـوشـتـنی نامـووسـی چەمکێکی نەناسـراو بوو لەناو زۆربەی سوێدییەکاندا.

"ئینگرید"، یەکـێک لە شــایەتەکـانی پۆلیس، جـارێکیــان هاوژینی یەکـێک لە مـامەکانی سارا بووە. ئەو دەڵێت کە هەمـوو براکان (پێنج کەسیان) سـاڵی ١٩٩٥ کـۆ بوونەوە بۆ ئەوەی "کـێـشـەی ســارا" چارەسـەر بکەن و بڕیاریان دا کـە دەبێ بکوژرێت، هەرچەند نەگـوترا کێ دەبوو ئەو کـارە بکات. ئەو پیــاوەی کـە لەگـەڵ ئینگریددا دەژیا، پێی وابوو لەوانەیە ئەو هەڵبژێردێت چونکە ئەو زگورتیـیەک بوو کە منداڵی نەبوو. بە ئینگرید گوترابوو کە نابێت بیدرکێنێت دەنا کاری ئەویشیان "وەها" لێ دەکرد.

ئینگرید کە لە گیـانی خـۆی دەترسـا هیـچی نەدرکـاند. پیاوانی بنەمـاڵەکە زۆر بەزەبر بوون و کێشـەیان بەبۆنەی خواردنەوەی ئەلکهول. هەرچەند ئەو نەیدەتوانی باوەڕ بکـات کـە ئەوان لەسـەر ئەو شـتـەی کـە دەیانویست بەسـەر سـارایدا بێنن، بەجیدی دەڵێن.

کـاتێک کـە سـارا بەو بنەمـاڵەی ئەویان بەخـۆوەگـرتبـوو راگـەیاند کـە هـەڕەشـەی کـوشـتن لە دژی ئەو هـەیە، ئـەوانیش نەیانتـوانی ئەوە بـەجـیـدی وەرگـرن. کێ باوەڕ بەقـسـەی کـچێکی پازدە سـاڵان دەکـات کە دەڵێ لـەسـەر ئـەوەی جلی "بە مـۆدەی سـوێدی" لەبـەر دەکات و دەچێتـە دیسکۆ دەیکوژن؟ لە وڵاتانی باکوری سـاڵەکـانی ناوەڕاستی ١٩٩٠، زۆربەی خـەڵک پێیان وابوو کە ئەوە فەنتازیای ئەو کچە بوو کە لە ترسـەکـانی خـۆیدا زێدەڕۆیی دەکـات. لەو کـاتە بەمــلاوە ئێـمـە هێـڵـێکی

جیاکەرەوەمان تێ پەڕاندووە بەلایەنی کەمەوە هێندێک لە ئێمە وامان کردووە. وەکو نالین باکسی دەڵێت: "من لەو سەرسووڕمانەی ئێوە سەرم سووڕماوە." ئێستەکانێ ئەم چەشنە هەڕەشەکردنانە وێ دەچێت کە یەکسەر بە هێند وەردەگیرێن. تراجیدیای فادیمە چاوکەرەوەیەک بوو.

دوای مەرگی سارا، ئینگرید چوو بۆ لای پۆلیس و هەرچی دەیزانی گوتی. پۆلیس هێشتایش هەر گفتوگۆی لەگەڵ باوکی سارا و مامەکانی نەکرد سەبارەت بە پێوەندیی گونجاوی ئەوان لەگەڵ کوشتنەکەدا. ئاخۆ پۆلیس لای وابوو کە کوشتنەکە چارەسەر کراوە؟ یان ئەوەی کە لێدوانی ئینگرید جێگەی باوەڕ نەبووە؟ پۆلیس پرسیاری لەو پیاوانە نەکرد هەتا وتارەکەی ئالکالا بڵاو کرایەوە. نێوی وتارەکە ئەمە بوو "پیاوانی بنەماڵە دەبێت تاوانبار بکرێن." لەژێر سەردێری "من تاوانبار دەکەم"، ئالکالا نووسی:

کاتێک کە دەستنووسی وتووێژەکانم لەگەڵ ئینگرید خوێندەوە سەرم سووڕما و زۆر هەستم بەشڵەژان کرد. زانیارییەکانی ئینگرید بۆ باوک و مامەکانی سارا زۆر شەرمهێنە. کۆبوونەوەکەیان لە زستانی ١٩٩٥دا، کە بووە هۆی ڕێککەوتنێک بۆ کوشتنی سارا، هەر خودی خۆی تاوانێکە؛ پیلانێک بۆ کوشتن.

ئەگەر باوک و مامەکانی سارا داوایان لە حەسەن و تاریق کرد (ئەمانە ناوی ڕاستەقینەی خۆیان نییە) کە سارا بکوژن – وە زۆریش هۆکار هەیە کە دەڵێ ئەو کارەیان کرد – دەیجا ئەوان تاوانێکی تریشیان کردووە: هاندان بۆ کوشتن.

لە ڕاستیدا، تەنیا یەکێک لە مامەکانی سارا لە ماوەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا، گفتوگۆی لەگەڵ کرابوو. ئەویش کارێکی زۆر کورت بوو، لەوە ناچێت زیاتر لە پێنج خولەکی خایاندبێت و هیچیشی بەسەر هەڕەشەکانی خودی ئەو مامەیەوە نەبوو کە دژی سارا کردبووی. لە باتیی ئەوە لەسەر ژیان و کەسایەتیی سارا پرسیاریان لێ کردبوو. مامەکەی دەڵێت ئەو سەربەخۆ و تووش بوو. ئەوەشی لێ زیاد دەکات: "من هەوڵم دا کە بەباشی پەروەردەی بکەم و سنووری قورسی بۆ دابنێم." ئەم وتووێژە و پرسیارێک کە ئاخۆ ئەم مامەیە هیچی سەبارەت بەهەڕەشەی حەسەن و تاریق بۆ سەر سارا بیستووە، هەموو دەستنووسەکەیە کە نیوە لاپەڕەیەکە. هیچ پرسیارێک لە پێشوێندا نییە، هیچ هەوڵدانێک نییە بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە ئاخۆ

خودی مامەکە هەڕەشەی لە سارا کردووە.

باوکی سارا هیچ چەشنە گفتوگۆیەکی لەگەڵدا نەکرابوو. ئاوەها بوو کە پێنج براکە، لەوانە باوکی سارا و مامەکەی، کە ئەو لێیان دەترسا، لە ڕاپۆرتی نووسراوەی پۆلیسدا نادیارن.

ئەمە زۆر سەیرە و، بەزمانی یاسایی، ناکرێت لێی تێ بگەیت.

لەوە سەیرتریش ئەوەیە کە زانیارییەکانی ئینگرید بەشێک لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس پێک ناهێنێت. دەزگای دادوەریی گشتی وێ دەچێت بڕیاری دابێت کە لە دادگەکەدا کەڵک لە لێدوانەکانی ئەو وەرنەگرێت. بۆچی؟ ئەوە چییە وای کردووە لە دادوەریی گشتی کە سەرچاوەیەکی وەها گرینگ بنێتە لاوە؟

لەبەر خاتری ڕاستی و وەکو دوایین شت، نەک بچووکترین، لەبەر خاتری سارا، بەشێوەیەکی ڕەها زۆر گرینگە کە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم تاوانە کامڵ بکرێت. دادگەی ناوچە لە شاری ئوومێئۆ دەسەڵاتی ئەوەی هەیە داوا بکات کە دەزگای دادوەری گشتی لێکۆڵینەوەکان کامڵ بکەن. ئەوان دەبێت ئەو دەسەڵاتە بەکار بهێنن. لەلایەن منەوە، من لێرەدا باوکی سارا و مامەکانی تاوانبار دەکەم بەهێرشبردنی تاوانکارانە.(١٣)

ڕاپۆرتەکەی ئەو کاری خۆی کرد. بەلایەنی کەمەوە پیاوەکانیان خستە ژێر پرسینەوە هەرچەند تاوانبار نەکران. یاسای سوێد، وەکو یاسای نەرویج، بەدوای بکەراندا دەگەرێت و لەم حاڵەتەشدا ئەوانە ناسراو بوون: مەیثەم و یاسر دانیان بەکوشتنەکەدا نابوو، بەڵگەنامەی یاساپەسندیش پشتگیریی ئەوەی دەکرد. بەڵام نالین پێگول (پێشووتر نالین باکسی) دەڵێت کە لە سەرەتای لەدادگەدانی باوکی فادیمەدا : "پۆلیس هێشتایش بەدوای بکەری تاوانەکەدا دەگەڕێت، بەڵام لە حاڵەتی کوشتنی نامووسیدا بەگشتی چەندان کەس لە داڕشتنی کوشتنەکەدا تێوە دەگلێن."(١٤)

لەوەی کە لە سەرەوە نووسراوە دەردەکەوێت کە بەباوەڕی من کوشتنی سارا کوشتنێکی نامووسییە. کەسانێک نایسەلمێنن. حاڵەتی سارا بوو بەگفتوگۆیەکی گشتیی زۆر گەرموگوڕ سەبارەت بەڕەوابوونی چەمکەکە و ئاخۆ بەکارهێنانی لەباری سیاسییەوە قابیلی قبووڵە. هەمان دەلیلهێنانەوە دوای مەرگی فادیمەیش

دووپات کرایەوە. هێزی بەتوانا و نێوی ناسراو لە هەردوولاوە خۆیان دەرگیر کرد. پرسی بناغەیی برێتییە لە رۆڵی "کولتوور"، ئەگەر هەیبێت، لە هێندێک جۆری توندوتیژیی دژ بەژنان. ئاخۆ دەکرێت وەها بێت کە کێشەی راستەقینە برێتییە لە توندوتیژیی پێکهاتە، ئەوەی کە ستەمکردن لە ژنان جیهانییە و ئەم شێوە بیرکردنەوە لە حاڵەتی تەریکدا خودی خۆی نیشاندەری زەرەری پڕ ئێش و ئازاری لەش و کوشتنە؟ پرۆفیسۆر ئێڤا لووندگرێن و هاوکارەکەی ئۆسا ئێلدێن لە وتارەکەیاندا بەنێوی "توندوتیژیی تاوانکارانە دژ بە ژنان شتێکی بێگانە نییە"، ڕوانگەی "جیهانی"یان هێنایە پێش. ئەوان دەلیل دەهێننەوە کە توندوتیژیی دژ بە ژنان کێشەیەکی گشتییە لە سوێد، کە بەهۆی سەلماندنی یەکسانیی جێندەرییەوە خراوەتە بەر تیشکی رووناکی. هەر جارێک کە پیاوێکی سوێدی ژنێک دەکوژێت تیشک دەخرێتە سەر تاکەکەس. چما کولتوور بکێشینە ناوەوە لە حاڵەتەکەدا هەر لەبەرئەوەی کە بکەری تاوان کۆچبەرێکە؟(١٥)

ئەمانە لەلایەن چارلز وێستین، سەرۆکی ناوەندیی لێکۆڵینەوەی پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی کۆچبەری و ئێتنیکی پشتگیرییان لێ کرا. قسەی ئەم پیاوە ئەوە بوو کە زۆربەی کۆچبەران لە ژیانی خۆیاندا لە سوێد ملکەچی یاسان و کوشتنی سارا شەرمەزار دەکەن. کێشەکە کەڵکئاوەژوو وەرگرتنە لە دەسەڵات بەسەر ژناندا، بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکاری دەستپێکەر وەکو دڵپیسی و nامووس.(١٦)

بەڵام هێندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگەی کۆچبەران ململانێی ئەم بۆچوونانە دەکەن. ئیدریس ئەحمەدی کورد-سوێدی، پێ دادەگرێت کە: "ئاکادێمیکەکان کاتێک کە کولتوور پشتگوێ دەخەن فێڵ لە خۆیان دەکەن. ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە دنەی نەژادپەرستی بدرێت. بەڵام گفتوگۆکان بێ واتا دەبن ئەگەر بە ڕاشکاوی قسە نەکەین. کولتوور و داوونەریت زۆر گرینگن و زۆر بەئەسپایی دەگۆڕدرێن."(١٧)

یان یەرپێ، پرۆفیسۆرێکی زۆر جێگەی ڕێز لە بابەتی هەڵسەنگاندنی ئاینیدا، یەکێک لەو ئەکادێمیکانە بوو کە وێرای قسە بکات. ئەو نووسی: " پیاوانی سوێدیش ژنان دەکوژن، بەڵام هیچ کەس چەپڵەیان بۆ لێ نادات."(١٨) لە وتارەکەیدا "ئاخۆ کولتوور و ئاین بۆ کوشتن بیانوو دێننەوە؟"، یان یەرپێ ئاماژە بەوە دەکات کە کوشتنی نامووسی لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا ئەنجام دەدرێت کە پێکهاتەیەکی

بەرجەستەی کۆمەڵایەتییان هەیە کە تێیدا بنەماڵەی پەرەگرتوو (عەشیرە) داوای وەفاداریی رەها دەکات. سەرۆکی بنەماڵە (یان عەشیرە) دەسەڵاتێکی "یاسایی"ی هەیە بەسەر ئەندامەکانیدا و نامووسی بنەماڵە کەوتووەتە سەر داوێنپاکی و پاکیزەیی ژنەکانیانەوە. ئا لێرەوە دێت ئەو چەپڵەلێدانەی پیاوان کاتێک کە "شەرمی بنەماڵە دەشۆردرێتەوە." ئەمە تەنانەت ئەو کاتەش راستە کە کوشتنی نامووسی لەناو کۆمەڵگەی جێگەی باسدا ڕیزپەڕە نەک باو.[١٩]

بەڵگەکان دەری دەخەن کە بکوژانی سارا لە چوارچێوەی نەریتێکی بەهێزی "نامووس" و "شەرم"دا گەورە بووبوون. ئەوان خۆیان بەدەستەوە دا لەلای پۆلیس پاش کوشتنەکە بەڵام ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەفسەرە مێیینەکەی پشت مێزەکە بدوێن؛ ئەفسەرێکی نێرینە پێویست بوو بانگ بکرێت. هەم هاوڕێیان و هەم دایکی سارا بیستبوویان کە هەڕەشەی کوشتنی سارا هەیە چونکە ئەو ببووە "قەحبە". کچە هاوڕێیانی پێشوو (هی کوڕەکان. و) باسی ڕەفتاری شەڕەنگێزانەی ئەوانیان کردبوو لەسەر ئەساسی بۆچوونێک کە ژنان بە مڵکی پیاوان دەزانێت. کوڕەکان زۆر بەتوندی ئەوە رەت دەکەنەوە کە کوشتنەکە هیچی بەسەر زەمینەی کولتووری ئەوانەوە هەبێت. کوشتنەکە رووداوێک بوو. ئەوان لە سارا تووڕە بوون و تۆزێک زۆر توند کەمەربەستەکەیان ئالاندە ملی.

لەگەڵ ئەوەشدا، وشەکانی "شەرم" و "نامووس" لە ئاخافتن و کردەوەیاندا هەموو شت ژێروژوور دەکات. ئالکالا نووسی:

ئەمە هەر تەنیا قسەی عادەتی بێ سەرەوبەرە و بێ واتا نییە. ئەمە نیشاندەری شێوە بیرکردنەوەیەک و هەستبزووتنێکە لە هەڵچوون و داچووندا دەگاتە سەرلێواری توندوتیژی. کوڕەکان لە سارایان دا، هەڕەشەیان لێ کرد و سەرەنجام کوشتیان، هەموو ئەمانە لەبەرئەوەی بەسەر تێگەیشتنی خۆیان لە سووکایەتیکردندا سەرکەون و پارێزگاری بکەن لە نامووسی خۆیان و هی بنەماڵەکەشیان.

کوشتنی سارا ئەو جۆرەی کە دەرکەوت، "ئاسایی" نەبوو. ئەوە ئیعدامکردنێک بوو. کچێکی پازدە ساڵان لەبەرئەوەی هەوڵی دابوو ژیانی خۆی بەشێوەی خۆی بباتە پێش، سزای مەرگی لەسەر درابوو.[٢٠]

هەڵبـژاردنی منداڵکاران بۆ جێبـەجێکردنی کـارەکە لە راسـتـیـدا زۆر باوە لەو کۆمەڵگەیانەدا نەریتی کوشتنی نامـووسییان تێدایە. ئەوە دڵنیایی دەدات کە هـەر سزایەک بدرێ سـووک دەبێت. ئەمە، بەلایەنی کەمـەوە لەو کۆمەڵگەیانەدا راسـتـە کە هیچ بڕگـەیەکی یاسـاییـیـان نییـە کـە کوشـتنی نـامـووسی وەکو پارێزگـاری لەخـۆ پێناسـە بکات و لەو سـۆنگەشـەوە کارەکـە بە شـیـاوی سـزایەکی لانیکەم دەزانێت. بەڵام تەنانەت کاتێک کە هیچ لەم پشتگیرییە یاسـاییانە نییە، دادگە ناوچەییەکان زۆرجـار دەگـەڕێنـەوە بۆ حـاڵەتی پێـشـووتر کـە رەوایەتی دەدات بە کـوشـتن لەبەر خـاتری نامـووس. چونکە سـزاکـە شـتێکی وانییـە و دەسـتکەوتەکە گـەورەیە (بۆ نموونە، شــەرەف دەگـەڕێتـەوە) و، بکوژەکـان دەبێت خـۆیان بدەن بەدەسـتـەوە – هـەروەکو مەیثەم و یاسر بەگوێرەی پێویست کردیان.

دەگـێـڕنـەوە کـــە مـــەیثـــەم بەهـاوڕێکانی وتووە لەبـەرئەوەی ئـەو منداڵکارە، دەسـەڵاتداران ئەو زۆر بەتوندی لەسـەر کـوشـتنی سـارا سـزا نادەن. ئەو راسـتی دەکرد. سزاکەی ئەو بوو بە سێ سـاڵ و نیـو زیندان. یاسـر چوار سـاڵی بەرکەوت لەبەرئەوەی رۆڵی ئەویان زۆر بەسـەرەکیـتر زانی. دادوەر لە کـۆی قسـەکانیدا رای گەیاند کـە ئەگـەر ئەوان بالق بووایەن، هـەردووکـیـانی بەزیندانی هەتاهـەتایی سـزا دەدا.[٢١]

ئەو کەسانەی کە دژ بەکوشتنی نامـووسی خـەبات دەکەن شکایەتیان لەوەیە کە لە هێنـدێک وڵات یاسـا ڕێگە دەدات بـەسـزایەکی سـووک لە حـاڵەتەکـانی کوشـتنی نامووسیدا. "کورتکردنەوە" ئەو وشەیە کە ئەوان بەکاری دەبەن. وڵاتانی بـاکوریش سـیـسـتـەمـێکی کورتکردنەوەیان هـەیە کـە دەخـوا لە کـاتی سـزادانی مـەرگـدا. لە هـەلومـەرجی سزادانی بکوژەکانی ئەودا، ژیانی سارا بەهـەرزان فرۆشرا.

سـاڵی ١٩٩٨ فـادیمە بەئاشکرا لـەسـەر کـوشـتنی سـارا قـسـەی کـرد: "هـەمـوو خـزمـەکـانی مـن دەیانسـەلماند کـە ئەوەی کـە رووی دا رەوا بوو. کـچـان نابێت لەو ناوەدا یاری بکەن. سـارا لەگـەڵ رێساکاندا بێگانە نەبوو، بەڵام هـەموویانی بەسـەر یەکەوە شکاند. ئەو دەیزانی خەریکی چییە.

"لە روانگـەی ئەوانەوە (کـوشـتـنەکـە) جـێگـەی پەسن بوو و بـکوژەکـانیـش وەکـو شـەهید وابوون."[٢٢]

مـەرگی سـارا سیاسـەتەکەی نەگۆڕی. دەسەڵاتدارانی سـوێد ئەو بەرەنجـامـەیان وەرگرت کە توندوتیژی دژ بەژنان جیهانییە کە توندوتیژی بڕیاردراو لە کولتوورەوە بوونـی نیـیـە و لە ئاکـامـدا کـوشـتنی نامـووسـی بوونـی نیـیـە. ترس لە دنەدانی ڕەگەزپەرسـتی بەو واتایە بوو کـە کێشـەکانی لەمـەڕ کـولتـوور گەسکدانە بۆ ژێر فەرشـەکە.

فـادیمە لەو کـەسـانە بوو کە نرخـەکەی دا. ئەو لە وتارەکـەی خـۆیدا لە پەرلەمـان، پێنج سـاڵ پاش مـەرگی سـارا وتی، "هیوادارم ئێوە پشت لەو کـەسـانە هـەڵنەکـەن". مـەبەسـتی لە "ئەو کـەسـانـە" کـچـەکانی وەکـو خـۆی بوون. هـەم پێـلا و هـەم فـادیمە دەبوو گـیـانی خـۆیان لەدەست بدەن پێش ئەوەی سـیـسـتـەمـەکـە لە سـوێد لـە خـەو هـەسـتن. وێ دەچێت کە سارایان فەرامۆش کردبێت.

**٣ - پێلا، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە**

کـاتێک کـە کوشـتنی پێـلا ئەترووشی گـەیشـتـە بـەردەم دادگـەی سـوێد لە مـانگی دوازدەی سـاڵی ٢٠٠٠دا، کـەس گومـانی لەوەدا نەبوو کە باس لە چ جـۆرە تاوانێک دەکرێت. ئەوە کوشتنی نامـووسی بوو. بەپێی میـدیای نێونەتەوەیی، وەکـو نیویۆرک تایمز، کوشـتنی پێلا یەکـەم حاڵەتی کوشـتنی ناموسی بوو کە گەیشـتبووە بەردەم دادگـەیەکی ئەوروپا. ئەمـە لەوانەیە سـەیر بنوێنێت، بەڵام لە راسـتـیـدا قـابیلی لێ تێگەیشـتنە. ئەوە سـیمـای تایبەتی حـاڵەتەکـەی پێلا بوو کە پێشـتر لە دادگـەیەکی عێراقـدا کـاری لەسـەر کرابوو: دوو کـەس کە دەگوترا بکەری تاوانەکەن، تاوانبـار کـرابـوون و هـەر کـامـــەی بە شـــەش مـانگ زیندان سـزا درابـوون. سـزادانێکی هەڵپەسێردراو.

بەواتایەکی تر، بەتەواوی کوشتنێکی نامووسی بوو. لە عێراق کوشـتنی ئاسایی زۆر توندتر سـزا دەدرێن. خـودی یاسـای عـێـراق کـوشـتـنی نامـووسـی بەرەسـمـی ناناسـێت و وەکو دەسـتـەبەندییـەکی تایبـەتی سـزایەکی نەرم دەدات لەبەر "هـۆکـاری شـەرەفـمـەندانە"، بەڵام ئەوانەی دەگوترا بکوژانـی پێـلان، واتە باوکی و مـامـێکی لە دادگـەیەکی ناوچەییـدا لە دهـۆک، لە کـوردسـتـانی عێـراق سـزا دران. بـەم چەشنە سزای شـەش مانگ زیندانەکە بوو بە هـەڵپەسێردراو.

بەڵام لێرەدا گیرێک هەبوو. "برین" خوشکی پێلا کە شایەتی کوشتنەکە بوو، وای کرد کە پێوەندی بەپۆلیسی سویدەوە بگرێت. ئەو دەیزانی کە چوار پیاو بەرپرسی کوشتنەکەن باوکی و سێ براکەی. یەکێک لە مامەکان تەقەی کردبوو. ئەو و مامەیەکی تر هەردووکیان شارۆمەندی سوێد بوون و خێرا دوای کوشتنەکە گەڕابوونەوە بۆ سوێد. بۆ ئەوەی کە ئەوانە بکێشرێنە ناو دادگەی سوێدەوە، دەبوو برین شایەتی بدات و پۆلیسی سوێد یارمەتیی ئەوی دا کە لە عێراقەوە بگەڕێتەوە. مامەکان سزای زیندانی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپا، سزایەک کە لە مانگی یەکی ٢٠٠١دا لەلایەن دادگەی باڵاوە سەلمێندرا.

سزایەکی هەڵپەسێردراوی شەش مانگ زیندان لە عێراق، سزای هەتاهەتایی لە سوێد. دوو سزا بۆ هەمان تاوان. دەگونجێت کە ڕۆژنامەنووسەکەی نیویۆرک تایمز ئەوەی لە مێشکدا بووبێت کاتێک کە نووسی ئەو دادگەدانەی دژ بەبکوژانی پێلا پێک هات یەکەم کوشتنی نامووسی بوو لە دادگەیەکی ئەوروپادا. لەوانەیە ئەمە یەکەم جار بووبێت کە سزایەکی "ناوچەیی" لە دادگەیەکی ئەوروپادا تاقی کرابێتەوە. هەرچۆنێک بێت، کوشتنی پێلا مێژووی خوڵقاند. پاش شایەتیدانەکەی برین، ئیتر نەدەگونجا بگوترێت کە کوشتنی نامووسی لە سوێد روو نادات. (١) پلانی کوشتنەکە لێرە داڕێژرابوو؛ ئەو ڕاستییەی کە تاوانەکە لە عێراق بەڕێوە چووبوو بابەتێکی تاکتیکی بوو. بکەرانی تاوان شارۆمەندی سوێد بوون.

دەسەڵاتدارانی سوێد هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی حاڵەتەکە بگەیەننە بەردەم دادگە. نەک هەر پۆلیسیان نارد بۆ عێراق کە برین بەسەلامەت دەرباز بکرێت – کە ئەمە ئەرکێکی بەئەندازەی پێویست مەترسیدار بوو – بگرە ئەوان دەبوو زەوینەی یاسایی جێگەی پەسند بدۆزنەوە بۆ تاوانبارکردنی دوو مامەکە. دادگەکانی وڵات بەشێوەی ئاسایی پابەندن بەو سزایانەی کە لە وڵاتانی تر دەردەچن، بەڵام لە حاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بەکەسێک کە لە ئاکامدا سزای سەرەکیی چوار ساڵ یان زیاتر دەرچووبێت، بەلاوەنانی سزایەکی پێشووتری بێگانە ڕێگە پێدراوە.

دوو مامەکەی پێلا بەتەواوی هەستیان بە هێمنایەتی دەکرد لە سوێد. پۆلیس ئەوانی لەژێر چاودێری دانابوو بەڵام لەسەر ئەو بڕیارە گیر بوون کە ئەوانە دەستگیر نەکەن تاوەکو برین بگەڕێتەوە، ئەو کات هۆکاری ڕەسمی ئەوە دەبوو کە

چونکە گیانی برین لە مەترسیدایە دەستگیرکردنەکە ئەنجام دەدەن. تۆمەتبارکردن لە دژی ئەوان لەسەر بناغەی شایەتیی برین بوو.

تۆزێکی مابوو دۆخەکە بەرەو تێکچوون بچێت. رۆژی پێش دەستپێکردنی دادگەییەکە، رۆژنامەنووسێک تەلەفۆن دەکات بۆ پۆلیس بۆ ئەوەی پێیان بڵێت کە برگەی یاساییی پێوەندیدار چیی تر لە یاسادا بوونی نییە، بناغەی تۆمەتبارکردنەکە نەماوە. توێژەرێکی تایبەتیی پۆلیس سەبارەت بەو نائومێدییەی هەستی پێ دەکرد دوا، بەتایبەت لەلایەن برینەوە. پاش ئەو هەموو شتەی کە برین بەسەریدا هاتبوو، ئاخۆ حاڵەتەکە دەبوو هەڵبوەشێتەوە؟ بەڵام رێگەچارەیەک هەبوو: ئەویش ئەو رێسایەی کە ئەگەر بەشێک لە تاوانەکە لە سوێد پلانی بۆ دارێژرابێت یان ئەنجام درابێت، هەموو تاوانەکە دەکەوێتە ژێر دەزگای دادوەریی سوێدەوە. دادگەییەکە بەرێوە چوو و دوو مامەکە سزا دران بەزیندانی هەتاهەتایی.

ستراتیجی بنەماڵەکە ئەوە بوو کە لە عێراق بکوژن لەبەرئەوەی کە تاوانەکە لە دادگەیەکی کوردستان بەرێوە بچێت. ئەمە شکستی هێنابوو. برین لێدوان دەدات: "من گەرامەوە لەبەرئەوەی دەمویست ئەوانە سزا بدرێن."(٢)

"تاوانی" پێلا هەر هەمان ئەوە بوو کە بۆ سارا و فادیمە گوترا: ئەو بووبوو "بەسوێدی". ئەو لەگەڵ بنەماڵەکەی ساڵی ١٩٩٥ گەیشتنە سوێد. لە پازدە ساڵیدا، پێلا لەنێو حەوت منداڵی بنەماڵەدا، گەورەترین بوو. برین کە یەک ساڵ لە خوشکی بچووکتر بوو، دەڵێت کە ژیانی ئەوان لە سوێد سەرەتا بەراستی خۆش بوو، بەڵام خۆشی زۆری نەخایاند. باوکیان یاسای زۆر سەختی بۆ کچەکانی دانا. ئەوان نەدەبوو "هێڵە سنوورییەکان ببەزێنن." ئەوان رێگەیان نەبوو دەست بکەن بە "ژیانێکی بەشێوەی ئەورووپایی" و دەبێ "لە کۆمەڵگەکە کەنار بگرن." باوکیان بە دەقیقە کاتی بۆ دادەنان، سەعاتەکەی بەدەستەوە بوو کاتێک ئەوان لە خوێندنگە دەگەرانەوە. ئەو لەوە تۆقیبوو کە کچەکان لەوانەیە کارێک بکەن کە ناوبانگی بنەماڵەکە وێران بکەن. ئەوان بۆ خۆیان بۆیان نەبوو بچنە دەرەوە بۆ چایخانە یان بچن بۆ شت کرین.

پێلا لە خوێندنگەزۆر باش دەیخوێند و پلەنامەی باشی وەردەگرت. ئەو

خۆشەویست و کۆمەڵایەتی بوو بەڵام بەپێی قسەی سەحەر هاوڕێکەی، "بەجۆرێک لە دەرەوە دەمایەوە". "پێلا خەریکبوو رۆڵی دەگێڕا"؛ وێ دەچوو بۆ کچێک لە دۆخی ئەودا بەشێوەیەکی نائاسایی بارەکە زۆر ئاسان تێ دەپەڕی. ئەو بەشانازییەوە لەسەر پێوەندیی خۆی لەگەڵ کوڕێکی کورددا دەدوا و دەیگوت، "ئەوەی من دەیکەم هەڵە نییە، چونکە باوکم پشتگیریم لێ دەکات." لەگەڵ هاوڕێکانی خوێندنگەکەی، خەونەکانی بۆ ئازادی ئەوی بەرەو پێکەوەنانی پێناسەیەک دەبرد کە لەگەڵ راستیدا نەدەهاتەوە.

سەرەنجام ئەو لەوە زیاتر نەیتوانی بەرگە بگرێت و لە ماڵەوە ڕای کرد. بۆ ماوەی شەش مانگ پێش ئەوە پێلا کێشەی بەرچاوی هەبووە لە خوێندنگەکەی. ئەو وەدوا دەکەوت بەڵام سەبارەت بەملمـلانێکردنەکەی لەگەڵ هیچ کەس نەدەدوا. ڕاکردن کارێکی مەترسیدار بوو. پیاوانی بنەماڵە هۆشدارییان دابوو،"ئەگەر یەکێک لە کچەکانی ئێمە یەک تاقە شەو لە دەرەوە بخەوێت، پێویستە بمرێت."(٣) گرینگ نەبوو کاتێک کە پێلا ڕای کرد، ئەو هاوڕێیەی کە لەلای مابووەوە کچێک بوو.

ناوبانگی بنەماڵە ئێستا ئیتر رووخابوو. تەنانەت ئەو هاوڕێ کوردەی کە پێلا ئەو هەمووە شانازیی پێوە دەکرد، هیچ هەقی بەسەریەوە نەبوو. هەموو کۆمەڵگەکە سەبارەت بە پێلا و بنەماڵەکەی واتەواتیان دەکرد. برین دەڵێت، "پێلا تێ دەکۆشا خۆی رزگار بکات و داهاتووی خۆی بنیات بنێت، بەڵام ئەوان ئێجگار بەهێز بوون." ئەو کەسێک بوو لە دەرەوە، هەم لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا و هەم بەگشتی لەناو کۆمەڵگەی سوێدیدا و خەباتی دەکرد بۆ ئەوەی پێناسەی خۆی بدۆزێتەوە. ئەو بەبێ بنەماڵەکەی، کێ بوو؟ برین دەڵێت،"بنەماڵە هەڕەشەت لێ دەکەن، بەڵام تۆ لە هەمان کاتدا ئارەزوویان دەکەیت"، بەم چەشنە ئەو بەراوردێک دەکات لە نێوان خۆی و فادیمە و پێلا.

بنەماڵە نەیانتوانی شوێنی پێلا هەڵگرن، بەڵام ئەو بەخواستی خۆی گەڕایەوە. برین پێمان دەڵێت: "پێلا گوتی، من برا و خوشکەکانم خۆش دەوێت. من ناتوانم بەبێ بنەماڵەکەم بژیم. بمبوورن!" باوکی وەڵامی دایەوە، "ئەگەر تۆ دەتەوێت من خۆشحاڵ بکەیت، دەبێت هاوسەرکاری بکەیت." پێلا رازیبوو و خۆشحاڵ بوو

لەوەی کە بۆ ئەو مەبەستە سەفەر بکەن بۆ دهۆک لە هەرێمی کوردستان. برین دەڵێت، "ئەو ئەوەندە خۆشحاڵ بوو لەوەی کە دەگەڕاینەوە." ئەو لەوەی کە دیسانەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی یەکی گرتبووەوە، "زۆر خۆشحاڵ بوو."

لە گوێن سەحەر هاوڕێکەی پێلا، "پێلا بنەماڵەکەی لە خۆی زیاتر خۆش دەویست. ئەو وەک ئەوەیە بڵێیت، خۆی دەخستە سەر سینییەک و بەوانی دەگوت، فەرموون من هی ئێوەم، چیتان پێ خۆشە لەگەڵم بیکەن!"

پێلا پێی وابوو کە دەیدەن بەشوو بەئامۆزایەکی. برین دەگێڕێتەوە کە کوردەکان بەوە وەڵامی هەڕەشە لەسەر نێوبانگی باشی بنەماڵە دەدەنەوە کە هەوڵ دەدەن شەرمەکە لەنێو بنەماڵەدا بهێڵنەوە. رۆژی ٣٠ی مانگی پێنج ساڵی ١٩٩٩، پێلا و دایکی و خوشکێکی ساوای پێکەوە سەفەریان کرد بۆ عێراق. هەرکە ساڵی خوێندن کۆتاییی پێ هات، باوکی و برین و خوشک و براکانی تریش لەگەڵ چەند مامەیان سەفەریان کرد. هەرچەند ئەم پیاوانە لە ئوسترالیاوە هاتبوون، برین بەلایەوە سەیر نەبوو: ئەوە زۆر ئاسایی بوو چونکە بۆ بەشداری لە شاییی پێلا دەچوونەوە. سەرەڕای ئەوەش، سەیر بوو کە بە سوێددا سەفەریان دەکرد، لە باتیی ئەوەی راستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ عێراق.(٤)

رۆژی ٢٤ی مانگی شەش، برین، خوشک و برا بچووکەکانی و باوکیان و سێ مامە چوونەوە بۆ عێراق، بەڵام دایە گەورە و باوە گەورەی باوکییان لە سوێد مانەوە. کە گەیشتنە وڵات، باوکی رای گەیاند کە با هەموو ئەوانەش، پێلا نادرێت بەشوو.

پیاوەکانی بنەماڵە لە باتیی ئەوە، پێلایان لە ماڵی بنەماڵەکەدا و لە ژووری نووستنەکەیدا قەسابی کرد. ئەو پاش یەکەم تەقە بۆ ماوەی چەند خولەکێک زیندوو مابوو. ئەو لە برین دەپرسێت، "ئەوە چی قەوماوە؟ من چیم کردووە؟" ئەو پاڕایەوە کە بیگەیەننە نەخۆشخانە. یەکێک لە مامەکانی لە پێش چاوی برین و دایکیان، تەقەی دووەمی لێ کرد.(٥)

پلانی کوشتنەکە لە دایکی پێلا شاردرابووەوە. ئەمە رۆژی ٢٤ی مانگی شەشی ١٩٩٩ بوو.

حاڵەتەکە چووە بەردەم دادگەی دهۆک و رۆژی ٩ی مانگی دە ساڵی ١٩٩٩

ئەنجامی لەدادگەدانەکە راگەیەندرا. باوکی پێلا و یەک لە براکانی بە شەش مانگ زیندان سزا دران. سزاکە هەرچەند کە سووک بوو، هەڵپەسێردرا. بەپێی وتەی ئەفسەرێکی پۆلیس، سزای زیندانیکردنی ئاسایی بۆ کوشتنی ناموسی یەک یان دوو ساڵە.

دادوەرەکە بەم شێوەیە لەسەر کوشتنی پێلا لێی کۆڵییەوە: "لەبەرئەوەی هۆکاری کوشتنەکە شەرەفمەندانەیە و ئامانجی ئەوە بووە کە بنەماڵەکە لەو بێشەرەفییەی کەوتووەتە سەریان بشۆرێتەوە... (دادوەر) بڕیاری داوە کە جێبەجێکردنی ماوەی زیندانیکردنەکە هەڵپەسێردرێت."

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ پۆلیس، مامەی پێلا گوتی:

ئێمە نەماندەتوانی رەفتاری پێلا قبوول بکەین چونکە ناوبانگێکی خراپی دەدایە بنەماڵەکە. سەرەڕای چەندان کۆبوونەوەی بنەماڵەکەمان کە مەبەستی بەرەورووبوونەوە بوو لەگەڵ کێشەکەدا، ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لەبەرئەوەی قوربانییەکە لەسەر درێژەدان بەرەفتارەکەی پێی دادەگرت.

من برای باوکی پێلام و لە دڵەوە لەسەر ئەو باوەڕەم چونکە ئەو خراپییەی من دەمبینی لەودا و ئەو شتە ناشیرینانەی من سەبارەت بەو لە وڵاتی بێگانەدا گوێم لێ دەبوو، ئەو شیاوی لە مەرگ خراپتریش بوو. من بۆیە ئەوە دەڵێم چونکە ئەو ناوبانگی بنەماڵەیەکی لەمێژینە و شەرافەتمەند کە لەناو کورداندا زۆر بەرز ڕێزی لێ دەگیرێت، وێران دەکرد.[٦]

دواتر لەسەر تەلەڤزیۆنی سوێد، باوکی پێلا ئەوەی بەدرۆ دەخستەوە کە کوشتنەکە هیچی بەسەر ناموسەوە هەبووبێت. ئەو کات ئاگەدارییەکی نێونەتەوەیی، "لە پیاوێک دەگەڕێین"، بڵاو کرابووەوە بەڵام ئەو پێی وابوو بووەتە ئامانجی هەڵمەتێکی ئەتککردن. بەگشتی، ئەو واخۆی هەڵدەخست کە پیاوێکی بازرگانی سەرکەوتووە کە ناموسەکەی بەتەواوی چاک کراوەتەوە.

برین بە چاکە باسی باوکی دەکات: "من هەردەم باوکمم خۆش ویستووە. بەڵام ئەو شتەی باوکم کە خۆشم ناوێت، ئەوەیە کە ناتوانێت خۆی بڕیاری خۆی بدات. ئەو تەنانەت نازانێت چۆن بەرامبەر بەمنداڵەکانی خۆیشی رەفتار بکات." برین بەردەوام دەبێت و دەڵێت باوکی لە سوێد بێکار بوو و هەستی بە تەنیایی دەکرد.

"ئەو دەیویست هەر بەو ئەندازەی کوردستان بەدەسەڵات بێت."[٧]

برین لەو باوەڕەدایە کە باوکی ئەو دڵەی نەبوو پێلا بکوژێت بۆیە براکانی ئەو کارەیان کرد. ئەو هاتووەتە سەر ئەوەی کە باپیرەکەی وەکو سەرۆکی بنەماڵەکە، فەرمانی دابوو بەکوڕەکانی کە ئەو کارە بکەن. دەسەڵاتی ئەو وەها بوو کە ئەوان دەبوو گوێڕایەڵی بن.

بەپێی پۆلیسی سوێد، یازدە کەس دەسیسەیان کردبوو بۆ جێبەجێکردنی کوشتنی پێلا: دوو ئوسترالیایی، دوو سوێدی و حەوت عێراقی.

برین کە دەچێت بخەوێت دەکەوێتە بیری ئەوەی کە رووی داوە و کە لە خەویش هەڵدەستێت هەر هەمان شت بیری دادەگرێت. ئەو دەڵێت: "ئەم بیرانە قەت لە کۆڵم نابنەوە." ئەو بیری لەوە کردووەتەوە کە لەوانەیە خۆی بکوژێت. "ئەوەش هەر دەبێتە چەشنێک لە کوشتن لەبەر خاتری ناموووس، بەڵام ئەوە باشترە لەو شێوەیەی کە پێلا مرد."

خۆکوشتن رێگەیەکە بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ترسەی کە برین شەو و رۆژ لەگەڵیدا دەژی. ئەو پێناسەی نهێنیی هەیە، بەڵام هیچ وەڵامێکی نییە بۆ ئەو پرسیارانەی کە لەسەر داهاتووی و نمای داهاتووی تەنیاییەکەی لێ دەکرێ. دایکی، کە پاش کوشتنی پێلا لە مێردەکەی جیا بووەوە لە سوێد ماوەتەوە و ئاگای لە سێ منداڵەکەیەتی، بیر لەوە دەکاتەوە کە برین دەبێت بۆ شەرەفی بنەماڵەکەی لەسەر پێی خۆی راوەستێت و لەگەڵ پیاوێک خۆی هەڵی بژاردبێت، هاوسەرکاری بکات. "دایکم لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر من هاوسەرکاری بکەم، دەتوانم دیسانەوە ژیانێکی ئاسایی دەست پێ بکەمەوە." دایکی باشترین داهاتووی دەوێت بۆ کچەکەی و ناتوانێت بیر لە هیچ چارەسەرێکی تر بکاتەوە. برینیش وەنەبێت بۆچوونێکی باشتر پێشکێش بکات. بەڵام ئەو نایەوێت سەر دانەوێنێت. لە چاوی ئەوەوە، ژیانێکی ئاسایی برێتییە لەوەی "کە تۆ بۆ خۆت بڕیار لەسەر ژیانت بدەیت، هەروەکو ئینسانێک." خۆکوشتن لە بەشوودانی زۆرەملێ باشترە.

بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەڵێت، "ئەوان دەیانەوێت من بەمردوویی ببینن، هەر بۆیە من بڕیارم داوە بەزیندوویی بمێنمەوە.

پێلا لە دەروونی مندا دەژی. ئێمە یەک گیانمان هەیە. ئەگەر من لە عێراق بمرم،

لە پەنای پێلاوە دەنێژرێم و لەو نزیکتر دەبمەوە. نەک لێرە لەنێو بێگانەکاندا."

مۆنا سالین، وەزیری هاوگونجی سوێد پاش مەرگی فادیمە دەیسەلمێنێت، "من دەستم لەو هەڵگرت". "من دەستم لەو هەڵگرت چونکە لەوە دەترسام کە ئاگری ڕەگەزپەرستی باوەشێن بکەم... من وام کرد کە ئەوان و کێشەکانیان نادیار مانەوە." مەبەستی لە "ئەوان" کچانی بنەماڵە کۆچبەرەکانن. سالین دەڵێت خوشکەکەی پێلا وای کرد ئەو واهەست بکات کە خائینە. دوای ئەوەی کە برین لە دادگە شایەتیی دا، سالین بیری لەوە کردەوە کە "من دەبێت چاوم پێ بکەوێت." دیدارەکەیان ڕێگەی پێ دا زیاتر تێ بگات: " ئەو بیرکردنەوە کە لە پشتی کوشتنی ناموسییەوەیە زۆر تایبەتییە. هەموو شکلەکانی ستەمکردن وەکو یەک نین." سالین لە درێژەدا ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن لە دادگەکەدا لە دژی باوکی فادیمە، هیچ کەس هیچی نەدەزانی و کەس هیچی لە بیر نەمابوو. تەنیا یەک شایەت لە ناوەوەی بنەماڵەکەوە هاتە قسە سونگیول خوشکی فادیمە.

لێکچوونەکانی نێوان سونگیول و برین زۆر زەقن. ڕۆژنامەنووس بریتا سڤێنسۆن لەژێر سەردێری "بوێرترین لە جیهاندا"، نووسی:

ئەوان وەکو یەک وان؛ تۆ لە چاویاندا دەیبینی و لە دەنگیاندا دەیبیستیت. بەڵام لە هەموو زیاتر، ئەوە ئازایەتیی قارەمانانەی سونگیولە کە فادیمە، خوشکە گەورەکەیت بیر دەخاتەوە.

خوشکە بچووکەکەی فادیمە تەنیا کەس بوو لە خزمەکان کە دوێنێ وێرای لە دژی ڕەحمی شاهیندالْ شایەتی بدات.

ئەو سەبارەت بەباوکی خۆی گوتی: "من دەمەوێت ئەو تاوانبار بکرێت."

من پێشتریش جارێک بینیومە. سەرەڕای ئەوەش زۆر زەحمەتە باوەڕ بەچاوەکانم بکەم.

من پێم وانەبوو کە کچە کوردێکی گەنجی تریش هەیە کە دەوێرێت بەجەرگ بێت، دەوێرێت شایەتی بدات لە دژی بنەماڵەکەی خۆی، دەوێرێت قسە بکات لەسەر ئەوەی کە واتای کوشتنی ناموسی چییە.

هەتا دوێنێ، خوشکی پێلا ئەترووشی ئازاترین ژنێک بوو کە من بینیبووم. ئێستا "خوشکێکی بچووکی" تریش هەیە، هەر وەکو خۆی."[٩]

بۆ ماوەیەک وێنەیەکی گەورە لەسەر گۆڕەکەی فادیمە دانرابوو، نیگاری ژنێکی گەنجی دڵڕفێن. ئەوە پێلا بوو. وێنەکە لەلای چەپی کێلەکەوە دانرابوو. لەلای راستەوە وێنەیەکی فادیمە بوو، هەمان ئەندازە بەڵام بەباڵای تەواوەوە. ئەو چاوی لە ئێمە بوو، تایبەتمەندانە ڕاستەوڕاست، چاوەکانی نەترس بوون. دوو هێما، پێلا و فادیمە، شان بەشان. گوڵی بەدیاری هێنراو لەسەر گۆڕەکە بڵاو کرابووەوە؛ زۆریان بە بەندێکەوە گرێ درابوون کە لەسەری نووسرابوو "هەرگیز پێلا و فادیمە لە بیر مەکەن." رێکخراوێک بەیادی پێلا بەنێوی "هەرگیز پێلا لە بیر مەکەن" دروست بووبووکە ئێستا هەمیشە نێوی فادیمەشی لەگەڵدایە. ئەوان بەشێوەیەک لە مردندا پێکەوە پێوەندییان هەیە، کە هەرگیز لە ژیاندا نەیانبوو.

فادیمە نەیویست بەبۆنەی کوشتنی پێلاوە لێدوانێک بدات. ئەو زۆر ئاگاداری مەترسییەکانی بوو. بەئاشکرا دەربڕینی لایەنگری بەو واتایە دەبوو کە بکەوێتە ململانێ لەگەڵ بنەماڵەکەی خۆی و ئەمەش هەڕەشەی کوشتنی دژ بەخۆی توندتر دەکردەوە. ئەو بەمەبەستی پارێزگاری لە خۆی، لە ساڵی ١٩٩٨دا بەرەو دۆخی ناسراوبوون چووبوو ("ئێستاکە کەسانێکی زۆر دەزانن من کێم، لەوانەیە نەوێرن بمکوژن")، بەڵام دواتر خۆی زۆر نیشان نەدەدا. لێدوان لەسەر کوشتنی پێلا، یان لەسەر لەدادگەدانەکە، زۆر مەترسیدار بوو.

گۆڕەکەی فادیمە بووەتە شوێنی زیارەت تەنانەت بۆ ئەوانەش وا دەیانەوێت رێز لە یادی پێلا بگرن. من لە یەکێک لە ئامۆزاکانی فادیمەم پرسی سەبارەت بەم شتە. ئەو شانێکی بۆ هەڵتەکاند و وتی: "خەڵک وای دادەنێن کە هەردووکیان لەسەر یەک شت بوون." دوو خوشکە گەورەکەی فادیمە وەکو ئەوەی لێم تێ نەگەن چاویان تێ بریم، کاتێک کە پرسیارم لێ کردن. لەوانەیە ئەوان نەچووبێتنە سەر گۆڕەکە. یان لەوانەیە هەر نەیانزانیبێت.

باشە دایکی فادیمە چی کردووە، لەو خەیاڵەدا بووم کە ئاخۆ ئەو چووەتە سەر گۆڕەکە؟ ئەی نەبیلەی بچکۆلانە کە خوشکە مردووەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست بەڵام لە بابەت گرێدانی بنەماڵەکەوە بەمیدیا، خۆی لەو هەڵوێستەی فادیمە دوور دەخاتەوە؟ ئاخۆ ئەوە دروستە کە گۆڕێک بەم شێوەیە هاوپێچ بکرێت، تەنانەت بۆ مەبەستێکی باشیش بێت؟

هێندێک ژنی کورد له سوێد سکاڵا لەوە دەکەن کە فادیمە بووەتە ئارمانجێک. ئێستا هەموو کەس بەشێکی ئەوی دەوێت.

له عێراق، پێلا له گۆڕێکی بێ نێودا له دهۆک نێژرا. شوێنەکە بە بەردێکی پان نیشانە کراوە. ئەو نیشانەیە لەلایەن بنەماڵەی دایکییەوە دانرا لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی باوکی و خزمەکانی کە دەیانویست بیرەوەریی پێلا لەسەر گۆی زەوی بسڕێتەوە.

ئەمە شتێکی راستە کە هاوڕێیان و لایەنگرانی پێلا گۆشەیەکی گۆڕەکەی فادیمە قەرز دەکەن.

پێلا و فادیمە – هەرگیز لە بیریان مەکەن.

بەشی دووەم

# ناموس

### ٤- ناموس چییە؟

ناموس وشەیەکە بە چۆنایەتییەکی زۆر تایبەت لە زمانی ئینگلیزی و سویدی و باقیی زمانە ئەوروپاییەکاندا. وشەکە پارانەوەیەکی دڵرفێن، نزیکەی ئارەزووکێشی تێدایە. من پێم وایە حینجەکردنەکەی لە دەنگی بڵێندی کەوناراو شیعرییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. ناموس زرینگانەوەی پاڵەوانەتی و خانەدانبوونی هەیە. ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەورانەی کە پیاوان پرەنسیپی ئەخلاقیی بەرزیان هەبوو، جوامێر بوون و ئازا.

من بەئەنقەست دەڵێم "پیاوان". هەم لە مێژووی ڕۆژئاوایی و هەم ناڕۆژئاواییدا بۆچوونی ناموس بە جێندەر پێناسە دەکرێت. بەکارهێنانی دەستە چەمکەکان ئەمانە دەخەنە ڕوو: "پیاوێکی بەناموس" زۆر باوترە لە "ژنێکی بەناموس." ژنان زۆرتر ئەوەن کە "پاکداوێن" بن و بە "پاک و خاوێنی" رەفتار بکەن. ئەگەر بمانەوێت ئەم دەربڕینانە بگۆڕین – "پیاوێکی پاکداوێن" – زۆر باش نایەتە گوێ، وانییە؟ بۆ پیاو ئەوە باشە کە شەرافەتمەند بن، یان شیاوی شەرەف؛ "ژنێکی شەرافەتمەند" زۆر بەئاسانی نایەتە زمان. وا ڕاهاتووە کە پیاو شەرەفی هەبوو، ژن هەستێکی شەرمی هەبوو. پیاوان بەرپرسی ناموسی بنەماڵەکە بوون کە بەپانایی جیهان نوێنەرایەتییان دەکرد. لە هەمان کاتدا ژنان، وەکو بوونەوەری سێکسی، دایمە هەڕەشەی شاراوە بوون.

لە ئەوروپا، هەروەکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندان ناوچەی تر، ناموس تایبەتمەندییەکی دژگۆیانەی هەبووە: ناموسی پیاوان تا ڕادەیەکی بەرین دەگەڕێتەوە بۆ سەر رەفتاری سێکسی "ژنان". هەر بۆیە پیاوان ڕووبەڕووی کێشە

دەبوونەوە. چەمکی نێرینەی نامووس پیاوی بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر دەکردە جێگەی زیان پێگەیشتن لەوەی کە چۆن ژنانی خەڵکەکەی ڕەفتاریان دەکرد. لە باتیی ئەوەی لەسەر بناغەی ڕەفتاری خۆی شەرەفی پێ بدرێت، پیاو دەتوانێت بکرێتە ئامانجی گاڵتە و سووکایەتی پێکردن ئەگەر یەکێک لە ژنەکانی دەوروبەری – کچێک، خوشک، برازا یان هاوسەر – لە ڕێساکانی پاکداوێنی و پاکیزەیی لایدابێت.

وەڵامێکی گشتی بۆ ئەو پرسیارانە سەبارەت بەوەی کە ئەم ڕێسای نەجابەتە مانایان چییە و تا چ ڕادەیەک ئێستایش کاریان پێ دەکرێت لە بەردەستدا نییە. لە هێندێک حاڵەتی نوێدا یەک بنەماڵە بەتەواوی ئابڕووی چووە لەبەرئەوەی کچێکی نەوجەوان کوڕێکی هاوڕێی بووە یان چووەتە دیسکۆ، وەکو سارای پازدە ساڵان لە سوێد. بەپێچەوانەوە، لە سەدەی نۆزدەمدا لە باکوری ئیتاڵیا ژنێک دەیتوانی منداڵی هەبێت لە دەرەوەی هاوسەریەتی بەبێ ئەوەی زەرەر بەشەرەفی بنەماڵە بگەیەنێت، بەمەرجێک کە منداڵە ساواکە بەچەشنێک بێ سەروشوێن کرابایە. بۆ چاودێریکردن لەم منداڵانە هەتیوخانە ئامادە دەکرا بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی بێنامووسی. بژارەیەکیش ئەوە بوو کە لەگەڵ باوکی منداڵەکەدا هاوسەرکاری بکرێت، هەرچەند پێویست نەبوو دەستبەجێ ئەو کارە بکەن. دواتر دایک و باوکەکە لەوانە بوو بڕیار بدەن کە منداڵەکە بێننەوە ماڵەوە لە باتیی ئەوەی لە دامەزراوەیەکدا گەورە بێت.(١)

لەو ڕۆژگارانەدا هاوسەرکاری ناوبانگی ژنەکە و نامووسی بنەماڵەکەی ڕزگار دەکرد و لە زۆر کۆمەڵگەدا هێشتایش هەر دەیکات. ئەمە تەنانەت دەکرێ وەکو ڕێگەیەکی ڕەوا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دەستدرێژیی جنسیدا ببینرێت؛ ئەگەر دەستدرێژیکار ببێتە هاوسەری قوربانییەکەی، وا بیر دەکەنەوە کە نامووس ڕزگاری بووە. هەتا ساڵی ١٩٩٥، ئەم چەشنە بڕگە یاساییە ڕێگەی دەربازبوونێک بوو لە چواردە وڵاتی ئەمەریکای لاتین.(٢) لە میسر، کە وڵاتێکی پێشەنگی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە سەبارەت بەمافەکانی ژنان، یاسایەکی لەو چەشنە هەتا ساڵی ٢٠٠١ هەڵنەوەشابووەوە. نیگەرانی لەمەڕ نامووسی بنەماڵە هێشتایش لە زۆر شوێن پرسێکی باڵزاڵە. یاسایەک کە هاندەری هاوسەریەتیی قوربانییەکەیە لەگەڵ ئەو پیاوەی دەستدرێژیی کردووەتە سەری تەنانەت دەکرێ وەکو پلانێکی

لیبرالانە سەیر بکرێت. بژارەیەک ئەوە دەبێت کە ژنەکە بکوژرێت لەبەر خاتری ناමووس.[٣]

بەدرێژاییی مێژووی ئەوروپا، بەسەرهات گێڕدراوەتەوە لەو چارەنووسەی تووشی پیاوان – و ژنان – هاتووە، لەسەر ئەوەی بەرەوشتبوونی سێکسییان تێک شکاندووە. دوئێلکردن (بەرانبەرێن، شەڕی دووکەسی. و) وەلامێکی بەدامەزراوکراو بووە. پیاوێک دەبێت ئامادە بێت بۆ پارێزگاری لە ناමووسەکەی بەرەوپیری مەرگ بچێت. ئەگەر ژنێکی بنەماڵەی ئێوە –بەتایبەت هاوسەرەکەت– پیاوێکی تر ئارەزووی کرد، یان پێوەندییەکی سێکسی ناڕێکوپێکی لەگەڵدا هەبوو، ئەوە سووکایەتی پێکردنێک بوو لە خراپترین جۆری.

دوئێلەکە ڕێگەیەک بوو بۆ ئەوەی تۆ ناමووسەکەت چاک بکەیتەوە. ڕێساکە ئەوە بوو "باشترە پیاو بە ناමووسەوە بمرێت هەتا ئەوەی بە شەرمەوە بژیێت." کردەوەیەکی توندڕۆیانەی تر لە بەردەستدا بوو؛ ژنەکە بکوژە.

مێژوو نموونەگەلمان دەداتێ لەوەی کە هەردوو "چارەسەرەکە" لە شوێنی جۆراوجۆر و لە کاتی جۆراوجۆردا لەبەردەستدا بوون. دوئێل لە بەشی زۆری ئەوروپا شوێنکەوتنێکی بەهێزی هەبوو، هەر لە سەدەی شازدەوە، کاتێک کە لە باکوری ئیتالیاوە بەرەو باکور و ڕۆئاوا پەرەی دەستاند. ئەمە وەکو بەشێکی گرینگی ژیان مایەوە هەتا ماوەیەکی باشی سەدەی بیستەم، بەتایبەت لەنێو چینە باندەستەکانی ئەڵمان و ولاتانی باڵکان. جگە لە بەسەرهات لەگەڵ ژناندا، لەبەر چەندان هۆکار شەڕی دوئێلەکان دەکرا. پێویست بە گوتن ناکات کە ئەوە پیاوان بوون کە دەمردن. لەم رووەوە پەیماننامەی دوئێل بۆ ژنان باش بوو. هەڵبەت ژنانیش لەوانە بوو ناچار بکرێن کە لە پێناوی بەدینەکردنی پێوەرەکانی داوێنپاکی و پاکیزەییدا ژیانی خۆیان دابنێن. بەپێچەوانە مێژوو بەشێوەیەکی ڕێژەیی زانیاریی کەممان دەداتێ لەسەر چارەنووسی ژنان. لە سەدەی هەژدەدا، کوشتنی ژنێکی بێ وەفا دەشێت کردەوەیەکی زۆر پەرەگرتر بووبێت، لە ئیسپانیا هەتا، بۆ وێنە، لە ئینگلستان. ئینگلیزەکان خۆیان بەوە رازی دەکرد کە وەها ژنێک لە گرووپە کۆمەلایەتییەکەی وەدەرنێن. بنەماڵەی ژنەکە ئامادە نەبوو هیچ پێوەندییەکی لەگەڵی هەبێت، یان دەنا ئەوان هەموویان وەدەر دەنران و لە شەرەفی خۆیان دادەماڵران.[٤]

هاوتەریبی لەگەڵ چارەنووسی فادیمەدا ئاشکرایە. فادیمە کاتێک کە پاتریکی هەڵبژارد لە بنەماڵەکەی وەدەر نرا. دواجار ئەوپەڕی گەمارۆدان کەوتە گەڕ. "دوایین ڕێگەچارە"، ئەو جۆرەی باوکی لە دادگە دەری بڕی.

بەڵام پێوەندی لەگەڵ مێژووی ئەورووپادا سنووردارە.[٥] ئەمە هەرگیز بەشێک لە داوونەریتی ئەورووپا نەبوو کە ئەتۆ منداڵەکەی خۆت بکوژیت لەبەر خاتری نامووس. دەشێت بۆ ژنانی هاوسەر، بەڵام نەک بۆ کچەکانی خۆت.

ئەو کێشانەی کە لە داوێنپاکیی ژنەوە هەڵدەقووڵێت – وە بەتایبەت هەموو ئەو هەڕەشانەی دژ بەنامووسی پیاوان کە هەڵخزانی (ژنان) دەیخوڵقێنێت – بابەتگەلێکی ئاشنان کە لە مێژووی جیهاندا پەیدا دەبنەوە. گەشەپێدان تەنیا بە یەک ئاراستە، واتە بەرەو پێکەوەهەڵکردنی زیاتر و ڕێز بۆ کەرامەت و سەربەخۆیی ژنان ناچێت. لە باتیی ئەوە، گەشەکردن بەپێی کات و شوێن جیاوازبووە لە نێوخۆی کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و لە نێوانیاندا. بۆ نموونە، حەماسەی ئایسلەندی باس لە هێندێک ژن دەکەن کە ڕەفتاریان وەکو پیاوان وابوو هەر بۆیەش نامووسیان لەلای خۆیان بوو بەڵام ئەم ژنانە وەکو "کوڕی چاک" (drengr gódr) باسیان لێوە دەکرا، وەک ئەوەی کە تایبەتمەندیی پیاوانەیان وەرگرتووە.[٦] هەتا ماوەیەکی باش لە سەدەی بیستەمدا، ئەمە لە ئالبانیاش وابوو؛ هێندێک لە ژنان خۆیان خاوەنی نامووسی خۆیان بوون، جلی پیاوانیان لەبەر دەکرد و ڕۆڵی نێرینەیان دەگێڕا. بەڵام ئەوان داوێنپاک بوون، لە سەرەوەی مەیلی جنسییەوە.[٧]

لە وڵاتانی باکوور، لە بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە شوێنی تریش، ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە بووەتە هۆی کاردانەوەی توند و هەوڵدانی پیاوان بۆ کۆنترۆڵکردنی مەیلی جنسی ژنان لە ڕاستیدا توندوتۆڵتر بووەتەوە. بەرەوپێش چوونەکان کە وێ دەچوو پاش دەیان ساڵ خەبات بۆ یەکسانیی جێندەری زیاتر قورس و قایم بن، ئێستا وادیارە هەر بۆ بەشێک لە دانیشتوان برەوی هەیە، شایەتی ئەمەش چارەنووسی فادیمە، سارا و پێلایە. لە ساڵی ١٩٩٣دا یاسای دژی بەزۆر بەشوودان لە نەرویج هەڵوەشایەوە، چونکە لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەمە ئیتر کاتی بەسەرچووە. دوو ساڵ دواتر، کاتێک زانیمان چی بەسەر نەسیم

کەریمدا هاتووە، ناچار دووبارە یاساکە برەوی پەیدا کردەوە. ئەو کچە تۆزێکی مابوو لە پاکستان بیکوژن کاتێک دژ بەوە وەستا کە بەزۆر بیدەن بەشوو، بەڵام وای رێک خست کە رابکاتەوە بۆ نەرویج. بەسەرهاتی ئەو کچە کاتێک زانرا کە کتێبی "عیزەت : لەبەر خاتری نامووس"(١٩٩٦)ی نووسی، کە کتێبێک بوو کەسایەتییەکی خەیاڵیی بەنێوی نورین تێدا بوو. بەهیمەتی ئازایەتیی نەسیم کەریم و کارە گەورەکەی، هەروەها بەدواداچوونی سیاسی بۆ بەسەرهاتەکەی، بەشوودانی زۆرەملێ جارێکی تر لە ساڵی ١٩٩٥دا لە نەرویج نایاسایی کرا. کاتێک بە روونی دەرکەوت کە ئەم کارە تا رادەیەکی زۆر ئاسایی بوو، چەندان هەنگاوی یاساییی تریش هەڵگیران. لە ٢٠٠٤دا نەرویج بەشوودانی زۆرەملی بەتاوان دانا؛ ئەمە یەکەم وڵاتی ئەوروپایی بوو کە ئەو کارە بکات.

بەشوودانی زۆرەملێ لەسەر چەمکی نامووس دامەزراوە کە ئێستا گەشەی کردووە و لە هەموو ئەوروپا پەرەی ئەستاندووە. کەسانێکی ئەکادیمی لەسەر ئەوە پێ دادەگرن کە ئەو مەترسییەی ئێستا لەسەر ژنان هەیە بۆ ئەوەی بەنێوی نامووسەوە بکەونە بەر توندوتیژی، لەناو هێندێک لە گرووپە ئەتنیکییەکاندا کە لە ئەوروپا دەژین، لەوانەیە لە وڵاتەکەی کە لێیەوە هاتوون زیاتر بێت.(٨)

تاقمە فوندامێنتالیستەکان لە زۆرێک لە وڵاتانی رۆهەڵاتی ناوەراست و ئاسیا، ژێرپێی ئەو کردارە پێشکەوتنخوازانەیان خاڵی کردووەتەوە کە حکوومەتە سیکولار و میانرۆکان هاندەری بوون. کێشەکە سەربەستیی سێکسیی بۆ کچان نییە، بەلایەنی کەمەوە بۆ زۆرینەی ئەوانەی کە لە راستیدا پاکیزەیی وەکو ئایدیالێکی بەهادار دەنرخێنن. نیگەرانییەکە لەسەر مافی ژنانە بۆ نامووس: مافی ئەوان بۆ ئەوەی وەکو کەسانێک سەیر بکرێن کە بەرپرسیارن لە ژیان و پێناسەی خۆیان.

بەڵام ئێمە چاوەروانی نیشاندانی شێوازی لێکدانەوەین لەسەر واتای نامووس. چەمکێکی لیبراڵیی تری نامووس وای لێ دەکات کە ببێتە بابەتێکی کەرامەتی ئەخلاقی واتە، بەرپرسیارەتیی تاکی مێیینە بۆ سەر خۆی، لەوانەش پێوەرە ئەخلاقییەکانی خۆی. دەشێت ئێمە وەکو "واتای نامووسی" بیر لەمە بکەینەوە.

ئێمە پێویستە یەک یان دوو هەنگاو بەرەوپاش بچینەوە لە کاتدا: ئەم چەمکی نامووسە بەرێکوپێکی لە مێژووی دواتری ئەوروپادا گەشەی کرد. نامووس لە

زۆربەی وڵاتاندا بەشــێــوەیەکی بەرین هەتا ســەدەی هەژدەم وەکــو هـاوواتـای کەرامـەتی ئەخـلاقی سـەیر نەدەکرا. گۆڕان بۆ پێداگرتن بەشێوەیەکی لێرە و لەوێ لە سەدەی سێزدەمدا دەستی پێ کرد، بەڵام پێنج یان شەشسەد ساڵی تریشی پێ چوو هەتا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەسند کرا.[٩]

پێش ئەمــە، "نامــووس" بـەڕادەی یەکــەم لـەســەر نـاوبانگ جــەخـتـی دەکـرد _ بەرەسـمی ناسین لەلایەن ئەوانی ترەوە _ هەر وەکو چۆن هێشـتـایش لە زۆرێک لەو کــۆمــەڵگەیـانەی لـە ئەوروپا و لە دەرەوەش کــە نەبوونەتە ڕۆئاوایی، وەهایە. بۆ نموونە، پیـاوێک کـە نەیدەتوانی لەسـەر نامـووسـەکـەی ملمـلانـێ بکات شـەرمـەزار دەبوو، ئەگەر روومەتشکێنییەکە بەئاشکرا بووبوایە. جێگەی نامووس لە چاو ڕای گشتییەوە دەردەکەوت. خۆشناوی تەنیا لە چاوی ئەوانی ترەوە لە کیس دەچێت.

وەرن با ئەم بیرە کـۆنتـرەی نامـووس تاقی بکەینەوە، چونکە لێـرەدا باشـتـرین دەرفەتمان هەیە بۆ نیگایەک لە ناوەوەی تراجیدیاکانی فادیمە، پێلا و سارا.

لە مـێـژووی ئەوروپادا هەتا سـەدەی هـەژدەم، نامـووس بەشـێـوەیەکی سـەرەکی بابەتێک بوو لەمەڕ بەهای کـەسـەکە "لە چاوی ئەوانی ترەوە". بەرەسـمی ناسـینی کۆمەڵایەتی زۆر گرینگتر بوو لە هەستی تاکەکەس بۆ خۆی و ئەوەی کە بەنامووس بێت. ئێستا بەنرخبوونی خۆت لەگەڵ بەرەسمی ناسینی کۆمەڵایەتیدا پێکەوە گرێ دراون؛ ئـەوانـە دوو لایـەنـی یـەک شـتن. هـەر بـۆیـەش وێژەی تـەکنیـکی لـەم بـوارەدا ئامــاژە بە "دووانەبوونی" تیـۆری نامــووس دەکـات. چەمکەکــە لە دوو بەش پێک هـاتووە، یەک نـاوەکی و یـەکی دەرەکی؛ "نامـــووس" دیاردەیـەکــە بـە دوو بۆچوونی جیاوازەوە.

بەڵام دوو ڕواڵەتەکەی نامووس پێویست ناکات گرێدراوی یەکتر بن: من دەشێت هەسـتێکی پتـەوی تەواوی نامووسم هـەبێت، بەڵام لە هەمـان کاتدا تێ دەگـەم کە ئەوەندە شـەرەفمـەند نیم – بەو ئەندازەیە ڕێزلێگیراو و بەرزنرخێندراو نیـم – کـە هەست دەکـەم شـیـاوی ئەوە بم و دەمــتــوانی خـــوازیاری بم. یان من دەشـێت شـەرەفمـەند و ڕێزلێگیـراوبم بەڵام سـەرەڕای ئـەوەش هـەست بەبچـووکبـوون بکەم چونکە ئەوانەی بەدەوروبەری منەوەن وەها من ناناسن کە هەم؛ خەڵک ساویلکەن و من ئەوانم هەڵخەڵەتاندووە.

ئەم نموونانە نیشانی دەدەن کە چۆن جیاوازییەک دەتوانێت هەبێت لە نێوان لایەنە ناوەکی و دەرەکییەکانی ناموسدا، لە نێوان هەستکردنی نابابەتییانەی بایەخ و روانگەکان و وەڵامەکانی دنیای دەرەوە. بەواتایەکی تر، ئەتۆ دەتوانیت شەرەفمەند بیت بەبێ ئەوەی رێزت لێ بگیرێت و شەرەفمەند بیت بەبێ ئەوەی هەست بکەیت بایەخی ئەوەت هەیە.

ئاخۆ ئەگەر ئێمە هەر باسمان لە رێز و بەرەسمی ناسین کردبایە، بابەتەکان روونتر دەبوونەوە؟ ئاخۆ ئێمە چیی تر پێویستیمان بە "ناموس" هەیە؟ لەوانەیە ئەمە چەمکێک بێت لە مۆدە کەوتووە و کاتی ئەوە هاتووە کە جێگەی خۆی بدات بە چەمکێکی تر، وشەیەکی ئەمرۆژی تر وشەیەک کە هەم بۆ ژنان و هەم بۆ پیاوانیش لەبار بێت؟

ئەگەر بمانەوێت لە چارەنووسی فادیمە تێ بگەین و ئەوەی کە چی بەسەر ئەوانی وەکو ئەودا هات، وەڵامەکە دەبێت نەء بێت. فادیمە گوتی، "من روومەتی ئەوانم بەرەو دنیای دەرەوە. هەر کارێک کە من دەیکەم، دەبێت پیاوانی بنەماڵەکەم لە بەرچاو بگرم، چونکە هەر شتێکی من دەیکەم لەواندا رەنگ دەداتەوە. من ئەگەر جگەرەیەک بکێشم لەواندا رەنگ دەداتەوە." لەم چوارچێوەیەدا، "روومەتی بەرەو دنیای دەرەوە" واتە ناموس. لە هێندێک زماندا، لەوانەش لە کوردی و عەرەبیدا، "روومەت" زۆرجار بەشێوەی ئاڵوگۆڕ لەگەڵ "ناموس" بەکار دەبرێت.(١٠) ئەمە بەئاماژە، بەرەسمی ناسینی چۆنایەتیی روو بە دەرەوەی ناموسە. لەناو ژاپۆنییەکان و چینییەکانیشدا "روومەت" دەتوانێت لە بەرامبەر "ناموس"دا دابنرێت.(١١) لە زمانانی وەکو نەرویجی و ئینگلیزیدا دەشێت "روومەت بدۆڕێت"، بۆ نموونە بەوەی کە کارێکی گەوجانە بکرێت، بەبێ ئەوەی بێشەرەف بووبێت.(١٢) بەڵام لە هێندێک کۆمەڵگەدا، دۆڕاندنی ناموس بەشێوەیەکی خۆلێلانەدەرانە ئاکامگەلێکی دراماتیکیی لێ دەکەوێتەوە. فادیمە گوتی، "من پێم ناوەتە سەر ناموسی ئەوان، من هەموو ئەو شتانەی بۆ ئەوان گرینگ بووە بەتاڵانم بردووە، من ژیانی هەموو خزمەکانم کاول کردووە... کوشتنی من تاقە رێگەیەکە ئەوان دەتوانن ناموسەکەیان و سەربەرزییەکەیان وەدەست بخەنەوە."

باوکی لە دادگە گوتی، "ئەمە پرسێکی ناموسییە." ئەو روونی کردەوە کە چۆن

بەبۆنەی ئەو کارانەی کچەکەی کردوویەتی کەوتووەتە بەرچاوی بیروڕای جیهانی، "ئەو کچەی وا ئێستا مردووە." ئەو لە درێژەدا گوتی: "کێشەکە ئێستا کۆتایی پێ هاتووە."

بیروڕای جیهانی چەمکێکی بەهێزە. کاتێک کە هەموو کەس پێت پێ دەکەنێت چیت بۆ ماوەتەوە؟ بایەخی تۆ چییە؟ چی هەیە کە تۆ ئومێدت پێ هەبێت و بۆی تێ بکۆشیت؟ ئەم روانگەیە وەبیر بێنەوە، ناتوانیت لە دەستی ئەو کەسەی پێ دەکەنێت ڕابکەیت. دوایە نامووس دەبێتە بابەتی زیندوو مانەوە بۆ خۆت و بۆ ئەوانەی کە نامووسەکەیان کەوتووەتە سەر تۆ.

بۆ ئەوەی دەستمان بکەوێت کە مانای "نامووس" لەم بوارەدا چییە، پێویستمان بە چەمکێکی تەکنیکییە کە بەڕوونی پێناسە کرابێت. "نامووس" لە زۆربەی زمانەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا ناڕوونە چونکە چوارچێوەیەکی بەرینی سەرچاوەی هەیە. ئەمە بۆ heder (سوێدی) ڕاستە، بۆ ære (نەرویجی)، Ehre (ئەڵمانیایی)، honneur (فەرانسایی)، honor (ئیسپانیایی)، onóre (ئیتاڵیایی) و هی تریش. ڕاستە کە ئێمە دەبێت وشەی ڕاستەقینە بەکار بێنین، ڕێک هەروەکو فادیمە و باوکی: باوکی گوتی، "ئەمە پرسێکی نامووسییە". فادیمە گوتی، "نامووسی ئەوان تەنیا شتێکە کە بۆیان مەبەستە." میکانیزمی وەرگێڕان لە نێوان زمان و کولتوورەکاندا ناچارمان دەکات هەموو چەشنە کەرەستەیەکی زمانەوانی کە هەمانە بەکاری بێنین. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئێمە دەبێ تێ بکۆشین وشەکە لە هێندێک واتای هاوبەش ڕزگار بکەین کە ئاوێتەیە لەگەڵی.

هیچ ڕێککەوتنێکی هاوبەش نییە لەسەر ئەوەی کە چۆن ئەم کارە بکرێت: "نامووس" پێوەستی بیری جۆراوجۆرە لەلای خەڵکانی جۆراوجۆر. ڕێک هەر بۆیەش ئەوەندە کێشەی لەسەرە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چەمکەکە بەگشتی وێدەچێت کاڵ بووبێتەوە، شۆڕدرابێتەوە. لە ڕستەگەلی وەکو "ئەمە شەرەفمەندییە"، "قسەی شەرەفمەندانەی من" و "بێناموسبوون"دا زیندوو ماوەتەوە. بەڵام ئەتۆ دەبێ چی بکەیت بۆ ئەوەی بێنامووس بیت؟ ئاخۆ کەسێکی تر "دەتوانێت" تۆ بێنامووس بکات؟ زۆربەی خەڵکی بەرەچەڵەک ئەوروپای ڕۆژئاوا لەم خاڵەدا ناڕۆشن دەبن. تەنانەت بەدڵنیاییەوە دیار نییە تۆمەتلێدان لە یاسادا بریتییە لە چی، هەرچەند

ئەو ئازارەی کە لەلای تۆ دروستی دەکات، لە هەموو بەشێکی لەشتدا هەستی پێ دەکەیت.

بەڵام فادیمە دەیزانی. باوکی، براکەی، دایکی و خوشکەکانیشی دەیانزانی. پێلا دەیزانی و رازی بوو بە هاوسەریەتیی گەلاڵە بۆداڕێژراو. بەلای ئەوانەوە، نامووس کیانێکی راستەقینە و بەباشی پێناسەکراو بوو. واتاکەی وێ دەچوو کە هەم دروست بێت و هەم ئاسان بۆ تێگەیشتن (تەنانەت کاتێک کە قابلی قبووڵ نەبوو). ململانێی ئێمە ئەوەیە کە چەمکی نامووسی "ئەوان"مان دەستبکەوێت. ئێمە پێویستمان بە چەمکێکی سنووردارکراوە کە یارمەتیمان بدات تێ بگەین لەبەرچی کوشتنی نامووسی جێبەجێ دەکرێت – یان جێبەجێ ناکرێت – وە ئێمە دەشێت چۆن بکەین بۆ ئەوەی پێش بەم دڕندەییە بگرین.

ئێمە دەتوانین زۆر شت لە کتێبی "نامووس"ەوە فێر بین کە کتێبێکی پێشەنگە و لەلایەن مرۆڤناس، فرانک هێندێرسۆن ستیوارت نووسراوە (١٩٩٤). لەو کتێبەدا ئەو هەوڵ دەدات توێژینەوەیەکی قابیلی هەڵسەنگاندن بکات لەسەر نامووس. ئەمەش لەسەر بناغەیەکی دەوڵەمەند لە بابەتگەلێک لە بواری زانستی جیاواز، هەم لە سەرچاوەی مێژوویی و هەم ناوچەیی. لە دیدی منەوە، کتێبی "نامووس" تا ڕادەیەکی زۆر تێگەشتن ئاسان دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە نووسەر پێی دەڵێت "ئەم ڕەمۆکترین چەمکی کۆمەڵایەتییە" (بەهەرحاڵ، بڕوانە پاتێرسۆن ١٩٨٢). (١٣)

ئەوەمان لە بیر بێت کە چەمکی نامووس ئەو چەشنەی کە ستیوارت پێناسەی دەکات و ئێمە لێرە بەدواوە کەڵکی لێ وەردەگرین، وانییە بەناچار توندوتیژی لە دژی ژنانی لێ بکەوێتەوە. ستیوارت بەنەخشاندنێک لەسەر لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆی کە ساڵانێ لەمەوبەر لەناو عەرەبە بیاواننشینەکانی سینا ئەنجامی داوە، چەندان ڕووداو دەگێڕێتەوە کە چۆن چاوەڕوانی تۆڵەسەندنەوە بووە کە ڕوویان نەداوە. ئەو سەرنجی سێ حاڵەتی داوە کە کچانی بێ هاوسەر سکیان پڕ بووە بەبێ ئەوەی لە ئاکامدا هیچ سزایەک درابێتن و هەروەها چوار حاڵەتیش لە خەیانەتی هاوسەریەتی هەبووە کە بنەماڵەکانی ژنەکان تووڕەیی خۆیان ئاراستەی فریودەرەکە کردووە، پیاوەکەیان کوشتووە لە کاتێکدا کە ژنەکە تەنانەت هاوسەرەکەی لێشی جیا نەبووەتەوە. (١٤)

جوزێف جینات کە مرۆڤناسێکی ئیسرائیلییە، پاش چەندان ساڵ لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگە عەرەبەکانی لادێکانی ئیسرائیل، ڕادەگەیەنێت کە زۆرجار لەگەڵ پێشێلکردنی ڕێساکانی پاکداوێنیی مێیینە هەڵدەکەن، تەنانەت کاتێک کە منداڵ لە دەرەوەی هاوسەریەتییەوە لەدایکبووبن. کتێبەکەی جینات بەنێوی "ژنان لە کۆمەڵگە موسڵمانە گوندییەکاندا"(١٩٨٢) یەکێکە لە چەند کتێبی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی کە نیشاندەدات چلۆن ناموس ڕۆڵ دەگێڕێت. کتێبەکەی ئەو، یەکفۆرمەکان دەتەقێنێتەوە و نیگایەک لە دەروونەوە دەدات لەو بژارە ڕاستەقینانە و ئەو بڕیارانەی خەڵک کاتێک کە ناموسەکەیان لە مەترسیدایە. ناوبژیکردنی ڕێکخراو دەشێت یارمەتیی خەڵک بدات کە لە شەڕ و کێشە و بەرەو ڕووبوونەوەی ئاشکرا دوور بکەونەوە، ئاشتی بپارێزن و پشتگیری بکەن لە ئاشتبوونەوە. ناموس، بەو واتایەی ئێستا ئێمە بەکاری دەبەین، لە گوێن پێناسە، نابێتە هۆی کوشتن تەنانەت ئەگەر مێژوو نیشانی بدات کە توندوتیژی دژ بە ژنان لەو کۆمەڵگەیانەی کە ناموس هاندەریانە، بەتەواوی ئاساییە.

پیاوانیش هێندێک جار دەبنە قوربانیی کوشتنی ناموسی. لەناو ئەو نموونانەدا کە لە لێکۆڵینەوەکانی عەرەبەکانی سەحرای سینادا نیشاندراون حاڵەتگەلێک هەن کە لەوانەدا فریودەری نێرینە کوژراون لە کاتێکدا کە ژنان بێ زیان دەرباز بوون. لەم ساڵانەی دواییدا چەندان پیاوی گەنجی نیشتەجێی ئەوروپا بوونەتە قوربانیی کوشتن یان هەوڵی کوشتنیان دراوە لەبەر خاتری ناموس واتە، لەبەرئەوەی لەگەڵ کچێکدا بوون کە بەپێچەوانەی ویستی بنەماڵەی کچەکە بووە. دوژمنایەتیی خوێنی نێوان تایەفە و عەشیرە، کە بەنێوی ناموسەوە شەڕیان کردووە، بەدرێژاییی مێژوو گیانی هەزارانی ئەستاندووە و هێشتایش هەر بەردەوامە. کتێب و نووسراوەگەلێکی چڕوپڕ هەن سەبارەت بەدوژمنایەتیکردن، بەڵام ئەمە بەشێک لە بابەتەکەی من نییە.

من بەپلەی یەکەم گیرۆدەی بوارێکم کە زۆر کەم لەسەری لێکۆڵینەوە کراوە: ڕۆڵی ژنان لە مێژووی ناموس و کوشتنی ناموسیدا. هێشتایش، هەروەکو باس کرا، قوربانییەکانی کوشتنی ناموسی هەموو کات مێیینە نین: هەر بۆیە توندوتیژی بەنێوی ناموسەوە ناکرێت تەنیا وەکو "توندوتیژیی جەستەیی دژبە ژنان" یان "ستەمی گلۆبالیزەی ژنان" لێی بگەین. باسکردن لەوە چاوپۆشیکردنە لە

ئایدیۆلۆژی ژێرخانی نامووس. ئەمە تایبەتە و شتێکە ئێمە دەبێت فێری بین و تێی بگەین. نەک هەر بۆ شەرمەزارکردنی بگرە هەروەها بۆ بەرەوپێش بردنی ئەو کارەی کە فادیمە دەستی پێ کرد.

لە هێندێک لە کۆمەڵگە نارۆئاواییەکاندا، هەروەکو چۆن لە رابردووی ئەوروپادا، نامووس لە "ڕێسای نامووس"دا بەوردی روون کراوەتەوە. "ڕێسا" بریتییە لە کۆمەڵێک بڕیار کە دەری دەبڕن چی بەشێکە لە سیستەمی نامووس و چی بەشێک لەوە نییە. بەشێوەیەکی بنەڕەتی، نامووس هەم دەکرێت بدۆڕێت و هەمیش بەدەست بهێندرێت. ستیوارت سەیری ئەو راستییە دەکات کە نامووس دەکرێت بدۆڕێت، ئێستا ئێمە وەکو سیمایەکی پێناسەکردنی چەمکەکە، هۆگری "قابیلی دۆڕاندن بوونە"کەین.(١٥)

ڕێک وەکو لووت لەسەر ڕوومەت، نامووس شتێکە ئەتۆ هەتە، یان ئەوەی نیتە هەروەکو چۆن حاڵەتەکە لەوانەیە وابێت. دنیا پێک هاتووە لە خەڵکانێک کە نامووسیان هەیە، یان نییانە. ڕێساکە دیاری دەکات کە تۆ سەر بەکامە گرووپیت.

بڕیارەکان روون و بەوردی دیاری کراون و هیچ جێگەیەک بۆ گومان ناهێڵنەوە. ئەو پێوەرانەی لە ڕێساکەدا دانراون لەبەر گرینگی و بەرجەستەبوونیانە؛ ئەمانە "بەلایەنی کەمەوە" پێوەرەکانن. ئەگەر تۆ ئەم پێوەرانەت نەپێکا ئەوە نامووست لەدەست داوە.

لە کۆمەڵگەکانی خاوەنی ڕێسای نامووس، ڕێزگرتن و نامووس لێک دەئاڵێن. پیاوێکی بەنامووس "بانگەشەی" ڕێز لێگرتن دەکات. ئەمە مافی خۆیەتی چونکە ئەو بەو شێوە دەژی کە کۆمەڵگەکەی خوازیاریەتی و بەپێی بڕیارەکان ئاگای لە نامووسەکەیەتی. کۆمەڵگەکەی ئەو دەکرێت پێی بگوترێ "تاقمی نامووس"، واتە تاقمێک کە هەمان ڕێسای نامووس ڕەچاو دەکات و ئەمەش لەلای یەکتر دەیسەلمێنن.

ڕێساکە بەڵێنی "مافێک" بەنامووس دەدات – هەر پیاوێک مافی ئەوەی هەیە کە وەکو ئینسانێکی بەنرخ رەفتاری لەگەڵ بکرێت. نامووس ڕێز دەبەخشێت؛ ئەمە دەسەڵاتت دەداتێ کە ئەو چاوەڕوانییەت هەبێ. تاقمەکە ئەرکی ئەوەی هەیە کە پێگە و ڕێزی شیاو بداتە پیاوێکی بەنامووس.

ستیوارت بۆ روونکردنەوەی لایەنی یاسایی نامووس چەمکی "نامووسی کەسیەتی" ڕادەسپێرێت؛ مەبەست لە مافێکە لە یاسادا کە وەکو ئەندامێکی کامڵ و یەکسانی گرووپی نامووس رەفتاری لەگەڵ بکرێت. کاتێک کە باوکی فادیمە بە دادگە دەڵێت "ئەمە پرسی نامووسە"، ئەو وەکو پیاوێک لەنێو تاقمێکی یەکساندا قسە دەکات. بەواتایەکی تر، ئێمەیش وەکو کەسانی یەکسانیخواز نامووس پێناسە دەکەین.

لە زۆر زماناندا، لەوانە کوردی، عەرەبی و فارسی وشەیەکی تایبەت هەیە بۆ ئەم چەشنە نامووسە. چەمکێکی تری نامووس هەیە کە لەگەڵ پلەدا دەڕوات نامووس لەناو پلەداری (هیرارکی)دا، نەک لە پانایيدا (ستیوارت وشەی "شاقوڵی" لە بەرامبەر "ئاسۆیی"دا بەکار دێنێت). نامووسی پلەداری -یان پلە، یان پێگە- دەتوانێت بەهۆی ڕادەوە گەورە یان بچووک بێتەوە. نامووسی ئاسۆیی (کەسیەتی) ناکرێت زیاد بکرێت، تەنیا دەدۆڕێت و دەشێت دووبارە وەدەست بخرێتەوە. ئەمە دیاردەیەکی هەموو شتێک یان هیچە.

من چەمکی نامووسی کەسیەتیم ناساندووە و روونم کردووەتەوە کە ئەمە بانگەشەی مافی بەرامبەری لە یاسادا لێ دەکەوێتەوە. بەڵام نامووس هەروەها لایەنێکی "بەکۆمەڵ"یشی هەیە: هی بنەماڵەیەکە، هی عەشیرەتە یان تایەفەیە – جاری وایە هی نەتەوە– دەوڵەتە. ئەندامانی کۆمەڵ بەرژەوەندیەکیان هەیە لە نامووسی هاوبەشدا: ئەگەر یەکێک لەوان بێنامووس بکرێت، هەموویان وایان لێ هاتووە.

لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا، نامووس بابەتێکی گشتییە. ئەوەی کە گرینگە بۆچوونی ئەوانی ترە، نەک ئەوەی کە پێوەرە ئەخلاقییەکانی خۆت چییە. نامووس گرێدراوی ئەوەیە کە دنیای دەوروپشتی ئەتۆ چۆن سەیری شتەکان دەکات. کەوایە، ناوبانگ ئەلفوبێیە. دەنگۆبڵاوکردنەوە دەتوانێت نامووس و پێگەی بنەماڵەیەک لە کۆمەڵگەدا بەتەواوی وێران بکات.(١٦) گواستنەوەی ژنێکی گەنج بۆ خانوویەکی خۆی لەوانەیە ڕۆڵی کارەساتێک بگێڕێت بۆ بنەماڵەکەی، چونکە ئەمە "دەبێت" بەو واتایە بێت کە ئەو ئافرەتە خۆشەویستێکی هەیە. کچێکی کورد جارێکیان پێی گوتم، "لای ئێمە، دەنگۆ بابەتێکی جیدییە." دەنگۆکان بەڵگەی کۆمەڵایەتین کە تۆ

دەبێت لەگەڵیان بێیتە دەست. ئاکامەکەی ئەوەیە کە پارێزگاری لە ژیانی تایبەتی ئێجگار زۆر گرینگە. ئەتۆ "هەرگیز" نابێت هۆکارێک بدەی بەدەست خەڵکەوە بۆ قسەڵۆک. "دۆخەکە داخراوە" (مستور الحال)، وەڵامێکی عەرەبییە بەپرسیاری "چۆنی؟" وەرگێڕانەکەی ئەمەیە "باشم، سوپاس – ماڵەکەم و بنەماڵەکەم داپۆشراون لە دید." ئێستا لەم گۆشەنیگایەوە بیر لە سارا، پێلا و فادیمە بکەوە. ئەوان بەخۆنواندنی خۆیان شەرمیان هێنایە سەر بنەماڵەکە.

فادیمە لەناو جەماوەردا بە زمانی سوێدی دەدوا. لە دادگە، دەربڕینەکانی باوکی فادیمە لە کوردی و تورکییەوە وەردەگێڕانەوە سەر زمانی سوێدی. ئەمە بەو واتایە کە تاریک و ڕوونییەکی گرینگی واتاکان لە وەرگێڕاندا ون دەبوون. زمانی سوێدی تەنیا یەک وشەی هەیە بۆ ناموس، لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا، هەروەکو تورکی، عەرەبی و فارسی، دوو وشەیان هەیە کە چوارچێوەی بەتەواوی جیاوازی سەرچاوەیان هەیە. وشەی کوردی (و تورکی) "ناموس" تەنیا لە پێوەند لەگەڵ پاکی و بەئاکاربوونی ژناندا بەکار دەهێندرێت، لە کاتێکدا "شەرەف" ئاماژە بەرێسای تر دەکات وەکو میوانداری، ئازایەتی و هی تر. کاتێک باوکی فادیمە دەڵێت، "ئەمە پرسی ناموسە"، یان کاتێک فادیمە ئەڵێت، "من ناموسی ئەوانم پێشێل کردووە"، مەبەست کامە ناموسە؟ بێگومان ئەم چەشنەیە کە ناسر خادیر نووسەر و ئەندام پەرلەمانی دانیمارکی- فەلەستینی ناوی دەنێت "ناموسی سێکسی" – ئەو چەشنە کە گرێدراوی داوێنپاکی و پاکیزەیی ژنانە.(١٧)

لەم خاڵەدا ئێمە پێویستە زۆر لە نزیکترەوە سەیری شەرم بکەین. شەرم لە ڕاستیدا خاڵی بەرامبەری ناموس نییە، ئەگەرچی ئێمە لە ڕۆئاوا وەکو جووت بیر لە "ناموس و شەرم" دەکەینەوە دژەلایەنەکانی هەمان دیاردە، لەناو ئەو داوونەریتەدا ئێمە هەوڵ دەدەین لێ تێ بگەین، دژەمانای "ناموس"، دەبێتە "بێناموس" (ئابڕووچوو). "شەرم"یش وشەیەکی لاوازە. ناموس ڕەهایە. یان چلۆنایەتیی هەیە یان نییەتی، لە کاتێکدا شەرم دەتوانێ بەپێی پلە بگۆڕدرێت: تۆ دەتوانی کەم تا فرە بێ شەرم بیت و دەتوانی کەم تا زۆر شەرمت هەبێت.

شەرم وەکو چەمکێک، بۆ ڕۆئاواییە سەرەکییەکان زیاتر لە ناموس قابیلی دەستڕەسە. ئێمە هەست بە ڕەسمی دەناسین؛ ئەمە چەمکێکە کە لەگەڵی گەورە

بووین. بەمندالآن و جاری وایشە بە گەورەکانیش دەشێت بگوترێ، "دەبێ لە خۆت شەرم بکەیت." شەرم بەشێکە لە ئەزموونی هەر کەسێک. لە هێندێک قالبدا، "هەبوونی شەرم" ئەوەیە کە شیاوی شەرەف بیت (شەرەفمەند) _ کە ئەمە هاوواتای ناموسە، نەک ئەوەی کە دژەمانای بێت. شەرم چەمکێکی تەماوی و پەڕاکندەیە. دەتوانێت ئاماژە بکات بە هەموو شتێک لە هەڵەی بچووکەوە بۆ گوناهێکی گەورە. بەلام لەو داوونەریتانەی لێرەدا مەبەستی ئێمەیە، هەستێک کە هاوێنەی شەرم بێت شانازیکردنە، نەک ناموس. نەریتی یەکسانیخوازی باکوری ئەوروپا هاندەری شانازی یان نیشاندانی شانازی نییە، کە ئەمەش وا دەکات تێگەیشتن لەم روانگەی ناموسە دژوارتر دەبێت.

ناموس بەتەواوەتی کارتێکردنی هەیە لەسەر کەسەکە. ناموس نیشانەیە، مۆرکێکی چلۆنایەتییە. ناموس تەنیا بەهۆی چەشنگەلێکی دیاریکراوی شەرم کاری تێدەکرێت. بێناموسی خراپترە لە شەرم.(١٨)

بۆ تێ گەیشتن لە ناموس ئەو شێوەی ئەندامانی بنەماڵەی فادیمە و کۆمەڵگەکەی دەوروبەری ئەو تێ دەگەن، پێویستمان بەوەیە کە سەیرێکی تر بکەین لە زمانی ناموس. لە رۆئاوا قسەکردن لە ناموس بەشێوەیەکی سەرەکی لە ریزە رستەگەلێکدایە کە هەستێکی ئەبستراکتیان بۆ ئەوان هەیە: " شەرەفمەندبوون" بۆ کردنی کارێک یان ئەوی تر، وەکو هاوڕێییکردنی بووک لەبەر هەیوان، یان دەربڕینەکانی وەکو "شەرەفمەندکردن و گوێڕایەڵبوون" یان "قەرزاربارى شەرەف."(قەولی شەرەف. و) ئەمە هەڵسەنگێنە لەگەڵ دنیای فادیمە، کە لەوێدا ناموس موڵکایەتییەکی بەتاکەکەس کراوە: ناموس هی خەڵکە وەها باسی لێوە دەکەن کە ناموسی هی باوک، برا، یان هی بنەماڵەیە. دیسانەوە چاوێک بکە لەوەی فادیمە گوتی و سەرنج بدە چۆن بە روونی دەری دەبڕێت: "من ناموسی ئەوانم پێشێل کردووە... کوشتنی من تاقە رێگەیە بۆ ئەوان کە بەناموسەکەیان، شانازییەکەیان دەست بکەوێتەوە."

ناموس هی کەسێک یان کۆمەڵێکە. زەحمەتە هەر چەمکێکی تر بتوانێت جێگەی بگرێتەوە. تۆ لەوانەیە وا بیر بکەیتەوە کە "رێزگرتن" هاوواتایەکە، بەلام وانییە. تۆ رێز لە کەسێک دەگریت، یان شادمانیت لە رێزی کۆمەڵگەکەت بەرامبەر

بەتۆ. بەڵام ناموس جیاوازە: تۆ یان هەتە یان نیتە، ئەمە بەشێکە لە خودی خۆت، هەروەکو لووتت.

هەر وەکو باسم کردووە، ساتی وا هەیە کە هەم "ڕوومەت" و هەم "شانازی" دەتوانن واتای ناموس بدەنەوە. فادیمە گوتی، "بۆ دنیای دەرەوە، من ڕوومەتی ئەوانم. من هەرچییەک بکەم، دەبێت پیاوانی بنەماڵەکەم ڕەچاو بکەم." بەواتایەکی تر، ئەو بۆ دنیای دەرەوە، وێنایەک بوو لە ناموسی پیاوەکان. لە چەندان زمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕستەی "ڕوومەتێکی سپی" واتە ناموس و "ڕوومەتێکی ڕەش" بێناموسییە. ڕەشکردنەوەی ڕوومەتی کەسێک واتە وا بکەیت کە ئەو بێناموس بکرێت. بەناموسبوون واتە ئەوەی کە شانازی و کەرامەتی تۆ خەوشی نەگرتبێت و بەسەری بەرزەوە ڕێگە ببریت.

هێمای بەواتای جەستەیی، وەکو "ڕوومەت" و "سەر"، پڕ بەپێست و بەدروستی دەریدەبڕن کە ناموس چییە: بەشێکی لێک جودانەکراوەی مرۆڤ و بەشێک کە لەناو خەڵکدا لەبەر دیددایە. "بەشە تایبەتییەکان" دەبێت داپۆشرێن لە بەرچاوان؛ هەموو ئەندامانی تاقمی ناموس ئەرکێکی ڕەهایان هەیە بۆ وەفاداربوون بەرامبەر یەکتر و بەرامبەر بە نهێنیی هاوبەشیان.

فادیمە دووجار تووشی شێلاندنی شتی پیرۆز بوو. ئەو هاوڕێی کوڕی خۆی هەڵبژارد، بەڵام دەشێت گرینگتر ئەوە بووبێت کە ئەمەی ئاشکرا کرد. ئاکامەکەی بوو بەسەرنجڕاکێشانی میدیا و ئەمەش ڕوومەتی بنەماڵەکەی ڕەش کرد. بێناموسیی ئەوان – سووکایەتی پێکردنیان – ئیتر کامڵ بوو.

کاتی ئەوە هاتووە کە چەمکێکی ورد و تەکنیکی ناموس بە ڕوونی دەرببڕین بەچەشنێک کە بتوانێت وەکو کەرەستەیەکی بەکەڵک لە لێکۆڵینەوەی کولتووری یەکتربڕدا بەکار بهێندرێت.

ناموس بانگەشەی ڕێزگرتن دەکات، بەمانای "مافێک" بۆ ڕێزگرتن. کۆمەڵگە ئەرکێکی هەیە کە ڕێزدار بێت بۆ ئەو ماوەیەی کە بڕیارەکانی ڕێسای ناموس پارێزراون. ئەگەر وەها نەبن، کەسەکە بێناموس بووە. چونکە ناموس دابەش کراوە، ئەو کۆمەڵەی ئەو پێوەی بەستراوەتەوە، لەگەڵ ئەودا ڕۆ دەچێتە خوار ئەو کاتەی ئەو خۆی ڕۆ بچێت.

سەبارەت بەوەی کە چۆن نامووس دەدۆڕێت و دیسانەوە دەست دەکەوێتەوە ڕێساکە ڕوونە. لەناو تاقمەکەدا، هەموو کەسێک دەزانێت چی پێویستە. بڕیارەکان وەکو بەلایەنی کەمەوە پێوەرەکان چاویان لێ دەکرێت. هەرچەشنە دابڕانێک بەواتای بێنامووسییە. پیاوە بێنامووسەکە و بنەماڵەکەی نەک هەر وەکو کەسانێکی بەپێگەی لەخوارەوە، بگرە وەکو ڕەزیل چاویان لێ دەکرێت.

نامووس دەتوانێت بدۆڕێت؛ ئەمە ڕواڵەتێکی پێناسەکراوە. بڕیارەکان بەچەمکگەلێکی تایبەتی دەری دەبڕن کە چی دەبێ بکرێت بۆ ئەوەی دەست بکەوێتەوە.

ئەوە تەنیا کردەوەکانی خۆت نییە کە دەتوانێت ئەتۆ بێنامووس بکات. دوو ڕێڕەوی تریش دەتوانن بێنامووسی بهێنن: تۆ دەکرێت بکەویتە بەر کاریگەری کردەوەی پیاوانی تری بنەماڵە یان عەشیرەت و هەروەها کردەوەکانی ژنانێک کە لەژێر سەرپەرشتیی تۆدان (کچێک، خوشک، هاوسەر، ئامۆزا و خوشکەزا). ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەو کردەوانە ڕاستن کە لە هەر ڕێگەیەکەوە پێوەندیی بە مەیلی سێکسییەوە هەبێت.

پیاوێکی بەنامووس دەبێت بەدرێژاییی ڕێڕەوێکی کێشەئامێزدا ڕێ دەربکات، خۆ لە هەر مەترسییەکی بێنامووسی بۆ سەر خۆی، ژنەکەی یان بنەماڵەکەی بپارێزێت. ئەو بەرپرسی بەشێک لە کالآیەکی هاوبەشە. هەنگاوێک بەرەو هەڵخزان و ئەو دەشێت لەناو قووڵاییدا نقووم بێت.

ژنان هیچ نامووسێکیان نییە. [١٩] نامووس مافی تایبەتی پیاوە؛ پیاوان نامووسیان هەیە، ژنان هەستێک لە شەرمیان هەیە. بۆ ئەوەی لە شەرمکردن دوورەپەرێز بن، ژنان دەبێت بزانن چۆن لەگەڵ بەئاکاربووندا ڕەفتار بکەن، ئەو چەشنەی کە لە ڕێسای نامووسدا دیاری کراوە. ژنێکی بێشەرم دەتوانێت هەموو بنەماڵەکەی بخاتە ناو بێنامووسییەوە. بنەماڵەکەی ئەو دەتوانێت بڕیار بدات چاوپۆشی بکات لە شەرم، جا یان لەبەرئەوەی کە ئەویان خۆش دەوێت یان لەبەرئەوەی ڕقیان لەو کەسەیە کە دەستدرێژیی کردووەتە سەری و هۆکاری باشیان بەدەستەوەیە کە پیاوەکە بەتەواوی سەرکۆنە بکەن. بۆ ئەو کەسانەی لە ڕۆژئاوا دەژین، هاندەرێکی تر هەیە بۆ بەخشین: مەترسیی سزای ئیعدام بۆ کوشتن.

ئیسلام ڕێگە دەدات کە بەخشین بەرامبەر بە ژنی ئەتککراو نیشان بدرێت. ئەمە لەلایەن موسڵمانانەوە نووسراوە و جاروباریش دەگوترێت کە داوەری بە خوایە نەک بە ئینسان. کەوابوو خزمەکان دەتوانن لەو ئەرکە ڕاکەن کە توندوتیژی بەکار بهێنن بەمەبەستی "خاوێنکردنەوەی" شەرمی خۆیان و بنەماڵەکەیان. لە هێندێک هەلومەرجدا، ئەمە هەروەها بۆ پیاوانێکیش دەخوات کە ڕێسای ناموس دەبەزێنن: بنەماڵەکە دەشێت بەڕێز و کەرامەتەوە لەگەڵ ئەودا رەفتار بکەن و داوەرییەکە بۆ خوا بەجێ بهێڵن.

لە هەر حاڵەتێکدا، بێناموسی دیاردەیەکی جەماوەرییە. شەرم تەنیا کاتێک دەبێتە ڕاست کە ئاشکرا بووبێت. شەرم لە چاوی بینەردایە. هەروەکو لە ئەورووپای سەدەی ناوەڕاستدا، هەروەهایش لەناو زۆرێک لە تاقمە کۆچبەرەکانی ئێستای ئەورووپا: شەرم دیاردەیەکی دەرەکییە هەتا ناوەکی. هاتنەدەست لەگەڵ شەرم تەنیا کاتێک پێویست دەبێت کە زانراوە. بێناموسی بەرهەمی هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەکەیە لەسەر تۆ.

بەڵام "ڕێکلامکردن" بەتەنیا بەس نییە بۆ ڕەشکردنەوەی بنەماڵەیەک بەو ڕادەیەی کە پێویست بکات دەست بداتە کردەوەیەک بەمەبەستی ڕزگارکردنی ناموس. ئەوەی کە "هەموو کەس دەزانێت" بڕیاردەر نییە.[٢٠] دەتوانیت بەربەستی بکەیت و خۆت لە دەستی خەلاس بکەیت. جوزێف جینات چەندان حاڵەتی "بێشەرمبوون" دەگێڕێتەوە لەناو عەرەبەکانی ئیسرائیلدا کە نەگەیشتووەتە دەستێوەردان. منیش سەرنجی ئەوەم داوە لە کاتی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانم لە عوممان، وڵاتێکی باشووری ڕۆئاوای لێواری دوورگەی عەرەب. "هەموو کەس" دەیزانی کە ژنانێک بوون بەشێوەیەکی بێناموسانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام دیسانیش بەڕێزەوە رەفتاریان لەگەڵ دەکرا. تەنانەت ئەو پیاوانەی کە سوێندیان خواردبوو هەرگیز ڕێگە نەدەن بە هاوسەرەکانیان لەگەڵ ئەم ژنانەدا هاموشۆ بکەن (ئەگەر هاوسەرەکانیان نیازێکی وایان هەبایە) ڕێگەیان دەدا بەهەبوونی کەلێنێک لە نێوان قسە و کرداردا: هاوسەرەکان لەگەڵ هەموو ژنە دراوسێکاندا تێکەڵ دەبوون، بەبێ هیچ جیاوازییەک. هیچ کەس بارودۆخی هاوسەر و بنەماڵەی ژنە "بێناموسەکەیان" باس نەدەکرد و کەسیش بەپێویستی نەدەزانی کە پەلاماریان بدات.

فرانک ستیوارت بەنەخشاندنێک لەسەر لێکۆڵینەوە مەیدانییەکانی خۆی لەناو بیاواننشینەکانی سینادا، نموونەی هاوشێوە لەو پیاوانە نیشان دەدات کە ڕێسای نامووسیان شکاندووە و بەشێوەی جۆراوجۆر بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەڕێز و حورمەتەوە رەفتاریان لەگەڵ کراوە. ئەم ڕێسا شکاندنانە ئاکامەکانی ئەوە نەبوو کە مرۆڤ بیری لێ دەکردەوە و چاوەڕوانی دەکرد یان لەسەر بناغەی ئەوەی خەڵک چی دەڵێن. (٢١)

ئەگەر بمانەوێت بزانین لە کردەوەدا چی روو دەدات تێبینی لەسەر ئەزموونی مەیدانی پێویستە. ئێمە کۆمەڵە زانیاریی زۆر کەمی لەم چەشنەمان لە بەردەستدایە. هەتا ئێستا لێکۆڵینەوە لەسەر ناموس بەشێوەیەکی نابەرجەستە کراوە هەتا ئەوەی وەکو راستییەکی زیندوو.(٢٢) بەڵام ناموس بەپلەی یەکەم بابەتێکە بۆ پراکتیککردنی کردارەکان نەک وشەکان. ئێمە هێشتایش کاتێک کە دەگاتە سەر لێکۆڵینەوەی بەکردار، تازەکارین.

بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بۆ "شۆردنەوەی" شەرم بەستراوەتەوە بەهۆکاری تر جگە لە ڕێکلامکردن. یەک هۆکاری لەم چەشنە ئەوەیە کە ئەندامانی نێرینەی بنەماڵە دەبێت بەرەوڕوو ببنەوە _ ململانێی ئاشکرا _ لەگەڵ شکستی خۆیان بۆ بەکاربردنی کۆنترۆڵ. زەوینەی کۆمەڵایەتی بڕیاردەرە. بێناموسی بەشێک لە هیچ کردەوەیەک نییە بگرە لە کاردانەوەکانی ئەوانی ترەوە سەر هەڵدێنێت. ئەمە بەو واتایە کە کۆمەڵگە دەتوانێت بەهاواری کەسەکانی خۆیەوە بێت، وەها کە ئەوان هیچ چەشنە "ڕێگەچارەی کۆتایی" بەڕێوە نەبەن.

ئەوە ڕاستە کە میدیا دەتوانێت گونجاوبوونی ڕێگەچارەی ئاشتیخوازانە لەبار ببات. ئەوە فایدەی چییە کە هیچ کەس بەرەوڕوو لەسەر ناموسی من قسەم لەگەڵدا ناکات، ئەگەر بەسەرهاتەکە لە هەموو دنیادا بڵاو بکرێتەوە؟ لە وەها دۆخێکدا، درۆکردن و یان بەربەستکردن فایدەی نییە.

کچێک سەبارەت بە باوکی دەڵێت، "هەموو شت وردوخاش بوو کاتێک میدیا هاتە ناو حاڵەتەکەوە. ئەو هەستی دەکرد لە کەرامەتی، شانازییەکەی و ناموسەکەی داماڵراوە."(٢٣)

گۆشەنیگایەکی تر هەیە بۆمان کە سەرنجی بدەین: بەرامبەرکێی بێ کۆتاییی

نێوان نامووس و یاسا. نامووس زۆرجار لەگەڵ یاسا و ڕێسادا لە کێشەدایە. ئەمە لە ئەورووپای کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاست بوو. ئەمڕۆیش هێشتا لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەورووپادا ڕاستە.

ئەم کێشەیە دەکرێت وەکو بەشێک لە مێژووی کۆمەڵایەتیی ئەڵمان و ئیسپانیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت کە لەوێدا "نامووس" سەدان ساڵ بوو لەلایەن سیستەمی یاساییەوە پارێزراو بوو. تەنانەت لەم وڵاتانەشدا، نامووس بەشێوەیەکی سەرەکی لە دەرەوەی یاساوە کاری دەکرد. ئەوە نامووس بوو، نەک یاسا، کە بۆ دانی قەرزی گرێوکردن و چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ سووکایەتیکردن ڕێسای دادەنا، کە دادگەکان بۆ ئەوانە هیچ بەدەربەست نەبوون. بۆ نموونە لە ئەڵمانیای کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، فریودانی کچێک لە سەرەوەی تەمەنی شازدە ساڵ وەکو شتێکی نایاسایی چاوی لێ نەدەکرا بگرە ئەمە هۆکارێکی کلاسیک بوو بۆ دوئێلکردن.[٢٤] "پیاوانی بەنامووس"، زۆرجار وایان دەکرد کە متمانە بەئامێرەکانی خۆیان بکەن، تەنانەت کاتێکیش کە لەڕاستیدا یاسا پشتیوانیان بوو. بەرجەستەترین دژایەتی لە نێوان یاسا و نامووسدا ئەوە بوو کە نامووس پێی لەسەر توندوتیژییەک دادەگرت کە یاسا زۆرجار شەرمەزاری دەکرد. ئانترۆپۆلۆجیست، جوولیان پیت ریڤێرس، کە بۆ توێژینەوەکانی لەسەر نامووس و شەرم بەناوبانگە، لەسەر بناغەی کاری مەیدانیی خۆی لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٩٦٨دا سەرنج دەدات، "کێشەی نێوان نامووس و یاساییبوون کێشەیەکی بنیاتییە، کە هەتا ئەمڕۆیش هەر لاساری دەکات." [٢٥] ستیوارت بەم شێوەیە کۆی دەکاتەوە: "نامووس چەمکێکە کە لە گۆشەنیگایەکی فەرمییەوە بەئاسانی و تەواو لەناو سیستەمێکی یاساییدا جێگەی دەبێتەوە، بەڵام ئەوەی کە لە ئەورووپای مۆدێرندا، بەگشتی پێوەندییەکی دژواری هەیە لەگەڵ بەشی سەرەکیی یاسادا، پێش هەموو شت بەهۆی پێوەندەکەیەتی لەگەڵ دوئێل و شێوەکانی تری توندوتیژی."[٢٦]

دواتر ئێمە سەرنجی ئەوە دەدەین کە چۆن کێشەی نێوان نامووس و یاسا لە لەدادگەدانەکەی باوکی فادیمەدا لە پڕ هەڵدەچێت: ئەندامانی بنەماڵە، بە یەک ریزپەڕەوە، ئامادە نین کە شایەتی بدەن. ئەوان لە پەنای بکوژەکەدا دەوەستن. دوایە، لە دوایین قۆناخی دادگەکەدا، برازایەک کتوپڕ پێدا دەگرێت کە ئەو کەسەی

فادیمەی کوشتووە ئەوە، بەڵام باوکی فادیمە ویستوویەتی خەتاکە بخاتە ئەستۆی خۆی. ئەمەش تەنیا سەرەتایەک بوو: یاسا و نامووس دەکەونە سەر ڕێچکەی پێکدادان. لە داهاتوودا، لەوانەیە ئەوروپا لەگەڵ ئەم چەشنە پێکدادانانەدا بەرەوڕوو ببێتەوە.

هەروەها گرینگە ئەوەمان لە بیر بێت کە هۆکارێکی ئەوەی خەڵک لە هێندێک کۆمەڵگەدا ئەوەندە بەتۆکمەیی لەمەڕ نامووس هۆشیارن، ئەوەیە کە نامووس بابەتێکی خۆویستە، کە ئەمە مەرجێکی پێویستە بۆ سەرکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی. حکوومەت لە وەها دۆخێکدا نییە کە بتوانێت خۆی تێوەر بدات و زۆرتر ڕێی تێ دەچێت کە ببێتە لەمپەرێک یان هەر ببێتە دوژمنێکی تەواو. ئەو تاقمەی کە ئەتۆ بەشێکی لەوان _ بنەماڵە یان عەشیرەتەکەت _ دەبێت هێز و سەربڵندیی خۆیان بەڕادەی پێویست نیشان بدەن بۆ پارێزگاری لە نامووسەکەیان و بۆ ئەوەی چاویان لە بەرژەوەندیی ئەندامەکانیەوە بێت. دڵەڕاوکێکانی تاکەکەس لە چاو ئەوانەی کۆمەڵ، لە پلەی دووەمدان. خۆشنێوبوون و ناوبانگ هەموو ئەو شتەیە کە گرینگە. کەوابوو نامووس شتێکی زێدە ڕازاوە نییە، لاوەکی نییە، بگرە گرینگیی هەیە بۆ خۆشبژێیتی، پێگە و پلە، واتە ئەو شتانەی کە لە هەموو شوێنێک گرینگن. لە هێندێک کۆمەڵگەدا، حکوومەتی خۆشبژێیتیی بەرژەوەندییەکانی شارۆمەندان دەپارێزێت (یان دەبێت بیانپارێزێت). لە هێندێکی تردا، بنەماڵە و عەشیرەت ئەرکی هاوشێوەیان هەیە. وە لە هێندێکیشدا، شارۆمەندان هیچ ناهێنن – و ناتوانن بەهیچ بگەن – بەبێنامووس.

من نامووسم وەکو شتێکی بابەتییانە و دەرەکی پێناسە کردووە، وەکو دیاردەیەکی لە دابەشکران نەهاتوو، هەموو شتێک یان هیچ. ئەمە تاقە ڕێگەیەک نەبووە بۆ دیتنی نامووس، نە لە سەردەمی مۆدێرندا و نە بەشێوەیەکی مێژوویی. ئەو پێناسەیەی کە ئێمە لێرەدا پێی گەیشتووین – کە چەمکێکی تەکنیکی سنووردارە – تاقە دانە نییە. هەروەکو "پیت رایڤێرس" بەشێوە بەناوبانگەکەی لە ساڵی ١٩٦٥دا دەڵێت: "نامووس بایەخی کەسێکە لە چاوی خۆیەوە، بەڵام هەروەها لە چاو مێژووەکەشیەوە. ئەوە نرخاندنی خۆیەتی لەسەر بایەخی خۆی، "داوای" ئەوە بۆ سەربەرزی، بەڵام هەروەها سەلماندنی ئەو داوایەشە؛ بەڕەسمی ناسینی ڕێزداربوونی ئەو لەلایەن کۆمەڵگەوە "مافی" ئەو بۆ سەربەرزبوون." (٢٧) ئەم

پێناسەیە جیاوازە لەوەی کە ئێمە پێی گەیشتووین، چونکە ئەمە جەخت لەسەر بایەخی تاکەکەس دەکات لە چاو خۆیەوە و هەروەها لەچاو ئەوانی ترەوە. ئەمە لەگەڵ بۆچوونێکی گەردوونیی مرۆڤایەتی یەک دەگرێتەوە: هەر کەسێک بە جەستە و مێشکێکی تاقانەوە لەدایک دەبێت، کە توانای هۆشیاربوون سەبارەت بەخۆ و دنیای دەوروبەر لەخۆ دەگرێت. واتە بە هەستێک کە بایەخی خودی کەسەکەیە، بەتاکەکەسی یان بەشێوەی کۆمەلایەتی. چەمکێکی گەردوونی نامووس بەکەڵکە بۆ دەنگدانەوە: ئەمە یارمەتی دەدات پرد لە نێوان خەڵکدا بینا بکرێت.

بەلام چەمکێکی گەردوونیی نامووس یارمەتیمان نادات تێ بگەین لە حاڵەتە تایبەتییەکاندا چی دەکەوێتە مەترسییەوە. واتە لەو کۆمەڵگەیانە یان لای ئەو تاقمانەی کە تێیاندا نامووس پێش هەموو شتێک، ئەو بابەتەیە کە ئەتۆ لەلایەن ئەوانی ترەوە چۆن دەبینرێیت و تێیدا ژنان رێگەیان پێ نادرێت لەسەر نامووس مافی خۆیان هەبێت. لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا نامووس بەپێی پلە نایەت: ناکرێت بەش بەش بکرێت (تۆ ناتوانیت نامووسی زیاتر یان کەمتر هەبێت). نامووس بابەتێکی ڕەهایە و ناکرێت سازشی لەسەر بکرێت.

قسە لەسەر ئەوەیە کە، بەشوێن ستیوارتدا، ئاوەزێکی باشترمان هەبێت لە "ئەو" چەشنە کۆمەڵگەیەی کە لە پێناسەی خۆماندا پێی گەیشتووین. ڕێسای نامووس و تاقمی نامووس ناوەندین، هەروەکو ئەو ڕاستییەی کە نامووس دەکرێت بدۆڕێت ("قابیلی دۆڕانبوونە"کەی). هەروەکو پێشتریش سەرنجمان داوەتێ، دۆڕاندنی نامووس دەبێت گونجاو بێت _ نەک هەر کەمکردنەوەی _ ئەگەر لەسەر ئەوە بین کە بتوانین، بەگوێرەی پێناسەی خۆمان، قسە لەسەر کۆمەڵگەیەک بکەین کە لەسەر نامووس بنیات نراوە.

ڕەوایەتیدان بە لێدوان هەر لەسەر ئەم پێوەرانە بۆ نامووس ئەوەیە کە پرسیارگەلێکی زۆر دەوروژێنن، ئەمەش جاری وایە لە چوارچێوەی حاڵەتگەلێک کە بەدیتنی زۆرینەی خەڵک لە ڕۆئاوا سەرلێشێواوییە. ئەم چەشنە نامووسەیە هۆکاری ئەوەی کە خەڵک لە من وەکو ئانترۆپۆلۆجیستێک دەپرسن، "هەر بەڕاستی نامووس چییە؟" ئەمە چەشنێکە لە "نامووس" کە کردەوەگەلێک هەڵدەخڕێنێت، ئێمە ناتوانین بە وەسفی کۆنەوە وەپاڵ چەمکێکی غەیری قابیلی تێگەیشتنی بدەین.

ئەمە وەکو نامووس لە چەشنی "خۆمان" نییە؛ ئەمە ئەو شتە نییە کە لە مێشکی منداڵیە ئەو دەمەی هەوڵ دەدەم ڕوویەکی جوان وێنا بکەم کاتێک کە وانە دەڵێمەوە یان لەگەڵ کەسانێک دەپەیڤم کە بەرزیان دەنرخێنم. بەهیچ جۆرێک: ئەم دەربڕینە تایبەتییانەی نامووس جیاوازن کە هەم ڕوونکردنەوەیەک دەخوازن، هەم شیاوی ڕوونکردنەوەشن.

بەکەڵکبوونی چەمکی نامووسی ستیوارت بۆ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی هێندێک لە کۆمەڵگە ناڕۆئاواییەکان سەلمێندراوە. بە هاتنی کۆچبەرانی نوێ بۆ وڵاتانی سکەندیناڤیا و وڵاتانی تری ئەورووپای ڕۆئاوا، کە ئاکامەکەی بووەتە پێکهاتنی کۆمەڵگە فرە کولتوورییەکان، ئەم چەمکە نەک هەر بەکەڵکە بگرە پێویستە، ئەگەر بمانەوێت لە جەرگەی دەوڵەتە خۆشبژێیتییەکانماندا کە لەمێژە دامەزراون، لە ڕەوتی گەشەکردنەکان تێ بگەین.

ئەمەیە ئەو چەشنەی کە ناسر خادیر نووسەری بەڕەچەڵەک سوورییایی-فەلەستینی و ئەندام پەرلەمانی دانیمارک باسی دەکات:

بۆ زۆرێک لە موسڵمانە نەریتییەکان، نامووس و شەرم بەلایەنی کەمەوە بەهەمان ئەندازە بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانە، کە ئیسلام. زیاتر لە ئاین، ئەوە "ڕێسا نەنووسراوەکانی نامووس و شەرمە" کە جیاوازییە کولتوورییەکان لە نێوان ژنان و پیاواندا هەتاهەتایی دەکەن، جیاکردنەوەی جێندەری، چارشێو لە سەرنانی ژنان، گرینگی پێدانێک کە بە کچێنی دەدرێت و هی تریش. سەنگەربەندیکردنی نامووس و شەرم کێشەی زیاتر بۆ هاوگونجی لە دانیمارک دەخوڵقێنێت هەتا ئیسلام، کە لە زۆر ڕێگەوە ئاینێکی پراگماتیکییە.[٢٨]

"بڕیارە نەنووسراوەکانی" خادیر دوو چەمکی نامووس دەگرێتە خۆی: یەکێکی گشتگیرتر و یەکێک کە تەنیا گرێدراوی پاکداوێنیی ژنانە. ئەو پێوەرانەی کە بەشێک لە چەمکی گشتگیریی نامووس دەنەخشێنن، وەفادارییی ڕەها بەبنەماڵە، عەشیرەت و تاقمەکانی تری وەکو دارودەستەکان، دەگرێتەوە. "ئینگێرلیسە لیێن" نیشانی داوە کە چلۆن ڕێسای نامووس لە داروودەستەکانی گەنجاندا بەرەو ئەوە دەچێت ڕێگەی توندوتیژی بگرێتە بەر کە توندوتیژیی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.[٢٩] داروودەستەی ئەو کەسانەیش کە پێشینەی کۆچبەرییان نییە لە ڕێسای نامووس

کـەڵک وەردەگـرن؛ کـە دەکـرێت لە چوارچێـوەی ئەو چەمکەدا لێی بگەین کـە من لەسـەر ڕێچکەی هێڵەکانی سـتیوارت شـیم کردووەتەوە.[٣٠] هەر بۆیە ئەم چەشنە نامـووسە وەفاداریی تەواو دەخـوازێت بۆ تاقمـەکە، نەک بۆ کۆمـەڵگەکە بەگشـتی و یاسـاگـەلی خـۆیان دژ بـە حکوومـەت دادەنێن و ڕێک هـەروەکو خـادیر ئـامـاژەی پێ دەکات، دەتوانن ببنە لەمپەر لە بەردەم هاوگونجیدا.

"ئێمـە پێویسـتمـان بەچەمکێکی نوێی نامووس هەیە." ئەمە کابرایەک گوتی کە لەسـەر کـوشـتنی هـاوسـەرەکـەی بەنێـوی نامـووسـەوە، لە زینداندا بوو. لە بەشی شـەشـەمدا ئێمـە بە تێڕامـانەوە دەچینە ناو کۆمـەڵگە مـوسـڵمـانە نەریتییەکان کە تیایاندا ڕێسـای نامووس دەست لەناو دەست لەگەڵ فـەلسـەفەیەکی مـرۆڤانەی ژیان کار دەکـات. بۆ خـۆمـان شـایانی وەبیـرهێنانـەوەیە کە چەمکێکی نامـووس کـە پێ دادەگرێت لەسەر کەرامەتی ئەخلاقی و بـەرپرسیارەتی تاک بۆ کردەوەکانی خۆی – واتـە ئەوەی کـــە لایـەنی "نـاوەکی"یـە – لە ئـەوروپادا گـــەشـــەکـــردنێکی نوێیـــە. ئـامـاژەگـەلێک هـەن کـە ئەم ئاکارە بۆ نـامـووس، لەسـەردەمـی جیـاوازدا لە کـۆتایی سـەدەی دوازدەم بەمـلاوە لێرە و لـەوێ لە ئەوروپای ڕۆئـاوا جـێگیـر بـوو. هـەرچۆنێک بێت، وێ دەچێت کە ئەم بیر و بـۆچوونانە تەنیا لە سـەدەی هـەژدەمـدا بەشێـوەیەکی بەربڵاو پەرەی ئەستاند. ئەو سەردەمـە ناوەڕۆکی "نامووس" گۆڕدرابوو بەو واتایەی کە بەپلەی یەکەم هەستێکی تاکەکەسی بێت بۆ تەواوەتی و ڕاستکرداری، هـەروەها هـۆشـــیـــاربـوونەوە لـەوەی کـــە چـەندە گـــرینگە لـەســـەر بـایەخـــە بەقـــووڵی هەستپێکراوەکانی مـرۆڤ چەنە لێ نـەدرێت. "دەروونیکردنی" نامـووس هـەر زوو لە هەمـوو زمـانە گـەورەکـانی ئەوروپادا پێـشـتـریەتیـان پەیدا کـرد: ئینگلیـزی، ئەڵمـانیـایی، فرەنسـایی، ئیتاڵیایی و ئیسپـانیـایی (نەک ئەوەی کە چەمکەکانی نامووس هەموویان وەک یەک بوون _ ڕێساکان گۆڕدران).

هـەر لـەســەر هـێـڵـی ئەم گـۆڕانەی نامـــووس بەرەو بـابەتێک لەمـــەڕ تەواوەتیی تاکەکەس، بۆچوونی گشتیش گۆڕدرا؛ لەوەوە کە نیشـانێک بوو لەسـەر زەوینەیەکی بابەتییـانە پێشـکێش دەکرا هەتا ئـەوەی کە لەگەڵ ڕاسـتیی نـاوەخۆیی گرێ درا: " لەگەڵ خـۆت ڕاست بکە."[٣١] ستیوارت لەسـەر گونجـاوبوونی پێوەندییـەک دواوە لە نێـوان ڕووخـانی هێندێک لـە نەریتـە کـۆنەکانی گـرێدراو بەنامـووسـەوە (بۆ نموونە ڕێسـاکانی دوئێلکردن) لە ئەوروپای ڕۆئاوا و ئەو جـەختکردنەی کە بەچەشنێکی

روو لە زیادبوون لەسەر هەستی تاکەکەسی نامووس دەکرێت. ئەگەر نامووس نەتوانێت لەدەست بچێت لەبەرئەوەی هەڵسەنگاندنەکانی تۆ بۆ خۆت دەست لێنەدراو ماوەتەوە – واتە، سزادان بۆ شکاندنی یاساکان چیی تر بەمانای لەدەستچوونی نامووس نییە – کەوابوو خاڵێکی بچووک هەیە کە پەنا ببەیتە بەر ڕەسم و یاسایەک کە ڕێگە دەدەن تۆ ناموسەکەت وەدەست بهێنیتەوە. سیستەمی یاسامەند بووەتە شتێکی بێ سەروبن. "ڕێساکە" هەروەکو بینیمان، مەترسییەکی راستەقینەی دۆڕاندنی نامووس دەخاتە بەردەست، بەڵام ئەگەر من لەوە بگەڕێم کە ئاخۆ دوایین دادوەری شەرافەتمەندانە بووە یان نا – ئەگەر بە پلەی یەکەم ئەوە بۆچوونەکانی منە کە گرینگن – پێویستبوونی بەهێزکردنێکی دەرەکی ڕەنگێکی نامێنێت. بەپێچەوانە، لەو کۆمەڵگەیانە کە ڕێسای نامووسیان تێدایە، بنەماڵەکە پلە و پایە دادەخەن بۆ داواکردنەوەی ئەوەی کە بەهی خۆیانی دەزانن: نامووسەکەیان. ئەوان پێداگری دەکەن چونکە لەناو سیستەمێکی لەسەر بناغەی نامووسدا هەڵدەسووڕێن.

ئەمەیە هۆکاری ئەوەی فادیمە دەبوو بکوژرێت. باوکی لە دادگەدا گوتی، "کێشەکە ئێستا تەواو بووە." ئەگەر دۆخەکە لە وڵاتی خۆیان لە کوردستانی تورکیا بووایە، دەربڕینەکەی قورسایی یاسای بەخۆیەوە دەگرت. لەوێ، هەر وەکو باسم کردووە، دادگە ناوچەییەکان زۆرجار سزای بەلایەنی کەمەوە دادەنێن بۆ تاوانەکانی لەسەر نامووس. کوشتنی نامووسی هێشتایش بەولایەدا دەشکێتەوە کە وەکو پارێزگاری لەخۆ چاوی لێ بکرێت.

سەرەڕای ئەوەش، تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەشدا کە کوشتنی نامووسی بەشێکە لە داوونەریت هیچ کۆدەنگییەک نییە. نامووس بابەتێکی جێگەی مشتومڕ و خەڵک ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە چۆن کاری لەگەڵدا بکرێت. جاری وایە ئەوان لەسەر بنەماکانی یەکگرتوون بەڵام سەبارەت بە بەکارهێنانی یەک ناگرنەوە. وەختی واهەیە لەسەر سەرەتا بنچینەییەکانیش کێشە پەیدا دەبێت. کێشمەکێشی لەو چەشنە هەردەم شەفاف نییە و ئاشکرا ناکرێن. دەسەڵات و سەرکوتکردن لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خۆیان دەردەخەن. دایکانی فادیمە، سارا و پێلا خوازیاری ئەوە بوون کە کچەکانیان زیندوو بن، نەک مردوو و هەرچی لە دەستیان هات کردیان بۆ ئەوەی بکوژەکان دوور بخەنەوە.

بەهەموو ئەوانەشەوە، پێتان وانەبێت کە تەنیا ژنان پشتگیری لە ژنان دەکەن یان ئەوەی کە هەموو ژنان پشتی یەکتر دەگرن. ژنێکی تورک _ دانیمارکی ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن باوکی پشتیوانیی لەو خواستەی ئەو کرد کە بە زۆر نەیدەن بە شوو، بەڵام دایکی لەوەدا سەرکەوت: دایکەکە بوو بە هاوەڵی مامە گەورەکەی کە زۆر بەدەسەڵاتتر بوو و ناچاری کرد بە هاوسەریەیتی. تاکەکان جیاوازن، هەروەکو چۆن ئەو هەلومەرجەی تێیدا هەڵدەسوورن جیاوازە. ئەوەی ئێمە دەیزانین برێتییە لەوەی کە خەڵک لەسەر بایەخگەلی ورد ناکۆکن و لەزۆر حاڵەتدا کاتێک "ناموس" ڕەوایەتی دەدات بە کارێکی ڕیزپەڕانە، ئەوان لە باتیی ئەوە بە شێوەیەکی مرۆڤانە وەڵامیان داوەتەوە. هەروەکو پێشتر باس کرا، هەم ستیوارت و هەم جینات باس لە نموونەگەلێکی تایبەت لە ژنانێک دەکەن کە لە کۆمەڵگە نەریتییە موسڵمانەکاندا دەژین و لە دەرەوەی هاوسەریەتی منداڵیان بووە و تەنانەت لە هەر چەشنە سزادانێکیش دەرباز بوون.

بەڕەچاوکردنی "ناموس"، سکپڕبوون لە دەرەوەی هاوسەریەتی حاڵەتێکی ڕوونی ئەوپەڕی شەرمە. بەڵام کێ ئامادەیە گۆشت و خوێنی خۆی بکوژێت؟ بەگوێرەی وتەی باوکی فادیمە، تۆ دەبێت نەخۆش بیت. کۆمەڵگە چاو لە ژنە ڕیسوابووەکان وەردەگێڕێت و لەگەڵ دۆخەکەیان هاوخەمی دەکات، ئەو شتەی کە منیش لە کاتی کاری مەیدانی لە عوممان بەدیم کردبوو.(٣٢)

ناموس، هەروەکو بینیمان لەناو تاقم و دەستەی جیاوازدا دەتوانێت مانای جیاوازی هەبێت. ئەو چەمکانەی پێناسە دەکەن کە ناموس برێتییە لە چی و کێ مافی ناموسی هەیە، بەپێی شوێن و کات لە گۆڕاندا بووە. ڕێساکانیش هەروەتر زۆر قابیلی گۆڕان بوون، هەروەها ناتەبا بوون و جاری وایش بووە کە بەپێی ئایدیۆلۆجی بەڕێوە چوون. ئەوانەی کە لە دەسەڵاتدا بوون، بە کڵێساکانیشەوە، بەتوندی چوونەتە نێو مشتومڕەکانی ئەوروپا بەهەوڵدان بۆ ئەوەی "ناموس" بخەنە ژێردەستی خۆیان. لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا کڵێساکان لە شەڕەکاندا سەنگەرەکانیان بەبابەتی ناموس دەخستە گەڕ. پیاوانی ئاینی هەبوون پێداگرییان دەکرد ئەگەر بتەوێت کەسێکی شەرافەتمەند بیت، دەبوو ببیت بە پرۆتێستان، چونکە تەنیا پرۆتێستانەکان بوون کە بەپێی ڕێساگەلی شەرافەتمەندانە دەروونبینییان بۆ ژیان هەبوو.

لەم سـەدەی ئێـمـەدا لەسـەر چەمکی نامـووس لە هـێندێک کـۆڕی بنەمـاخـوازدا خەریکە پێداچوونەوەیەک دەکرێت. "نامووس" دەتوانێت بلکێندرێت بە ناسیۆنالیسم و سەرهـەڵدانەوەی ئێتنیکییەوە. لەنێو تاقمە کۆمـەڵایەتییەکاندا، هەر لە بنەماڵەوە هەتا میللەت، ژنان سیمبۆلی هـاوخەباتی و بەردەوامبوونن.(٣٣) زۆر بەدەنگی بەرز دەگوترێت ژنان پاسەوانانی ناسنامەی کولتوورین. بەدوای ئەمەشدا، ناسنامەی کولتووری یان میللی پیاوەکان دەبێت خۆی لە کۆنترۆڵکردنی ژناندا دەرببڕێت. وەک ئەوەی کـە نەزەند بەگیـخانی کـوردێکی عێـراقی- بەریتـانیـایی کـە توێژەر و داکۆکیکاری مافی مرۆڤە گوتوویەتی: "ئەوە جێگەی سەرنجە کە ببینین چلۆن لە وەها چوارچێوەیەکدا، نامووس هیچی بەسەر ئاکار و شەرافەتمەندییەوە نییە، بەڵام زۆر بە توندی لکێندراوە بە رەفتاری شایستەی ژنانەوە."(٣٤) رووناک فەرەج، کە سـەرنـووسـیاری رۆژنامـەیەکە لە کوردسـتـانی عێراق، وای بۆ دەچێت چونکە کوردەکان گەلێکی ستەملێکراو و بێدەوڵەتن، ئاکامەکانی ئەوە بووە کە لە وڵات و لە تاراوگـە خـۆیـان بە نەریتی کـۆنەوە دەنووسـێن کـە برێتـییـە لە بیـرکـردنەوەیەکی عەشیرەتی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان. رووناک فەرەج کاتێک کە لە سوێد بوو لە چاوپێکەوتنێکدا گوتی: "ئەوانەی کە دێن بۆ ئێرە نەریتەکانیان لەگەڵ خۆیان دێنن، ئەمە زۆر بۆیان گرینگە کە نابێت کولتوورەکەیان ون بکرێت."(٣٥)

مەسعوود کەمالیی کۆمەڵناس کە سوێدییەکی بەڕەچەڵەک کوردە (کورد نییە، فارسە. و) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: "نەریتگەلێکی زۆر لە تاراوگەدا بەهێز دەکرێنەوە. ئەوەی کـە فـادیمە کـردی وەکـو هەڕەشـەیەک بەرامـبـەر بەتـەواوەتیی گرووپە ئێتنیکییەکە بەدی دەکرا."(٣٦)

بەڵگەی زۆر بەدەسـتـەوەیە دەیسـەلمێنێت کـە کـۆچبـەران لە وڵاتانی ئەورووپایی زۆرجـار بەئاراسـتـەیەکی کۆنەپارێزانە بە چـەمکی نامـووسی خـۆیاندا دەچنەوە: دەشـێت هـەست بکەن کـە لەلایەن دراوسـێگەلێکی دوژمنکار، بێ ئیـمـان و ناشارستانییەوە گەمارۆ دراون و کاردانەوەیان بەوە دەبێت کە بەهـایەکی گەورەتر دابنێن لەسەر نەریتی نامـووس. پاکیزەبوونی کچەکانیان لە تاراوگە زۆر گرینگترە هەتا، بۆ وێنە لە سووریای هاوچەرخدا. لە ئەستەمبۆڵی ئەمڕۆدا بەهۆی هاتنی زۆریی خەڵک لە لادێکانەوە، بەهێزبوون و پتەوبوونەوەیەکی هـاوشێوە لە چەمکی نامووسدا دەبیندرێت.(٣٧) لە نێو هـێندێک لە تاقمەکانی خەڵک لە وڵاتانی باکوردا،

بۆچوونی کۆنی نامووسی بووەتە هۆی هەڵسوکەوتی جیدی و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان.

فادیمە لە دژی ئەم بۆچوونانە شەڕ دەکا. کەسانێکی زۆر دەیانەوێت درێژەدەری خەباتەکەی ئەو بن. ئێمە پێویستمان بەوەیە کە لەو هێزانە تێ بگەین کە لەگەڵی دەستەویەخە دەبنەوە. ئەو چەمکە تایبەتی و سنووردارەی نامووس کە من لێرەدا لێکم داوەتەوە دەبێت بەو مەبەستە یارمەتیمان بدات، بەبێ ناوزڕاندنی هیچ تاقمێک. خەڵکانێک کە لە چوارچێوەی ڕێسای نامووسدا قەتیس ماون لەناو تەنگژەی وەرەزهێنەردا گیر دەخۆن و دەمێننەوە. ئەنجامدەرانی تاوانیش جاری وایە دەبنە قوربانی. فادیمە ئەمەی بۆ دەرکەوتبوو. ئەو گوتی، "بابەی بێچارە."

وەرن هیوا بخوازین کە ئەم پێناسەکردنە وردەی ئێمە لە چەمکی نامووس یارمەتیمان بدات تێگەیشتنی خۆمان پەرە پێ بدەین بەچەشنێک کە بەگشتی بەقازانجی کۆمەڵگەکە بێت.

## ٥- کوشتنی نامووسی لە بوارێکی کولتووری یەکتربڕدا

کوشتنی نامووسی دەکرێت لەناو ئاین و باوەڕاندا ببیندرێتەوە. ئەمە لەناو مەسیحییەکان، موسڵمانەکان، هیندووەکان، بوداییەکان و ئەوانی تر و هەروەها لەناو خەڵکانێکیش کە پەیڕەوی لە هیچ ئاینێکی تایبەت ناکەن یان هیچ باوەڕێکی ئاینییان نییە، ڕوو دەدات. "دیکی تسێرینگ"، دایکی دالای لاما لە ژیاننامەکەی خۆیدا دەنووسێت لە ئامدوو کە ناوچەی لەدایکبوونیەتی لە تەبەت، ئەگەر ژنێک خیانەتکار بووبێت لەلایەن بنەماڵەکەی خۆیەوە دەکوژرا. "سزاکەی ئاوەها بوو."(١)

بەواتایەکی تر، کوشتنی نامووسی زیاتر بابەتێکی نەریتییە هەتا ئەوەی کە ئاینی بێت. ئەو بەسەرهاتەی کە دایکی دالای لاما دەیگێڕێتەوە دەیان ساڵ پێش ئێستا بووە. ئێمە نازانین ئێستا لە ئامدوو چی ڕوو دەدات و ئەوەیش پێویست ناکات ئێستا ئێمە نیگەران بکات. قسە لەسەر ئەوەیە کە هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێت، هەروەکو زۆر کەس پێیان وایە، پێوەندێکی تایبەت هەیە لە نێوان ئیسلام و کوشتنی نامووسیدا. ئەوە ڕاستە کە موسڵمانان بە نێوی نامووسەوە دەکوژن و هێندێک لە موسڵمانان بانگەشە دەکەن کە فێرکارییەکانی ئیسلام ڕەوایی دەدات

بەم کـردەوانە. هـەرچەند مـوسـڵـمـانـەکـان بـەهیچ چەشـنێک لـەمـەدا تـەنیـا نین. مـەسیـحییـەکـان، هیندووەکـان، سیکەکـان، کونـفێسیـوسییـەکـان[٢] و ئـەوانی تریش نەریتگەلێکیان ڕاگرتووە کە کوشتنی نامووسی بە ڕەوا دەزانێت؛ هـێندێکیـشیـان هێشتا ئەو کارە دەکەن.

بەڵام لەبەرئەوەی کە ڕۆئاوا زیاتر لەگەڵ موسڵمانان تێوە گلاون هەتا تاقمەکانی تر، ئـێـمــە سـەبارەت بـە کـوشـتـنی نـامـووسی لـەناو ئـەواندا زۆرتـر دەزانین و بەڵگەنامەی مسۆگەری باشترمان لەلایە. من سەبارەت بەکوشتن لەسەر نامووسیی بنەمـاڵە لە لادێکانی وڵاتی تەبەت هیـچم نەدەزانی هەتا ژیاننامـەکـەی "دیکی تسـێرینگ"م خوێندەوە. ئـەو وشـەکـانی کـوشـتن و نـامـووس بەکـار نـاهـێنێت، بەڵام ڕێسا ناوچەییەکان کە بۆ ڕەفتاری ژنانی گەنج دەخرێنە کار ئەو کاتەی کە ئەوان گەورە دەبن، بەشێوەیەکی قابیلی گۆڕینەوە هەر لەوانە دەچن کە ئێمە دەزانین زۆر بەتوندی لە کۆمەڵگە کۆنخوازە ئیسلامییەکاندا کاریان پێ دەکرێت.[٣]

کـەوابوو کـوشـتـنی نامـووسی لەناو هێنـدێک تاقـمـدا، کـە لە هێندێک ناوچە و شــوێندا دەژین ڕوو دەدات و تـەنانـەت لەنـاو ئەم کـــۆمـــەڵگەیانـەشـــدا دەکـــرێت ناتەباییـەکی زۆر هـەبێت لەسـەر ڕەوایەتیدان بە ئەنجامدانی کوشتنێکی نامووسی لە هەلومـەرجـێکی دیاریکراودا. هەر وەکـو نیکۆل پـۆپ سـەرنج دەدات، "سـەرەڕای پاڵەپەستـۆی داوونەریت و لە سـەرووی هـەمـوو شـتێکەوە پاڵەپەستۆی کۆمـەڵگەکە، هێندێک لە بنـەمـاڵەکـان وا دەکـەن کـە بەتوندی بوەسـتن و بەربـەرەکـانـێ بکەن لە بەرامبـەر ئەو داوایەی کە دەخوازێت "ئەو کارە راسـتـە" بکەن و نامـووسی خـۆیان بشـۆرنەوە. کـەسـانێکی تر بەبـێ هەڵوەسـتـەکردن دەکـوژن، بەو باوەڕەی کـە ئـەمـە ئاسـانـترین ڕێگەیە بۆ دەرباز بوون لەو ئابڕووچوونە کـە کاردانەوەیەکی رووخـێنەری هـەبووە لەسـەر ژیانی ئەوان."[٤]

پێشـهاتەی کوشتنی نامووسی وا دادەنرێت کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا زیاتر بێت هـەتا لە شـارەکـان و زیاتریش لـەناو خـەڵکانێک بەخـوێندەواری کـەمـەوە ڕوو بدات هەتا لەناو ئـەوانەی کـە پلەی خـوێندنیـان لە سـەرەوەیە. بەڵام، لێکۆڵینەوەکان لەوە کەمترن کە بتوانین هیچ بەرەنجامێکی مسۆگەری لێ دەربکێشین. شارنشینی ڕوو لە زیاد لە ئاسـتی جیـهانیدا، دەشێت وای کـردبێت ئەمرۆکە جێگەی کوشـتنی

نامووسی هەر ئەوەندە لە گۆڕەپانی شارنشینی، وەکو شار و شارۆکە برەوی هەیە کە لە گوند و لادێکان. ئەمە بەدڵنیاییەوە لەسەر ئاستی ئەوروپایش راستە: زۆرینەی کوشتنی نامووسییەکان لە شارەکان و ناوچەگەلی باژێڕە گەورەکان روو دەدەن. زۆرێک لە بکەرانی تاوان ئەوانەن کە ماوەیەکی زۆر شارنشین بوون؛ ئەمانە وەنەبێت دوێنێ لە گوندەوە گەیشتبێتنە ئێرە. هەرچەند هێندێکیان پێوەندیی چڕیان لەگەڵ ناوچە عەشیرەتییەکەی خۆیان لە وڵات هەیە، خودی عەشیرەتەکان لە ئەمڕۆدا بەشێوەیەکی سەرەکی لە شوێنە شارییەکان نیشتەجێ بوون. کەوابوو دانانی ئەوەی کە کوشتنی نامووسی دیاردەیەکە هی لادێکانە چیی تر بناغەیەکی پتەوی نییە.

ئێمە تەنانەت بە ئەندازەی پێویستیش سەبارەت بە رۆڵی فێرکاری نازانین. وا دادەنرێت کە کوشتنی نامووسی کەمتر دەشێت لەناو کەسانی بەفێرکاری باشترەوە روو بدات هەتا لەناو خەڵکی بەخوێندەواری کەمەوە. لێکۆڵینەوەیەک لە لبنان نیشانی داوە کە یەک لەسەر سێی بکەرانی تاوان نەخوێندەوارن یان لەو شوێنانە کار دەکەن کە ئەرکی زۆری جەستەیی دەخوازێت.(٥) بەڵام ئێمە هەروەها دەشزانین کە بنەماڵە ناودارەکان بەخوێندەواری زۆریشەوە پەنایان بردووەتە بەر کوشتنی نامووسی. پێویست بەلێکۆڵینەوەی زیاترە ئەگەر بمانەوێت بەرەنجامی پتەو وەربگرین لەسەر پێوەندیی نێوان فێرکاری و کوشتنی نامووسی.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە تورکیا ئەو کلێشە و شێوازانە دەردەخات کە دەشێت لە شوێنی تریش پەرەسەندوو بێت: "ئەوانەی لە ئەستەمبوڵ چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، بەتایبەتی خەڵکی لەدایکبووی ئەستەمبوڵ، سەبارەت بەکوشتنی نامووسی وەکو کێشەی لادێکان باسیان دەکرد. هەڵوێستی ئەوان زیاتر لە هی چاودێرێکی دوورەدەست دەچوو کە کێشەکەی وەها شی دەکردەوە وەک ئەوەی کە پێوەندیی بە "ئەوانی ترەوە" هەیە." سەرسووڕهێنەرانە، هەڵسەنگاندنی لەو شێوەیە لەلایەن خوێندکارانێکی گەنجی زانکۆوە دەکرا کە پێشینەیەکی شارنشینییان هەبوو و لەو ناوچانە ژیابوون کە رێژەیەکی بەرزی کوشتنی نامووسیی تێدا بوو: "ئەوان دەیانگوت کوشتنی نامووسی لە پارێزگاکەی ئەوان لەناو شارنشینەکاندا روو نادات، ئەمە کێشەی ناوچە گوندییەکانە و بەتێپەڕبوونی کات لە ئاڵوگۆڕدایە."(٦)

ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرێک لە ئێمە پێمان خۆشە وابێت، کە ئەمە کێشەی "ئەوانی تر"ە. ئەمە ئەو شتەیە کە فادیمە لە دژی هۆشداریی دابوو: چاووەرگێڕان لەو کەسانەی پێتان وایە کەمتر پێشکەوتوون و زۆرتر لە ئێوە گرێدراوی داوونەریتن.

لە ڕاستیدا سەختە بگوترێت تا چ رادەیەک پێگەی کۆمەڵایەتی یان چینایەتی گرینگە. پێگەی بەرز دەکرێت واتاکەی ئەوە بێت کە شتی زۆرتر لە مەترسیدایە، ئەمەش وا دەکات کە بەتایبەت گرینگە "خۆت لە شەرم بشۆریتەوە." بەڵام پێگەی بەرز هەروەها دەتوانێت ماناکەی ئازادی زیاتر بێت، چونکە ئەو بنەماڵانەی کە لە دۆخێکی باشدان مەودای زیاتریان هەیە بۆ بێنەوبەرە. ژنێکی پاکستانی کە لە نەرویج پەنابەریی وەرگرتبوو لەبەرئەوەی لە بەرامبەر ناڕازیبوونی بنەماڵەکەیدا وەستا و بووە هاوسەری ئەو پیاوەی خۆشی دەویست، سەرنجدەدات: "هەتا پێگەت لە کۆمەڵگەدا بەرزتر بێت – پارەی زۆرترت هەبێت یان زیاتر ناسراو بیت – نامووسێکی زیاترت هەیە بیدۆڕێنیت و قورس و قایمتر ژنەکە لە قەفەسی بنەماڵەدا ڕادەگریت. من بەڵگەی راستم لە بەردەستدا نییە، بەڵام پێم وایە کە بەلایەنی کەمەوە لە پاکستان، کە وڵاتێکە من بۆ خۆم دەیناسم، کوشتنی نامووسی لەناو نوخبەکاندا زۆر باوترە هەتا لەناو خەڵکی بەشی خوارەوەی کۆمەڵگەدا."(٧)

هەرچەند نامووس چلۆنایەتییەکی رەهایە – بابەتێکی یان ئەم یان ئەو، کە پێشتر باسم کردووە – ژیانی راستەقینە بەدەگمەن ڕێگە بەخەڵک دەدات ئەوەندە مسۆگەر بن. تۆ دەبێت داوەری بەکار بهێنیت و ئامادەی سازشکردن بیت. پێگە، جێ متمانەبوون، ناوبانگ، چین و توێژ دەشێت کار بکاتە سەر ئەو هەڵبژاردنەی کە تاکەکەس یان بنەماڵەیەک دەیکات یان بەزۆر پێی دەکەن. لە ئێستادا، ئێمە دەزانین کە کوشتنی نامووسی بەتایبەت لە هێندێک کۆمەڵگەدا کە لە ناوەڕاست و باشووری ئاسیا، ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، باکوری ئەفریقا و ئەورووپا دەژین، بەربڵاوە. ئێمە کوشتنی نامووسی بەکوشتنێک پێناسە دەکەین کە بەمەبەستی دووبارە گەڕاندنەوەی نامووس دێتە ئەنجامدان نەک هەر تەنیا بۆ یەک کەس بگرە بۆ کۆمەڵگەیەک. پێش گریمانەی ئەمە، رەزامەندیی تەماشاوانگەلێکی پشتیوانە کە ئامادەن بۆ خەڵاتکردنی کوشتنەکە بە نامووس.

زۆرجار بکوژەکە برایەک، باوکێک، ئامۆزایەک، مامەیەک یان مێردێکە. بەواتایەکی تر، بکەری تاوان مەیلەو ئەوەیە کە خزمێکی قوربانییەکە بێت، هەروەکو لە حاڵەتەکانی سارا، پێلا و فادیمەدا بینیومانە. ئەو پیاوە هی ئەو بنەماڵەیە کە ژنەکە تێیدا لەدایک بووە نەک ئەوەی لەگەڵی چووەتە ناو هاوسەریەتییەوە. تەنانەت پاش هاوسەرکاریش، نامووسی ژنێک وێ دەچێت گرێدراوی بنەماڵەی لەدایکبوونەکەی بێت، چونکوو هەر ئەوانیش پەروەردەیان کردووە، ئەمە دەبێتە ئەرکی ئەوان کە "شۆردنەوەی شەرم" ئەنجام بدەن. بەڵام لە هێندێک کۆمەڵگەدا، بۆ نموونە لبنان، کردارەکان خەریکن دەگۆڕدرێن و بکوژ زۆر زیاتر مێردەکەیە.(۸) لەبەر باوبوونی هاوسەریەتیی نێوەخۆ لە نێوان دوو ئامۆزادا، مێردەکان زۆرجار خزمی خوێنین.

ئەوەی کە بۆچی زۆرجار برایەک پێشتریەتیی هەیە بەسەر باوکێکدا، ژنێکی کورد پێی گوتم لەبەرئەوەیە کە دەبێت باوکەکە لەم ئەزموونە بپارێزرێت. دەگوترێت کە بۆ ئەوان زۆر سەخت دەبێت. خوێنی پیاوی گەنج گەرمترە؛ ئەو زۆر ئاسانتر دەتوانێت خۆی ئامادە بکات بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە. بەهەڵکشانی تەمەن، پیاوان نەرمتر دەبن.(۹)

لەوانەیە هێندێک دژایەتیی ئەوە بکەن کە بێ مانایە کوشتنی نامووسی لە تاقمێکی جیاوازدا جێگا بکرێتەوە. کوشتن لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا کەمتر خۆفناک نابێت. بەڵام دەبێ بگوترێت کە ئەو سیستەمانەی دەیسەپێنن کە بنەماڵەیەک دەبێت منداڵەکەی خۆی بکوژێت – لەسەر نامووس – حاڵەتگەلێکی تایبەتین. وەها سیستەمێک هیچ چەشنە بەرگرییەک پێشکێش بە منداڵەکە ناکات. هەروەها زۆر نامرۆڤانەیە لەوەدا کە داخوازییەکان دەخرێنە سەرشانی دایک و باوک.

لەو بەسەرهاتەدا لە خوارەوە دەیگێڕمەوە، باوکێک بەبێ جووڵەکردن لە شوێنی کوژرانی کوڕەکەی دانیشتووە. ئەمە کوشتنێکی نامووسی بوو. شوێنەکە ویلایەتی هاریانای هیندستانە و ساڵەکە ١٩٩٩یە.

"شیاوی ئەوە نییە لەسەر ئەمە توورە بیت. ئەم جووتە لەلایەن شەیتانێکی کۆمەڵایەتییەوە گوناهیان کرد. بەڵام ئێستا تەواو بووە. گوندەکە دەستی بەسەردا

ڕاگرتووە." ئەمە ئەفسەری پۆلیسەکەیە کە بۆ بەڕی بیراک، ڕۆژنامەوان دەدوێت کە گەیشتە گوندی شیملا لە باکوری هیندستان بۆ ئەوەی لەسەر هەواڵی کوشتنی دێش ڕاج و نیرمالا بنووسێت. بنەماڵەی نیرمالا ڕۆژی ٢٩ی مانگی سێی ١٩٩٩ هەردووکیانیان کوشت.[١٠] دێش ڕاج و نیرمالا بەنهێنی پیش ١٩٩٩ بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆشەویستی یەکتر بوون کاتێک کە بڕیاریان دا پێکەوە ڕەدوو بکەون. ئەمە بڕیارێکی مەرگهێنەر بوو. دیش ڕاج بەچەشنێکی خراپ بەراوردی نابەجێی کرد ئەو کاتەی کە چوو پەنای بردە بەر زاواکەی کە لە گوندێکی دراوسێدا دەژیا. زاواکەیان لەپشتە سەری کوڕەکەوە چوو خەبەری دا لەو جووتە گەنجە. دوو ڕۆژ دواتر دۆزرانەوە و کوژران.

باوکی کچەکە و چواردە ئەندامی تری بنەماڵەکە بە تاوانی کوشتنەکە دەستگیران. دایکی نیرمالا چەند ڕۆژ دواتر بە ڕۆژنامەنووسانی گوت: "کچەکەی من ڕای کرد و سووکایەتی کرا بە هەموو بنەماڵەکەمان. ئێمە بۆ پارێزگاری لە ناموسمان ئەومان کوشت."

دێش ڕاج بیست و سێ ساڵان بوو، نیرمالا حەڤدە ساڵ.

پیاوێک وتی، "ئەوەی کە ڕووی دا، پشتیوانیی گوندی لەگەڵ بوو." سەرەڕای ئەوەش، باوکی دێش ڕاج هەر لە ڕۆژهەڵاتەوە هەتا شـــەو دادەهات، لە دەرەوەی ماڵەکەی بەبێ جووڵە دادەنیشت و شینگێڕیی بۆ کوڕەکەی دەکرد. ڕێشما دایکی کوڕەکە خەتاکەی دەخستە ئەستۆی کچەکە: "بۆچی کچەکە لەگەڵی چوو؟ ئەوە هەردەم کچەکەیە ئەم شتانە هەڵدەخڕێنێت. ئەو دەیزانی ئەم هاوسەریەتییە قەت سەرناگرێت."

برا گەورەی کوڕەکە دەیگوت، "ئەم چەشنە هاوسەریەتییە تاوانێکە بەرامبەر بەسروشت. پیاوێک و ژنێک لە هەمان "گوترا" (عەشیرەتێکی هیندوو. و) وەکو خوشک و برا وان."

مەتەڵەکە لێرەدا بوو: هاوسەریەتی لە نێوان دێش ڕاج و نیرمالا دەشیا وەکو زینای مــحــصنە دابنرێت. "گوترا" وەکو عەشیرەیەک وایە، کە تێیدا هەموو ئەندامەکانی لە هەمان ئەژدادی عەشیرەتەکەوە هاتوونەتە خوار. ئەمە هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە گوندێکی تایبەتیدا دەژین، کە لەم حاڵەتەدا نزیکەی حەوت

سـەد كـەس بـوون. بەبێ ڕەچاوكـردنی ئەوەی كـە مـەودای خـزمـایەتیی نێـوان تاكەكەسـەكان لە ڕاسـتیدا چەندە، وەكو برا و خوشك چاویان لێ دەكرێت. لەبەر ئەوە، گەنجـەكان دەبێت بۆ هاوسـەركاری لە دەرەوەی گوندەكە هاوسـەر بدۆزنەوە. هەر چەشنـە هەڵبـژاردنێكی تر، دەبێتـە "تـاوانێک لە دژی سـروشـت"، هـەروەكو ئەو كابراكە دەری بڕی.

ئەمە لە هـەمـوو هیندسـتـان یـان لەناو هەمـوو هیندووەكاندا نەریتی نییـە. ئەمـە سیستـەمێكی تایبـەتی یان كۆمـەڵە ڕێسایـە كە لە هاریانا و هێندێك لە ناوچەكانی تری هێندوستان بەڕێوە دەچێت.(١١)

هەمـوو كۆمـەڵگەكـان سـەبارەت بە ئەوین و هاوسـەركاری ڕێسـا دادەمـەزرێنن. لە هیندسـتـان، ئەمـانە لە نـاوچەیەكەوە بۆ ناوچەیەكی تر و لە گوندێكەوە بۆ ئەوی تر جیـاوازە. لە باشـوور، هاسـەركاریی نێوان خـەڵك لە هـەمـان گونددا ئاسـاییـیـە و تەنانەت ئامـۆزای یەكـەمیش بۆی هـەیە بچێتـە هاوسـەركارییـەوە. بەڵام دێش ڕاج و نیرمـالا لە باشـوور نەدەژیان. ماڵەكانیـان لە هاریانا بـوو، كـە لەوێدا هاوسـەرەكـان دەبوو لە گوندی جیاواز لەدایک بوونایە.

سـەرەڕای ئەوەش پێـتـان وانـەبێت كـە كـوشـتـنی نامـووسی لـەم حـاڵـەتەدا خۆلێلانەدەر بوو. ڕێگەگەلێك بۆ خۆپـاراستن لەوە هەبوو. خـەڵكی گوندەكە ئەوەی بۆیان دەكرا كردیان بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەكی دۆسـتـانە بدۆزنەوە. ئەو سـاتەی كە شوێنی شاردنەوەی ئەو جووتە ئاشكرا بوو، بەسـاڵاچووانی گوند بانگهێشتن كران بۆ كـۆبوونەوەیەكی بەپەلە. داوەری ئـەوان ئەوە بوو كـە دێش ڕاج دەبێت شـیـمـلا بەجێ بـهـێـڵـێت و بۆ مـاوەی پێنج سـاڵ لە تاراوگـە بژێێت. ڕێگە درا بـە نیـرمـالا بگەڕێتەوە، لەسەر ئەو گریمانەیەی كە وای دادەنێن دایک و باوكی دەیدەن بە شوو، كە مانای ئەوەیە ئەویش گوندەكە بەجێ دەهێڵێت.

جـووت هاوسـەرەكـە ئاگـادار كرانـەوە و كـچـەكـەیان گـەڕاندەوە مـاڵەوە. پیـاوە گەنجـەكە بـێ ئومێد بووبوو و سـەرەنجام زۆر سـەرخۆش بوو. لەم دۆخـەدا چوو بۆ گوندی شیـمـلا و لە دەرەوەی دەرگەی مـاڵی نیرمـالا ڕاوەسـتـا و هاواری كرد، "من هاوسـەرەكەمم دەوێت!" ئەمەیە ئەو جۆرەی بەسـەرهـاتەكە دەگێڕنەوە.

ئەنجـوومـەنی گوند دیسـانەوە بانگهێشتن كرا، بەڵام پێش ئەوەی كۆبوونەوەكە

دەست پێ بکات بنەماڵەی کچەکە کەوتبوونە خۆ و لەسەر ڕێگە تێلا و داسیان هەڵدەگرت. هێندێک دەڵێن کە ئەندامانی بنەماڵەی کوڕەکە پشتیوانییان لێ دەکردن، هەرچەند کەسانێک ئەوە بەدرۆ دەخەنەوە. دواتر کەسانێک بیریان لە کوشتنی کچەکە کردبووەوە: ئاخۆ ئەمە بەشێک بوو لە پلانەکە یان بیرکردنەوەیەکی دواتر بوو؟ بەساڵاچوویەکی گوند گوتی، "پێم وایە پاش ئەوەی کوڕەکەیان کوشت لەوانەیە بۆیان دەرکەوتبێت: ئەگەر ئێمە کچەکە نەکوژین، خەڵک وا دەزانن ئەمە ناڕەوایە."

دایکی کوڕە کوژراوەکە گوتی لەوانەیە هەردووکیان شیاوی ئەوە بووبن، بەڵام کوشتنەکە زۆر خێرا تێ پەڕی. ڕەفتاری خەڵکەکە ئەشکەنجەکوژی بوو بەشێوەیەکی بەکۆمەڵ. "تەنانەت کاتێکیش دەتەوێت سەگێک بکوژیت، کەسانێک دێن و دژایەتیی دەکەن. بەڵام کاتێک کە کوڕەکەی منیان کوشت، هیچ کەس دەربەست نەبوو."

دایکەکە هەروەها باس لەو پاڵەپەستۆیە دەکات کە لەسەر بنەماڵەکەیان بوو بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر بکوژەکان وەربگرنەوە. "پێمانیان دەگوت گرینگترین شت ئەوەیە کە هەموو کەس پێکەوە لە ئارامیدا بژین."

ئەفسەری پۆلیسەکە لە گفتوگۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسەکەدا لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە سەرنجێکی زۆر زیادی ڕاکێشراوەتە سەر بابەتێکی بچووک. ئەو گوتی، "دادوەریی ئاوەها وشیار بەدەگمەن هەیە، بەڵام ڕوو دەدات. دەبێت ڕێگە بەم شتانە بدرێت ڕەوتی خۆیان بگرنە پێش."

بەسەرهاتی دێش ڕاج و نیرمالا لەبەر چەند هۆیەک گرینگە. ئەمە مەترسی بەکڵێشەکردن دەردەخات: ئەمە هیندووەکان، یان خەڵکی هیندستان نین کە بەشێوەیەکی نموونەیی لەسەر نامووس دەکوژن. تەنانەت ئەوە بەگشتی بۆ خەڵکی ویلایەتەکانی باکور، یان هی هاریانایش ڕاست نییە، هەرچەند دەیسەلمێنین کە پێشینەی هاریانا زۆر دڵخواز نییە. بەسەرهاتەکە هەروەها نیشان دەدات کە خەڵکی ناوچەکە هەوڵیان دا ڕێگەی دەربازبوونێکی ئاشتیخوازانە پێکەوە بنێن. دێش ڕاج پاش پێنج ساڵ لە تاراوگە، ڕێگەی پێ دەدرا بگەڕێتەوە. بەڵام، ئەو جووتە گەنجە دەبوو پێوەندییەکانی خۆیان بپسێنن.

ئەوینی قەدەغەکراوی نێوان دێش راج و نیرمالا، سەرەڕای گومانی بنەماڵەکان، بۆ ماوەی سێ ساڵ پشکووتبوو. ئەوە بەزاندنی ڕێساکانی کۆمەڵگە بوو کە وەڵامێکی بەپەلەی دەخواست. ئەگەر دێش راج سەرخۆش نەبووایە و لە مەودای بیستنی هەموو کەس لە کۆڵاندا پێی دانەگرتایە لەسەر بینینی "هاوسەرەکەم"، پێشهاتەکە دەیتوانی بەئاراستەیەکی تردا بڕۆیشتایە.

"نامووس بابەتێکی گشتییە". باسێک کە لە هەموو بەڵگەنامەکاندا لەسەر کوشتنی نامووسی دیسانەوە دەگەڕێتەوە، ئەوەیە کە شتەکان چۆن بینراون: "سیما" یان "رواڵەت" زۆر گرینگە. هەر وەکو باوکی "سامیە سەروەر"، کە کارمەندێکی باڵایە لە پاکستان دەری بڕی. "ئێمە بەردەوام هەوڵمان دەدا شتەکان بشارینەوە." سامیە بە هاندانی بنەماڵەکەی تەقەی لێ کرا. سامیە لە نووسینگەی "هینا جیلانی" پارێزەرەکەی لە لاهوور لە کاتێکدا مرد کە خەریکبوو ڕاوێژ وەربگرێت سەبارەت بەوەی کە چۆن جیا ببێتەوە و کۆتا بێنێت بە هاوسەریەتییە پڕ توندوتیژییە درێژماوەکەی. دایکی سامیە خۆی کە پزیشکی ژنانە، چەکدارەکەی هێنابووە نووسینگەی پارێزەرەکە. بنەماڵەکە سامیەیان هێنابووەوە و پشتگیرییان لێ کردبوو- بەڵام ڕێگەیان پێ نەدەدا داوای جیابوونەوە بکات. باوکی ئازار دەکێشێت لەوەی کە خەڵک بزانن ئەو کەسێکی لیبراڵە.[١٢]

وە ئەو لە گۆشەنیگایەکەوە لیبراڵە. گەڕاندنەوەی کچێک بۆ ئەوەی بیپارێزیت لە هاوسەریەتییەکی چارەڕەش، "دەبێتە" شتێکی مرۆڤانە بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئەم چەشنە کردەوانە زۆر دوورن لە ئاساییبوون. زۆر کەس جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ژنی گەنج دەبێت فێر بێت لەبەر خاتری نامووس لەگەڵ چارەڕەشی و توندوتیژیدا بسازێت. ڕەنجکێشان و دان بەخۆداگرتن چارەنووسی ژنانە. دەشێت سامیە، هەروەکو فادیمە، ژیانی خۆیان لەسەر ئەوە دانابێت کە ئامادە نەبوون ئۆلتیماتۆمی بنەماڵەکەیان بسەلمێنن: دەبوو بۆ پاشماوەی ژیانی، بێدەنگەی لێ بکات و قەت جیا نەبێتەوە. باوکی سامیە گوتی، "ئێمە بەردەوام هەوڵمان دەدا شتەکان بشارینەوە." فادیمە ناچار بوو لە بەرچاوان خۆی ون بکات، واتە ئوپسالا بەجێ بهێڵێت. دێش راج دەبوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە شیملا خۆی دوور رابگرێت.

ئێمە لەسەر پێشهاتەی کوشتنی نامووسی لە ئاستی جیهان چی دەزانین؟ بەپێی بەراوردی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ساڵێک نزیکەی پێنج هەزار کەس بەهۆی تاوانی نامووسییەوە دەمرن، بەڵام ئەو هۆکارانەی بەکاری دێن روون نین. لەوانەیە حاڵەتی "کوشتنی شەیدایی"، یان "کوشتنی دڵپیسی"ش بگرێتەوە. هەڵبەت ئەمە قابیلی لێ تێگەیشتنە. لە هێندێک ناوچە، بۆ نموونە لە ئەمەریکای لاتین، تاوانی "کوشتنی شەیدایی" کە لەلایەن مێردێکی دڵپیس یان دنەدراوەوە بەڕێوە دەچێت، بەروونی پێوەندیی بە نامووسەوە هەیە، هەروەکو چۆن زۆرێک لە کوشتنەکانی ژنان و ئەویندارانیش لە سکاندیناڤیایش هەر وایە.[١٣] بەڵام من وەکو زۆر کەسی تریش حاڵەتێکم بەدی کردووە کە وەکو دەستەبەندییەکی هەڵبژێردراوی تایبەت لە کوشتنە لە پێشدا پلان بۆدارێژراوەکان، لەلایەن کۆمەڵێک لە خزمانی کەسێکەوە (زۆرجار خزمی ژنەکە) بەمەبەستی ئەوەی کە دیسانەوە نامووسی بنەماڵە ساخ بکرێتەوە، ئەنجام دراوە. هێندێک لە بەراوردەکان ئەوەیە کە ژمارەکان زۆر زیاتر لە پێنج هەزار مێیینە لە ساڵدا دەگرێتەوە. من هیچ هەوڵدانێکم بەرچاو نەکەوتووە بۆ ئەوەی بزانرێت چەند پیاو لە جیهاندا بەهۆی کوشتنی نامووسییەوە دەمرن.

چەندان هۆکار هەن کە ئامارەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. کوشتنەکان زۆرجار بەپێی هاندەرەکان تۆمار ناکرێن. ئیسرائیل نموونەیەکە: پۆلێنکاری کوشتنەکان بەپێی هاندەرەکان یەکەم جار ساڵی ١٩٩٢ دەستی پێ کرد.[١٤] وەها پۆلێنکردنێک هێشتایش لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کوشتنی نامووسی تێیاندا کردەوەیەکی بەربڵاوە، ئەنجام نادرێت. زۆربەی ئەو چەشنە کوشتنانە یان باسیان لێوە ناکرێت یان هەواڵەکە وەکو رووداو دەگێڕنەوە. تەرمی قوربانییەکە بەچەشنێک جێبەجێ دەکرێت و لە کۆمەڵگەکەدا چیی دی باسی نێوی مردووەکە ناکرێت. کوردێکی نەرویجی لە رۆژئاوای تورکیاوە پێی گوتم کە لە ناوچەکەی ئەوان، "ژنەکە چووە بۆ ئەستەمبوڵ" باشگوتنێکە بۆ "ئەو کوژراوە." هەموو کەس دەیزانی ماناکەی چییە.

کوشتنی نامووسی لەوانەشە وەکو خۆکوژی بشاردرێتەوە. لە راستیدا، "کوشتن بە خۆکوژی" وەکو چەمکێکی تری کوشتنی نامووسی خەریکە خۆ دەنوێنێت. هەم لە کوردستانی تورکیا و هەم لە کوردستانی عێراق هەواڵەکان ئاماژە بەزیادبوونی رێژە و تەنانەت خێراتربوونی خۆکوشتن دەکەن لەناو ژنە گەنجەکاندا لەوەتی

یاسای نوێ کەوتووەتە گەڕ کە سزایەکی قورستر دەسەپێنێت بەسەر بکەرانی تاواندا. چاودێرێک سەرنجی داوە: "بەم چەشنە، بکوژەکان لەگەڵ چاکسازیی یاساییدا خۆیان گونجاندووە."[١٥] هەروەها لە بەریتانیا کە کچانی ئاسیایی ڕێژەیەکی خۆکوژییان هەیە کە سێ یان چوار جار بەرزترە لە کچەکانی تر، گومان لەوە دەکرێت کە زۆرێک لەم مەرگانە کوشتنی نامووسی داپۆشراون، یان کچەکانیان بەرەو ئەوە بردووە کە خۆیان بکوژن.

لێکۆڵینەوەیەک لە فەلەستینەوە (لە کەنارەی ڕۆئاوا) کێشەی توێژینەوەی پەرەسەندنی کوشتنی نامووسی دەردەخات. دادوەری ناوچەیی چەند دۆخێکی هەبوو لەمەڕ "مردنگەلێک لە ئاکامی هەلومەرجی گوماناوی و کردەوەی تاوانکارانە"دا، بەڵام پێداچوونەوەی دەستەی توێژینەوە لەسەر دۆخەکان، "یەک تاقە دانەش تاوانی بەنێوی "تاوانی نامووسی" نەدا بەدەستەوە. لە باتیی ئەوە، سێ تاقم بەکار هێندرابوون: "قسمەت و چارەنووس"، "کوشتن" و "نەزانراو"."

نزیکەی ٩٠٪ هەموو مەرگی مێیینە لە دۆخەکاندا لە تاقمی یەکەمدا بوون، تاقمێکی بەرین کە دەری دەخات کەسەکە لەوانەیە بە مەرگی ئاسایی مردبێت لەبەرئەوەی کاتی هاتبوو (خواستی خوا). بەڵام توێژەران سەرنجیان دا کە کچەکان گەنج بوون، زۆربەیان لە سەرەتای بیست ساڵی یان گەنجتر بوون.[١٦]

پۆلیسی ناوچە لەوانەیە لایەنگری بکوژەکان بێت، تەنانەت لەو کۆمەڵگەیانەیش کە کوشتنی نامووسی بەرەسمی وەکو تاوانێک چاوی لێ دەکرێت. هەر وەکو ئەفسەرە پۆلیسەکەمان لە شیملا گوتی: "هەراوهوریایەکی زۆر بۆ شتێک کە هیچ نییە."

شتێک کە هیچ نییە، کردەوەیەکی شەرافەتمەندانە، وەڵامدانەوەیەکی فریاگوزاری، ئەم روونکردنەوانە لەوە ناچن بتوانن وەڵامدەرەوە بن. نامووس ئێجگار زۆر گرینگە. فریاگوزاری شتێکی بەپەلەیە، باسی مان و نەمانە. بەڵام لە روانگەیەکی یاساییی‌یەوە _ لە هێندێک وڵات یان ناوچەدا _ کوشتنی ژنێک یان پیاوێک لەبەر خاتری نامووس "شتێکە کە هیچ نییە" ئەمە سەرنجی دەسەڵاتداران ڕاناکێشێت. دەزگاکانی راگەیاندن و دەوڵەت نابێت لەم بابەتانەدا بۆ ریشەکەی بگەڕێن. دەوڵەت هیچ بانگهێشتنێک بۆ کردنی کارێک ناکات؛ ئەوە ئەرکی ئەو

خەڵکەیە کە راستەوخۆ تێوە گلاون. ئەمە بەتایبەت لەو شوێنانە وایە کە حکوومەت لاوازە، بەڵام حکوومەتە بەهێزەکانیش لەوانەیە بڕیار بدەن کە دەست تێ وەرنەدەن. ناموس و یاسا لە پێوەندییەکی هاوژینانەدا شانبەشانی یەک بوونیان هەیە. سیستەمەکان دژبەیەکن بەڵام جاری وایە هاوئاهەنگ لەگەڵ یەک کار دەکەن. پیاوێکی بەناموس دەبرێتە سەروەی یاسا؛ ئەو بۆ خۆی یاسایێکە. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا سزادانەکان بۆ تاوانی ناموسی سووکە، واتە ئەو راستییەی وا دەکات کە یاسا بەدەسی خۆوە گرتن دەبێتە کارێکی تا ڕادەیەک ئاسان.

من سەرنجی کاری بەراوردکردنی نەتەوە یەکگرتووەکانم داوە: ساڵانە نزیکەی پێنج هەزار کەس بەکوشتنی ناموسی دەمرن. بەناچار، ژمارەکە خەمڵێندراوە. ئەمە هەروەها بۆ ئەو ئامارانەیش راستە کە لەلایەن هێندێک وڵاتەوە ئامادە کراوە _ هەڵبەت ئەگەر هەر چەشنە ئامارێک کۆ کرابێتەوە. وەرن هێندێک نموونە تاقی بکەینەوە کە ئاماژەیەک دەدەن بە قەوارەی کێشەکە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا.

بەپێی وەزارەتی ناوەخۆ، هۆم ئافیس ساڵی ٢٠٠٦ لە بەریتانیا دوازدە کوشتنی ناموسیی هەبووە. شەش لەوانە لە ناوچەکانی گەورەباژێڕاندا روویان داوە. ڕەچەڵەکی زۆربەی قوربانییەکان ئاسیای باشوور یان ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئەمانە هیندوو، سیک و موسڵمان بوون. پۆلیسی مێترۆپۆلیتان ئێستا خەریکی کارکردنە لەسەر ١١٧ حاڵەت کە گومان دەکرێت کوشتنی ناموسی بن. ئەمانە وەکو ئەو کوشتنانە پۆلێندراون کە "هاندەرەکەی ڕەچاوکردنی بێناموسی بۆ سەر بنەماڵە یان کۆمەڵگە" بووە. کوشتنەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٩٧ و ٢٠٠٥ دا روویان داوە. فەرماندە "ئاندی بەیکێر" بە میدیاکان دەڵێت، "ئێمە سەری حاڵەتەکان دیسانەوە هەڵدەینەوە و دووبارە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکەین. زۆریان بەناو دادگەدا تێ پەڕیون و حوکمیان لەسەر دراوە. قسە لەسەر ئەوەیە کە سەیرێکیان بکەین، لێیانەوە فێر بین و لەگەڵ شوێنی پێوەندیدار کار بکەین بەمەبەستی پێشگرتن لەوانە لە داهاتوودا."[١٧]

یەکەم پیاوێک کە لە مێژووی یاسایی بەریتانیادا لەسەر کوشتنێکی ناموسی بەتاوانبار ناسرابێت عەبدوڵڵا یونس بوو کە هێشووی کچی خۆی کە شازدە ساڵان بوو، لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢دا کوشتبوو. بنەماڵەکە خەڵکی کوردستانی عێراق بوون.

هێشوو ئەویندارى کوڕێکى لبنانیى مەسیحى بووبوو. عەبدوڵڵا یونس تکاى لە دادگە کردبوو حوکمى مەرگى بۆ ببڕنەوە. ئەو دواى کوشتنەکە بۆ ماوەى چوار مانگ لە نەخۆشخانە بوو، چونکە بەتوندى بریندار بووبوو کاتێک هەوڵى خۆکوشتنى دابوو، مەچەکى خۆى بڕیبوو و خۆى لە باڵکۆنێکەوە خستبووە خوارێ. دادوەرەکە دەیتوانى تەنیا حوکمى هەتاهەتاییى بداتێ، نەک مەرگ. حاڵەتى هێشوو نیشانى دەدات کۆمەڵگەکە چ نرخێکى ترسناک لە پیاوێک داوا دەکات کە هەست دەکات ئەسیرى ئەوەیە کچەکەى بکوژێت. بەڵام چارەنووسى کچەکە دڵتەزێنترە. حاڵەتەکەى ئەو بوو بە چاوکەرەوەیەک. تەنیا پاش لەدادگەدانەکە لە دژى باوکى ئەو بوو کە "کوشتنى نامووسى" بوو بەچەمکێکى دامەزراو لە بەریتانیا.

لە ئەڵمان، رێکخراوەکانى مافى مرۆڤ راى دەگەیەنن کە چل و پێنج کوشتنى نامووسى هەبووە لە ١٩٩٤ هەتا ٢٠٠٤. شەش لەمانە لە ماوەى چوار مانگدا روویان داوە، لە نێوان مانگى ١٠ى ٢٠٠٥ و مانگى ٣ى ٢٠٠٦. هەمووى لە بەرلین.

رێک هەر وەکو لە بەریتانیا، ئەزموونى ئەڵمانیش کوشتنێکى تایبەت دەگرێتەوە کە کاریگەرى هەبوو لەسەر کردنەوەى چاوى وڵات. "خاتوون سووروجوو" کە لە مانگى دووى ٢٠٠٥دا کوژرا، "فادیمە"ى ئەڵمانە. ئەو بیست و دوو ساڵان و دایکى کوڕێکى منداڵ بوو، پاش هاوسەرکارییەکى زۆرەملێ لەگەڵ ئامۆزاکەى جیا بووبووەوە و خوێندنى خۆى لە کارەبادا تەواو کردبوو. برا حەڤدە ساڵانەکەى لە کاتێکدا کە دوو برا گەورەکەى لەلایەوە وەستابوون، خوشکەکەى کوشت. ئەو دووانەش تاوانبار کران بەڵام لەبەر نەبوونى بەڵگە، ئازاد کران. حاڵەتەکە هاتوهاوارێکى زۆرى لێ پەیدابوو کە لە ئەنجامدا لە مانگى هەشتى ٢٠٠٧دا چووە دادگەى باڵا. بکەرى تاوان بە نۆ ساڵ زیندان و دەرکردن پاش تێپەربوونى زیندان سزا درا. بنەماڵەکە بەڕەچەڵەک خەڵکى کوردستانى تورکیا بوون بەڵام زیاتر لە بیست ساڵ بوو لە ئەڵمان دەژیان. خاتوون لەدایکبووى ئەڵمان بوو.

لە هۆڵەندا بەگوێرەى پۆلیس، ساڵى دوازدە تا سێزدە کوشتنى نامووسى روو دەدات. "ئەییان هیرسى عەلى" رۆڵێکى گرینگى هەبووە بۆ هوشیارکردنەوەى دەسەڵاتداران بۆ کێشەى تاوانى نامووسى لە هۆڵەندا.

له ئیسرائیل ساڵی ٢٠٠٦ دوازده ژن بەهۆی نامووسیی بنەماڵەوە کوژراون. هەموو قوربانییەکان عەرەب بوون: موسڵمان، درووزی یان مەسیحی. لە ساڵی ١٩٨٧دا حاڵەتێک راگەیەندراوە کە کۆمەڵگەی جوولەکەی گرتووەتەوە. قەشەیەکی جوولەکە لە بەردەم پاڵەپەستۆی کۆمەڵگەکەدا وەستا بۆ کوشتنی کچە زیناکارەکەی؛ مێردی کچەکەیش دەیویست ئەو زیندوو بمێنێتەوە، بەڵام ئاخرییەکەی باوکەکە پاش ئەوەی کە بەئاشکرا شەرمەزار کرا، کۆڵی دا.(١٨)

ڕەخنە لە دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل گیراوە لەسەر ئەوەی کە بەرامبەر بەکوشتنی نامووسی لەناو شارۆمەندانی عەرەبی وڵاتدا چاوپۆشییان کردووە. چەندان توێژەر و چالاکیی مافی مرۆڤ و مافی ژنان پێدا دەگرن لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندیی سیاسیی دەسەڵاتداران بەرەو ئەوە دەبات کە لەناو کۆمەڵگە عەرەبەکانیاندا بە نەرمی بڕواننە ئەم چەشنە تاوانانە.(١٩)

لە ساڵی ٢٠٠٦دا لە فەلەستین راگەیەندراوە کە حەڤدە ژن بە تاوانی نامووس کوژراون، دوازدە لە غەزە و پێنج لە کەناری ڕۆژئاوا. لە حاڵەتێکدا لە یەکی مانگی چواری ٢٠٠٥دا، کچێکی مەسیحی "فاتێن حەبەش" لەلایەن باوکییەوە کوژرا. وەکو فادیمە، ئەویش ئەوینداری پیاوێکی "هەڵە" بووبوو، کە لەم حاڵەتەدا موسڵمانێک بوو. سەرۆکێکی بەدەوی لە شاری رامەڵڵا کە هەوڵی دا لە نێوان بنەماڵەکاندا ناوبژێتیی بکات سەرنجی دا: "هیچ کەسێک لە کڵێساوە بە ئاشکرا کوشتنەکەی شەرمەزار نەکردووە. من پێم وابوو بەهۆی ئەو هەمووە سەرنجی میدیاکانەوە، کڵێسا هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت و خۆی لەم چەشنە کردەوانە دوور رادەگرێت. بەڵام تێ دەگەم کە کڵێسا بڕیاری داوە چاوپۆشی بکات لە چارەنووسی فاتێن."

لە پاکستان، بەراورد دەکرێت کە ژمارەی کوشتنی نامووسی ساڵانە زیاتر لە هەزار حاڵەتە. تەنیا لە ویلایەتی پونجاب بەلایەنی کەمەوە ١٥٧٨ ژن لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ هەتا ٢٠٠٣ کوژراون. کوشتنە تۆمارنەکراوەکان وێ دەچێت زۆر زیاتر بێت. بەراوردی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی رای دەگەیەنێت کە ساڵێ بە هەزاران ژن لە وڵاتدا دەکوژرێن. ساڵی ٢٠٠١ ئەم ڕێکخراوەیە بەتوندی ڕەخنەی گرت لە پاکستان لەسەر نەبوونی ئیرادەی سیاسی بۆ دامرکاندنەوەی تاوانەکانی گرێدراوی نامووس لە دژی ژنان، وەکو کوشتن و توندوتیژیی

مەترسیدار. ڕاپۆرتەکە لە کۆتاییدا دەڵێت، "لە پاکستان بەلایەنی کەمەوە هەر ڕۆژەی سێ کوشتنی نامووسی ڕوو دەدات." هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە "کوشتنی نامووسی، هاوسەرکاریی زۆرەملێ و کردەوەکانی تری توندوتیژی دژ بە ژنان لە پاکستان ڕوو لە زیادبوونە، سەرەڕای ئەوەی کە سەرۆک پەروێز موشەڕەف پەیتا پەیتا ڕای دەگەیەنێت کە ئەم تاوانانە دژ بە یاسایە و بکەرانی تاوان سزا دەدرێن."

هەروەکو دێش ڕاج، لە پاکستان پیاوانیش دەتوانن ببنە قوربانیی کوشتنی نامووسی. ژمارەی ڕەسمی دەری دەخات کە نزیکەی یەک لەسەر سێی قوربانییەکان پیاون، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە گۆڕاندایە. ڕێژەی پیاو بە ژن لە ناوچەکانی عەشیرەتییەکانی ویلایەتی بلووچستان لە باکوری ڕۆهەڵات بەرزترینە. لێرە، قوربانییانی نێرینە نزیکەی ٤٠٪ی هەموو حاڵەتەکان دەگرنەوە. ڕاستییەک کە دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە کە دادگەکان تەنیا ٧٪ی هەموو بکوژی حاڵەتەکان سزا دەدرێن.(٢٠) پاکستان هەروەکو چەندان وڵاتی تر، داواکاری گشتی بۆ کوشتنی بنەماڵەیی نییە. ئەوە دێتە سەر نزیکترین خزم کە بڕیار بدات ئاخۆ دەیەوێت سکاڵا تۆمار بکات یان نا. زۆرجار لە حاڵەتەکانی کوشتنی نامووسیی ژناندا نایکەن. من وای دادەنێم کە زۆرترینی ئەو حاڵەتانەی کە سزایەکی دادگەی وەرگرتووە لەلایەن بنەماڵەکانی قوربانییە پیاوەکانەوە بووە کە کە لەلایەن بنەماڵەی ژنەکانەوە کوژراون لەسەر پێوەندییەکی ئەویندارییی ڕێگە پێنەدراو؛ تۆمارەکان ئەوە ناڵێن.

لە پاکستانیش قوربانییەکان سەر بە ئاینی جۆراوجۆرن. تاهیرە خان، کە لە پاکستان و هیندستان توێژینەوەی بەربڵاوی کردووە سەرنج دەدات، "لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر حاڵەتگەلی کوشتنی کچانی گەنجی مەسیحی لەلایەن بنەماڵەکەیانەوە کە گرێ دراوە بەنامووسەوە، لە میدیاکاندا ڕاگەیەندراوە."(٢١)

کە قسە لە هیندستان دەکەین، ئاخۆ دەبێت مەرگ لەسەر جیازی وەکو کوشتنی نامووسی چاوی لێ بکرێت؟ بۆچوونی عاسمە جەهانگیر ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئازادیی ئاین و باوەڕ، ئەوەیە کە مەرگ لەسەر جیازی

فۆرمێکی کوشتنی نامووسییە لەبەر ئەوە کە خزمەکانی بووک زۆرجار بەبێدەنگی لە پەناوە رادەوەستن کاتێک کە ژنەکە خۆی ئاگر تێ بەردەدات و هەوڵ نادەن پێشی پێ بگرن. ئەگەر کوشتن لەسەر جیازی بخرێتە سەر ئاماری نێونەتەوەیی کوشتنی ناموسی، ژمارەکە بەشێوەیەکی کارتێکەر بەرز دەبێتەوە.

ڕاپۆرتەکان لە تورکیاوە رای دەگەیەنن کە لەوێیش کوشتنی نامووسی لە زیادبووندایە. سەرچاوە رەسمییەکان رای دەگەیەنن کە حەفتا کوشتنی وەها لە ساڵدا هەیە، بەڵام بەراورد دەکرێت کە ژمارەی راستەقینە زۆر لەوە بەرزتر بێت. زۆرینەی کوشتنی نامووسی لە ناوچە کوردییەکان لە باشووری ڕۆئاوا روو دەدەن، بەڵام ناوچەی کۆنەپارێزی دەریای ڕەشیش تۆمارێکی خراپی لەم رووەوە هەیە.

ئەوەندەی کە دەگەڕێتەوە سەر هۆکارەکان، چەندان توێژەر ئاماژە بە کۆچبەری روو لە زیادبوون لە گوندەکانەوە بۆ شار و بەرزبوونەوەی کێشمەکێشی نێوان نەوەکان دەکەن. بەدرێژاییی پەنجا ساڵی رابردوو، رێژەی نفووسی تورکیا کە لە شار و شارۆکەکان دەژین لە ٢٥٪ بۆ ٧٥٪ زیادی کردووە. ئەوانی بەتەمەنتر پارێزگاری لە نەریتەکان دەکەن، کە لە کێشمەکێشدایە لەگەل ئەوانەی نەوەی گەنج – بەتایبەت ژنانی گەنج ـ کە خوازیاری ئەوەن ئازاد بن. پینار ئیلکاراجان، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئەستەمبۆڵ گوتوویەتی، "هەم نیشتەجێبوونی شاری و هەم تەلەڤزیۆن بەو واتایە بوون کە ژنانی گەنجی تورک خەریکن بەردەوام باشتر فێر دەبن و زۆرتر دەکرێنەوە بەرەو جیهانێک لەوپەڕی تورکیاوە." کچان لە دژی دایک و باوکیان ڕادەپەڕن کاتێک ئەوان ناهێڵن کوڕان ببینن، خۆیان هەڵی بژێرن لەگەڵ کێ هاوسەرکاری دەکەن و لەگەڵ هاوڕێکانیان لە دەرەوەی چوار دیواری ماڵەوە پێوەندی بگرن. پاڵەپەستۆی روو لە زیادبوون لەسەر هەردوو نەوەکان وای کردووە کە کوشتنی ناوماڵ و فۆرمە بێ ڕەحمانەکانی تری توندوتیژی بەچەشنێکی هۆشداردەر بەرز بووەتەوە." ڕۆژنامەیەکی نەرویجی زۆر بە دروست لێکی دەداتەوە: "نرخێکی خوێناوی بۆ رزگاریی ژنان."[٢٢]

بەڵام کێشمەکێشەکە وەنەبێت هەر تەنیا، یان لەوانەیە تەنانەت بەشێوەیەکی سەرەکی، لە نێوان نەوەکاندا بێت. لێکۆڵینەوەیەکی زۆر چڕوپڕ بەم دواییانە رای دەگەیەنێت: "زۆرجاران پیاوانی گەنج زۆر سەرسەخت بوون لە کاتێکدا وێ دەچوو

ئەوانەی تەمەنی مامناونجی بەبەراورد سینگفراوان بوون... دەردەکەوت کە لەگەڵ زۆربوونی تەمەن تا ڕادەیەک سینگفراوانی زیاتر دەبێت." هەروەها زیاتر دەڵێت، "بەگشتی، ژنان لەسەر پرسی ناموس بە ئەندازەی پیاوان، بەتایبەت پیاوانی گەنج تاقمگرا نین."(٢٣) ئەمانە دۆزرانەوەگەلێکی گرینگن، هەرچەند دەبێت وریا بین گشتگیری نەکەین، هەروەکو لێکۆڵینەوەکەش جەختی لەسەر دەکاتەوە. لە شوێنەکانی تری ئەوروپایشدا زۆرجار حاڵەتەکە لەوە دەچێت کە پیاوانی گەنج پارێزگارانی ناموسن، نەک نێرینەی بەتەمەن.

یاسای تاوانی تورکیا سەبارەت بەکوشتنی ناموسی ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕدرا. پێش ٢٠٠٤، لە کاتێکدا کە سزای کوشتنی "ئاسایی" زیندانیی هەتاهەتایی یان ئیعدام بوو، ئەگەر کردەوەکە "لەسەر بابەتی ناموس" بووایە، بکوژ بەنەرمییەکی زیاترەوە لەگەڵی رەفتار دەکرا. منداڵان دەشیا ئەوپەڕی دوو ساڵ زیندانییان بۆ ببڕێتەوە. ساڵی ٢٠٠٤، کاتێک تورکیا خەریکبوو داوای پێوەستبوون بە یەکەتیی ئەوروپاوە بکات، دەبوو چاکسازی بکات لە یاسا لەمەڕ کوشتنی ناموسی. ناموس چیی تر وەکو هەلومەرجێکی ئەهوەنکەرەوە قابیلی قبوڵ نەبوو؛ کوشتن کوشتنە. بەڵام، بە بەڵگە نیشانەی بەربڵاو هەیە کە هێندێک دادگەی ناوچەیی بەردەوام بەشێوەی کۆن کار دەکەن.

یاسای تاوانی تورکیا چەمکی "کوشتنی ناموسی" بەکار ناهێنێت. لە باتیی ئەوە، چەمکی "تاوانی ئاکاری/نەریت" بەکار دەبات. بەپێی یاسای تازەی تاوان، کوشتنی ئاکاری وەکو هەلومەرجێکی ئاڵۆزتر بۆ تاوانەکانی کوشتن دەبینرێت. ئێستا ئیمامەکان سەرقاڵی ئەوەن کە لە دژی ئەم چەشنە تاوانانە بدوێن. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم چەشنە تاوانانە وەکو کێشەیەکی گەورە بەردەوامن.

دادگەکانی کوشتن زۆرجار لەبەر نەبوونی شایەت تێک دەشێوێن. "جانان ئارین" ئەندامی کۆمەڵەی یاسای ئەستەمبوڵ و سەرۆکی ناوەندیی مافەکانی ژنان دەڵێت، "شایەتەکان ئامادە نین بێنە قسە. دادگە ناچارە پشت بەو قسانەوە ببەستێت کە بکەری تاوان دەیڵێت و ئەمەش بەو واتایە کە حوکمەکە کەم دەکرێتەوە بۆ لانی کەمی سزا، هەرچەند تۆمەتەکە کوشتنێکی خوێنساردانە و لە پێشدا داڕێژراو بوبێت."(٢٤)

لە زۆر وڵاتاندا نکووڵیکردن لە تاوانی نامووسی و کوشتنی نامووسی کێشەیەکی گەورەیە. ئوردن ڕیزپەڕێکە. ئوردن کە بەراورد دەکرێت ساڵی بیست و پێنج کوشتنی نامووسیی تێدا روو دەدات، وەکو وڵاتێک دەردەکەوێت کە دەسەڵاتداران دەیسەلمێنن کوشتنی نامووسی کێشەیەکی گەورەیە و چالاکانە هەوڵ دەدەن لەگەڵی بەرەوڕوو ببنەوە. شاژن "نوور" و مەلیک حوسەینی کۆچکردوو هەردووکیان رۆڵی زۆر گرینگیان گێڕاوە لە تێکۆشان بۆ ئەوەی کە ئەم بابەتە بخەنە ناو رۆژەڤی سیاسییەوە. چالاکانی مافی مرۆڤ و مافی ژنانیش لە ناوەوە و لە دەرەوەی ئوردن هەمان کاریان کردووە. پێویستە سەرنجێکی تایبەت بدرێتە سەر "رانا حوسەینی" رۆژنامەوان کە بۆ هەڵسووڕانی لەمەڕ ئاگەداریدان و خەباتکردن لەسەر تاوانەکانی نامووس، چەندان خەڵاتی نێونەتەوەیی وەرگرتووە.(٢٥)

ئەمانە هەموویان دەبوو بەرەوڕووی بەربەرەکانێی ئێجگار زۆر ببنەوە. داوونەریت ریشەی زۆر قووڵیان هەیە و وەکو بەشێک لە خۆپاراستن دەبیندرێت لە بەرامبەر سێکۆلاربوون و کارتێکردنی بێ ئەخلاقانەی رۆئاوا. عاسمە خادیر دەڵێت، "من بەوە تاوانبار کراوم کە خەریکم وڵاتەکەمان بێ سەروبەر دەکەم." خادیر پارێزەرێکی ئوردنییە و پاڵپێوەنەرێکی باش بووە لە هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی یاساکان لە دژی کوشتنی نامووسی.(٢٦)

هاوهەستی لەسەر کوشتنی نامووسی لەنێو یاسادا چێندراوە. ئەگەر پیاوێک خزمێکی مێینەی کوشتبێت لەبەر بەڵێنشکێنی یان ئەوەی کە سێکسیی هەبووبێت لە دەرەوەی هاوسەرییەتییەوە، دەکرێت بە بێتاوان رابگەیەندرێت. ئەگەر پیاوەکە بتوانێت دادگە رازی بکات کە ئەو لەوپەڕی تووڕەییدا (یان "هەڵمەتی دەمارگرژی") کوشتوویەتی، سزاکە لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕیزپەڕانە سووک بێت: شەش مانگ زیندان. بۆ کوشتنی نامووسی "لە پێشدا داڕێژراو" بەراورد ئەوەیە کە بەلایەنی کەمەوە سزای ساڵێک زیندانیی بۆ ببڕێتەوە.

کاربەدەستانی ئوردنی ئاماژەیان کردووە بەوەی کە دەیانەوێت ئەم یاسایانە بگۆڕن. مەلیک عەبدوڵڵای دووەم دەستپێشخەریی کردووە و حکوومەت دووجار لە ساڵەکانی ١٩٩٩– ٢٠٠٠دا پێشنیازێکی بۆ چاکسازیی یاسای تاوان پێشکێش

کردووە: هەموو کوشتنێک دەبێت بەپێوانەی یەکسان داوەرییان لەسەر بکرێت. سەرۆک عەشیرەتەکان و ئیسلامییەکان لە پەرلەماندا زاڵن و هەردوو جارەکە گەلاڵەی چاکسازییەکە دەنگیان نەهێناوەتەوە.[٢٧] "گراد فائیز" سەرۆکی بەدەویی هەڵوێستی زۆرایەتی بەم وشانە باس دەکات: "لەنێو بنەماڵە یان کۆمەڵگەدا، هەر ژنێک وەکو لقێک وایە لە دارزەیتوونێک. ئەگەر لقێکی دارەکە کرم تێی بدات، دەبێت بیبڕیت بۆ ئەوەی دارەکە تەندروست رابگیرێت."

کاتێک کە هەزاران ئوردنی لەسەر شەقامەکانی عەممانی پایەتەخت بۆ پشتگیری لە چاکسازییەکە خۆپێشاندانیان کرد، اخوان المسلمین _ کە گەورەترین گرووپی حزبیی ناو پەرلەمانە _ فەتوایەکی ڕاگەیاند (بڕیارێکی ئاینی) هەتا ئەو ڕادەیەی کە قەدەغەکردنی کوشتنی نامووسی دژایەتییە لەگەڵ یاسای ئیسلامی (شەریعە). فەتواکە رای دەگەیاند، "ئەم کارە مافی پیاوان بۆ کاردانەوە بە ڕێگەیەکی مرۆڤانەی ئاسایی بەتاڵان دەبات، ئەگەر بێتو ئەوان بەسەر ژنێک یان کچێک، یان خزمێکی مێیینەی تریاندا بچن کە تێکەڵی کارێکی سێکسی بووە لە دەرەوەی هاوسەریەتی." "زەهرا شەرابیتی" کە پارێزەرێکی راوێژکاری ئوردنییە و پسپۆڕی پارێزگاریکردنە لەو پیاوانەی کە بە کوشتن لەسەر نامووس تاوانبار کراون، وتوویەتی، "ئێمە هاتووینەتە سەر ئەوەی کە ژن بەرپرسی شەرمەکەیە (لەم چەشنە حاڵەتانەدا). ژنەکە دەیتوانی لە بەردەم فریودانەکەدا بوەستێتەوە."[٢٨]

ئەم چەشنە رەفتارانە پەرەسەندووە و سنوورە کولتوورییەکانی بەزاندووە. ئێمە سەرنجمان دا کە دایکی "دێش راج"، "نیرمالا"ی تاوانبار کرد بەوەی کە بووە هۆی ئەو تراجیدیایەی بۆ ئەو جووتە گەنجە ڕووی دا. ئەمە باوەڕێکی زۆر بەربڵاوە کە لە سێکسیی دەرەوەی هاوسەریەتیدا ئەوە ژنەکەیە کە بەتایبەت دەبێت سەرکۆنە بکرێت.

ئەوەی کە دۆخەکە لە ئوردن زۆر سەرنجڕاکێش دەکات کراوەبوونی مشتومڕەکانە. لەمەدا ئەم وڵاتە لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی تر کە نەریتی کوشتنی نامووسییان تێدایە، جیا دەکاتەوە. ئاکامێکی ئەم شتە ئەوەیە کە ئێستا ئێمە زۆر ئاسانتر دەتوانین لەسەر هەلومەرجەکانی پێوەندیدار بۆ چاکسازی گفتوگۆ و توێژینەوە بکەین، هەم لەگەڵ تێگەیشتنی گشتیمان لەسەر کوشتنی نامووسی و

هەم بەرهەڵستەکانی. ئێمە بینیومانە کە لە هێندێک بەشی ناو خەڵک و لە پەرلەماندا بەرگریکردنێکی توند هەیە لەسەر ئەوەی کە کوشتنی ناموسی بەتاوان دابنرێت، واتە، هەروەکو باقیی جۆرەکانی کوشتن لەسەر بنەمایەکی یەکسان دابنرێن. هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە کە کوشتنی نامووسی خزمەت بەکالایەکی کۆمەڵایەتی دەکات؛ لە بنەڕەتدا قسە لەسەر پارێزگاری لەخۆ و زیندوو مانەوەیە. پیاوێکی بیست و دوو ساڵەی ئوردنی گوتی، " ئێمە وەکو کوشتن بیر لەمە ناکەینەوە"، دایکی و خوشکی بە نیشانەی سەلماندن سەریان بۆ ڕادەشەکاند. "وەک ئەوە وابوو قامکێکی خۆت بقرتێنیت." ئەم پیاوە خوشکەکەی خۆی کوشتبوو کاتێک لەگەڵ پیاوێکدا بینیبووی. تێچوونی ئەم کارە بۆ ئەو بووە چوار مانگ زیندان. باوکێک کە لە هەلومەرجێکی هاوشێوەدا کچەکەی خۆی کوشتبوو و بە دوو مانگ زیندان سزا درابوو گوتی، "نامووس بۆ من لە گۆشت و خوێنی خۆم بەبایەخترە."

لەناو ئەو کەسانەدا کە تێ کۆشا لە یاساکەدا ئاڵوگۆڕێک پێک بهێنێت، شازادە (غازي بن محمد) ئەندامێکی بنەماڵەی پاشایەتیی ئوردنە. ئەو لە نامەی خوێندنی بالادا لەسەر سیستەمی تایەفەکان و عەشیرەتەکان لە ئوردن، نووسیویەتی: "نە "شەریعە" واتە یاسای ئیسلامی و نە یاسا نەریتییەکانی بەدەوییەکان بوار نادەن یان پارێزگاری ناکەن لە بەناو کوشتنی نامووسی. هیچ ڕێپێدانێکی تایبەتی نییە بۆ نموونە ئەگەر دەرکەوێت کە ژنێک، کچێک، خوشکێک یان خزمێکی مێیینەی تر، پێش یان لە دەرەوەی هاوسەریەتی لەباری سێکسییەوە چالاک بووە." شازادە غازی سەبارەت بەوەی کە مەبەستی ئیسلام چییە سەرنج دەدات کە ئەگەرچی شەریعە جەزای کوشتن بۆ زینا رەت ناکاتەوە، بەلام ریزێک پێوانەی سەخت بۆ بەڵگەهێنانەوە دادەنێت: چوار شایەتی باوەڕپێکراو دەبێت لەڕاستیدا خودی تێکەڵبوونە سێکسییەکەیان دیبێت. تەنانەت کاتێک کە ئەم مەرجەیش ئامادە بوو، "ئەوە مافی شایەتەکان، بنەماڵەکە و یان هەر عەوامێکی تر نییە کە سزادانی زیناکردنەکە بەڕێوە ببات ئەوە بەپێی رەوتێکی یاساییی شیاو، مافی تایبەتی دەسەلاتدارە کۆمەلایەتییەکانە."(٢٩)

ئێمە بەزوویی دەبینین کە کۆمەڵگەگەلێکی موسڵمان هەن کە تێیاندا دەربڕینەکانی شازادە غازی بەکردەوە دامەزراون. یەکێکی لەو چەشنە،

سوڵتانشینی عومانە کە حکوومەتێکە لە خەلیجی عەرەبی. ژنان لە عومان ئازادییەکی زۆریان هەیە. هەر وەکو زۆرێک لە کۆمەڵگەلی موسڵمان لە شوێنەکانی تری جیهان، کوشتنی ناموسی لە عومان نەبیستراوە. ئەوەی کە هەر ژنێک لە بنەماڵەدا وەکو سامانی بنەماڵە سەیر بکرێت، شتێکی سەلمێندراوی گرینگە لە کوشتنی ناموسیدا. نرخی ژنێک بۆ بنەماڵەکەی گرێ دراوە بەپاکداوێنی و رێزگرتنەکەیەوە. "ئانجێلا پاتاک" کە لەلایەن رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بەربڵاوی سەبارەت بەکوشتنی ناموسی لە پاکستان بەڕێوە برد، سەبارەت بە ژن دەنووسێت "ژن وەکو کاڵا، وەکو پارە، وەکو دەوار، وەکو خانوو." شەهلا حائری کە مرۆڤناسە، هەمان هاوشێوەیی بەکار دەبات: "لە کۆمەڵگەی پاکستاندا... ناموس، "عیزەت" زۆر لە نزیکەوە گرێ دراوە بەواتای مافی "ئاسایی" نێرینەوە کە خاوەنداری و چاودێریی ژنان دەکات... پیاوان خاوەنی ناموسن، هەر وەکو چۆن خاوەنی زێڕ و زەوین ئەو سێ توخمەیە کە دەگوترێت سامانگەلێکن لە پاکستان بەزۆرترین شێوە داخوازیی هەیە بۆیان و هەر بۆیەش سەرچاوەی هەموو کێشەکانن... ژنانیش لە ئاکامدا ناتوانن بەهەمان شێوەی پیاوان ببنە خاوەنی ناموس. ئەوان نوێنەرایەتیی ناموس دەکەن؛ ئەوان دەبنە هێمای ناموس؛ ئەوان ناموسن."(٣٠)

حائری ئامـاژە بەکێشەیەکی تر دەکات؛ کەڵک وەرگرتنی بە ئەنقەست لە دەستدرێژیی سێکسی بۆ زیان گەیاندن بەناموسی بەرهەڵستکاری سیاسی. ئەمە لایەنێکی ئاشنای شەڕ و پێکدادانە: دەستدرێژی بۆ سەر ژنی دوژمنێک بۆ ئەوەی بەتەواوی سووکی بکەیت. بەڵام دەستدرێژی هەروەها لە کاتی ئاشتیشدا بۆ سووکایەتیکردن بە پیاوێکی تر و یان بنەماڵەکەی و کۆمەڵگەکەی کەڵکی لێ وەردەگیرێت. ئەمە هەموو جارێک کاریگەر دەبێت، ڕێک لەبەرئەوەی کە ناموسی پیاوان گرێ دراوە بەخاوێنبوونی سێکسیی ژنەکانەوە. دەستدرێژیکردنە سەر ژن (یان ژنانی) پیاوێک، لووتکەی سووکایەتی پێکردنە.(٣١)

من پێشتر ئاماژەم پێ کرد کە هەتا ئەم دواییانەیش چواردە وڵاتی ئەمەریکای لاتین یاساگەلێکیان هەبوو ڕێگەی دەدا بە دەستدرێژیکار کە ئەگەر ئامادە بێت ببێتە هاوسەری قوربانییەکە، بێ سزادان تێ دەپەڕی. چوونە ناو هاوسەریەتی، ناموسی ژنە دەستدرێژی لەسەرکراوەکە و هەروەها هی بنەماڵەکەشی دووبارە

وەکو خۆی لێ دەکردەوە. لە حاڵەتی دەستدرێژیکردنی بەکۆمەڵدا، لە وڵاتی پیرو یاسا دەیگوت کە ئەگەر یەکێک لە پیاوە تاوانبارەکان ببێتە هاوسەری قوربانییەکە، باقیی کەسەکان دەتوانن رزگاریان بێت. لە کۆستاریکا دەسدرێژیکار دەتوانێت لەژێر سزادان دەرچێت ئەگەر ئامادە بێت ببێتە هاوسەری قوربانییەکەی، تەنانەت ئەگەر ژنەکەش بڵێت نا.[٣٢] پاڵەپەستۆی تایبەتی لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بە ئاکام گەیشت و ئێستا یاساکان لە زۆربەی ئەم وڵاتانە گۆڕدراون، هەرچەند زۆر زەحمەتە دڵنیا بیت سەبارەت بەوەی کە شتەکان بە کردەوە چۆن دەچنە پێش. بەرداشتی خەڵک سەبارەت بە دادوەری وێ دەچێت کۆڵ نەدات و دادگە ناوچەییەکان دەتوانن یاسا لاوەکییەکانی خۆیان دابنێن. لە میسر، یاسایەکی لەو شێوەیە هەتا ساڵی ٢٠٠١ چالاکانە کاری پێ دەکرا: دەستدرێژیکار ئازاد بوو بەمەرجێک کە لەگەڵ ئەو ژنەی دەسدرێژیی کردبووە سەری بچێتە ناو هاوسەریەتییەوە. رێبەرانی دەسەڵاتداری ئاینی داوای چاکسازیی یاساکەیان کرد و ئێستا دەستدرێژی شاڵاوێکی تاوانکارانەیە. ئەم چاکسازییە وای کردووە کە میسر لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستدا ببێتە وڵاتێکی پێشەنگ. زۆرێک لە وڵاتانی تر هەر لەم ماوەیەی دواییدا رزگاریان بووە لە یاساگەلی هاوشێوەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین.

بۆچوونی لەم چەشنە سەبارەت بە ناموس لەناو هەموو ئاینەکان و ناوچەکاندا بوونی هەیە. کەوابێت ئەوە راستە کە لە هێندێک ناوچەدا و لەناو خەڵکی سەر بەهەمان ئایندا، جیاوازییەکان لەسەر کردەوە و باوەڕەکان دەتوانن زۆر مەزن بن. لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا، عەرەبستانی سعوودی و عوممان دراوسێن بەڵام کاتێک دێتە سەر باسی ئازادی و مافەکانی ژنان و لەوانە مافی پارێزگاری بەرامبەر بەتوندوتیژی، جیاوازییەکانیان وەکو شەو و رۆژ وایە.

بەڵام ئەوش راستە کە لێکچوونگەلێکیش هەیە لە نێوان ئەو تاقمە ئاینییانەی کە لە هەمان ناوچەدا دەژین. بۆ نموونە لە میسر، باس لە کوشتنی ناموسی هەم لەناو قیبتییەکاندا و هەم لەناو موسڵمانەکاندا کراوە.[٣٣] لە هیندستان، ئەمانە لەنێو هیندووەکان، سیکەکان، موسڵمانەکان و مەسیحییەکاندا و هەروەها لەنێو خەڵکی دارای ئاینی تایەفەییشدا روو دەدەن. لە یەمەن، کە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانە و کەمایەتیی جوولەکەی هەیە، باس لە کوشتنی ناموسی لەناو

جووەکانیشدا کراوە.[٣٤] هۆکاری بەرچاو وێ دەچێت داوونەریت بێت کە زۆرجار لە هێندێک ناوچەدا، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاین بەهاوبەشی هەیە.

لایەنە کێشە لەسەرەکانی نامووس لەگەڵ کولتوورەکان، داوونەریتەکان و دەسەڵاتی سیاسیدا جێگیر بوون. لە گوێن ئێمە پێناسەی کولتوور بریتییە لە کۆی بایەخەکان، ئاکارەکان و بۆچوونەکان، هەموو ئەمانەش لە "پشتی" کردەوەکانی ئێمەدا جێگیر بوون و لە رەفتاری ئێمەدا خۆیان نیشان دەدەن. پێناسەیەکی کورت لە کولتوور ئەوەیە کە دەڵێت "شێوەی ئێوە بۆ دیتن، نەک ئەوەی کە دەیبینن."[٣٥] دەربڕینی ئەوەی کە "نامووس بۆ من زۆر لە گۆشت و خوێنی خۆم بایەخدارترە" وەها چەشنێکە لە دیتنی جیهان. نامووس مەنشوورێکی [پریزم] کولتوورییە، جووتێک چاویلکەیە: کە بەنێو لێنزەکاندا تەماشا دەکەیت، "هەلومەرجێکی تایبەتی" دەبینیت کە تێیدا نامووس بۆ تۆ گرینگترە لە ژیانی کچەکەت و خوشکەکەت و دایکەکەت. ئەمە چەشنێکە لە هەبوون لەناو جیهاندا کە لۆجیکی ناوەخۆیی خۆی هەیە. کەسانی تر لە کۆمەڵگەکەتدا هەرچەند نەک بەناچاری بۆ هەموو شتێک، دەیسەلمێنن. ئەوەش راست نییە کە لێنزەکانی کەسێک بۆ سەیرکردنی دنیا ناشێت بگۆڕدرێت. من بەهیچ شێوەیەک نامەوێت بڵێم کە رەفتار بەرهەمی کولتوورە. مرۆڤە تاکەکان لە هەموو شوێنێک بیر دەکەنەوە، هەست دەکەن، بەڵگە دەهێننەوە و هەڵدەبژێرن. کوشتنی نامووسی لەوانەیە لە هێندێک کۆمەڵگەدا خەریکە لەبەین بچێت، یان لە هێندێکی تر خەریکە دێتە ژوورەوە (بۆ نموونە لە وڵاتانی باکوری ئەوروپا). لە هەر حاڵەتێکدا، ئەمە ئاکامی بەشداریی چالاکانەی خەڵکە.

پێکهاتەکان، هەروەکو شێوەی بیرکردنەوەکان دەتوانن بگۆڕدرێن. کولتوور قابیلی گۆڕانە. فادیمە ئالای گۆڕانی دەشەکاندەوە. ئەو دۆڕاندی. سەرەڕای ئەوە، کێبەرکێکە نەدۆڕاوە. هەر وەکو تاکە دلێرەکان، رێکخراو و کۆمەڵەگەلێکیش هەن لە ئوردن، پاکستان، فەلەستین، پیرۆ و سوێد و هی تریش، کە کار دەکەن بۆ راگرتنی کوشتنی نامووسی و پاراستنی قوربانییە شاراوەکانی. ژنان و پیاوان پشتگیری لە گۆڕان دەکەن. ئەمە لەسەر شەڕی ژنان بۆ رزگاری نییە بگرە لەسەر مافەکانی مرۆڤە بۆ هەردوو جنسەکە خەباتی بۆ دەکرێت.

دواتر سەیری کۆمەڵگەیەکی موسڵمان دەکەین کە تێیدا بەناموسبوون ئەوەیە

کە ئەوانی تر شـەرەفمەند بکەیت. لەم وڵاتەدا، نامـووس برێتییـە لە ڕێزگرتن لەوانی تر نەک ئەوەی کە داواکـاریی ڕێزگرتن بیت بۆ خـۆت. ئەمـە چەمکێکی مـرۆڤـانەیە، بەشێکە لە کولتووری کۆمـەڵگەیەک کە بەشێوەیەکی ڕیزپەڕ دەسـتودڵبـاز و پێکەوە هەڵکەرە.

لە ناوەڕاسـتـی ١٩٧٠کانـدا من بۆ بڕوانامـەی دۆکـتـۆراکـەم کـارێکی مـەیدانیم ئەنجـام دا لە عوممان، کـە سـوڵتـاننشـینێکە لە گۆشـەی باکـوری ڕۆژئاوای شـێوە دوورگـەی عـەرەبی. عـومـمـان بە چـەشـنێـک وەکـو "تـەبـەتـی ڕۆهـەڵاتی نـاوەڕاست" وابووە: ئەم وڵاتە لەلایەن سـوڵتـانێکی سـەیر بەنێوی سەعید بن تەیموورەوە بەڕێوە دەچوو کە بەگومـان بوو لە هەموو شتێکی مـۆدێرن و بۆ دەیان سـاڵ وڵاتەکەی بەرەو دنیای دەرەوە داخسـتبوو. سـاڵی ١٩٧٠ قابووس بن سـەعیدی کوڕی بە پشـتیوانیی بەریتـانیـا بە کـودەتایـەک سـوڵتـانی پیـری لابرد. وڵاتەکـە هێـشـتـایش وەکـو هـەر وڵاتێکی تری موسڵمان نەریتی بوو. کاتێک کە من لە سـاڵی ١٩٧٤دا ڤیزام پێ درا، جنسـەکـان بـە چەشنێکی زۆر توندڕۆیانە لێک جـودا ڕادەگـیـران. ژنان هـەر کـات ناچار بووایـەن لە مـاڵ بچنـە دەر مـاسکی ڕوومـەتی ڕەش (بورقـا) و عـەبـای ڕەشی درێژیان هـەبوو. کە دەچوونە دەر، دەبوو لە کـۆڵانە بێـدەنگەکـاندا بوەسـتن، چـونکە شەقامەکـان و مەیدان و بازاڕەکـان سـەرزەوینی تاقانەی نێرینە بوون. چاودێرێکی ڕۆژئاوایی پێی وابوو کە ژنانی عوممان بەشێوەیەکی یەکسـان پاکیزە، گوێڕایەڵ و بێ دەمـارن؛ بەڵام لە پشت ئەم ڕووکەشەوە مـن ڕاسـتـیـیەکی فـرە لایەنم دۆزییـەوە. ژنان ئـازادییـەکی زۆریان هەبوو، پشـتگیـری نەدەکـرا لە شکاندنی ڕێسـاکـانی پاکداوێنی، لەبەر هۆیـەکی سـادە و بەپێی بۆچوونی گشـتی سـەبارەت بە نامـووس، ڕەخنەگرتن لە دیگەران شـەرمهێنەر بوو. نامـووس برێتی بوو لە نیشـاندانی ڕێز و میـوانداریکردن. کـاتێک ژنێک بێوەفـاییی بکردایە ئەو کـەسـەی دەبوو دەسـتـێوەر بدات، هـاوسـەرەکـەی بوو. بەڵام نەبوونی قسـە و قسـەڵۆک مـانای ئەوە بوو کـە ئەو ئاگای لێ نەبوو چی لە ئارادایە. یان ئەگەریش زانیبایەی لەوانە بوو وانیشـان بدات کـە هیچ نازانێت و بـەم چەشنە نامـووسی خـۆی ڕزگـار دەکـرد. ئەمـە چیـرۆکـێکی هاوبەش بوو.(٣٦) لە عوممان هـەر وەکو لە زۆر کـۆمـەڵگەی تریش "نـایەوێت بزانێت" ڕێگەیەکی زۆر ناسراوی ڕاگرتنی نامووس بوو.

لە ڕێوڕەسـمـی زەمـاوەندا شـتـەکـان جـیـاواز بوون، لەبەرئەوەی کـە ئەودەم کـاتی

ئەوە بوو بەڵگەی نامووس بە هەمووان نیشان بدرێت: کچێنی و پیاوەتیی هەردووکیان لە ناوەندا بوون. تەنانەت بەوەشەوە، ڕاستییەکە زۆر جیاواز بوو لە چاوەڕوانییەکانی من. عوممان ئێمە دادەچڵەکێنێت و دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ تێگەیشتنە ڕەنگکراوەکانی ئێمە سەبارەت بە نامووس لە کۆمەڵگە موسڵمانەکان.

### ٦- کچێنی، پیاوەتی و نامووس

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا من و مێردەکەم لە شارێک دەژیاین بەناوی سوحار لە عوممان. سوحار بەوە بەناوبانگە کە شوێنی لەدایکبوونی سیندبادی دەریاوانە.[١] ڕۆژێکیان لە هاوسێیەتیماندا جێژنی هاوسەرکاری بوو. خانووەکەماڵی بنەماڵەی زاوا بوو، ئێمەیش بانگهێشتن کرابووین لە شاییی سێ ڕۆژەی زۆر نایابدا بەشداری بکەین. لە ڕۆژی سێیەمدا جێژنەکە گەیشتە لووتکەی خۆی: زاوا و هەڤاڵەکانی بە ئۆتۆمۆبێل بە ڕۆخی دەریادا چوون بۆ ئەوەی بووک لە ماڵ خۆیانەوە بهێنن. سەفیە تەنیا سێزدە ساڵ تەمەنی بوو، کچێک کە قەت پێشتر تەنانەت تروسکەی پیاوێکی تری بەدی نەکردبوو کە خزمایەتییەکی لەگەڵ نەبووبێت. ئەو کە سەرتاپای جلەکانی سەوز بوو، ڕوومەتی داپۆشرابوو، بە کۆمەڵی میوانەکان ناسێندرا. ئێمە تەنیا دەمانتوانی مەزندە بکەین ئەو چ هەستێکی هەبوو کاتێک هێنرابوو بۆ ئەم شوێنە نەناسراوە بۆ ئەوەی چەقی شانۆ بگرێت لە درامایەکدا کە کۆتاییەکەی هاوسەریەتی لەگەڵ پیاوێکی نەناسراودایە. بیر و هەستی ئێمە بۆ ئەو کچە ئەوە بوو کە ئێستا هیچ ڕێگەیەکی گەڕانەوەی بۆ نییە. لە زۆرینەی بەشەکانی جیهانی موسڵماندا، جیابوونەوە، ئیمتیازی پیاوەکەیە. ئەم بووک-منداڵە وەکو ژنانی تر دەبوو عادەت بگرێت بە ژیانی تازە و تێیدا نیشتەجێ بێت یان دەبوو وای کردبا، ئەگەر چارەنووس دەستی تێ وەرنەدایە.

لە ڕەوتی شاییە سێ ڕۆژانەکەدا، بنەماڵەی بووک مەراسیمێکی هاوتەریبیان لە ماڵی خۆیان هەبوو. ئێستا جووتەکە بەڕێ کران بۆ ساباتی زەماوەندەکە، "کیللە". ئەمە ئەو شوێنە بوو کە ئەوان قەرار وابوو مانگی هەنگوینەکەیانی تێدا بەسەربەرن و یەکتر بناسن. بووک و زاوا قەت پێشتر یەکیان نەبینیبوو: بەپێی بڕیاری داوونەریت، پاش ئەوەی کە سەرپەرشتەکانی ئەوان گرێبەستی هاوسەریەتییان ئیمزا کرد، ئەمە یەکەم چاوپێکەوتنی ئەوان بوو. ئەوان تەنیا پاش ئەوەی کە لە

کـیلـلەدا یەکــتــریـان بینی، بۆ یەکــەم جــار ڕووبەڕووی یەک بـوونەوە، ئەوســا بەڕێکوپێکی وەکـو دوو هـاوســەر چاویان لێ دەکـرێت و هـاوسـەرکـارییـەکـەیان بەتەواوی بەئەنجـام دەگـات. ساباتێک کە بەم بۆنەوە بە گەڵای دارخـورمـا دروست کـراوە بە قـومـاشـی بەڕەنگی دەرەوشـاوە، ئـاوێنە و خـشـڵی زیـو کـە لە خـزمـە مێیینەکـانی زاوا بەقـەرز وەرگـیـراوە، زۆر بەجـوانی رازاوەتەوە. هـەمـوو ئەمـانە بۆ ئەوەی کەشوهەوایەکی خۆشی و فـراوانی بخوڵقێنن ئەمـەش بۆ پێخۆشبـوونی ئەم جووتە گەنجە کە بە خۆشییەوە پێکەوە بیگوزەرێنن. خشڵی زیو "جندۆکەکان" دوور ڕادەگرێت.

جـووتـەکە بۆ مـاوەی شـەش ڕۆژ و حـەوت شـەو وازیان لێ دەهێـنن لە کیللـەکەدا پێکەوە بن پێش ئەوەی ژیانـی ئاسایی ئەوان دەست پێ بکات. لە کیللەکەدا ئەوان هیچ ئەرکێکیـان نییە. هەمـوو ژەمەکانیـان بۆ دەهێنن و کەسێک لـە بنەماڵەی نزیکی بووکەوە لە بـەردەسـتدایە بۆ یارمـەتیدان. هیچ ئەرکێکیـان نییـە، جگە لـە یەکێک؛ ئەوان دەبێت بتـوانن دەسرەیەکی خوێناوی، یان باشـتریشـە دووان بـەرهـەم بێنن: یەکیان بۆ بنـەماڵەی بووک و یەکیش بۆ بنەمـاڵەی زاوا. خـوێنەکە دەیسـەلمێنێت کە بووکەکە داوێنپاک بووە.

کاتێک کە پاش پێنج ڕۆژ دەسرە خوێناوییـەکە بە دایک و بـاوکی بووک نیشـان نەدرابێت، ئەوان دەکەونە خۆ و دەچن بۆ نـووسینگەی پارێزگاری سوحـار و داوای جـیـابـوونەوە دەکـەن بـۆ سـەفـیـە. پەیمانی هـاوسـەریەتیـیـەکـە هەڵوەشـایەوە و مـارەییـیـەکـەیان ("مـەهر") گەڕاندەوە. زاوا، کە خـەرجی جـێژن و شـاییـیـەکـەی کێشاوە، پارەیەکی ئێجگار زۆری لەدەست داوە.

تاقیکردنەوەکـە لە دژی سـەفیـە و عـەبدوڵڵا کـەوتـەوە. بەڵام سـەفـیـە سـەرکـۆنە نەدەکرا. "شـەرمـەکـەی" سـەفیـە دەسـتی لێ نەدرابوو؛ واتە، ئـەو هێشـتـا کچ بوو. هەرچەند ئەم کچە سێزدە ساڵەیە هیچ دەرفەتێکی پەیدا نەکردبوو ئەوە بسەلمێنێت، چونکە زاواکــە لەگــەڵ ئەودا شکســتی هێنا. زاوا نـەیتــوانی بـەشی خــۆی لە تاقیکردنەوەکە جێبەجێ بکات.

کچـەکە دەبوو نیشـانی بدا کە پـەردەی کچێنییـەکەی دەست لێ نەدراوە، بەڵام کوڕەکە دەبووایە کونی بکات. "دەبووایـە"، لانی کـەم ئەو کـات لە عوممان وابوو. لە

وێژەی چۆنیەتی کچێنی و ناموسدا، وێ دەچێت ئەو راستییە ڕەچاو نەکرێت کە لە کاتی زەماوەندکردندا زاوا لەژێر چاودێریی ورددایە و هەروەها بووکیش. زاوا تاقی دەکرێتەوە. ئەو دەبێت بیسەلمێنێت کە پیاوە.

بۆ پیاوێک ئاسان نییە لە کاتێکدا دەبینێت کە جەماوەرێک سەرنجی هەموو جموجۆڵێکی ئەو دەدەن، چاوەڕوانییەکانی هەمووان بەجێ بهێنێت. ئەوە راستە کە دیوارەکانی کیللە کە بە حەسیری پلاستیکی و قوماشی درێژ داپۆشراوە و ئەمانەش تۆزێک دەنگ دەگرن. بەڵام زانینی ئەوەی کە میوانەکانی زەماوەندەکە لە دەرەوەی ساباتەکە ریزیان بەستووە و بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئاکامی خۆشن، ئەمە خۆی ئەوەندە ترسێنەرە کە ژێرپێی پیاوەتیی پیاوەکە خاڵی بکاتەوە. زانیاریدەرەکانی من دەگێڕنەوە کە خەڵکەکە هوڕا دەکێشن بۆ زاواکە (من نەمتوانی ئەمە ببینم، چونکە بۆ ژنێکی گەنج و جوان نەدەبوو کە بەشەو لەگەڵ پیاواندا بەسەر ببات). خودی بووکەکە لەوانەیە سامناک بێت: دەگوترێت کە ئەو بە ددان و نینۆک لە دژی هەڵمەتبەرەکە بەرگری لە خۆی دەکات. ژنە عوممانییەکانی دۆستی من، دڵنیام دەکەنەوە کە "بەڵام رۆژی دواتر بووک ئەوی خۆش دەوێت، چونکە هاوسەریەتی."

خۆ لەوانەیە گێڕانەوەکانی دۆستەکانی من سەبارەت بەهوڕاکێشانی خەڵکەکە و مشتومڕەکان زێدە پێوەنان بێت. بەڵام هیچ گومانێک نەبوو لەوەدا کە ئەوان هۆگری کێ بوون. "ئەتۆ وێنا بکە، پێنج رۆژان! هەمووی پێنج رۆژیان دایە!" لەتیفەی بیست و پێنج ساڵان بە بەزەییی تەواوەوە دەڵێت: "بۆ پیاوێک ئەمە زۆر سەختە. عەبدوو بۆ یەک هەفتەی تەواو پینە کرا. بەڵام پێی گوتم، سەیرکە، تۆ خۆ تەنیا بۆ شەوێک ژنی من نیت. ئێمە ژیانێکی تەواومان لە بەردەمدایە." (لەتیفە عەبدوو لە درێژەدا ئەم خاڵەی سەلماند: سی و سێ ساڵ دواتر، هێشتایش هەر هاوسەری یەکترن و بە شانازییەوە دایک و باوکی دوازدە منداڵن.)

ئاخۆ عەبدوڵڵا هاوسەرەکەی سەفیە، هاوشێوەی ئەو قسە ژیرانەیەی کرد؟ ئێمە نازانین. بنەماڵەی سەفیە سەرەڕای ئەوە بە هیممەتی حکوومەت، زاواکەیان رەت کردەوە. بەپێی یاسای شەریعەی ئیسلامی، نەبوونی پیاوەتی هۆکارێکی بڕوا پێکراوە بۆ ژنێک کە داوای جیابوونەوە بکات؛ لە راستیدا نەبوونی پیاوەتی، لە زۆر

کۆمەڵگەدا نزیکەی تاقە هۆکارە کە ڕێگەدەدات بە ژنێک داوای جیابوونەوە بکات لە هاوسەرەکەی. لە حاڵەتی سەفیەدا، ئەمە زیاتر هەڵوەشانەوە بوو هەتا جیابوونەوە. ئەو دواتر هێشتا کچ بوو. هاوسەریەتیی ئیسلامی هەروەکو پێشتر باس کرا چەندان قۆناخی هەیە، ڕەوتەکە هەتا ئەو کاتەی کە بووک و زاوا بەتەواوی سێکسییان نەبێت، بە کامڵ ڕەچاو ناکرێت. ڕێککەوتننامەی هاوسەریەتی هەر بەڵگەیەکی یاساییە. هاوسەریەتیی کامڵ داخوازیگەلێکی زیاتر لەوەی هەیە.

هاوڕێ مێیینەکانی من ئامۆزای سەفیە بوون، بەڵام هێشتایش هەر پێیان دادەگرت کە، "پیاوانێکی زۆر شکست دێنن. عەبدوڵڵا تاقە کەس نەبوو!" هەروەها دەیانگوت، "ئەمە بەشێوەیەکی ترسناک بۆ پیاوێک شەرمهێنەرە. ئەو ئیتر ناوێرێت لەگەڵ ژنێکی تر لە عوممان بچێتە ناو هاوسەریەتییەوە. دەچێت یەکێک لە میسر یان ئوردن دێنێت. ئەوان هاوچەرخترن."

ئەمە ڕاستە. لەو کاتەدا تاقیکردنەوەیەکی ئاشکرای کچێنی و پیاوەتی بەرەو ئەوە دەچوو نەمێنێت؛ بەلایەنی کەمەوە لەو ناوچانەی قاهیرە کە من لەساڵی ١٩٦٩ەوە ناسیومن، میسرییەکی زۆر، هەروەها لە چینەکانی خوارەوە، بووبوونە "هاوچەرخ." بە زۆرێک لە جووتە هاوسەرەکان دەرفەتی ئەوە دەدرا پێکەوە و لەنێو خۆیاندا شتەکە ببڕنەوە، ئەوەندەی کە بتوانن لە بەیانیدا بەڵگەیەک _ دوو دەسرەی خوێناوی – بەنیشانەی داوێنپاکیی بووکەکە بەرهەم بهێنن. ئەم بۆچوونە بۆ هاوسەریەتی پێی دەگوترا ڕێگەی بیانی (عەفرەنگی)، ئەوی بەرامبەرەکەی ڕێگەی خەڵکی (بەلەدی). ئەوەی کە چۆن ئەو جووتە خوێنەکە فەراهەم دێنن، ئەوە کێشەی خۆیان بوو (ئەمە هێشتا ئەمڕۆیش ڕاستە، چونکە داوای بەڵگە هێشتا لەنێو نەچووە). ئەوان، جگە لە شتە ڕاستەکە خۆی، چەند بژاردەیەکیان هەیە: بۆ نموونە خوێنی لووت، یان قامکێکی بریندار. تەنانەت خوێنی مریشکیش دەکرێت. بەڵام ئەمە پێش مەرجەکەی ئەوەیە کە ئەو دوولایەنە ڕێک کەوتبن، کە هەڵبەت ئەوە ئاسان دەبێت ئەگەر ئەوان یەکتریان هەڵبژاردبێت و بیانەوێت پێکەوە بژین. ئەمە بۆ زۆربەی هاوسەرەکان ئیمڕۆیش ڕاستە و ئەم ئاڵوگۆڕانە هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە بەرێوە بووە. داوونەریتە کۆنەکان بە پتەوی بەرەو یەک ئاراستە ڕۆیشتوون، لە هاوسەریەتیی پلان بۆ داڕێژراوەوە (کە بە پلەی جۆراوجۆر بە پاڵەپەستۆ و زۆر دەکرا) بەرەو هاوسەرکاریی ئەویندارانە (زواج الحب).

هاوسەرکاریی ئەویندارانە ئەوەیە کە زاوا و بووک یەکیان هەڵبژاردووە و پێش زەماوەندەکە دەرفەتیان هەبوو یەکتر ببینن و پێکەوە ئاشنا بن، تەنانەت ئەگەر لەژێر چاودێریی وردی کەسێکیشەوە بووبێت. ئەوان شەوی زەماوەندەکەیان پێکەوە دەبن بە تەنیا و لە ژوورەکەی خۆیاندا، کە ئەمە ئاسوودەگییەکی دەبێت هەم بۆ بووک و هەم بۆ زاوا، وەکو یەک. هاوڕێکانی من لە عوممان بەوە دەڵێن "شێوەی هاوچەرخ."

هەڵبەت بۆ پیاوانی میسریش بە ئاشکرا لابردنی کچێنیی بووکەکەیان، نەبەردێک بووە. من بەسەرهاتی زۆرم بیستووە سەبارەت بەو پیاوانە کە بۆ کڵۆڵیی خۆیان، نەیانتوانیوە پەردەکە بە پەنجەیەک بدڕێنن _ ئەو چەشنەی کە باو بوو _ ڕێک لە پێش چاوی کۆمەڵێک لە خزمانی مێیینە. دواتر، لەژێر چەپڵەلێدانی زۆر توندا یەکێک لە ژنەکان هەنگاو دەنێتە پێش و سەیری خوێنەکە دەکات کە دەچۆڕێت. هەرچۆنێک بووبێت. ئەگەر بنەماڵەکە گومانیان بکردایە لەوەی کە شتەکان بەڕێکوپێکی نەچووەتە پێش، دەشێت لەبەرئەوەی کە بووکەکە لای یەکێک لەوان بە متمانەوە درکاندبێتی، ڕێگەچارەی تر هەبوو: پەردەیەکی دەستکرد یان کیسەیەکی پلاستیکیی پڕ لە خوێن خرابێتە ناوەوەی زێی کچەکەوە. هیچ کەس نایەوێت تووشی کێشە ببێت.

مەبەستی من لەم بەسەرهات و نموونانە ئەوەیە کە ڕووناکاییەکی نوێ بخەمە سەر نامووس و داوێنپاکی. حاڵەتی سەفیە تاقانە نییە. کچێنی و پیاوەتی دوولایەنن لە هەمان دیاردە. ئەمە لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەڵگەی ئاشکرا بۆ کچێنی و پیاوەتی پێویستە، ڕیزێک کێشە دەخوڵقێنێت. توێژینەوەکەی من لە عوممان (٧٦-١٩٧٤) دنیایەکی نوێی بۆ من کردەوە. من تا ئێرە لایەنە ڕانەگەیەندراوەکانی نەریتەکانی هاوسەریەتیم باس کردووە. بەپێی تێگەیشتنی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، داوێنپاکی کێشەیەکی زۆر جیدی بوو، هێشتایش هەیە. وێنە راستەقینەکە ئاڵۆزی و سێبەری زۆر زیاتر لەوانەی هەیە. ئێمە بۆ ئەوەی رادەی رەنجەکان و دۆخی تەنگی پیاوانمان بۆ دەرکەوێت پێویستمان بە زانیاری هەیە لە ژوورەوە و لە پشت رووکەشە کۆمەڵایەتییەکانەوە. هاوڕێ ژنەکانی من لە عوممان بەزەییان دەهاتەوە بە عەبدوڵڵادا. "پێنج ڕۆژ! تۆ وێنای بکە، تەنیا پێنج ڕۆژ... کابرای فەقیر."

ئاشکرایە کە راگەیاندنی شکستی پیاوەتی لە بەرژەوەندیی خودی پیاواندا نییە. توێژینەوەکانی رۆڵی جێندەر لە رۆهەڵاتی ناوەڕاستی موسڵماندا هەتا ناوەڕاستی حەفتاکان نیشانەی دەمارگرژیی نێرینەی پێوە دیارە؛ زۆرینەی لێکۆڵینەوەکان پیاوان کردوویانە. دوایە ژنانێکی هەرچی زیاتر دەستیان کرد بەکارکردن لەم مەیدانەدا و ئێستا نموونە یەکشێوەکان لێک جیا دەبنەوە. لە وێژەی خەیاڵی، شانۆ و لە فیلمدا هەم لەلایەن پیاوان و هەم ژنانەوە "هەواڵنێرانی لە ژوورەوە" بۆ هزری رەسمی و نەریتی رۆئاواییش هەر ململانێیەکی گرینگ بووە. بەڵام تەنانەت ئەمڕۆکەیش ئێمە سەبارەت بە راستیی کێشمەکێشە ورووژێنەرەکان و بژارە نیگەرانەکان کە لە گێڕانەوەکەی من بۆ بەسەرهاتەکەی سەفیەوە دەرکەوتووە، زۆر کەم دەزانین.

لەو کاتەوە تا ئێستا کردەوەکان لە عوممان لە گۆڕاندا بوون. ئەگەر پیاوان ئەم ئاڵوگۆڕانەیان هێناوێتە پێش، من سەرسووڕ نامێنم. بەڵام من لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦ هەتا ٢٠٠٠دا هیچ دەرفەتێکم نەبوو بگەڕێمەوە بۆ عوممان و سەرنجی ڕەوتەکە بدەم. من هەر بەرهەمی کۆتاییم بینی: ریزێک لە رێساکانی هاوسەریەتی داوونەریتی باشووری عەرەبستان لەناو چوون و لەگەڵ ئەوانەشدا خواستی تاقیکردنەوەی پیاوەتی پێچراونەتەوە.

ئەگەر زاوا شکستی هێنابایە، بۆی دەبوو بە شەرمەندەگییەکی زۆر خراپ. هاوسەرکارییەک لەگەڵ کەسێکی بێگانە لە ئارادا بوو، دەشبوو لەباری ماڵییەوە بیدۆڕێنێت. ئەوە راستە کە دیارییەکانی بووکێنی دەگێڕنەوە هەرچەند لێرەدا من زۆر دڵنیا نیم. دەشێت زاواکە تەنیا ئەو بەشەی پێ گەیشتبێت کە "لەژێر مێزەکەدا" نەبوو. هەر لە سەرەتای حەفتاکاندا عوممان و وڵاتانی تری کەنداو وەکو وەڵامێک بۆ داواکاریی زێدەخوازانەی بنەماڵەی بووکەکان و بەمەبەستی ڕاگرتنی ئەوەی کە بووبوو بەهەڵاوسانێکی ئابووریی فراوان، سنوورێکیان بۆ میچی دیارییەکانی بووک دیاری کردبوو. ئەم یاسایە تەنیا کارتێکردنێکی سنوورداری هەبوو. کەسانێکی زۆر لەژێری دەردەچوون و بەبێدەنگی تێچوونەکەیان دەدایەوە. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چەشنە مامەڵەکردنانە بابەتگەلێکی هەستیارن، من هیچ دەرفەتێکم بۆ هەڵنەکەوتووە کۆنترۆڵی بکەم بزانم لە راستیدا چی ڕوو دەدا لەو حاڵەتەدا کە زاواکە لەبەرئەوەی پیاوەتیی لێ نایەت ڕەتی دەکەنەوە. لە کاتی

دانوستاندن لەگەڵ بنەماڵەی هاوسەرەکەی پێشوویدا، بژارەکانی پیاوەکە چین؟

ئەوەی کە ئێمە بە دڵنیاییەوە دەیزانین ئەوەیە کە پیاوەکە نامووسی خۆی لەدەست داوە _ نامووس، واتە لە ناوەڕۆکی پێگەی کۆمەڵایەتیدا. لەوانەیە لەودا متمانە بەخۆیش ئازاری دیبێت. لێرەدا چەمکی پێوەندیداری نامووس بەربڵاو یان شاقوولییە: نامووس وەکو بایەخ بۆ هەڵسەنگاندنی خۆ و هەڵسەنگاندنی کەسانی تریش. سەرەڕای ئەوەش جێی خۆیەتی دووپات بکرێتەوە کە خەڵکەکە لە دادوەریکردنەکەدا یەکگرتوو نەبوون و بە تایبەت ئەو ژنە گەنجانەی من قسەم لەگەڵدا کردن وێ دەچوو بەدڵ هاوهەستی بکەن.

لەلایەکی ترەوە، داهاتووی سەفیە روون دەینواند. ئەو وەکو کچێکی جیابووەوە و دارای کچێنی دەیتوانی سەری بەرز ڕابگرێت. ئەو هێشتا کچ بوو، نەک ژن. بە عەرەبی، وشەی کچ یان پاکیزە (بنت) واتە سێکس نەکردوو. ئەمەش بۆ سەفیە ڕاست بوو. واتە هەتا ئەو کاتەی کە خوازبێنیکارێکی تر دێت و سەرکەوتوو دەبێت. سەفیە تەنیا سێزدە ساڵ تەمەنی بوو. کات لەلایەنی ئەوەوە بوو.

(چەند بەشێکی تر لە بەسەرهاتی کچەکە: سەفیە هاوسەرکاریی کرد و دواتر جیا بووەوە. ئەمجارەیان سووچی ئەو بوو. پاش ماوەیەک کە ژنێکی هاوسەردار بوو، بوو بەئەوینداری پیاوێکی تر. ئەمە تایبەتمەندیی داوونەریتە کۆمەڵایەتییەکانی عوممانە کە بنەماڵەی مێردەکەی زۆریان قرە لەسەر نەکرد: ناچارکردنی ژنەکە لەوانەیە مەترسیدار بێت چونکە ئەو دەشێت بێوەفا بووبێت. من بیستوومە کە سەفیە بۆ جاری سێیەم ئێستا هاوسەریەتییەکی بەختەوەرانەی هەیە.)

بەڵام لە حاڵەتێکی تردا، ئەو بووکەی کە دەسرە خوێناوییەکەی نەبێت و نەیسەلمێنێت بێ گوناهە، تەنیا دەتوانێت لۆمەی خۆی بکات. دەگوترا کە ئەو لەگەڵ یەکێک لە ئامۆزاکانیدا وادەیەکی نهێنییان هەیە، لە کاتێکدا بە لاسارییەوە دەچووە ناو دارستانێکی دارخورما بۆ دەست بە ئاوگەیاندن (نەریت دەخوازێت کە جیاکردنەوە هەبێت، ژنان دەچنە دارستانی دارخورما لە کاتێکدا پیاوان لە کەناری ئاو کەڵک وەردەگرن.) ئەو لە تاقیکردنەوەی کچێنیدا سەرنەکەوت. ئەوەی کە بڕیار بوو ببێتە هاوسەری چوو بۆ لای پارێزگار و داوای جیابوونەوەی کرد. داوەرییەکە ڕاستەوڕاست بوو: لەو کچە بگەڕێ بە ئارامی بڕواتەوە. ئەتۆی زاوا، مافی ئەوەت

هەیە دیاریی بووکانەکە وەربگریتەوە، بەڵام تێچوونی زەماوەندەکە نا. پاش ئەوەی هەموو شتێک ئاشکرا بوو، پیاوەکە بڕیاری دا ئەو وەکو ژنی خۆی بهێڵێتەوە.

ڕێسای نامووس لە عوممان لەوە سەختتر نییە. ئەوە نەک ئەرکی تاکەکان بگرە کۆمەڵگەیە – دەسەڵاتی گشتی – کە بۆی هەیە دەستی تێوەر بدات و ئەگەریش داوای لێ کرا، پێشێلکاریی ڕێسا سزا بدات. دەسەڵاتدارانی عوممان کۆنترۆڵێکی بەهێز و دیکتاتۆرانەیان هەیە و ڕێگە نادەن بە کردەوەی تۆڵە ئەستێنەرانەی تاکەکەسی. بیر و بۆچوونی مرۆڤانە پەرەی ئەستاندووە. هەر لە ساڵی ١٩٧٤ەوە کە سوڵتان قابووس بن سەعید وەکو سەرۆکی حکوومەت دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، وڵات خوێندنەوەیەکی مرۆڤانە و لیبراڵی لە ئیسلام بەدی کردووە کە تێیدا و لە چوارچێوەی سنوورگەلێکی دیاریکراودا ژنان ئازادییەکی زۆریان دراوەتێ. هەروەکو هێندێک لەوان لە ساڵی ١٩٧٤دا دەیانگوت، "تەنانەت کاتێک پیاوەکە مافی هەیە (حق)، ژن مافی پێ دەدرێت."

ئەمە بەشێکی سەرەکی لەو بەسەرهاتەیە کە من ئێستا گێڕامەوە سەبارەت بەو بووکە داوێنناپاکەی کە لەگەڵ ڕەوتی زەماندا، ناچار بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی هەڵبکات کە دوو ژنی تری بەسەردا هێنا. من یەک تاقە ژنی عوممانیم نەبینیوە کە ئاواتی چارەنووسێکی وەها بخوازێت. من ناتوانم دڵنیا بم ئاخۆ پیاو بە واتای هەیبەت و ناوبانگ، قازانجی نامووسی دەکات لەوەدا کە ژنانێکی زۆرتر دێنێت. باشترین زانیاریدەرانی من ژنان بوون و ئەوان ئەوەیان ڕەت دەکردەوە. دیسانیش ژنان گرینگترین گوێگرەکان نین بۆ پیاوان.

بەسەرهاتی سەفیە ئەوە دەهێنێت کە لە چوارچێوەی باس و گفتوگۆ لەمەڕ نەشتەرکاریی پەردەی کچێنی لە وڵاتانی سکاندیناڤیادا بگێڕدرێتەوە. ساڵی ٢٠٠١، لە کلینیکی ڤۆلات کە ناوەندێکی گەورەی پزیشکیی بەشی تایبەتە لە ئۆسلۆ، دە پەردەی کچێنیی دڕاو چاک کرانەوە. ئەم کارە لەلایەن "ئەنجوومەنی ڕەوشتی پزیشکیی نەرویج"ەوە ڕاگیرا بەڵام ساڵێک دواتر دیسانەوە دانرایەوە. ئەمجارەیان بە پێچەوانەی داوای "ئەنجوومەنی ڕەوشتی پزیشکی" بەڵام لە وەڵامدانەوە بە داخوازی کچانێک کە مەترسیی کوشتنیان لەسەر بوو. قسە و باسێکی گشتی بەدوایدا هات: هێندێک باسی ئەوەیان دەکرد کە دەسەڵاتی بەشی

تەندروستی دەبێت تێچوونی چێکردنی پەردەیەکی دەستکرد بدات بە نرخێک نزیکی دە هەزار کرۆنی نەرویجی (نزیکەی هەزار و هەشت سەد دۆلار). کەسانێکی تر هەم بە پێشینەی کۆچبەری و هەم نەرویجییەکان دەیانگوت کە ئەم کردارانە پێویستە قەدەغە بکرێت. ئەوە راستە کە وەئەستۆگرتنی دروستکردنەوەی پەردە "بە پارەی خۆشبژێێتی" مانای ئەوەیە کە دەوڵەت لە بۆچوون و کردەوەگەلێک پشتیوانی دەکات کە دەبێت دژایەتییان بکات. پێویستە ئامانجەکە ئەوە بێت کە مێشکی دایک و باوکەکان و هەروەها پیاوە گەنجەکان، کە لە نورویژ لەدایک بوون و گەورە بوون بگۆڕدرێت. ئەوانەی کە دەیانەوێت چێژ ببینن لەوەی کە ژیان پێیان دەدات لە کاتێکدا کە هەمان خۆشی بۆ خوشکەکان و ئامۆزا مێینەکانیان قبووڵ ناکەن.

رەسووڵ عەولا کە زانستکارێکی کۆمەڵایەتییە و بە رەچەڵەک خەڵکی کوردستانی عێراقە، لە ستوونێک لە رۆژنامەیەکی سوێدیدا باسی ئەوەی کرد کە فادیمە کچێنیی نەمابوو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە ئەو چارەنووسەی پەیدا کرد، نەک ئەوەی کە لەگەڵ پیاوێکی سوێدی چووبووە دەرەوە.[٢] هۆکاری راستەقینەی بێناموسبوونی بنەماڵەکەی ئەوە بوو کە ئەوینداری ئەو بۆ پیاوێک، کە دەشیا پێوەندییەکی سێکسیی لەگەڵی هەبووبێت، بووبوو بە زانیاریی گشتی. مەبەستەکەی عەولا ئاشکرایە: ئەو کچانەی کە بە نهێنی کچێنیی خۆیان دەدۆڕێنن شتێکە، بەڵام ئەگەر ئەوان ئەم راستییە ئاشکرا بکەن ئەوە بەتەواوی شتێکی ترە. کاتێک پێوەندییەکی دڵداری دەبێتە زانیاریی گشتی، ئیتر ئەبێتە دەوەی کە "هەموو کەس دەزانێت".

بەسەرهاتی سەفیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە نامووس لە هەموو شوێنێک هەمان نەخشی نییە. لە هێندێک کۆمەڵگەی نەریتیدا، لەوانە هی موسڵمانەکان، سەرەڕای رێسای توندوتۆڵ سەبارەت بە رەفتاری سێکسیی کچان و ژنان، ئاکارگەلی مرۆڤانە زاڵە. کێشەکە ناگەڕێتەوە سەر ئیسلام یان کولتووری عەرەبی و کوردی، بگرە لە هێندێک تاقمی ناوچەییدا بوونی هەیە و ئەم تاقمانەش پارێزگاری لە بۆچوونەکانیان دەکەن و بەچەشنێک کەڵکئاوەژوو لە دەسەڵات وەردەگرن کە دەبێت پێشی پێ بگیرێت. لە ئەورووپای نوێدا ژیانی هێندێک ژنانی گەنج لەلایەن ئەو خزمانەوە لەژێر هەڕەشەی مەرگدایە کە پێداگری دەکەن دەبێت کۆنترۆڵی کاملی

لەشی ئەوان بکەن. ئەمە ئێجگار زۆر جیدییە. لە هەمان کاتدا، ئەوە گرینگە کە ئێمە ئەم کێشانە بکەین بە کێشەی خۆمان بەبێ ئەوەی گشتاندن بکەین. ئەمانە سەر بە شوێنگەلێکی تایبەتین و نەک هەر ئەوەی کە "کێشەگەلی موسڵمانان" بن.

یان لە هەمان بابەتدا هی مەسیحییەکان بن: ئاننا ژنێکی گەنجی سوێدی ـ سوورییایی بوو بەڕەچەڵەک مەسیحیی ئاسووری. ئەو وەکو کچێک بۆی نەبوو کە هاوڕێی خۆی هەبێت و دەبوو پاش تەواوبوونی کاتی خوێندنگە دەستبەجێ بگەڕێتەوە ماڵەوە و هی تریش. ئاننا دەڵێت : "من مەمنوونم لەو پەروەردەکردنەی هەمبووە. بەڵام ئارەزووم دەکرد کە منداڵییەکەم زیاتر وەکو کچەکانی تر بووایە و بمتوانیبا نەوجەوانێکی ئاسایی بم. لەناو ئێمەدا نائاسایی نییە بۆ کچان کە تەمەنیان تەنیا دە ساڵ بێت، یان بەهەرحاڵ هەرکە بالق بوون، بەشوو بدرێن. لە کاتی شووکردندا تۆ دەبێت کچ بیت؛ ئەمە یاسایەکی ڕەهایە. ئەگەر وا نەبێت، تەواوی بنەماڵەکەت بێناموس کراون. تەنانەت لەم ڕۆژگارەشدا جووتە هاوسەرەکە دەبێت بتوانن بەیانیی ڕۆژی دواتر دەسرە خوێناوییەکە نیشان بدەن بۆ ئەوەی بە بنەماڵەی بووکەکە بسەلمێنن کە کچەکە داوێنپاک بووە. بەکارهێنانی لوولە لۆکەی خوێنی مانگانە بەتەواوی قەدەغەیە."[٣]

دەکرێت زۆر وابێت کە ئەم ڕەفتارانە لەناو ئاسوورییەکانی سوێددا وای کردبێت کە ئەوان زۆر کۆنەپارێزترن لە ڕەفتارەکانی خودی سووریا. لە ساڵی ١٩٩١دا (شەش ساڵ پێش چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ "ئاننا")، بووتاینا شەعبان کە مامۆستایەکی وێژەی ئینگلیزی خەڵکی سوورییایە نووسی، "لەمڕۆکەدا، ڕەفتاری پیاوانی گەنج بەرامبەر کچێنی لە گۆڕاندایە (هەرچەند هیچ پیاوێک بەئاشکرا ئەمە ناسەلمێنێت) و خەریکە بەتەواوی ئارامدەبێتەوە و لێ تێ دەگەن." بەڵام، بەپێی یاسای سووریا ئەگەر بووکەکە کچێنیی نەبێت، پیاوەکە دەستبەجێ مافی جیابوونەوەی پێ دەدرێتێ و هەموو دیارییەکانی بووکێنی کە داویەتی بۆی دەگەڕێتەوە.[٤]

کتێبەکەی شەعبان بە شانۆیەک دەست پێ دەکات کە لە مێشکی ئەودا وێنای کردووە. ڕەنگدانەوەی ژیان لە لادێیەکی بچووکدا. شەعبان لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨دا لەسەر ڕێگەی خوێندنگەیە کاتێک چاوی بە هاوکلاسێکی دەکەوێت

بەنێوی عەزیز. ئەو "بە شادییەوە خەریکە لە گردێکەوە لە ناوەڕاستی ئاواییدا دێتە خوار، خەنجەرێکی بەدەستەوەیە کە خوێنی لێ دەتکێت و گۆرانی دەڵێت: من کچەکەم کوشتووە و نامووسی بنەماڵەکەم پاراستووە!" دەڕوات بۆ بازگەی پۆلیس، خەنجەرەکە دەداتە دەست دوو پۆلیسەکەی لە بەردەرگە راوەستاون و بەدەنگێکی بەرز کە هەمووان گوێیان لێ بێت دەڵێت: "من خوشکەکەی خۆم کوشت و ئێستا هاتووم خۆم بدەمە دەست دادگە." هەرسێ کەسەکە بە پیاسەکردن و بەدەمەتەقێی خۆشەوە چوونە ژوورەوە بۆ بازگەی پۆلیس.(٥)

یاسەمین خوشکی عەزیز تەمەنی پازدە ساڵ بوو. ئەویان ناردبوو بۆ کارکردن وەکو خزمەتکار لە لبنان و سەرەنجام "دووگیان بووبوو." بنەماڵەکە هەژار بوون و مزی کارەکەی وەکو یارمەتییەک بۆ دایکە بێوەژنەکەی و سێ برا گەورەکەی یاسەمین کە هەموویان دەچوونە خوێندنگە زۆر گرینگ بوو. یاسەمین لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە دەستی بەکار کرد بوو. شەعبان بۆمان دەگێڕێتەوە کە کاتێک هێنایانەوە ماڵەوە، جلێکی جوانی لەبەردابوو، وەکو هەر کچێکی شاری. کچەکانی گوندەکە پەسنیان دەدا. دواتر دەنگۆی ئەوەی کە یاسەمین دووگیانە دەستی کرد بەخولانەوە. پوورەکەی لەبەر خۆیەوە دەیگوت، هیچ دووکەڵێک بەبێ ئاگر نابێت؛ ئەو چوو بۆ لای دایکی شەعبان بۆ ئەوەی بزانێت دواتر چی بکات. ڕاوێژی ئەویش ئەوە بوو کە دەستبەجێ یاسەمین نیشانی دوکتورێک بدرێت. دووگیانبوونەکەی سەلمێندرا و یاسەمین دیسانەوە دوور خرایەوە، ئەمجارەیان بۆ گوندێکی دراوسێ بۆ ماڵی سەرۆکی گوند (ئەلموختار). ئەو لەوێ دەبوو لە هێمنایەتیدا بێت. نەریتی عەرەبی ناچارت دەکات هەموو کارێک بکەیت، تەنانەت ئەگەر مەترسیی کوشتنیش هەبێت، بۆ ئەوەی ژیانی کەسێک کە پەنای بۆ هێناویت رزگار بکەیت. یاسەمین شەوانە لە نێوان دوو کچەکەی کابراکەدا لە نوێنێکی هاوبەشدا دەنووست. بەڵام عەزیز چووە ژوورەوە و هاوڕێکانی یاسەمین بەدیمەنێکی سامناک وەخەبەر هاتن: یاسەمین بەمردوویی لە گۆمێکی خوێندا ڕاکشابوو.

شەعبان دەگێڕێتەوە: "بەپێچەوانەی زۆرینەی تاوانکاران، کە دەیانەوێت هیچ پێشوێنێک لە خۆیان بەجێ نەهێڵن، عەزیز دەستی خستە ناو خوێنە گەرم و بێ گوناهەکە و سەرکەوتووانە چووە دەر بۆ ئەوەی بەئاشکرا جێژنی شوشتنەوەی نامووسەکەی بگرێت."

ســــزاكـــەی تەنیـــا بـوو بـە شـــەش مـــانگ لە زینداندا: "لەوە زیاتریش، ئەو بەهـەناســـەیەكی پاڵەوانانەی ڕەمــزاوییــەوە لـە زیندان هاتە دەر." لـەگــەڵ ڕەوتی زەماندا عـەزیز بوو بەیەكێك لە گرینگترین پیاوەكانی گوندەكە. پاش سـەفەرێك بۆ پارە پـەیداكــردن لە كــەنداو، عــەزیز گــەڕایـەوە و نانەواخــانـەیەكی كــردەوە، "بۆ خـۆراكدان بەخـەڵكی گـوندەكـە بە نانێك كە بەهـەمـان ئەو دەسـتـانـە دەكران كـە گەرووی خوشكەكەی پێ بڕیبوو و خستبوویە ناو خوێنەكەیەوە."[٦]

بۆ یاسەمین مەراسیمی ناشتنیش بەڕێوە نەچوو. شەعبان پشتڕاستی دەكاتەوە كە ئاساییە مەراسیمی ناشتن بۆ قوربانییانی كوشتنی نامووسی بەڕێوە نەبرێت؛ ئەوان تەنانەت پاش مەرگەكەشیان، وەدەر نراون.

لە گێڕانەوەكەی شەعباندا لەسـەر ژیان و مـەرگی یاسـەمین وێ دەچێت كە ژنان لایەنی كچـەكەیان گرتبێت. پوورەكەی بەلایەنی كەمەوە پەناگایەكی بۆ دەدۆزێتەوە، یان بەلایەنی كـەمـەوە وا بیر دەكاتەوە. دایكی یاسـەمین هێندێك ڕاوێژی ژیرانەی دەداتێ.

ئەمـە بابەتێكە لە بەسـەرهاتەكانی كوشتنی ناموسیدا دووپات دەبێتـەوە: ژنان تێ دەكۆشن ژنان بپارێزن. بەڵام ئەمە هەموو كات وا نییە. دایكانێك دەناسرێن كە چوونەتە نـاو پلانگێـڕان بۆ كـوشـتنی كـچـەكـانیـان. نموونەكـان دایكی "سـەمـیـیـە سـەروەر"ی پاكسـتـانی و دایكی "باسـمـە"ی فـەلەسـتـینی لە لاپەڕەكانی پێشـوودا دەگرێتەوە. بەڵام زەحمەتە دڵنیابین لەوەی كە خەڵك بەراستی چییان دەوێت و چی دەڵێن دوای وەدیـهـاتـنی كـوشـتـنەكـە. زۆرتر وا دەبێت بڵـێین ڕاڕاییـیـەكی قـووڵ دێتـەپێش: خـەمـباری تێكەڵ لەگـەڵ ملكەچییێتی. لە حـاڵەتەكـەی "دێش راج"دا لە هیندسـتـان، دایكی لە حـاڵەتێكی زۆر نموونەیـی دابەشـبـوون بەسـەر دوو دۆخی بیركردنـەوەدایە. دایكەكە دەڵێت، "ئەو كوڕە لەوانـەیە شیـاوی مردن بووبێت"، بەڵام دواتر لێی زیاد دەكات، "نەدەبوو ئـاوا بێتە پێش، بەبێ ئەوەی كـەسـێك هـەوڵ بدات كارێكی بۆ بكات."[٧] باوكانیش هـەروەها جاری وایە نـائومـێد دەبن. باوكی دێش راج لە شـوێنی مـردنی كوڕەكـەیدا بێ بزووتن مـایەوە، شـوێنەكـە بەخـوێن سـوور بووبوو كە ئەو نەیدەدی. ئەو نـابینا بوو. لەوانەیە ئەوە چەشـنێك بەرەكـەت بووبێت. ئاخۆ ئەو دەیتوانی بەرگەی ئەو دیمەنە بگرێت؟

لەوەتی ئەو کاتەی کە من چەند ساڵێک لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارنشینەکانی قاهیرەدا وەکو "ئەندامێکی بنەماڵەکە" دەژیام، بەسەرهاتی دڵەڕاوکێی دایکێک لە مێشکمدا چەقیوە کاتێک کە کچەکەی لە مەترسیی لەدەستدانی کچێنیدا بوو و ئەو بێناموسییەی کە ڕەفتاری ئەو کچە دەهێنایە سەر بنەماڵەکە.(٨) ئەمە بەسەرهاتێک بوو کە چەندان جار بۆم گێڕدرابووەوە و من لە ڕاستیدا شایەتی هێندێک لە ڕووداوەکان بووم کاتێک کە دەقەومان.

عەفاف کاتێک کە دەستی کرد بەوەی کە ئێواران لە ماڵ بچێتە دەر تەمەنی شازدە ساڵ بوو. بنەماڵەکەی نەیاندەزانی دەتوانێت لە کوێ بێت و بۆ دۆزینەوەی شەقامەکانیان بەوردی دەپشکنی. جاری وابوو کاتێک کە لە ماڵی هاوڕێیەک یان خزمێک دانیشتبوو دەیاندۆزییەوە، بەڵام جارەکانی تر بێهوودە بەشوێنیدا دەگەڕان. کاتێک کە دەهاتەوە ماڵ، جاری وایە زۆر درەنگان، تەمبێیان دەکرد.

دایکی دەیگوت، "ئەو ئێمەی شێت دەکرد. هەموومان هەوڵمان لەگەڵی دەدا، منیش هەروەها. باوکی بە کەمەربەندەکەی یان یەکێک لە پێبەندەکانی لێی دەدا. دوو خوشکە گەورەکەی بە قژ ڕایان دەکێشا و بە شەپلاغە بە گوێیاندا دەدا. براکانی بە لێدان هاواریان لێ هەڵدەستاند. هیچ فایدەی نەبوو. ئێمە هەموو ئەم پرسیارانەمان لێ دەکرد. لە کوێ بوویت؟ هیچ کوێیەک. چیت دەکرد؟ لە هیچ زیاتر وەڵامێکمان وەرنەدەگرت. کاتێک دەمانپرسی بۆچی ئەو هەمووە بەڕەڵڵاییە دەکات، دەیگوت ماڵەوە جەهەننەمێکی تەواوە. من ئێستا لەو باشتر تێ دەگەم. ئەو نەیدەزانی چی دەکات. ئەو نەخۆشیی دەمارەکانی هەبوو.

"ئێمە لەوە تۆقیبووین کە چی لێ بەسەر دێت. شەرمیشمان دەکرد لەوەی کە بە شەقامەکاندا بگەڕێین و لە خەڵک بپرسین ئاخۆ ئەویان بینیوە. ئەو هەموومانی کردبووە مایەی پێکەنین. خەڵک پێیان وابوو کە ئەو چیی تر کچێنیی نەماوە. خوایە لێم ببوورە، من ئیدی لە خۆیشم دڵنیا نیم."(٩)

ئاخۆ بنەماڵەکە وایان کرد کە عەفاف کۆنترۆڵ بکەن؟ نا نەیانکرد، بەپێچەوانەی بنەماڵە سوێدی _ ئاسوورییەکەی ئاننا کە بردیان بۆ لای پزیشکی ژنان و دڵنیا بوون لە دۆخی پەردەکەی. بنەماڵەی عەفاف ڕوانگەیەکی شلتریان هەبوو. لەوانەیە دایکی زۆر ئاسان بەخۆی گوتبێت، "بەیانی ڕۆژێکی ترە." دەشێت پێی وابووبێ کە

ئەوان لەوانەیە چاوەڕێ بکەن هەتا ئەو کاتەی عەفاف خەریکە شوو بکات جا کونترۆڵی بکەن، ئەمەش دەکرێت چەندان ساڵی پێ بچێت. لە کۆتاییدا ئەوە عەفاف خۆی بوو کە بڕیاری دا بەڵگەیەکی ڕەسمی بێنێت بۆ کچێنییەکەی. ئەو دەیویست بەشێوەیەکی نەریتی و نەک مودێرن هاوسەرکاری بکات؛ ئەمەش بەو مانایەیە کە کاتێک مێردەکەی نامووسەکەی "دەگرێت" شایەتێک لەوێ ئامادە دەبێت. من پرسیارم نەکرد کە ئەوە کێ بوو کە لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەکەی ئەنجام دا: مێردەکەی یان خزمێکی مێیینە پەنجەی بەکار هێنا. وەکو دەرکەوت عەفاف "کچ بوو". ئەمە ساڵی ١٩٨٩ بوو و عەفاف بیست و حەوت ساڵان بوو. ئەو خۆی هاوسەرەکەی هەڵبژاردبوو، بەڵام گوێی گرتبوو بۆ ئامۆژگاریی براکەی و زاوایەکیان، کە هاوڕێی مێردەکەی داهاتووی بوو.

بەسەرهاتەکانی ئەم بەشە پێکەوە دانراون بۆ ئەوەی پانتاییی لایەنەکانی ڕەفتار بەرامبەر بە کچێنی و نامووس لە هێندێک ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان بدرێت. ئامانجێکی تر ئەوە بووە کە بۆچوونە ڕۆئاواییەکانی خۆمان و قسە و باسە گشتییەکانمان لە ڕوانگەیەکی بەرینتردا دابنێین. من هەروەها ویستوومە ئەوە نیشان بدەم کە پێویستە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا لە تراجیدیاکانی فادیمە، سارا و پێلا تێ بگەین، نەک بە بیرکردنەوە لە فێرکارییەکانی ئیسلام و یان هێندێک "کولتووری نەریتی"، بگرە وەکو بەرهەمی داوەریکردن لەلایەن خەڵکەوە لە هێندێک بارودۆخی تایبەتیدا، کە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی پیاوسالارانە و پێکهاتەیەکی عەشیرەتیدا پێناسە دەکرێت کە لەوێدا ژنان وەکو ملکی پیاوان چاو لێ دەکرێن.

نامووس چییە؟ ئەمە پرسیارێکە ڕۆژنامەوانێکی گەنجی میسری لە ڕۆژەکانی چوونی بۆ خوێندنگەکەیەوە دێتەوە بیری. مامۆستای وانەی بایۆلۆجی پرسیاری لە کلاسەکە کرد بەڵام خۆی پاش ئەوەی کە ڕووی کردە پۆستەرێک کە کۆئەندامی زاوزێی مێیینەی نیشان دەدا و ئاماژەی بە دەروازەی کۆئەندامەکە دەکرد، لە درێژەدا وەڵامەکەی دایەوە: "ئێرەیە مەیدانی نامووسی بنەماڵە."(١٠)

لەم چەشنە ئاکارانە بەربڵاون و لە کۆمەڵگەکانی زۆربەی بەشەکانی کۆی زەوی دەبینرێنەوە. ئەمانە لە وڵاتانی سکاندیناڤیا بەربڵاون، ئەو وڵاتانەی کە لە پێوەرە

نێونەتەوەییەکاندا لەمەڕ یەکسانیی جێندەری دەکەونە سەرووی هەمووانەوە.

توێژەرێکی تورک سەرنجی داوە کە لە وڵاتەکەی ئەو نرخی رزگاریی ژنان بە خوێن دراوە. ئەمە بەهەمان ئەندازە ئەمڕۆ بۆ وڵاتانی باکوری ئەوروپا راستە: هێندێک ژنانی گەنج نرخێکی خوێناوی دەدەن بۆ ئازادییەکەیان. کێشمەکێشەکە لەلایەکەوە لە نێوان بنەماکانی یەکسانیی جێندەری و بیروباوەڕەکانی ئازادی و مافی مرۆڤە و لەلایەکی ترەوە پێکهاتەی هەرەوەزیی عەشیرەتییە کە جێژنی دەسەڵاتداری پیاوسالاری دەگرێت. هەستی ئەوەی کە دەکەویتە ناو مشتومڕەوە ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەلای زۆرێک لە پەنابەرانەوە (هەروەها ئەو کوڕانەیان لە لێرە لەدایک بوون) کۆمەڵگەیەکی بێ ئەخلاقە. ئەمە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەوان دەستەو یەخە دەبێت کاتێک کە کچەکان و ژنە گەنجەکانیان دەیانەوێت ئازاد بن و چێژ لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەربگرن.

ئێمە خەریکین بگەڕێینەوە سەر بەسەرهاتەکەی فادیمە. ئەوە یارمەتیمان دەدات تێ بگەین کە چی لە مەترسیدایە و بۆ خۆپاراستن لە تراجیدیای زیاتر، چ ڕێگەیەک دەبێت بگرێتە بەر.

**بەشی سێیەم**

# حاڵەتەکەی فادیمە

**٧- لە دادگە**

" فادیمە یەکێک لە شەهیدەکانی سەردەمی ئێمەیە. وەرن شوکری خوا بکەین بۆ فادیمە، کە بەنەترسبوونەکەی، تواناکەی و ئەوینی بۆ ژیان، بوێری و هێزی داوە بەو هەموو خەڵکە."

وشەکانی قەشەی کاتۆلیک دەشێت لە گوێی هێندێک لەو کەسانەی کە لە ڕێورەسمەکەدا بەشدار بوون وەکو کوفر دەنگی دابێتەوە. بنەماڵەی شاهیندال نزیکەی ٢٥٠ کەسی کۆبوونەوەکەی کڵێسایان پێک دەهێنا. لە ڕەوتی دادگەکەدا لە دژی باوکی فادیمە لە دادگەی ناوچەی ئوپسالا، هیچ کەس لە بنەماڵەی فادیمە شایەتیی نەدەدا، بە یەک ڕیزپەڕەوە. ڕیزپەڕەکە سونگیول خوشکی فادیمە بوو کە لەگەڵ بنەماڵەکەدا تێکی دابوو و بەپاسەوانەوە هاتە ژووری دادگەکەوە. بنەماڵەکە و لەوانە دایکی تکایان لێ کردبوو کە لایەنگری نەکات. سونگیول، نەبیلە خوشکە بچووکەکەی (سێزدە ساڵان) و دایکیان شاهیدی کوشتنی فادیمە بوون کە ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ئەو ساڵە لە ئەپارتمانەکەی سونگیولدا ئەنجام درابوو.

مەحکەمەکردنەکە لە دادگەی ناوچەی ئوپسالا لە نێوان ١١ هەتا ١٤ی مانگی سێ، ساڵی ٢٠٠٢، تەنیا حەوت هەفتە پاش کوشتنەکە بەڕێوە چوو.

باوکەکەیان ڕەحمی شاهیندال لە دادگەدا دەیسەلمێنێت کە ئەو تەقەی لە کچەکەی خۆی کردووە. گێڕانەوەکەی ئەو لە هۆکارەکانی و ئەو ڕووداوانەی بوونە هۆی کوشتنەکە قایم و لێکدانەبڕاو بوون. ئەو پێ دادەگرێتەوە کە فادیمە قەحبە بوو. ڕەفتاری ئەو شەرمی هێنابووە سەر تەواوی بنەماڵەکە. کوشتنی ئەو "دواین ڕێگەچارە بوو." ئەو پێی وابوو کە قەت نەیدەتوانی بەشێوەیەکی تر کچەکە لە کۆڵ

خۆی بکاتەوە. "کێشەکە ئێستا تەواو بووە."

بەڵام ئەو باوکیشە. بێگومان هیچ باوکێک نایەوێت کچەکەی خۆی بکوژێت. ئەو دەبێت نەخۆش بێت. ئەو داوا دەکات لە دادگە کە دەبێت وەکو پیاوێکی نەخۆش هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. دادگە بەئاشکرا سەرنجی ڕاپۆرتی دەروونناسی دەدات: ڕەحمی شاهیندال مێشکی نەخۆش نییە، تەنانەت خەمۆکی کلینیکی نییە، بەڵام گەشەکردنی هەستیاری و ڕۆشنبیرییەکەی لاوازە. ئەو بەشێوەیەکی پاشکەوتە و ساویلکانە کاردانەوەی هەیە و توانای هاودڵیکردنی نییە.

هیچ کەس لە بنەماڵە بەرفراوانەکە ئامادە نابێت هەنگاو بنێتە پێش چ بۆ پشتگیریکردن و یان بۆ ڕەخنەگرتن لەم بەرەنجامە. سێ شایەت بانگ دەکرێن. هیچ کامیان ئامادە نین کە دەربڕینێکیان هەبێت. ڕەحمی تەلەفۆنی لە یەکێکیان کە ئامۆزایەتیی کردووە بۆ ئەوەی سەبارەت بە کوشتنەکە قسەی بۆ بکات. ئامۆزاکە لەگەڵ ژنبراکەی ڕەحمی پێوەندی دەگرێت کە ئەویش تەلەفۆن دەکات لە پۆلیس. ئەم ئامۆزایە ئێستا بە دادگە دەڵێت کە ناتوانێت دژ بە کوڕی مامی خۆی کە هاوڕێی کۆنی پەنجا ساڵەیەتی، بوەستێت و شایەتی بدا. دادوەر بۆی ڕوون دەکاتەوە کە ئەم ئامادەنەبوونەی ئەو دەکرێت وەکو سووکایەتیکردن بە دادگە و پێشێلکردنی پەیمان چاوی لێ بکرێت. ئامۆزاکە بریار ئەدات لە بەردەم دادگەدا بووەستێت بەڵام هیچی لە بیر نییە، تەنانەت ئەوەشی لە بیر نییە کە چۆن زانیویەتی کە فادیمە کوژراوە.

داواکاری گشتی پاڵی پێوە دەنێت. "تۆ دەبێت بێتەوە بیرت. ئەوەی کە فادیمە کوژراوە ڕووداوێکی تایبەتییە." ئامۆزاکە وەڵام دەداتەوە، "هیچ ڕووداوێکی تایبەتی لە ژیانی مندا نییە."

دایکی فادیمەیش نایەوێت شایەتی بدات. دەڵێت کە بەرگەی ئەوە ناگرێت. جگە لەوەش، ئەو پێشتر هەموو شتێکی کە زانیویەتی بەپۆلیسی وتووە. ئەو لەلایەن وەرگێڕەکەیەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە دادوەر بەشێوەیەکی تایبەتی متمانە بەو شتانە دەکات کە لە دادگەدا دەگوترێت و دەسترەسی نابێت بە تۆمارکراوەکانی پۆلیس. ژنەکە نابزوێت. کاتێک کە دەگەڕێتەوە بۆ سەر کورسییەکەی خۆی لەنێو ئەندامانی بنەماڵە لەناو خەڵکەکەدا لە ژووری دادگە، سونگیول بە تووڕەیییەوە

مۆرە لە دایکی دەکات. لە کاتی وچانی دواتری لەدادگەدانەکەدا دایکەکە دەبینرێت کە دەگری و ڕۆژەکانی دواتر خۆی دوور ڕادەگرێت. خاڵی فادیمە کشایە دواوە و بەدروستی دەڵێت کە ئەو لەگەڵ تاوانباردا خزمایەتییەکی زۆر نزیکی هەیە.[١] داواکاری گشتی نەبیلەی سێزدە ساڵان لە شایەتیدان دەبوێرێت.

ئێستا تەنیا خوشکە گەورەکەی ماوەتەوە کە بۆ فادیمە و ڕێزگرتن لە یادی ئەو ڕاوەستێت.[٢] سونگیول بەوشەکانی پۆرترەیەک لە فادیمە دەخوڵقێنێت وەکو ژنێکی بیرمەند و ئازا کە تەنیا گوناهی ئەوە بوو دەیویست بەپێی تێڕوانینەکانی خۆی بژیێت. ساڵی ١٩٩٦، واتە ئەو ساڵەی کە فادیمە بوو بە ئەوینداری پاتریک، سونگیول تەمەنی بیست ساڵ بوو. ئەوان دەیانویست ببنە هاوسەر و لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٨دا باوک و دایەگەورەی پاتریک چوونە سەروەختی دایک و باوکی فادیمە بۆ ئەوەی ڕەزامەندیی ئەوان بۆ زەماوەندەکە وەربگرن. وادیارە ڕەحمی ئامادە بووبێت کە ڕەچاوی هاوسەرکارییەکە بکات، بەڵام ژنەکەی نا. ڕاوێژ کرا لەگەڵ خزمان هەم لە سوید و هەم لە تورکیا. پرسیار کرا لە سونگیول ئەوانەی پرسیان پێ کرا بە وردی کێ بوون، ئەو جەختی کردەوە کە هەموویان تێدا بوون: "تۆ ناتوانێت هەموویان یەک بە یەک نێو ببەیت."[٣] خاڵۆکەی لە دژی هاوسەرکارییەکە ئامۆژگاریی دا، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕێگە بە فادیمە بدرێت لەگەڵ پاتریکدا بێت، هەموو کچەکانی بنەماڵە دەیانەوێت ببنە هاوسەری سویدییەکان.

چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی بۆ دادگە نیشان درا کە هی ساڵی ١٩٩٨ بوو کە تێیدا فادیمە ئەوە ئاشکرا دەکات کە لەژێر پاڵەپەستۆدا بوو بۆ ئەوەی شوو بکات بە خزمێکیان. چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ پاتریک دەبوو لەوپەڕی نهێنیکاریدا بێت. پاتریک، کە ئەویش لە گفتوگۆکەدا بوو، دەڵێت کە سەرەتا هاواری کردبوو، "بۆ خاتری خوا خۆ ئێمە چیی تر چواردە ساڵان نین!" کاتێک کە باوکی ئەوانی پێکەوە لەسەر شەقام بینی، فادیمە تێ گەیشت کە ساتی ئەوە هاتووە یان سەرکەوتنی تەواو یان تێکچوونی هەموو شتێک: "من ئەگەر پاتریکم هەڵبژاردایە، ئەم هەڵبژاردنەم منی لە بنەماڵەکەم دوور دەخستەوە. ئەمە بۆم سامناک بوو. ئاخۆ من ئامادە بووم کە ئەو ڕێگەیە بگرمە پێش؟" ئەو دەگێڕێتەوە چ مۆتەکەیەک دەبوو بۆ باوکی کاتێک دەبینێت کچەکەی لەگەڵ پیاوێکی سویدیدایە: "ئەگەر منی دەست بکەوتایە ملی دەشکاندم... من دەزانم کە ژیانی هەموو بنەماڵەکەمم وێران کردووە.

کەسی تر نایەوێت ببێتە هاوسەری کچەکانی بنەماڵەکەی من. هەموویان ئێستا بوونەتە قەحپە."

ئەو دەزانێت – ئەمە هیچ دەنگۆیەک نییە، ئەو بەڕاستی دەزانێت – کە دەبێت لەگەڵ هەڕەشەی کوشتندا بژیێت "هەتا دواهەناسەیان. ئەوە تاقە ڕێگەیە بۆ ئەوان بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی ناموسەکەیان، سەربەرزییەکەیان." ڕوانینی فادیمە لەسەر شێوەی بیرکردنەوە و کولتووری بنەماڵەکەی بەتەواوی لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی باوکی لە دادگەکەدا یەکانگیر دەبن: "ئەمە تاقە ڕێگە بوو. ئێستا کێشەکە تەواو بووە."

فادیمە بەمەترسییەکانی دەزانی بەڵام دەبێت ئومێدەوار بووبێت؛ ئەگەرنا زەحمەت بوو چوار ساڵ دواتر ئەو سەفەرە بکات بۆ ئوپسالا (٢١ی مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٢). فادیمە وای ڕێک خستبوو کە بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ ئەزموونی کارکردن بچێتە وڵاتی کینیا، ئەمەش پێداویستییەک بوو بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی لە کۆرسەکەی لە خوێندنی کاروباری کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئامادەی ڕۆیشتن بوو بەڵام دەیویست لە سونگیول و نەبیلە و دایکی خواحافیزی بکات. هەموو شتێکی تر ئەنجام درابوو و ئامادە کرابوو.

کوشتنەکە لە ئەپارتمانەکەی سونگیول رووی دا. هەر چوار ژنەکە زۆر بە نهێنی، هەروەکو سێ یان چوار جاری پێشووتر هەر ئەو ساڵە، یەکتریان بینی. گرینگ بوو کە پیاوانی بنەماڵە ئاگاداری ئەم چاوپێکەوتنە نەبن. دایکی، شیرینی دڵخوازی فادیمەی دروست کردبوو بۆ شێو. کەشوهەوایەکی زۆر خۆش و خاو بوو: پێکەوە قسەیان کرد و پێ کەنین.

سەعات هەشت و نیو ڕەحمی شاهینداڵ لەسەر پلەکانی ئەپارتمانەکە پەیدای بوو. ئەو بە مشت دای بە دەرگەکەدا و هاواری لێ کردن دەرگەکەی بۆ بکەنەوە. فادیمە وتی دەبێت دەرگەی بۆ بکەنەوە بێتە ژوور، بەڵام لە پێشدا ئەو دەبوو خۆی بخزێنێتە ژێر تەختی نووستنەکە و نوێنەکان شۆڕ بکاتەوە. دایکی بیری لەوە کردەوە کە لەوانەیە باشتر بێت بچێتە حەمامەکە و دەرگەکە لەسەر خۆی دابخات؛ ئەوان دەیانتوانی هەردەم بڵێن کە قوفڵی دەرگەکە خراپ بووە. سونگیول پێی وابوو هەردوو ڕێگەکە زۆر مەترسیدارن. ئەو تۆقیبوو لەوەی کە دەشێت ڕەحمی

چی بکات. چراکانیان کوژاندەوە بەو ئومێدەی کە وا بیر بکاتەوە کەس لە ژوورەوە نییە.(٤)

ئەمە ڕەحمی تووڕەتر کرد. ئەو گەڕایەوە ماڵەوە و چوار جار ژمارەکەی فادیمەی گرت لە شاری ئویستەرشوند (ئەمە بەپێی تۆماری مۆبایلەکەی لەلایەن کۆمپانیای تەلەفۆنەوە؛ ڕەحمی ئەوەی رەت دەکردەوە کە هەوڵی دابێت پێوەندیی پێوە بگرێت). دوایە کەوتە شوێن ئەوەی بزانێت ژنەکەی لە کوێیە. ئەو لەلای ئەو ئامۆزایەی کە پێی خۆش بوو سەردانی بکات، نەبوو. ڕەحمی دەمانچەیەکی خستە گیرفانی بە پێنج گوللەوە پێش ئەوەی دیسانەوە بەرەو ماڵی سونگیول بچێتە دەر.

نەبیلە و فادیمە خەریک بوون دەرۆیشتن (دایکیان قەرار وابوو شەو بمێنێتەوە)، بەڵام نەبیلە لە پێشدا لە کونی دەرگەکەوە سەیری کرد بزانێت هەموو لایەک هێمن بوو یان نا. هەرکە دەرگەکەی کردەوە، باوکی وەک تۆفان بە لایدا دەرچوو و زۆر لە نزیکەوە تەقەی لە فادیمە کرد. تەقەی یەکەم دای لە پشتی سەری و کوشتی. فادیمە کەوت. ڕەحمی نووشتایەوە بەسەریدا و تەقەیەکی تری کرد لە نزیکی دەمیدا. دوایە جارێکی تریش تەقەی لێ کرد، بەڵام نەیپێکا.

ئەو هەم پێش کارەکەی و هەم دوای ئەوەش هاواری کرد، "هەی قەحبەی گەندەڵ!". "تۆ بۆچی هاتیتە نێو بنەماڵەی منەوە؟"

ڕەحمی دەیسەلمێنێت کە لە ماوەی پێنج شەش مانگی پێش ئەوەدا بیری بەم کوشتنەوە خەریک بووە، بەڵام ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە "ئەوەی رووی دا،" ئەو بەم چەشنە باس لە کوشتنەکە دەکات، خۆبەخۆ بوو. ئەو ئاگای لەوە نەبوو کە "ئەو کچە، فادیمە،" لە ئوپسالا بوو. ئەو چووبوو سونگیول ببینێت کە ناساخ بوو. ئەو بە ئاسایی هەرسێ رۆژ جارێک سەردانی دەکرد (سونگیول دەڵێت کە باوکی سێ هەفتە بوو سەردانی نەکردبوو). بەڕێککەوت چەکەکەی خۆی هەڵگرتبوو. ئەو ئەم چەکەی سی و دوو ساڵ لەمەوبەر بەدیاری لە باوکییەوە پێ گەیشتبوو؛ ئەمە زۆر بۆ ئەو گرینگ بوو. نا ئەو ناتوانێت بێتەوە بیری لەبەرچی رێک ئەو شەوە چەکەکەی لەگەڵ خۆی هەڵگرت. ئەو قەت کەڵکی لێوەرناگرێت، هەر لە شەوی ساڵی تازەدا نەبێت، ئەو کاتەی دەچنە دەر بۆ تەقەکردن لە جەنگەڵدا (ئەندامانی بنەماڵەکەی دەڵێن ئەوان نەیاندەزانی ڕەحمی چەکی هەیە). کاتێک کە فادیمەی بینی، بێ ئاگا

لەخۆ چەکەکەی دەرکێشا.

"ئاننێ شیۆبلووم" داواکاری گشتی لە ڕەحمی دەپرسێت کوشتنەکە چۆن رووی دا.

"زۆری پێ نەچوو کچەکە دەرگەکەی کردەوە. من ئەوم بینی و تەقەم کرد." ئەو قەت نەیزانی کە ئایا گوللەکان وەبەر کەوتوون یان نا. ئەو دێتەوە بیری کە فادیمە کەوت و هەروەها گەنجترین کچەکەی، ژنەکەی و سونگیول لەنێو ئەپارتمانەکەدا بوون.

"ئاخۆ تۆ هیچت گوت؟ ئایا فادیمە یان کەسێکی تر شتێکی گوت؟"

"نا، چی هەبوو لەوێ بۆ گوتن؟"

"ئاخۆ کەس هیچی کرد؟"

"نا، چی هەبوو لەوێ بکرێت؟"

ئەوەی لێ زیاد کرد کە، بەڵام هەموو کەس دەستی کرد بەگریان.

پاش کوشتنەکە، ئەو هەڵگەڕایەوە، بە پلیکانەکاندا هەڵاتە خوارەوە (ئەپارتمانەکە لە نهۆمی یەکەمدایە) و دوایە چووە دەر. ژنەکەی و نەبیلە پێی گەیشتنەوە. ئەو لە بیری نییە ئەوان چییان دەگوت. ئەو لەژێر دارێکدا لەو نزیکانە ڕاوەستابوو و سەیری دەکرد کاتێک ئامبۆلانسەکە هات و دوایە بەو "کچەوە کە مردبوو" لێی خوڕی و ڕۆیشت. ئەو لەناو دارستانێکی بچووکدا خۆی شاردەوە، تەلەفۆنی کرد بۆ حەیدەر، هاوڕێکەی (کە لە دادگە هیچی لە بیر نەبوو)، پێی گوت. "من ئێستا ئەو کارەم کردووە." حەیدەر داوای لێ دەکات بچێتەوە ماڵی ناسیاوێک و لەوێ بمێنێتەوە. دوایە حەیدەر تەلەفۆنی کرد بۆ جەمال، ژنبرای رەحمی و گەورەی بنەماڵەکە. جەمال تەلەفۆنی کرد بۆ پۆلیس. "بەم چەشنە بوو کە پۆلیس منیان دەستگیر کرد." کات سێی سەرلەبەیانی بوو، پێنج سەعات پاش کوشتنەکە. تۆمارەکان نیشان دەدەن کە سونگیول سەعات ٤٥: ٩ی ئێوارە تەلەفۆنی کرد بۆ خزمەتگوزاریی فریاکەوتن: "خوشکەکەم مردووە! باوکم خوشکەکەمی کوشتووە!"

کاسێتی رەسمیی تۆمارکراو لە دادگە دەخەنە سەر و دەنگی قیژەی ژنانی تۆقێندراو لە پشتەوە دەبیسترێت.

داواکاری گشتی ئاماژە بەوە دەکات کە " پێشتر تۆ [لە چاوپێکەوتنی پۆلیسدا]

باسی گومانی خۆتت کردووە بۆ سەردانی فادیمە بۆ لای سونگیول. تۆ هەروەها گوتووتە کە فادیمە دوو ڕۆژ پێشتر تەلەفۆنی بۆ کردوویت و هەڕەشەی لێ کردوویت کە هاوڕێ کوڕە سویدییەکەی بێنێت بۆ ئوپسالا و وا بکات کە تۆ ببینێت. هەروەها، فادیمە پۆلیسی ئاگادار کردبێتەوە و داوایان لێ بکات تۆ تاوانبار بکەن و کچە گەنجەکەت لە تۆ بستێننەوە."

ڕەحمی بەرپەرچی دەداتەوە، "نا، نا. من نەمدەزانی کە فادیمە لە ئوپسالا بووە. ئەو لە شوێنێکی ئەوەندە دوور دەژیا. من نەمدەزانی." دواتر ئەو چیرۆکە دووبارە دەکاتەوە کە چۆن فادیمە بە تەلەفۆن دەیترساند، نەک هەر دوو ڕۆژ پێش هاتنەکەی بۆ ئوپسالا بگرە بەردەوام وای دەکرد. ئەو تەنانەت لە نیمەشەویشدا ڕەحمیی هەراسان دەکرد. فادیمە ئەوی ڕاوەدوو دەنا. کاتێک داواکاری گشتی ڕەحمیی بەرەوڕوو کردەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە هیچ تۆمارێکی تەلەفۆن نییە کە پشتگیری لە بانگەشەی ئەو بکات، ئەو دیسان دەچووەوە سەر چیرۆکەکەی خۆی: "ئەو دەیزانی کە چۆن تەلەفۆنکردنەکانی بەنهێنی ڕابگرێت!"

داواکاری گشتی دەپرسێت: "چ ماوەیەک بوو کە تۆ خەریکی پلاندانان بوویت بۆ ئەوەی بیکوژیت؟"

ڕەحمی وەڵام دەداتەوە، "من قەت بیرم نەدەکردەوە کارێکی لەو چەشنە بکەم. بەڵام ڕاستە کە ئەگەر ئەو لەوێ بووایە، من خۆم بۆ کوشتنی ساز دەکرد. هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو. ئەوە تەنیا کارێک بوو من دەمتوانی ئەنجامی بدەم." ئەو هەستی دەکرد راوەدوو دەنرێت و ئازار دەدرێت. فادیمە بنەماڵەکەی پەرش وبڵاو کردبووەوە. "ئەو چوار ساڵی تەواو ئێمەی لەسەر میدیاکان نیشان دا. من پێم گوت بەپارێز بێت. من پێم گوت تکایە مەچۆرە لای پۆلیس و ئێمە تاوانبار مەکە. کوڕەکەت لەوێیە، تۆ خەریکی دەخوێنیت... من بۆ ماوەی دوو ساڵ تکام لێ کرد. بەڵام دەستی هەڵنەگرت، ئەوە ئەو بوو کە خەریکی وێرانکردنی بنەماڵەکەمان بوو، ئەو بەردەوام لە میدیاکاندا لەسەر ئێمە قسەی دەکرد، ئەو هەموو دنیای تێ گەیاند. کوڕەکەم، کە تەنیا حەڤدە ساڵییەتی کەوتە زیندانەوە. هەموو ئەم سویدییانە دەهاتن و بەردیان دەگرتە پەنجەرەکانم. هاواریان دەکرد و شتیان دەگوت. "سەگبابی سەر ڕەش، بگەڕێوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە هاتووی"!

... ئەمە دواین ڕێگەچارە بوو. من دەمزانی قەت لە کۆڵم نابێتەوە... "

" دواتر من بیرم کردەوە کە چۆن هیوادار بووم بتوانم قسەی لەگەڵدا بکەم و چۆن لەوانەیە ئەمە رووی نەدابایە ئەگەر تەنیا..."

داواکاری گشتی دەپرسێت، "کەنگێ کێشەکان دەستیان پێ کرد؟"

"کێشەکان چوار ساڵ لەمەوبەر دەستیان پێ کرد... کاتێک من یەکەم جار ئەوم لەگەڵ ئەو کوڕەدا بینی... تکام لێ کرد بگەڕێتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو قەت ئەو کارەی نەکرد... ئەو بەردەوام ئێمەی ئازار دەدا... هەموومان تکامان لێ کرد بگەڕێتەوە لامان، هەموو کاتێک، بەڵام ئەو وای نەدەکرد... پاشان، هیچ پێوەندییەک نەما... من گوتم سەیر بکە، تۆ دەتوانی کوڕەکەت لەگەڵت بێ. بەپارێز بە. بەڵام ئەو بەردەوام لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆر دەچووە دەرێ. من بە شارەوانی و بە پۆلیسم گوت ئەو دەبێت خۆی لە ئوپسالا دوور ڕابگرێت. بەڵام ئەو هات بۆ ئێرە و کوڕەکەمی خستە زیندان و دوایە وای لە سونگیولی کچم کرد، کە ئێستا تەمەنی بیست و سێ ساڵە، کە ئەویشی لەگەڵدا بڕوات... دواتر، من پێم گوت: "کچم، چۆنت پێ خۆشە وابکە!" ئەو بەردەوام بوو لە کاولکردنی ژیانی ئێمە... هەموو کاتێک، ئەو کێشەیەکی بۆ ساز دەکردین."

ڕەحمی بە ڕووی داواکاری گشتیدا تەقییەوە، "ئەگەر کچەکەت بەردەوام لەگەڵ پیاوانی جۆراوجۆردا چووبایەتە دەرەوە، "ئەتۆ" چیت دەکرد؟" فادیمە ئەوی دەوروووژاند. ئەو بەردەوام تەلەفۆنی دەکرد و هەڕەشەی لێ دەکرد.

"ئەو دەیگوت "من دێمەوە ماڵ و کوڕە هاوڕێکەمت پێ دەناسێنم!" ئەمە ڕێک دوو ڕۆژ پێش ئەوە بوو کە بێتەوە ئوپسالا. دەزانی، خۆ من گەوج نیم. ڕەفتارەکانی ئەو قێزەون بوون. ئەو دەیگوت کچەکەم (گەنجترینەکەیان) لە من دوور دەخاتەوە."

لەم شێوە گێڕاندنەوەی ڕەحمیدا، فادیمە تاوانکارەکەیە و ئەو قوربانییەتی.

ئەو بە سەرسووڕمانەوە دەینەڕاند، "گوێ بگرە، ئەو فادیمەیە... ئەو چەشنە ئەو ڕەفتاری دەکرد، ئەگەر تۆ کچێکی وەکو ئەوت هەبایە، تۆیش دەتویست تەقەی لێ بکەیت!"

"یوهان ئۆکێرمارک" یاساناسی پارێزەری ڕەحمی داوا دەکات زیاتر سەبارەت بە کێشە بنچینەییەکی نێوان باوک و کچ ڕوونکردنەوە بدات. ڕەحمی ئەوە ڕەت

دەکاتەوە کە گوایە ئەو پێوەندیی نێوان فادیمە و پیاوێکی سوێدی نەسەلماندبێت، بەڵام، ئەوە ئەو شتە بوو کە ئەو لە لەدادگەدانەکەی ساڵی ١٩٩٨دا دەری بڕیبوو، ئاکامەکەشی بوو بەوەی کە کوڕەکە سزای زیندانیی بۆ بڕایەوە لەبەر هەڕەشەی کوشتن بەرامبەر بە فادیمە. ئەمجارە ڕەحمی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو قەت نەکەوتە نێوان فادیمە و هاوسەریێتی لەگەڵ پیاوێکی سوێدیدا. بەپێچەوانە: "من سەد جار پێم گوت ئارام بە. فادیمە ئەوی لەسەر خواستی خۆی هەڵگرتبوو، دەتوانێت ببێتە هاوسەری... من پێم گوت، ئەگەر ئەمەیە ئەو شتەی تۆ دەیخوازیت، باشە بڕۆ بۆ کڵێسا و هاوسەرکاری بکە. بەڵام ئەو تەمەنی تەنیا بیست ساڵ بوو." لێرەدا ڕووی کردە دادگەکە و پەنای بردە لای کولتووری سوێدی. "کچێکی سوێدیی بیست ساڵان هاوسەرکاری بکات، ئێوە قەت شتی واتان بیستووە؟"

بەدڵنیاییەوە فادیمە زۆر گەنج بوو؟ بەدڵنیاییەوە ئەو بەتەواوی ناعەقڵانی بوو؟

ڕەحمی بانگەشە دەکات کە بنەماڵەکە لەوەدا کۆک نەبوون کە کێ خەرجی زەماوەندەکە بدات. فادیمە داوای شاییەکی گەورەی دەکرد بە سێسەد میوانەوە، ڕێک هەروەکو دوو خوشکە گەورەکەی. ئەو داوای لە باوکی دەکرد خەرجەکەی بدات. بنەماڵەی پاتریکیش هەر وا بیریان دەکردەوە. بەڵام داوونەریتی کوردی ئەوەیە کە بنەماڵەکان دابەشی بکەن.[٥] ڕەحمی دەڵێت باوکی پاتریک بەمە رازی بوو. "باوکی کوڕەکە وتی ئەو رازییە، بەڵام لەسەری نەوەستا." دادگە دەیەوێت بزانێت ئاخۆ ئەوە راستە کە بنەماڵەی فادیمە دژ بە هاوسەرکارییەکە بوون. "نە، هیچ کاتێک... بەڵام ئەمە شتێک نییە کە من پێشتر ئەزموونم لێ هەبووبێت... کە بێگانەیەک ببێتە هاوسەری سوێدییەک!"

پارێزەرەکەی لە پڕ دەپرسێت، "خەڵک دەڵێن داخۆ ئەوە کوشتنێکی نامووسی بوو."

"نە، ئەوە راست نییە، من لە سوێد بەدوای نامووسەوە نیم... ئەو زۆر خراپ زیانی بەمن گەیاندووە، بۆیە منیش چووم و تەقەم لێ کرد."

ئەو لەسەر خۆی ئەو روونکردنەوە دەدات کە پاش تەقەکردنەکە پەشیمان بووە. "هیچ باوکێک چەک لە منداڵەکەی خۆی ناکێشێت. بەڵام کاتێک کە ئەوم بینی، بیر و هۆشم لێم یاخی بوو بۆیە ئەو شتە ڕووی دا."

زیاتر لە چوار ساڵ لە نێوان یەکەم هەڕەشەی کوشتن لە دژی فادیمە لە ۳ی مانگی ۹ی ۱۹۹۷ و کوشتنەکەی لە ۲۱ی مانگی یەکی ۲۰۰۲دا تێ پەڕیبوو. ئەم ساڵانە بۆ فادیمە ساڵگەلێکی ئاوێتە بە ترس و دڵەخورپە بوو، بەڵام هیوایش هیوای ئەوە کە ئاشکراکردنی باسەکە شانسی زیندوو مانەوەی زیاتر کردبوو. چوار ساڵ کە خەم و ئازاری بۆ هێنابوو. پاتریک رۆژی ۳ی مانگی شەشی ساڵی ۱۹۹۸لە کارەساتێکی ئۆتۆمۆبێلدا گیانی لەدەست دا. ئەو لە خورەی باراندا خەریک بوو لە ستۆکهۆڵمەوە دەچوو بۆ ئوپسالا کاتێک کە ئۆتۆمۆبێلەکەی لە جادەکە دەرچوو و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا. ئەوە ئەو رۆژە بوو کە ئەو لەگەڵ فادیمە قەرار وابوو بگوێزنەوە لای یەکتر.

ساڵەکە بە چەشنێکی هیواگەیێن دەستی پێکردبوو. رۆژی ٤ی مانگی یەک ساڵی ۱۹۹۸، باوکی پاتریک و دایەگەورەکەی چووبوونە سەردانی دایک و باوکی فادیمە و لەلایەن ئەوەوە خوازبێنییان کردبوو. دایک و باوکی فادیمە دەشیا قبووڵیان بکردایە (لە راستیدا، دایکی فادیمە و دوو خوشکە گەورەکەی ئاگایان لە پێوەندیی نهێنیی نێوان ئەو و پاتریک بوو)، بەڵام ئەوە ئەوان نەبوون کە بڕیاریان دەدا. بنەماڵە گەورەترەکە، عەشیرەتەکە ئەم بژارەیان رەت کردەوە. هەفتەیەک پاش دەربڕینەکەیان، دایکی بە فادیمەی گوت کە بنەماڵەکە ئەو وەدەر دەنێن و دەبێت ئوپسالا بەجێ بهێڵێت.

چوار مانگ بەسەر ئەو رۆژە چارەنووسسازەدا واتە ۳ی مانگی نۆی ۱۹۹۷، کە باوکی فادیمە ئەوی لەگەڵ پاتریکدا بینیبوو تێ پەڕیبوو. دوای ئەوە فادیمە نەیدەوێرا بچێتەوە ماڵ. دوو پۆلیس پاسەوانییان دەدا کاتێک کە چوو پاسپۆرت و شتە کەسییەکانی خۆی لە ماڵەوە بێنێت. کۆرسی کاری کۆمەڵایەتی لە شاری سووندسڤاڵ کە بە سەفەری قیتار سێ سەعات بەرەو باکوری ئوپسالایە، ئەوی رزگار کرد. هەرچەند، هەروەکو خۆی دەیگوت، "لە حاڵەتی مندا، بەجێهێشتنی ماڵەوە بۆ خوێندن رێک ئەوەندە تاوانێکی گەورەیە کە هەبوونی کوڕە هاوڕێیەکی سوێدی." (سونگیول دەڵێت کە چۆن بنەماڵەکە نامەی قبووڵی وەرگرتنی فادیمە بۆ زانکۆیان شاردبووەوە.)

پاش ئەوەی کە خوازبێنیکردنەکەی پاتریک رەت کرایەوە، باوک و براکەی فادیمە

دەسـتـیـان کـرد بە تەلەفـۆنکردن و هـەڕەشــەی کـوشـتن. فـادیمـە ڕاپۆرتی لێـدان بە پۆلیس و رۆژی ٤ی مـانگی دوو پـۆلیس ئەوانی تاوانـبار کـرد. باوکی و براکـەی بە تۆمەتی هەڕەشەی کوشتن مەحکووم کران. حوکمەکە رۆژی ٧ی مانگی پێنج ساڵی ١٩٩٨ دەرچوو.

فـادیمە و پـاتریک پێـشـتـر ئەو بەهـارە قـبـووڵـیـان کـردبوو کـە لەگەڵ تەلەڤـزیۆنی سوێد سەبارەت بە ئەوینە قەدەغەکراوەکەیان و هەڕەشەکان لە دژی فادیمە گفتوگۆ بکەن. پرۆگرامـەکە رۆژی ٦ی مـانگی پێنج واتە رۆژێک پێش ڕاگەیاندنی حـوکمـەکە لە دژی باوک و براکەی فادیمە، بڵاوکرایەوە. کەمتر لە مـانگێک پاش ئەوە، پاتریک گیانی لەدەست دا.

هەفتـەیەک پاش مەرگی پاتریک، براکەی جارێکی تر هێرشی کردە سـەر فادیمە، ئەمـجـارە لە گـۆڕەپانی ناوەڕاسـتـی ئوپسـالا. ئەگـەر ڕێبـوارەکـان خـۆیان تێ نەگەیاندبا لەوانە بوو هەر ئەو کات فادیمەی کوشتبایە. فادیمە بەبرینی سـەختەوە گـەیەندرایە نەخـۆشـخـانە. دادگـەدانێکی تر لە مـانگی هەشـتـدا بەدوادا هات و ئەمجـارە براکە بە پێنج مـانگ زیندان سـزا درا. دەبوو بیست هـەزار کرۆن (سێ هەزار و سـێـسـەد دۆلار) زیان بـە فـادیمـە بدرێت ئـەم بڕە هـەروەها بە هـۆی ئەو سـزایەی جـاری پێـشـوو بوو کـە بەسـەر باوک و براکـەیدا سـەپێندرابوو. فـادیمە لەبـەرئەوەی بنەمـاڵەکـەی نەخـاتە ژێر پاڵەپەسـتـۆی زیاترەوە، نەکـەوتە شـوێن وەرگرتنی زیانەکە.

سـونگیول لە مـانگی سێپتەمـبەری ١٩٩٧دا لەگەڵ خـوشکەکەی چووبووە شـاری سـونـدسـڤـاڵ و دواتریش بەشـوێن ئەوەدا کـە فـادیمە ناچار بوو بۆ تەواوکـردنی خوێندنەکەی بچێتە شاری ئویستەرشوند، ئەویش لەگەڵی چوو. فـادیمە ئوپسالای زۆر خـۆش دەویست؛ ئەوە بوو ئەو شــوێنـەی دەیویست لێی بمێنێـتــەوە. بەڵام هەروەکو باسمان کرد، دایکی پێی راگەیاندبوو کە ئەو دەرکراوە. ئێستا، لە دادگە، ڕەحمـی دەیسـەلمێنێت کە وتوویەتی ئـەگـەر رواڵەتی کـچـەکـەی لە ئـوپسـالا ببـینێت دەیکوژێت.

باوکی پارێزگاری لە خۆی دەکات و دەڵێت کە ئەو بە پۆلیسی گوتبوو کە فادیمە نابێت بگەڕێتەوە ئوپسالا. دادگە روونکردنەوەی لێ دەخوازێت.

"ئەوەی کە من گوتم ئەمەیە، هیچ شتێک بۆ ئەو ناقەومێت هەتا ئەو کاتەی کە نایەتە نێو ئەم شارەوە."

"ئەی ئەگەر هاتو وای کرد؟"

"ئەو کات من نەخۆش بووم... من حاڵم باش نەبوو. هەر بۆیەش ئەو قسەیەم کرد. وام کرد کە پۆلیس بزانێت."

فادیمە نەدەبوو بگەڕێتەوە بۆ ئوپسالا ئەمە بووەتە بابەتێک، کە جارێکی تریش دووبارە دەبێتەوە، کاتێک کە لە دواین خولەکدا، دادگەکە وەرچەرخانێکی سەیر بەخۆوە دەبینێت و یەکێک لە برازاکانی ڕەحمی لە ناکاو بانگەشە دەکات کە بکوژی ڕاستەقینە، ئەوە. دراماکە ڕێک ئەو کاتە دەست پێ دەکات کە دادیاری گشتی و دادوەری پارێزەر خۆیان بۆ بەڵگەهێنانەوە ئامادە دەکەن. لەدادگەدانەکە دەبوو ڕابوەستێت کە ئەم کارە لە وەها قۆناغێکی درەنگدا ڕیزپەڕە.

ڕاپۆرتی پۆلیس لە گفتوگۆ لەگەڵ موراد شاهیندال، واتە برازاکەیدا ڕادەگەیەنێت:

ئەو هەر لە (٩٨ – ١٩٧٨)ەوە کاتێک کە براکەی کەوتە زیندان و دەنگ و هەرای میدیاکان دەستی پێ کرد، دەیویست فادیمە بکوژێت. ئەو چەندان جار چوو بووە دەر و بۆی گەڕابوو. فادیمە قەحبە بوو. ڕەحمی هۆشداریی پێ دابوو کە ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ئوپسالا کەسێک دەیکوژێت. فادیمەیش بەردەوام ڕەحمیی ئازار دەدا. ئەو هەروەها بە ڕەحمیی گوتبوو کە دیسانەوە دەگوێزیتەوە بۆ ئوپسالا. ئەو بێناموسییەک بوو بۆ هەموو بنەماڵەی شاهیندال لە ئوپسالا. ئێستا ناموسی ئەوان گەڕاوەتەوە جێگەی خۆی. "ئەگەر ئەو هەر لە ئویستەرشوند مابایەوە هیچ نەدەقەوما." فادیمە شەرمی هێنا بەسەر هەموویاندا. موراد هیچ پەشیمان نییە و هەمان کار دووبارە ئەنجام دەداتەوە. سونگیولیش هەر قەحبەیە.(٦)

باوەڕ بەم ڕاگەیاندنە ناکرێت و موراد بۆ ئامادەبوون لە دادگە بانگهێشتن ناکرێت. هێندێک لە خزمەکانی بە میدیاکان دەڵێن کە ئەو لەبەرئەوەی کە زۆر پەسنی ڕەحمیی دەدا، ویستی لەلایەن بنەماڵەکەوە وەکو قارەمان چاوی لێ بکرێت. هەر بۆیەش ئەو دەیویست خەتاکە بخاتە ئەستۆی خۆی.(٧)

ڕەفتاری ئەم کوڕە لەگەڵ داوونەریتی "دروستی" ناموسیدا دێتەوە؛ گرینگ نییە

کێ سزادانەکە وەردەگرێت؛ کەسێک هەر ئەوەندە چاکە، کە یەکێکی تر. خەتای کەسێکی تر گرتنە ئەستۆ هەڵبژاردنێکی ئەقڵانییە کە دەتوانێت پیاوێک بکاتە قارەمان.

ئەوە راستە کە موراد بەشێکە لە بازنەی ناوەوەی شاهیندالەکان: دایک و باوکی ئەو خوشک و برای هەریەک لە دایک و باوکی فادیمەن. هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵەکە پێیان وایە کە ئەو مەرەرەشە. کاتێک کە فادیمە کوژرا ئەو دەستبەسەر بوو و گێڕاویەتەوە کە هاوڕێیەک یارمەتی دابوو تا ئامێرە ئەلیکترۆنییەکەی دەیخەنە قولەپێوە لە کار بخات بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە ئوپسالا بەبێ ئەوەی پۆلیس پێ بزانێت.

سونگیول شایەتیی داوە کە باوکی تەقەکانی کردووە، بەڵام ئەو دەزانێت کە بنەماڵەکە لەگەڵیدا بوون. باوکی بەئەنقەست ئەو کارەی کرد. کوشتنەکە پلانی بۆ داڕێژرابوو. سونگیول خۆی بە رێککەوت گوێی لە چەندان دەمەتەقێ بووبوو لە نێوان خزمەکاندا کە دەیانسەلماند فادیمە دەبێت بکوژرێت. لە دانیشتنێکی بنەماڵەدا خاڵی گوتبووی، "ئەو کەسە دەبێت لە کۆڵ خۆمان بکەینەوە." دایکی سونگیول، براکەی، خاڵۆی و دوو خوشکی ساڵێک لەمەوبەر بەرێککەوت گوێیان لە باوکییەوە بوو کە لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلدا گوتبووی، "ئەو قەحبە دەبێت بتۆپێندرێت." سونگیول بە بەرچاوڕوونی، ڕاستەوڕاست و لەسەرخۆ، پێشینەی بەسەرهاتەکە لەسەر هەمان ئەو هێڵانە دەگێڕێتەوە کە فادیمە خۆی لە پرۆگرامە تەلەڤزیۆنییەکەدا چوار ساڵ لەمەوبەر کردبووی. فادیمە گوتبووی کە کوشتنی ئەو "تاقە رێگە بوو بۆ ئەوان کە ناموسەکەیان و سەربەرزییەکەیان دەست بکەوێتەوە." ئەمە داوەریکردنی تاقە پیاوێک نەبوو، بگرە بۆچوونێک بوو کە تاقمەکە بە تەواوی لەگەڵی بوون.

سونگیول دەڵێت، "قسە لەسەر ناموسە. ئێستا کە ئەو مردووە، ئەوان پێیان وایە کە ناموسەکەیان دەست کەوتووەتەوە."

سونگیول لەو ماوەیەدا کە لە شوێنی شایەتیدان دانیشتبوو، قەت چاوی لە باوکی وەرنەگێڕا. سونگیول زۆربەی کات مۆڕەی لێ دەکرد و ئەویش سەیری خوارەوە و مێزەکەی بەردەمی دەکات؛ ئەو هەروەها کاتێک کە ڤیدیۆی فادیمە (و

پاتریک) نیشان درا، چاوەکانی رووی لە خوارەوە بوو.(٨) ئەو کاتانە نەبێت کە داوای لێ دەکرا، تەنانەت بە نێویش باسی فادیمەی نەدەکرد؛ لە باتیی ئەوە، ئاماژەی دەکرد بە "ئەو کچە" یان "ئەو کچەی کە مردووە."

سونگیول دەنگی باوکی کاتێک لە پشت دەرگەکە بوو و نەیانهێشت بێتە ژوورەوە وەها شرۆڤە دەکات، لێبڕاوانە بەڵام تووڕە نەبوو. دەنگی ئەو وەکو کەسێک نەدەچوو کە حاڵەتی گڕگرتوو بۆ ئەو کارە هانی دابێت. "ئەو بڕیاری خۆی دابوو."

سونگیول دەڵێت فادیمە کرابووە بزنەڕەش بۆ هەر شتێکی خراپ کە بۆ بنەماڵەکە هاتبایە پێش. فادیمە هیچ زیانێکی بە هیچ کامیان نەگەیاندبوو، بەڵام ئەوان دیسانیشەوە سەرکۆنەیان دەکرد، تەنانەت بۆ نەخۆشیی سونگیول. سونگیول لە نەخۆشیی خەمۆکی ڕەنج دەبات بەڵام ئەو دەڵێت ئەمە هیچی بەسەر فادیمەوە نییە. ئەو پێی وایە هۆکارەکەی لە هاوسەرکاریی نێو بنەماڵەییدایە، وەکو هاوسەرکاریی ئامۆزاکان. جگە لەوەش، ئەو نەخۆشییەکەی هەر لە منداڵییەوە هەبووە.

سونگیول بانگەشە دەکات کە ئەویش لەژێر پاڵەپەستۆدا بووە بۆ ئەوەی ببێتە هاوسەری کوردێک. هەر بۆیەش ئەو ساڵی ١٩٩٨ ماڵی خۆیانی بەجێ هێشت، سەرەتا لەگەڵ یەکێک لە خوشکە گەورەکانیدا و دواتر لەگەڵ هاوڕێیەکیدا پێکەوە دەژیان. ئەمە پێش ئەوەی کە بگوێزێتەوە لای فادیمە. ئەوان هەتا ساڵێک پێشووتر پێکەوە ژیابوون ئەو کاتەی کە سونگیول کەوتە نەخۆشخانە. لەو کاتەوە لە ئەپارتمانێکی پارێزراودا لە شاری ئوپسالا مابووەوە. لەوێدا بوو کە کوشتنەکە رووی دا. فادیمە، دوو خوشکەکەی و دایکی بە درێژاییی ساڵی پێشووتر سێ یان چوار جار یەکتریان بینیبوو.

لە کاتی دەربڕینەکانی سونگیولدا، چەندان کەس لە پیاوەکانی خزمیان لە بێدەرەتانیدا چاویان بەرەو عاسمان بەرز دەکردەوە و سەریان ڕادەشەکاند. منیان لە کورسییەک دانا لە ریزی بنەماڵەکەدا و هێندێک لە پیاوەکان پاشان خۆبەخۆ لەگەڵم کەوتنە گفتوگۆ. پێیان گوتم، هەمووی درۆیە؛ سونگیولیش هەر وەکو فادیمە کەوتووەتە شوێن ناوبانگ لە میدیاکاندا. ئەندامێکی بەرجەستەی بنەماڵەکە بە پێداگرییەوە دەڵێت: "میدیاکان تەنیا توانیویانە یەک شتی راست لەسەر مامەڵە

بڵێن. فادیمە مردووە. باقییەکەی درۆیە." هەموو شتەکان بوونەتە مۆتەکەیەک، نەک هەر بۆ بنەماڵەکە بگرە بۆ هەموو کوردەکان لە سوێد.

باقیی خزمان ئەمەیان بیستووە و دێن بۆ لامان. ئەوان دەیسەلمێنن کە میدیاکان گێڕانەوەی ئەوانیان لە بەسەرهاتەکە پێ خۆش نییە. ئەوان هەوڵیان داوە قسە بکەن، بەڵام فایدەی نییە. پێشنیازیان پێ دەکەم کە لەوانەیە من بتوانم یارمەتیی بدەم ئەوان هەر سەریان ڕادەشەکێنن. پێم دەڵێن ئەوان هەوڵی هەرچییەک دەدەن، ئاکامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. میدیاکان ئەوان وەکو دەعبا نیشان دەدەن. جێگەی داخە کە فادیمە کوژراوە. باقییەکەی هیچی ڕاست نییە.

یەکێک لە خوشکەکانی فادیمە دەوێرێت بەئاماژە بڵێت کە هەڵبەت ژنبوون هەموو کات ئاسان نییە... تێبینییەکەی ئەو لەناو دەنگ و هەرای ڕەخنە لە میدیاکان و ئیشتیای ئەوان بۆ بەناوبانگکردندا نابیسترێت.

چۆن دادگە دەتوانێت ئەوەی کە سونگیول دەیڵێت، بە جیدی وەری بگرێت؟ بەسەر ئەوەشدا کە ئەو مێشکی نەخۆشە. لە کاتێکدا کە سونگیول بە بوێری و ئارامیی خۆی و دەربڕینی بیرلێکراوە و ڕوونەوە کارتێکردنێکی قووڵی لەسەر گوێگرەکان هەبووە، خزمەکانی گێڕانەوەی ژنێکی شێتیان گوێ لێ بووە. میدیاکان وا دەنوێنن متمانە دەکەن بەوەی کە سونگیول دەیڵێت تەنیا لەبەرئەوەی کە ئەوان پێویستیان بە کەسێکی بەنێوبانگی جێنشین هەیە کە بتوانن ڕەوتەکەی خۆیان کە کەڵکئاوەژوو وەرگرتنە لە شاهینداڵەکان و کوردەکان بەگشتی، درێژە پێ بدەن. سونگیول بۆ گوێگران ڕۆڵ دەگێڕێت.

یەکێک لە پیاوەکان پێم دەڵێت، "دەبێت سەیرێکی ئەمە بکەیت. ئەوان ئاوەها ئێمە لە ڕۆژنامەدا دەنەخشێنن." ئەو ئاماژە بەوێنەیەکی ڕۆژنامەی "داگێنز نیهێتێر" دەکات کە تێیدا وێنەی یەکێک لە پیاوەکانی بنەماڵەی شاهینداڵ هەیە لەژێر ڕەوتێکی ئاساییدا کە بۆ هەر کەسێک کە دەچێتە ژوورەوە لە دادگە دەکرێت: پشکنینێکی توندوتۆڵی ئاسایش و لەوانە گەڕان بەناو جلەکاندا.

خوشکەکەی سونگیول دەڵێت، "ئەی دوێنێ سونگیولت بینی؟ بەلای ئێمەدا بەپاسەوانی پۆلیسەوە تێپەڕبوو! وەک ئەوەی ئێمە بە شێوەیەک هەڕەشەمان لێ کردبێت!"

بۆ بنەماڵەیەک کە مەبەستی چاککردنەوەی دۆخەکەی خۆیانە لە کۆمەڵگەدا، بۆم زەحمەتە سیناریۆیەک لەوە خراپتر بێنمە پێش چاو کە برازای خۆ تێوەر بدات. ئەمە چەندە دەتوانێت هەڵە بێت؟ بەڵام هەڵسوکەوتی برازاکە لەسەر هێڵی رێسای نەریتی ناموس بوو. هەر وەکو دەزانین هێندێک وێنەی دیاریکراوی هەیە: ناموس مڵکێکی بەکۆمەڵە، نەک تاکەکەسی؛ ئەو کردەوانەی کە دەبنە هۆی لەکیسچوون یان وەدەستهێنانەوەی ناموس، بەروونی پێناسە کراون؛ بەشی هەرە گرینگی ناموسی بنەماڵەکە ئاکارباشی سێکسیی ژنەکانیەتی، لە راستیدا بێت یان بە نێوبانگ؛ لە کۆتاییشدا ناموس تەنیا بە لە کۆڵ خۆکردنەوەی ژنەکە دەست دەکەوێتەوە، واتە بە کوشتنی ئەو؛ کوشتنی ناموسی بەستراوەتەوە بە چەپڵەلێدان، یان بەلایەنی کەمەوە پشتگیریکردنی جەماوەری تاقمەکەوە.

موراد شاهینداڵ لەوانەیە حیسابی بۆ ئەوە کردبێت کە بۆ گوێگرەکان رۆڵ بگێرێت. کەسانێک وایان لێک داوەتەوە کە ئەو هەر دەیویست ببێتە قارەمانێک. راستە، ئەو لەوانەیە لەسەر هەستی تاقمەکە بەرامبەر بەخۆی بەهەڵەدا چووبێت: وەک چۆن کەسێک وتوویەتی ئەو مەڕەڕەشی بنەماڵەکە بوو. بەڵام ئەگەر وایش بێت، کەس هەڵنەستا و دژ بەبانگەشەی ئەو بدوێت کە ئەوەندە بێ مانا بوون ئەگەر تەنیا یەک کەس لەو شایەتانە کە بانگ کرابوون قسەیەکی بکردایە لە دادگەدا، هەمووی لەبەریەک بڵاو دەبووەوە. وەها راگەیاندنێک گرینگییەکی زۆری دەدایە شایەتیدانەکەی سونگیول و سەلماندنی ڕەحمی و زانیاریی یاسایی کە ڕەحمی وەکو بکەری تاوان دەستنیشان دەکرد. لەو دۆخەدا، گومانی بەبەڵگە سەلمێندراوە لە ئارادابوو ئەوەندە کە دادگە توانی بریارێکی نائاسایی بدات بۆ وەستاندنی مەحکەمەکردنەکە و درێژەدان بە لێکۆڵینەوەی پۆلیس. ئاخۆ دەستپێشخەریی برازاکە نیشاندەری شێوە بیرکردنەوەی "مەڕێکی ڕەش" بوو یان حیساباتی تاقمێک بوو کە ئەو کوڕە متمانەی بە ئامۆژگارییەکانیان دەکرد؟ بەهەر بارێکیدا بووبێت کارتێکردنەکەی وەها بوو کە لەناو خەڵکی سوێددا رێز بۆ بنەماڵەی شاهینداڵ کەم بووەوە. پرسی پێگەی کۆمەڵایەتی وەکو دەزوویەکی سوور بەناو پێکهاتەی حاڵەتەکەی فادیمەدا تێپەڕ دەبێت.

ڕەحمی شاهینداڵ جار لەگەڵ جار وەبیرمان دێنێتەوە کە ئەوە ڕەفتاری فادیمە و کەڵک وەرگرتن لە کەناڵە گشتییەکان – لەوانە سیستەمی یاسایی – بوو کە

لەسەر گوناهی مەرگهێنەری ئەو زیادی کرد. ئەو گوتی، "دەزانی، ئەمە لەسەر نامووسەکەتە" و هاوکات ئەوەی گێڕایەوە کە چۆن لە بەرچاو خزمەکان، دراوسێکان، دۆستان و ناسیاوەکانیاندا و لە بەرچاو هەموو خەڵکی سوێددا سووکایەتیی پێ کرا. باوکی داوای لێ کردبوو ئەو بپارێزێت: "بەم چەشنە لەلای میدیا و پۆلیس من نیشان مەدە! بەلایەنی کەمەوە پازدە کەس تفیان لێ کردووم!" ئەو چیی تر بەرگەی ئەوەی نەدەگرت بە ئوتووبۆس لە نێوان کارەکەی و ماڵەکەی هاتوچۆ بکات؛ ئەو دەیویست بگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی نوێ. ئەو ئیتر نەیدەتوانی بچێتەوە سەر کار و کێشەیەکی دڵیی بۆ پەیدابوو. ساڵی ١٩٩٩ و پاش شازدە ساڵ کارکردنی پڕاوپڕ، راگەیەندرا کە ئەو کەم توانایە و لەبار نییە بۆ کارکردن.

ڕەحمی ڕوو دەکاتە دادگە و دەڵێت: " کچێکی پێگەیشتووی بیست و شەش ساڵان و خوێندکاری زانکۆ... دەبێت ئەو یارمەتیی باوکێک لە دۆخی مندا بدات. من نازانم چۆنتان بۆ باس بکەم ئەوەی ئەو بەسەر منیدا هێناوە."

وە من لە دەروونی خۆمدا وا هەست دەکەم لەگەڵی هاودەردی بکەم، مرۆڤێک کە ئەویش بووەتە قوربانی، کە لە پێکدادانی کولتوورەکاندا گیری کردووە کە کەم و زۆر وێنەی نەبووە. من تێ دەگەم کە بۆچی فادیمە وتی، "باوکە بێچارەکەم!"

پارێزەری گشتی دەکۆڵێتەوە: "تۆ پێمان دەڵێیت کە کێشەکە ئێستا تەواو بووە...؟"

ڕەحمی وەڵام دەداتەوە، "من شتی زۆرم لە مێشکدایە." "کێشەکە فادیمە بوو، بەڵام ئێستا کێشەکە ئەوەیە کە چی روو دەدات؟ من دەخرێمە زیندان، دەی دوای ئەوە چی؟"

پارێزەری گشتی دەپرسێت، "ئاخۆ هیچ هەست دەکەیت کە باری سەرشانت سووک بووبێت؟"

"نا سووک نەبووە. وانییە. بەڵام ئەمە کێشەیەک بوو. کێشەکەیش ئێستا نەماوە."

لەدادگەدانەکەی ئوپسالا منی ڕاشەکاند. بینینی ئەوەی کە کولتوورەکان لەسەر هێڵێک بەرەو پێکدادان دەڕۆیشتن، ئەزموونێکی بیرورووژێنەر بوو. من لەگەڵ خۆم کۆمەڵێک کارم هێنایەوە ماڵەوە کە دەبوو بکرێت پێش ئەوەی هاوپێوەستبوون

گـونجـاو بێت. مـن حـاڵەتەکـە بەلامــەوە سـامـناک بوو، هـەرچـەند ئەو جـۆرەی من دەمـبـینی تەمـومـژاوی نەبـوو. خـودی ئەوەی کـە نهێنی نەبوو وای دەکـرد زیاتر خۆفناک بێت. تەنانەت کاتێک کە برازاکە هاتە ژوورەوە و دراماکەی بەرز کردەوە، هەڵسوکەوتەکەی بەشێک بوو لە لۆجیکێکی روون و گشتی. کاتێکیش پسپۆڕی دەروونناسی رای گەیاند کە تاوانبـار "پاشکەوتە" و "سـاویلکە"یە، ئەمـەش هەر لەگەڵ ئەو نموونە گشتییە دەهاتەوە. "پاشکەوتە" لە روانگەی کێوە؟ عەقڵانیبوون رواڵەتگەلی زۆری هەیە.

دادگەی ناوچەیی ئوپسـالا بۆ ڕاگەیاندنی دادوەرییەکـە، دیسـانەوە رۆژی ٣ی مـانگی چواری ٢٠٠٢ کـۆ بووەوە. ڕەحـمی شـاهینداڵ هەروەکـو تاوانبـار کـرابوو حوکم درا و بەتوندترین سـزایەک کە لـە یاسـای سـوێددا هەیە سـزا درا: زیندانی هەتاهـەتایی.[٩] ئەو هـەروەها دەبوو بڕی پـەنجـا هـەزار کـرۆنی سـوێدی (نزیکەی ٨٥٠٠ دۆلار) خـەسـارات بدات بـە سـونگیـول. دادوەر لەگـەڵ دادخـوازی داواکـاری گشـتیدا هاوڕا بوو. دادوەرییـەکە رای دەگەیەنێت کە کوشـتنەکە تایبـەتمەندیی ئیـعـدامکـردنێکی هـەبـوو، هەروەها ئەم کـارە لە هـەلومـەرجێکی دژواردا رووی دا: ژنێکی گەنجی بێ دیفاع لە بەردەم دایک و خوشکەکانیدا کە یەکیان تەنیا سێزدە ساڵ تەمەنی بوو، کوژرا.

حـوکـمـدان و سـزای ڕەحـمـیی شـاهینداڵ خـۆی و بنەمـاڵەکـەی ئێـجگار زۆر نائومێدکرد. ئەوان ئومێدەوار بوون کە ڕەحمی بۆ تیماری بەردەوام دەدرێتە دەست خزمـەتگوزاریی تەندروستی. ئـامانجی تەواوەتیی پارێزگاری ڕەحمی ئەمـە بوو کە: ئەو نەخـۆش بوو و پێویسـتی بەتیـمـارکـردن هەبوو. پسـپۆڕی دەروونناسی ئەوەی نەسەلماند.

ڕەحــمی نارەزایـەتیی دەربڕی: " من نەخــۆشم، بـەڵام دوکـتــۆرەکـە بـاوەڕم پێ ناکات!"

### ٨- خوشکە بچکۆلەکەی، تەمەن سێزدە ساڵ

نەبیلە شـایەتێکی تراجیدیاکە بوو. ئەو و فـادیمە خەریک بوون پێکەوە بڕۆن کـاتێک کە بـاوکیان لە ناکاو لەبەر دەرگەکەدا دەرکەوت. ئەو نایـەتەوە بیری کێ دەرگەکەی

کردەوە. سەرەتا بە پۆلیس دەڵێت ئەو خۆی کردییەوە، بەڵام دوایە دڵنیا نییە، لەوانەیە فادیمە بووبێت. هەرچۆنێک بێت، نەبیلە لە کونی دەرگەکەوە سەیری کردبوو بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە ڕێگەی چوونە دەر هێمنە. بەڵام باوکی لەوێ بوو لە بەردەمی ئەودا.

"ئەو وەک ئەوە وابوو کە تارماییەکە... من وەها پەشۆکا بووم... قژی زۆر پەرێشان بوو و ڕەنگ و ڕووی بە چەشنێک زەرد بووبوو و چاوەکانی سوور بوون."

باوکی بە دیتنی ئەو پەشۆکابوو.

ئەو ئێجگار زۆر سەرلێشێواو بوو، بەراستی پەشۆکابوو کە منی لەوێ بینی، من ترسام و دوایە، لە بیرم نییە بەتەواوی ئەگەر ئەوم گرت یان پاڵم پێوە نا، یان چیم کرد، بەهەرحاڵ دوایە چاوم کەوت بە دەمانچەکە و بیرم کردەوە، باشە، پێم وایە، هەر دوایە پێم وابوو ئەوە دەمانچەی یاریکردنە... ئەو ڕەنگی ئەوەندە پەڕیبوو، من بەهیچ لەونێک نەمدەناسییەوە، بیرم دەکردەوە ئەم کابرایە بابەی من نییە، ئەمە کەسێکی ترە و دوایە بیرم دەکردەوە، هەر زۆر بەپەلە، ئێستا من چی دەتوانم بکەم و دوایە دەزانی چۆنە، کاتێک کە ئەو قژی فادیمەی کێشا، دوایە دایکم بەڕاکردن هات و ئەو دەستەی کە دەمانچەکەی پێ بوو ڕای کێشا و ڕووی کردە خۆی و وتی، هینەکەم مەکوژە، دەزانی، وا بیری دەکردەوە کە، ئەو مەکوژە، دەتوانی من بکوژیت، من بکوژە لە باتیی ئەو، دوایە پێم وابوو کە خەون دەبینم، بەخۆمم گوت، قژی خۆمم کێشا و ئەوە خەون نەبوو، من ئاوەها بووم، ئێستا دەبێت چی بکەم؟ نەمدەزانی دەبێت چی بکەم، بەڵام چوومە پێش و خۆم بەباوکمەوە هەڵواسی و هەموو کەس بەزۆر ڕای دەکێشا، وەکو ئەوەی هەوڵبدەن و دوایە تەقەیەک هات، و من پێم وابوو پفدان بوون، وەکو پفدانێک بتەقێت، تێ دەگەیت مەبەستم چییە، ئەگەر دەرزییەک هەڵگریت و پێیدا بکەیت، بەهەرحاڵ من نازانم ئاخۆ ئەو تەقەی لە سەری کرد، بەڵام گوێم لە سێ تەقە بوو، هەرچەند لە دەنگوباسدا گوتیان دوو تەقە، بەڵام من سیانم بیست، ئەو سێ جار تەقەی کرد، دوایە، من نازانم ئاخۆ فادیمە کەوت یان نا بەڵام دایە دەڵێت ئەو خێرا کەوت... پێم وانەبێت زۆر ئازاری کێشا، پێم وانییە، پێم وایە ئەو دەستبەجێ مرد، دوایە، دوایە، کاتێک باوکم لەوێ وەستابوو و من هیچ نەمدەزانی چی بکەم، بەڵام بەهەرحاڵ، من چووم بۆ لای و

خۆم پێوه هەڵواسی، پێم وابوو خەریکه تەقه بکات، دیسانەوه تەقه بکات، خۆم بەباوکمەوه ڕاگرت و گوتم "فادیمه، ڕابکه!" وتم، "فادیمه برۆ دوورکەوه!" ئەو نەڕۆیشت، فادیمه هەروا لەوێ ڕاکشابوو، من پێم وابوو، من پێم وابوو، لەوانەیه ترسابێت، لەوانەیه پەشۆکابێت، ناتوانێت هەستێت، من نەمدەویست به شەق لێی دەم، بەڵام تۆزێک به لاقم لێم دا، گوتم "فادیمه، فادیمه!" ڕانەچەنی و دوایە، دوایه دایه ڕای کرده دەرەوه، من نازانم بۆ ڕای کرد... من بیرم کردەوه، ئەوه ئێستا بۆ کوێ دەچێت؟ لای خۆم گوتم لەوانەیه بچێت یارمەتی بێنێت یان شتێکی لەو چەشنە و بیرم کردەوه... بیرم کردەوه لەوانەیه پەشۆکابێت، من بیرم کردەوه، لەوانەیه ئێستا بچێت خۆی بکوژێت.

نەبیله بەدوای باوکیدا ڕادەکات که ئەویش به پلیکانەکاندا بەرەوخوار ڕای کردووەته دەرەوه بەڵام له دەرەوەی بلۆکی ئەپارتمانەکانەوه ڕاوەستاوه. نەبیله خۆی پێ دەگەیەنێت و توند دەیگرێت.

"ئەوەنده بیری زۆر هەبوو، زۆر شتم دەویست بڵێم، بەڵام نه کاتەکه و نه شوێنەکه بۆ ئەوه نەدەبوو، من هەر ئەوم توند گرتبوو، من سەیری چاوەکانیم کرد، ئەویش هەروەها، چاومان یەکتریان بینییەوه، نا، من هەستم کرد، نا ئەو بابەی من نییه، من بیرم کردەوه ئەمه پیاوێکی تره، ئەمه ئەو شتەیه که من بیرم کردەوه، ئەو بەتەواوی جیاواز بوو له خۆی... ئەو فرمێسکی له چاواندا هەبوو."

نەبیله لێی نەدەترسا.

"من له قووڵاییی دڵەوه به نەوعێک دەمزانی، که ئەو قەت نەیدەویست ئازار به من یان به کەسێکی تر بگەیەنێت، من پێم وایه ئەو نەیدەویست که من لەوێ بم، ئەو ئەوەنده سەری سووڕما که من لەوێ بووم... "

ئەم بۆچوونانەی ئەو کچه، که ئەو نەدەبوو لەوێ بایه، بۆی زۆر گرینگ بوو. دواتر و له لێدوانیدا بۆ پۆلیس دیسانەوه دەگەڕێتەوه سەر ئەو بابەته:

"من بیستم که ئەو تەلەفۆنی کردبوو بۆ فاتمه، دەزانی مەبەستم کێیه (یەکێک له پوورەکانی) و پێی گوتبوو ئەو ئاواتەخواز بوو، دەزانی، بەهەرحاڵ گوتبووی، "من بەراستی نەمدەویست نەبیله لەوێ بێت"، هەروەها ئەو مەبەستی ئەوه بوو "من زۆرم پێ ناخۆشه که ئەو لەوێ بوو و ناچار بوو هەموو ئه شتانه ببینێت"، ئەو وای

گوتووه... باوکم دەیویست خۆی بە تەنیا ئەو کارە بکات، بەڵام وەها دەرنەچوو."[1]

نەبیلە بەدوای باوکیدا ڕای کردبوو و خۆی پێوە نووساندبوو، دوایە بەری دا. پۆلیس دەیەوێت بزانێت ئەوە چی بوو وای لێ کرد بەری دا بڕوات.

"چی بوو وای لێ کردم بەری بدەم بڕوات؟ ئەو کاتە بوو کە لە پڕ بیری دایە کەوتمەوە، وەک ئەوەی، ئێستا دایکی من لە کوێیە؟ ئەوە بوو ئەو کاتەی کە ڕێگەم پێ دا کە ڕابکات و دوور بکەوێتەوە."[2]

نەبیلە ڕاکردنەکەی باوکی دەگێڕێتەوە: "ئەو وەک ئەوەی دەفڕی، دەفڕی، دەزانی، ئەو دەفڕی، نزیک بوو لەوە، منیش لەو دەوروبەرە دەگەڕام و بیرم دەکردەوە، ئێستا دایە لە کوێیە و هاوارم دەکرد و بەردەوام چاوم دەگێڕا، لە پشت بەرد و بنچک و هەموو شتێک، بیرم لەوە دەکردەوە کە دایە ڕۆیشتووە، من چی دەتوانم بکەم... "

ئەو دەگەڕێتەوە بۆ ئەپارتمانەکەی سونگیول و تەلەفۆن دەکات بۆ ئەڵماسی خوشکی: "من تەلەفۆنم کرد، گوتم، ئەو هیچ تێنەدەگەیشت... گوتم، "بابە تەقەی لە دەمانچەکەی هێناوە!" من هەوڵم دا وای لێ بکەم تێ بگات، بەڵام تێ نەدەگەیشت، گوتم "بابە فادیمەی کوشتووە!" من پێم گوت "دایە ڕۆیشتووە، ئەو چیی تر لێرە نییە"، من گوتم... "

نەبیلە دەبوو تەلەفۆنەکە بەجێ بهێڵێت چونکە سونگیول پێویستی پێ بوو. ئەو لەگەڵ پۆلیس پێوەندیی گرتبوو و چاوەڕوانی ئەوان بوو تەلەفۆن بکەنەوە.

من گۆشی تەلەفۆنەکەم داناوە، تەنانەت سەیری فادیمەم نەکرد، باشە، من بینیم کە ئەو کۆتە قاوەیییە روونەکەی لە بەردایە و خاڵی تاریکی تێدایە، یان من نازانم، وابزانم لەو شوێنەی باوکم ئەوی کوشت، من بینیم کە، بەڵام پێم وانییە کە فیشەکەکە تێپەڕیوە، کە ئەو چاکەتە زۆر ئەستوورە، پێم وایە، بەهەرحاڵ من بەراستی سەیری ئەوم نەدەکرد، بەڵام من بە چەشنێک دەمکرد، من ڕوومەتی ئەوم بینی و خوێن لەنێو دەمیدا بوو، پێم وایە لە خوێن دەچوو و دوایە من هەر لەوێ تاوێک وەستابووم و دوایە سەیری دەوروبەرم کرد. گوتم، "دایە؟ وای لە کوێ؟" نە، ئەزانی، من نەمدەزانی دایکم لە کوێ بوو... "

زۆری پێ ناچێت کە دایکەکە دەگەڕێتەوە: "ئەو هات و منی ئارام کردەوە و گوتی، "مەترسە، هیچ نەقەوماوە"، ئەو وا یگوت بۆ ئەوەی من هەستێکی باشترم

ببێت و گوتی "مەترسە، چونکە ئەو نەمردووە"، ئەوە ئەو شتە بوو کە دایکم بە منی گوت."

چاکەتە قاوەیییە ڕوونەکەی فادیمە تازە بوو. چەند خولەک پێشتر فادیمە و نەبیلە پێکەوە وەستابوون و پەسنیان دابوو.

" فادیمە کۆتەکەی لەبەر کرد، تازە بوو، قاوەیی روون، تازە کڕیبووی و گوتی، "سەیرکە، جوان نییە؟" و تۆزێک قسەی لەسەر کرد و دوایە لە ئاوێنەکەدا سەیرێکی خۆی کرد و گوتی "جوانە"، دوایە چوو بۆ لای دایە و ماچی کرد و گوتی "بەهیوای خۆشیتان!" دوایە دیارییەکەی من کە پێم دابوو هەڵی گرت و من لە کونی دەرگەکەوە سەیرێکم کرد، ئەگەر ئەو لەسەر پلیکانەکان دانیشتبایە پێم وایە دەمبینی، بەڵام دانەنیشتبوو و منیش دەرگەکەم کردەوە ئەمجار ئەو لەوێ بوو، رێک لە بەردەم مندا وەستابوو... "

نەبیلە ئاوا باسی رواڵەتی باوکی دەکات "ڕوومەتی زەرد هەڵگەڕابوو و چاوەکانی سوور بوون." دواتر دەیگێڕێتەوە کە مەبەستی چی بووە: "من سەیرێکیم کرد و پێستی زەرد بوو، فرمێسک لە چاوەکانیدا بوو، ئەو، چاوەکانی وێک دەهاتن، نەک وەکو ئاسایی، دەزانی، کاتێک گلێنەی چاوی وێک دەهات، بەڵام لەو ڕۆژەدا زیاتر لە هەر کاتێکی تر وێک دەهاتن."

لێکۆڵەری پۆلیس دەپرسێت، "ئەوەی کە دەڵێیت رەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، مەبەستت چییە؟"

" ئەو ئەوەندە بێڕەنگ بوو، دەزانی... رەنگی پێستی وا نەبوو کە دەبوو ببێت، سەیر بوو، وەکو زەرد بەچەشنێکی سەیر، دەزانی، لە راستیدا ئەسڵەن زەرد نەبوو، من نازانم ئەو ڕەنگە چۆنە، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەوەندە بێڕەنگ بوو، ڕوومەتی رەنگێکی ئەوەندە سەیری هەبوو."

نەبیلە پێی وانییە کە کوشتنەکە پلان بۆداڕێژراو بووە.

"ئەوان بەردەوام دەڵێن ئەم شتەیان بە پلانەوە کردووە، بەڵام ئەو ئەگەر پلانی بۆ داڕشتبوو دەبوو کەسێکی هەبووایە چاوڕوانی ئەوی کردبایە لەوێ و یارمەتیی دابایە کە ڕابکات. بەهیچ لەونێک ئەو پلانی بۆ دانەڕشتبوو."(٣)

نەبیلە وات لێ دەکات هیچ گومانێکت نەبێت کە ئەو خوشکێکی لەدەست داوە کە

زۆر خۆشی دەویست. کاتێک کە گەورە دەبوو، فادیمە کە سێزدە ساڵ لەو گەورەتر بوو، زیاتر وەکو دایکی وابوو. ئەو کاتەی کە فادیمە ماڵەوەی بەجێ هێشت تەمەنی نەبیلە نزیکەی نۆ ساڵ دەبوو. بەڵام نەبیلە رەخنەش دەگرێت لە فادیمە، کە بووە هۆی ئەوەی بنەماڵەکە تووشی رەنج و ئازار بێت: "ئێمە هەموو کات زۆر نزیک بووین لەیەک و من ئەوم خۆش دەویست، لە هەمان کاتدا من ئێجگار تووڕەم لەوەی کە ئەو درۆی کردبوو، ئا وای کرد، درۆی زۆری کرد، هەموو ئەو شتانەی گوتی درۆ بوون، من لەبەر ئەوە هەتا ئەبەد نائومێدم و زۆر لێی تووڕەم، بەڵام لە هەمان کاتدا خۆشیشم دەوێت."(٤)

نەبیلە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە فادیمەیان فریو دابوو کە درۆ بکات چونکە ئەو دەیویست ببێتە کەسێکی بەناوبانگ. ئەم کچەیان لە چیرۆکی بنەماڵەکەدا بەشداریی دابوو، ئەو چەشنەی کە سێزدە کەس لەو پازدە ئەندامەی بنەماڵە کە پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردبوون. نەبیلە دەڵێت کە فادیمە دەیویست وەکو کەسایەتییەکی بەناوبانگ کارێکی هەبێت و بانگەشە دەکات کە ئەو ململانێی خوشکەکەی دەکرد، فادیمە خۆی سەلماندبووی کە درۆی کردووە:

ئەمجار گوتم "فادیمە، بۆچی وات کرد؟" من گوتم "فادیمە بۆچی ئەو هەموو درۆودەلەسەت کردووە لەسەر تەلەڤزیۆن؟" من گوتم، "فادیمە، ئاخۆ ئەوەی دەهێنا؟" من پرسیم. "هەر بەڕاست ئەوەندەی دەهێنا؟ راست بڵێ، راست بایەخی ئەوەی بوو؟" من گوتم، "ئاخۆ بەڕاستی بایەخی ئەوەی بوو کە تۆ لەگەڵ میدیاکان قسە بکەیت و... " بەهەرحاڵ، ئەو لە هەموو میدیاکاندا هەبوو، لە هەموو رۆژنامە و شتەکاندا هەبوو، هەموو ئەو شتانە باوکمی شێت دەکرد، ئەو نەخۆش کەوت چونکە فادیمە لە هەموو میدیاکاندا هەبوو و بەتایبەت لەبەرئەوەی درۆی دەکرد و ئێمەی وەکو بنەماڵەی دێوێک باس دەکرد، هەر بەڕاستی وای دەکرد.

ئەو هەر درۆی کرد و درۆی کرد و ئاخرییەکەی باوکم شێت بوو، نەخۆش کەوت، فادیمەیش ئەم شتانە دەڵێت، بەهەرحاڵ ئەو رۆژی بیستی مانگی دوازدە لە شوێنێک بوو، هەر شوێنێک، لە پەرلەمان یان هەر شوێنێک و من گوێم لەو تۆمارە بوو کاتێک ئەو دەڵێت بەو خەڵکەی لەوێن کە باوکی ئێمە بە تیرۆک لێی داوین و سی جار لەوی داوە... وە ئێمە ئەم تیرۆکەمان هەیە، لە دارە، دەزانی، لە دار

دروست کراوە و ئەو دەڵێ بابە بەلایەنی کەمەوە سێ جار بەوە لێی داوە، بەڵام بابە قەت دەستی لێ نەکەوتووە، مەبەستم ئەوەیە سێ جار! خوایە، ئەگەر من ئەوە بگرم و سێجار بەسەر تۆیدا بدەم، پێم وانەبێت سەرت بتوانێت بەرگە بگرێت، من پێم وایە سەرت دەتەقێت، وانییە؟

(بەسەرهاتی ئەم تیرۆکەیە لە لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیسدا دەردەکەوێت کە هی ساڵی ١٩٩٨یە. فادیمە گوتوویەتی کە باوکی بەلایەنی کەمەوە سێ جار لە کاتی جیاوازدا بە تیرۆک لێی داوە و زۆر خراپ شین بووەتەوە. کاتێک نەبیلە ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە، سێ جار ڕوودانەکە بووە بە سێ کوتە یەک لە دوای یەک، ڕەنگە لەبەرئەوەی کە بنەماڵەکە بەو چەشنە دەیگێڕنەوە. نەبیلە هەوڵ دەدات بە لۆجیکی هەڵە، نیشان بدات کە فادیمە دەبێ درۆی کردبێت.)

بەسەرهاتێکی تر درۆیەکی فادیمەیە سەبارەت بەکچێنییە:

دەزانی، لای ئێمە تۆ دەبێت، بۆ وێنە کاتێک کە هاوسەرکاری دەکەیت، تۆ دەبێت تەواو پاک بیت و ئەویش وتوویەتی کاتێک خوشکەکەی من، تۆ دەزانی کامەیان، ئەو، ئەوان ناچاریان کرد کە ببێتە هاوسەری ئامۆزاکەی... بەهەرحاڵ، هەرچی، ئەو دەڵێت کە کچان دەبێت پاک بن کاتێک هاوسەرکاری دەکەن و ئەو دەڵێت کە کاتێک ئەوان [خوشکەکە و ئامۆزاکە] بوونە هاوسەر، ئەمجار کۆڵێک لە خزمەکانی من و پوورم دانیشتبوون لە ژوورێکدا و ئامۆزاکان، یان بەهەرحاڵ، باوکەکە و باقیی خزمەکان، دەزانی، هەر پیاوەکان، ئەوان لە ژوورێکی تردا، دوایە کاتێک کە مەلافە دێن و نیشانی پیاوەکانی دەدەن و ئەوان سەیرێکی دەکەن و دەڵێن "بەڵێ، ئەو کچە پاکە، ئەوە کەسێکی باشە،" و لەم شتانە. بەڵام ئێمە شتی وا ناکەین ئێمە تێدا نین... ناوی چییە، لەناو ئەو چەشنە کولتوورەدا، چیی تر ئەوە روو نادات، باشە بەهەرحاڵ، ئێستا وانییە، کچان پێویست ناکات پاک بن، ئێمە لەسەر ئەوە هەراوهۆریا ناکەین. ئەگەر کەسێک بڕوانێتە دواوە کاتێک باوکم لە کاتی خۆیدا، ئەو کات لەوانەیە جیاواز بووبێت و گرینگ بووبێت، بەڵام ئێستا نا، کوڕان و خەڵک کە لەم کۆمەڵگەیەی ئێرەدا دەژین، بۆ ئەوان گرینگ نییە ئەگەر ئەمە... هەموو کەس خوێنی لێ نایەت، ئەوە ئەو شتەیە کە من هەوڵ دەدەم بیڵێم.

("ئێمە نین لەوەدا... ئێوە چی پێ دەڵێن. لەنێو ئەو چەشنە کولتوورەدا": نەبیلە،

کە لە سوید لەدایک بووە و گەورە بووە، لەوانەیە ئەمەی لە ڕووی دڵپاکییەوە گوتبێت، یان خەیر و لەبەرئەوەی نیشان بدات کە ئەو بەهیچ چەشنێک بێگانە و سەیروسەمەرە نییە. کەسانی گەنج لە تەمەنی ئەودا نایانەوێت لە دەرەوەی کۆمەڵە خەڵکەکەدا بوەستن، بەتایبەت بە شێوەیەکی وا نا کە لەلایەن باقیی کۆمەڵگەکەوە سووک سەیر بکرێن. لە سوید، هیچ سوودێک نادات رای بگەیەنیت کە تۆ وابەستە بە "کولتوورێکیت" کە لە شەوی زەماوەندەکەتدا وەکو بەڵگەیەک کە ئەتۆ کچ بوویت مەلافە خوێناوییەکە پێویستە. ئەو وێ دەچێت بڵێت "ئێمەیش مۆدێر نین" کاتێک لەسەر ئەوە پێدا دەگرێت کە کوڕان ئێستا دەربەستی ئەم جۆرە شتانە نین.)

ئەوەی لێکۆڵینەوەکە دەکات دەپرسێت، "ئەوەی کە ئێستا باست کرد، کێ دەڵێت ئەوە وەهایە؟"

"فادیمە، ئەو نووسیوویەتی و گوتووشیەتی... ئەو لەسەر تەلەڤزیۆن گوتوویەتی، من پێم وانییە بۆ رۆژنامەکانی نووسیبێت، بەڵام لەسەر تەلەڤزیۆن گوتی... و من گوتم "فایمە ئاخۆ ئەوە دەهێنێت؟" من گوتم، "بنەماڵەیەک بایەخی لە [هاوڕێیەکی کوڕ] زیاترە، دۆستان زۆر گرینگترن لە هاوکلاسییەک، زۆر زیاتر لە هاوڕێیەکی کوڕ"، ئەمە ئەو شتەیە کە من گوتم و من وەکو "ئاخۆ ئەوە بەڕاستی بایەخی ئەوەی هەبوو؟" ئەو گوتی "من دەزانم درۆم کرد"، ئەوە ئەو شتەیە کە ئەو بەمنی گوت، رێک بەو شێوە. ئەو گوتی "بۆ هەموو ئەوانە بمبوورە"، ئەو پێی گوتم "ئەزانی، من نەمدەزانی چی بڵێم." ئەو دەیەویست ببێتە کەسێکی بەناوبانگ، میکرۆفۆن لەبەردەمیدابێت، لە پرۆگرامی تەلەڤزیۆندا بەشدار بێت."

بەباوەڕی نەبیلە، هەموو کێشەکانی بنەماڵەکە بە پێوەندییەکانی فادیمە لەگەڵ پاتریکدا دەستی پێ کرد.

"هەموو شتێک، مەبەستم ئەم کێشەیە، لە ساڵی ١٩٩٨دا دەستی پێ کرد کاتێک کە خوشکەکەم بوو بەئەویندارى کوڕێکی سوێدی، لە راستیدا سوێدی نییە، ئێرانییە، نیوە سوێدییە، بەڵام ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم رۆژنامە خراپانە لەسەر ئەوە بنووسن، بەڵام وا ناکەن... "

"تۆ ئەو کات واتە ساڵی ١٩٩٨ تەمەنت چەند بوو؟"

"پێم وایە نۆ ساڵان بووم، ئەو ئەویندارى ئەم سوێدییە بوو... بەهەرحاڵ، فادیمە

جەژنی زەماوەندێکی دەویست لە هی ئێمە، دەزانی، ئێمە وا باوە... بەهەرحاڵ، ئاخۆ لە سوێد وایە کە کچان پارەی جەژنەکە بدەن یان هی زەماوەندەکە و ئەوە چۆن دەکرێت؟ بۆ کچانی سوێدی؟"

"لە قەدیمدا دەکرا، بەلاّم ئێستا نا."

" باشە، من نازانم، بەلاّم هەموو کەس دەڵێت ئەوان وا دەکەن و لەنێو ئێمەدا ئەوە کوڕانن و فادیمە دەیەویست کە... خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ شاییەکانی ئێمە، هەزار یان لەوانەیە هەشتسەد کەس، ئەویش ئەوەی دەویست، وەکو جەژنێکی ئێجگار گەورە و ئێمە دەبوو پارەکەی بدەین و ئێمەیش گوتمان، "نا فادیمە، ئێمە نامانەوێت، ئێمە وامان پێ باشە کە جەژنێکی بچووک بێت و ئەو کاتەیە کە هەموو شت دەستی پێ کرد، چونکە ئەو هەر لەسەر "ئەو چەشنە جەژنە" و "ئەم چەشنە جەژنە" و بەردەوام ئەو شتانە و ئەوە ئاوەها دەستی پێ کرد، ئەو پێوەندیی گرت لەگەڵ میدیا و سەبارەت بەهەموو شت درۆی کرد. من بە تەواوی لەسەر ئەمە لەو تووڕەم، ئەمە کارێکی خراپ بوو کردی، مەبەستم ئەوەیە کە من رۆژنامەکانم خوێندووەتەوە و سەیری تەلەڤزیۆنم کردووە، بەلاّم یەک دێری سەگباب و یەک وشەی سەگباب نییە کە راست بێت، ئەوەی ئەو سەبارەت بە بنەماڵەی ئێمە دەیڵێت، هیچی وا نییە... دەزانی، من خوێندمەوە و سەیرم کرد و خوێندمەوە و یەک تاقە دێر و یان هیچ شتێک نییە سەبارەت بە بنەماڵەی من کە راست بێت و شتەکە ئەوەیە کە ئەو تەلەفۆنی بۆ باوکم کرد، دەزانی، دوای ئەوەی باوکم کێشەی دڵی بۆ پەیدابوو، دوای ١٩٩٨ و کێشەی نووستنیشی هەبوو، بەردەوام لەژێر دووشدا و لە حەمام و لە کاتی تەماشاکردنی تەلەڤزیۆندا لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد... بەلاّم ئێمە زۆر بەلامانەوە گرینگ نەبوو، پێمان وابوو وەک ئەوە وایە کە داتەپیوە، لەگەڵ خۆی قسە دەکات، بەلاّم نیگەران نەبووین، لە راستیدا هیچ نییە، کێشەیەکی نووستنە، ئەمە زۆر تایبەت نییە، هیچ نییە، من نازانم، بەلاّم خەڵکانی پیر جاری وایە شتێکیان هەیە لەسەر ئەوەی کە نەتوانن بخەون... ئەو بەتەمەن بوو، تۆزێک، هەر لەوانەیە بۆیەش نەیدەتوانی بخەوێت و ئەمە هیچی بەسەر هەموو ئەو شتە نییە و خوشکەکەم [فادیمە] تەلەفۆنی دەکرد و بابە دەیگوت ئەلۆ، دایدەنا و دوایە دیسان تەلەفۆنی دەکردەوە لە بابە، دەیگوت ئەلۆ، لە سەعات شەشی ئێوارە و چوار و لە سێی نیوەشەودا تەلەفۆنی دەکرد و زەنگی لێ دەدا... بابەیشم

دەیگوت "هەرچی پێت خۆشە بیکە، هەر وازم لێ بێنە"... "(٥)

لێکۆڵەری پۆلیس دەیەوێت بزانێ چۆن نەبیلە ئەوەندە دڵنیایە کە فادیمە درۆی دەکرد.

"ئەوەی پێم گوتووی، مەبەستم ئەو هەموو شتەی کە ئەو گوتوویەتی و راست نەبووە، لەبەرئەوەیە کە من لەم بنەماڵەدا دەژیم و قەت شتێکی لەو چەشنەی ئەو دەیڵێت نەمدیوە، قەت، من نەمدیوە، سەیرکە، هەڵبەت ئێمە هەموومان کاتی ناخۆشمان هەبووە، بەلآم نەک ئەو شێوە ئەو باسی دەکات، لە بنەماڵەی ئێمەدا ئێمە هەردەم لە دەوری یەک کۆ دەبینەوە، جاری وایە دەگرین و کاتی خۆشیشمان هەیە، ئێمە ساتەکانی خۆمان هەیە، ئێمە هەمانە، بەلآم نەک وەکو ئەوانە، دەزانی."

"تۆ گوتت "ئێمە کاتی ناخۆشمان هەبووە"، مەبەستت لەوە چییە؟"

"بڕوانە، ئەمە یانی ئێمە کاتی جۆراوجۆرمان هەبووە، ئێمە لەگەڵ یەکتر بووین و لەوانەیە ئەگەر شتێک روو بدات، من نازانم، وەکو خزمێک مردبێت یان شتێک، ئەمجار ئێمە پێکەوە دەگرین... "

نەبیلە زۆر ئەرێنییە لەوەی کە بەگشتی کاتێکی خۆشیان پێکەوە هەبووە: "ئێمە دایمە کاتی خۆشمان پێکەوە هەیە، من قەت ئەو جۆرە هەستەم نەکردووە [ئەو چەشنە کە فادیمە دەیگێڕێتەوە] و ئەو بە پۆلیس دەڵێت کە... بابە لێی داوە، شتی لەو چەشنە، باشە بۆچی پۆلیس پرسیاری نەکرد ئاخۆ منداڵی تر لەم بنەماڵەدا نییە، بۆچی نەچین و بۆمان دەرکەوێت بزانین ئەوان چۆنن، بۆچی ئێمە وا ناکەین، دەزانی؟"

لێکۆڵەرەوەکە دەیسەلمێنێت. "ئێستا ئەمە پرسیارێکی باشە."

نەبیلە رەخنەی هەیە لەو شێوەیە کە میدیا کەڵکئاوەژوویان لە فادیمە وەرگرتووە:

ئەو دەڵێت "بنەماڵەکەم لێیان داوم، پلانیان داڕشتووە بۆ ئەوەی ئەم شتانە بکەن، ئەوان لێم دەدەن، خراپەم لەگەڵ کراوە و خوشکەکانیشم هەر خراپەیان لەگەڵ کراوە." باشە بۆچی پۆلیس، بۆچی ئەودەم هەوڵیان نەدا یارمەتیمان بدەن، ئێمە تەلەفۆنمان لێ کردن، دەزانی، رۆژنامەکان و شتی وا هەوڵمان دا قسەیان لەگەڵدا بکەین، بەلآم وتیان نا چونکە ئەوان لەوانەیە ئیتر ژمارەی زۆریان بۆ نەفرۆشرێت، ئەوان کەڵکیان لە خوشکم وەرگرتووە.

خاتوونی پۆلیسەکە بە نەبیلە دەڵێت ئاخۆ ئەو دەتوانێت دڵنیا بێت سەبارەت بەوەی کە روویداوە. ئاخۆ ناتوانێت وابێت کە فادیمە رەفتاری خراپی لەگەڵدا کرابێت بەبێ ئەوەی کە نەبیلە پێ بزانێت؟

"نا، نا، نا!"

"ئاخۆ تۆ پێمان دەڵێیت کە تۆ هەموو کاتێک لەگەڵ بنەماڵەکەتدایت؟"

"من لەو کاتەوە کە لەدایک بووم لەگەڵیانم و جگە لەوەش خوشکەکانی تریشم هەن، تۆ پێت وایە ئەوان درۆ دەکەن یان چی؟"

"من ناتوانم بڵێم."

"تۆ ناتوانیت بڵێیت، تۆ ناتوانی بڵێیت، بەڵام من دەزانم کە ئەوان درۆ ناکەن!"

نەبیلە سەبارەت بە دایکی خەمبار و سەرلێشێواوە: "بنەماڵەی من وانین و دایکم دەڵێت کە کاتێک ئەوان هاتن بۆ ئێرە، ئەو بە زەحمەت لە... ئەو هیچی سەبارەت بە کولتووری ئێمە نەدەزانی... ئەو نزیکەی چوارساڵی بوو. لەوانەیە شەش ساڵان بووبێت و سەرەڕای ئەوەش ئەو دەڵێت... "

"کێ دەڵێت؟"

"خوشکەکەم، ئەوە ئەو کاتە بوو کە ئەو هات بۆ ئێرە. ئەو دەڵێت کە... دایە پێی گوتووە، باشە، ئەو وای کرد کە ئەوان لە رۆژنامەدا بنووسن کە دایە پێی گوتووە نابێت لەگەڵ کچانی سوێدیدا یاری بکات چونکە ئەوان قەحبەن، هەر کامەیان قەحبەیەکە و وەکو ئەمە و وەکو ئەوەن. دایە قەت قسەی وای نەکردووە و ئەوەندە سەری لێشێوا کاتێک ئەوەی بیست و گوتی "ئەو چۆن قسەی وادەکات؟" ئاشکرایە ئەو پێی وایە ئەگەر ئەوان لە رۆژنامەکاندا ئەوە بنووسن و خەڵکی سوێد بیخوێننەوە کە چۆن دایکی من پێی گوتووە ئەو نابێت لەگەڵ قەحبە سوێدییەکاندا یاری بکات... ئاشکرایە ئەوان بیر دەکەنەوە، وەکو، دەزانی، سەگبابە، بۆچی ئێمە دەرگەمان کردەوە و ڕێگەمان دانێ بێنە ژوورەوە؟ ئەوان دێنە ئێرە، دەخۆن، هەموو شتێک کە پێویستیان بێت دەیاندەینێ و ئەمجار گەورەکان بە منداڵەکانیان دەڵێن کە نابێت لەگەڵ قەحبەکاندا یاری بکەن! ئەوان بەڕاستی لەمە تووڕە دەبن، بینینی ئەمە زۆر ئاسانە، ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت گوتنی راستییەکانە، ئەمە راست نییە، ڕێک درۆیە، دایە دەڵێت."

بەپێی وتەی نەبیلە، راستییەکە ئەوەیە کە باوکی و براکەی بەهەڵە تاوانبار کراون کە توندوتیژیی جەستەییان بەرامبەر بە فادیمە بەکار هێناوە. براکەی بەرگریی لە خۆی کردووە و بۆ پارێزگاری لە دایک و باوکی: "براکەم هەڵی نەدەکرد کە لەوێ بێت و سەیری دایک و باوکم بکات کە لە بەردەم تەلەڤزیۆنەکەدا دەگرین، لە بەردەم فادیمەدا، هەر لەبەرئەوەی کە درۆی دەکرد... بابە ئەو کارەکەی بوو لە سالا، نازانم چی و ئەو هەموو شتانەیان بەرامبەری دەکرد، وەکو فڕێدانی تۆپەڵە بەفر، نێوی خراپیان خستووە شوێنی، پێیان دەگوت "تۆ هاوجنسگرایەکی سەگبابی، تۆ خراپەکارێکی سەگبابی، تۆ سەگبابێکی" ئاخ نازانم چی، ئەوان باوەڕیان بە کۆڵێک شت کردبوو سەبارەت بە بابەم و براکەم، ئەو لەوێ بوو، فادیمەی دەبینی لەسەر تەلەڤزیۆن و ئەو وەکو... فادیمە پێویست نەبوو بچێتە تەلەڤزیۆن، ئەو پێویست نەبوو بچێتە دەرەوە و لە میدیاکاندا بێت... مەبەستم ئەوەیە، شتی وا روو دەدات... ئەو خۆی هەموو ئەوانەی کرد... دوایەش، دەزانێت، چی قەوما، کاتێک تۆ دەڵێیت کە براکەم دای لە خوشکەکەم، لەو شتانە... "(٦)

"تکایە نێوی کەسەکان ببە با بزانین سەبارەت بە کێ دەدوێیت."

"مەسعوود و فادیمە. ئارام بە و من بەرێکوپێکی دەیڵێم، بڕوانە، ئەوان لە هین بوون، پێت دەڵێم... بەهەرحاڵ، ئەمە هەفتەیەک دوای ئەوی ئەو، پاتریک مرد... یان لەوانەیە دوو یان سێ هەفتە بووبێت، یان لەوانەیە مانگێک، براکەی من لەوێ دانیشتووە، ئەو لەگەڵ خوشکەکەی ترم بوو، نێوی ئەڵماسە و چاوەڕێی ئوتوبووس بوون و فادیمە چووبووە خرید و شتێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابوو... لە ڕاستیدا، من دڵنیا نیم کە ئەو هیچی کڕیبێت، بەڵام بەهەرحاڵ، ئەو چووبووە ناو فرۆشگاکان، ئەوەندەی من بزانم بەهەرحاڵ، ئەو لەوێ بوو، ڕێگەی دەبڕی... براکەم چاوی پێی کەوتووە، مەبەستم ئەوەیە کە براکەم فادیمەی بینی بەڵام هیچی نەکرد، تەنانەت سەیریشی نەکرد، وەکو ئەوەی هیچ خۆی تێ نەگەیەنێت و دوایە فادیمە دەچێت بۆ لای ئەو و گاڵتەی پێ دەکات و دەڵێت "چۆنی مەسعوود؟ دایک و باوکمان چۆنن؟" دوایە دەڵێت "هەی هاوجنسگرای سەگباب" یان، دەزانی، شتی لەو چەشنە بۆ ئەوەی تووڕەی بکات، بۆیە ئەویش هەڵدەستێت و شتێک دەکات و فادیمەیش دەڕوات... ها، ها، ها! پێی پێ دەکەنێت... براکەم هیچ خۆی تێ ناگەیەنێت، بەڵام ئەو بەچەشنێک دەڵێت "هەی سەگبابی هاوجنسگرا" کە کاری تێ

دەکات. ئەمە وای لێ دەکات کە ئیتر دواین شت بوو کە هەڵی کێشا و ئەویش هەڵدەستێت و لە فادیمە دەدات. ٧ هەر لەو کاتەشەوە ئەو چەندان جار تەلەفۆنی کردووە بۆ براکەم و کۆڵێک شتی پێ گوتووە، دەزانی، کاتێک فادیمە لەو فیلمەدا باسی هەموو ئەم شتانە دەکات."

"کامە فیلم؟"

نەبیلە دەیگێڕێتەوە کە مەبەستی تۆماری فیلمی تەلەڤزیۆنە. لەوانەیە ئەو فیلمە بەڵگەنامەییە بێت کە لەسەر فادیمە و پاتریک لە بەهاری ساڵی ١٩٩٨دا ئامادە کرا.[٨] ئەمە برێتییە لە کاسێتێکی تۆمارکراو کە تێیدا فادیمەیە کە لەلایەن براکەیەوە هەڕەشەی لێ کراوە، کە دەڵێت دەتکوژم. بەپێی وتەی نەبیلە، ئەمە ئاوەها بوو: فادیمە بەردەوام تەلەفۆن دەکات، بە ئەنقەست براکەی دەورووژێنێت و "دوایە دیسانەوە تەلەفۆن دەکاتەوە و ئەویش، براکەم، زۆر تووڕە دەبێت و کۆمەڵێک شتی پێ دەڵێت و ئا لەو کاتەدایە کە فادیمە دەست دەنێت بە دوگمەکەدا و هەموو شتێک تۆمار دەکات."[٩]

فادیمە قەت باوەڕی نەکردبوو کە براکەی دەیویست بیکوژێت. بەڵام، ئەو دەیگێڕێتەوە کە چەندە دایکی پەرۆشی هەبوو ئەگەر بێتو کوڕەکەی بۆی دەرکەوێت کە فادیمە دواین شەوی لە ئوپسالا بردووەتە سەر. کاتێک گوتی بە دایکی با بە ئۆتۆمۆبێل بیگەیەنێتە ئەپارتمانەکەی سونگیول، وەڵامی دایەوە، "نا، نامەوێت ئەمشەو بچمە ئەوێ. قاچم زۆر دێشێت." کوڕەکە دەڵێت، "بەهەرحاڵ، ئەو شیرینییانەی دروستت کردووە بمدەیە، دەیانبەم بۆ سونگیول." دایکەکە دەڵێت، "گوێی مەدەیە، سونگیول قەرار وایە دواتر خۆی بێت بۆ ئێرە."

کاتێک مەسعوود دەڕوات، نەبیلە لە دایکی دەپرسێت، "دە بۆ ناڕۆیت؟" "پاشان لەوانەیە دایە وتی "خۆت گەوج مەکە"، یان زیاتر وتی "هاتوو ئەو کچە شتێکی بەسەر هات، من مل لە چەقۆ ناسووم.""

دوایە نەبیلە بەدایکی دەڵێت، "تۆ دەزانی کە مەسعوود قەت کارێکی وەها ناکات، تۆ دەزانی ئەو بۆ ئەو هەموو شتە چووەتە زیندان، بەڵام ئەوە ئەو کچە بوو کە گوتی، دەزانی، هەی سەگبابی هاوجنسگرا و شتی وەهای پێ گوت، هەموو شتێک خەتای براکەی من نەبوو."

لێکۆڵەری پۆلیس پرسیار دەکات ئاخۆ ئەو پێی وایە کە باوکی و براکەی دەیانزانی کە فادیمە ئەو ئێوارەیە دەچێتە سەردانی سونگیول.

"نا. نەیاندەزانی، بەڵام پێم وایە براکەم چەشنێک مەزەندەی کردبوو، لەوانەیە هەستی کردبێت کە شتێک لە ئارادایە، من پێم وایە ڕێک ئاوا بوو، ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە دەیزانم ئەوەیە کە براکەم قەت دەستی بۆی نەدەبرد، وەکو کاتێک کە من ڕۆژی دووشەم، نە، ئەرێ، دوێنێ قسەم لەگەڵی دەکرد... من لە ئۆتۆمۆبێلەکەیدا دانیشتبووم لەگەڵی و قسەمان دەکرد و من گوتم، "بڕوانە، ئەگەر تۆ، با بڵێین تۆ، بەهەرحاڵ ئەمە هەروا شتێکە من بیرم لێ دەکردەوە بۆیە دەمویست لێت بپرسم، ئەگەر دایە گوتبای "بەڵێ، تکایە بمگەیەنە ئەوێ" و تۆ دایە ببەیت بۆ ئەوێ و... بڵێیت "منیش لەگەڵت دێمە ژوورەوە" و تۆ فادیمە لەوێ ببینیت، چیت دەکرد؟"

ئەو گوتی، "من دەستم بۆی نەدەبرد، تەنیا سەیرم دەکرد و دەمگوت "فادیمە چیت کردووە، ئاخۆ بەڕاست ئەوەی دەهێنا؟" و دوایەش دەچوومەوە ناو تۆتۆمۆبێلەکەم و دەڕۆیشتم."... ئەو گوتی "فادیمە دەیەوێت من لە زیندانداا ببینێت، بەڵام قەت ئەوە روو نادات!" "

نەبیلە لەگەڵ ئەو بیرە لە ململانێدایە کە ئاخۆ دەکرا پێش بەو کوشتنە گیرابایە. پۆلیس وردتر سەبارەت بەهەستی ئەو دەپرسێت، بەبێ ئەوەی بزانێت لەبەرچی، کە ئاخۆ مەسعوود ئاگەداری سەردانی فادیمە بوو بۆ لای سونگیول. لەوانەیە شیمانەی کردبێت بەبێ ئەوەی کەسێک پێی گوتبێت؟

کچەکە دەڵێت نا، ئەو پێی وایە براکەی نەیدەزانی: "نا، من پێم وانییە هیچ کەس زانیبێتی، براکەم هیچ ئاگەدارییەکی نەبوو، جگە لەوەش، من ئەگەر زانیبام، لە ماڵەوە دەمامەوە، چونکە بابە ئەوجار نەدەڕۆیشت، بەڵام من نەمدەزانی، ئەگەر هەر بمزانیبایە، دەزانی، کە ئەو کچە لەوانەیە لەوێ بێت، من قەت نەدەچوومە ئەوێ"(١٠)

نەبیلە بیر دەکاتەوە، پاشەملە، کە ئەو و دایکی و سونگیول چییان دەکرد ئەگەر زانیبایان کە ڕەحمی لەودیو دەرگەکەوە چاوەڕێیە: "لەوانەیە تەلەفۆنمان بکردایە بۆ پۆلیس و دوایە دەگونجا لە بەرهەیوانەکەوە دەمانخستە خوارەوە، زۆر لە عەرزەکەوە بەرز نییە... دەمانتوانی دیوارەکە کون بکەین و لەوێوە پاڵمان پێوە دەنا جۆرێک کە بابە چاوی پێنەکەوتبایە، هەرچی، ئێمە دەمانتوانی هەموو چەشنە

کارێک بکەین، بەڵام ئاگادار نەبووین، نەماندەزانی ئەو لەوێیە."(١١)

نەبیلە نازانێت چۆن باوکی دەمانچەیەکی دەست کەوتووە. نە ئەو و نە دایکی پێشتر قەت ئەوەیان بینیوە، هیچ شوێنێکی حەشاردانیش نەبوو، تەنانەت لە ژێرزەوینەکەشدا کە بەبێ ئاگەداری ئەوان بتوانرێت ڕاگیرابێت. ڕەحمی شاهیندال خۆی پێدا دەگرێت کە زۆر دەمانچەکەی بەلاوە گرینگە، کە ئەوە دیارییەکە لەلایەن باوکییەوە و ئەو بۆ ماوەی سی و دوو ساڵ هەڵی گرتووە و ساڵی جارێک، لە سەری ساڵی تازەدا، کاتێک دەچوونە دەرەوە بۆ جەنگەڵ دوو گوللەی دەتەقاند.

نەبیلە نزیکەی شان بەشان لەگەڵ فادیمە وەستابوو کاتێک کە تەقەی لێ کرا. ئەوان لەسەر ڕێگەی چوونە دەرەوە بوون و ڕاڕەوەکە باریک بوو. باوکیان لە مەودایەکی نزیکدا تەقەی کرد، نزیکەی سی تا چل سانتیمەتر دوور بوو (یان ئەو پیوایە)، دوای ئەوەی دەستێکی گیر بوو لە قژی فادیمە بەدەستەکەی تری لوولەی دەمانچەکەی گرتە پشتی سەری. زۆر خێرا بوو، بەڵام لە ساتێکدا نەبوو. دایکیان کە لەسەر مۆبلەکە لە ژووری دانیشتن مابووەوە، وای کرد کە بیانگاتێ و هەوڵی دا پێش بە پیاوەکە بگرێت و دەمانچەکە لە دەستی بێنێتە دەر. ئاخۆ باوکەکە هیچ قسەیەکی کرد؟ "لەوانەیە لە کاتی تەقەکردندا شتێکی لەبەر خۆیەوە گوتبێت، یان شتێکی وەها، بەڵام هەموو کەس دەیقیژاند بۆیە من نازانم ئاخۆ ئەو شتێکی گوت یان نا."(١٢)

ئەو بیرانە نەبیلە بەرنادەن کە لەوانەیە فادیمە پێش مردن زۆر ئازاری کێشابێت. ئەو لە پۆلیسەکە دەپرسێت، "من شتێک هەیە دەمەوێت بزانم، بڕوانە، من نازانم ئاخۆ ئەو بەناو سەریدا تەقەی لێ کرا یان هەر کوێیەک – تۆ دەزانیت؟"(١٣) سەبارەت بەوەی کە بۆچی باوکی چەندان جار تەقەی کرد، نەبیلە سێ تەقەی لەبیرە ئەڵێت: "ئەو دەبێت بیری لێ کردبێتەوە، من گومانم ئەوەیە گوتبێتی "ئەگەر من دەمەوێت بیکوژم و دوایەش بچمە زیندان، باش وایە بەتەواوی بمرێت،" ئەمە ئەو شتەیە من پێم وایە ئەو بیری لێ دەکردەوە."(١٤)

ئەوەی لێرەدا گێڕامانەوە هیچ شتێکی لە دادگەدا نەگوترا. نەبیلە شاهیندال لەسەر لیستەی شایەتەکانی دادگەدا هەبوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو کە بڕیار درا نابێت پرسیاری لێ بکرێت. پێشتر دایکی و برای دایکی وەکو شایەت لەوێ

دانیشتبوون و خاڵۆیەکی تریش کەم تا فرە وەکو ئەوانی کردبوو: ئەو لە ریزی شایەتەکاندا بوو بەڵام هیچی لە بیر نەمابوو. لە وەها هەلومەرجێکدا، پرسیارکردن لە سێزدە ساڵانێک وێ نەدەچوو گرینگ بێت.

بەڵام نەبیلە رێک هەتا کۆتاییی دادگەکە بەدواداچوونی کرد، بەپێچەوانەی دایکی کە پاش یەکەم رۆژی دادگەکە ئیتر تاقەتی لێی نەما. هەردووکیان پێکەوە هاتنە ژوورەوە و کاتێک رەحمی شاهیندال بەپاسەوانەوە برایە سەر کورسیی ، هاوکات دایان لە پرمەی گریان.

دواتر هەردووکیان بەچەشنێکی شیاو بەسەر هەستی خۆیاندا زاڵ بوون و توانییان بە ئارامییەکی بە رواڵەت هێمنانە پێشوێنی دادگەکە بگرن. لە رۆژەکانی دووەم و سێیەمدا نەبیلە لەگەڵ خوشکەکان، پوورەکان و خزمەکانی تردا لە کاتێکدا کە چاکەتێکی سووری روونی ئەستوور و پانتۆڵی رەشی لەبەردا بوو، هاتە ئەوێ.

لە دواین شەودا لەگەڵ فادیمە، ئەو تیشێرتێکی سووری لەبەردا بوو. نەبیلە کە یەکراست لە وەرزشکردن لە هۆڵێکی وەرزشییەوە هاتبووەوە، تیشێرتی سوور و جلی راهێنانی وەرزشی هەر لەو رەنگەی لەبەردا بوو:

"ئەگەریش دەتانەوێت بزانن چ جۆرە خشڵێکم پێوە بوو، باشە، تەنیا ئەمە و ئا ئەمە، دوایەش ئەمەیان پێ دام." ئەو ئاماژە دەکات بەدیارییەک لەلایەن فادیمەوە. لە پڕ پێدا دەگرێت لەسەر ئەوەی کە ئەبێت شتێکی بۆ دەرکەوێت: "ئاخۆ تۆ دەزانیت، ئاخۆ تۆ ئەو شتانەی کە دابووی بە من لەلاتە کە بمدەیتەوە؟"

"لە کاتێکدا جێبەجێی دەکەین."

"من ئەو شتانەم دەوێت، دەبێت بگاتەوە دەستم."

"هەڵبەت ئەو کارە دەکەین، هەر ماوەیەک چاوەڕێ بکە."

"باشە، بەڵام کەی؟"

رێک پێش ئەوەی خوشکەکەی بمرێت، گوڵەبەرۆک و گوارەی هەر لەو رەنگە، سووراو و هەندێک شتی ئارایشتکردن، هێندێک پارە و بەڵگەی دیاریکرین بۆ دوکانێکی جلفرۆشی بەنەبیلە دابوو.

بەدرێژاییی لێکۆڵینەوەی پۆلیس نەبیلە زۆر هۆگری ئەوەیە کە باوەڕی پێ

بکرێت. ئەو دەخـوازێت پۆلیس تێ بگات کـە دەربڕینەکانی ئەو لەسـەر زەوینەیەکی باشدایە.

بۆ نموونە، پۆلیس دەیەوێت بزانێت ئەو بەڕاستی تا چەنە فادیمەی دەناسی، کە سـاڵی ۱۹۹۷ کـاتێک کـە نەبیلە تـەنیـا هـەشت سـاڵ تەمـەنی بوو، لە مـاڵی بنەماڵەکەیان گواستبوویەوە.

"من هەردەم ئەوم باش ناسیوە."

"وابوو؟"

"هەر بەڕاسـتی زۆر باش. من و ئەو هەمیشـە لێک نزیک بووین. دەزانی، من پێم دەگوت دایە و ئەو بەمنی دەگوت دڵە شیرینە بچکۆلانەکەم."

بەڵام بە دڵنیاییەوە کاتی وا هەبووە کە نەبیلە لەوێ نەبوو هەتا گوێی لە قسە و باسی نێـوان فـادیمە، خـوشک و براکەی و دایک و باوکـیان بێت. "تۆ دەبێت وەکو هەر کەسێکی تر چووبێتە خوێندنگە؟"

"هەڵبەت من دەچوومە خوێندنگە، بەڵام دەزانی چییە، نازانم ئا ئەمە چۆن بڵێم، تۆ قەت باوەڕم پێ ناکەیت... تۆ پێت وایە کە من ئەو کات زۆر منداڵ بووم و هیچ تێنەدەگەیشـتم. بەڵام من دەمـزانی چی لە ئارادایە، من هەردەم لەم بنەمـاڵەیەدا ژیابووم، کـەوایە پێت وانییـە کـە من دەزانم چی روویداوە و ئەوانە؟ خـوشکەکـەم، دەوروبەری سـەعات چوار یان پێنج دەهاتەوە ماڵ، لەبەرچی من نابێت ئەو کاتە لە ماڵەوە بووبم؟"

"هەڵبەت وایە، بەڵام من هەر ویستم بزانم ئاخۆ شتی وا لە ئارادا نـەبوو کە تۆ ئاگەداری نەبووبیت. وادەبوو، وانییە؟"

"باشە، تۆ دەتوانیت چۆنت پێ خۆشە سەبارەت بە من بیر بکەیتەوە."

"من لەو باوەڕەدام کـە منداڵێکی هەشت سـاڵان بەتـەواوی نازانێت چی لـە بنەماڵەکەدا روو دەدات."

"کەوابوو تۆ پێت وایە بابەم شتێکی ترسناک بوو بۆ خوشکەکەم و لێی دەدا؟"

"نا، من ئەو چەشنە بیرناکەمەوە، من هـەر دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە شتەکان چۆن دەتوانن چووبنە پێش. بەڵام تۆ دەڵێـیت هەمـوو شـتـێکت دەزانی، لە سەداسەد؟"

"دەزانم، دەزانم، مەبەستم ئەوەیە نازانم و باوەڕ بەوە ناکەم، بەڵام هەرچییەک بڵێم، ئەوە بە دڵنیاییەوە دەیزانم." (١٥)

نەبیلە دەپرسێت ئاخۆ ڕێگەی پێ دەدەن پێش ناشتنەکە خوشکەکەی ببینێت.

خانمە پۆلیسەکە وەڵام دەداتەوە، "نازانم."

"باشە، چونکە من دەمویست شتێکی بچووک بنێمە ناو دەستی... بەهەرحاڵ."

### ٩- بەسەرهاتی دایکێک

دایکی فادیمە لە دادگەکەدا شایەت نییە. ئەو داوا دەکات لێ ببوورن و دەڵێت هەرچی کە زانیویەتی بە پۆلیسی گوتووە. ئەوان پێی دەڵێن دادگە تەنیا پشت بەو قسانەوە دەبەستێت کە لە ژووری دادگەدا دەگوترێت و لەسەر بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەی پۆلیس زانیاری وەرناگرن. دایکەکە جووڵە ناکات. ئەو کە لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە قسەی دەکرد، گوتی چیی تر بەرگە ناگرێت.

سونگیول بەڕوانینێکی بکوژانەوە سەیری دایکی دەکات کاتێک کە ئەو دەچێتەوە ناو خزمەکان و لە ژووری گشتی دادەنیشێت. دایکی واق مابوو و ڕاست سەیری پێشەوەی دەکرد و تێ دەکۆشا وا نیشان بدات لە بەرامبەر نیگای تیژی کچەکەیدا نابزووێت. من بە درێژاییی دادگەکە گۆڕانم لە سیمای دایکەکەدا نەبینی، ئەو کاتە نەبێت کە دادلێکراویان هێنایە ژوورەوە کە دای لە پرمەی گریان.

ئەو تەنیا لە بەشێکی دەربڕینەکانی مێردەکەیدا لەوێ بوو چونکە دەرکەوت کە هەڵەیەک رووی داوە و دایکەکە نەدەبوو لەوێ بێت. شایەتەکان پێش راگەیاندنی دەربڕینەکانیان بۆ دادگە، ڕێگەیان پێ نادرێت لە دادگەییکردنەکەدا ئامادە بن. ئەو و نەبیلە دەبوو لە ڕاڕەوەکەدا چاوەڕوان بن. بەڵام ئەو گوێی لە حەیدەرە کە باشترین دۆستی ڕەحمی شاهیندالە، کە هیچی نایەتەوە بیر. دایکەکە دوو ڕۆژی دواتری دادگەکە دوور ڕادەگیرێت.

حەیدەر بە پۆلیسی گوتووە کاتێک کە دایکی فادیمە تەلەفۆنی بۆ کرد سەبارەت بە کوشتنەکە دواوە و پرسیاری لێ کردووە بەپۆلیس چی بڵێت. ئەویش وەڵامی دابووەوە کە دەبێت هەموو شتێک بە پۆلیس بڵێت. حەیدەر دەیەوێت ئەمە زۆر روون بێت، ئەو دووبارەی دەکاتەوە؛ ژنەکان داوای ئامۆژگاریی ئەویان کردووە سەبارەت

بەوەی کە چۆن رەفتار بکەن و ئەویش پێی گوتوون کە بەتەواوی ڕووڕاست بن. پاش مەرگی فادیمە زیاتر لە یەک جار ئەو گوتبووی کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ داکۆکیکردن لەوەی کە رووی داوە و ئەمە تراجیدیایەکی گەورەیە.[١]

بەلام هەروەکو دەزانین، دادگە لەگەڵ زایەڵەی بێدەنگیی خزمەکانی فادیمە بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەگەر لەبەر سونگیول نەبووایە هیچ کەس شایەتیی نەدەدا. شایەتیدانەکەی ئەو کارتی بەرندەی دادیار بوو. ئەوان زۆریان هەوڵ دا سونگیول بێدەنگ بکەن، ئەو بە دادگە دەڵێت: چەندان ئەندامی بنەماڵەکە، بەتایبەتی دایکی، تکایان لێ کرد ئامادە نەبێت شایەتی بدات. خزمەکانیان پێیان دەگوت ئەگەر بێتو لە دادگەدا بدوێت ئەوان لە خۆیان دووری دەخەنەوە. شەوی کوشتنەکە هێشتا لەسەر ڕێگەی چوون بۆ نەخۆشخانە بوون کە دایکی بەو و بە نەبیلەی گوت، "هیچ شتێک بە پۆلیس مەڵێن، چی بکەین تازە شتەکە رووی داوە."[٢]

خزمەکان شوێنپێی یەکگرتوویییەکی باس لێوەنەکراویان جێ هێشتووە: هەموو کەس دەبێت خۆی لەوە ببوێرێت کە سەبارەت بەوەی کە رووی داوە، واتە کوشتنی فادیمە، زانیاری بدات بەکاربەدەستان. وادەردەکەوێت کە بنەماڵەکە بەتەواوی لایەنی دادلێکراویان گرتووە. لەلایەکی ترەوە، لەوانەشە وابێت کە بێدەنگیی ئەندامانی بنەماڵە بۆ ئەو بێت کە لایەنی هیچ کەس نەگرن؛ ئەوان خۆیان دەپاراست لەوەی خراپەی فادیمە باس بکەن یان ئەوەی ڕەحمی مەحکووم بکەن.

ئێستایش پاش ئەوەی کە "ڕێوڕەسمێکی رەسمیی ناشتن" بۆ فادیمە بەڕێوە چووە، رەخنەگرتن لەو لە هەر کاتێکی تر مەترسیدارترە.

جگە لەوەش، سونگیول بێدەنگییەکەی شکاند. لەیف ئێریکسۆن پارێزەرەکەی، باس لەوە دەکات کە سونگیول دەچێتە شوێنی شایەتیدان بۆ ئەوەی دایکی و نەبیلە بپارێزێت. لەم کاتەدا، سێ ژنەکە هێشتا پێکەوە دەدوێن.

لە حاڵەتی کوژرانەکەی فادیمەدا دایکی کەسێکە بوونی نییە، بەلایەنی کەمەوە ئەمە ئەو سیمایە کە میدیاکان لەوی نیشاندەدەن (هەتا ئەو کاتەی کە دایکەکە لە دادگەی بەدواداچوونەوەدا شایەتی دەدات). زانینی ئەوەش ئاسانە. ئەو بەزەحمەت شتێکی گوتووە. ناگونجێت لێی تێ بگەیت. تەنانەت لێپرسینەوەی لای پۆلیسیش زۆر لاوازە، چوار لاپەڕە و نیو لە بەرامبەر سی لاپەڕەی نەبیلەدا. ئەو بەبێدەنگی

دێتە پێش، کەسێکە بەچەند وشەیەکەوە.

بەڵام دایکەکە لە ژیانی فادیمەدا کەسێک بوو لە ناوەندا بوو. لە چاوپێکەوتنە تەلەڤزیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩٨دا، فادیمە گوتی ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێک برینداری دەکات دایکییەتی، "ئەو کەسەی کە ژیانی پێ دام و هەردەم منی خۆش ویستووە، ئێستا دەستم تێوە دەنێت." ئەو گوتی کە دایکی ڕقی لێیەتی. کاتێک کە ڕۆژنامەوانەکە گوتی "بەڵام ئەوین هەروا نامرێت،" فادیمە رای گەیاند مردووە، کاتێک کە ئەو وەکو کەسێک سەیر دەکرێت کە ژیانی هەموو بنەماڵەکەی وێران کردووە. لە وتارەکەیدا لە پەرلەمان بەماوەیەکی کەم پێش کوشتنەکەی، فادیمە گوتی کاتێک کە ئەو دابڕا لە بنەماڵەکەی دایکی سەرکۆنە کرا. دوو لایەنی یەک پرس؛ فڕێدان و سەرکۆنەکردن. من پێم وایە کە دایکەکە لەژێر پاڵەپەستۆی قورسدا بووە کە خۆی دوور رابگرێت "لە کچەکەی خۆی" لەبەر ئەو هەموو خەسارەتەی بە بنەماڵەکەی گەیاندبوو. ئەو هەستی دەکرد کە ناچارە نیشان بدات لایەنی کێی گرتووە و تەنیا یەک ڕێگەی لەبەر بوو: ئەو دەبوو کچەکەی فڕێ بداتە نێو بۆشاییەوە. ئەم کارەی هیچی بەسەر هەستی ئەو بەرامبەر بەفادیمە نەبوو، کە لەوانە بوو ئەوینی دایکایەتی بەسەریدا، هێشتایش هەر زاڵ بوو. ئەمە گرێدراوی منداڵەکانی تری و ئەو بەرپرسیارەتی و وەفادارییەی بوو کە بەرامبەر بەوان هەیبوو. هەروەها گرێدراوی ئەو راستییە بوو کە دۆخەکەی ئەو دۆخێکی گرینگ بوو لە رایەڵەی بێ مەودا و نزیکی گرێبەستەکانی بنەماڵەدا: چەندان نەوە هاوسەرکارییی نێوان خزمانی نزیک پێوەندیی ئاسنینی وەفاداری و ئەرکی دوو لایەنەی لە نێوانیاندا داڕشتووە.

ئەلیف شاهینداڵ، دایکی فادیمە بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر لە کچە کوژراوەکەی دەچێت. رواڵەتی و شێوەی رەفتاری نیشاندەری بەهێز بوون، شێلگیربوون، ڕووڕاستبوون و کەسایەتییەکی هێژایە. بەڵام ئەو ئامادە نییە بیروڕا و هەستی خۆی لە بازاڕدا دەرببڕێت. هاوتەریب لەگەڵ کولتووری نەریتی کوردیدا ـ هەروەها نەریتی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی ـ ژیانی تایبەتی کەسەکە دەبێت لە چاوی دنیای دەرەوە ون بێت، واتە لەو کەسانەی کە بەشێک نین لە خودی بنەماڵەکە یان لە ئاڵقەی بڵاوی خزمەکان. ئەمە بوو ئەو شتەی کە دایکەکە وەکو سووچی سەرەکیی فادیمە سەیری دەکرد: فادیمە بۆ دەرخستنی ژیانی شاراوەی

بنەماڵە کەڵکی لە میدیاکان وەرگرت، بەچەشنێک کە ڕۆژەڕەشی بۆ هەموویان بەدی هێنا.

بناغەی ئەم دەربڕینەی من لێدوانەکانی ئەوە بۆ پۆلیس. دایکەکە بەوانی گوت کە ئەو بەفادیمەی گوتبوو کە "سەرەتا هیچ شتێکی تایبەتی نەبوو، بەڵام دوایە فادیمە بۆ خۆی کێشەی ساز کرد." ئاماژەی ئەو بۆ سکاڵابردنە بەردەم دادگە بوو کە فادیمە بۆ باوکی و براکەی کردی و ئەو سزایە بوو کە بۆیان بڕایەوە و هەروەها دەرکەوتنی فادیمە لە میدیاکاندا بوو. شەڕ و کێشەکان دوای سەرنجڕاکێشانی گشتی دەستیان پێ کرد.

بەپێی تۆمارکراوەکانی پۆلیس، ئەلیف شاهینداڵ جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە سەرنجدانی میدیاکان وابوو کە مێردەکەی لە نەخۆشی نزیک کردەوە. ڕەحمی دەستی کرد بە تێڕامان سەبارەت بە کۆمەڵێک شت و بەتایبەت هەستێکی ناخۆشی پەیدا کرد کاتێک کە وەکو دەعبایەت باسیان دەکرد، تەنانەت نەیدەوێرا بچێتە لای دوکتۆر. میدیاکان ناوبانگی کۆمەڵگەیەکیان بەتەواوی ڕەش دەکرد. فادیمە زۆر شتی گەورە دەکردەوە و درۆی دەکرد.

نزیکەی سێ ساڵ دایک و کچ هیچ پێوەندێکیان پێکەوە نەبوو. ئەلیف زۆر تاسەی فادیمەی کردبوو. لە ماوەی ساڵێک پێش کوشتنەکە دیسانەوە کەوتنە پێوەندی گرتن. فادیمە تەلەفۆنی دەکرد بۆ ئەوەی بە دایکی بڵێت کە ئەویش ئێجگار زۆر تاسەی کردووە، بەڵام گوتبووشی کە ئەوەی رووی داوە تازە ناگەڕێتەوە و هەروەها قەت ناکرێت ڕووداوەکان بەداودا بگەڕێنەوە. ئەو ساڵە ئەلیف و فادیمە سێ جار یەکیان بینی، بەو دواجارەشەوە. دووجار لە ئەپارتمانەکەی سونگیول یەکیان بینی و جارێکیش فادیمە چوو بۆ سەردانی ئەلیف لە نەخۆشخانە کاتێک کە چاوەڕوانی نەشتەرکاریی دەکرد. ئەلیف دەڵێت تەنیا خودی ئەو، نەبیلە و سونگیول دەیانزانی کەنگێ فادیمە لە ئوپسالایە.(٣)

بەڵام لە دواین دیداردا وا نەبوو. کەسانێکی تریش دەیانزانی. جگە لە دایک و دوو خوشکەکەی، فاتمە ژنی حەیدەر دەیزانی کە فادیمە لە ئوپسالایە چونکە کاتێک کە بە ئۆتۆمۆبێل دەیبرت بۆ ماڵەکەی سونگیول، ئەلیف پێی گوتبوو. کەماڵ ئامۆزای باوەڕپێکراوی فادیمەیش دەیزانی. فادیمە داوای لێ کردبوو کاتێک کە

ماڵی سـونگیول بەجێ دیلێت هەڵی بگرێت. ئامۆزایەکی تر کە لە سـتۆکهۆڵم دەژیا ئاگەدار کرابوو چونکە شـتەکانی فـادیمە لەلای بوو کاتێک کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ سەفەرەکەی کینیا.

کە دێتە سەر خزمە نێرینەکانی فادیمە، پرسیار ئەوەیە ئاخۆ مەسعوودی برای و لەوانەیە کەسـانێکی تریش ئاگاداری سەردانەکەی بوون بۆ لای سـونگیـول؟ دایکی ئەوپەڕی هەوڵـی خۆی دابوو کـە کوڕەکـەی هیچ نەزانێت. لەوانە بوو مـتمـانەی بە کوڕەکەی نـەکردبێت. بەپێی قـسـەی سـونگیـول، دایکی بەشـێـوەی ڕەمـزی وەڵامی تەلەفۆنەکەی سـونگیـولی دابووەوە کـاتێک کە خـەبەری گەیشـتنی فـادیمەی دابوو، لەوە زیاتریش، ئەوە مـەسـعـوود بوو کـە وەڵامی تەلـەفوونـەکەی دابووەوە. لـەوانەیە لەسـەر خـەت مـابێـتەوە و گـوێی گـرتبێـت لەوەی کە دایکی گـوتبـووی. ئەم بەشـە دووپات کرایەوە کاتێک کە سونگیول تەلەفۆنی کردەوە و پەیامێکی فادیمەی گەیاند کـە ئەگـەر پای دێشـێت نابێت خـۆی زەحـمـەت بدات و بچـێت (ئەلیف برینـێک لە ئەژنۆیدا بوو کـە پێـچـرابووەوە). دیسـان هـەر مـەسـعـوود وەڵامی تەلەفـۆنەکـەی دابووەوە و دیسـان دایکی وا قسـەی کردبوو وەکو ئەوەی کە سـەبارەت بـەشـتێکی جیاواز دەدوێت بۆ ئەوەی هیچ شکێک هەڵنەخڕێنێت.

نەبیلە پێی وایە کـە دایکی گـومـانی بوو لـەوەی کـە مـەسـعـوود لەوانەیە هۆی ڕاستەقینەی تەلەفۆنکردنەکانی بۆ دەرکەوتبێت. هەر بۆیەش ئامادە نەبوو داواکەی قبـووڵ بکات کە بیگەیەنێتـە مـاڵی سـونگیـول. کـاتێک نەبیلـە داوای لێ کرد بۆچی لەگـەڵ مـەسـعوود ناچێت، دایکی گوتی، "خـۆت گـەوج مـەکە"، یان "هـاتوو شـتێک قەوما بۆ فادیمە، من نامەوێت ئەو مەترسییە بگرمە بەر."(٤)

ئاخـۆ دایکی هـەسـتی کردبوو کە فـادیمە لـە مـەترسـیی مـەرگـدا بوو؟ لـەوانەیە وانەبێت. بەڵام ئەو دەبێت ترسـابێت لەوەی کە "دەشێت" روو بدات. فاتمە کە ئەلیفی گەیاندە ماڵی سـونگیول، دەیسـەلمێنێت کە ئەو خۆی ترسـابوو کاتێک کە زانیبـووی فادیمە لە ئوپسالایە. فاتمە لەوە ترسـابوو کە لە برازاکەی بدەن، نەک بیکوژن. ئەو دەیگوت، سـاڵانی پێشـتـر ترسی ئەو لە شـتی زۆر جیـدیتـر بوو، بەڵام ئێسـتـا نا. "بنـەمـاڵەکـە دیسـانـەوە بوونەتـەوە یەک"(٥) ئەگـەر وابێت دایکی فـادیمە ڕۆڵێکی گرینگی گێـڕاوە لەو پێکهێنانەدا. ئەوە ئەرکی ژنەکـانە کە بنەماڵەکەیان "ساغ"

بکەنەوە. بەڵام لەژێر ڕووکەشەکەدا هێزە زۆردارەکان لە جۆش و خرۆشدا بوون و ئەلیف باش دەیزانی کە نابێت لەگەڵ مەسعوودی کوڕیدا ململانێ بکات. چەندان کەس لە خزمەکان بە پۆلیسیان گوتووە کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەڕەشەی ڕاستەقینە لە مەسعوودەوە دێت نەک ڕەحمی. کەماڵ ئامۆزای فادیمە کە قەرار وابوو ئەو شەوی ئاخرە هەڵی بگرێت دەڵێت، "براکەی ئەگەر فادیمە دیبایەوە، دەیکوشت."(٦)

نەزانراوە کە مەسعوود لەو کاتە هەستیارەدا ئەو ئێوارەیە لە کوێ بووە. ئەو لە ماوەی نێوان کاتژمێر ٩ :٠٠ هەتا ٩ :٤٥ ناتوانێت دەستنیشانی بکات چی کردووە. ئەمە ئەو کاتەیە کە ڕەحمی ماڵەکەی خۆیانی بەجێ هێشتووە (کاتێک نەیتوانی بچێتە ژوورەوە لە ماڵی سونگیول، گەڕابووەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی تەلەفۆن بکات لە ماڵەکەی فادیمە لە شاری ئوێستەرشوند)، چووەوە بۆ ماڵەکەی سونگیول و لە دەرەوەی دەرگەکەی چاوەڕوان بوو هەتا قوربانییە بێ دیفاعەکەی دەرگەکەی کردەوە.

ئەم سێ چارەکە مەسعوود ناتوانێ شوێنی لێبوونی خۆی بسەلمێنێت. وێ دەچێت کە ئۆتۆمۆبێلێکی ئائۆدی سپی لە دەرەوەی خانووەکانی ئەپارتمانەکە لە کاتی ڕوودانی ئەو کوشتنەدا بینراوە. ڕەحمی نە ئیجازەی ئاژووتنی هەبوو نە ئۆتۆمۆبێل، بەڵام مەسعوود ئائۆدییەکی سپیی لێ دەخوڕێت. چەندان ئەندامی بنەماڵە گومانیان هەیە کە ڕەحمی توانیبێتی خۆبەخۆ بتوانێت دەمانچەی دەست بکەوێت؛ سونگیول لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەسعوود دەبێت یارمەتیی دابێت. ئەو ژنەی کە شوێنی لێبوونی مەسعوود دەسەلمێنێت دەڵێت کە مەسعوود هەر سەیری سەعاتەکەی دەکرد بۆ ئەوەی ئامادە بێت سەعات ٩ :٠٠ بڕوات چونکە دەیەوێت کەسێک ببینێت کە قەتارەکەی قەرار وابوو سەعات ٩ :٠٠ بگات. ئەو ژنە بەلایەوە سەیر بوو: چۆن سەعات نۆ بڕۆیت بۆ ئەوەی کەسێک هەڵبگریت کە نۆ دەگات؟ مەسعوود تەواوی شەو لە ئەپارتمانی ئەو ژنە بوو. بەیانیی ڕۆژی دواتر لە دەنگوباسدا بیستبوویان کە ژنێکی کورد لە ئوپسالا کوژراوە. تەنیا لێدوانی مەسعوود ئەمە بوو: "ئەوەت بیستووە؟" ئەو یەکڕاست گەڕایەوە بۆ ماڵی دایک و باوکی. لە نێوان سەعات ٨ :٠٠ و ٩ :٠٠ی ئەو بەیانییە فیدان خوشکەکەی هەوڵی دا لەوێ پێوەندیی پێوە بگرێت. دایکی وەڵامی تەلەفۆنەکە دەداتەوە و دەڵێت،

"مەسعوود ئێستا ناتوانێت قسە بکات، ئەو لە ژوورەکەی خۆی دەرگەی لەسەر خۆی داخستووە و هەر دەگری و شت فڕێ دەدات و شیوەن دەکات و زۆر بێ ئومێدە و تەنیا خۆی لە ژوورەکەیدایە."(٧)

هەم سونگیول و هەم نەبیلە بە روونی باسی کاردانەوەکانی دایکیان دەکەن ئەو دواین ئێوارەیە؛ ئەلیف خۆی زۆر کەم قسەیە. گێڕانەوەکەی کورت و لە جێی خۆیەتی، بەڵام لەوانەیە بە پارێزەوە وشەکانی هەڵبژێرێت لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەی پۆلیس لە ڕێگەی وەرگێڕێکەوە دەکرێت، کەسێک لە دەرەوە. کاتێک مێردەکەی دەیویست بێتە ژوورەوە ئەو باس لەوە دەکات گوتبێتی، "تا دەرگەکە مەکەنەوە با ئەوان نەتدۆزنەوە" (سەرنج بدەن کە ئەو دەڵێت "ئەوان"، نەک "ئەو" ). ئەو دەیگێڕێتەوە کە چۆن فادیمە سێ جار وتوویەتی "بابەی بێ چارە". هەروەها بیرۆکەی فادیمە بۆ ئەوەی دەبێت لەژێر تەختی نووستنەکەدا بیشارنەوە.

ئەلیف لەسەر مۆبلەکە دانیشتووە کاتێک هاوار دەبیستێت لە هاڵەکەوە و ڕادەکاتە دەر. دوایە ئەو دەبینێت کە رەحمی قژی فادیمەی گرتووە و دەمانچەکەی ناوە بەسەریەوە. فادیمە کەوت و ئەلیف ئەو دەستەی ڕەحمی دەگرێت کە دەمانچەکەی پێوەیە، بەرەو لای خۆی دەیپێچێنێت و دەڵێت، "من بکوژە لە باتیی ئەو من بکوژە!" ئەلیف ڕادەکات بەرەو دەرگەی دراوسێکان و داوای یارمەتی دەکات. بەپێخاوسی بەرەو خوارەوەی پلەکانەکان، دوایە بۆ دەرەوە و دیسانەوە بۆ سەرەوەی پلەکانەکان. کاتێک کە دەگەڕێتەوە ئامبولانس و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس دەبینێت. داوا دەکات فادیمە ببینێت بزانێت ئاخۆ زیندووە، بەڵام پۆلیسەکە پێشی پێ دەگرێت. دەپرسێت ئاخۆ فادیمە زیندووە، بەڵام پۆلیسەکە نازانێت.

بەپێی تۆماری پۆلیس، "ئەلیف نەیدەزانی دەمانچەکە لە کوێوە هاتووە. ئەو نەیزانیبوو کە ڕەحمی شتێکی لەو چەشنەی هەبووبێت. ئەلیف قەت پێشتر نەیبیستبوو کە ئەو شەوی سەری ساڵ بچێتە دەر و بەو بۆنەوە تەقە بکات."

ئەو ڕاپۆرتە زیاتر دەڵێت:

"ڕەحمی هیچی بە ئەلیف نەگوتبوو [واتە پێش تەقەکردنە، سەبارەت بەم پلانە؟]، بەڵام لەبەر ئەو هەموو شتە لە میدیاکاندا زۆر تووڕە و پەرێشان بوو. ئەلیف بەفادیمەی گوتبوو کە دەبێت چیی دی لەگەڵ میدیاکان قسە نەکات و فادیمە

گوتبووی وادەکات، بەڵام دیسانیشەوە هەر وای کرد. خەتای میدیاکانە، ئەوان ئەم شتە بچووکەیان کرد بەبابەتێکی گەورە. دواتر ڕەحمی نەخۆش کەوت و شەوانە زریانەخەوی دەدیت. نیوەشە و ڕادەچەنی و لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و زۆر تۆسن بووبوو. ئەلیف لەسەر ئەو باوەڕەیە کە ڕەحمی ئەو ئێوارە یان ئەو شەوە تەلەفۆنی لە کەس نەکرد و قسەی لەگەڵ کەس نەکرد. ئەو هەر ڕۆژی دواتر مەسعوودی بینی کاتێک هاتەوە ماڵ باوەشی بە دایکیدا کرد گریا و گوتی "چیمان بەسەردا هاتووە؟"(٨)

ڕەفتاری دایکی فادیمە بەچەشنێک بوو کە "لە دیدی ئێمەوە" ئەو دەخاتە دۆخێکی خراپەوە: ئەو خۆی لە شایەتیدان لە دادگە کشاندەوە، هەروەها دەربڕینەکانی سونگیول کە دایکی پێی گوتووە نابێت شایەتی بدات و ئەوەش کە ئێوارەی کوشتنەکە گوتوویەتی، "تازە شتەکە ڕووی داوە، هیچ مەڵێن بە پۆلیس". ئەو هەستەی کە ئەو خەیانەتی بە کچەکەی کردووە کاتێک بەهێزتر بوو کە لە دادگە گوێی لە تۆماری دەنگی فادیمە بوو دەیگوت چۆن هەستی کردووە کە دایکی ئەوی فڕێ داوە. چلۆن دایکێک دەتوانێت وابکات؟ چۆن بەرگەی ئەوەی دەگرت؟

ئەلیف شاهینداڵ چەندان بەرپرسیارەتیی لەسەر شان بوو کە دەبوو ڕەچاوی بکات، بەتایبەت بەرامبەر بە نەبیلە کچە سێزدە ساڵانەکەی. نەبیلە دەیگێڕێتەوە کە دوای کوشتنەکە بەدەوروبەردا هەڵاتووە و بۆ دایکی گەڕاوە، لە ترسی ئەوەی کە دایکی نەگەڕێتەوە و خۆی بکوژێت. ئەم بەسەرهاتە هیچ گومانێکمان بۆ ناهێڵێتەوە کە بەلایەنی کەمەوە ئەم کچە سەبارەت بە کاردانەوەی دایکی دوای تاوانەکە، پەشۆکاوە. نەبیلە چی بەسەردێت؟

"من لەو ناوەدا دەڕۆیشتم، چوومە دەر [لە ئەپارتمانەکە] و بەردەوام دەگەڕامەوە، نەمدەزانی و ئەوەندە ترسابووم لەو شتەی کە ڕووی دابوو، ئەوەش کە لەوانەیە دایە، من دەمویست لەگەڵ دایەمدا بم، ئەمجار دەچوومە دەر، نە، نەچوومە دەر، من یەکجار چوومە دەر و هاوارم کرد و دوایە بۆم دەرکەوت کە هاوارکردن فایدەی نییە، هەڵبەت دایە گوێی لێم نییە، چونکە ئەگەر گوێی لێ بووایە ئەوە دەهاتەوە."(٩)

فادیمە سەلماندوویەتی کە دەبوو ئەلیف سەرکۆنە بکرێت بۆ ئەوەی کچەکەی لە

بنەماڵەکەی دابڕابوو. ئەمە بەتەواوی ئاساییە، هەرچۆنێک بێت: دایکان بەرپرسیارەتیی سەرەکییان هەیە بۆ رەفتاری منداڵەکانیان _ بەتایبەت کچەکانیان –نەک هەر لە کولتووری کوردیدا بگرە لە زۆر کولتووری تریشدا. بەلام لەم حاڵەتەدا ئاشکرایە کە بەرپرسیارەتییەکە لە کوێدایە، چونکە ئەوە ژنانن کە ناموسی بنەماڵەیان لە جەستەدایە. لە چاو بنەماڵەکەیەوە فادیمە زۆر زیاتر لە هێڵەکە تێپەڕیبوو: ئەمەش دەبێت هەڵەی دایکی بووبێت. ئەلیفیش لە بەرامبەردا دەشێت زۆر باش سەرکۆنەی میدیاکان بکات، هەروەکو چۆن زۆرێک لە خزمەکانی خۆی وادەکەن. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو بەرپرسیارەتیی نییە.

خەم، گومان و گوناه لێک دەئاڵێن. گومان: ئاخۆ ئەو ئێوارەیە ئەو کارێکی باشی کرد؟ نەدەبوو پێوەندی بە پۆلیسەوە بگرن کاتێک کە رەحمی دەرگەکەی دەکوتا؟ گوناه: ئەگەر لەبەر خاتری ئەو نەبووایە، فادیمە نەدەهات بۆ ئوپسالا.

"من کردم. ئەوە هەمووی سووچی من بوو!" ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەو گوتی بە فیدان کاتێک تەلەفۆنی کرد بۆ ئەوەی قسەی کوشتنەکەی بۆ بکات.

ئەلیف متمانەی بە فیدان هەبوو، کە یەکێک لە کچەکانییەتی وا وەلامی داخوازییەکەی دایکی دایەوە بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی دووبارە "ساخ" بکاتەوە. فیدان، سونگیول و نەبیلە پێوەندییان لەگەڵ فادیمە هەبوو. دشەکەی فیدان، ئیسماعیل دەگێڕێتەوە کە فیدان و فادیمە دوای رووداوەکانی ساڵی ١٩٩٨ پێوەندیی تەلەفۆنی نزیکیان پێکەوە هەبوو. ئەمە بۆ فادیمە و دایکیشی بە درێژاییی "ساڵی رابردوو" وابوو.[١٠] فادیمە بەو کەسە دەزانرێت کە هەوڵی دا پێوەندی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا ئاسایی بکاتەوە، بەلام دایکی سەرەڕای قەدەغەکردنی ڕاشکاوانەی هاوسەرەکەی کە نابێت هیچ پێوەندییەک بگرێت و بەپێچەوانەی تووڕەبوونی توندیی کچەکەی دووەمی واتە ئەڵماس بەرامبەر بە فادیمە، لایەنی فادیمەی کچی گرت. ئەڵماس نەیدەتوانی فادیمە ببوورێت بۆ ئەو زیانەی کە دەرکەوتنی لەسەر میدیاکان بەبنەماڵەکەی گەیاندبوو. دوو خوشکەکە لە ساڵی ١٩٩٧ەوە پێکەوە نەدوابوون. سونگیول لە دادگە دەیگێڕێتەوە کە چۆن شەوی کوشتنەکە زۆر خراپ ئەوی تووڕە کردبوو کاتێک پێکەوە لە نەخۆشخانە دانیشتبوون ئەڵماس گوتبووی، "لەبەرچی ئێوە پێوەندیتان نەپساند لەگەڵ ئەو قەحبە گەنیوە؟ ئێوە هەمووتان وەکو

جــووچکەی بچــووک بەدوایدا هەڵدەهاتن." ئـەڵمــاس وادیـارە تووڕەبوونێکـی لەو شـێوەی هەبـووە کاتێک بە تەلەفۆن لەگەڵ جـەماڵی خـاڵۆی قسـە دەکات. ئەوەی کـە ئەڵماس ئامادە بوو ئەو شتانە بڵێت، بەتـایبەت لەو هەلومـەرجە دڵتەزێنەدا بـەشێک لە هۆکارەکە بوو کە سـونگیـول لەگەڵ بنەمـاڵەکەیدا تێکی دا و داوای پارێزگاریی پۆلیسی کرد.

ئێمـە دایکێک دەبینـین کە منداڵەکانی تووشی شـەڕوقڕە هـاتوون. دووانیـان، کە هەردووکیـان بۆی گرینگن – کچی دووەمـی و تاقە کوڕەکەی – فادیمەیان بەتەواوی فڕێ داوە. کچێکی بە نهێنی و بە تەلەفۆن پێوەندیی لەگەڵ فادیمەدا هەیە. یەکێکی تریان بنەمـاڵەکەی بەجێ هـێشـت بۆ ئەوەی لەگەڵ خوشکەکەیدا بژیت. دیسـانەکە یەکێکی تریان – ئەوی هەرە منداڵی بنەماڵەکە – بەنهێنی فادیمەی بینیوە، تەنانەت کـاتێک کـە دایکیـشـی لە هەوێـڵدا نەبووە. فـادیمە بـە ئاشکرا گـوتوویـەتی کـە ئەو هیـوادارە خـوشکە بچـووکەکـەی ڕۆژێک ئەوەندە بـەهێـز دەبێت کـە پێـوەندییـەکـە بپـچڕێنێت. لـەوانەیە ئەوە شـتـێکی باش بووبێت کە دایکیـان نەیدەتوانی سـوێدی بخوێنێتەوە و تێ بگات. لەوانەیە ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی کـەمتر ئازار بکێشێت. ئەوەش ڕاسـتـە کـە ئەو هـەروەها بەرامـبـەر بـەو شـتـانەی خـەڵک پێیـان دەگوت هیچ پارێزگارییەکی نەبوو. دەگونجێت کە ئەمەیان لە هەموو شت خراپتر بووبێت.

دایکی فـادیمـە زیاتر لە بیـست سـاڵ لە سـوێد ژیابـوو بەڵام ئاشنایـیـەکی زۆر کەمی هەبوو لەسـەر کۆمەڵگەی سوێد. کاتێک دوای کوشتنەکە، ڕای کرد بۆ ئەوەی یارمەتی لە دراوسێکان وەربگرێت، بۆی دەرکەوت کـە زەحمەتە بەو سوێدییە دەست و پاشکاوەیەوە ڕوونـی بکاتەوە کـە چی دەوێت. ئـەو تەنیــا زاراوەیەکی ناوچەیـی کوردی بەباشی دەدوێت و لەلایەن بنەماڵەیەکی گەورەوە گەمارۆ دراوە کە توندوتۆڵ لە ڕێگەی هاوسـەرکاریی ناوەخۆوە پێکەوە گرێ دراون؛ ئەو ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ شوێنێک کە لەوێدا حکوومەت وەکو دوژمن سەیر دەکرێت. هـەموو ئەمانە دەست دەدەن بەدەسـتی یەکەوە و زۆر دژوار دەبێت بۆی کە لە نەریتی یاسـاییی سـوێد تێ بگات. فـادیمە کوژرابوو. مێردەکەی دانی بەکوشـتنەکەدا نابوو. چیی تر مابوو کە بیڵێت؟

ئەم ژنە، کە نیگاکانی بـەشێوەیەکی سەرسـووڕهێنەر وەکو فادیمە وایە و هێز و

زیرەکی پەخش دەکاتەوە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سویددا، کە لێی تێ ناگات، دەستەوەستانە. زیاد لەوەش، لە هەلومەرجی ژیانێکدا یەخسیرە کە هیچ کەس ئاواتی پێ ناخوازێت تێی بکەوێت.

کاتێک کە بە تەلەفۆن لەگەڵ فیدان قسەی دەکرد، لە گوێشییەکەدا قیژاندنی: "ئەو حەرامزادە شێتە، منداڵەکەمی لێ ئەستاندم!"

**١٠- سادە و سەرەتایی؟**

لە کاتی لەدادگەدانەکەی ڕەحمی شاهینداڵدا، دادوەر سەرنجی بەڵگەی دەروونناسی پسپۆڕێکی دا. ئەمە چوار لاپەڕەی دەگرتەوە کە بە تایپ نووسراوە. لە دادگەدا دەقەکە بە تەواوی خوێندرایەوە. نووسراوەکە بە چۆنیەتیی ساڵەکانی سەرەتای ژیانی ڕەحمی شاهینداڵ لە تورکیا و دوایە گەیشتنی بە سوید و ئەزموونەکانی دواتری لەم وڵاتە دەست پێ دەکات. هاوکات، بەراوردکردنێکی پسپۆڕانەی تایبەتمەندییەکانی دەدا بەدەستەوە. وشەگەلی وەکو "سادە" و "سەرەتایی" بەکار هێندراوە.

ڕەحمی شاهینداڵ لە ڕۆژی یەکی مانگی یەکی ساڵی ١٩٤٦ لە ئەلبستان لە باکوری ڕۆژئاوای تورکیا لەدایک بووە. ئەو لەناو هەشت منداڵدا بچووکترینیان بوون. دایک و باوکی جووتیار بوون و لە گوندێک دەژیان. ڕەحمی زۆربەی منداڵی وەکو شوانی مەڕوماڵاتی دایک و باوکی تێپەڕ کرد. ئەو خوێندنگەی سەرەتاییی تەواو نەکرد. لە کاتی منداڵی و گەنجیدا کەوتە بەر توندوتیژیی جەستەیی؛ لێدان لە کاتی گەورەکردنی ئەودا ئاسایی بوو.

کاتێک کە تەمەنی سی و یەک ساڵ بوو، بۆ چەند ساڵێک ناردیان بۆ کارکردن لە عەرەبستانی سعوودی. دواتر چوو بۆ عێراق و لەوێ وەکو کرێکاری دروستکردنی خانوو ژیانی دەبردە سەر. ئەو ساڵی ١٩٨١وەکو خوازیاری پەنابەری سیاسی گەیشتە سوید. تا ئەوکات چەندان کەس لە خزمەکانی، لەوانەش برای هاوسەرەکەی پێشتر ماڵیان هێنابووە سوید. ژنەکەی و پێنج منداڵ – یەک لەوان، فادیمەی حەوت ساڵان – ساڵی ١٩٨٤ هاتن بۆ لای. ئەوان لە ئوپسالا نیشتەجێ بوون و پێوەست بوون بەئەندامانی بنەماڵەکەوە. هەتا ساڵی ٢٠٠٢ ژمارەی ئەوان

گەیشتە نزیکەی سێسەد کەس.

ڕاپۆرتی پسپۆڕەکە ڕوونی دەکردەوە کە ژیان لە سوێددا بۆ ڕەحمی شاهیندالّ چ واتایەکی هەبووە. ئەو ساڵێک لە خولی فێرکردندا بوو، لەوانە و لەناو چەندان شتی تردا، فێرکاری زمانی سوێدی و زۆری پێ نەچوو لە جلشۆرییەک کارێکی دەست کەوت (زۆربەی کارمەندەکان سوێدی بوون). هەتا ساڵی ١٩٩٨ کارەکەی باش دەچووە پێش، ئەو ساڵە دەرماڵەی ناکارابوونی پێ درا. هۆکارەکەی کێشە بوو لەگەڵ فادیمە، کە لە ساڵەکانی ٩٨ – ١٩٩٧دا وردە وردە پەرەی دەستاند. ڕەحمی کێشەی دڵی هەبوو، هەستی بە خەمۆکی دەکرد و دەستی کرد بەخواردنەوەی زۆر، هەرچەند هەستی نەدەکرد کە گیرۆدەی ئەلکهول بووە. ئەو خۆی لە ماڵەوە لەگەڵ ژنەکەی و دوو کچە بچووکەکەی تەریک کردەوە و خۆی لە خەڵکی سوێد دوور ڕادەگرت. لە چاو ئەوەوە، فادیمە ئەوی بۆ دەرەوە ئاشکرا کردبوو، سەودای پێوە کردبوو و ئەوی خستبووە ژێر ڕاوەجادووگەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن. ئەو پێی وابوو کە فادیمە وەدووی کەوتووە. کچەکەی لە شکڵی شەیتانێک لە مێشکی ئەودا خۆی دەدیتەوە، نووستنەکانی بە زریانەخەو دەپچڕا و هەتا دەهات زۆرتر بەرەو نائومێدی ڕۆ دەچوو.

پسپۆڕی دەروونناس بەم وشەگەلە تایبەتمەندیی باری دەروونی و تواناکانی مێشکی ڕەحمی شاهیندالّ باس دەکات: لایەنی هەستیاریی ئەو تەواو نییە. ئەو خۆی لە دۆخی نەرێنیدا دەبینێت و تواناییەکانی بۆ هاوهەستی زۆر کەم گەشەی کردووە، کە هەموو ئەمانەش ئاکامی بێبەشبوونەکانیەتی لە سەرەتای ژیانیدا. لەباری ڕۆشنبیریشەوە گەشەی نەکردووە؛ ئەو لاسارە و لە گفتوگۆ خۆدەدزێتەوە. ئەو هەمـوو چاوپێکەوتنەکان بە یەکلایەنەبێژی دەست پێ دەکات سەبارەت بە ڕاوەجادووگەری میدیاکان و ئەو ئازارەی بەدەست کچەکەیەوە دەیکێشێت؛ توانایی ئەو بۆ خۆگونجاندن زۆر لە خوارەوەیە و کاردانەوەکانی سادە و سەرەتایین.

"سادە و سەرەتایی" – ئەم تایبەتمەندی پێدانە لە هەلومەرجێکی ئاساییدا خەڵکانی مەیلەو لیبراڵ تووڕە دەکات، بەڵام ئەمجارەیان لە بەردەم سەیرکردنی زەقی جەماوەردا قبووڵ دەکرێت. دادلێکراو و ڕاوێژکارانی یاسایی هیچ کامیان

بەرپەرچی نادەنەوە. لەوانەیە لێرەدا خەڵکە لیبراڵەکە و پارێزەر بەرژەوەندییەکی هاوبەشیان هەبێت. دانانی ئەوەی کە سادە و سەرەتایییە، دەرفەتێک بۆ پارێزەرەکەی دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی هاودەردی هەڵخرێنێت بەرامبەر بە بکەری تاوان وەکو زەلامێکی دزێو کە تواناییەکانی لەژێر پلەی ئاساییدایە. لە هەمان کاتدا، شارۆمەندانی خێرخواز نیگەرانن نەکا "کولتوورێک بەتەواوی" نێوزڕاو بکرێت. ئەو کەسانەی بەگەرمە پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە کلیلی ئەم کوشتنە تاکەکەسە، نەک ڕێسای ناموسی، "سادە و سەرەتایی" خزمەتگوزاریی باشیان دەداتێ.

ئەو کەسانەی کە دڵپیسی هاندەریانە بۆ کوشتن هەڵبەت کردەوەکەیان بابەتێکی تاکەکەسییە. ئاخۆ ئەمە بۆ ئەو کەسەیش کە بەهۆی ناموسییەوە دەکوژێت ڕاست نییە؟ ئاخۆ بەراستی هیچ جیاوازییەک هەیە؟ ئەم بابەتە لە سوێد زۆر زیاتر لە نەرویج ئاخافتنی توند و گەرموگوڕی لێ کەوتووەتەوە. هێندێک ڕووناکبیری چەپگرا زۆر بە تووڕەیییەوە کاردانەوەیان هەیە کاتێک هەر کەسێک بوێرێت و بڵێت کە کوشتنی ناموسی هیچی بەسەر کولتوورەوە هەیە، یان پێچەوانەکەی. ئەوانەی کە بۆچوونی دژ بەمەیان هەیە بەچەشنێکی بێبەزەییانە ڕەخنە دەگرن. لە بەرەی یەکەمدا "سوێدییەکان" و لە بەرەی دووەمدا "کۆچبەران" زاڵن.

هەمان جەمسەربەندی لە حاڵەتی سارایشدا دەبینرا: کەسانێک کە "لە دەروونی خۆیاندا" هەستیان بە کێشەکە کردووە پێ دادەگرن کە دەبێت کولتوور بە هێند وەربگیرێت و کوشتنی ناموسی ڕاستییێکە. ئەوە ئەندامانی دڵنیای تاقمە بەرژەوەندیدارەکانن کە ئامادە نین ئەم چەشنە ئەزموونانە بە جیدی وەربگرن.

کوشتنی ناموسی دەستەبەندییەکی مەترسیدارە. مەترسییەکە لەوەدایە کە کولتوورێک یان کۆمەڵگەیەک بەتەواوی مۆرکی ئەوەیان لێ بدرێت کە داوونەریتی "ناموسی"یان هەیە کە دەتوانێت بەرەو کوشتن رابکێشرێت. پارێزەرەکی ڕەحمی شاهینداڵ پرسیاری لێ کرد ئاخۆ کوشتنی ناموسی بەشێکە لە کولتووری کوردی، لە وەڵامدا گوتی وا نییە – لەوانەیە سەد، یان پەنجا شەست ساڵێک لەمەوبەر وا بووبێت، بەڵام ئێستا وانییە. "ئەوەی کە رووی دا" تەنیا ڕێککەوتێک بوو. ئەوە ڕاستە کە ئەو لەوانەیە بیری کوشتنی فادیمەی پێنج یان شەش مانگ

هێنابێت و بردبێت، بەڵام کاتێک تەقەی لێکرد دەبێت نەخۆش بووبێت. وای لێ کرد سەری کەوتە مەلەکردن. ئەو لە دەروونناسەکە دەپرسێت، "ئەگەر نەخۆش نەبووبێتم چۆن دەمتوانی منداڵەکەی خۆم بکوژم؟"، بەبێ ئەوەی وەڵامێک وەربگرێتەوە.

"سادە و سەرەتایی" نزیکترین دیاریکاری نەخۆشییە کە دەروونناسەکە دەیدۆزێتەوە. دوکتۆرەکە رەتی دەکاتەوە کە ڕەحمی نەخۆش بێت. (ئەو سکاڵا دەکات کە، "من نەخۆشم، بەڵام دوکتۆرەکە باوەڕم پێ ناکات".) ڕاپۆرتەکە دەڵێت، "هیچ نیشانەیەک بۆ دۆخی خەمۆکی نابینرێت"، یان بۆ هیچ نەخۆشییەکی دەروونیی تر. ئاکامەکەی ئەوەیە کە ڕەحمی شاهیندال ئەو دەرفەتەی لە کیس دەچێت کە لە باتیی زیندان ببرێتە دامەزراوەیەک.

بەلای منەوە سەیرە کە دەربڕینی "سادە و سەرەتایی" قەت نەچووە ژێر پرسیارەوە. "سەرەتایی"، بەپێوانەی کێ؟ لە ڕەوتی بەرەوپێش چوونی دادگەکەدا لۆجیکی پشت ئەم کوشتنی ناموسییە روونتر دەبێتەوە. شایەت لە دوای شایەت خۆیان لە شایەتیدان دەدزنەوە، بنەماڵەکە پشتگیری لە بکوژ دەکەن و خزمێک لە پڕ دێتە پێش و رای دەگەیەنێت کە ئەو فادیمەی کوشتووە.

بازنەکە دادەخرێت کاتێک کە باوکی فادیمە، لە دواین کاتدا و پێش ئەوەی کە کاتی مافی پێداچوونەوە دژ بەبڕیاری دادگەی ناوچەیی کۆتایی بێت، سەلماندنی تاوانەکە وەردەگرێتەوە. ناموس لەگەڵ یاسا دەکەونە پێکدادان. وادەردەکەوێت کە دادوەری رێزی لێ ناگیرێت. ئەم حاڵەتە ڕێچکەی لۆجیکێکی پۆلاین دەگرێتە بەر. هیچ شتێکی سادە و سەرەتاییی تێدا نییە. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی دیاریکراوەوە سەیر بکرێت، ئەمە زیرەک و مەعقوولە. ئەم ڕوانگەیە گرێدراوی بەهاکانی تاکەکەسێک نییە، بەڵکو هی بۆچوونێکی بەکۆمەڵە سەبارەت بە ئینسانەکان، کۆمەڵگە و یاسا.

وەرن با باسی ئەوە نەکەین کە ئەم بەکۆمەڵبوونە چەندە گەورەیە.

لەدادگەدانەکە، هەروەکو زۆربەی بەسەرهاتی فادیمە، لەوانەیە ببێتە بەشێک لە مێژووی سوێد: تاقە خوشکێک بە ململانێکردن لەگەڵ بنەماڵەدا، شایەتی دەدات؛ سێ ئەندامی تری نزیکی بنەماڵە خۆیان دەکێشنە دواوە؛ برازای بکەری تاوان پێ

دادەگرێت کە ئەو بکوژی راستەقینەیە، لە کاتێکدا کە بکوژەکە، کە بەڵگەی ئێجگار زۆر دژ بە ئەو لە بەردەستدایە، کە جارێکیان بەتاوانبار زانرا و بەو پێیەش حوکم درا، ئێستا داوای بێ گوناهبوون دەکات.

ئێـمـه دواتر بۆمـان دەردەکـەوێت کـە ئاکـامـەکـەی بوو بەچی. یەک شت بەدڵنیـاییـیـەوە هەیە: بنەماڵەکە لەو باوەڕەدان ئەمـەی کـە دادگە دەبێت باوەڕ بە سـونگیول بکات، واتـە بە ژنێکی نەخۆش، پاساوهەڵنەگرە. ئەوان دەڵێن، لە بیـرتان بێت دەرکەوتووە کە سونگیول نەخۆشیی خەمۆکیی هەیە. فادیمە یەکەم کەس بوو کە سـەرنجی میدیاکانی بۆ لای خۆی راکێشا و بنەماڵەکەی وەکو کۆمەڵێک دەعبا نەخـشـاند. ئێـسـتـا سـونگیـول هـەر ئەو کارە دەکات. ئاخـۆ ئەم ڕاوکردنـی پێگەی بەناوبـانگبـوونە هیـچ کـۆتاییـیـەکی نیـیـە؟ ئەم ڕاوەجـادووگـەرییـەی بنەمـاڵەکـە چ فـایدەیەکی هـەیە بۆ کـۆمـەڵگەی سـوێد؟ ئەوەی کە رەحمی داوای تاوانبـاربوونەکەی وەردەگرێتەوە دواین پەلەقاژەی نائومێدانەیە بۆ ئەوەی بڵێت، "گوێم لێ بگرن، من نەخۆشم." دواین هەوڵدان بۆ ئەوەی هاودەردی ڕابکێشێت لەسەر ئەو هێڵەی کە بە درێژاییی لەدادگەدانەکە بۆ پارێزگاری لە خۆی هەیبووە. فـادیمە مردووە، کـەوایە ئەو کێشـەیەک لـەسـەر ڕێگە لاچووە، بەڵام بە چ نرخێک؟ ئەو پێداگری دەکات کە پێنج شەش مانگ لە زیندانبوون بەسە بۆی کە بیکوژێت. بنەماڵەکە ڕەنج دەکێشن. شاهیندالەکان، کوردەکان لە هەر کوێیەکی ئەم وڵاتە بن، ئازار دراون. نەوەکان لە خوێندنگەکان گاڵتەیان پێ دەکرێت.

وەرگرتنەوەی دەربڕینێک چ قازانجێکی هـەیە؟ ڕێزگرتن لەخۆ و ڕێزگرتن لەلایەن کەسانێکی زۆرەوە کە حوکمی دادگە بەلایانەوە کردەوەیەکی لە ڕادەبەدەر زاڵمانەی دژ بـەپیـاوێکی نـەخـۆشـە کـە ناچار کـراوە بـە کـوشتن لـەبەرئـەوەی لەلایـەن دەسەلاتدارانەوە خـەیانەتی لێ کراوە. مەگەر ئەو بە پۆلیس و شارەوانیی نەگوتبوو کە نابێت ڕێگە بدرێت بە فادیمە بێتەوە شاری ئوپسالا؟

بەبـێ دانی زانیـاریی نوێی پێـوەندیدار بە بەڵگەکـانـەوە، داوای پێـداچوونەوەی حـوکمـەکە نزیکەی بە دڵنیـاییـیـەوە بێ فـایدە دەبێت. وەرگرتنـەوەی قبـووڵکردنی تاوانەکە هەنگاوێکە بەرەو ئەو ئاراستـەیە. ئەمـە دژەهـەنگاوێکە کە دەتوانێت دادگە وا لێ بکات بە ڕادەیەکی زۆر بکەوێتـە توێژینەوەی هـەست و دەروون. ئاخـۆ داوای

پێداچوونەوەیەک لەسەر ئەو ئەساسە دەتوانێت هەروەها یارمەتیدەر بێت بۆ ئابڕوو گەڕاندنەوە بۆ بنەماڵەکانی شاهیندالْ و کوردەکانی سوێد بە بەرقەرارکردنی یەکجاری ئەوەی کە ئەمە کوشتنی نامووسی نییە؟ زەحمەتە. ئەگەر ڕەحمی شاهیندالْ تەقەی لە فادیمە نەکردووە، کێی تر دەیتوانی ئەو کارە بکات؟ خزمێکی تر، کە ئەویش بێناmووس کراوە؟ بەهەرحالْ، بنەماڵەکانی شاهیندالْ هەست دەکەن کە ئەگەر ئەوان بەپێی ڕێسای نامووس رەفتار بکەن، ئەوان ڕێزی زۆرتریان لێ دەگیرێت، لە چاو جەماوەریشدا: ڕێک هەر وەکو چۆن فێر دەبیت کە دەست نەکەیت بە لووتی خۆتدا، هەروەها تۆ کارێکی باشتر لەوە دەزانیت کە دواین گوتە بدەیتە سونگیول. سیستەمێکی دادوەری کە ئەو کچە بە جیدی وەردەگرێت شیاوی ڕێزلێنان نییە.

شانۆکە ئامادە کراوە بۆ پێکدادان: نامووس لە بەرامبەر یاسادا.

ڕەحمی شاهیندالْ لە دادگەدا زۆرتر لە بیچمێکی بێدەرەتان دەچوو. دەربڕینی پەرێشان و دژەیەک زیانی بە پارێزگارییەکەی گەیاندبوو. کوشتنەکە پلانی بۆ دانەڕێژرابوو، بەلاَم هەر بووبووە هەمان شت. ئەو قەت بیری لە کوشتنی کچەکە نەکردبووەوە _ بەلاَم بە دڵنیاییەوە، کوشتن لە مێشکیدا هەبوو. ئەو ئەو شەوە هەر بۆ سەردانی سونگیول چووبوو کە نەخۆش بوو _ بەلاَم بە دڵنیاییەوە، ئەو بڕیاری دابوو کە ئەگەر فادیمە لەوێ بووایە دەیکوشت. دەمانچەکە تەقەی پێ کرا چونکە ئەو کۆنترۆڵی خۆی لەدەست چووبوو، بەلاَم لە ڕاستیدا ئەو ساخ بووبووە لەسەر ئەوەی کە تەقە بکات و شتی لەم چەشنە.

"ئەگەر ئێوەیش کچێکی وەکو ئەوەتان هەبایە، ئێوەیش دەتانویست بیکوژن!" ڕەحمی وێ دەچێت کە دەڵێت، ئێوە دەتوانن تا ئەو ڕادەیە بێدەرەتان بن، لەوەش تێ ناگات کە بەم دەربڕینە تەقە لە لاقی خۆی دەکات [واتە دەربڕینەکەی بە زەرەری خۆی دەگەڕێتەوە. و]. ئەم دێرەی ئەو هەڵدەگەڕێتەوە بەرەو لای خۆی و تەق لێی دەکەوێت. ئەو بەم چەشنە بەردەوام دەبێت و کێشە لە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە لە هەمان کاتیشدا دەپارێتەوە بۆ هاودەردیکردن. ئەو کابرایەکی ئاسایی کرێکارە و نەچووەتە زانکۆ. کێ دەبوو لە پەنایەوە ڕاوەستایە؟ "ئەو فادیمەیە، ئەو کارەی ئەو بەسەر منیدا هێناوە من نازانم چۆنتان بۆ باس بکەم!" ئەوە دەڵێت و دوایە

دەکوتێتەوە سەر هەمان خاڵ کە چۆن ئەوە "تاقە ڕێگەی دەربازبوون بوو."

بەڵام ئەگەر دەربڕینەکانی لەلای پۆلیس هەڵسەنگێنیت و بەراوردیان بکەیت لەگەڵ نیشاندانی هۆکارەکان و بیرکردنەوەکانی لە دادگەدا، وێ دەچێت ئەوە ڕەحمییەکی ترە کە دێتە پێشەوە: ئەمەیان پیاوێکە مەعقوولە، بۆچوونی هەیە، شێلگیرە و بەتەواوی دەسەڵاتی هەیە بەسەر دۆخەکەدا و هۆکارەکانی بۆ ئەو کارەی کە کردوویەتی. ئەو تێکەڵ و پێکەڵییە ڕواڵەتی و بیرکردنەوە چەواشەیەی کە تایبەتمەندیی روونکردنەوەکانیەتی لە دادگەدا و ئەوەی وادەکات ئەو وەکو کەسێک کە ناتوانێت مەبەستی خۆی دەربڕێت و "لە خوارەوەی رۆشنبیری ئاساییدایە"، هەموو ئەمانە ئێستا نەماون.

فادیمە ئازاری دەدا. فادیمە وەدووی کەوتبوو. بەهۆی کچەکەوە، تەواوی دنیا دژ بە ئەو هەڵگەڕابوونەوە. فادیمە ئەوی بە هەمووان نیشان دابوو. هەر بۆیە ئەو هەستی دەکرد ناچار کراوە بیکوژێت. پۆلیس سەبارەت بە هەلومەرجی پێشوو پرسیاری لێ کردبوو. ئەم کچە، ئەمەی کە ئێستا مردووە، لەگەڵ کوڕێکی سوێدی ژیابوو، کە ئێستا مردووە. دوایە ئەو چوو بۆ شاری ئوپسالا، لەو کاتەشەوە، باوک و کچ هیچ پێوەندییەکیان پێکەوە نەبووە، بەڵام کچەکە بەردەوام ئازاری ئەوی دابوو. رۆژی پێش "ئەو ڕووداوە"، کچەکە تەلەفۆنی بۆ کردبوو کە بڵێت ئەو خەریکە دێت بۆ ئوپسالا و کە لەوێ بێت دەچێتە لای پۆلیس سکاڵای لێ دەکات. ئەویش بەهەستێکی قووڵەوە تکای لێ کردبوو نەیەتە ئوپسالا چونکە ئەو نەخۆش بوو. نزیکی سەعات یەکی هەمان رۆژی گەیشتنی بە شار، کچەکە دیسان تەلەفۆنی کردبوو کە پێی بڵێت ئەو خەریکە دەگوێزێتەوە بۆ ئوپسالا و دواتریش دەچێت ئەپارتمانێک بەکرێ دەگرێت ڕێک لە نزیکی ماڵەکەی ئەوەوە. ئەمە ئەوی زۆر شڵەژاند. ئەو ئاگای لە خۆی نەمابوو. دەمانچەکەی دەرهێنا، فیشەکی تێ خست و چوو بەرەو ماڵی سونگیول، لەوێ دووجار تەقەی لە فادیمە کرد، سەری نیشانە گرتبوو؛ ئەو بەتەواوی دڵنیا نییە بەڵام دەزانێت کە گوللەیەک لە سەری کەوت. بەکورتی: ئەو نەیزانی خەریکی چی بوو و دوایە دەمانچەکەی ون کرد و دوایە گرتیان.

ئەو قەت بەژیانی خۆی زەرەری بەکەس نەگەیشتبوو، بەڵام ئەم کچە، زۆر درێو

بوو، زۆر کاری خراپی کردبوو. وای کرد کە لە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا لەسەر ئەو قسە بکەن، میدیاکان بە دوایەوە بوون و هەموو کەس کۆمەڵێک شتی خراپیان دەگوت. ئەو بنەماڵەیەکی گەورە و دۆستانێکی زۆری هەیە بەڵام شەرم دەکات سەردانیان بکات. فادیمە وەکو قەحبەیەک ڕەفتاری دەکرد. ئەو لەگەڵ کوڕانێکی زۆر چووبووە دەرەوە. ئەمە بەشێوەیەکی سامناک ڕەنجی دەدایە و سەرەنجام وای لێ کرد بچێت و بیکوژێت، واتە لەبەر هەموو ئەو شتانە.

کاتێک کە فادیمە هێشتا لە ئوپسالا دەژیا، هەموو ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێک بوو، لەو کاتەدا کوڕەکەی تەنیا شازدە ساڵ تەمەنی بوو. کوڕەکەی بەخوشکەکەی گوتبوو: "بۆچی وادەکەیت؟ بۆچی هەرچی ڕۆژە لەگەڵ کوڕێکدا دەچیتە دەرەوە؟" ئەمە بوو هۆکاری ئەوەی کە فادیمە لەلای پۆلیس سکاڵای کردبوو و براکەی بۆماوەی حەوت مانگ کەوتە زیندان.

"ئەمە بۆ من باش نییە."

"مەبەستت چییە؟"

"من نازانم دەبێت چی بکەم."

"تۆ هەستت دەکرد هیچی تر نییە بیکەیت جگە لەوەی کە کردت، ئاخۆ مەبەستت ئەوەیە؟"

"ئەمە تاقە ڕێگەی دەربازبوون بوو، وا نەبوو، مەبەستم ئەوەیە ئاسایی نییە کە تۆ کچەکەی خۆت بکوژیت، تۆ ئەو کارە ناکەیت، و، هەرچۆنێک بێت، ئێستا خەمباری لە ماڵەوە هەیە، ژنەکەم دەگری، منداڵەکانم دەگرین، ئەمە باش نییە، ئەگەر تێ بگەیت کە مەبەستم چییە."(١)

ڕەحمی دەیسەلمێنێت کە ئەو ئاگەدار بوو کە فادیمە وا لە ئوپسالایە چونکە ئەو بە تەلەفۆن گوتبووی کە دەچێت و سکاڵای لێ دەکات لای پۆلیس. ئاوەها بوو کە ئەو دەمانچەکەی هەڵگرت و چوو بۆ ماڵەکەی سونگیول. ئەگەر فادیمە لەوێ نەبووایە، ئەو تەقەی لە کەس نەدەکرد. بەهەرحاڵ، وەکو هەموو کات ئەو دەیویست سەردانی سونگیول بکات کە نەخۆش بوو.

"کاتێک کە چوویتە خانووەکەی سونگیولەوە بیرت لە چی دەکردەوە؟"

"لەبەرئەوەی کە ئەو (فادیمە) تەلەفۆنی لێ کردبووم، من بیرم لەوە دەکردەوە کە

ئەو بێگومان دەچێتە ئەوێ کەوابوو دەمانچەکەم لەگەڵ خۆم دەبەم."

"بەڵێ؟"

"دەزانی چۆنە، من ساخ بووبوومەوە... ئەگەر ئەو لەوێ بێت تەقەی لێ دەکەم."

"تۆ ئەو کاتە هیچ بیرێکی تر لە سەرتا نەبوو، جگە لەوەی کە تەقە لەو بکەیت؟"

"دەزانی چۆنە، من بڕیاری خۆمم دابوو، هیچ ڕێگەچارەیەکی تر نییە... دەزانی، ئەمە دواین ڕێگەی دەربازبوون بوو، من دەبوو تەقەی لێ بکەم."

ئایا ئەو هەوڵی دابوو کە ڕێگەچارەی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکە بگرێتە پێش؟

ڕەحمی وەڵامی ئەم پرسیارە وەها دەداتەوە کە جارێکی تریش روونی بکاتەوە چۆن "ئەو کچە، ئەوەی کە ئێستا مردووە،" ڕەدووی دەکەوت و ئازاری دەدا.

بەچ شێوەیەک ئازاری ئەوی دەدا؟

تەلەفۆنی دەکرد، تەنانەت لە نیوەشەودا و هەڕەشەی دەکرد لەلای پۆلیس سکاڵای لێ بکات هەتا بیخەنە زیندان.

لە زیندان، لەسەر چی؟

فادیمە دەچوو بەپۆلیس بڵێت کە لەوە دەترسێت باوکی تەقەی لێ بکات: "ئەمە زۆر سەخت منی ئازار دەدا و دەزانی چۆنە، ئەمە دواین ڕێگەی دەربازبوونم بوو."(٢)

ئەو رۆژەی کە فادیمە کوژرا ئەو مەشرووبی نەخواردبووەوە بەڵام رۆژی پێشووتر بوتڵێک وێسکی خواردبووەوە. ڕەحمی لە دادگەیش باس لە مەشرووب خواردنەوەکەی دەکات. ئەو دەخواتەوە لەبەرئەوەی لە بێ هیواییدایە.

"دەی باشە، ئێستا چۆنیت، ئێستا کە کچەکەت نەماوە؟"

"زۆر خراپ، هەستی زۆر خراپم هەیە. من بیرم دەکردەوە لەوانەیە باشتر وابێت ئەگەر من تەقەم لە خۆیشم بکردایە، دەزانی، ئەمە زۆر باشتر دەبوو."(٣)

پۆلیس دەیەوێت بزانێت ئاخۆ ئەو دەیسەلمێنێت کە کەسێکی کوشتووە؟(٤)

"هەموو ئەم رووداوە ئەو چەشنەی تۆ بۆ منت باس کرد، ئەمە ئەو شتەیە کە ئێمە پێی دەڵێین _ تاوانێکە، واتە ئێمە پێی دەڵێین کوشتن _ ئاخۆ تۆیش ئاوای

دەبینیت؟ ئاخۆ تۆ دەیسەلمێنیت یان ڕەتی دەکەیتەوە؟"

"بەڵێ من دەیسەلمێنم کە ئەو کارەم کردووە، بەڵام بەبێ ئەوەی ویستبێتم، دەزانی، ئەمە ئەو شتە نەبوو کە من دامنابوو ئەنجامی بدەم."

"مەبەستت لەمە چییە؟"

"ئەوەی کە بیری لێ دەکەمەوە ئەمەیە کە ئەگەر مێشکی من پڕ نەبووایە لەو هەموو بیرکردنەوە بۆ کوشتن تەقەم نەدەکرد و ئەمە لەوانەیە باشتر بووایە."

"ئەم بیرکردنەوانەی تۆ چی بوون؟"

"لەبەر ڕەفتارەکانی ئەو... من شەرمم دەکرد، دەزانی، من کەسانێکی زۆر دەناسم و خزمێکی زۆرم هەیە لە کۆمەڵگەکەی خۆماندا و ئەویش ئەم کارە دزێوانەی بەرامبەر بە من دەکرد. دەزانی، ئەو هەر ڕۆژێک لەگەڵ کوڕێکدا بوو."

"چ ماوەیەک ئەم بیرکردنەوانەت هەبووە؟"

"لەوەتی کێشەکان دەستیان پێ کرد."

"کێشەکان کەی دەستیان پێ کرد؟"

"نزیکەی یەک یان دوو ساڵ لەمەوبەر. ئەگەر بۆ من هەموو شتێک باش بووایە، هیچ کێشە یان شتی وا نەبووایە، لەبەرچی کەسێک، دەزانی، کاتێک بەو چەشنەیە، تۆ تەقە لە منداڵەکەی خۆت ناکەیت و نایکوژیت، تۆ ڕێک ئەو کارە ناکەیت."

وردتر ئەوەیە کە بڵێین کێشەکانی ڕەحمی سێ یان چوار ساڵ پێشتر دەستی پێ کردبوو. هەستکردنی ئەو بە کات بەکەڵک نەدەهات. لە مێشکی ئەودا تەنیا یەک ساڵ، یان لەوانەیە دوو ساڵ تێپەڕ بووبێت لەوەتی مەسعوودی کوڕی چووبووە زیندان، بەڵام ئەوە لە پایزی ١٩٩٨ دابوو؛ باوکی دەڵێت ئەو حەوت مانگ لە زیندان بوو، بەڵام لە ڕاستیدا پێنج مانگ بوو. ئەوەی کە بۆ ڕەحمی گرینگە ئەزموونی ئەوە لە کات: کاتی زیندانەکە زۆر دوور و درێژ بوو، دەبێت هەر ساڵی ڕابردوو یان لەوانەیە ساڵێک پێشتر بووبێت."دەزانی، کوڕەکەی من هەر کوڕێکی منداڵکار بوو، ئەوە تەمەنێک نییە کە حەوت مانگی لە زیندان تێپەڕ کەیت."

ئەم چاوپێکەوتنەی پۆلیس یەکەم شتە کە بەیانیی ڕۆژی دوای کوشتنی فادیمە

کراوە، نزیکەی سەعاتێکی خایاندووە و بەوە کۆتاییی دێت کە لە ڕەحمی دەپرسن هەستی تایبەت بەخۆی پاش ڕووداوەکە بگێڕێتەوە.

"دەزانی، بەگشتی، من هیچ هەست ناکەم باش بم."

"کەوابوو هەست بە چەشنێک ئاسوودەبوون ناکەیت پاش ئەوەی کە رووی داوە؟"

"من هەست بەپەشیمانییەکی زۆر دەکەم کە ئەو کارەم کردووە، دەزانی."(٥)

دەگوترێت هیچ شتێک بەئەندازەی گێڕانەوەی کەسێکی دێوانە لەسەر شەیداییی وەزاڵەهاتنی خۆی لێک دانەبڕاو نییە. باسکردنی ڕەحمی شاهیندال لەوەی کە چۆن ڕەدووی ئەو کەوتوون و ئەو کەسەی کە ڕەدووی کەوتووە هەروەها لێک دانەبڕاوە، تەنانەت ئەگەر ئێمە متمانە نەکەین بەدیاریکردنی نەخۆشی لەلایەن دەروونناسێکەوە، گێڕانەوەکانی ڕەحمی پێکەوە لکاون. بەلایەنی کەمەوە لە روانگەیەکی دیاریکراوەوە ئەمە مەعقووڵە واتە، لە خاڵە بەرزەکەی ئەوەوە. ڕێی تێ دەچێت کە پێمان وابێت ڕەحمی تەنیا کەسێک نییە کە شتەکان بەم چەشنە دەبینێت؛ دەربڕینی ژنەکەی ڕێک لەگەڵ بۆچوونەکانی ئەو دێتەوە. هەروەها بەسەرهاتێک کە کچە بچووکەکەی دەیگێڕێتەوە و ئەوانەیش کە کەسانی تر بەئاماژە دەری دەبڕن، ئەو دەنگانەی کە بەشێوەی ڕەسمی بێدەنگن. دەنگی ئەو شایەتە بانگهێشتنکراوانە کە ئامادە نەبوون شایەتی بدەن؛ شایەتە چاوەڕوانکراوەکان، کە قەت بانگهێشتن نەکران، وەکو مەسعوود کوڕی ڕەحمی بەڵام بەچەشنێکی بنەڕەتی، ئەوانیش هەر لەگەڵ گێڕانەوەکەی ڕەحمی دەبوون بۆ ڕووداوەکان. دەیجا ئاخۆ ئەو کەسێکە بە ڕۆشنبیری لە خوارەوەی ئاستی ئاساییدا؟ لەباری هەستیارییەوە گەشە نەکردووە؟ ئاخۆ ئەو بێبەرییە لە توانایی هاوهەستیکردن؟

یان ئەوەی ئەمە سیمایەکە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ دنیایەک پێوەندی دەگرێت کە تایبەتە بەزۆربەی کەسانی دەوروبەری ئەو و کاریگەرییان لەسەری هەبووە و وا دەکەن کە ئەو هەست بەئارامی بکات؟

چەندان کەس لە خزمەکان بۆ پۆلیسیان گێڕاوەتەوە کە ڕەحمی پیاوێکی باش و نیازپاکە. پیاوێکی ئامۆزای دەڵێت، "ئەو زۆر میهرەبان، ئارام و لەسەرەخۆیە." برازایەکی دەڵێت، "زۆر میهرەبان و زۆر بەمەشوورە"، بەڵام ئەوەشی لێ زیاد

دەکات: "بەڵام ئەو لە راستیدا لەباری رۆشنبیرییەوە ئەو چەشنە زیرەک نییە."
فیدان کچی ڕەحمی لێدوان دەدات: "تۆ دڵت بۆی دەسووتا. ئێمە شاد بووین بەوەی کە دەیتوانی هاتوچۆی نێوان کارەکەی و ماڵەوە جێبەجێ بکات." ئەوانەی کە زۆر باشیان دەناسی رواڵەتێک لەو دەنەخشێنن وەکو کەسێکی درێو لە هێندێک بارودۆخدا هەر وەکو زۆر کەسی تر، بەتایبەتی پیاوان کە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سوێددا نەخوێندەوارن. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو لەباری رۆشنبیریشەوە تیژ نەبوو، هیچ کام لەوانەی کە لەگەڵ پۆلیسدا قسەیان کردووە گومانیان نەبوو لەوەی کە بەهۆی ئەو سیما دوژمنکارانەی کە میدیاکان لەوانەوە بڵاویان دەکردەوە، زریانەخەو ڕەحمی و بنەماڵەکەی هەراسان کردبوو. زۆرێک لەوانەی کە ئامادە بوون بەرامبەر بە فادیمە میهرەبان بن، دیسانیش لەگەڵ ڕەحمی هەستیان بەهاودەردی دەکرد. بەپێی وتەی سەرچاوەیەک، "ئەو چەشنەی ڕەحمی دەیبینێت، هەموو سوێدییەک هەموو شتێک سەبارەت بە فادیمەی کچی دەزانێت." بۆ هەر کەسێک زەوینە کولتوورییەکەی وەهای لێ بکات کە بەرژەوەندیی بنەماڵەکە لەسەر هی تاکەکەسەوە بێت و بەهەر قیمەتێک بێت پێش بگرێت لەوەی بتوانن شتە تایبەتەکانی ببینن، بەرگەی رەفتاری فادیمەی نەدەگرت. "هەموو شتێک سەبارەت بە کچەکەی"، واتە "هەموو شتێک سەبارەت بە شەرم، سووکایەتی پێکردن و بێناموسی." ڕووتەوەکراو، ڕووبەدەرەوە هەڵخستوو و نیشاندراو _ کێ دەیەوێت لە جێگەی ئەودا بێت؟

ڕەحمی بۆی دەردەکەوێت کە لەسەر دابەشبوونێکی کولتووریدا راوەستاوە؛ لەلایەکەوە بەرەی سوێدی و لەلایەکی ترەوە بەرەی کوردی. کاتێک لێی دەپرسن جیاوازییەکانی باس بکات، ئەوە رەت دەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەک هەبێت. بۆ نموونە، ئەو شێوەیە کە منداڵ لە تورکیا گەورە دەکرێن هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ شێوەی گەورەکردنی منداڵ لە سوێد. منداڵەکانی خودی ئەو لە سوێد گەورە بوون و سەربەست بوون شتی خۆیان بکەن، لەگەڵ هەر کەس پێیان خۆش بێت یاری بکەن و هامشۆیان هەبێت. کە دێتە سەر هاوسەرکاری، کچەکانیان بەئارەزووی خۆیان هاوسەرێکیان هەڵدەبژارد. هەر چەشنە لارییەکیشی هەبووبێت ئەوا لە بەینی دەبردن. هیچ پێویست نەبوو کە ئەوان سەرنجی ئەندامانی تری بنەماڵە و خزمەکانیان بزانن. لێکۆڵەری پۆلیس سەرنج دەدات، "بەواتایەکی تر،

ڕەحمی شاهیندال پێی وایە کە هەر کامە لە کچەکانی ژیانێکی سەربەخۆیان هەبووە و هەردەم ئازاد بوون لە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی دەبێتە هاوسەریان."

لەوە بەولاوە: "کێشەکان بۆ ڕەحمی و بنەماڵەکەی ئەو کاتە دەستی پێ کرد کە فادیمە سێ یان چوار ساڵ لەمەوبەر چاوی کەوت بەکوڕێکی سوێدی." ڕەحمی دەگێڕێتەوە کە چۆن ئەو بە ماتۆڕسیکلێتەکەی دەڕۆیشت کە چاوی کەوت بە فادیمە لەگەڵ سوێدییەکدا بوو. ئەو کە خافڵگیر بووبوو، راوەستا و پرسیاری لێ کرد کە ئەو بە باوکی نەگوتبوو لەگەڵ کوڕێکی سوێدی دەچێتەدەر. فادیمە و کوڕەکە، لە باتیی وەڵامدانەوە بەپەلە دوور کەوتبوونەوە. ڕەحمی لێرەدا بەهیچ لەونێک تێک نەچووبوو، هەر زۆر ئاسایی ڕاوەستابوو. لەبەرچی ئەو دڵنیا بوو کە فادیمە و ئەو کوڕە لە هاوڕێ نزیکتر بوون؟ لەبەرئەوەی قۆڵ لە قۆڵی یەکتردا پیاسەیان دەکرد.

ڕەحمی هیچ دژ بەوە نەبوو کە کچە شوونەکراوەکەی ببیندرێت کە قۆڵی لە قۆڵی پیاوێکی گەنجدایە. ئەوەی کە تووڕەی کرد ئەوە بوو کە ئەوان زۆر زیادی بە پەلە بوون ببنە دەزگیران، یان ئەو وەها بیری دەکردەوە. بەبڕوای ئەو، کچەکەی دەبوو لە پێشدا خوێندنەکەی تەواو بکات. دوای ئەوەش ئەو هیچ هەڕەشەیەکی لێ نەکردبوو. کێشەی نێوان ڕەحمی و فادیمە دواتر دەستی پێ کرد. فادیمە لای پۆلیس سکاڵای کردبوو کە ئەو هەڕەشەی لێ کردووە. ئەو بەردەوام دەچووەوە و شکایەتی لێ دەکرد. ئاکامەکەی بوو بە ڕاوەجادووگەری میدیاکان. لە کۆتاییدا، بیروڕای جیهانی لە بنەماڵەی ڕەحمی هەڵگەڕایەوە.(٦)

لەبەرچی ڕەحمی خۆی نەچوو بۆ لای پۆلیس و سەبارەت بەوەی فادیمە ئازاری دەدا سکاڵا تۆمار بکات؟ لەبەرئەوەی فادیمە پێشتر چووبوو و ئەو هەستی دەکرد کە متمانەی پێ ناکەن. بەڵام ئەو بەردەوام نەخۆشدەکەوت و هەر بۆیەش لەو کاتەوە کە کێشەکان دەستیان پێ کرد کەوتە خواردنەوەی زۆر؛ ئەمە کاردانەوەی ئەو بوو بەرامبەر بەو هەموو پاڵەپەستۆیانە.

ململانێیەک سەبارەت بەتێچوونەکانی زەماوەندەکەش بەشێکە لە بەسەرهاتەکە لەمەڕ "فادیمەی ناماقووڵ." بەبڕوای ڕەحمی، ناکۆکی کاتێک دەستی پێ کرد کە فادیمە پێی دادەگرت لەسەر زەماوەندێکی گەورە. ئەمە ناوەندی کێشەکە بوو. ڕەحمی ملی دابوو بە هاوسەرکارییەکە، بەڵام نەک بەوەی کە پێوەندی پێش

هاوسەرکاریی هەبێت. ئێستا ئەو داوای دەکرد زەماوەندەکەی هەر بە ئەندازەی ئەوەکانی خوشکەکانی گەورە بێت. ڕەحمی دەڵێت، ئەگەر وایە دەبێت زاوا تێچوونەکەی بدات. باوکی پاتریک ئامادە نابێت. ڕەحمی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەوان بە سازشێک گەیشتبوون، بەڵام بنەماڵەی پاتریک خۆیان لێ کشاندەوە.(٧) باسکردنەکانی نەبیلە لە چاوپێکەوتنی پۆلیسدا دەری دەخات کە ئەمە چیرۆکێک بووە کە لە ماڵەوە لە خولانەوەدا بوو. نەبیلە دەپرسێت لە شایییەکانی سویدیدا کێ تێچوونەکەی دەدات و خۆی پێی وایە کە بنەماڵەی بووک دەیدەن؛ لەلایەکی ترەوە، لە کۆمەڵگەی ئەواندا تێچوونەکان لەسەر شانی زاواکەیە.

ئەم چیرۆکە ئەوە لەسەر سیمای فادیمە زیاد دەکات کە خوازلۆک و ناسازگارە. بەڵام بەپێی سونگیول، ئەمە هەمووی هەڵبەستراوە. قەت هیچ قسەیەک لەسەر تێچوونەکانی زەماوەند نەکرا. گفتوگۆکانی نێوان دوولایەن قەت نەگەیشتە ئەو خاڵە. ئەو دەزانێت چونکە ئەو لە دانیشتنەکەدا بوو کاتێک باوکی پاتریک و دایەگەورەکەی هاتن بۆ لای دایک و باوکی بۆ خوازبێنیی فادیمە بۆ کوڕەکەیان. ئەوەی کە رووی دا ئەوە بوو کە باوکی کچەکە گوتی، "بابزانم چی دەتوانم بکەم،" و دوایە پاش بیرکردنەوە، دایک و باوکی فادیمە بە هاوسەرکارییەکە رازی بوون. بەڵام ئەنجوومەنی بنەماڵە، کە دەبوو ڕاوێژی لەگەڵدا بکرێت، گوتیان نا. کەوابێت بابەتی تێچوونی زەماوەند قەت نەهاتە بەرباسکردن. سونگیول دەڵێت گفتوگۆکان پێش ئەوەی بگاتە ئەو ئاستە، پچڕا.

چیرۆکەکەی ڕەحمی جێگەی باوەڕکردن نییە. لە دوو دادگەی پێشوودا هەم ئەو و هەم کوڕەکەی حوکم درابوون لەسەر ئەوەی هەڕەشەی کوشتنیان لە فادیمە کردبوو – کوڕەکەی هەروەها تاوانبار کرا بەوەی کە ئازاری زۆر توندی جەستەیی گەیاندووە بە فادیمە – و ئەو کات گێڕانەوەیەکی بەتەواوی جیاوازی دایە دەست لەوەی کە واتای دیتنی کچەکەی لەگەڵ سویدییەکدا بۆ ئەو چییە. ئەمجارە مەترسییەکان گەورەترن. تاکتیکێک کە ئەو ئێستا ڕەچاوی دەکات بەرهەمهێنانی روونکردنەوەیەکی "ئاسایییە" سەبارەت بەخۆی و دۆخی بنەماڵەکەی. ئەوان وەکو بنەماڵەیەک بەهیچ چەشنێک نائاسایی نین، وە نە بەشێکیشن لەو چەشنە کولتوورەی کە فادیمە بەمیدیاکانی دەفرۆشت. ڕەحمیش هەر وەکو کچەکەی نەبیلە، دژ بەو شێوە نیشاندانەی بنەماڵەکە لەلایەن فادیمەوە دەوەستێت. پەیامی

باوکەکە ئەوەیە، "پێتان وانەبێت ئێمە ئاوەهاین.". وەکو نەبیلە گوتی، "ئێمە نین لەنێو ئەو... چی پێ دەڵێن، لەنێو ئەو کولتوورەدا." یان ئەوەی کە نێوان دێرەکان بخوێنرێنەوە: "ئێمە مەکەن بە دێو! فادیمە درۆ دەکات."

بەڵام پۆلیس دەبێت کارەکەی جێبەجێ بکات. دەبێت هاندەری کوشتنەکە چی بووبێت؟ ئەوان قووڵتر ڕۆ دەچن. لە لێکۆڵینەوەی سێیەمدا لە ڕەحمی سەبارەت بە نەریتی هاوسەرگیری لەسەر زەوینی زێدی ئەوان پرسیار دەکرێت. ڕەحمی پێیان دەڵێت کە ئەو و ژنەکەی ئەلیف یەکتریان هەڵبژارد؛ ئەوان ئامۆزان. پرسیار دەکرێت سەبارەت بە پێوەندیی ئاسایی نێوان دوو کەسی گەنج بدوێت، کە ئەو ڕوونی دەکاتەوە پیاوی گەنج سەرەتا دەبێت بچێتە خزمەتکردنی سەربازی. پاشان ئەگەر ئەو دڵی بەکچێکەوە بێت، داوا دەکات لە دایک و باوکی بچن بۆ لای دایک و باوکی کچەکە و خوازبێنیی بۆ بکەن. ئەگەر بێتو داواکە ڕەت بکرێتەوە، کوڕەکە دەتوانێ کچەکە ڕەدوو بخات. ئەگەر وابێت، دەبێت ئەوان بچن و لە شوێنێکی تر بژین. دواتر، لەوانەیە مەسڵەت بکرێت و پاشان جووتە گەنجەکە ڕێگەیان پێ دەدرێت بگەڕێنەوە ماڵەوە.

ئاخۆ ئەمە هیچ کەڵکێکی هەیە کاتێک دێتە سەر تێگەیشتن لەو بابەتەی ئوپسالا کە بەردەوام لە ئارادایە؟ فادیمە نەدەبوو بێتە ئوپسالا. ئەو ئەمەی بەکچەکە گوتبوو، ئەو تەنانەت لێی پاڕابووەوە خۆی دوور ڕابگرێت. ئەو هۆشداریی دابوو بە پۆلیس و بە شارەوانی بەو هیوایەی کە ئەوان وابکەن فادیمە لە دەرەوەی ئەو شارە ڕابگرن. ڕەحمی لە چوارەمین و دواین لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دەیسەلمێنێت کە هەڕەشەیشی لێ کردووە: "ئەگەر بێیتە ئوپسالا، زۆر ناژیت!"(٨) خۆتێوەردانی برازاکەیشی لە دادگەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: ئەو دەڵێت، ئەگەر فادیمە هەر لە شاری ئۆێستەرشووند بمایەتەوە، کوشتنەکە ڕووی نەدەدا. لەبەرچی گەڕانەوەی ئەو بۆ ئوپسالا بوو بەوەها وروژاندنێک؟

ڕەنگە وروژاندنەکە زۆر پەرگیر بووبێت: ئەو هیچ هەستێکی سنووردانانی نەبوو، ئەمەش بەو مانایە بوو کە دەبوو ئاکامەکانیشی قبووڵ بکات. ناموس هیچ لەوە کەمتر داوا ناکات.

لە ڕوانگەی خۆیەوە، ڕەحمی هەوڵی خۆی دا کە ماقووڵ بێت. ئەو قبووڵی کرد

که ڕێگە بە فادیمە بدرێت ببێتە هاوسەری سوێدییەک، بەمەرجێک ئەو لە ئوپسالا دوور بکەوێتەوە و هەموو پێوەندییەکانی لەگەڵ بنەماڵەکەی داببڕێت. دوایە کوڕەکە مرد زەماوەند لە ئارادا نەما، بەڵام ئەو ئولتیماتۆمێکی پێ درابوو کە هەر لەسەر جێگەی خۆی بوو: دوورکەوتنەوە لە ئوپسالا و دەرهاویشتن لە بنەماڵەکەی. بڕیارەکە لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیی گەورەی بنەماڵەکەدا درابوو و بە تەلەفۆن لەلایەن دایکییەوە بەفادیمە ڕاگەیەندرابوو. براکەی بەپۆلیسی گوت، "فادیمە بەمەرجێک ڕێگەی پێ درا دەرباز بێت کە واز لە ئازاردانی بنەماڵەکە بێنێت." واتە، ئەو "ڕێگەی ڕۆیشتنی پێ درا" یان ڕێگەی دەربازبوونی ئازاد، بە یەک مەرج. ئەمەش یەکجارەکی بوو: دەرکردن بۆ تاراوگە.

ئەمە ڕێگەچارەیەکی "کولتووری" بوو، لەسەر ئەو هێڵەی کە لەو حاڵەتانەدا لە وڵاتی عەشیرەییی بنەماڵەکە پەیڕەو دەکرێت کاتێک جووتێک بەپێچەوانەی خواستی بنەماڵەکەیان هاوسەرکاری دەکەن. "ڕەدووخستن" بەدامەزراو کراوە. ئەمە "ڕێگەچارەیەکە" ڕادەیەک ئازادی بەکەسانی گەنج دەدات بەبێ ئەوەی بێ ڕێزی گەورە کرابێت بەرامبەر بەبنەماڵەی کچەکە؛ لەڕێگەی ئەم وەسڵەتکردنەوە نامووس دەپارێزرێت و ژیانی کەسەکان رزگار دەکرێن. ئەم چەشنە دەرهاویشتنە هەر لەسەر هەمان هێڵی تاراوگەی سیاسی ڕێک دەخرێت: ئەوە دەسەڵاتدارە، جا هەر کەسێک بێت کە بڕیار دەدات کەنگێ ئەمە ڕادەگیرێت. دوورخراوەکان دەکرێت بەزەییان پێدا بێت، بەڵام ئەوان "نابێت" داوای هیچ مافێ بکەن.

فادیمەیش ورووژێنەر بوو لەبەرئەوەی هاوپەیمانییەکی لەگەڵ دایکی و خوشکەکانی پێکەوە نا. ڕەحمی دەگێڕێتەوە کە لەوە دەترسا فادیمە کچە بچووکەکەی لێ بستێنێت، هەروەکو چۆن پێشتر سونگیولی لێ ئەستاندبوون. ئەو بەگومان بوو لەوەی کە بە نهێنی لەگەڵی پێوەندی بگرن، هەرچەند نەبیلە بەردەوام ڕەتی دەکردەوە. ئەو فەرمانی دابوو بە ژنەکەی هەر چەشنە پێوەندییەک لەگەڵ فادیمە بپچڕێنن، چونکە ئەو دەترسا کە "کێشەکان هەر درێژەیان دەبێت." کاتێک داوای لێ دەکەن ئەمە شی بکاتەوە، دەڵێت ئەگەر ئەم دوو ژنە پێکەوە قسە بکەن، لەوانەیە فادیمە دیسانەوە لە ئوپسالا دەرکەوێت. ئەو دەڵێت لەو شیمانەیە دەترسا، کە لەوانەیە زیان بگەیەنێت بەخۆی و بە کوڕەکەی. زیان بە چ شێوەیەک؟ لێکۆڵەر دەپرسێت، "چونکە ئەو لەوانەیە توندوتیژی بنوێنێت بەرامبەر بە فادیمە؟" ئەو

نازانێت. بەڵام "کێشەکە" لەوەدایە وەک ئەوەی کە شتێکی شەیتانی لەسەر تەواوی بنەماڵەکە هەڵواسراوە و ئێستا بەهۆی میدیاکانەوە هەموو دنیا سەبارەت بەوەی لەنێو ئێمەدا رووی داوە دەزانێت. ڕەحمی بە پۆلیس دەڵێت کە نیگەرانی بۆ مەسعوودی کوڕی هۆکاری سەرەکیی ئەو بڕیارە بوو کە فادیمە دەبێت ئوپسالا بەجێ بهێڵێت و نەگەڕێتەوە. مەسعوود نابێت مەترسیی ئەوەی لەسەر بێت کە کچەکە لە شاردا ببینێت. باشە بەوردی ئەو "مەترسییە" چی بوو؟ لەبەرچی لەوە بترسیت؟ رەنگە هەموو بنەماڵەکە ترسابێتن، وایە؟

ڕەحمی بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو دەیدەتوانی قبووڵی بکات کچەکەی ببینێت لەگەڵ پیاوێکی گەنجدا کە هاوسەری نەبوو لێرەدا ئەو دژ بەلێدوانی پێشووتری خۆیەتی کە چۆن بۆ ئەو ئاسایی بوو کچەکە قۆڵ لە قۆڵی پیاوێکدا پیاسە بکات. لە سێیەمین لێکۆڵینەوەدا دەیسەلمێنێت کە ئەو لە بەردەم خزمەکانیدا شەرمی دەکرد کاتێک کە ئەوان ئەمەیان بۆ دەرکەوتبوو. ڕەحمی هەروەها پێشتر جەختی لەسەر ئەوە کردبوو کە فادیمە بەسکاڵاکردنە لای پۆلیس هەراسانی کردبوو و هەروەها ئەو بووە هۆی ئەوەی کە مەسعوود لە دادگەدا سزا بدرێت. دواتر دەیسەلمێنێت کە ئەوەی ئەو پێی دەڵێت "کێشەکە" پێشتر دەستی پێ کردبوو، واتە، ئەو کاتەی کچەکەی لەگەڵ سوێدییەکەدا بینی. ئەو لە بەردەم بنەماڵەکەی، دراوسێکان و هەموو ئەوانەی ئەو دەیناسین لە هەموو سوێد، هەستی بەشەرمەزاری دەکرد. تەنانەت بیروڕای جیهانیش ئاگەدار کرابوونەوە. ئەو هەستی چەشنێک لە کینەی بەرامبەر بە فادیمە پەیدا کردبوو. لەوانەیە براکەی فادیمە، کە لە سوێد گەورە بووبوو، هەمان هەستی هەبووبێت.

کەوابوو "کێشەی فادیمە" ئێستا تەواو بووە. ئاخۆ ڕەحمی هەست بەئارامی دەکات؟

نە، ئەو ئێستا هەموو رۆژێک دەگری. ئەو دەیەوێت لەسەر ئەو کارەی کە کردوویەتی داوای لێبووردن لە هەموو خەڵکی سوێد بکات.

ڕەحمی سوێد بەرز دەنرخێنێت. هەروەکو لە دواین لێدوانیدا لە دادگە: "ئەم سوێدە وڵاتێکی باشە، دەیجا چۆن من توانیم ئەو کارە بکەم کە کردم؟"

وە لێرەدا جارێکی تریش دەگەڕێتەوە سەر هەڵچوونی بێ هیوایانە و رای

دەگـەیەنێت کـە کـچـەکـە بکەری تاوانە، ئـەو قـوربانـیـیـەکـەیە. ئەو دەیویست خـۆی بکوژێت بەڵام نەیتوانی خۆی لەسەر ئەو کارە ساخ بکاتەوە. ئەو لەژێر پاڵەپەستۆدا نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەشۆکاو بوو: ئەو نەخۆش بوو، نەخۆشبوو، نەخۆش. ئاخۆ هیچ کەس ناتوانێت لەمە تێ بگات؟

ئاخۆ ئەمە گوتەی پیاوێکە بەرۆشنبیری لە خوار ئاساییەوە؟ کە هاوهەستی نییە؟ پیاوێک کە بەشێوەیەکی سادە و سەرەتایی کاردانەوە نیشان دەدات؟ یان ئاخۆ ئەمە دەربڕینێکی نائومێدانەی هەستیارییە کە لە دۆخێکی نائومێدانەوە هەڵدەقووڵێت؟

من بەم شێوەیە لە حاڵەتەکەی ئەو تێ دەگەم: دیاریکردنە رەسمییەکەی نەخۆشییەکە هەڵە بوو، هەروەها کاردانەوەکانی ڕەحمی ڕێچکەیەکی ماقووڵ و سەقامگیری هەیە بە لۆجیکێکی ناوەخۆییەوە. ئەمە قبووڵکردنی بۆ ئێمە ناخۆشە. بەڵام قبووڵنەکردنەکەی مەترسیدارە.

کوشتنی نامووسیی لۆجیکی ئاسنینی خۆیان هەیە. پیاوێک بەکوشتنی فادیمە تاوانبار کرابوو، بەڵام هەر وەکو نالین پێگول ئاماژەی پێ دەکات، سیستەمی دادوەریی سوێد بۆ هاتنە دەست لەگەڵ ئەم چەشنە تاوانە گونجاو نییە. چەقبەستنەکە لەسەر تاکەکەسی بکەری تاوانەکەیە. بەڵام لەو تاوانانەدا کە لەسەر نامووس کراون، چەندان کەس بەرپرسن. تاوانانی لەم چەشنە بەکۆمەڵن، لەسەر بناغەی توێژینەوە و بەرەنجام وەرگرتن.

ڕەحمی شاهیندال شێوەیەکی هەژاری لە دادگەدا نەخشاند. ڕاپۆرتی دەروونناسی جەختی لەسەر ئەم تێگەیشتنە کردەوە: باوکی فادیمە منداڵی و گەنجییەتییەکی بێبەشانەی هەبووە. ژیانی ئەو وەکو شوانێک بەو مانایە بوو کە ئاژەڵ باشترین هاوڕێی بوون (ئەو باسی کردبوو کە چەندە متمانەی بەوانە بوو) و بە زەبری لێدان باریان هێنابوو. ئەو نزیکەی نەخوێندەوارە و توانای خۆگونجاندنی نییە. ئەو سەبارەت بەبۆچوونی خۆی لەسەر خۆی و کەسانی دەوروبەری وشک و ڕەق، یەکدەندە و وەسواسە، کە ئەمەش بەڕەچاوکردنی ئەو ڕوانینە نەرێنییەی ئەو بەرامبەر بەخۆی، سەرسووڕهێنەر نییە.

ڕاپۆرتی دەروونناسییەکە لە توێی چوار لاپەڕەی ئاسایی تایپکراودایە. ئەمە

خەستکراوەی ئینسانێکە بەتەواوی. ئەو مرۆڤە لە دادگەدا بۆ رزگارکردنی ژیانی مشتومڕ دەکات و بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە چی کردووە و چی نەکردووە، چی بیر کردووەتەوە و چی بیر نەکردووەتەوە، چی هەست پێ کردووە و چی هەست نەکردووە، لەگەڵ قسەی بێ سەروبەری دژ بەیەک تێوە دەگلێت. لە روانگە و دیدی ئەوەوە، ئەو "یەکێک لە ئێمە" نییە. جیاوازیی نێوان ئەو و زۆرینەی سکاندیناڤییەکان و زۆرینەی کوردەکانیش، ئەوەیە کە ئەو بازەکەی داوە و بیری ناموسیی بەڕاست گەڕاندووە کە خۆی ئینکاری دەکات: ئەمە کوشتنی ناموسی نەبوو؛ ئەو لە کۆمەڵگەی سویددا بۆ ناموس ناگەڕێت. بەڵام کچەکە سووکایەتیی پێ کرد. هەر بۆیەش چوو دۆزییەوە و تەقەی لێ کرد.

ئەم داستانە بێ کەم و زیاد روونە. "بیروڕای جیهانی" ڕەنگدانەوەی سیمای خۆی بوو، هەروەکو چۆن لە نەبەردی دواتردا کە لە دادگەی پێداچوونەوەی سویددا دەستی پێ کرد وابوو.

### ١١- ئەو هێزەی لە پەرێشانیدا لەدایک بوو

بکوژەکانیش دەبێت دەنگێکیان بدرێتێ. هەر سزادان کەڵکی نییە، ئێمە دەبێت هەروەها تێ بکۆشین تێ بگەین. تەنیا ئەو کاتەی کە تێ دەکۆشین بکەوینە شوێن زنجیرەی ئەو بیر و بۆچوونانەی کە تاوان ئەنجامەکەیەتی، دەتوانین ئومێدەوار بین یارمەتیدەری پێشگرتن بە تراجیدیای لەم چەشنە دەبین، چونکە ئەمە هەرچەندیش سەر لێشێوان و سامناک بێت، چەشنێک لە مەعقوولبوونی گرتووەتە خۆ.

هەر بۆیەش ڕەحمی شاهیندال ڕێگەی پێ دراوە تا ئەم ڕادەیە بەدوور و درێژی بدوێت. لە روانگەی ئەوەوە و بەوشەکانی ئەو "ئەوەی کە رووی داوە" گێڕدراوەتەوە.

ڕێگە بە بنەماڵەکەش دراوە قسە بکەن، دایک و خوشکەکانی فادیمە. ئا بەم شێوەیە کە من وەڵامم داوەتەوە بەڕەخنەی خزمەکان کە میدیاکان و جەماوەر نایانەوێت گوێ بگرن لەوەی ئەوان دەخوازن بیڵێن. گوتەبێژانی بنەماڵەکە بانگەشە دەکەن کە خراپ تێگەیشتن لەوان هەیە و هەر چییەک ئەوان دەیڵێن بەشێوەیەکی خراپ وەردەگیرێت. لە راستیدا بۆ ئەوان بێ فایدەیە هەوڵ بدەن بەسەرهاتی "خۆیان" بگێڕنەوە. میدیاکان بەهەرحاڵ بەشوێن ئەوەوەن کە نێوی ئەوان خراپ بکەن.

یەکێک لە خزمەکان لە کاتی لەدادگەدانەکەی ساڵی ١٩٩٨دا گوتی، "ئەوان ئێمە وەکو خوێنمژ دەبینن، لە کاتێکدا ئەو هەر کچێکی گەنجی بچکۆلەی کۆچبەرە کە دڵیان بۆی دەسووتێت. بەڵام ئەو ئێستا بەهێزترینە. ئەو پارەی هەیە، خوێندوویەتی. باوکی بەتەواوی تێک شکاوە؛ دایکی بەردەوام دەگری. ئێمە هەموو شەوێک لەگەڵیان دادەنیشین و هەوڵ دەدەین ئاسوو دەبن و یارمەتییان دەدەین زیندوو بمێننەوە."

یەکسەر ئاشکرایە بۆچی فادیمە دەبێت ئەوەندە پەنا بباتە بەر میدیاکان. ژنێکی گەنجی جوان بەئاسانی سەرنج ڕادەکێشێت. چلۆن باوکەکەی، کە پیاوێکی کارگەری هیلاک و ماندووە دەتوانێت بەربەرەکانی بکات؟ یان برا بچکۆلەکەی کە نیوە تاوانکارە، یان دایکی کە نزیکەی بێ پشت و پەنایە؟ ئاخۆ یەک دەنگ لە ڕاستی لە گێڕانەوەی بنەماڵەکەدا سەبارەت بە فادیمەی بەرخە قوربانییەکەی دەستەمۆی میدیاکان هەیە؟ ئاخۆ دەتوانێت وابێت کە ئەو بەهۆی تامەزرۆبوون بۆ ئەوەی ببێتە کەسێکی بەناوبانگ بەرەو ئەوە ڕاکێشرا؟ کە نەخشاندنەکەی ئەو لە بنەماڵەکە لەسەر بناغەی خەیاڵ و زێدەڕۆیی بوو؟

ئێستا ئەوە گوتراوە. پرسیارەکان لە بەردەستدان. دەنگی خزمەکان بیستراون. کەسێک لەوانەیە بەهێنانە ناوەوەی دەنگی تریش ڕوانگەی ئەوان بەوردی بگێڕێتەوە. جگە لەوانەی کە پێشتر ناویان براوە _ ڕەحمی، ئەلیف، سونگیول، نەبیلە و حەیدەر _ پۆلیس لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دوازدە ئەندامی بنەماڵەکەدا کردووە. دەربڕینەکانی ئەوان بۆ پۆلیس ١٥٠ لاپەڕەی تایپکراو پڕ دەکاتەوە، بەڵام هیچ کام لەو کەسانە لە دادگەی ناوچەیی ئوپسالا شایەتییان نەدا. هەرچۆنێک بێت، من پێم وایە پێویست ناکات من لێرەدا بەسەرهاتەکانی ئەوان بخەمە ڕوو. سەرجەم دەربڕینەکانی بنەماڵەکە (نزیکەی دووسەد لاپەڕە) لەسەر وێنەیەکی سەقامگیر لە باوکێک زیاد دەکات کە نەخۆشە و ناچار کراوە بۆ کردنی کارێک بەبێ مەیلی خۆی، پاڵ پێوەنراو بۆ ناو قووڵاییی بێدەرەتانی لەبەرئەوەی کچەکەی ئەو و بنەماڵەکەی خستبووە بەر تیشکی میدیاکانەوە. بۆ زۆربەی خەڵک بەئاشکرا دەرکەوتن و بەبەربڵاوی بوونە مایەی گاڵتەی دنیا زۆر قورسە. فادیمە داپڵۆسێنەر بوو. فادیمە لەگەڵ میدیاکان باوکییان کرد بەبکوژ.

لەم حاڵەدا دەبێت ڕێگە بە فادیمە بدرێت بێتە گۆ. لایەنی ئەو لە بەسەرهاتەکە قەت بەڕێکوپێکی نەگوتراوە. ئەمە جاروبار، بەو چەشنەی کە هەبوو، لە نێوان دێرەکاندا قابیلی بینین بووە. حاڵەتەکە بە فادیمەوە دەست پێ دەکات و بەویشەوە کۆتاییی پێ دێت، بەڵام شایەتیدانەکەی ئەو بەشێوەی ڕستەی پرژ و بڵاوی پچرپچڕ بووە. لەوانەیە جارێک وادەرکەوتبێت کە هەموو ئەوانە پێویست بوون. بەڵام ئێمە ئێستا بەئەندازەی پێویست سەرنجمان داوەتە سەر بۆچوونەکانی کەسە هەرە نزیک و هەرە خۆشەویستەکانی ئەو؛ دیسانەوە گوێگرتن لە دەنگی فادیمە هەست دەکرێت وەکو فریاگوزارییەکی پێویست وابێت. دەبێت دواین وشە تەرخان بکرێت بۆ قوربانییەکە. گوێ بگرن بۆ ئەو کاتێک لە چاوپێکەوتنێکدا ڕۆژی ٢٥ی مانگی حەوتی ١٩٩٨ شایەتی دەدات.

لە بارانێکی بەخوڕدا ڕۆژی ٣ی مانگی شەشی ١٩٩٨، ڕۆژێک پێش ئەوەی کە فادیمە و پاتریک بڕیاریان دابوو بگوێزنەوە لای یەک، ئۆتۆمۆبێلەکەی پاتریک لە نێوان ستۆکهۆڵم و ئوپسالادا لە جادە دەرچوو. ئەو دەستبەجێ مرد.

"من هێشتا ناتوانم تێ بگەم کە ئەو نەماوە. ئێمە بۆ یەکتر دەژیاین. من هێشتا چاوەڕوانی ئەوم، بەتەمای ئەوم کە دەرگەکە بکاتەوە و بێتە ژوور. دەزانی پاتریک یەکەم ئەوینی من بوو. ئەو زۆر شتی فێری من کرد."

"ئاخۆ هەست دەکەیت ئەمە ناڕەوایە؟"

"بەڵێ، هەست دەکەم ئەمە سزادانێکە. وەکو ئەوەی ئێمە شتێکی زۆر سامناکمان ئەنجام دابێت کە شیاوی ئەمە بین. ئەمەیە ئەو شتەی بنەماڵەکەی من دەیڵێن، کە ئەمە دەستی خوا بوو. ئەوان دەڵێن، "تەنانەت خوایش لایەنی ئەو ناگرێت"."(١)

فادیمە بۆ ناشتنی پاتریک بانگهێشتن نەکرابوو، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەشداری کرد. بنەماڵەکەی پێیان وابوو کە پێوەندییەکەی ئەو لەگەڵ فادیمە بووە هۆی مەرگی. بۆ ئەوەی بزانن ئاخۆ لەوانەیە تاوانێکی بە ئەنقەست لە پشت ئەم ڕووداوەدا بووبێت، لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نەدۆزرایەوە. خودی فادیمە پێی وانەبوو کە بنەماڵەکەی ئەو لە پشت ئەم کارەوە بووبن. پاش کوشتنی فادیمە، توێژینەوە لەسەر هەلومەرجی مەرگی پاتریک دیسانەوە دەستی

پێ کرد بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.

بنەماڵەی پاتریک کاتێک کە ئەو لە ژیاندا بوو، فادیمەیان قبووڵی نەکرد. فادیمە دەڵێت، "ئەوان ئێرانی بوون و دژ بە هاوسەرکاری لەگەڵ کوردەکان بوون." (باوکی پاتریک ئێرانی بوو؛ دایکی سوێدی بوو.) ئەمە ڕادەی بەهێزبوونی ئەوینی ئەو جووتە گەنجە بۆ یەکتر دەگەیەنێت کە سەرەڕای ئەوەش باوکی پاتریک و دایەگەورەکەی چوون بۆ خوازبێنیی فادیمە کە ببێتە هاوسەری پاتریک. ئەمە ئەوەش دەردەخات کە بنەماڵەکە تا چ ڕادەیەک پاتریکیان خۆش دەویست.

پاتریک قەت سەردانی بنەماڵەی فادیمەی نەکرد. لە چاوپێکەوتنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩٨دا – بەشێک لە فیلمێکی بەڵگەنامەییی تەلەڤزیۆنی لەسەر ژیانی فادیمە – ئەو دەیسەلمێنێت کە ئەو ڕقهەستاو و توورەیە لە خزمەکانی فادیمە. "ئەتۆ سزا دراویت بەوەی کە لە دەرەوە بمێنیتەوە. ئەوان نایانەوێت بزانن لەبەرچی من فادیمەم خۆش دەوێت. ئەوان بەتەواوی من دەخەنە پشتگوێ. ئەوان هەموو کاتێک هەر "ئێمە، ئێمە، ئێمە" دەکەن. ئەوان هیچ دەربەست نین کە من چۆن شتەکان دەبینم."(٢) بەڵام زیاتر لە هەموو شتێک ئەو لەوە توورەیە کە چۆن فادیمە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە سووکایەتیی پێ کراوە. ڕۆژنامەوانەکە لێی دەپرسێت پاش دەرکرانی فادیمە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە، سەبارەت بەو بەرپرسیارەتییەی کە دەکەوێتە سەرشانی ئەو، چ هەستێکی هەیە؟ پاتریک دەڵێت ئەوان سەبارەت بەوە بیریان کردووەتەوە و زۆریان قسە لەسەر کردووە. ئەو هەستەی کە ئەوان پێکەوە گرێ دەدات زۆر بەهێزە. ڕۆژنامەوانەکە دەپرسێت، بەڵام ئەگەر هاتوو شتەکان بەخراپی چوونە پێش؟ ئەوان بیریان لێ کردووەتەوە و سەبارەت بەوەش قسەیان کردووە. ناکرێت زەمانەتی داهاتوو بکرێت. بەڵام ئەوان لەسەر بڕارەکەی خۆیان ڕاوەستاون.

فادیمە و پاتریک دەبوو ڕۆژی ٤ی مانگی شەشی ١٩٩٨ ژیانێکی هاوبەش پێکەوە دەست پێ بکەن لە ئوپسالا، ئەو شارەی کە فادیمەیان لێ دەرکردبوو. مرۆڤ دەکرێت بیر لە توورەبوونی بنەماڵەکەی بکاتەوە بەهۆی ئەم کارەوە. مەرگی پاتریک بەڕێککەوت بووبێت یان پلان بۆداڕێژراو، سەرکۆنەکردنی فادیمە لەلایەن بنەماڵەی کوڕەکەوە قابیلی تێگەیشتنە. لە هەر حاڵدا، بەرەچاوکردنی ئەوەی کە

پاتریک بۆ ماوەیەکی درێژ و بەهۆی پاڵەپەستۆی نامرۆڤانەوە لەسەر ئەو و فادیمە، دڵی ئەوەندە لە شکان نزیک بوو، کاردانەوەکانی لەوانەیە زۆر سست بووبێت.

ئەوان وەکو دوو خۆشەویست دوو ساڵیان بە نسیب بووبوو. پاتریک و فادیمە لە کۆرسێکی کۆمپیوتەردا ساڵی ١٩٩٦ یەکیان بینی. پاتریک دواتر گێڕایەوە کە چۆن فادیمە سەرەتا خۆی دوور ڕاگرت و چەندە بۆ ئەو کچە دژوار بوو کە هەستەکانی خۆی دەربخات. فادیمە دەیزانی کە ئەگەر ببێتە ئەویندارى "سوێدییەک" چ مەترسییەک لە ڕێگەدایە. ئەو هەر زوو هۆشداریی دا کە پێوەندی لەگەڵ ئەو چ واتایەکی بۆ هەردووکیان دەبێت. بەدرێژاییی ساڵی یەکەم کە پێکەوە بوون، هەر سەودایەک بوو "تەنیا لە ژوورەوە". پاتریک گوتبووی: "بۆ خاتری خوا، خۆ ئێمە چواردە ساڵان نین!" و پاش ئەوە کەمتر قایمکارییەن دەکرد.

دوایە، ڕۆژی ٣ی مانگی ٩ی ١٩٩٧ باوکی فادیمە چاوی پێیان کەوت کە پێکەوە لە کۆڵان پیاسەیان دەکرد. ئێمە پێشتر بیستوومانە فادیمە دەیسەلمێنێت کە بینینی باوکی بەشێوەیەکی گەوجانە ئەوی ترساند. "من تۆقی بووم! من بیرم کردەوە ئەوە ئا ئەمەیە!" لەو ڕۆژە بەولاوە ئیتر نەیتوانی بچێتەوە ماڵەوە. ئەو ساتەی باوکی دەستی پێ بگەیشتایە ملی دەشکاند. لە کۆڵان، دڵی بەوە خۆش دەکرد کە لێی توورە بێت، نێوی سەیری پێوە بنێت، هەڕەشەی لێ بکات و تف لە کچەکە بکات. لە کاتێکدا کە دوو ئەفسەری پۆلیس پاسەوانی بوون، فادیمە چووە ماڵەوە بۆ هێنانی پەساپۆرت و شتەکانی خۆی. ئەمە دەرچوونی ئەو بوو لە بنەماڵەکەی، لەو ڕۆژە بەولاوە ئەو ئیتر هی خۆی بوو. تەنیا سونگیولی خوشکی و چەند ئامۆزایەک پشتگیرییان دەکرد. سونگیول بۆ ماوەی دوو ساڵ ماڵی گواستەوە و چووە لای ئەو.

فادیمە گواستییەوە بۆ شاری سوندسڤاڵ بۆ خوێندن، بەڵام پاتریک لە ئوپسالا مایەوە. فادیمە پێش ئەو چاوپێکەوتنە چارەنووسسازە لەگەڵ باوکی، لە ئەنستیتۆی سوندسڤاڵ وەرگیرابوو. ئێستا دەرفەتی خوێندن فریای کەوتبوو. درێژەدان بەخوێندن زۆر دژ بەخواستەکانی بنەماڵەکەی بوون. فادیمە دەیگوت لە ڕوانگەی ئەوانەوە، سەربەخۆ ژیان بەئەندازەی هەبوونی هاوڕێیەکی کوڕ خراپ بوو. بەڵام لەوەتی منداڵێک بوو، ئەو بڕیاری دابوو شتێک بخوێنێت و هەروەکو

هاوڕێ سوێدییەکانی کار بکات و بژیێت. ئەو دەیویست خۆی بار بێنێت، زانست وەربگرێت و لەوەی کە فێری بووە کەڵک وەربگرێت و ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات بەسوودی خەڵکانی تر.

لەلایەکی ترەوە، ئەو ڕێگەیەی کە بنەماڵەکەی دەیانویست ئەو بیگرێتە بەر فادیمەی بەرەو هاوسەرکاری لەگەڵ ئامۆزایەکدا لە تورکیا ڕادەکێشا. ئەو هەردەم ئاگادار بوو لەوەی کە هاوسەرکاریی ئەو لەلایەن بنەماڵەکەیەوە ڕێک دەخرێت. فادیمە دەڵێت، "ئەتۆ هەر دەیزانیت." دواتر ڕوونی دەکاتەوە: "کاتێک کچان دەبنە شازدەساڵ، دەیانبەن بۆ سەفەری پشووی هاوینە لە تورکیا.[٣] کچەکە دەزانێت چی لە ئارادایە، کە لەوانەیە بیدەن بە شوو، بەڵام بەدەنگی بەرز دەڵێت ئەمە هەر سەردانێکە بۆ وڵاتە لەمێژینەکە و ئەو بەهەر چەشنە پێشنیازی هاوسەرکاری دەڵێت نا. بەڵام سەرەڕای ئەوەش و بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەریەتی، شوو دەکات."

ڕۆژنامەوانەکە دەپرسێت، "ئاخۆ کچەکە ناترسێت؟ با هەموو ئەوانەش پیاوەکە بێگانەیە."

"هەڵبەت دەترسێت، بەڵام ئەو ناچار کراوە ئەو کارە بکات. ئەمە شتێک نییە ئەو خۆی بۆ خۆی هەڵی بژاردبێت."

"بەڵام ئاخۆ کچەکە خەونی داهاتوویەکی جیاواز نابینێت؟"

"هەڵبەت خەونی هەیە، ڕێک هەمان ئەو خەونانەی کچانی سوێدی هەیانە. ئەوەندەی هەیە کە ئاوا ناچێتە پێش. ئەو هیچ بژارێکی نییە." فادیمە ئەوەشی لێ زیاد دەکات کە هاوسەرکاری دوو بنەماڵە پێکەوە گرێ دەدات نەک دوو تاکەکەس. "بەهەرحاڵ، ئەوان (واتە خەڵکی تورکیا) هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بۆ ئەوەی کوڕێک بنێرن بۆ ئێرە."[٤]

براکەی فادیمە دەچێتە سوندسڤاڵ، لەگەڵی بەرەوڕوو دەبێتەوە و هەڕەشەی کوشتنی پێ ڕادەگەیەنێت. مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٨ دەرکەوتووە کە هەرچۆنێک بێت بنەماڵەکەی ئەو قبووڵی ناکەن ببێتە هاوسەری پاتریک. بە درێژاییی زستان و بەهاری ساڵی ١٩٩٨ فادیمە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە زنجیرەیەک هەڕەشەی کوشتنی پێ دەگات. باقیی ئەندامانی بنەماڵە بە تەلەفۆن درێژدادڕی بۆ دەکەن. خوشکە

بچکۆلە نۆ ساڵانەکەی پێی دەڵێت "قەحبەیەکی بەنەحلەتکراو."

"ئەتۆ دڵت دێتە ژان کاتێک لە خوشکێکی نۆ ساڵان دەبیستیت: "ئەتۆ قەحبەیت، ئێمە دەتکوژین." بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خوشکە بچکۆلەکەی من نییە دێتە گۆ، ئەو نازانێت چی دەڵێت. هەرچەند ئەو بەهێزە. هیوادارم ڕۆژێک ئەو خۆی لەوان رزگار بکات."(٥)

فادیمە دەڵێت کە ئەو ئامادە بووە بەسەرهاتی خۆی بۆ میدیاکان باس بکات چونکە هیوادارە ئەمە یارمەتیی ئەوانی تر بدات کە لە هەمان دۆخدان، هەروەها بۆ پاراستنی ژیانی خۆی. "لەوانەیە ئێستا کە ئەو هەمووە خەڵکە دەزانن من کێم، ئەوان نەوێرن بمکوژن!"

بەڵام ئەو هەستی دەکرد کە لەبەر هۆیەکی تر پێویستە روو بکاتە میدیاکان، ئەویش ئەوە بوو کە کاتێک بۆ یەکەم جار ڕۆژی ١١ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٨ ڕاپۆرتی هەڕەشەی کوشتنی لەسەر خۆی دا، پۆلیس باوەڕی پێ نەکرد. هەر بۆیەش ئەو ڕۆژی ٤ی مانگی دوو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئێوارانی ئافتۆنبلادێت، بنکە لە ستۆکهۆڵم، خۆی ئاشکرا کرد. چاوپێکەوتنەکە بووە هۆی هەڕەشەی کوشتنی زیاتر، فادیمە دیسانەوە سکاڵای بردە لای پۆلیس، ئەمجارەیان حاڵەتەکە چووە دادگە (مانگی چوار ١٩٩٨). دادگەکە مێژووی خولْقاند. ئەمە یەکەم بوو لە سکاندیناڤیا: باوکێک و برایەک لەسەر سکاڵای کچەکەیان تۆمەتبار دەکران بەوەی هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردبێت. پێشنیاز کرا بە فادیمە لەدادگەدانەکە لە پشتی دەرگەی داخراودا بچێتە پێش. ئەو ڕەتی کردەوە. جەماوەر دەبوو دۆخەکە بزانن، زانیارییەک کە هیوادار بوو یارمەتیی ئەوانی تر دەدات و بنەماڵەکەی دەترسێنێت.

هەرکە دادگەکە خەریک بوو دەست پێ بکات لە فادیمە پرسیار کرا ئاخۆ دەترسێت.

وەڵامی دایەوە، "زۆرترین ترسی من لە ڕقی ئەوانەیە. بەڵام من ئەگەر ئەمە بتوانێت یارمەتیی تەنیا یەک تاکەکەس بدات بەناو ئاو و ئاگردا تێ دەپەڕم."

بەدرێژاییی دادگەکە، ڕقی براکەی لە کۆنترۆڵ دەردەچێت. ئەو زۆر لە پاتریک تووڕە دەبێت و لە پشوویەکدا هێرش دەکاتە سەر فادیمە. هاواری دایکەکەیان لە

جەرگ کار دەکات. کاتێک مەسعوود تاوانبار دەکرێت بە سووکایەتیکردن بە دادگە، پارێزەرەکەی یەکسەر دەڵێت: ئەگەر کێشەیەک هەیە لە نێوان یاسای سوێد و نەریتی کوردیدا، ئەم کورە لە نەریتی کوردی پەیرەوی دەکات. لەبەرئەوەی تەمەنی حەڤدە ساڵە، لەباری یاساییەوە منداڵکارە و سزاکەی نەرمە: هەروەکو باوکی ئەویش بە بیست هەزار کرۆنی سوێدی (نزیکەی سێ هەزار و پێنجسەد دۆلار) سزای دراوی دەدرێت. لەیف ئێرکسۆن، پارێزەری فادیمە داوای زەرەر و زیانی شەست هەزار کرۆنی کردووە کە دەبێت باوکی و براکەی پێکەوە بیدەن. یەکێک لە رۆژنامەوانەکان دەپرسێت ئاخۆ ئەم برە پارەیە زۆر نییە؟ بەڵام ئێریکسۆن وەڵام دەداتەوە، "نا، بگرە زۆر کەمیشە. ئەوەی کە رووی داوە برێتییە لە توندوتیژییەکی باوەڕنەکردنی بەرامبەر بە فادیمە. ئەو بنەماڵەکەی بەتەواوەتی لەدەست داوە. ئەگەر پاتریک بڕوات، چی بۆ دەمێنێتەوە؟"

یەک مانگ دوای ئەوە پاتریک دەمرێت. فادیمە، بەگوێرەی هاورێکانی هەروەکو شووشە، شکێنەرە. هەفتەیەک پاش مردنی پاتریک، براکەی فادیمە لە مەیدانی ناوەڕاستی شاری ئوپسالا لێی دەدات. فادیمە دواتر گوتی، "من بەتەواوی بەختم هەبوو کە نەکوژرام. ئەگەر لە شوێنێکدا ئەوم دیبایە کە خەڵکی کەمی لێ بووایە، دەیکوشتم. من لەوە دڵنیام. ئەو بەتەواوی توانای کوشتنی هەیە."

لە مانگی هەشتی ١٩٩٨دا دادگەیەکی تازە دەست پێ دەکات. براکە بە پێنج مانگ زیندان و خەسارەتی تاوانکارانەی بیست هەزار کرۆن سزا دەدرێت. کۆکراوەی وتارەکەی دادوەر دەڵێت:

ڕۆژی ١١ی مانگی شەشی ١٩٩٨، مەسعوود شاهینداڵ لەگەڵ فادیمە شاهینداڵ لە مەیدانی ناوەندی شاری ئوپسالا بەرەوڕوو دەبێتەوە. لەوێ کوڕەکە ئەو دەداتە بەر توندوتیژیی جەستەیی، واتە بەسەر کوتاویەتی بە دەموچاویدا، قژی کێشاوە و دوایە بە ئەژنۆ داویە بە ڕوومەتیدا. کاتێک فادیمە شاهینداڵ کەوتووەتە سەر عەرز، مەسعوود شاهینداڵ بە مست لە سەری داوە و شەقی لە لەشی هەڵداوە. ئەم لێدانە نەک هەر بووەتە هۆی ئازاری زۆر توند، بگرە سەرئێشە، کوتانی ڕوومەت و جەستە و ئێشی بەردەوام لە سینە و لای راستی سکییەوە پەیدا بووە.

ئەمــە زیانگەیاندنی پڕ ئازارە بە لەش. بەتایبـەتی مـەسـعـوود شـاهـیندالّ زۆر بێبـەزەییـیانە رەفتـاری کردووە لە کاتێکدا کە ئەو بەبێ وروژاندن، لە شـوێنێکی گشـتیـدا دەسـتی درێژ دەکاتە سـەر فـادیمـە شـاهیندالّ کە لەباری جـەسـتـەوە لەو لاوازترە، کـاتێکیش کـەوتووەتە سـەر عـەرز، بەردەوام شـەقی تێ هەڵداوە. لەوە زیاتریش، ئەم دەستدرێژیکردنە بەشێکە لە بەسەرهاتێکی هێرشبردنی بەردەوام بۆ سەر فادیمە.(٦)

هەروەکو بینیومانە، فادیمە بە لەدادگەدانی ئاشکرا، بەئەنقەست هەموو شتێک دەخاتە مەترسییەوە. لایەنێکی ئەم ستراتیجییە ئەو بەڵگەنامە تەلەڤزیۆنییە بوو کە بە هاوکاریی ئەو و پاتریک لەگەڵ رۆژنامەوان ماریان سپانێر لە بەهاری ١٩٩٨دا بەڕێوە چوو. ئەم بەڵگەنامـەیە فـیلمێکی کورتیشی تێدا بوو کـە نیشـانی دەدات مـەسعوود لە کاتی لەدادگەداندا تێ دەکۆشێت هێرش بکاتە سـەر فادیمە و هێزی زۆر پێویست بوو بۆ ئەوەی بەسـەریدا زاڵ بن. فیلمە بەڵگەییەکە یەکەم جار رۆژی شـەشی مـانگی پێنجی هەمـان سـاڵ واتە رۆژێک پێش حوکمدانی باوک و براکەی نیشـان درا. ئـەمـە نیگایـەک بوو هـەست بزوێن و سـامناک بۆ نـاوەوەی ئەوەی کـە فـادیمە (و پاتریک) دەبوو لەگـەڵیـدا بژین بـەڵام لەوانەشــە خـزمــەتی کـردبێت بەگرگرتنی تووڕەییی خزمەکانی فادیمە. ناگونجێت لەسـەر ئەوە داوەری بکەین ئاخۆ ئەگەر پاتریک لە پەنایەوە نەوەستـایە، فـادیمە هەمـان سـتراتیـجیی کـەڵک وەرگـرتن لە مـیـدیاکـانی دەگـرتە پێش. ئەو جـۆرەی کە بـوو، فـادیمـە لە دۆخـێکی بەتەواوەتی جیاواز لەوەی کە بیری لێ کردبووەوە، دەبوو بەتەنیـایی شان بداتە ژێر ئاکامەکانی.

فادیمە بوو بەکەسێکی بەناوبانگ لە وڵاتدا. هەمـوو کەسێک دەیویست بەشێک لە ژیانی ئەوی هەبێت و فادیمە هەستی دەکرد لەلایەن میدیاکانەوە گەمارۆ دراوە. ئەو بانگهێشتنی بێ ئەژمـاری پێ دەگەیشت کە لە بۆنەی جۆراوجۆردا دەرکەوێت. ئەو هەروەهـا داوای لـێ کـرا لەسـەر کـوشـتنی پێـلا لێکدانەوەی هەبێت، بـەڵام ئامـادە نەبوو. ئـەو گـوتی، "چیی تر لە تەلەڤزیۆن و لـە رۆژنامـەکـاندا نابم. بەشـی خـۆمم کردووە." ئەو قایم ڕاوەستا. وتارەکەی لە بینای کۆنی پەرلەماندا، کە مەبەست ئەوە نەبوو بڵاو ببێتەوە، ڕیزپەڕێک بوو.

فادیمە قەت لەسەر دایک و باوکی داوەریی نەکرد. ئەو هەوڵی دا لەوان تێ بگات. لە چاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئافتۆنبلادێت لە مانگی دووی ١٩٩٨دا گوتی، "هەموو ئەمانە بە مەترسیی دایک و باوکم لە کۆمەڵگەی سویدەوە دەست پێ دەکات. ئەوان هەردووکیان نەخوێندەوارن و پێیان وایە زۆر زەحمەتە لە خەڵکی سوید تێ بگەیت. ئەوان ژیانیان گەمارۆ دراوە بەخەڵکانی خۆیان و هەروەها سەتەلایت کە ڕێگەیان پێ دەدات سەیری تەلەڤزیۆنی تورکیا بکەن. من نازانم چەند جار هەوڵم داوە دایکم رازی بکەم کە کچە سویدییەکان قەحبە نین. دایە هەر دەڵێت، ئەو دەزانێت بە چاوی خۆی چی دەبینێت." فادیمە لە دواین دەربڕینی گشتیی خۆیدا، قسەکانی لە بینای پەرلەمان لە مانگی یازدەی ٢٠٠١دا بە ڕوونی باسی دەکات: لە کاتێکدا لەگەڵ گرفتەکەیان هاودەردی دەکات پێی وایە دایک و باوکی قوربانیی سیاسەتی هاوگونجی لاوازن. ئەوان هەم نامووسەکەیان و هەم کچەکەیان لە کیس چووە.

فادیمە ڕیشەی لە کولتووری کوردیدا لەوە قووڵتر بوو کە تێ نەگات دایک و باوکی لە چ حاڵێکدا بوون و لەبەرچی وەها بوون. ئامادەنەبوونی ئەو بۆ هاوسەرکاری لەگەڵ ئامۆزا تورکەکەیدا وەکو گوناهێکی مەزن سەیر دەکرا. ئەو خۆشبەختیی خۆی زۆر زیاتر لە وەفاداری بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی نرخاندبوو. یان وەکو سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە شاری مالمۆ لە وەڵامی پرسیارێکدا بۆ لێدوان لەسەر مەرگی فادیمە دواتر وتی: "لە کولتووری کوردیدا، کچ دەتوانێت ئەو کەسە هەڵبژێرێت کە پێی خۆشە ببێتە هاوسەری، بەڵام دایک و باوکی دەبێت پەسندی بکەن... ئەگەر کچەکە بەباشی پەروەردە کرابێت، داوەریکردنی ئێمە لەسەر هەڵبژاردنەکەی دەسەلمێنێت. ئەگەر نەیسەلمێنێت، ئەتۆ لەوانەیە ناچار بیت کچەکەی خۆت لە خۆ دوور بخەیتەوە."(٧)

فادیمە لە دژی ئەم چەشنە "کولتوورە" ڕابوو. "من دەتوانم تێ بگەم لە... دایک و باوکم، کە لە ڕاستییەکی بەتەواوی جیاوازدا گەورە بوون. بەڵام من ناتوانم قبووڵی بکەم. ئەم "کولتوورەی" کە دایک و باوکی من بانگەشە دەکەن دەبێت ئاگامان لێی بێت – هەر زۆر بێمانایە. ئەوان لەوە دەترسن کۆنترۆڵی بنەماڵەکەیان لە دەست دەرچێت."

فادیمە لەسـەر ئەو باوەڕە بوو کە زۆرێک لە کۆچبەران جیاوازیی نێوان ئێسـتای خۆیان لە سـوێد و ڕابردوویان ئەوەندە گەورەیە کە بەمـەبەسـتی پاراسـتنی خۆیان بایەخی بۆ دادەتاشـن، کــە ناوی دەنێن "کــولتــووری خــۆیان". بۆ نموونە، ئەو ڕێسـایەی کـە کـچـان دەبێت زۆر بەسـەخـتی پـەروەردە بکرێن لە کـاتێکدا کـوڕان دەتوانن بەئیشـتیای خۆیان هەڵسـووڕێن. "براکەی من کچـە هـاوڕێی سـوێدیی هـەبوو کـە نیـوەی سـاڵەکـە لـەگـەڵ ئێـمـەدا دەژیا. بەڵام من لە بـەرچاوان دوور دەخـەنەوە لەبەرئەوەی لەگەڵ کوڕێکی سوێدی بووم. دەزانی، لە تورکیـا وانییـە. لەوێ، کچـان ڕێگەیان پێ دەدرێت دوور لە بنەمـاڵەکەیان بخـوێنن و بژین و ژیانێکی لەمـەڕ خۆیان هـەبێت."(٨)

فادیمە پشـتگیریی زۆری هـەبوو. زۆر کەس، هـەم پیاو و هـەم ژن، باسـیان کردووە کە لە بـنـەمـاڵەی کـۆچـبـەراندا لە دەرەوەی وڵات کـچـان لەژێر کـۆنـتـرۆڵی سـەخـتـتـر دادەنرێن لەوەی کـە لە وڵاتەکـەی خـۆیـاندا هـەیە.(٩) کـوردێکی سـوێدی مـەسـعـوود کـەماڵی [کورد نییە، فارسـە. و] دەڵێت، "زۆرێک لە بەها نـەریتییـەکان لە تاراوگەدا بەهـێـز دەکرێن. بـۆ تاقـمـە ئێتنیکییـەکان قـسـە لەسـەر دیاریکردنی سـەرزەوینی خـۆیانە."(١٠) فـادیمە ئەو کـاتەی کە کـوڕە هـاوڕێیـەکی سـوێدی و شـێـوە ژیـانێکی سـوێدیی هـەڵبژارد، هێڵی سـووری بەزاند. شوکروو بلگێچ کە کوردێکی نەرویجییە جـەخت لەسـەر ئەوە دەکاتەوە کە لەناو خـەڵی تورکیـادا لە نەرویج پەڕاوێزخسـتنی ڕەگـەزەکـان توندوتۆڵتر بووەتەوە و ئاکـامـەکـەی بووەتە سنووردارکردنی ئازادی بۆ ژنان.(١١) ئەمە بۆ باقیی تاقمە ئێتنیکییەکانیش ڕاستە. "کولتوور" ڕەوایەتی دەدات بە داوونـەریت و دەبێــتــە وشــەیـک و دەفـرێـک بۆ هـەر شـــتــێک پێت خـۆش بێت بیپـارێزیت. فـادیمە و زۆرێک لەگەڵ ئەودا، بەرپەرچی ئەوەیـان داوەتەوە کە تاوانی ئەم ڕەوتە بەردەوام کچان دەیدەن.(١٢)

ئـەتـۆ کــــاتێـک هـەسـت دەکــــەیت لەلایـەن کــــەســــانێکەوە لە دەرەوە لـەژێر پاڵەپەسـتۆدایت، ئەمـە ئاسـاییـیـە کە مـەیل بەرەو ئەوە دەکەیت پـاشـەکشـە بکەیت و لەناو خـەڵکەکـەی خـۆتدا خـۆ بشـاریتـەوە. هێندێک لە کـۆچبـەرانی وڵاتانی باکوری ئەوروپا پیانوایە کە ئەوان بە گوناهکاری گەمارۆ دراون. دەبێت خێرا پارێزگاری لە باوەڕەکان و کەسـیەتیی خۆت بکەیت. لە زۆربەی کۆمەڵگەکـاندا، بەتایبەتی ئەوانەی کـە ڕێسایەکی بەهێزی نامـووسـیان تێدایە، ژنان هـەڵگرانی داوونەریت و ناوبانگی

بنەماڵەن. پێشتر بینیومانە کە لە شارەکانی تورکیا، بەهۆی بەلێشاوهاتنی دانیشتوان لە لادێوە بەرەو شار و زیادبوونی ڕزگاریی ژنان، تاوانەکانی لەسەر نامووس ڕوو لە زیادبوونە. زۆرێک لە کۆچبەران لە وڵاتانی ئەوروپا ڕیشەیان بە قووڵی دەچێتەوە سەر کولتووری لادێیی کە چەندان سەد ساڵ پێش ئێستا دامەزراوە. هەر بەم دواییانە، پەرەسەندنی بنیاتگەرایی ئاینی بووەتە هۆی گەشەکردنی کۆنەپارێزیی کولتووری – و لە هێندێک شوێن توندڕۆیی – لە ژمارەیەک لە وڵاتان و ناوچەکاندا. لە هێندێک حاڵەتدا، داپڵۆسینی سیاسی هەر هەمان ئاکامی هەبووە. لە ماوەی بیست تا سی ساڵی ڕابردوودا کە کوردستانی تورکیا بۆ سەربەخۆیی خەباتی کردووە، باری ژیانێکی بێبەزەییانە بەسەر کوردەکاندا سەپاوە. دایک و باوکی فادیمە لەو بەشەی دنیاوە هاتبوون.

فادیمە وەکو دۆخێکی پەرگیر چاوی لەوە نەدەکرد کە بەسەریدا هاتبوو. "بۆ زۆربەی کچانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست، پاکستان، هیندستان و ئێران هەر هەمان شتە." ئەو چەندان بەسەرهاتی وەکو هی خۆی دەزانی.

ئێمە دەزانین کە فادیمە زیاتر لە باوکی، لە براکەی دەترسا. ئەو باوەڕی نەدەکرد کە باوکی قەت بتوانێت گیانی ئەو بستێنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەستی دەکرد کە براکەی لەوانەیە هەوڵ بدات بۆ ئەو کارە.(١٣) زۆرینەی هاوڕێ نزیکەکانی فادیمە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر مەسعوود گیری هێنابا دەیکوشت. ئەو ڕۆژەی مانگی شەش کاتێک کە ئەو فادیمەی لە ئوپسالا بینی، لەوە دەچێت کە هەوڵی دابێت بیکوژێت. خەڵکی ڕێبوار خۆیان تێوە گلاند و ڕزگاریان کرد، بەڵام فادیمە بەسەختی بریندار بووبوو.

ئێمە هەروەها لە باوکی فادیمەمان بیستووە کە ئەو دەبێت لەبەر خاتری مەسعوود ئوپسالا بەجێ بهێڵێت.

مەسعوود کاتێک کە گەیشتە سوێد تەمەنی سێ ساڵ بوو. ئەو کاتەی کە هێرشی کردە سەر خوشکەکەی، خۆی لەگەڵ کچێکی سوێدیدا پێکەوە بوون و گواستبوویەوە لای ئەو. هێندێک شت ئەوی تاقانە دەکرد: بۆ نموونە، ئەو تاقە کوڕ بوو لەناو شەش خوشک و برادا. لەو ساتەوە کە پاش چوار خوشک سەرەنجام کوڕێک لەدایک بوو، زێدەڕۆییان کرد و کوڕەکەیان بەناز بار هێنا. کوڕان هێڵی

بنەماڵە درێژە پێ دەدەن و ئەوە ماف و ئەرکی سەرشانی ئەوانە کە پارێزگاری و کۆنترۆڵی کچەکان بکەن.

فادیمە لە برا بچکۆلەکەی تێ دەگات. ئەو پابەندی ئەو ئەزموون و نەریتانەیە کە وەکو دووەم سەرکردەی بنەماڵە لەو دەخوازێت کە پێویستە ئەو بێشەرەفییەی فادیمە بەسەر بنەماڵەکە و کۆمەڵگەی کوردیدا هێناوە، وەری بگرێتەوە. بەرەچاوکردنی ئەو پاڵەپەستۆیەی لەسەریەتی و ئەو چاوەڕوانییانە لێی دەکرێت بۆ ئەو کارەی کە دەیکات، براکەی ناتوانێت سەربەخۆ ڕەفتار بکات. فادیمە بۆی دەردەکەوێت کە ئەگەر ئەو بیکوژێت، لە بەرچاو هەموو بنەماڵەکەدا دەبێتە قارەمانێک.

ئەمە ئەو شتەیە فادیمە دەیڵێت سەبارەت بە کاتی پاش مردنی پاتریک:

"من پاش ڕووداوەکە بەتەواوی بێ ڕۆح بووم. توانایی ئەنجامی هیچ کارێکم نەبوو. لە ڕاستیدا لێدانی براکەم بوو کە منی وەخەبەر هێنا. چۆن ئەوان دەیانتوانی باوەڕ بکەن کە من چەند برینی لێدانێک لە لەشمدا بۆم گرینگە؟ منێک کە هەموو شتێکم لەدەست دابوو و سەرم لە بەردی قووڵایی کەوتبوو. هیچ شتێک نەیدەتوانی لەوە خراپتر بێت. دوایەش لە وەها دۆخێکدا دەمخەنە ژێر تێهەڵدان. ئەمە گڕی بەردایە من. ئەمە منی شێت کرد. وەک ئەوە هەستم دەکرد کە بەدەنگی بەرز و سەرکێشانە هاوار دەکەم. لەحنەت لە من ئەگەر ئەوان بتوانن تێکم بشکێنن. نیشانیان دەدەم و چارەی دەکەم.

کەوابوو تەوس لەوەدایە، ئەوانەی هەوڵ دەدەن من بکوژن هەر ئەو کەسانەن کە من زیندوو دەهێڵنەوە."(١٤)

بەڵام سەرەنجام ئەوان براوە بوون. ئەوان بەدانانی کەمین بۆ فادیمە بردیانەوە. تەنانەت فادیمەیش نەیدەتوانی لە بەرامبەر دەمانچەیەکدا ڕاوەستێت. سێ پیاو، یەک لە دوای یەک، بانگەشەیان کرد کە بکوژی ئەون. ئەم ژنە گەنجە بوێرە ئەوەندە گرینگ بووبوو کە سێ پیاو هۆکاریان هەبێت بۆ کوشتنی ئەو. ئێمە لەگەڵ دوو کەسیان بەرەوڕوو بووینەتەوە. پیاوی سێیەم لە دادگەی پێداچوونەوەدا دەردەکەوێت. زۆر وێ دەچێت کە کەسانی تریش هەبووبن بۆ پشتگیریکردن، کەسێک کە چالاکانە هەوڵی دا باوکی فادیمە دەمانچەیەکی دەست بکەوێت و

بیگوێزنەوە بۆ شوێنی تاوانەکە.

لە کاتی دادگەییی پێداچوونەوەکەدا، دادگە تۆمارێکی ڤیدیۆی نیشان دا لە لێکۆڵینەوەی پۆلیس لە باوکی فادیمە کە بەوردی دەیگێڕێتەوە چۆن تاوانەکەی ئەنجام داوە و گوللەکان لە کوێی قوربانییەکە کەوتووە. پیاوی سەر تۆماری ڤیدیۆکە وادیارە کە درووژاوە و شانازی دەکات بەوە کارەی کردوویەتی. زۆر سەرفراز نییە لە کردەوەکەی، بەڵام هیچ نیشانەیەکی پەشیمانی لە روومەتیدا نابینرێت. من پێم وایە ئەو زیاتر سەرحاڵ و درووژاوە.

بەشی چوارەم

# ژیانەکانی نەرویج

### ١٢- وچانێک: ناموس لە دادگەدا

ئاخۆ کوشتنی ناموسی لەم چەشنە لە نەرویج رووی داوە؟ خەڵک _ بەتایبەت سوێدییەکان _ جاری وایە ئەمە لە من دەپرسن. وەڵامەکە ئەوەیە کە نا، بەلایەنی کەمەوە لەم چەشنە نییە. سوێدییەکان فادیمە، سارا و پێلایان لە مێشکدایە، ئێمە لە نەرویج _ هەتا ئێستا، حاڵەتی لەم چەشنەمان نەبووە.

ئەزموونی نەرویجییەکان لەگەڵ هی سوێدییەکان جیاوازە. کوشتنی ناموسی لە نەرویج، هەروەکو لە وڵاتانی تری ئەوروپا ڕووی داوە. بەڵام هیچ حاڵەتێکی وەها بەرجەستە کە باوکێک یان برایەک هەوڵی کوشتنی ژنێکی گەنجیان دابێت لەبەر ناموس، نەبووە. هەرچەند حاڵەتێک ئێستا لەژێر توێژینەوەدایە.

حاڵەتێکی کوشتنی سێ کەس قەرار وابوو لە پایزی ساڵی ٢٠٠٧دا بێتە بەردەم دادگە. پیاوێکی بە بنەچەک پاکستانی سیان لە خوشکەکانی کوشت؛ تەمەنیان بیست و شەش، بیست و پێنج و سێزدە ساڵ بوو. کچەکان بەتەور و بەگوللە کوژران. بنەماڵەکە لەمێژە دانیشتووی نەرویجن. گەنجترین کچیان لێرە لەدایک بووە. بکەری تاوان بانگەشە دەکات کە "هزری سالم نەبووە". لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا لەباری پزیشکییەوە خەمۆکیی هەبووە. زۆر ڕێی تێ دەچێت کە کوشتنەکان لەپێشدا پلان بۆدارێژراو نەبووبن؛ ماوەتەوە سەر ئەوەی بزانین دادگە چ بریارێک دەدات. بەڵام ئەمە بەباشی زانراوە کە لە بنەماڵەکەدا کێشەی توندی گرێدراوی ناموس هەبووە. کچە گەورەکەیان ساڵی ٢٠٠٢ کە ئەو کات بیست و یەک ساڵ تەمەنی بوو، چووە دادگە بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات کە توندوتیژیی بەرامبەری دەکرد و بەزۆر هاوسەرکاریی لەگەڵ کردبوو؛

کابرا هەروەها ئامۆزای بوو. باوکی و ئەو برایەی کە ئێستا تاوانبار کراوە، بەتوندی دژ بەبڕیاری کچەکە بوون. دوایە مێردی پێشوو نێردرایەوە بۆ پاکستان.

سێ خوشکەکە بەشێوەیەکی نائاسایی لێک نزیک بوون؛ دایکیان مردبوو و گەورەکەیان وەکو دایک وابوو بۆ بچووکەکەیان. ئەو تازە دەستی کردبوو بە کار لە ڕێکخراوێکدا کە بۆ یارمەتیدان بە ژنانی گەنجی بەپێشینەی کۆچبەرییەوە دامەزرابوو. ئەو هەروەها دەیویست لەگەڵ خوشکەکانی لە ماڵەکەی بنەماڵەییان بگوێزێتەوە بۆ ئەپارتمانێکی تایبەت بەخۆیان. لە ڕۆژی کوشتنەکەیدا، ئەو وەرەقەی ئەپارتمانەکەی بەدەست گەیشتبوو.

خوشکەکان هەروەها سەبارەت بەکێشەی خێزانی داوای پشتیوانییان کردبوو لە ڕێکخراوێک کە یارمەتیی ژنانی کۆچبەر دەدات.

کاتێک کە دادگەکە کرایەوە حاڵەتەکە وای لێ هات کە سەرنجێکی ئێجگار زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، هەروەکو چۆن لە کاتی کوشتنەکەدا لە مانگی دەی ساڵی ٢٠٠٦دا وابووبوو. ئەمە سەلمێندراوە کە دادگەکانی سوێد زۆر کارامەترن لە دادگەکانی نەرویج. لە حاڵەتی فادیمەدا لە کوشتنەکەوە هەتا مەحکەمەکردن لە دادگەی ناوچەییدا کەمتر لە دوو مانگی پێ چوو کە بەچەشنێکی تایبەت خێرابوو. زۆر تایبەتبوونی هەلومەرجەکە وای کرد کە کارامەبوونی باڵا هەم گرینگ بێت و هەم شیاو. بەڵام بەگشتی، سیستەمی دادوەریی سوێد بەهۆی کارامەبوونەوە جێگەی سەرنجن.[1] کێشەیەک لە کوشتنە سێ کەسییەکەدا ئەوەیە کە پۆلیسی نەرویج بەزەحمەت دەیتوانی شایەتێک پەیدا بکات کە بیەوێت شایەتی بدات. نە [یەکێکی وەکو] سونگیول، نە برین و نە هیچ ئەندامێکی تری بنەماڵە کە بیەوێت بێتە قسە. باقیی شایەتە شاراوەکان، کە پێوەندییەکیان لەگەڵ بنەماڵەکەدا نەبوو، بەهۆی ترس لە تۆڵەئەستاندنەوە ئەوانیش ئامادە نەبوون. لێکۆڵەرانی پۆلیس پێوەندییان بەمنەوە گرت بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاری سەبارەت بەوەی کە چۆن لەگەڵ کێشەی "دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ بێدەنگیدا" بێنە دەست. ئەمە یەکێک لە کێشە گرینگەکانە کە یاسا و ڕێسای ئەورووپای تازە لەگەڵی بەرەورووو بووەتەوە. دەبێت شایەتەکان دڵنیا بکرێنەوە کە دەتوانن شایەتی بدەن بەبێ ئەوەی تووشی تۆڵەئەستاندنەوە بن بەرامبەر بەخۆیان و بنەماڵەکانیان. ئێرە ئەو شوێنە نییە کە

بتوانین زیاتر لەو کێشەیە ورد ببینەوە. بەڵام ئەو ڕاستییە شایانی بیر لێکردنەوەیە کە کوشتنی سێ ژنی گەنج کۆمەڵگەیەک بێدەنگ دەکات، بەلایەنی کەمەوە بەرامبەر بەڕەوتی دادوەرییەکەی.

هەتا کاتی نووسینی ئەم دێرانە، هیچ کەسێک لەم حاڵەتەدا بە تاوانبار نەزانراوە؛ دەبێت چاوەڕوان بین بزانین ئاکامەکەی دەبێتە چی. بۆچوونێکی بەربڵاو لەناو کۆمەڵگەی پاکستانییەکانی ئۆسلۆدا هەیە کە بکەری تاوان بەدەست نەخۆشییەکی دەروونییەوە دەیناڵاند، بەڵام هەروەها ئەوەیش کە توندوتیژییەکە بەشێکی لەبەر کێشەی نامووسی بوو: ئەو شەرمەی کە بەهۆی جیابوونەوەی کچە گەورەکەوە هاتبووە سەریان و ڕەوتی لەدادگەدانەکەی پێوەست بەو جیابوونەوەوە.

بکەری تاوان، کە لە هەرسێ براکە گەورەتر بوو، سەرۆکی بنەماڵەکە بوو لە نەرویج لەبەرئەوەی کە باوکەکەیان زۆرتر لە پاکستان دەمایەوە. ئاکامی دادگەکە هەرچییەک بێت، لە چاو "هێندێک" لە ئەندامانی کۆمەڵگەی گەورەتری بان نەتەوەییەوە، نامووسی بنەماڵە چاک دەکرێتەوە. کچەکان نەماون. شەرمەکە شۆردراوەتەوە. لەوانەیە وا ببینرێت کە ئەمە خواستی خوایە.

کاتێک کە فادیمە مرد، من تەنیا ئاگەداری یەک نموونە بووم کە دەرکەوتبوو ژنێک لەلایەن بنەماڵەکەیەوە لەسەر نامووس کوژرابوو. بکوژەکە، واتە براکەی لە دادگەدا لێدوانی دا کە ئەو خوشکەکەی و هاوسەرەکەی کوشتووە لەبەر خاتری نامووس. ئەو جووتە بەبێ ئیزنی پیاوەکانی بنەماڵەی زاوا هاوسەرکارییان کردبوو، هەرچەند کە دایکی کچەکە ڕازی بووبوو. برای زاواکە بۆ بەرپەرچدانەوەی بێنامووسی دەستی دابووە ئەو کارە. سزاکەی بوو بەزیندانی هەتاهەتایی (بە شێوەی ئاسایی سێزدە یان چواردە ساڵ زیندان)، پاشان دەرکردن لە وڵات. زیندانییەکە بەرامبەر دەرکردن لە وڵات دژایەتیی دەربڕی لەسەر ئەو بناغەیەی کە لە پاکستان، ئەندامانی بنەماڵەی زاواکەی دەکەونە شوێنی بۆ ئەوەی بیکوژن. ئەو هۆکاری باشی هەیە بۆ ترس لە تۆڵەئەستاندنەوە. ڕێساکان ئەوە دەخوازن، ئەگەر بمانەوێت ڕوونکردنەوەی فادیمە بهێنینەوە. ئەم حاڵەتە پرسیارێکی سەرنجڕاکێش سەبارەت بەسەرەتا یاساییەکان دێنێتە ئاراوە: هیچ کەس نابێت لە وڵاتی نەرویج دەربکرێت ئەگەر بسەلمێندرێت کە ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە ئەو کەسە

مەترسییەکی راستەقینەی کوشتنی لەسەرە. لۆجیکی تۆڵەئەستاندنەوە دەخوازێت کە پیاوانێک دەبێت بکوژرێن بۆ ئەوەی تۆڵە بکرێتەوە. ئاخۆ ئەم هۆکارە بەسە بۆ ئەوەی رێگە بدرێت بکوژێک پاش تێپەڕکردنی سزای زیندان لە نەرویج بمێنێتەوە؟

ئێمە سەرنجمان داوە کە کوشتنی نامووسی کردەوەگەلێکی تاکتیکین. ڕێساکە وایە کە ئەمانە لە پێشدا ئامادەکراو و بەباشی پلان بۆداڕێژراون. دەکرێت ئەمانە سەبارەت بەتاوانەکانی تری نامووسیش بگوترێن. بکەری تاوان بە ڕێککەوت هەڵنابژێردرێت. ئەرکەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو بنەماڵەدا دادەنرێن. هەروەکو فادیمە لە قسەکانیدا لە پەرلەمانی سوید گوتی ئەوە براکەی بوو کە "ئەرکی کوشتنی منیان پێ سپاردبوو"، لەبەرئەوەی کە ئەو تەمەنی کەم بوو و سزاکەی ئەوەندە توند نابێت کە سزای پیاوێکی بەتەمەن. ئەو ڕاستییەی کە بکەری تاوانی گەنج هەڵدەبژێردرێن بۆ جێبەجێکردنی تاوانەکانی نامووس، بەباشی ئاشکرایە. بەپێی یاسای سوید، دوو بکوژەکەی سارا بە سێ ساڵ و نیو و چوار ساڵ زیندان سزا دران. ساڵی ٢٠٠٦، پیاوێکی گەنجی تر سزایەکی لەو شێوەیەی لە سوید بۆ دانرا. ئەو لە کوشتنێکی زۆر دڕندانە کوڕە هاوڕێی خوشکەکەی خۆی کوشتبوو. خوشکەکەی دەرباز بوو و دواتر لە بەردەم دادگەدا شایەتیی دا. هەم قوربانییەکە و هەم بکەری تاوان بە ڕەچەڵەک ئەفغان (هەزارە) بوون. حاڵەتەکە تووڕەیییەکی زۆری لە سوید پێک هێنا لەبەرئەوەی کە دایک و باوکی تاوانکارەکە، کە سزا درابوو، بێ گوناهـ ناسران. حوکمەکەی دادگەی باڵای یۆتا دەڵێت کە بەپێی بەڵگەکان، تاوانکار بەزەحمەت دەیتوانی ئەم کارە بەتەنیا ئەنجام بدات، بەڵام نەسەلمێندرا کە ئەوە دایک و باوکی بوون و نەک کەسانێکی تر کە بەشدارییان کردبوو لە خودی کوشتنەکەدا، هەرچەند دەرکەوتبوو کە دایک و باوکەکە لەو شوێنە بووبوون.(٢) کەوابوو حوکمەکە ڕێک خزمەتی بە بەرژەوەندیی شەریکی تاوان کرد کە لە کوشتنێکی نامووسیدا هەیە: سپاردنی ئەرک بەکەسێک کە سزایەکی سووک دەدرێت. بەواتایەکی تر، "نامووس" یاسا دەبەزێنێت.

ئاخۆ ئەمە دەتوانێت وابێت کە نەریتی مرۆڤانەی ئەوروپای باکور "کارتێکردنی لاوەکی" هەبووە و کوشتنی نامووسیی پیاوان لێرە دەکرێت نەک بۆ نموونە لە پاکستان و ئەفغانستان، لە کاتێکدا کە ژنان باشتر لە دەرەوە دەکوژرێن، لەو شوێنانەی کە سزای نەرمتر هەیە بۆ ئەو تاوانانە؟ ئەم پرسیارانە هەر

گومانکردنە. لەسەر ئەو بەڵگانەی ئێمە هەمانە ناگونجێت لەم بارەوە گشتگیری بکرێت: لە حاڵەتی جۆراوجۆری راستەقینەدا ڕووداوگەل و لێکدانەوەی ورد دێنە پێش. هێشتایش، ئەو حاڵەتە شیاوی بیر لێکردنەوەیە کە پیاوێک پاش کوشتنی کەسێک لەسەر نامووس لە نەرویج، دژ بەدەرکردنی بۆ پاکستان دەوەستێتەوە لەسەر ئەو ئەساسەی کە مەترسیی کوشتنی هەیە لەسەر نامووس.

کاتێک ئەم کابرایە لە ساڵی ١٩٩٣دا دادگەیی کرا، حاڵەتەکە سەرنجێکی زۆری ڕانەکێشا، نەشبووە هۆی تەقینەوەی گفتوگۆ لەسەر نامووس و کوشتنی نامووسی. هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبوو، هەروەها دوو قوربانییەکە لە زومرەی ئەوانە بوون کە "زۆر زوو کوژرابوون". هەموو ماجەراکە وەکو شتێکی کونجکۆڵ سەیر دەکرا، کە هیچی بەسەر "ئێمەوە" نەبوو.

وەرن با وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە "کوشتنی نامووسی" وەکو دەستەبەندییەک لە سوێد دەستەبەر نەکرا هەتا پاش لەدادگەدانەکەی بکوژەکانی پێلا لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٠دا.

پۆلیسی سکاندیناڤیا بەوەی کە بۆ سارا، پێلا و فادیمە رووی دا پەشۆکا، چونکە ئەو کچانە زۆر ئاسایی بوون؛ بەواتای برین، خوشکی پێلا، "ئەتۆ دەتەوێت وەکو ئینسانێک لەسەر شتەکانی ژیانی خۆت بڕیار بدەیت." هەر وەکو دواتر دەیبینین، "لەوانەیە" ژنانی گەنجی نەرویجی لە دەرەوە ڕێک لەسەر ئەو داخوازییانە کوژرابن. بەڵام هەتا ئێستا هیچ حاڵەتێکیان لە نەرویج نەبوونەتە جێگەی سەرنجێک لەو ئاستەدا کە کوشتنی سارا، پێلا و فادیمە هەڵیان خڕاند.

لە نەرویج ئێمە کوشتنی نامووسیی جۆراوجۆرمان بینیوە: ژنانێک کە بەدەستی مێردەکانیان کوژراون. ساڵی ١٩٩٦ ژنێکی نەرویجی- پاکستانی بەدەستی مێردەکەی (ئەویش پاکستانی بوو) کوژرا، کە لە دادگە ڕای گەیاند کردەوەکە کوشتنێکی نامووسی بووە (بڕوانە بەشی ١٥).

مانگی پێنجی ٢٠٠٢ کوژرانی ئەنووشە سەدیق غوڵام، ژنە ئەفغانەکە وڵاتی پەشۆکاند. مێردەکەی لەسەر پلەکانی دادگەی شاری کریستیانسووند لە کەناری ڕۆئاوای وڵات، تەقەی لێ کرد. ئەنووشە داوای جیابوونەوەی کردبوو و دادگە خەریکبوو لەسەر حاڵەتی ڕاگرتنی دوو کوڕە منداڵەکەی ژن و پیاوەکە کۆ ببێتەوە.

کاتێک پاش مەرگی کاغەزەکانی ئەنووشە دەپشکێنران، هێندێک بارودۆخ ئاشکرا بوون، لەوانە شێوەی هەڕەشەی مێردەکەی کە دەیگەیاند ئەوە کوژرانێکی نامووسییە.

لە مانگی شەشی ٢٠٠٢دا دادگەی ناوچەی "شێین" لەسەر حاڵەتی گەمال حوسەینی نەرویجی- فەلەستینی سزایەکی ڕاگەیاند. حوسەین لەسەر کوشتنی ژنە نەرویجییەکەی بە تاوانبار زانرا؛ بەپێی دەربڕینی شایەتحاڵەکان، ژنەکە کەینوبەینێکی لەگەڵ برازا زۆر گەنجەکەی حوسەیندا هەبوو و داوای جیابوونەوەی کردبوو. حوسەین ئەمە ڕەت دەکاتەوە. ئاخۆ ئەمە کوشتنێکی نامووسی بوو؟ زەحمەتە بە دڵنیاییەوە بڵێین وایە. کوشتنەکە لەوانەیە هۆکارەکەی دڵپیسی بووبێت. جاری وایە زەحمەتە هێڵێکی جیاکەرەوە بکێشرێت. کوشتنی نامووسی هەردەم ناکەوێتە دەستەبەندییەکەوە کە بەئاسانی بناسرێتەوە. من نیشانم داوە کە پێویستە زەوینە و هۆکارگەلێک بناسرێن، نەک هەر لەسەر ئەو کەسەی دەکوژرێت، بگرە ئەو کۆمەڵگەیەش کەم تا زۆر تێوە گلاوە. ئەگەر بکەری تاوان نامووسەکەی وەردەگرێتەوە، تاقمەکەی دەبێت پشتگیریی لێ بکات. لە ڕاستیدا، نامووسیی تاقمەکە لە مەترسیدایە، چونکە نامووس تایبەتمەندیێکی هاوبەشە و هەر تەنیا بابەتێکی تاکەکەسی نییە. لە هێندێک حاڵەتدا، ئەندامانی تاقمەکە لەوانەیە بەیارمەتیی داڕشتنی پلان و جارجاریش بەئەنجامدانی کوشتنەکە، پشتیوانیی گەرم دەربڕن. یان ئەوەی کە ئەوان لەوانەیە لە قەراخەوە بوەستن و چەپڵە لێ بدەن یان لەوێ بوەستن و لە کاتێکدا هاودەردی دەکەن لەگەڵ بکەری تاواندا پێ ناخۆشبوونی خۆیان دەربڕن.

پێناسەکردنی کوشتنی نامووسی لە چوارچێوەی وڵاتانی ئەورووپای باکور زەحمەتە لەبەرئەوەی سیستەمی دادوەرییەکە، لە تیۆری و لە کردەوەشدا، وەکو چەشنێک لە بارودۆخی ئەهوەنکەرەوە ناڕوانێتە "نامووس". ئاکامێک ئەوەیە کە وێ ناچێت نە داد لێکراو و نە تیمی یاساییەکەی بابەتی نامووس باس بکەن. بەپێچەوانە، هەموو کەس هەوڵ دەدات ئەوە ڕەت بکاتەوە کە نامووس ڕێ دراوە. ئەمە بەلایەنی کەمەوە ڕێچکەیەک بوو لەو حاڵەتانەی کە من چ لە میدیاکان و چ وەکو چاودێرێک بەدواداچوونم بۆ کردووە: لە دادگەکانی ئێمەدا نامووس گرینگیی کەمی پێ دەدرێت چونکە هیچ قازانجێکی بۆ تاوانبارەکە نییە. توور ئەرلینگ

ستاف، دادوەری پارێزەری زەهیرەدین نەسرودین شەمسی، پیاوە ئەفغانەکەی ئەنووشەی ژنی کوشتبوو، زۆر بەخێرا ئەوەی ڕەت کردەوە کە کردەوەکە کوشتنێکی نامووسی بوو بێت. دەیجا، ئەو مەبەستی چی بوو؟ بەبۆچوونی ئەو، کوشتنێکی نامووسی چییە؟ ستاف تەنیا خەریکی ئەنجامدانی کارەکەی خۆی بوو. ئاشکرایە کە ئەو بڕیاری دابوو پێ دابگرێت لەسەر ئەوەی کە نامووس هیچی بەسەر ئەم کوشتنەوە نەبوو، چونکە ئەمە باشترین خزمەتی دەکرد بە مامیل [موکل]ەکەی ئەو. "نامووس" ئاڵقەیەکی سەرەتاییی بەدەورەوە هەیە. لەو هاوواتەیە زۆرتر قارەمانانەیەی کە پێشووتر بوویەتی داماڵراوە. "نامووس" بووەتە واتایەکی سازش لەسەرکراو، کەوابوو وا باشترە بیر لەوە نەکرێتەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە داد لێکراوەوە هەبێت.

ڕەحمی شاهیندالّ بەتوندی ئەوەی ڕەت کردەوە کە کوژرانی فادیمە کوشتنێکی نامووسی بووبێت. ئەو گوتی، "من لە سوێددا بەشوێن نامووسەوە نیم." ئەو لە دادگەدا تەنیا جارێک کەڵکی لەو وشەیە وەرگرت: "دەزانن، ئەمە لەسەر نامووسە"، ئەمەی گوت و درێژەی دا بەڕوونکردنەوە کە چلۆن هەستی کردووە نێوی بەخراپە دەرچووە لەلای خزم و دۆست و دراوسێکان، لە بەردەم بیروڕای جیهانی، ئەو جۆرەی ئەو گوتی. هەموو جارەکانی تر ئەو بەوەوە دەنووسا کە ڕووداوەکە بگێڕێتەوە و وەبەرکەوتن، وەزاڵەهاتن و ئەو ئازاردانەی هەستی پێ کردووە، نەک کاردانەوە سۆزدارییەکانی خۆی. ئەم چەشنە کاردانەوانە هەمووی کۆ کرابوونەوە لە "نەخۆشبوون"دا: باشترە نەخۆش بیت نەک شەرمەزار. ڕەحمی لە قسەکردن لەسەر نامووس خۆی لادەدا، هەرچەند ناڕاستەوخۆ گەڕانەوە بۆ سەر ئەوە لە چەندان شوێنی قسەکانیدا بۆ دادگە دەردەکەوت.

ئەگەر دادگەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەڕێوە چووبایەن، لەوانەیە پارێزەر داوای کردبایە کە دادگە ڕەچاوی پاشخانی کولتووری داد لێکراو بکات. لە ئەمەریکا، چەمکی "پارێزەری کولتووری" لە ڕەوتی دادوەریدا جێگیر بووە.(٣) بەڵام ئەمە بیرێکی مشتومڕهەڵگرە لەبەرئەوەی پرسیارگەلێکی کێشەئامێزی زۆری هەڵخڕاندووە. من یەک نموونەی بەناوبانگ دەهێنمەوە: حاڵەتی The People v.Kimura.

ژنێکی ژاپۆنی بەنێوی فوومیکۆ کیموورا هەوڵی دا خۆی و منداڵەکانی بکوژێت لە ڕێگەی خنکاندن لە ئاودا دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە هاوسەرەکەی خیانەتی هاوسەریێتیی کردووە. منداڵەکان مردن، بەڵام فوومیکۆ کیموورا زیندوو مایەوە. ئەو بەرەچەڵەک ژاپۆنی بوو بەڵام چواردە ساڵ بوو لە ئەمەریکا دەژیا. لە ژاپۆن بەپێی نەریت مێردێک خیانەتی هاوسەریێتیی کردبێت شەرمێکی سامناک دێنێت بەسەر ژن و منداڵەکانیدا. ئەو "ڕێگەچارە"ی کە ئەم ژنە هەوڵی دا بیکات لە ژاپۆن نامۆ نییە، کە لەوێ وشەیەکی تایبەتیشیان بۆی هەیە: "ئۆیاکۆ- شینجوو". ئەمە ئێستا نایاساییە.(٤)

کەوابوو ئاخۆ کیموورا وەکو ژنێکی ژاپۆنی ڕەفتاری کرد؟ ئەگەر وایە، ئاخۆ دەبێت ئەمە لە تۆمەتبارکردن بەکوشتنی منداڵدا حیسابی سووککەرەوەی بۆ بکرێت؟ کاتێک حاڵەتەکەی ئەو برایە بەردەم دادگە لە ساڵی ١٩٨٩دا، ئەم پرسیارە لە دادگە بەرز کرایەوە. تیمی یاسایی [پارێزەری] ئەو ژنە وەهایان باس دەکرد کە وەڵامەکە دەبێت ئەرێ بێت، واتە، ئەم تاوانە هاندەرەکەی هۆکاری کولتووری هەبووە. پسپۆڕانی کولتووری ژاپۆن بۆ پشتگیری بانگ کرانە ژوورەوە. دەستدانە خۆکوژی و پاراستنی منداڵەکان لەو شەرمەی لە ڕێگەی خیانەت و دەغەڵیی مێردەکەیەوە بەسەریاندا هاتووە وەڵامێکی فێرکراو بووە، بەشێکە لە "باروبنەی کولتووری" ژنەکە. کیموورا بەپێی "داوونەریتە کولتوورییەکەیەوە" ڕەفتاری کردبوو.

یان وای کردبوو؟ کاتێک دادوەر ژنەکەی بە تاوانبار راگەیاند، پێداچوونەوەی خۆی بەسەر بەڵگەکاندا سنووردار کرد بەهەلومەرجێک کە لە کاتی تاوانەکەدا لەباری دەروونییەوە بەسەرشانی ژنە تاوانبارکراوەکەدا قورسایی دەکرد. بەواتایەکی تر، دادوەر بژارەی کەڵک وەرگرتنی پڕاوپڕ لە پارێزگاری کولتووری وەلانا. بەڵام دەروونناسان لە تیمی پارێزەراندا و هەروەها پشتیوانیی بەربڵاوی خەڵکی ئاسایی دەبێت کاری کردبێتە سەر دەستەی دادوەران: ئەوان بڕیاریان دا کە مێشکی ژنەکە لە کاتی تاوانەکەدا بەشێوەیەکی کاتی تێک چووە. ژنەکە بەتەنیا یەک ساڵ زیندان و پێنج ساڵ هەڵپەسێردراو دەرباز بوو. جگە لەوەش دەبوو تیمارکردنیشی بۆ ببڕنەوە.

قسەی ئەو پسپۆڕانەی لەلایەن پارێزەرانەوە بانگ کرابوون ئەوە بوو کە دایکێک

کـه منداڵەکـانی یـان ئەوان و خـۆی بکوژێت لە ژاپۆن نـەریتـێکە، ئەمـە ڕێگەیەکی دەربازبوونە لەو سـووکایەتییە کە دەبێتـە هۆی ژیان بەشـەرم و چارەڕەشییـەوە بۆ ژنان و منداڵانی ئەو پیاوانەی کە خیانـەتی هاوسەریێتی دەکەن. کیمـوورا "ژنێکی نەریتـی ژاپۆنـی بوو کـە زۆر بـەتوندی لـەژێر کـاریگەری ئەزمـوونە کـولتـوورییـە سـەرەتاییەکانیەوە بوو."[٥]

هەم لە مـیـدیاکـان و هەم لـە نووسـینـی زانکۆکـاندا، حـاڵەتی کـیـمـوورا بووە دەستپێکی مشتومڕێکی زۆر بەرین. یەکێک لە پرسە بناغـەییەکان ئەمـەیە، گوتنی ئەوەی کە "فوومیکۆ کیموورا بەپێی کولتووری خۆی ڕەفتاری کرد"، لە ڕاسـتیدا مـانای چییـە. کولتوورەکـەی ئەو چیبوو؟ ئەو چوارده سـاڵ لە ئەمـەریکا ژیابوو و لە زۆر ڕێگەوە بـەباشی خـۆی گـونجـاندبوو: ئەو سـاڵانـێ بوو لە دەرەوەی مـاڵ کـاری دەکرد و دەچووە زانکۆ. لە ژاپۆن ئەو کولتوورە نەریتییەی کە دەگوترێت پشتگیریی دەکات لە خۆکوژی و کوشـتنی دایک و منداڵان خـەریکە دەمرێت. ڕێی تێ دەچێت کە قـەت ڕێسـایەکی گشـتی نـەبووبێت. لەوانـەیە ئـەم چەشنە کوشـتنی شـەرمـە لە ڕابردوودا ڕیزپەڕ بووبێت، هـەروەکو ئێستا؟

"داوونەریت" چەمکێکی دژوارە. داوونەریت دەکـرێت دروست بکرێت، وەلا بنرێت و دیسـانەوە دروست بکرێتـەوە. دەکرێت ڕەتیش بکرێتەوە: خـەڵک دەتوانن سـەبارەت بەوەی کـە لە کـاتی جیـاواز و لە شـوێنی جیـاوازدا لە ڕاسـتیـدا داوونەریت بوون هاوڕا نەبن. ئەمە لە حاڵەتی "نامووس"یشدا هەر وایە. هەن ئەو کەسانەی بانگەشە دەکەن کە نەریتی کوشـتنی نامووسی لەنێو کوردەکاندا لە تورکیا، عێراق و ئێران و لەنێو فـەلەسـتینییـەکان و عەرەبەکانی ئیسـرائیلدا بوونی هـەیە. کەسـانێکی تر هەموو یان بەشێک لەم بانگەشانە ڕەت دەکەنەوە. باوکی فـادیمە گوتی کە کوشتنی نامـووسی لـە ناوچەکـەی ئەوان لە تـورکـیـا ئاسـایی بووە بـەڵام ئەوە سـەد و یان لەوانەیە پەنجا سـاڵ پێشتر بووبێت. خـەباتکارانی مافی مرۆڤ لە تورکیا دژ بەو دەدوێن و دەڵێن کە کـوشـتنی نامـووسی هێـشـتـایش لەو نـاوچەیەدا باوە. خـانمە شـایەتێک لە لەدادگـەدانـەکـەی گـەمـال حـوسـەیندا ڕای گـەیاند کـە ئەو قـەت نەیبیسـتووە لە ئیسرائیل کوشتنی نامـووسی بەڕێوە چووبێت. سـەرچاوەیەکی تر دەڵێت کە نزیکەی دوازدە کوشتنی لەم چەشنە لە ساڵدا هەیە، ئەم ژمارەیە لەلایەن چەندان ڕاپۆرتی سـەربەخـۆوە پشـتـڕاست دەکـرێتـەوە. "کـوشـتـنی نامـووسی"

بابەتێکی هەستیارە و لەبەر ئەو هۆکارانەی بینیمانە، زەحمەتە ژمارەکەی بەتەواوەتی دیاری بکرێت.

چەمکی "پارێزگاری کولتووری"ش پرسیارگەلێکی کێشەهەڵگر بەرز دەکاتەوە. ئاکامەکانی ئەو باسانەی کە تاوانێکی تایبەت بەهۆی کاریگەری کولتوورییەوە بووە، چییە؟ کەسێک چۆن دەچێتە پێناسەکردنی کولتوورێک، یان کێشانی هێڵی جیاکەرەوەی نێوان کولتوورەکان؟ بۆ نموونە، ئاخۆ هەموو کوردەکان، یان لەوانەیە کوردەکانی تورکیا، بەشێکن لە یەک کولتوور؟ نا بێگومان وانییە. لەو شوێنانەی کە کولتووری کوشتنی نامووسی پێناسە کراوە، ئاخۆ ئەوە راستە کە هەموو ئەوانەی بەو کولتوورە بار هاتوون ـ یان بەلایەنی کەمەوە هەموو پیاوەکان ـ دەشێت لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەست بدەنە کوشتنی نامووسی؟ هێڵی سنووری نێوان کارتێکردن و باش پەروەردەکردن لە کوێدایە؟ ئەگەر کوشتن کردارێکی کولتووری فێر کراوە، ئاخۆ هێندێک لەو خەڵکە پرۆگرامیان دراوەتێ بۆ ئەوەی هەر کات هەلومەرجی "دروست" رەخسا بکوژن؟ ئاخۆ بەڕاستی ئەمە وایە؟ ئاخۆ ئێمە کردارەکانمان وایە؟ ئاخۆ ئێمە هیچ ڕادەیەک لە ئازادی و هەڵبژاردنمان نییە؟

پرسیارێکی کلیلی تر: هەتا چ ماوەیەک ژنێک یان پیاوێک کە وڵاتە بنچینەییەکەی خۆی بەجێ هێشتووە وا دادەنرێت کە سەر بەو کولتوورەیە؟ ڕەحمی شاهیندالْ بۆ ماوەی بیست ساڵ لە سوێد ژیابوو، نزیکەی نیوەی ژیانی. پاش ئەو هەموو ساڵە، ئاخۆ ماناگەیێنە کە ڕەگ و ڕیشەی ئەو لە کولتووری نەریتی کوردیدا وەکو هۆکارێکی سووککەرەوە چاو لێ بکرێت؟

پێش دەستپێکردنی لەدادگەدانەکەی ڕەحمی شاهیندالْ، رۆژنامەنووس و نووسەری سوێدی "یان گییوو" لە ستوونی رۆژنامەکەیدا سەبارەت بەشیمانەی ئەوەی پارێزەرەکە تێ بکۆشێت ڕێک کەڵک لەم چەشنە بەڵگەهێنانەوانە وەربگرێت نووسی: کە کولتوور یان ئاینی کابرای تاوانبارکراو دەبێت بە قازانجی ئەو حیسابی بۆ بکرێت. "گییوو" دژ بەمە هۆشداریی دا و باسی ئەوەی کرد کە کوشتن کوشتنە، بەبێ ڕەچاوکردنی هۆکارەکەی.(٦)

یووهان ئۆکێرمارک دادوەری پارێزەری ڕەحمی شاهیندالْ هەموو ئەمانەی

دەزانی. هێنانە ناوەوەی "کولتوور" لەم حاڵەتەدا تەنیا دەیتوانی زیانی هەبێت بۆ مامیلەکەی. لەوەش خراپتر، ئەمە هۆکارێکی ئاشکرا دەداتە دەستی بۆ کوشتنی فادیمە. پارێزگاری کولتووری هەڵنەبژێردرا. لە باتیی ئەوە، پارێزەر بەڵگەی هێنایەوە کە ڕەحمی نەخۆشبوو، جگە لەوەش بەڵگەکان لەباری تەکنیکییەوە بۆ حوکمدانی ئەو باش نەبوون. ئەوەی کە ڕەحمی بە تاوانبار زانرابوو بەس نەبوو: ئۆکێرمارک وەبیری دادگەی هێنایەوە کە نزیکەی دووسەد تاکەکەس بانگەشەیان کردبوو کە ئەوان بکوژی ئوولۆف پالمێ، سەرەک وەزیرانی پێشووی سوێد بووبن. هیچ کام لەوانە حوکم نەدراون.

دواتر من ئاگەدار بوومەوە کە زۆرێک لە کوردەکانی نەرویج پێیان وابووە کە سیستەمی یاسایی سوێد بەرامبەر بەڕەحمی شاهیندالْ ناڕەوایە لەبەرئەوەی ڕەچاوی کولتوورەکەی ئەویان نەکردووە. دادوەر دەبوو پرسیاری کردبایە، بۆچی ئەم کابرایە کچەکەی خۆی دەکوژێت؟ کچەکەی چی کردووە کە ئەوی ناچار کردووە ببێتە بکوژێک؟ چۆن بڕیارەکانی فادیمە کاریان کردووەتە سەر "نامووس" و "شەرەفی" باوکی دوو لایەنی نامووس کە پێوەندییان هەیە بەملکەچکردنی ژنێک و پێگەی کۆمەڵایەتی پیاوێکەوە. زۆرێک لە کوردەکان بانگەشە دەکەن کە لەدادگەدانەکە هەر شانۆیەک بوو یان شتێکی وا؛ دەبوو چەقی ببەستایە لەسەر باسە سەرەکییەکانی "نامووس" و "شەرەف".

بەلایەنی کەمەوە هەتا خاڵێک ئاسانە سەبارەت بە شانۆ لەگەڵ ئەواندا هاوڕا بیت. هەر وەکو بەم زووانە دەیبینین، مەبەستی من بەتایبەتی ڕەوتی پێداچوونەوەکەیە. بەڵام من هەروەها ئەوەشم لە بیرە کە چۆن برازاکەی ڕەحمی دەستی وەردا لە لەدادگەدانەکەی دادگەی ناوچەدا بەپێداگرتن لەسەر ئەوەی کە ئەو بکوژەکەیە. دیسانەوە، تیمی پارێزەر وای دانا کە نامووس هیچ رۆڵێکی نەبووە. ئەوان دەیانتوانی بژارەیەکی تر بەدەستەوە بگرن، بەڵام کاتێک کە بکوژ پیاوێکی گەنجە ئەوە ئاسانترە. بکوژەکانی سارا سێ ساڵ و نیو و چوار ساڵ زیندانییان وەرگرت. برایەکی تەمەن بیست ساڵ کە خوشکەکەی خۆی بە بیست و یەک جار چەقۆ لێدان بۆ هەتاهەتایە ئیفلیج کرد، بە شەش ساڵ زیندان سزا درا. ئەو لە دادگەدا هاواری کرد: "ئەو کچە قەحبەیە! ئەو بۆ ئێمە ئیتر بوونی نییە! لەمە تێ ناگەن؟ هەموو بنەماڵەی من بێنامووس کراوە، ژیانی من وێران بووە، ژیانی

دایکم کاول کراوە!"[٧] براکەی فادیمە لەگەڵ دادگەدا کەوتە ململانێکردن کاتێک گوتی، "ئەگەر کێشەیەک لە نێوان یاسای سوێد و نەریتی کولتووری کوردیدا هەیە، ئەوا من مافی خۆمە پێشوێنی داوونەریتەکە بکەوم."[٨]

پیاوانی گەنج بەم چەشنە بەردەوام دەبن. یاساکە لە سوودی ئەوانە. ڕەحمی شاهیندالْ دەبوو پالْ بداتەوە بە ستراتێجییەکی جیاوازەوە. مەسعوود شاهیندالْ گەیشتبووە تەمەنی بیست و دوو ئەو گەورەسالْ بوو لە کاتی کوشتنی فادیمەدا. دەشێت گەورەسالْ بوونی مەسعوود ئەوی لە "ئەرکی" کوشتنی فادیمە ڕزگار کردبێت.[٩]

لە دادگەکانی سوێد و نەرویجدا، بەبەراورد لەگەڵ رابردوو، ئەمڕۆکە زۆر کەم دەشێت پارێزەران بە نوێنەرایەتی لەلایەن گەورەسالانەوە لەسەر بناغەی "کولتوور" داوا تەسلیم بکەن.[١٠] لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوودا، دادیارەکان هێندێک جار داوایان لە من دەکرد وەکو شایەتی پسپۆڕ بچمە ژوورەوە. من دەبوو کردەوەکانی توندوتیژی لەسەر چەمکی "کولتوور" روون بکەمەوە. کاتێک کە من ئەوەم رەت کردەوە، لە دوو نۆرەدا داوایان لێ کردم: "ئایا پێت وایە ئێمە دەتوانین کەسێکی تر بدۆزینەوە کە ئامادە بێت بڵێت کە تاوانبارکراو ئەو کارەی بەهۆی کولتوورەکەیەوە کردووە؟" من دەبوو وەلام بدەمەوە "دەشێت!"[١١]

هیچ پێوەرێکی دیاریکراو نییە بۆ ئەوەی بزانرێت "کولتوور" چییە. کولتوور ئەو شتەیە ئەتۆ لە کاتێکی دیاریکراودا هەڵی دەبژێریت کە بیبینیت. ڕەحمی شاهیندالْ لەسەر ئەمە نموونەی باش دەداتە دەست کاتێک بۆ دادگەکە دەدوا. تاوێک ڕەتی دەکردەوە کە کولتووری سوێدی و کوردی هیچ جیاوازییەکیان هەبێت و تاوێکی تر، بانگەشەی دەکرد کە ئەو دووانە وەکو ڕۆژ و شەو وان. هۆکارەکانی ئەو ستراتیجیکن: ئەو لەو کاتەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەموو شتێک دەڵێت. کەسێکی دەرەکیی دابڕاو لەوانەیە بۆچوونێکی روونتری هەبێت لەسەر کێشە راستەقینەکان، بەلام تەنانەت شایەتێکی پسپۆڕیش هەڵوێستێکی هەیە، روانگەیەک کە لەوێوە جیهان دەنرخێنێت. "کولتوور" وشەیەکی کورتە کە دەتوانێ واتاگەلێکی زۆری هەبێت و خزمەت بەمەبەستگەلێکی زۆر بکات. فادیمە و دایک و باوکی سەبارەت بە لایەنەکانی کولتووری کوردی ناکۆک بوون. نەبیلە بەچەشنێکی

بێبەزەییانە دژ بەبۆچوونی خوشکەکەی بوو لەسەر کولتووری بنەماڵەکە. من وەکو پسپۆڕێک تێ دەگەم ئەمانە هەموویان مەبەستیان چییە و دواتر روونی دەکەمەوە لەبەرچی ئەوان شتەکان بەو جۆرە جیاواز دەبینن. بەلام من ناتوانم بەتەواوی بێلایەن بم. هیچ بەرزاییەک نییە لەوێوە بتوانرێت بەشێوەیەکی نادەمارگیرانە بابەتگەلی ئەخلاق، بەهاکان و دادوەرییەکان، ببینرێن و بنرخێندرێن. هیچ کەس ناتوانێت بەتەواوی بابەتی بێت؛ ئێمە هەموومان لەژێر کارتێکردنی ئەزموونەکانمان و لێکدانەوەی دەروونی داین لەسەر ئەو ئەزموونانە. ئەو چەشنەی ئەوان دەیڵێن، هیچ تێڕوانینێک لە هیچ شوێنێکەوە نییە.

پاش هەموو ئەوانە، هەست دەکەم من دەتوانم لەسەر بناغەی ئەزموونەکانی خۆم لێکدانەوەیەکی لێ زیاد بکەم. بە درێژاییی پازدە ساڵی رابردوو، زۆرجار داوام لێ کراوە لە حاڵەتگەلی دادگەی نەرویجدا سەبارەت بە "کولتوور" وەکو شایەتی پسپۆڕ ئامادە بم. داواکارییەکە جاری وایە لەلایەن داد لێکراوەوە هاتووە، جارجاریش لەلایەن دادوەری گشتییەوە. یەک شت فێر بووم ئەویش ئەوەیە کاتێک من لە دادگەدام وەلامی سەرەتایی و ئەخلاقیی من بۆ تاوانێکی دیاریکراو کەم بایەخە. لە کاتی گوێگرتن لە دادوەران و شایەتەکان، من تێ دەکۆشم لەو کاتەدا روانگەی هەر کەسێک کە بەڵگە دێنێتەوە یان شایەتی دەدات پێناسە بکەم. بۆ من، وەکو ئانترۆپۆلۆجیستێکی کۆمەلایەتی، ئەمە خووگرتنی بەردەوامە. ئانترۆپۆلۆجیستەکان، ڕاهاتوون بۆ خۆتێوەردان بە "ڕوانگەی سروشتی"یەوە، واتە، هەردەم وشیار بن لە هەبوونی شاراوەی جیاوازییەکان لەناو هەر تاقمێکی خەڵکیدا. ڕاهێنانی من لە دادگەدا بەباشی خزمەتی من دەکات چونکە بۆ من ئاسانتر دەبێت بێلایەن بمێنمەوە هەتا ئەوەی لەوانەیە کەسێک چاوەڕوانییەکی تری هەبێت.

بەواتایەکی تر، ڕاهێنانی من دڵۆپ دڵۆپ ڕێکوپێکییەکی دەروونیی بۆم هێناوە کە ڕێگەم دەدات هەردوو لایەنی بەڵگەهێنانەوەکان ببینم. ئەم کورتە گێڕانەوەی خوارەوە لەسەر حاڵەتێکی دادگە بۆچوونەکەی من نیشان دەدات.

من لەدادگەدانەکەی ئەنووشە غولام، کە لە سەرەوە باسم کردووە و لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٤دا بەڕێوە چوو، وەکو شایەتی پسپۆڕ بەشداریم کرد. ئەنووشە سەدیق

غولام بیست و دوو ساڵ تەمەن دایکی دوو کوڕی منداڵ بوو. مێردەکەی ساڵی پێشتر لە بەردەم دادگەی ناوچەییی کریستیانسووندا تەقەی لێ کردبوو؛ واتە لەو دادگەیەی قەرار وابوو حاڵەتی بەخێوکردنی منداڵەکانیان بدرێتە بەرباس. پیاوەکە دواتر ڕاست چوو بۆ لای پۆلیس دەستی لەسەر سەری دانا و خۆی تەسلیم کرد. زانیاریی ورد سەبارەت بە ژیانی ئەنووشە کە دوای مەرگی لە بەردەستدا بوون دەری خست و ڕوونی کردەوە کە کوشتنەکە کوشتنێکی نامووسی بوو.

ئەنووشە لەژێر هەڕەشەی کوشتندا ژیابوو؛ ئەدرەسێکی نهێنیی هەبوو و لە تۆڵەئەستاندنەوەی بنەماڵەی مێردەکەی تۆقیبوو کە لەوانە بوو بەسەر دایک و باوکی ئەودا لە ئەفغانستان بیهێنن. مێردەکەی واتە زاهیرەدین نەسرودین شەمسی لە بنەماڵەیەکی زۆر بەهێز، عەشیرەتێکی چەکدار بوو لە کاتێکدا بنەماڵەی ژنەکە لەباری سیاسییەوە لاواز بوون؛ خوێندەواری خاڵی بەهێزی ئەوان بوو. ژن و مێردەکە لەوەتی کچەکە سێزدە ساڵ و پیاوەکە بیست و سێ ساڵ بوو هاوسەرکارییان کردبوو؛ بنەماڵەی کچەکە ناچار کرابوون ملکەچ بن. ئەم جووتە بە ڕێگەی ئێران، ڕووسیا و ئۆکرانیاوە گەیشتبوونە نەرویج و لە هەر کام لەم وڵاتانە ساڵێک مابوونەوە. ئەنووشە لەگەڵ توندوتیژیی هاوسەرییەتیدا ڕاهاتبوو، بەڵام ئەمە لە نەرویج، کە ئەو دەستی باڵای هەبوو زیادی کرد. خولی فێربوونی زمان و فێرکاری بۆ ژن و مێردەکە ئامادە کرابوو، بەڵام ئەنووشە زۆر زیاتر کەڵکی لێ وەردەگرت، چونکە ئەو زمانی ئینگلیزی دەزانی و خوێندنی باشی هەبوو: ئەو بەخێرایی زمانی نەرویجی فێر بوو و بەئاسانی لەگەڵ دەوروبەردا خۆی گونجاند. شەمسی تەنیا زمانی دەری دەزانی و پیاوێکی شەرمێون بوو؛ ئەو وردە وردە تووشی خەمۆکی بوو و هەستی دەکرد هەڕەشە لە پیاوەتییەکەی دەکرێت. دواتر پاش ڕووداوێک کاتێک مێردەکەی داوای لە کوڕە حەوت ساڵانەکەیان کرد زللەیەک لە دایکی بدات، ئەنووشە بەتووڕەییییەوە ڕاپەڕی. ئەو نەیدەویست کوڕەکانی کە گەورە بوون ببنە پیاوانێکی توندوتیژکار. ئەو دەیویست ئەم ئەڵقەی توندوتیژییە بپسێنێت. بە داوای یارمەتی لە خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، تەڵاقی وەرگرت و داوای پێشکێش کرد بۆ مافی بەخێوکردنی کوڕەکانی.

لە گۆشەنیگای شوێنی لەدایکبوونیەوە، ئەمە کردەوەیەکی بێباکانە بوو، ڕەفتارێک کە بەناچار تۆڵەئەستاندنەوەی لەگەڵ خۆی دەهێنا: نەک هەر ئەنووشە

بگره بنەماڵەکەشی لە مەترسیدا بوون. دەگوترێت کە دایک و باوکی ڕێگەیان پێ نادرێت بۆ ناشتنەکەی بێنە نەرویج. باوکی، غولام ئازەرەخش، دواتر لەو شوێنەی لە ڕۆئاوای وڵات پەنایان گرتبوو ئاوای بۆ من نووسی:

ئێمە زۆرمان پێ خوش بوو بەشداریی ناشتنەکەی بکەین، یان بەلایەنی کەمەوە، بچینە سەر شوێنی ناشتنی کچەکەم و یارمەتیی کچەزا بچووکەکانمان بدەین کە لەگەڵ ئەم لەدەستچوونە سامناکەدا خۆیان ڕێک بخەن. بەڵام پێمان گوترا (لەلایەن کاربەدەستانەوە لە سەفارەتی نەرویج) کە ئەمە ناگونجێت چونکە دەوڵەتی ئێوە ناتوانێت سەلامەتیی ئێوە گەرەنتی بکات. بەم چەشنە ئێمە مافی ئەوەمان پێ نەدرا خواحافیزی بکەین لە کچە خۆشەویستەکەمان.

پاشانیش، هیوادارم بتوانم ئەوە روون بکەمەوە کە ئەنووشە ئەو وڵاتەی ئەوی بەخۆوە گرتبوو خۆشی دەویست و سەرەڕای هەڕەشە بۆ سەر ژیانی لەلایەن مێردەکەیەوە، ویستی لە نەرویج بمێنێتەوە. ئەم هەڵبژاردنەی ئەو بە بەهای ژیانی تەواو بوو. دەسەڵاتداران، تەنانەت کاتێکیش کە ئاگەدار بوون لە دۆخە مەترسیدارەکە نەیانتوانی بیپارێزن.(١٢)

لەبەرچی پارێزەری بکوژەکە داوا دەکات من بۆ پارێزگارییەکە لەوێ بم؟ من سەرم سووڕمابوو. سەرەڕای هەموو شت، بەرەنجامەکانی من دەیتوانی داد لێکراوەکە زیاتر دەرگیر بکات. کە کاتی خۆی هات، ئەوەی من گوتم لەوانەیە کەمێک یارمەتیدەر بووبێت، چونکە زاهیرەدین نەسرودین شەمسی هەژدە ساڵ زیندانیی بۆ دەرچوو نەک سزای هەتاهەتایی.(١٣)

ئاخۆ هیچ هەلومەرجێکی ئاسانکەرەوە لە ئارادا بوو؟ دادوەری پارێزەر، توور ئەرلینگ ستاف یەکێکە لە باشترین پارێزەرانی نەرویج. ستاف دوو هێڵی پارێزگاریکردنی تاقی کردەوە: یەکیان ئەوە بوو کە شەمسی کەسێکی "مێشک نەخۆش" بوو، ئەوی تریشیان ئەوەی کە پاشخانی فەرهەنگی ئەوی وا لێ کردبوو نەیدەتوانی تێ بگات کە ژنەکەی دەیەوێت و دەتوانێت لەو جیا بێتەوە و داوای بەخێوکردنی کوڕەکانیان بکات. پەنابردن بۆ ناسەقامگیریی دەروونی هاوشێوەیە لەگەڵ ئەوەی ڕەحمی شاهینداڵ. پارێزگاری "کولتووری" ئاماژەی دەدا بەوەی کە پەروەردە و ئەزموونی ژیانی ئەفغانیی بکوژەکە، وای لێ دەکرد کە نەتوانێت لەگەڵ

بڕیاردانی ژنەکەیدا یەکانگیر بێت، کە لە ئاکامدا ئەوی تووشی خەمۆکی کرد.

لە ڕاستیدا، ئەوەی کە ئەنووشە ئەنجامی دابوو لەناو تاقمە ئێتنیکییەکەیدا، واتە ئۆزبەکەکان، لە وڵاتی خۆی لە باکوری ئەفغانستاندا، کەس گوێی بۆ ڕانەدەگرت: مافی جیابوونەوە تەنیا بۆ پیاوانە، کە سەرپەرشتیی منداڵەکانیش دەگرێتەوە. کارمەندانی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوە کاتێک لە بڕیارەکەی ئەنووشە ئاگەداریان کردەوە، لە قوژبنێکدا هەڵترووشکا و گریا. شەمسی بەدادگەی گوت کە هەرچەند ئەویش ناچار بە هاوسەرکاری کراوە - لە وڵاتەکەی ئەو تاکەکان بڕیاردەر نین لە هاوسەرکاریدا - ئەو دڵی بەلای ژن و منداڵەکانییەوە بوو. ژنەکە پێی نەگوتبوو بەجێی دێڵێت، هەروا بەجێی هێشتبوو. هەتا ئەو کاتەی کە کاربەدەستان ئاگاداریان نەکردەوە کە ئیتر ژنەکە ناگەڕێتەوە، بۆی دەرنەکەوتبوو کە هیچ کێشەیەکی جیدی لە نێوان ئەواندا هەبووبێت. پۆلیس پێی گوت کە ژنەکە سکاڵایەکی لە دژی ئەو تەسلیم کردووە.

ئەو بانگەشە دەکات کە دەمانچەی هێنابووە بەردەم دادگە بۆ ئەوەی لە بەرچاوی خەڵک خۆی بکوژێت: ئەو دەیویست هەموو دنیا لە سیستەمی نادادپەروەرانەی نەرویج تێ بگەن. لە ماوەی یەک ساڵ پاش ئەوەی کە ئەنووشە بەجێی هێشت، ئەو تەنانەت نەشیدەزانی ژنەکە و منداڵەکان لە کوێ دەژین: ئەو دەڵێت، "بۆماوەی زیاتر لە یەک ساڵ، نەمدەتوانی سەیری ڕوومەتی هیچ کەس بکەم، هەموو دنیا بەمن پێ دەکەنی!" ئەمەش ئاماژەکەی ڕەحمی شاهینداڵمان وەبیر دێنێتەوە کە گوتی "بیروڕای جیهانی."

لە گوێن شەمسی، نەرویج بووبووە ئەزموونێکی تێکدەرانە. من دەمگوت، "پێم وابوو دەبم بەپیاوێکی ئازاد." ئەو قەت چاوەڕوانی نەدەکرد کە کاربەدەستان دەستوەردەنە ژیانی تایبەتی ئەوەوە. لە ئێران و ڕووسیا و ئۆکرانیا وایان نەدەکرد.

چیرۆکی خۆکوشتنی بەرنامە بۆداڕێژراوی ئەو زۆر کەمتر جێگەی باوەڕ بوو کاتێک دەرکەوت کە ساڵێک پێشتر پێشنیازی پارەیەکی زۆری کردبوو بە دوو تاوانکار بۆ کوشتنی ئەنووشە. هەروەها ئەو دەمانچەکەی چەندان مانگ پێشتر کڕیبوو و لە شوێنێک کە لە دادگەی ناوچەوە دوور نەبوو خستبوویە ژێر خاک. بەیانیی ڕۆژی کوشتنەکە لەژێر خاک دەری هێنا و لە پشتەوە شەش گوللەی نا

بەئەنووشەوە. دوایە چەکەکەی فڕێدایە سەر لاشەی مردووەکە.

تێڕوانین بۆ ناو پاشخانی کولتووری داد لێکراو دەتوانێت یارمەتیی بدات کە لە بارودۆخ و چوارچێوەی تاوانەکە زیاتر تێ بگەین و ڕووناکی دەخاتە سەر هۆکارەکانی پیاوەکە. ستاف، پارێزەری شەمسی بۆ ئەمە هەوڵی دا. ستراتیجیی ئەو چەقبەستن بوو لەسەر تاکەکەس، مرۆڤەکە، کە پێویستە لەو گۆشەنیگاوە ببینرێت کە هەبوو: "ئەفغان و موسڵمان." ستاف جەختی دەکردەوە کە ئەو بیری لە چەمکی کوشتنی نامووسی نەدەکردەوە: "من قەت چەمکی "کوشتنی نامووسی"م بەکار نەهێناوە، بگرە مامیلەکەی من وەکو کەسێکی ئەفغان و موسڵمان، لە ناخی کەسایەتیی خۆیدا سووکایەتیی پێ کراوە. ئەو دەبێت بەپێی یاسای نەرویجی داد بکرێت، بەڵام ئاخۆ لەباری ئەخلاقییەوە پێویستە بە چەمکی کولتووری ئەفغانی یان نەرویجی داد بکرێت؟"

ستاف بۆ خوڵقاندنی هاوهەستی بۆ داد لێکراو هەوڵی دا ئەو ئاڵۆزی و دۆخە نالەبارەی شەمسی تێیدایە دەربخات. ڕیزێک پرسیاری لێ دەکات سەبارەت بەپاشخانی کولتووری ئەو، پرسیارگەلێک لەمەڕ هاوسەرکاری، جیابوونەوە، بەخێوکردنی منداڵ و پێوەندیی ژن و پیاو. "نامووس" نایەتە گۆڕ، چونکە دۆخی سەرەتاییی پارێزەرەکە ئەوەیە کە ئەمە کوشتنێکی نامووسی نییە. وێ دەچێت "کولتوور" بۆچوونێکی باشتر بێت. شەمسی وەڵامەکانی کورتن؛ زۆر کەم قسەیە، ئەو فێری بەکارهێنانی چەک بووبوو، نەک وشە (ئەو بە پیشە ئەفسەری سوپا بوو). هەرچەند وشەکانی هەڵدەسەنگێنێت. ئەو سەبارەت بە ئەفغانەکان یان ئۆزبەکەکان (تاقمە ئیتنیکییەکەی خۆی) گشتگیری ناکات بەڵام دەربڕینەکانی دەنرخێنێت و دەڵێت ئەو تەنیا ئەو شتانە دەگێڕێتەوە کە ئەزموونی خۆیەتی؛ بنەماڵە جیاوازە. بەڵام بەڵێ، ئەو و ئەنووشە بەزەحمەت قەت توانیبوویان پێش هاتنیان بۆ نەرویج پێکەوە کات بەسەر بەرن؛ ئەمە لە وڵات و لەو ناوچەی ئەوان بۆ ژن و مێردەکان عادەت نییە. ئەو قەت نەیبیستووە لە ئەفغانستان ژنێک مێردەکەی تەڵاق بدات. ئەگەر لە نێوان جووتێکدا کێشە هەبێت، ئەوا "پیاوانی ڕدێنسپی" _ گەورەکانی عەشیرە _ ناوبژی دەکەن لە نێوان دوو بنەماڵەکەدا.

دوایەش لە پڕ بەستاف دەڵێت ڕاوەستە، چیی تر لەسەر کولتوور پرسیار مەکە.

وەرگێڕەکان پەیامەکە دەگەیەنن، کە روونە: چیی تر لەسەر کولتوور نەڕۆین. با بەواتایەکی تر بڵێین: هیچ پارێزگارییەکی کولتووری نەبێت، سوپاس.

چی لە مەترسیدا بوو؟ بەتێگەیشتنی من، شانازیی عەشیرە یان تایفەکەی ئەو. شەمسی تاکەکەسێکی تەنیا نییە. ئەو وەها بار هاتووە کە هەردەم چاکەی کۆمەڵگە دەکەوێتە پێش باشبوونی خۆیەوە. وەفاداربوون بەتاقمەکە دەکەوێتە پێش هەموو شتێکی ترەوە. کەرامەت و بایەخی نەریتەکانی تاقمەکە نابرێتە ژێر پرسیارەوە. پارێزگاریکردن لەوانە لە گەرما و لە سەرمادا بابەتێکی نامووسییە. ئەمە تەواو قابیلی قبووڵە کە تێ بکۆشن سزایەکی سووک لەسەر بناغەی هەلومەرجی ئاسانکەرەوە و ناسەقامگیریی مێشک یان پارێزگاری لەخۆ بەدەست بێنن. بەڵام وا بکرێت کە کولتوورەکەت وەکو ئەو هەموو نەریتی سەیروسەمەرەیە بخرێتە ڕوو ئەمەیان بەتەواوەتی شتێکی ترە.

لەوانەیە مەبەستەکانی پارێزەرەکەت زۆر باش بن، بەڵام کاریگەرییەکەی ئەوەیە کە لە بەردەم ئایدیالەکانی ئازادی و یەکسانیی ڕۆئاواییدا نیگارێکی نەرێنی لە داوونەریتەکانی تۆ دەنەخشێنێت. شەمسی مەترسیی ئەوەی دەکرد کە دیگەرانیش لەگەڵ خۆیدا بکێشێتە ناو قووڵکەکەوە.

بەواتایەکی تر، زۆر ئاشکرا نییە کە مامیلێک ببینێت پارێزگاریی کولتووری بەباشترین شێوە لە بەرژەوەندیی ئەودایە. لەم حاڵەتەدا، هەروەکو لە چەندان حاڵەتی تردا کە من سەرنجم داوە، پێکدادانێکی بەرژەوەندی هەبووە لە نێوان داد لێکراو و پارێزەرەکەیدا. ئەو پیاوەی لە دادگەدایە، تەنیا هەر ئەوە نییە کە هەیە: تاکەکەسێک بەدوای ئازادکردنەوەبێت. ئەو هەروەها ئەندامی عەشیرەیەکی تایبەت یان تاقمێکی ئێتنیکییە کە لەو دەخوازێت لە بەرچاو خەڵکدا نیشانی بدات کە شانازی دەکات بەو کولتوورەوە. ئەمرۆکە لە حاڵەتگەلی هاوشێوەدا لایەنێکی میدیایی هەیە کە دەبێت سەرنجی بدرێتێ. وشە سەفەر دەکات. شەمسی خۆی ڕای گەیاند کە چۆن ئامادەبوونی رۆژنامەوانان مانای ئەوەیە کە هێندێک شت هەیە ئەو ناتوانێت بیڵێت. ئەو پێنج منداڵی بوو، سیانیان لە ئەفغانستان بوون و ئەو لە تۆڵەکردنەوە بەرامبەر بەوان دەترسا. ڕاستە کە ئەو لە دادگەیەکی ناوچەیی لە شارێکی ناوچەییی نەرویج دەدوا، بەڵام دەبوو سەرنج بداتە گوێگرانێکی زۆر

دوورمـــەوداتر لەوانە. "بیـروڕای جـیـــهـانـی"، ئەگـەر بمـانەوێت دەربڕینی ڕەحـــمی شاهیندالّ قەرز بکەین.

نە پارێزەرەکە و نە دادیاری گشتی باسی کوشتنی نامووسییان نەکرد. بەڵام چەند شـایەتحـاڵێکی لایەنی پارێزگـاری گێـڕایانەوە کـە شـەمسـی گوتوویەتی لە ناوچەکەی ئەوان لە وڵات لەسـەر ئەو کارەی کە ئەنووشە کردبووی ژنیان دەکوشت و ئەگەریش پیاوەکە ئەو کارەی نەکردایە، کەسێک لە بنەماڵەی پیاوەکە، ژنەکەی هەر دەکـوشت. کـەوابوو ئەو پەنای بردبووە لای ئەفـغـانـیـیـەکی پیـر "پیـاوێکی ڕدێنسـپی" لە نەرویج تا چاوی بکەوێت بە ئەنووشـە بۆ ئەوەی ئەو، واتە شـەمسـی بتـوانێت دەسـتـپـێـشـخـەری بکات بۆ جـیـابوونەوە. ئەمـە یارمـەتیی دەدا کـە نامـــووســـەکـەی بپـارێزێت. ئەو گـوتی، "ئەگـەر وانەبێت چۆن من بتـوانم لەناو خزمەکانمدا سەرم بەرز ڕابگرم؟" بەڵام کێشـەی سەرپەرشتیکردنی کوڕەکانی هەر دەمایەوە.

هیچ کـام لە خـزمـەکـانی شـەمسـی لەدادگەدانەکـەدا ئامـادە نەبوون. ئەو وەکـو سـیـمـایەکی تەنیـا هـاتە بەردەم دادگـە؛ ئەمـە لەوانەیە بەشـێک لە سـتـراتیـجـیی کۆمـەڵگەکە بووبێت؛ یـان لەوانەیە نیشـانەی ڕەتکردنەوەی تاقمـەکەی بێت بەرامبەر بە ئەو.

هەتا ئێستایش کوڕەکانی لە شوێنێکی نهێنی دەژین و پۆلیس پارێزگارییان لێ دەکـات. بـەپێی پۆلیس، مـەترسـیی ڕفـاندنیـان لەلایەن عـەشـیـرەی بەدەســەڵاتی شەمسییەوە هێشتایش ڕاستە.

ئێمـە بینیومـانە کە "نامـووس" لە دادگەیەکی سکاندیناڤیدا پارێزگارییەکی لاواز دەکـات و پاشــخـــانی کـولتـووری داد لێکراو دەکـرێت دژ بە خـــۆی کـەڵکی لێ وەربگیـرێت. لە مـانگی هەشـتـی سـاڵی ٢٠٠٢دا مـیـدیاکـانی نەرویج شـتـێکیـان ڕاگەیاند کە وەکو ڕووداوێکی گرینگ لە مێژووی یاساییدا دەبینرا. سەردێری ڕەش [ڕۆژنامەکان] رای دەگەیاند، "پرسی پرەنسیپ دژ بە کولتووری کوردی لە دادگەدا هاتە ئاراوە."(١٤) پیاوێکی تەمەن بیست و حەوت ساڵی کوردی ئێران تۆمەتبار کرا بەوەی دووجار هەڕەشـەی کوشتنی لە خوشکە چکۆلەکەی (تەمـەن بـیـست و سێ سـاڵ) کردبوو لەسـەر ئەوەی کە ئامادە نەبوو ببێتـە هاوسـەری ئامۆزاکەیان. ژنە

گـەنجـەکـە بۆ پۆلیـسی گـێـڕایەوە بەڵام دواتر سکاڵاکـەی وەرگـرتەوە. پۆلیس دەستپێشخـەریی کرد و بەردەوام بوو لە لێکۆڵینەوەکەیدا. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ڕێسای نامووسیی پیاوەکە ئەوی هان دابوو هەم بەرەو هەڕەشەی کوشتن و هەم بۆ کردەوەی توندوتیژی: ئەو لە خوشکەکەی خۆی دا و چەندان جێ پەنجەی لەسەر ڕوومەتی دیاربوو. بەبێ ڕەچاوکردنی خواستی ژنەکە، پۆلیس بڕیاری دا براکەی تاوانبار بکات. دادوەری پۆلیس "پەر جی زیمەر" وتی، "بەبۆچوونی دادیاری گشتی، دەکرێت هۆکاری براکەی وەکو بەشێک لە کولتوورەکە پێناسە بکرێت کە ئەو لەگەڵ خۆی لە ئێرانەوە هێناویەتی." زیمەر لە درێژەدا گوتی، "من لەگەڵ حاڵەتگەلێکی تر ئاشنا نیم کە تێیدا هۆکاری سەرچاوەگرتوو لە پرسە کولتوورییەکان، شوێنێکی وەها گرینگی درابێتێ."

براکە بەتاوانبار زانرا و سزای دە مانگ زیندانییان بۆ بڕییەوە، کە دەکاتە دوو ئەوەندەی سزای ئاسایی لە وەها حاڵەتێکدا. هۆکاری لە پشت ئەم سزا درێژماوەیەدا بەم چەشنە لەلایەن دادوەرەوە داڕێژرابوو: "ئەمە کێشەیەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتییە کە بەردەوام ڕوو لە زیادبوونە. بەدیتنی دادگە، سزادانێکی بەشێوەیەکی ڕیزپەڕ توند لەم چەشنە حاڵەتەدا لە جێی خۆیەتی."(١٥) هۆی لێکۆڵینەوەی بەپەلەی پێش لەدادگەدان - لە گێڕانەوەی هەڕەشەکانەوە هەتا دەستپێکردنی دادگەکە تەنیا دە هەفتەی پێ چوو - قسە و باس سەبارەت بەکوشتنی نامووسی و هاوسەرکاریی زۆرەملێ لەناو خەڵکدا بوو. پۆلیس دەیەویست بەکۆمەڵگە کۆچبەرەکان هۆشداری بدات کە چلۆن لەگەڵ ئەم چەشنە حاڵەتانەدا هەڵسوکەوت دەکرێت.

با بگەڕێینەوە سەر پرسی ئەوەی کە کوشتنی نامووسی لە کوێ ڕووی دا. ئاخۆ ئەم چەشنە شتانە لە نەرویج ڕوویان داوە؟ هەروەکو بینیمان، وەڵامەکە ئەرێیە، حاڵەتگەلێک هەبوون، بەڵام نایە ئەگەر مەبەستمان ئەوە بێت کە سەلێندرابێت ژنێکی گەنج لەلایەن ئەندامێکی نزیکی بنەماڵەکەیەوە بەخاتری نامووس کوژرابێت.

بەڵام ژنانی گەنجی نەرویجی لەوانەیە لە دەرەوەی وڵات لەلایەن بنەماڵەی نزیکی خۆیانەوە کوژرابێتن. ساڵی ١٩٩٩ پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی Rikets Tilstand (دۆخی وڵات) زنجیرەیەک بەڵگەنامەی سەبارەت بە هاوسەرکاریی زۆرملێ بڵاو کردەوە کە

نیشانی دەدا کاتی وا هەبووە کچانی نەرویجی لە پاکستان کوژراون لە کاتێکدا کە بکوژەکەیان لە نەرویج بەئازاد گەڕاوە. دڵنیانەبوونەکە لەبەر نەبوونی بەڵگە و هەروەها شایەتحاڵگەلێکە ئامادەی شایەتیدان بن. حاڵەتێک کە لەم دواییانەدا رووی دا کێشەکە دەردەخات.

لە ساڵی ٢٠٠٥دا سەرنجی ڕای گشتی بۆ حاڵەتی ڕاحیلە ئیقباڵ ڕاکێشرا کە لە کارەساتێکی ئۆتۆمۆبێلدا لە پاکستان کوژرابوو و زۆر لەسەری باس کرابوو. ڕاحیلەی تەمەن هەژدە ساڵ لە نەرویج لەدایک بووبوو و گەورە بووبوو. باوکی و باپیری و شۆفێری بنەماڵەکە هەموویان تاوانبار کران بەڵام ئازادکران. پروپاگەندەکە لەسەر ئەو ڕاستییە چەقی بەست کە ڕاحیلە بووبووە ئامانجی هەڕەشەی کوشتن لەبەرئەوەی بووبووە هاوسەری "پیاوێکی بەهەڵە." ئەو پیاوەش هەر نەرویجی پاکستانی بوو، بەڵام تایفەکەی و ئەو لقەی ئیسلام لەلایەن بنەماڵەی کچەکەوە قبوول نەدەکرا. ئەو کاتەی کە ڕاحیلە مرد، جووتەکە لێک جیا بووبوونەوە، بەڵام هاوسەرەکەی لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کارەساتی ئۆتۆمۆبێلەکە کوشتنێکی نامووسی بوو. هەروەها باقیی دۆستان و ئاشناکانی ڕاحیلەیش کە ئاگەداری ئەو هەڕەشەی کوشتنە بووبوون کە ئەو لەگەڵی بەرەوڕوو بووبووەوە، ئەوانیش پێیان وابوو.

ئێستا لە پاکستان هیچ دادوەرێکی حکوومەتی بۆ کوشتنی نامووسی نییە. کەوتووەتە دەست بنەماڵەی کەسە مردووەکە بڕیار بدەن ئاخۆ دەیانەوێت تاوانەکە بەرز بکەنەوە یان نا. ئاساییە کەس تاوانبار نەکەن لەبەرئەوەی کە بنەماڵەی قوربانییەکەش تێدا بوون.[١٦] بکوژەکە لەلایەن بنەماڵەی قوربانییەکەوە دەستنیشان کرابوو. بەڵام لە حاڵەتی ڕاحیلەدا، هاوسەرەکەی بە یارمەتیی کاربەدەستانی نەرویجی، لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی بنەماڵەی کچەکەدا، وای ڕێک خست کە وەکو نزیکترین خزمی ئەو قبووڵ بکرێت. ئەو لەسەر سێ پیاو سکاڵای تۆمار کرد: باوکی ڕاحیلە، باوەگەورەی و شۆفێری بنەماڵەکەی. ڕاحیلە لە کاتێکدا لە گۆلاوێکدا خنکا کە ئۆتۆمۆبێلێک کە شۆفێری بنەماڵەکە لێی دەخوڕی، لە جادە چووە دەر. ئەو دووانە لە ئۆتۆمۆبێلەکەدا تەنیا بوون. شۆفێرەکە بەبێ هیچ زیانێک دەرباز بووبوو.

حـاڵەتەکـەی ڕاحـیلە ژمـارەیەک کـێـشـەی گـرینگ سـەبارەت بەتوێژینەوە و دادگـەدانی تاوانگەلی دەرەوەی سـنوور دەخـاتە ڕوو. پۆلیـسـی نەرویج ڕێگەی لێ گـیرا کـە لە حـاڵەتەکـە بکۆڵێـتـەوە و نەیتـوانی ئەو بەڵگانەی لە نوروێژ دەست کەوتبوون بنێرێت بۆ پۆلیسی پاکستان لەبەرئەوەی یاسای پاکستان سزای ئێعدام دەدات بۆ کـوشتنی نامـووسی. ئەوە ڕاستـە کە هەتا ئێسـتـا یاسـاکـە جێبـەجێ نەکراوە. لە ڕاستـیدا، تەنیا حەوت لە سـەدی کوشـتنی نامـووسی لە پاکسـتـان لە چووەتە بەردەم دادگا.[١٧]

نەرویج هـاوشـانی وڵاتانی تری ئەوروپا خـەڵک نانێـرێتـەوە بۆ ئەو وڵاتـانەی کـە لەوێدا مەترسیی ئەشکەنجە یان ئیعدامکردن هەیە. شوێنەوارێکی ئەمـە لە حاڵەتی پیاوێکدا بینرا کە زاواکەی خۆی کوشتبوو و دژ بەگەڕاندنەوەی خۆی بۆ پاکستان دەوەستا چونکە مەترسیی ئەوەی هەبوو کە لەوێ ببێتە قوربانیی تۆڵەئەستاندنەوە و بکوژرێت. بەهـەمـان هۆ، ئەگەر شـارۆمـەندێکی نەرویجی دەست بـداتە تاوانێک لە پاکسـتان کـە – بەلایەنی کـەمـەوە وەکو سـەرەتایەک – لە ئاسـتی سـزای ئیعدامـدا بێت، پۆلیسی نەرویج نـابێت هیچ چەشنـە بەڵگەنامـەیەکی تاوانبـارکـردن ڕادەست بکات.

لە حـاڵەتی ڕاحـیلەدا، کـێـشـەیەکی گـرینگی زێدەتریش ئەوە بوو کـە پـۆلیـسی پاکسـتـان فـەرمـانی توێژینـەوەی مـردووی نـەدەدا بۆ ئەوەی هۆکـاری مـردنەکـەی دەرکـەوێت. وەڵامـی داواکـارییـەکـەی پۆلیـسـی نەرویجـیـشـیـان نەدەدایەوە بۆ بەشداریکردن لە بەڵگەنامەی لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکە. هـاوکاری بوونی نییە. باوکی ڕاحـیلە ئێـسـتـا گـەڕاوەتەوە بۆ نەرویج. لەبەرئەوەی شـارۆمـەندی نەرویجـە، پارێزەرانی لە پاکستان پارەیان لە حکومەتی نەرویجەوە وەرگرت. پۆلیسی نەرویج دەیویست سکاڵای لەسـەر تۆمـار بکات، بەڵام چونکە ناکـرێت بسـەلمێندرێت کـە ڕاحیلە کوژراوە و هەر ئەوە نییە کە لە ئاودا خنکابێت، بێ فایدە دەنوێنێت.

ئاکامێکی ئەرێنیی ئەم حاڵەتە زۆر کێشەئامێزە ئەوەیە کە لەلایەن سیاسەتوانان و چالاکـانی مـافی مـرۆڤـەوە داوا دەکرێت کـە نەرویج و پاکـسـتـان چەشنێک لە هـاوکـاری سـەبارەت بـەلێکۆڵینەوەی حـاڵەتی وەکـو ڕاحـیلە دابمەزرێنن. ئەمــەش پێویسـتی بەلێکۆڵینەوەیە لە باڵاترین ئاسـتی دیپلۆمـاسـیدا چونکە کێشـەکـان لە

چەندان ڕووەوە هەستیارن. بەڵام گۆڕانێک پێویستە.

وەرن ئێستا بڕوانینە دادگەدانێکی تر کە تێیدا پێوەندیی نێونەتەوەیی و کێشەیەکی یاسایی بابەتەکانی ئاڵۆز کردووە. ئەمە سەرنجێکی زۆری ڕاکێشا و نامووس پرسێکی گرینگ بوو. ژنە گەنجەکەی کە "لە دژی ڕاوەستابوون" خۆشبەختانە هیچ برینێکی جەستەیی پێ نەگەیشتبوو، هەرچەند بووبووە ئامانجی هەڕەشەی کوشتن. حاڵەتەکە لە ڕاستیدا تروسکەیەک لە هیوا دەدا.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە حاڵەتەکەی نادیا بدەینە بەر لێکۆڵینەوە.

**١٣- حاڵەتی نادیا: پرسێکی تری نامووس**

لە ڕۆژی سێی مانگی دەی ساڵی ١٩٩٧دا، حاڵەتی نادیا وەکو تەقینەوەی بۆمبێک کەوتە بەر دیدی ڕای گشتیی نەرویج. دایک و باوکی نادیا، کچە هەژدە ساڵانەکەیان بردبووەوە بۆ مەغریب. نادیا خۆی توانی هۆشدار بنێرێت، بەڵام ئەو بۆ ماوەی سێ هەفتە زیندان کرابوو. ئەو زۆر نائومێد بوو کە بتوانێت ڕزگار ببێت.

نادیا و دایک و باوکی شارۆمەندی نەرویج بوون (باوکی مردووە). نادیا لە نەرویج لەدایک بووبوو و گەورە بووبوو. دایک و باوکی بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ لەوێ ژیابوون.(١)

حاڵەتەکە بەچەندان هۆی جۆراوجۆر دژوار بوو، نەک هەر لەبەرئەوەی نادیا لە وڵات برابووە دەرەوە. جگە لەوە، ئەو و دایک و باوکی شارۆمەندێتیی دوولایەنەیان هەبوو. لە مەغریب کە تەمەنی گەورەبوون بۆ کچان بیست ساڵە، نادیا هێشتا منداڵێک بوو. ئەوە بەدەست باوکی بوو وەکو سەرپەرشتی کچەکە بڕیار بدات ئاخۆ ئەو دەتوانێت ئازاد بێت یان نا.

باوکەکە ڕازی دەبێت ئەو ڕزگار بکات تەنیا بە مەرجێک ئازادانە بتوانێت بگەڕێتەوە. پیاوەکە دەیویست دڵنیایی بدرێتێ کە هەر کات بگەڕێتەوە بۆ نەرویج ناکەوێتە بەر بەدواداچوونی یاسایی. سەفیری نەرویج لە مەغریب، کە لەلایەن نەرویجەوە دانوستاندنەکەی دەکرد، نەیدەتوانی وادەی لەو چەشنە بدات. ئەمە بووە شانۆیەک بۆ پێکدادانی ئیرادەگەلی پۆڵاین. باوکی نادیا چەندان جار وادەی دا کە کچەکە ئازاد بکات؛ دوایە هیچ نەقەوما. کاتێک کە پێوەندیی لەگەڵ نادیا

ڕاوەستا و وا دەگوترا کە بردوویانەتە گوندێکی بچووک لە شاخ، زۆر کەس لەوە دەترسان کە شەڕی نادیا دۆڕاوە.

پاشان لە پڕێکدا کچەکە لە ئۆسلۆ دەرکەوت. لەوە دەچوو کە باوکی بەدڵخوازی خۆی ئەوی ناردبێتەوە. بەڵام ئەو دەستبەجێ و پاش ئەوەی کە دەسەڵاتداران دوو کاریان ئەنجام دابوو ئەویان "ئازاد کرد": برا بچووکەکەی نادیا بەگومانی ئەوەی کە یارمەتیی ڕفاندنی خوشکەکەی داوە گیرا و یارمەتیی ماڵی باوکی ڕاگیرا. دەشێت هەردووک ئەم دەستێوەردانانە وایان کردبێت کە باوکی ئامادە بووبێت بۆ هاوکاریکردن.

بەڵام ئەمجار نادیا بەسەرهاتی ڕفاندنەکەی خۆی وەرگرتەوە. ئەو وتی، ڕاستییەکەی ئەوە بوو کە بە خواستی خۆم چووبوومە سەردانی دایەگەورەم کە حاڵی باش نەبوو. کاتێک کە دایک و باوکی دایاوان لێ کرد کاتێکی زیاتر لەوەی خۆی دەیەویست بمێنێتەوە، ئەو چیرۆکی ڕفاندنەی دروست کرد. ئەو بەداخەوە بوو لەوەی کە رووی دابوو و داوای کرد وازی لێ بهێنن.

کاتێکی کورت دوای ئەوە، دایک و باوکی گەڕانەوە بۆ نەرویج. لە ڕێگەی پارێزەرەکەیانەوە ڕایان گەیاند کە دەیانەوێت سکاڵای یاسایی لەسەر بوختانکردن دژ بەدوو رۆژنامە و سەفیری نەرویج لە مەغریب تۆمار بکەن. داوای غەرامەتەکەیان شتێکی زۆر بەرچاو دەبێت.

لێرەدا حکوومەتی نەرویج دژ بەدایک و باوکی نادیا دەستیاندایە کاردانەوە. ئەوان تاوانبار کران بە " بێبەشکردنی تاکەکەسێک لە ئازادی." هێڵە ڕێنوێنەکانی سزادان بۆ ئەم چەشنە تاوانە لانیکەمی ساڵێک و لانی زۆری هەشت ساڵ زیندان دەستنیشان دەکات.

حاڵەتەکە لە مانگی یازدەی ساڵی ١٩٩٨دا چووە دادگە. نادیا شایەتی سەرەکی بوو بۆ بەدواداچوونەکە. ماوەیەکی کورت دوای گەڕانەوەی ئەو بۆ نەرویج، چووبووە لای پۆلیس و گوتبووی کە ئەو لەژێر پاڵەپەستۆدا ئەو چیرۆکەی ساز کردووە سەبارەت بە نەنکە نەخۆشەکەی. ئەمە مەرجی دایک و باوکی بووە بۆ ئەوەی نادیا ڕزگار بکەن.

لەو کاتەدا لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیس پێشتر لە ڕێگەدا بوو. لێرەدا نادیا بووە

شایەتحاڵێکی ڕێنوێن بۆ دادگەی نەرویج.

حاڵەتەکەی نادیا بوو بەخاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی یاسایی نەرویجدا.(٢) تا ئەو جێگەیەی من ئاگادار بم، ئەمە یەکەم جار بوو دەسەڵاتدارانی نەرویجی دایک و باوکێکیان بەوە تاوانبار کرد کە منداڵەکەی خۆیان ڕفاندووە. ئەوەی کە یەکێک لە دایک و باوکەکە منداڵەکە لەژێر بەخێوکردنی ئەوی تر بێنێتە دەر بابەتێکی جیاوازە – ئەمە زۆرجاران روو دەدات – بەڵام ئەمجارەیان دایک و باوک هەردووکیان لەناو کردەوەکەوەدا بوون.

ڕەفتاری ئەوان لەگەڵ نادیا تا ئەو جێگەیەی دەهاتەوە سەر دایک و باوکیان، بابەتێکی نامووسی بوو، هەرچەند کە ئەم چەمکە لە ڕەوتی دادگەکەدا هیچ رۆڵێکی نەدەگێڕا. زۆربەی جار ئەمە بەشێوەیەکی ئاماژەگەرانە و لە پەڕاوێزی ڕەوتی دادگەکەدا دەمایەوە.

دایک و باوکەکە بەڵگەیان دەهێنایەوە کە ئەوان بە نیەتی خێر ئەو کارەیان کردووە و بەهیچ لەونێک نابێت لۆمە بکرێن. ئەوان پێیان وابوو کاتێک نادیایان ناچار کرد لە مەغریب بمێنێتەوە ئەوە بەتەواوەتی دەکەوێتە چوارچێوەی مافی خۆیانەوە. کەوایە، لەباری یاساییەوە، ئەم دوو داد لێکراوە بەهەڵە لە یاسا تێ گەیشتوون. ئەوان هۆکاری بەهێزیان هەبوو بۆ ئەوەی نادیا دوور لە نەرویج ڕابگرن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە، شێوە ژیانی کچەکە بەلاڕێدا کێشرابوو. ڕێک وەکو ڕەحمی شاهیندال کە پەنای دەبردە بەر دادگەی سوێد بۆ تێگەیشتن، دایک و باوکی نادیایش هەر وایان دەکرد: ئەوان بەڵگەیان دەهێنایەوە کە، بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەر دایک و باوکێکی نوڕوێژی لە باتیی ئەوان بووایە دەیویست هەر هەمان ڕەفتار بکات. ئەوان دەیانویست منداڵەکەیان بپارێزن. ئەوەیان نەبیستووە کە دایک و باوک لەسەر ئەوەی کە بەباشترین شێوە ڕەفتار دەکەن دەبێت تاوانبار بکرێن.

بەسەرهاتی نادیا جیاواز بوو: ئەو هەڕەشەی لێ کرابوو و پاڵەپەستۆیان بۆ هێنابوو نەکا "ببێتە نەرویجی" و لە باتیی ئەوە "ببێتە مەغریبی و موسڵمان." لەو قەدەغە کرابوو بەمەیلی خۆی جل لەبەر بکات، کوڕە هاوڕێی پاکستانیی هەبێت، ئێواران بچێتە دەر و لە چایخانەدا کار بکات. کێشمەکێشی بنەماڵەکە ئەوەندە

خراپ بوو کە نادیا لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا پێوەندیی گرت لەگەڵ "خزمەتگوزاری پارێزگـاریی منداڵان" و لە خـانوویەکی گـەنجـان شـوێنێکی پێ درا و کـەوتە ژێر پارێزگارییەوە. نادیا متمانەی بە بەڵێنی باوکی کرد کە ئەو بۆی هەیە ئازاد بێت وەکـو کـچـێکی ئاسـاییی نەرویجی ڕەفـتـار بکات و دوای هەژدەمین سـاڵوەگـەڕی لەدایکبوونی گەڕایەوە ماڵەوە. بەڵام لەبریتی ئەوە دەرمانی ئارامکەرەوەی درایە و ناردرایەوە بۆ مـەغریب. دادگـە گوێی لە کاسـێتـێکی تۆمارکراوی پێوەندییـەکی تەلەفۆنی گرت کە تێیدا دایکی نادیا دەیسەلمێنێت ئـەو هەڕەشـەی لە نادیا کردووە کە ناچاری دەکەن لە مـەغریب بمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی بەباشـی دەبێتـە ژنێکی هاوسەرداری مەغریبیی خاوەنی چەند منداڵ.

بابـەگـەورەی لایەنی دایکی نادیا، کـە سـەرۆک عـەشـیـرەتێکی بەدەسـەڵات و دەوڵەمـەندە، وەکـو شـایـەتحـاڵێک لەلایەن پارێزەرەوە بانگ کـرا. ئەو ئـاوا کـۆتایی بەشایەتیدانەکەی هێنا کە لە گەڕانەوەیدا بۆ مـەغریب، سەفیری نەرویج لە مەغریب دەداتە دادگە لەسـەر ئەوەی کە ناوبانگی بنەماڵەکەی ئەوی خـەوشدار کـردووە. ئەو هـەروەها وادەکـات مـەغریبـییـەکان بزانن کە نەرویج وڵاتێکی دیموکراتیک نییـە: دەسـەڵاتدارانی ئەویّ پێیان باشـترە باوەڕ بەکچێک بکەن هەتا دایک و باوکەکەی! قەت شتی وای نەبیستووە! پێشتر ئەو نیگارێکی کێشابوو لە بنەماڵەیەکی گەرم و بەدەربەست کە باشترین شتیان دەویست بۆ نادیا. کچەکە لەبەر سەردانی ژنەکەی ئەو، کە نەخۆش بوو سەفەری مەغریبی کردبوو.

من ناچمە ناو وردەکارییەکانی دەربڕینەکانی شایەتەکان یان ڕەوتی دادگەکە. چرای رووناکیپرژێنی ئێمـە بۆ "نامووس" ڕاهاتووە. دایک و باوکی کچەکە بەئەرکی سـەرشـانـی خـۆیان دەزانی کە نادیا دەبوو "چاک بکرێتـەوە" بـەژنێکی موسـڵـمـانی نەرویجی. بۆ ئەوان ئەمـە بابەتێکی نامـووسـی بوو؛ ناوبانـگ و پێگەی ئـەوان لەناو جـەمـاوەردا گـرێدراوی ئەوە بوو. شـێـوە ژیانی "ئازاد و سـووکی" نادیا شـەرمی هێنابووە سـەریان. کاری زێدەڕۆیانەی بێهۆشکردن و ڕفاندنی ئەو نیشانـەیەکە بۆ ئەوەی کە تا چەندە شتـەکان لە مەترسـیدا بوون. نـادیا لەسـەر ئەو باوەڕە بوو کە دایک و باوکی پشـتـیـوانییـەکی بەهێـزیان هەبوو لـە مـەغـریب؛ ئەمـە لە بنەمـاڵەی دایکیـیـەوە دێت کـە زۆر دارا و دەسـتـڕۆیشـتـوون. شـایانـی گـوتنە کـە لـە کـاتی دادگەکەدا، باوەگەورەی نادیا لەبەرئەوەی کە سەفـیری نەرویج پێشنیازی کردبوو

ئۆتۆمۆبێلێک بنێرێت نادیا هەڵگرن و بیبەن بۆ فڕۆکەخانە، ئامادەی شەڕکردن بوو وێنای بکەن، ئۆتۆمۆبێلێک بە شۆفێرێکی نەناسراوەوە بۆ ئەوەی کچێکی گەنج لە بنەماڵەکەی خۆی دوور بخاتەوە!

زۆرینەی موسڵمانان لەگەڵ ئەم تووڕەییەی ئەودا هەن، یان بەلایەنی کەمەوە لێی تێ دەگەن. نابێت قەت ڕێگە بدرێت بە کچێکی گەنج کە بەمەیلی خۆی لەگەڵ پیاوێکی بێگانەدا بێت. کردنی ئەو کارە بە مانای بێناموسییە – بەتەواوی جیاواز لەوەی کە چی بۆ کچەکە ڕوو بدات.

لە خاڵێکدا لە دادگەکە ناموس دەبێتە نیگەرانییەکی بەئاشکرا باسکراو: پرسەکە کچێنیی نادیا بوو، باوکی هێنایە پێش. لە ماوەی بەشێک لە دادگەدانەکەدا لە پشت دەرگەی داخراوەوە، نادیا گێڕایەوە کە چلۆن لەسەر ڕێگەی چوون بۆ مەغریب، ئەو لە ڕووی متمانەوە بەدایکی گوتبوو کە کچێنیی نەماوە.[٣] باوکی نووسا بەم بەشە زانیارییەوە و ڕۆژی دواتر وتارێکی ئاگرینی سەبارەت بەوە دایە دادگەکە. بەبێ ئەوەی بانگ کرابێت، داوای لێدوانی کرد و گوتی هەرچییەک لە شایەتیدانەکەی نادیادا هەیە درۆیە. چۆن دایک و باوکێک دەتوانن بەرامبەر بەمنداڵەکەیان ئەو کارە بکەن کە ئەوانی پێ تاوانبار کراون. نادیا شەرمی هێناوەتە سەر هەموو بنەماڵەکە. هەر بۆیەش ئەو ئاوها نائومێدانە هەڵدەسووڕا. نادیا چیی تر کچێنیی نەمابوو و لە مەغریب، کچێک کە کچێنیی خۆی دۆڕاندبێت هیچ داهاتوویەکی نییە؛ ئەو ڕێگەی دەکەوێتە سەر شەقام.

باوکی نادیا لە کاتێکدا سەری هەڵدەسووڕاند وتی، "لێرە لەم دادگەیە، ئێوە پێتان وایە کە ئێمە کارێکی خراپمان کردووە. بەڵام نادیا بۆیە دەگری چونکە ناموسەکەی ڕووخاوە. هەرچی دەیڵێت درۆ دەکات، هەرچی. بەڵام من دەزانم ئەو نایەوێت درۆ بکات. ئەویان ناچار کردووە بەم کارە. کەسانێک لەگەڵ ئەودا پیلانیان گێڕاوە." ئاوڕی دایەوە لە ڕۆژنامەوانەکان کە بەبۆچوونی ئەو تەنیا بەدوای ئەوەوە بوون کە لەڕێگەی بەسەرهاتەکەی نادیاوە پارە پەیدا بکەن. ئەمە بابەتێک بوو کە جار لەگەڵ جار لە ڕوونکردنەوەکانی دایک و باوکەکەدا دیسانەوە دەهاتە پێشەوە. لە ڕاستیدا هیچ هەڵەی نادیا نەبوو؛ لایەنە تاوانکارەکان خەڵکی میدیاکان و هاوڕێ خراپەکانی بوون.

هەڵبەت، جیا لەو ڕاستییەی کە نادیا کچێنیی نەمابوو و هەر بۆیەش بنەماڵەکەی بێناموووس کردبوو. گێژاوی نێوان ڕوانینی نادیا بۆ ڕاستییەکە و ئەوەی باوکی لەوێوە ئاشکرا بوو کە بەباوەڕی ئەو نادیا نائومێد بوو چونکە کچانێک کە کچێنیی خۆیان دەدۆڕێنن ئیتر لە مەغریب هیچ داهاتوویەکیان نییە. کچەکە، لەلایەکی ترەوە، داهاتوویەکی لە نەرویج چاوەڕوان دەکرد. ئەوان نادیایان وەکو کچێکی مەغریبی سەیر دەکرد کە دەبوو ببێتە هاوسەری پیاوێکی مەغریبی. نادیا بیری لەوە دەکردەوە کە مەترسی بەزۆر بەشووودانی هەیە کاتێک کە بردیانەوە بۆ مەغریب. دایک و باوکی وێنەی ئەو کەسەی دەیانویست ببێتە هاوسەری ئەو پێیان نیشان دابوو. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نەبوو، هەر بۆیە بەشووودانی زۆرەملێ نەبوو بەبەشێک لە تۆمەتلێدانەکە. دایک و باوکی نادیا تەنیا تاوانبار کران بەبێبەشکردن لە ئازادی.

لە حاڵەتی نادیادا، پارێزەر دیسانەوە بابەتی "کولتووری" نەهێنایە گۆڕ. پارێزەر، هەروەکو مامیلەکان، سیمای دایک و باوکێکی ئەویندار و بەرپرسی نەخشاند کە ئامادە بوون لە پێناوی منداڵەکەیاندا فیداکاری بکەن هەروەکو زۆربەی داک و باوکەکان. "ئاسایی بوون" بووبووە نێوی نهێنی؛ ئەوان جیاواز نەبوون، ئەوان تەنیا باشترین شتەکانیان بۆ منداڵەکەیان دەویست.

ئاخۆ دایک و باوکە نەروێجییەکان هەر بەو شێوە ڕەفتاریان نەدەکرد کە ئەوان کردوویانە؟ ئاخۆ باوکان و دایکانی نەرویجی نەیاندەتوانی خۆیان لەگەڵ دۆخەکەی ئەوان پێناسە بکەن؟ بەئاشکرا ویستێک دەبینرا بۆ خولقاندنی زایەڵەیەک لە مێشکی دادوەر و دادوەران و ئەوانی تری لە دادگەکەدا بوون.

بەڵام دوایە، هەروەکو کابراکە لە قوتووەکەدا، ئەو ڕاستییە دەردەپەڕییە دەرەوە کە نادیا کچێنیی نییە و ئەوەی کە چەندە جیاوازی دەکات. ئێستا کچەکە لە چاوی دایک و باوکییەوە چیی تر "نەرویجی" نییە _ ئەو مەغریبییە، بەڵام هیچ بایەخێکی لە کۆمەڵگەی مەغریبدا نییە. ئەوەی کە نەماوە وێنەی ئەو کچەیە کە ئەوان ڕێگەیان پێ دەدا ببێتە هاوسەری هەر کەسێک خۆی پێی خۆش بوو _ تەنانەت پاکستانییەک. سیمای ژنێکی وەعەرزداکەوتوو دەگەڕێتەوە.

ئاخۆ ئەمە ئەو حاڵەتە نییە کە "باوکەکە" بەزۆر نادیا فرێی دەداتە بەرچاوی

هەمووان؟ ئاخۆ ئەمە ئەو نییە کە شەرم دێنێتە سەر بنەماڵەکە بەوەی کە ئەو شتە ئاشکرا دەکات کە نادیا لە پشت دەرگەی داخراو و لە ژووری دادگەدا قبووڵی کردبوو؟ بێناموسی، هەروەکو نیشانمان داوە، کاتێک دێتە پێش کە هەمووان بیزانن. چما ڕاگەیاندنی شایەتیدانی نهێنیی نادیا بۆ هەموو کەس؟

دەتوانێت ئەوە بێت کە باوکەکەی پێی وانەبوو دەربڕینەکانی نادیا لە پشتی دەرگەی داخراودا دەمێنێتەوە. یان لەوانەیە ئەوەندە هەستی بەسووکایەتی کردبێت کە دەشێت ڕێگە بدات هەمووان بزانن ئەو کچە چەندە بێ قیمەتە. بەڵام، ئەمانە بەڵگەهێنانەوەی "نەرویجی"ن – دنیا ئەو جۆرەی "کەسانی لە دەرەوە" دەیبینن. لە گۆشەنیگای دایک و باوکی نادیاوە و کەسانی وەکو ئەوان، ئێمە دەبوو تێ بگەین کە ڕاستییەکە جیاوازە: ناوبانگ بەپلەی یەکەم دێت. هەر کچێک وەکو نادیا بژیێت بەکەسێکی بێ شەرم سەیر دەکرێت – ئەمە قابیلی خۆ لێ دەربازکردن نییە. لە بەردەم جەماوەردا خۆدوورخستنەوە لەو شتەی کچەکەی قبووڵی کردووە لەوانەیە وەکو فێڵی باوکی چاو لێ بکرێت کە بۆ پاراستنی ناموسیی خۆی دەیکات. ئەو هۆکاری زۆری هەبوو بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دەنگۆیەک کە ماوەیەک بوو دەسووڕایەوە و بۆ جەختکردن لەسەری: ناموسەکەی من هیچ بژارەیەکی ترم بۆ ناهێڵێتەوە ئەوە نەبێت کە منداڵەکەی خۆم فڕێ بدەم.

دایک و باوکی نادیا سزا دران هەریەک بە یەک ساڵ و یەک ساڵ و شەش مانگ زیندانیی هەڵپەسێردراو. ئەمە کەمتر لە لانیکەمی سزا بۆ ئەم چەشنە لە تاوانە کە دژ بەوان سکاڵای لەسەر کرابوو. ئەوان دەستبەجێ داوای پێداچوونەوەی حوکمەکانیان کرد. کاتێک باوکی نادیا شەش مانگ دواتر مرد، تاوانەکە کێشرایەوە. بەکردەوە دایک و باوکەکە هەردووکیان تاوانەکەیان لەسەر لابرا. دادگە ئومێدەوار بوو ئەمە بتوانێت یارمەتیی بدات ئاشتبوونەوەیەک لە نێوان نادیا و بنەماڵەکەیدا بێتە ئاراوە.

براکەی کە ئێستا بووەتە هەژدە ساڵ و باوەڕی بەناموسەکەی هەبوو، دژ بەم کێشرانەوەی تاوانە وەستا. ئەو داوای کرد ناموسی بنەماڵەکەی بە ئاشکرا لە دادگەدا بگەڕێندرێتەوە. بەڵام داخوازییەکەی ڕەت کرایەوە.

نادیا لە دادگە گوتبووی کە باوکی وەکو وەڵامێک بە تکاکردنە بەهێزەکەی

سـەفـیـری نەرویج لە مـەغـریب ویسـتـبـووی ئەو ئازاد بکات. بنەمـاڵەی دایکی ڕاوەستـابوون؛ ئەمە ئەوەی گەیاند کە باوکی ئەو کەسی سەرەکی نەبوو. بنـەماڵەی بەدەسەڵاتی دایکی بوون کە کارتێکردنێکی زۆریان هەبوو لەسەر بڕارەی باوکی بۆ هەڵسوکەوتکردن. باوکەکە وەکو زاوای بنەماڵەکە، ئەرکێکی لەسـەر شـان بوو بۆ ڕێزگرتن لە پیاوانی مـاڵە خـەزوورانی. باوک و بـراکان؛ پیـاوێکی گەنجتـر دەبێت ڕێزی بەسـالاچووان بگرێت. کەوابوو نامـووسیی ئەو لەگەڵ هی ئەوان لێک دەئالاَن. ئەو هەرچییـەکی کردبایە سـەبارەت بەکچەکەی کاردانەوەکـەی دەگەڕایەوە سـەر ئەوان. ڕەفـتـاری نادیا هـەر تەنیـا بابەتێک نەبوو بۆ دایک و بـاوکی ئەو؛ ئەمـە زۆر بەتەواوی دەگەڕایەوە سەر بنەماڵە مەغربییەکەی دایکی بەتایبەت کە حاڵەتی نادیا سەرنجێکی زۆری هەم لەوێ و هەم لە نەرویج بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

دادگـەیەک کـە وای پێ بـاش بوو باوەڕ بەکـچـێکی گـەنج بکات لە باتیی دایک و باوکی! هـەڵبـەت باوەگـەورەی نادیا زۆر هەڵچـووبوو و بڕیاری دابوو کـە گـەڕایەوە وڵات سـەبارەت بە شکسـتی دیموکـراسی لە نـەرویج بۆ هـەمـوو کـەس بدوێت. بنەمـاڵەی فـادیمـەیش هەر بەو ئەندازە تووڕە بوون کە بۆیان دەرکـەوت دادگەکـە و میدیاکانیش متمـانەیان بە سونگیول کرد. کاتێک کۆمـەڵگەکان بە قورسـی لەسەر ئەو باوەڕە دەوەستن کـە ژیری و زانست تەنیـا لەگەڵ تـەمـەندا دێت، هاسـانکاریی ئاوەها بەرامبەر بەگەنجەکان قابیلی قبووڵ نییە.

شـەش سـاڵ دوای لەدادگـەدانی دایک و باوکی، نادیا هێـشـتـایش هـەر لە شوێنێکی نـهێنیدا دەژی. ئەو پاش مردنی باوکی لەگەڵ بنەمـاڵەکەی ئاشت بووەوە، بەڵام جارێکی تریش بووە ئامـانجی هەڕەشـەی مـەرگ کاتێک دوای مـەرگی فـادیمە هاتە پێش سـەبارەت بەئەزموونی خۆی ئاخـافتنی دا. هەتا ئەو کات ئامـادە نەبوو لەگەڵ میـدیاکان بدوێت. ئێستـا دەیەوێت ژیانی خـۆی تەرخـان بکات بۆ کارکردن لەلایەن کچـانی بەپاشخانی کۆچبەرییەوە بۆ دڵنیابوون لەوە کە مـافی مرۆڤی ئەوان پارێزراوە. ئەویش هەر وەکو فـادیمـە، دەیەوێت ئەزمـوونی ژیانی کـەڵکی هـەبێت بۆ ئەوانی تر. بەڵام ئەمە خـەریکبوو زۆر گران لەسەری بکەوێت. براکەی کە لە نەرویج لەدایک بووە چەسپاوە بەبۆچوونەکانی نامـووسەوە، ئەو بۆچوونانەی کە کاتی ئەوە هـاتووە پێـداچوونـەوەیان پێدا بکرێت. ئەمـە زۆر ڕوونە کـە ئەوە کـچـانن کـە بەم مەبەستە دەچنە مەیدانی شەڕەوە. ئەی کوڕان لە کوێن؟

دایک و دوو خوشک و براکەی تری نادیا دەیانیەوێت پێوەندییان لەگەڵ نادیا هەبێت. ئەوانیش هەر قوربانی نامووس بوون.

پاش نووسین: بەسەرهاتەکە ئاکامێکی خۆشی هەبوو. نادیا ئێستا لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاشت بووەتەوە. ئەو خەریکی خوێندنە و بەباشی ژیانی خۆی بەڕێوە دەبات. بەڵام ناچار بووە لە بەرچاو جەماوەر خۆی بکێشێتە دواوە. ئەمە لەوانەیە بەهایەکی بچووک بێت بیدەیت بۆ ئەوەی بنەماڵەکەت دەست بکەوێتەوە.

**١٤- حاڵەتی زێدینی : ئاخۆ نامووس لە مەترسیدا بوو ؟**

رۆژی ٨ی مانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٩، باربروو زێدینی، تەمەن بیست و شەش ساڵ، لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا. حەسەن زێدینی لەسەر کوشتنی بەئەنقەست بە چواردە ساڵ زیندان سزا درا. ئەو بەڕەچەڵەک توونسی بوو.

حاڵەتەکە سەرنجێکی چڕی میدیاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا هەم لەبەر تۆقێنەربوونی کردارەکە و هەم لەبەر هەلومەرجەکەی دەوروبەری. من ئەمە لێرەدا بۆیە باس دەکەم کە رووناکی بخەمە سەر دوو لایەن: چلۆن "کولتوور" لە دادگەدا دەکرێت کەڵکی لێ وەربگیرێت یان کەڵکئاوەژووی لێ وەربگیرێت و چەندە وریایی پێویستە پێش ئەوەی بڕیار بدرێت کە کوژرانێک دەبێتە کوشتنی نامووسی، تەنانەت کاتێکیش کە زەوینەی لەبار هەیە بۆ ئەوەی پێمان وابێت کە بکەری تاوان هەستی بەبێئابڕوویی کردووە. ئەمە لەوانەیە دژگۆیانە بێتە گوێ، بەڵام روونکردنەوە دەدرێت.

باربروو زێدینی لە بەشی بازرگانیی سەفەرکردن کاری دەکرد و سەماکەرێکی زۆر لێهاتوو بوو. ئەو هەم لە سەمای باڵەی کلاسیک و هەم لە سەمای مۆدێرندا ڕاهێنانی کردبوو، بەڵام لە ئەنجامدا بوو بەئەوینداری ستایلی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی سەمای عەرەبی. باربروو زێدینی لە بەردەم بینەراندا بەرنامەی بەڕێوە دەبرد، خولی فێرکاریی دەگێڕا و بوو بەکەسایەتییەکی ڕێبەر لە کۆمەڵگەی سەمای عەرەبیدا، هەم لە وڵات و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا. ئەو لە ئاستێکی بەرزدا ڕێزی لێ دەگیرا لەبەر ئەو شتەی کە بوو، هەروەها بۆ سەماکردنەکەی و مەرگی ئەو بوو بەهۆی پەشۆکان و خەمێکی بەربڵاو زۆر دوورتر لە نەرویج.

بەرەچاوکردنی دۆخی لەشی ئەو ژنە لە کاتی دۆزینەوەیدا، ئەمە خۆڵێلانەدەر بوو کە پرسیارگەلێک هەڵدەخرێن سەبارەت بە پێوەندیی نێوان هاندەری کوشتنەکە و پاشخانی کولتووری بکەری تاوان. ئێمە پێویستمان بەوە نییە وردەکارییە دزێوەکان بزانین، هەرچەند لە میدیاکاندا بڵاو کرانەوە.

باربروو زێدینی شەوێک دوای ئەوەی کە بەرنامەیەکی لە رێستۆرانێک بەڕێوە برد لە ماڵەکەی خۆیدا کوژرا. ئەو کات وێ دەچێت کە ڕەوتی جیابوونەوەی لە مێردەکەی دەست پێ کردبێت. کاربەدەستان پێیان وابوو کە برا بچووکەکەی حەسەن زێدینی، کە تازە بە سەردان لە توونسەوە گەیشتبوو، یارمەتیی بکوژەکەی دابوو کە بەڵگەکان بشۆرێنەوە و تەرمەکەش لە کۆڵ خۆ بکەنەوە. نۆ رۆژ دواتر تەرمەکەیان لە جۆگەلەیەکی ناو جەنگەڵدا دۆزییەوە.

لە دادگە، حەسەن رەتی دەکردەوە کە سەمای عەرەبیکردنی ژنەکەی کێشەی بۆ ئەو دروست کردبێت. ئەو پرسیاری کرد بۆ دەبێ وابووبێت لە کاتێکدا کە سەمای عەرەبی بەشێک بوو لە کولتوورەکەی ئەو؟ هەموو ژنان ئەوە دەکەن. چۆن دەگونجێت ئەو هەستی بە شەرم کردبێت لە کولتوورێک کە ئەو تێیدا گەورە بووبوو؟ ئەو "شانازیی دەکرد" بەسەماکردنی ژنەکەوە و گیرۆدەبوونی ژنەکە بە کولتووری وڵاتی پیاوەکەوە.

کێشەیەک کە لەم بەڵگەهێنانەوەدا هەیە ئەوەیە کە کولتوورە ناوچەییەکان پشتگیریی ناکەن لە سەمای عەرەبی لەناو خەڵکدا، نە لە توونس نە هیچ وڵاتێکی عەرەبی دیکە. نە، واتە ئەگەر ئەتۆ ژنێکی بەڕێز بیت. ئەگەر لە گەرمەی جەژنێکدا سەما بکەیت، بەڵام تەنیا بەجلی پۆشتەوە و لە شوێنی خۆماڵیدا، ئەوە باشە. کەوابوو سەمای عەرەبیکردن لە بەرچاو خەڵکدا و بەنیوەی جلەکانەوە لەکەدارکردنی نامووسی بنەماڵەکەیە.

حەسەن زێدینی دەیتوانی بەئاسانی لەسەر ئەوەی کە دەیگوت بوەستێت. سەمای عەرەبی بەشێکە لە کولتوورەکەی ئەو. ئەو شتەی کە ئەو نەیتوانی باسی بکات ئەوەیە کە سەماکردن دەبێت بەپێی رێسای تایبەت و لە هەلومەرجی تایبەتدا بەڕێوە بچێت. ئەو بەسنووردارکردنی خۆی بە گشتگیرییەکان لەو ڕاستییە ڕادەکات کە سەما لەبەردەم خەڵکدا لە کولتووری نەریتی توونسیدا بە شەرمهێنەر

دەژمێردرێت، لە ڕاستیدا زۆر شەرمهێنەرە. لە باتیی ئەوە، پیاوەکە دەڵێت کە ئەو شانازیی بە ژنەکەیەوە دەکرد!

کەوابوو حەسەن زێدینی ڕەتی دەکاتەوە کە ناموس لێرەدا تێوەگلابێت. ئەگەر ئەوە قبووڵ بکەیت کە شتێک لەوانەیە کارتێکردنی هەبێت لەسەر ناموسی پیاوێک، دەبێت ئەوەش قبووڵ بکرێت کە هاندەرێکی گونجاو هەیە بۆ ئەو کارەی کە بەئەرک بۆت دانراوە. هەروەکو بینیومانە، "ناموس" لە دادگەکانی سکاندیناڤیا وەکو چەمکێکی سازش لەسەرکراو دەبینرێت. ئاماژەیەک بەناموس هیچ قازانجێکی بۆ داد لێکراو نییە. لە ئاکامدا ئەگەر قبووڵی شەرمەندەبوون بکرێت بێ فایدەیە. لە هەموو بەکارهێنانێکی سکاندیناڤیاییدا "شەرم" و "ناموس" پێوەستن پێکەوە. حەسەن زێدینی ئینکاری دەکات کە هەستی بەشەرمەندەبوون کردووە. دایک و باوکی نادیا هەرگیز باسی شەرمیان نەکرد و ڕەحمی شاهیندالْ تەنیا لە چەند بۆنەیەکی کەمدا باسی کرد.

من لە ساڵی ٢٠٠٢دا نووسیم، "من پێشبینیی سیناریۆگەلێک دەکەم لە سکاندیناڤیا کە لەسەر بناغەی وشیارییەکی زیاتر دەبێت لە ناموس؛ تەنانەت لەوانەیە دادگەکان ببنە دیدەبان بۆ "ناموس" – و هاوتاکەی، بێناموسی – وەکو هاندەرێک بۆ کردەوەکانی توندوتیژی. لە هەمان کاتدا تاوانبار ناموس و شەرم کەمنرخ دەنوێنێت یان تەنانەت ئینکاری دەکات کە ئەم چەشنە چەمکانە هیچ پێوەندییێکیان هەبێت." ئەمە لە ڕاستیدا رووی داوە. کەسانێک لە دادگە مەیلەو ئەوەن کە ڕاگەیاندن بدەن سەبارەت بە کولتوورەکەیان کە دەبێت زۆر بەگومانەوە وەربگیرێت. ئەوە قابیلی پێشبینی بوو کە باوکی فادیمە دەبێ بڵێت لە ناوچەی وڵاتی ئەوان لە تورکیا هیچ کوشتنێکی ناموسی نییە و ئەوەی کە حەسەن زێدینی دەبێت بڵێت سەمای عەرەبی بابەتێکە لە کولتووری ئەودا مایەی شانازییە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا، کوشتنی باربرو زێدینی وەکو کوشتنی ناموسی ئاماژەی پێ کراوە. ڕاگەیاندنی من وەکو شایەتێکی پسپۆڕ لە دادگەی ناوچە بۆ پشتگیری لەم بەرەنجامە کەڵکی لێ وەرگیراوە. بەڵام ئەمە لەسەر ئەساسی خراپ لێ تێگەیشتنێکە. لەناو کۆڕەکانی سەمای عەرەبیدا هەم لە نەرویج و هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا، شایەتیدانی من بوو بەهۆی قەڵسبوونێکی گەورە لەبەرئەوەی

هەوای ئەو ڕۆمانسە باتێکراوەی کە لە دەوروبەری سەماکەدا هەبوو خاڵیی کردەوە و لە باتیی ئەوە لە چوارچێوەیەکی کولتووریدا داینا کە لەوێدا سەمای نیوە ڕووت لە بەرچاو خەڵکدا بەواتای شەرمە. سیماگەلێکی سەرەکی لە جیهانی سەمای عەرەبییەوە پێوەندییان لەگەڵ من گرتووە و گوتوویانە چەندە باش بوو کە من ئەم باسەم وەگەڕ خست، هەرچەند من بەبێ مەبەست ئەو کارەم کرد. بەڵام ئەمە زیانی نییە ئەگەر چالاکوانە ڕۆئاواییەکان ئاگەدار بن لە نەبوونی تایبەتمەندیی ڕەسەنایەتی، ئێستەتیک و ڕۆمانتیک کە "ئەوان" لە سەمای عەرەبیدا دەیبینن.

باربروو زێدینی سەماکەی کامڵکرد بۆ هونەرێکی ڕاستەقینە و بەڕەسمی ناسینێکی نێونەتەوەیی بۆ پایەبەرزبوونی خۆی وەدەست خست.

زۆر سەیر بوو کە حەسەن زێدینی هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی نەبوو بۆ دەربڕینەکانی من کە نیشانم دەدا چۆن لە وڵاتەکەی ئەو سەمای عەرەبی لە بەردەم خەڵکدا شەرمە، بەپێچەوانەی دژایەتیی توندوتۆڵی ئەو دژ بەئامادەبوونی من لە دادگەدا وەکو شایەتێکی پسپۆڕ. من هەستم دەکرد ئەو دەزانێت کە من دەزانم. هەتا ئێرە هەردووکمان لەسەر هەمان هێڵ بووین.

لەلایەکی ترەوە، من قەت نەمگوتووە کوژرانی باربروو زێدینی کوشتنێکی نامووسی بوو. سەماکردن بەقۆڵ، شان و سکی ڕووت لەبەر ڕوانینی زەقی بینەراندا شەرمهێنەرە لە ئەفریقای باکور و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەمە لە گوێن پێناسە، ئەوە ناگەیەنێت کە حەسەن زێدینی بەهۆی بەرنامەکانی ژنەکەیەوە هەستی بەبێناموسی کردبێت. خەڵک جیاوازن و ئەمە لە هەموو شوێنێک ڕاستە. زێدینی نزیکەی دە ساڵ لە نەرویج ژیابوو. هەر لەبەرئەوەی کە ئەو موسڵمان و عەرەبە نابێت خێرا باز بدەینە ناو بەرەنجام وەرگرتن کە ئایدیاکانی نەرویج هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەو نەبووە. بەڵام ئێمە دەتوانین بانگەشەی ئەو سەبارەت بەوەی کە سەماکردنی باربروو بۆ خەڵکانی بە پاشخانی ئەوەوە قابلی قبووڵە، ڕەت بکەینەوە. پیشەی ژنەکە بۆ ماڵی خەزوورانی لە توونس بەنهێنی مابووەوە، کە باربروو لەگەڵ ئەوان پێوەندییەکی بەگشتی گەرم و نزیکی هەبوو.

کۆمەڵگە و کۆمەڵی وا هەن کە تێیدا پیاوەکە شەرمەندە دەبێت ئەگەر ژنەکەی داوای جیابوونەوە بکات. خەڵکانی نزیک لە "باربروو زێدینی" دەڵێن ئەو خەریک

بوو ڕێک ئەو کارە بکات. مێردەکەی ئەوە ڕەت دەکاتەوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕاست بێت کە ژنەکە داوای جیابوونەوەی دەکرد و ئەویش ئەوەی دەزانی، وا ناکات کە کوشتنەکە بابەتێکی نامووسی بووبێت. ژنانی توونسی دەتوانن بەبێ تۆڵەکردنەوە جیا ببنەوە. حەسەن زێدینیش لەوانەیە بەتەواوی هەستی بەسووکایەتی کردبێت، وەرنەگیرابێت، دڵپیس و بێدەرەتان بووبێت، هەر ئەندازە شتی گونجاوی هەستیار کە دێتە مێشکەوە.

بۆ ئەوەی کوشتنێک بە کوشتنی نامووسی ناو ببرێت دەبێت نیشان درابێت کە بکەری تاوان ئەندامێکی "تاقمێکی نامووسی"یە کە ڕێسایەکی هاوبەشی نامووسییان هەیە. لەم حاڵەتەدا لەسەر بناغەی ئەوەی کە لە دادگەدا نیشان درا، ناتوانین ئەو کارە بکەین. تەنانەت زانینی ئەوەی کە خزمە توونسییەکانی "باربروو زێدینی" هەتا سەردانی ئەم دواییەی هێوەرەکەی ئاگاداری پیشەی دووەمی ژنەکە وەکو سەماکەر نەبووبوون، کاریگەری نەبووە لەسەر بەرەنجام وەرگرتنەکەی من. بکوژی ژنەکە کەسێکی گیرۆدەی هیرۆین بوو، بۆیە دۆستانی "باربروو" پێیان وابوو کە لەکیسچوونی سەرچاوەیەکی داهاتی بنەماڵەیەک وا دەکات جیابوونەوەکە دوورنمایەکی وەها هەڕەشەئامێزی هەبێت. حەسەن ئەگەر حوکم نەدرایە، ئەو بوو کە میراتی پێ دەدرا. ئەپارتمانی دوو هاوسەرەکە بەنێوی ژنەکەوە بوو.

کەوابوو، بەرەنجام: لەوانەیە بۆ حەسەن نامووس لە مەترسیدا بووبێت، بەڵام ئەمە زۆر دوور ڕۆیشتنە ئەگەر ڕابگەیەندرێت کوشتنی ژنەکەی لەلایەن ئەوەوە "دەبێت" کوشتنێکی نامووسی بێت. ئەو لەوانەیە هاندەرگەلێکی تێکەڵاوی هەبووبێت. بۆ ئەوەی کوشتنێکی نامووسی جێگیر بکرێت، پێویستە بەڵگە لە بەردەستدا بێت کە لە لەدادگەدانەکەی زێدینیدا پێشکێش نەکرا. بەپێچەوانە، ئاماژەی زۆر هەیە نیشانی دەدەن کە ماڵە خەزوورانی "باربروو" لە توونس ئەویان خۆش دەویست، ڕیزیان لێ دەگرت و لە مەرگەکەیدا زۆر بۆی ئازیەتبار بوون.

ئێستا وەرن با حاڵەتێکی تر بدەینە بەر تاقیکردنەوە کە تێیدا کوشتنێکی نامووسی جێگیر بووە و ئاشکرا دیارە.

## ١٥- کوشتنەکەی لیۆرێنسکووگ: دووبارە بیر کردنەوە لە نامووس

لە وڵاتانی باکور پیاوانی گەورەساڵ زۆر بەدەگمەن دەیسەلمێنن کە کوشتنێکی نامووسییان ئەنجام دابێت. بەڵام ن.س. ئەو کارەی کرد. ئەو لە پایزی ١٩٩٨دا ژنەکەی خۆی کوشتبوو. سزاکەی بوو بە دوازدە ساڵ زیندان. لێکدانەوەکانی ئەو لەسەر بابەتی کوشتنی نامووسی زۆر شیاوی گوێ لێگرتنە. ئەمە هەروەها رووناکییەکی یارمەتیدەر دەخاتە سەر چارەنووسی رەحمی شاهینداڵ.

ن. س. دووجار لەگەڵ رۆژنامەی Verdens Gangی نەرویجی چاوپێکەوتنی هەبووە، یەکیان ساڵی ١٩٩٨ و ئەوی تر رێک دوای مەرگی فادیمە. ئەم گێرانەوەی خوارەوە لەسەر بناغەی ئەو چاوپێکەوتنانەیە.

ن. س. کاتێک کە تەمەنی سی ساڵ بوو، گۆڕا و بوو بەبکوژ. ژنەکەی کاتێک کە مرد بیست و چوار ساڵان بوو. دایکی هەردووکیان دەستپێشخەری هاوسەرکاریی زۆرەملێی ئەوان بوون. ن. س. پلەی ماستەری وەرگرتبوو لە رۆژنامەوانیدا. ئەو کارێکی باشی لە پاکستان چاوەڕوان دەکرد و زۆری پێ خۆش نەبوو بگوێزێتەوە بۆ نەرویج. بەڵام بنەماڵەکەی پێیان دادەگرت کە بەرژەوەندی ئابووریی ئەو لە نەرویج باشتر دەبێت. پاش ساڵێک دەزگیرانداری، کە دوو گەنجەکە بە تەلەفۆن، نامە و ئیمەیل پێوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبوو، لە رێورەسمی شاییەکەدا لە پاکستان یەکیان بینی و دوایە پێکەوە گواستیانەوە بۆ نەرویج. لە کاتی کوشتنەکەدا ئەوان تەنیا سێ مانگ بوو بووبوونە هاوسەری یەکتر.

ن. س. پاشخانی کوشتنەکە وەکو پێکدادانی کولتوورەکان دەگێڕێتەوە. هۆشدارییان دابوویە کە لەوانەیە بۆی دەرکەوێت تا چ رادەیەک ژنەکەی بووەتە رۆئاوایی. ئەو لەسەر تێگەیشتنێک لەگەڵی هاوسەرکاریی کردبوو کە "کچێکی رۆهەڵاتی" بوو کە رێزی لە داوونەریتی ئاسیای باکور دەگرت. بنەماڵەی خودی خۆی ئاینی و کۆنەپارێز بوون. ئەو خوێندەوارییەکی زۆر باشی هەبوو و ئینگلیزیی زۆر باش دەزانی، بەڵام لە هەمان کاتدا، پێداویستییەکانی ژنەکەی رقی هەڵدەستان. ژنەکە جلی وای لەبەر دەکرد کە زۆر ناسک بوون، لەگەڵ پیاوانی نەرویجی دۆستایەتیی هەبوو، تەنانەت قبووڵی دەکرد لە کاتی چوونە لای پزیشک و لە بەردەم پیاوێکی دوکتۆردا جلەکانی دابکەنێت. ئەمە بۆ پیاوەکە ئێجگار زۆر بوو:

ژنەکـە هـەتا ئەوپـەڕی ترسـێنـەربوون ئازاد بـوو. ئەوان بەشـێـوەیەکی بێ کـۆتـایی مـشـتـومڕیـان هـەبوو و پاش سـەردانی لای دوکـتـۆرەکە، پیـاوەکە کۆنتـرۆڵی لەدەست دا.

"ئەو لە ژووری دانیشـتن سـەیری تـەلەڤزیۆنی دەکرد. من یەخـەی کراسـەکەیم گرت و بەرزم کــردەوە، دوایە ڕام کــێــشــا ســـەرەتا بەرەو ژووری نـووسـتن و دوایـە بۆ ئاشپەزخانەکە. لەوێ چەقۆیەکم کەوتە دەست و بەسـەریدا قیژاندم "دەتکوژم!"

ئەو زۆر تۆقیبوو. دەستی کرد بەگریان و ئا ئەو کاتـە بوو هـەموو شتێکم لەکیس چوو. من قەت نـاتوانم ئەو ساتە دیسـانەوە بگەڕێنمەوە. ئەو دەگریـا و من دەگریام. من ئەوەندە شـەرمەزار بووم لەسـەر ئەو کارەی کردبووم."(١)

دوای ئەوە ژنەکـەی چوو بۆ لای دایـکی و لەگـەڵ ئەو دەژیا. بەدرێژاییی مـانگێک دوای ئەوە ن. س. بەبێدەرەتانییـەوە هـەوڵی دا و هـەر شـتێکی دەیزانی کـردی بۆ ئەوەی ژنەکـە ڕازی بکات بگەڕێتـەوە لای ئەو، بەڵام هیـچ فـایدەی نەبوو. لـەو شـەوە چارەنووسـســازەدا خـەسـووی هاتبـوو بۆ دیتـنی پیـاوەکە. خـەسـووی گـوتی هیچ ئومـێدێکی نـەبێت؛ تەنیا کارێک دەتوانێت بیکات ئەوەیە بگەڕێتـەوە بۆ پاکسـتـان. ئەمە ئەو ساتە بوو کە ئەو بڕیاری دا لە بەرچاوی ژنەکەیدا خۆی بکوژێت. ئومێد بە هیچ شتێک نەمابوو. خۆکوشتن تەنیا شتێک بوو بۆی مابووەوە.

ئەو ڕۆژنامەوانەی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا دەکرد پرسیـاری لێ کرد، "لەبەرچی بۆت نەگونجـاو بوو بگەڕێیتـەوە بۆ پاکسـتـان؟" وەڵامـەکە ئەوە بوو کە ئەو ژنەکـەی خۆی خـۆش دەویست و لە پاکسـتـان هیچ داهـاتوویەکی گونجـاوی بۆ خـۆی ڕەچاو نەدەکرد. هـەڵبەت کێشـەکە بنەماڵەکـەی بوو: "ئەوان لەسـەر گـەڕانەوە بەرۆکیـان پێ دەگرتم. من ئەوەم بۆ نەدەکرا. من نامووسـی خۆمم لەدەست دەدا."

لە باتیی ئەوە ئەو هـەسـتا چوو بۆ مـاڵی بنەمـاڵەی ژنەکـەی لە لیـۆرێنسکووگ کـە دەکەوێتە دەرەوەی شـاری ئۆسـلۆ. "من لە ئاشپـەزخانەکە دانیشـتبـووم و دوایە ئەو هـاتە ژوورەوە. ژنـەکـە زۆر لەگـەڵم زبر بـوو، من دەگـریـام و ئەو دەیگوت مـن دەبێت بچـمـە دەر، کە هـاوسـەرێتـییـەکـەمـان بێ فـایدە بوو... دەسـتی کرد بەگاڵتـەکردن بەمن، پێی گـوتم تـرسنۆک، پیـاوێکی بێنامـووس و دوایـە... دەزانی، دوای ئەوە... نازانم چۆن ئەوە ڕووی دا."

که قسه دەکات، دەگری، ڕوومەتی بەدەستەکانی شاردووەتەوە.(٢)

دوای کوژرانی فادیمە، ڕێگەمان پێ درا لە لێکدانەوەکان و ئەزموونەکانی ن. س. لەسەر کوشتنی نامووسی ئاگەدار بین، کە بەو نرخە گرانە دەستی کەوتووە. ئێستا ئەو بەشێوەیەکی قووڵ پەشیمانە لەوەی کردوویەتی، بەڵام دەزانێت کەسانێکی زۆری تر هەن کە لە چەشنی ئەو بەرپەرچدانەوەیان ئەبێت.

"ئەتۆ چاوەڕوانی ئەوەت لێ دەکرێت کە بکوژیت. ئەوە گرینگ نییە کە دواتر چەند خراپ کاریگەری لەسەرت دەبێت. کاتێک ئەتۆ لەگەڵ شتێکی وەها بەرەوڕوو دەبیت، وێ دەچێت ئەوە تەنیا بژارەیە."(٣)

ئەو دەچێتە ناو وردەکارییەکانی بەسەرهاتە تراجیدیایەکی خۆی بۆ ئەوەی وابکات کەسانی تری لە دۆخی وەکو ئەودا بۆیان دەرکەوێت کە کوشتن ڕێگەچارەیەکی خراپە.

ئەو چاوەڕێی دەکرد بتوانێت پاش تەواوبوونی ماوەی سزاکەی لە هاوینی ٢٠٠٥دا بگەڕێتەوە بۆ پاکستان. لە نەرویج ئەو هەموو ژیانی نیشانەی پیاوێکی پێوە دەبیت کە کەسی کوشتووە، بەڵام لە پاکستان دەتوانێت ژیانێکی ئاسایی هەبێت.

"پێم وایە وەزعەکە باش دەبێت. ئەمە یارمەتیی دەدات کە خەڵک، لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت تێ بگەن چی ڕووی داوە."

ئەو کێشەی هەبووە لە مێشکی خۆی تێ بگات کە چۆن توانی ژنەکەی خۆی بکوژێت. ئەو پێی وایە ئەمە پێوەندی بە کولتوورەوە هەیە. "لە ڕوانگەیەکەوە، ئەمە پێوەندیی هەیە بە میکانیزمێکی کۆمەڵناسانەوە، ئەو چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییانەی لە پیاوێک هەیە. کاتێک کە تۆ لەگەڵ ئەم چەشنە چاوەڕوانییانەدا بەرەوڕوو دەبیتەوە، هەست دەکەیت هیچ بژارەیەکی ترت نییە. ویژدانت پێت دەڵێ ئەتۆ دەبێت چی بکەیت."

ئەو لەسەر چۆنیەتیی گەورەبوونی خۆی لە پاکستان دوا و ئەوەی کە چۆن بیری دەکردەوە کوشتنی مرۆڤێکی تر لە دەروونی خۆتەوە سەرچاوە دەگرێت. "ئەم چەشنە شتانە لە کۆڕی بنەماڵەکەدا باس دەکرێن. من لە بیرمە کاتێک لە نێوان پازدە و بیست ساڵ تەمەنم بوو، چۆن سەبارەت بەم شتە لەگەڵ ئامۆزاکان و

براکانمدا قسەمدەکرد. ئێمە وەهامان دەنواند کە بۆ ئەنجامدانی ئەمە ساز و تەیار کرابووین. پێم وایە ئەوە سەرەتاکەیەتی."

ئەوەی چاوپێکەوتنەکە دەکات دەیەوێت بزانێت "نامووس چییە؟" ن. س. روونی دەکاتەوە کاتێک دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنێکی پاکستانی، ئەو شەرمەزار کراوە. ئەمەیە ئەو شێوەیەی پیاوێک هەست دەکات ئەگەر ژنێک لە بنەماڵەکەیدا پەیوەندییەکی ناشایستی لەگەڵ پیاوێکدا هەبووبێت. ئەتۆ بەچەشنێک هەست دەکەیت دەستدرێژی کراوەتە سەرت. باشە خۆ لە حاڵەتی ئەودا ئەمە ڕووی نەدا، ژنەکەی هیچ پێوەندییەکی نەبوو، بەڵام ئەو بەهەمان شێوە هەستی دەکرد: نامووسەکەی پێوەندیی بەرەفتاری ژنەکەیەوە هەبوو.

"نامووس هەموو ژیانتە. کاتێک کە هەتە، ڕێزلێگیراویت. بێناموسبوون مانای ئەوەیە کە ئەتۆ، بۆ باقیی ژیانت، ناتوانیت چاوت بە ناو چاوی دۆستەکانت، بنەماڵەکەت و ناسیاوەکانت بکەوێت."

ئەو هاتووەتە سەر ئەو باوەڕەی کە لە پیاوانێکی زۆر ئەگەر لەو دۆخی ئەودا بوونایە، هەر ئەو کارەی ئەویان ئەنجام دەدا، ئەوان هیچ بژارەیەکی تریان نەبوو. ئەو ئامۆژگارییەکی بچووکی بۆ ئەو کەسانە هەیە. "ئەوان دەبێت هەوڵ بدەن پێناسەیەکی باشتریان لە نامووس بۆ دەرکەوێت. نامووس واتە گرینگیدان بە کەسێک و ڕێزگرتن لەو کەسە نەک..."(٤)

ئەم وشەگەلە باش هەڵبژێردراون، ڕۆژێک دوای ئەوە گوتراون کە هەواڵی کوژرانی فادیمە زانرا.

پەیامی فادیمە بۆ ئێمە ئەمە بوو: کەسانێک کە لە چوارچێوەی کوشتن لەسەر نامووسدا بیر دەکەنەوە ئەوانەن کە خۆیان قوربانیی کولتوورێک، سیستەمێک، پێکهاتەیەکن کە وادەردەکەوێت هیچ بەدیلێکیان نادادتێ. فادیمە وشەی "هاوگونجی" بەکار هێنا. شکستهێنان لە خۆگونجاندندا ئەم چەشنە بیرکردنەوە و ئەم ڕێگەی دەربازبوونانە هەڵدەخڕێنێت، تەنانەت لەناو خەڵکانێکدا کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سوێد ژیاون. ئەو بیری لە دایک و باوکی دەکردەوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێینەوە لای ئەوان.

بەشی پێنجەم

# دادگەی پێداچوونەوە

**١٦- کابرای دارستانەکە**

ئێمە واین لە دادگەی باڵای سوێد کە تێیدا پێداچوونەوە لە دژی حوکمدانی باوکی فادیمە لە ڕۆژەکانی ٢١ تا ٢٣ی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٢ بەڕێوە دەچێت. کابرای دارستانەکە لێرە دەردەکەوێتەوە.

ئەوە کابرای دارستانەکە بوو فادیمەی کوشت، نەک ڕەحمی. لەوێ، دەزانی، هەرچییەک وتوومە هەڵەیە. بەشێک لە گەلاڵەی من ئەوە بوو کە دەنگێک بدەم بەبنەماڵەکە، بەڵام ئەوە چیی تر باش نییە. هەرچی لە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسدا ئەوانە گوتوویانە هەڵە بوو. ویژدانیان، ئەوانی هەژاندووە. ئێستا کاتی گوتنی ڕاستی هاتووە. بەسەرهاتێکی دراماتیکە. بۆ ئەوەی بەڕاستی بتوانن خۆتان تێکەڵ بکەن، دەبێت وا هەست بکەن کە بەشێکن لە دۆخەکە و لەگەڵی بەرەو پێشەوە بچن:

ئێوارەیەک ئێوە لەماڵەوەن و سەیری تەلەڤزیۆن دەکەن. زەنگی دەرگە لێ دەدات. کابرای لە دەرەوەی دەرگە کەسێکە ئەتۆ دەیناسیت. ئەو دەڵێت، "خێراکەن. کەوشەکانتان لە پێ بکەن و لەگەڵ من دەرکەون!" ئەو کابرا دەستتان دەگرێت: "گوێ بگرە و ڕێک ئەو جۆرە بکە من پێ دەڵێم! ئەمن کچەکەی تۆم کوشتووە! ئێستا، ڕێک ئەو کارە بکە من پێت دەڵێم!"

ئێوە هەردووکتان پێکەوە بەرەو لای شوێنی پارکینگێک لەو نزیکانەدا دەچن. ئۆتۆمۆبێلێکی سپی کە ماتۆڕەکەی هەڵکراوە لەوێ پارک کراوە. کابراکە ناچارت دەکا بچیتە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەوە و پێت دەڵێ تەلەفۆن بکەیت بۆ کچەکەت. ئەتۆ پەشۆکاویت و ژمارە تەلەفۆنەکەت نایەتەوە بیر، بەڵام ژمارەی ئامۆزاکەت دێتەوە

یاد. ئەتۆ بەئامـۆزاکـەت دەڵێـیت، "من کـچـەکـەمم کـوشـتـووە." (دوایە، ئامـۆزاکـە پێوەندی دەگرێت بەپۆلیسـەوە.)

کابراکە لێ دەخورێت بۆ دارستانێکی بچـووک و لە ئۆتۆمۆبێلەکە دێتە خوار. ئەو مل دەنێت بەرەو ناوەوەی دارسـتـانەکـە. ئەتۆ دوو سـەعـات لەژێر دارسنەوبـەرێکدا دەوەسـتـیت لە کـاتێکدا کـە ئەو سەبارەت بـەوەی کە رووی داوە، هـەمـوو شـتێکت بۆ دەگێـڕێتـەوە. "دەزانی، دووان لە کـچـەکانت و ژنەکەت پێکەوە بوون کـاتێک مـنیـان بینی!" (لە ئەپارتمانەکەی سونگیول)

ئەتۆ لێی دەپرسـیت: "بەڵام ئەگـەر ژنەکـەی من تۆی بینیـبێت، چۆن دەتوانێـیت بڵێیت من ئەو کچەم کوشتووە؟"

کـابراکـە گەرووت دەگرێت. ئەتـۆ لەگەڵی بـەشـەڕ دێیت. نینۆکـەکانی دەچێتـە نێو گۆشـتی لەشتـەوە. هـەردووکتـان وەعەرز دەکـەون. کاتێک تۆ خـۆت دەردەهێنیـتەوە و هـەڵدەسـتـیـتـەوە، ئەو دەڵێت دووجـار تەقـەی لە سـەری کـچـەکـە کـردووە بەڵام گوللـەیەکی تێدا مـاوە. "دەتکوژم. گوێم لێ بگرە! ئەگەر ئەو جۆرەی من پێت دەڵێم وانەکەیت خۆت و هەموو بنەماڵەکەت و نەوەکانیشت دەکوژم!"

ئەمـە ئـا ئەوایە کـە ڕەحـمی شـاهیندال ڕازی بـوو بەتاوانبـار دابنرێت. لـەبەر خاتری بنەماڵەکەی بوو. کابرای ناو دارستـانەکە ناچاری کرد هـەردووکیان چاکەت و کـەوشـەکانیان بـگۆڕنەوە. لە مـاوەی ئەو دوو سـەعاتـەدا لە دارسـتانەکە کـابراکـە ڕەحمیی ئاگەدار دەکاتەوە سەبارەت بە ڕووداوەکە و کاتێک هـەر کامەیان بەلایەکدا ڕۆیشـتن، ئەو دەمـانچـەکـەی خسـتـە گیرفـانی ڕەحـمی و پێی گـوت دوایە چی بکات: "بڕۆ بۆ لای پۆلیس و یەکسـەر خـۆت تەسلیم بکە." ڕەحـمی ملکەچی بـوو، سـەرەتا تەلەفـۆنی کـرد بۆ خزمـێکی تری (فـەرمـانی پێ درابوو ئەو کـارەش بکات) بۆ ئەوەی پێی بڵێت لە کوێیە و با پۆلیسیش بزانێت لە کوێ بیدۆزێتەوە.

ڕەحـمی سـوێند دەخـوات کە ئەو بێ گـوناهـە: "من ئەم کـارەم نەکـردووە. قـەت لە ژیانمدا نەمـتوانیـوە شـتی وا بکەم! من شـتـەکەم بەسـەر خـۆمـدا هێنا. ئەو کردی. بەڵام ئەو هەڕەشـەی لێ کردم."

دادوەری گشـتی لە باتیی ئـەوەی خێرا لـەم گێڕانـەوەی ڕەحـمی بکۆڵێتەوە و وەلای بنێت، لە داد لێکراو دەپرسێ ژیانی خۆی و بنەماڵەکەی لە سوێد بگێڕێتەوە. باوکی

فادیمە ژیانێکی خۆشی هەبوو. "بنەماڵەکەی من لێرە زۆر خۆشبەخت بوو. بەڵام دوایە، ئەو کچە، کێشەی بۆ خوڵقاند، کێشەی سەبارەت بەڕێورەسمی شاییەکە..."

دادوەری گشتی دەیگەڕێنێتەوە سەر ژیانی خۆی و هی بنەماڵەکەی. ڕەحمی لەوە دەدوێت کە چۆن ئەو هەژدە مانگ چووە خوێندنگە بۆ فێربوونی زمانی سوێدی پێش ئەوەی بەدوای کارێکدا بگەڕێت. ئەو هەموو ژیانی کاری کرد هەتا ئەوەی کە نەخۆش کەوت و دەستی کرد بەوەرگرتنی دەرماڵە لە ۱۹۹۸دا.

"ئەتۆ سەبارەت بەشێوەی ژیانی خۆت و بنەماڵەکەت لە سوێد چۆن بیرت دەکردەوە؟"

"زۆر چاک، بەڵام دوایە کێشەکان لەگەڵ ئەو کچە سەریان هەڵدا."

دادوەر دەیەوێت بزانێت ئاخۆ چ جیاوازیگەلێک هەیە لە نێوان گەورەکردنی منداڵ لە سوێد و لە وڵاتی لەدایکبوونی ڕەحمیدا. ڕەحمی دەیسەلمێنێت، "هێندێک جیاوازی هەیە. جیاوازییەکە لەبەرئەوەیە کە کولتووری جیاواز هەیە. بەڵام لە ڕاستیدا هیچ جیاوازییەک نییە."

"ئەی هاوسەرکاری لەگەڵ کەسێکدا چۆن دەبینی؟ ئاخۆ هیچ جیاوازییەک هەیە؟"

"نە، هەروەکو یەکن. هیچ جیاوازییەک نییە. کچێک دەتوانێت لەگەڵ هەر کەس خۆشی بوێت هاوسەرکاری بکات."

بەڵام ئاخۆ ئەوە ڕاست نییە کە دوو لە کچەکانی ڕەحمی بوونەتە هاوسەری دوو برازای ئەو؟

"بەڵێ، ئەوان خۆیان ئەوانەیان هەڵبژاردووە."

ئەی ئەو هەموو هەڕەشەی کوشتنە لەسەر فادیمە چیبوو؟ ڕۆژی ١٥ی مانگی یەک ۱۹۹۸، فادیمە سکاڵای تۆمار کرد دژ بەباوکی و براکەی لەبەرئەوەی هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردبوو.

ئەوە ڕاست بوو. لەو کاتەدا فادیمە لە شاری سووندسڤاڵ دەیخوێند. ڕۆژێکیان تەلەفۆنی کرد و وتی دەیەوێت هاوسەرکاری بکات. ڕەحمی گوتی، "سەرەتا دەبێت خوێندنەکانت تەواو بکەیت." کچەکە گوێی نەدایە و گوتی، "من خەریکم

هاوسەرکاری دەکەم." ڕەحمی دوایە لەگەڵ باوکی کوڕە سوێدییەکە قسەی کرد کە لەگەڵ دایکیدا هاتبوون بۆ خوازبێنیی فادیمە. دوایە ناکۆکییەک هاتە پێش لەسەر ئەوەی کێ دەبێت پارەی شاییەکە بدات.

دادوەری گشتی بەوە قایل نییە و ئاماژە بەو سزایە دەکات کە ڕۆژی ٧ی مانگی پێنج ساڵی ١٩٩٨ دادگە لەسەر حاڵەتێک دەری کرد کە فادیمە لە دژی باوکی و براکەی بەرزی کردبووەوە. ئەو کات، فادیمە ڕای گەیاندبوو کە پێی گوتراوە ببێتە هاوسەری کوردێک لەبەرئەوەی ئەو کوڕە داهاتوویەکی هەبێت لە سوێد. واتە فادیمە گوتبووی، کچێک لە چەشنی ئەو بە پێوەندییەک لەگەڵ سوێدییەکدا وەکو قەحبەیەک سەیر دەکرێت. ئەم چەشنە کچانە دەبێت بەخوێنی خۆیان قیمەتەکەی بدەن. ئەگەر مەسعوودی برای توانیبای کارەکە بکات و بیکوژێت، ئەوا دەبوو بەقارەمان. بە بەراورد لەگەڵ ئەمە مەترسیی ئەوەی کە سزا بدرێت گرینگ نییە. ئەگەریش کوڕەکە بەهەر شێوەیەک ڕێگەی لێ بگیرێت، باوکی لە باتیی ئەو کچەکەی دەکوشت.

بەپێی ڕاگەیاندنی دادوەر، بۆچوونێکی "یەکگرتوو"ی لایەنەکان هەبوو کە "هیچ شتێک نەبوو کە فادیمە دەیتوانی بیکات بۆ ئەوەی نێو و نێوبانگە چاکەکەی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا وەدەست بکەوێتەوە."

ڕەحمی دەڵێت، "نا، ئەوە ڕاست نییە." ئەو دژ بە هاوسەرکاریی فادیمە لەگەڵ سوێدییەکە نەبوو. کێشەکە ئەوە بوو کە فادیمە پێی خۆش بوو بنەماڵەی ئەوان خەرجی شاییەکە بدەن.

سەرەڕای هەموو شتێک، وێ دەچێت جیاوازی هەبێت لە نێوان نەریتی هاوسەرکاریی سوێدی و کوردیدا، یان ڕەحمی شاهیندال وەها دەڵێت، بەڵام دەشڵێت کە هیچ جیاوازییەک نییە. کاتێک هەموو شت گوتراوە و ئەنجام دراوە، دوو کولتوورەکە لەسەر بۆچوونەکانیان سەبارەت بە بەخێوکردنی منداڵ و هاوسەرکاریی ئەوان وەک یەکن. ئەوەی فادیمە گوتبووی ڕاست نەبوو.

ئەی ئەو ڕاگەیاندنانەی پێشووی ڕەحمی سەبارەت بەوەی کە فادیمە هەراسانی کردبوو چی؟

"نا، ئەوە ڕاست نییە."

ڕەحمی بەرەوڕوو کرایەوە لەگەڵ ئەو ڕاگەیاندنانەی پێشتر کە لە دادگە و لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتبووی. ئەو پێ دادەگرێت: "قەت شتی وام نەگوتووە."

ئەی ئەو بەرامبەر بەخۆئاشکراکردنی فادیمە لە میدیاکاندا کاردانەوەی چی بووبوو؟

"ئەو کات لە کچەکەم تووڕە بووم، لەبەرئەوەی کە خۆی لە میدیاکاندا دەرخستبوو، تۆزێک تووڕە بووم، بەڵام ئەوە گوزەرا... دەزانی چییە، ئەو ئەگەر بخولێتەوە و درۆبکات، ئەتۆ تووڕە دەبیت، هەڵبەت، بەڵام ئەوە ئەو کات بوو. من بەهەرحاڵ هەر تۆزێک تووڕە بووم."

کاردانەوەی ئەو چۆن بوو کاتێک خزمەکانیان بەو شتەیان زانی؟

"ئەوان خۆیان لەو کارانە تێ هەڵنەدەقورتاند کە تایبەت بوو بەبنەماڵەی ئێمە. من هەستم بەشتێکی تایبەت نەدەکرد."

دادوەری گشتی یەک لە دوای یەک، چەند کورتەیەک لە ڕاگەیاندنەکانی ڕەحمی بۆ دادگە و پۆلیس دەخوێنێتەوە. ئەو وەڵامەی کە بەردەوام لێ دەدرێتەوە برێتین لە "ئەو کچە شتی سامناکی بەرامبەر بەمن دەکرد" و "ئەو لە بەردەم بیروڕای جیهانیدا من و بنەماڵەکەمی نیشان دەدا."

بەڵام، ئەمە "کابرای دارستانەکە"یە خەریکە دەدوێت. ئەوە ئەو بوو کە بەڕەحمیی گوتبوو تا دواین وردەکاری چی دەبوو بڵێت.

دادوەری گشتی لێدوان دەدات، "ئەو ڕێنوێنیی ئێجگار وردی پێ داویت، ئەم کابرایە لە دارستانەکەدا."

"بەڵێ وایە. ئەو مێشکی منی شۆردبووەوە."

باشە هاندەری کابرای دارستانەکە بۆ کوشتنی فادیمە چی بوو؟

"ئەو نەیویست پێم بڵێت."

"من لەم پلانە تێ ناگەم. لەبەرچی دەبێت ئەتۆ گوناهی کارێک وەئەستۆ بگریت کە ئەو کردوویەتی؟ ئەو بۆچی هەر ئەوەی نەکرد کە لە پڕ بڕوات و لە بەرچاوان ون بێت؟"

ڕەحمی هیچ وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە نەبوو.

دادیاری گشتی دەیەوێت بزانێت ئاخۆ وانییە کە ڕەحمی هێشتایش دەترسێت کە قسە بکات؟ بەڵێ، ئەو هێشتایش لە کابرای دارستانەکە دەترسێت. بەڵام لەبەرئەوەی کە دادگەی سەرەتایی ئەوی بەتاوانبار راگەیاند ئێستا هەست دەکات کە دەتوانێت قسە بکات. جگە لەوەش، ئەو نایڵێت کابراکە چۆن بوو.

ئەمجار دادوەری گشتی دەپرسێت ئاخۆ هەست دەکات کە بەڕاستی چیرۆکەکەی ئەو جێگەی باوەڕکردنە؟ لەوانەیە ئەزموونی ئەو لە دادگەی ناوچەیی لە ئوپسالا کاری تێ کردووە و وای لێ کردووە هەوڵ بدات ئەم گێڕانەوە نوێیە بێنێتە پێش؟ ئەو پێشتر، بەشێوەیەکی هاوهەستانە بانگەشەی کردووە کە پیاوێکی ساخ و سەلیم نییە. ئەی کاردانەوەی لەسەر ڕاپۆرتی دەروونناسییەکە، کە رای گەیاندبوو ئەو نەخۆش نییە، چیبوو؟

" "ئەو کابرایە" پێی گوتم: تۆ دەبێت بچیتە لای دوکتۆر، جا ئەو بۆت دەنووسێت کە تۆ نەخۆشیت."

"ئاخۆ بیرت لەوە کردبووەوە کە لەوانەیە تۆ ببەن بۆ تاقیکردنەوەی پزیشکی و لە باتیی ئەوە سزای زیندانت بۆ دەرچێت؟"

"کابراکە وای گوت. دەچیتە لای دوکتۆر و ئەو دەڵێت کە تۆ نەخۆشیت."

دادوەری گشتی ئاماژە بەوە دەکات کە لە دادگەی ناوچەییدا ئەو نیگەرانیی ناموسەکەی بووە. ڕەحمی دەڵێت: "ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ناموسی کەسەکە، دەزانی. من دەبێت بیر لە خزمەکانم بکەمەوە."

"ئاخۆ ئەتۆ پێت وایە ئەمە شەرافەتمەندایە کە لێرە دابنیشیت و بۆ خۆدەربازکردن درۆ بکەیت لەسەر ئەو ڕاستییەی کە تۆ کچەکەی خۆتت کوشتووە؟"

"من ئەو کارەم نەکردووە، من بە دڵنیاییەوە ئەو کارەم نەکردووە! کابراکە پێی گوتبووم کە من دەبێت شتەکان وەها پێکەوە بنێم کە جێگەی باوەڕپێکرد نبێت."

وە باوەڕیان پێ کرد. دادگەی باڵا ڕەحمیی سزا دا بە زیندانیی هەتاهەتایی، لەسەر کوشتنی فادیمەی کچی.

لەیف ئێریکسۆن پارێزەری سونگیول، لە کاتی لەدادگەدانەکەدا ئامادەیە. خودی سونگیول دەبوو ئەمەی لەکیس بچێت؛ ئەو لەوە نەخۆشتر بوو کە بتوانێت ئامادە بێت. بەڵام، شایەتیدانی تۆمارکراوی ئەو لە دادگەی ناوچەی ئوپسالا بەتەواوی لێ

دەدرێتـەوە. بەم چـەشنە ئەو جـارێکی تریش زۆر باش لەوێ ئامـادەیە. کـاتێک کـە چیی تر ناتوانیت ئەو ببینیت، کاتێک کە ناتوانیت سەرنجی چاوە بریسکەدارەکان و لەشـی پۆلاینـی بدەیت، دەنگەکــەی زۆر زیاتر لـەوێ بەرجــەســتــە دەبێت. وە تۆ هـەست دەکــەیت کــە چەندە دژوارە بۆی، چەندە هەوڵدانەکــانی لـەســەر شــانی قـورسایـی دەکەن کـاتێک بیـرۆکەکان و هـەستـەکان و بیـرەوەرییەکانی خـۆی بەلای یەکەوە دادەنێت. ئەو دەخوازێت شـتـەکان ڕێک و ڕاست بن، نـرخـەکەی هـەرچییـەک بێت. ئەو هـیچ ناوبڕ لێ نـادات و پێش ئـاخــافتن وشــەکــانی هـەڵدەســەنگێنێت، بەتێڕامانەوە بیر دەکاتەوە و لەسەرەخۆ و بە ئەسپایی بەڵام بەهاوەهـەستییەوە. "من پشـتگیـریم لێ دەکـرد. ئەمـە ژیـانی ئەو بوو، هەڵبـژاردنی ئەوە بوو. ئـەو جـارێکی تریش هـەر ئەو کارەی دەکردەوە." ڕستەکانی ئەو لەم لەدادگەدانەدا کە تا ئەو کات ترسناک بوو، رووناکیی دەپرژاند.

ئێستا بە سـونگیـولیش دەڵێن درۆزن. دەنگی تۆمـارکراوی نـاوەندی فریاگوزاری لێ دەدرێتـەوە و ئـێـمـە دیسـانەوە گـوێمــان لە گـریـانی دڵتــەزێنی سـونگیـولە، بەمـەترسـییـەوە لەناو زیقـەی دەنگی پەشـۆکـاوی دایکی و خـوشکە بچـووکـەکەی، بەرزبوونـەوەیەکی قـیـژاندنـی ژنان: "خـوشکەکـەم مـردووە! باوکم خـوشکەکـەمی کوشتـووە!، بەڵام ئەم تاوانبـارکردنە هەڵەهەڵنەگر و ڕوونە، لە گوێن باوکی، درۆیە. وە دایکی دەیسـەلمێنێت. ئەلیف شاهیندال بەقازانجی مێردەکەی شـایەتی دەدات و پشتگیری لە چیرۆکەکەی ئەو دەکـات. کەوایە سـونگیـول درۆی کـردووە. ئەو پێی گوتراوە کە بلێت باوکی فـادیمەی کوشـتووە. چەند چرکەیەک دوای ئەوەی هێرش کراوەتە سـەر خـوشکە خۆشـەویسـتـەکەی و لە پێش چاویدا کـوژراوە، ئەو توانای ئەوەی هـەبوو کە ڕۆڵەکەی خۆی زۆر باش بگێڕێت.

لەســەر دەنگە تۆمــارکـراوەکــەی دادگـەی ناوچەدا، دادگـەی بـالا دیسـانەوە دەیبیـستێت کـە سونگیول لەسـەر ڕەفتاری ئەو شـەوەی بـاوکی چی بۆ گوتن هـەبوو. ئەو کـاتێک بەسـەر ژنەکاندا قـیـژاندی کە دەرگـەی بۆ بکەنەوە بچـێـتـە ژوور تووڕە نەیدەنواند، بگرە هـەر شـێلگیربوو. وە کـاتێک کە چووە پێش بۆ کـوشتن، ڕوومـەتی ئەوەی پشتڕاست کردەوە: ئەو شـێلگێر دەینواند، نەک تووڕە.

"ئەو کـچـە دەبێت لە کـۆڵ بکرێتـەوە، لەســەر ڕێگە لابرێت." سـونگیـول دووپاتی دەکاتـەوە کە ئەو لە گـەورەی بنەماڵەکە، لە خاڵی و لە کـابرایەک کە ئامـادەبوونی لە

هەردوو دادگەکەدا بەشێوەیەکی بەهێز هەستی پێ کراوە بیستوویەتی کە گوتوویانە، " ئێمە دەبێت ئا ئەوە، ئەو کچە بکوژین." وە لە بۆنەیەکی تریشدا باوکی گوتوویەتی، "ئەو کچە قەحبەیە و ئێمە دەبێت لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە، بەهەر شێوەیەک بێت."

سونگیول ئەوەندە حاڵی باش نییە کە دیسانەوە شایەتی بدات. بەڵام لەسەر هیچ شتێک پاشگەز نابێتەوە. ئەو هێشتایش پشتگیری دەکات لە فادیمە و پشتی چیرۆکی کابرای دارستانەکە ناگرێت.

## ١٧- دایکەکە

سونگیول پشتی چیرۆکی کابرای دارستانەکە ناگرێت، بەڵام دایکی دەیگرێت.

ئەلیف شاهیندالْ ناچارنییە کە لە بەردەم دادگەی باڵادا شایەتی بدات. پێوەندیی نزیکی بنەماڵەییی ئەو لەگەڵ داد لێکراودا هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی لە کەنارەوە راوەستێت، هەروەکو چۆن لە دادگەی خوارەوەتردا ئەو کارەی کردبوو. بەڵام ئێستا ئەو بڕیار دەدات کە بچێتە ڕیزی شایەتحاڵەکانەوە.

ئاخۆ ئەو بەڕاستی دەیەوێت کچە مردووەکەی بخاتە کەمینەوە؟ لە کاتی لەدادگەدای مێردەکەی و کوڕەکەیدا کاتێک کە ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لە فادیمە کردبوو، ڕێک ئەو کارەی کرد. دواتر فادیمە باسی ئەوەی کردبوو کە چلۆن بریندار بووبوو بەوەی کە دایکی لە دادگەی کراوەدا خەیانەتی پێ کردبوو. ئێستا دەرفەتێکی نوێ دراوە بەدایکی کە نیشانی بدات وەفاداریی ئەو لە کوێدایە.

گێڕانەوەی دایکەکە:

قەت کێشەگەلێکی جیدی لە بنەماڵەدا نەبوو. هەر بۆیە بوو کە ئەو لەگەڵ فادیمە دەرگیر بوو کاتێک کە ئەو بەسەرهاتەکانی بۆ ڕۆژنامەکان و لە پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆندا باس کرد. "ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبوو، هیچ شتێکی ئەوتۆ کە بچین لەگەڵ خەڵکانی تەلەڤزیۆن و میدیاکاندا باسی لێوە بکەین. ئێمە هیچ کێشەگەلێکی گەورەمان نەبوو هەر بەڕاستی هیچ کێشەیەکی جیدی، واتە، ئەگەر شتێکی جیدی لە بنەماڵەکەدا رووی دابایە، تۆ لەوانە بوو بەرگری بکەیت لەو کارەی ئەو کردی..."

ئەوەی سەبارەت بە پاتریک: "ئەو سوێدی نەبوو، دایک و باوکی لە ئێرانەوە

هاتبوون، بەڵام ئەوان هاتن بۆ لای ئێمە و ئێمەیش بە زمانی خۆمان[1] قسەمان لەگەڵ کردن و هیچ لە دژی هاوسەرکارییەکە نەبووین... "

بەپێچەوانەی ئەوەی کە فادیمە و سونگیول هەردووکیان شایەتییان دابوو، دایکیان ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە کە ڕۆژی ١١ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٩٨ ئەوە ئەو بوو بە فادیمەی گوتووە دەبێت بۆ هەموو کات ئوپسالا بەجێ بهێڵێت. ئەلیف شاهینداڵ پێ دادەگرێت، "نا، ئەوە ڕاست نییە."

کاتێک لەسەر هەبوونی پێوەندیی ئەو لەگەڵ فادیمە بە ماوەی چوار ساڵ لە ساڵی ١٩٩٨ەوە پرسیاری لێ دەکریت، ئەلیف دەیسەلمێنێت کە بۆ ماوەی سێ ساڵ هیچ پێوەندییەک نەبووە. بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا یان ماوەیەکی وا، پێوەندیی ئەوان باش بوو. ئەوان چوار جار یەکتریان بینیبوو و جاروباریش بە تەلەفۆن لەگەڵ یەکتر قسەیان کردبوو. فادیمە تەلەفۆنی کردبوو بۆ ئەوەی بڵێت کە ئەو بەداخەوە بوو لە وەزعەکە و داوای لێبووردنی کردبوو، هەمووی تەخسیری ئەو بوو. فادیمە گوتبووی، "تکایە بمبوورە." ئەوە ئاوا بوو کە ئەوان لێک نزیک بوونەوە و هەردووکیان دیسانەوە توانییان چاویان پێک بکەوێت.

برای دایکەکە، کوڕەکەی، یەکێک لە کچەکانی و یەکێک لە زاواکانی و هەروەها دوو کچی گەنجی خزمیان کە هەموویان لە بەشی گشتیی ژووری دادگەدا دانیشتوون، لە نزیکەوە ئاگایان لە گێڕانەوەی دایکەکەیە. قبووڵکردنی ئەوەی کە ئەو چاوپێکەوتنی نهێنیی لەگەڵ فادیمەدا هەبووە مەترسیی تایبەت بەخۆی هەیە.

لەبەرچی ئەوەی بەنهێنی هێشتبووەوە؟

" هیچ هۆکارێکی نییە بۆ خەڵک باس بکرێت"، ئەمە ئەو شتەیە کە دایکەکە وەڵامی دادیاری گشتیی دەداتەوە. دوایە ئەوەی لێ زیاد دەکات کە لەبەرئەوەی ڕەحمی و فادیمە لەگەڵ یەک لە دۆخێکی خراپدا بوون، ئەو نەیدەویست کچەکە بیری ئەو بخاتەوە.

ئاخۆ ئەگەر ڕەحمی بیزانیایە ئەلیف نیگەران دەبوو؟

"نە."

دواتر، ئاخۆ باوکەکە ئاگەدار بووبوو کە دایک و کچ پێوەندییان پێکەوە هەبووە؟

ئەلیف دڵنیا نییە، بەڵام پێی وایە زانیویەتی.

دادیاری گـشـتـی دەگـەڕێتـەوە سـەر ئەو شـتـەی کـە ئەلیف شـاهیندال لە لێکۆڵینەوەکـانی پۆلیـسـدا سـەبارەت بەمـێـردەکـەی گـوتوویەتی: ئەو لە دۆخـێکی خراپدا بوو و بەبۆنەی فادیمەوە ئازاری دەکێشا. پێوەندیی نێوان ژن و مێردەکە چۆن بوو؟

"باش، زۆر باش بوو. هیچ کێشەیەک نەبوو."

"ڕەحمی لە دەروونی خۆیدا چ هەستێکی هەبوو؟"

"ئەوەی کە لە تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامەکاندا دەیبینی خراپ بوو، ئەوە وای لێ دەکرد هەست بەپاڵەپەستۆ بکات."

"لە لێکۆڵینەوەیەکی پۆلیسدا تۆ گوتووتە کە مێردەکەت نەخۆش بووە. ئەتۆ گوتت کـە ئەو هیـچی نەدەکـرد، کاری نەبـوو، تۆزێک خـەمـۆکی دایگرتبـوو. لەگـەڵ خـۆی قسەی دەکرد."

"بەڵێ. ئەوە ڕاستە."

"فـادیمە لە سـاڵی ١٩٩٧دا لە مـاڵی بنەمـاڵەکـەوە گواسـتـییـەوە دەرەوە. ئاخـۆ تاسەت دەکرد؟"

"ئەو منداڵی منە. بۆ خۆت دەزانی دایکان چۆنن؟"

"ئاخۆ تۆ کچەکەتت لەسەر هیچ شتێک لۆمە دەکرد؟"

"من چووم بۆ ئەوەی یارمـەتیی بدەم کـە ژوورەکـەی ڕێکوپێک بێت [لە خـانووە کرێکەی لە شاری سووندسڤاڵ]."

"ئاخۆ هەستت نەدەکرد کە هێشتووتە ئەو شکست بهێنێت؟"

"ئەو پێش کێشەکەی لەگەڵ پاتریک گواستییەوە و چووە دەر."

"ئاخۆ داوات لێ کرد دیسانەوە بگەڕێتەوە و لە ماڵەوە بژی؟"

"من داوام لێ نەکرد بگەڕێتەوە ماڵ، بەڵام دوای میـدیاکـان... مـەبەسـتم ئەوەیە، ئەگەر گوتبایەم "بگەڕێوە"، ئەو نەدەگەڕایەوە."

لە ئەلیف سەبارەت بە دواین دیداری لەگەڵ کچەکەی پرسیار دەکرێت. دیدارەکە چۆن ڕێک خـرا؟ کێ لەوێ بوو کـە دەیتـوانی گـوێی لێ بێت کـاتێک سـونگیـول تەلەفۆنی کرد بڵێت فادیمە گەیشتووە؟ وە شتی تریش. ئەلیف دەڵێت لە هیچ کام

لەو دوو جـــارەدا کـــە تـەلەفـــۆن کـــرا هـیـــچکـەس لەوێ نـەبوو. بـەڵام ئێـــمـــە لـە ڕاگەیاندنەکانی سـونگیول و نەبیلەوە دەزانین کە هـەردوو جارەکە مـەسعوود وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە.

ئەو دوایە دەڵێت کـە لە نێوان ئەو دیدارە و چاوپێکەوتنەکەی پێشـووتری لەگەڵ فـادیمەدا دوو تـا سـێ مـانـگ تێ پەڕیبـوو. ئاخـۆ هیچ هۆکـارێکی تایبـەتـی هـەبوو بۆ دیداری ئەمجارەیان؟

"فـادیمە بۆ مـاوەی شـەش مـانـگ بەسـەفـەر دەچوو. ئەو دەیویست من ببـینێت و خواحافیزیم لێ بکات."

لەبەرچی کاتێک کە ڕەحمـی لە دەرەوە وەسـتـابوو و هـاواری دەکرد کـە دەیەوێت بێتە ژوورەوە، دەرگەکەیان بۆ نەکردەوە؟

"من تۆزێک دڵ لە دوا بووم، نەمدەویست دەرگەکە بکەمەوە."

"سـونگیـول دەڵێت فادیمە پێشنیازی کردبوو کە لەژێر تەختی نووستنـەکەدا خۆی بشارێتەوە. دوایە دەتانتوانی دەرگەکە بکەنەوە."

"فادیمـە دڵی بۆ باوکی دەسووتا. دوای ئەوەی کـە ڕۆیشت سـێ جار گوتی "بابەی بێ چارە"." (وادەردەکەوێت کە ئەلیف دەیویست کـە مێردەکەی ئاگای لـەمـە بێت. زۆر بە پێداگیرییەوە دەدوا. وشەکانی فادیمە دەری دەخست کە باوکی و بکوژەکەی بۆ گرینگ بوو.)

لەبەرچی دەرگەکەیان نەکردەوە؟ ئاخۆ دەترسان؟

نا. نا، ئـەو ناتوانێت بڵـێت بۆچی دەرگـەکـەیان نـەکـردەوە. ئەگـەر دەرگـەکـەیان کردبایەوە دەشـیـا هیچ شـتێکی خـراپ نەقەومـابایە. "نـا، دەزانی، هـەر ئەوەندە بوو کە ئێمە دەرگەکەمان نەکردەوە."

ئەو چرای ئاشپـەزخانەکەی کوژاندبووەوە بۆ ئەوەی ڕەحمی پێـی وابێت کە هـیچ کـەس لە ژوورەوە نـەبـوو. ئاخـۆ ئەو بەهـەرحـاڵ بۆی دەرنەکـەوتبـوو کـە هـەمـوویان لەوێن؟ "من نازانم. پێم وانەبێت."

کـاتێک نەبیلە نزیکی سـەعـات نۆ گـەیشت، فـادیمـە خـۆی لە پشت دەرگـەکـە شـاردبووەوە بۆ ئـەوەی خـوشکە بچکۆلەکـەی تۆزێک خـافـڵگیـر بکات. "دواتر زۆر یەکـتـریان لە بـاوەش گـرت." فـادیمە دیاریی هێنابوو بـۆ سـونگیـول و نەبیلە.

"هەردووکیان هێندە بەدیارییەکانیان خۆشحاڵ بوون." ئەوان ماوەیەک پێکەوە دانیشتبوون و قسەیان دەکرد. دوایە نەبیلە و فادیمە ویستیان بڕۆن. فادیمە دەستی کرد بەپێچانەوەی شیرینییەکان کە دایکی بۆی ساز کردبوو. "پێم گوت، "بەخێر چیت"!" ئەلیف لەسەر مۆبلەکە ڕاکشابوو: "فادیمە باوەشی پێدا کردم و پێی گوتم لە جێگەکەی خۆم نەبزووم، ئەژنۆم دێشێت، دەزانیت. ئەو تەلەفونی کردبوو بۆ هاوڕێیەک کە قەرار بوو بێت و لەگەڵ خۆی بیبا... "

دواتر تراجیدیا کە دەقەومێت. بکەری تاوان کابرای دارستانەکەیە. کابراکە بەسەر ئەلیفدا هاواری کردبوو؛ ئەو دەبوو بڵێت کە باوکی فادیمە ئەو کارەی کردبوو. کابرا بە سونگیولی گوت ئەگەر ئەو وا نەڵێت، هەم خۆی و هەم باقیی بنەماڵەکەی دەکووژێت.

بەڵام ئەلیف ئامادە نییە بڵێت بکوژەکە چۆن بوو. دادیاری گشتی دەپرسێت، "ئاخۆ تەنانەت ناشتوانیت پێمان بڵێیت پیر بوو یان گەنج بوو؟"، ئەو وادیار بوو تەسلیم بووبوو.

"لەبەرچی ناتوانیت؟"

"ئەوەندە ترساوم، ئەو هەڕەشەی لێ کردم، لە هەموومان، هەڕەشە لە منداڵەکانم کراوە."

ئەمڕۆ، کە من یاداشتەکانی ژووری دادگە دەنووسمەوە، لە پڕ بۆم دەردەکەوێت کە ئەلیف شاهینداڵ بەچەشنێک قسە لە ڕاستییەک دەکات. هەڕەشەیان لێ کردووە، منداڵەکانیشی هەرەشە لێکراون و ئەویش دەترسێت. ئەو نایڵێت لە کێ دەترسێت. لە پشتی ئەم بێدەنگییەوە چەندان بژارە سەر هەڵدێنن.

ئەلیف بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە کە چۆن کچەکەی کوژرا، توند سەری وەرگێڕەکە دەگرێت. زۆر هەستبزوێنە بینیبی ئەوەی کە دایکەکە بە چ خێراییەک ئەو کارە دەکات کاتێک نیشانی دەدات کە "پیاوەکەی من بینیم" توند قژە درێژەکانی فادیمەی گرت (دادوەری گشتی دەڵێت کە قژەکە ٦٠ سەنتیمەتر درێژ بوو) و دەمانچەکەی نا بەپشتی سەرییەوە. ئەلیف دەڵێت لوولەی دەمانچەکە لەنێو قژیدا بوو، کە ئەمەش لەگەڵ ڕاپۆرتی یاساییدا دێتەوە: ڕاپۆرتەکە نیشانی دا کە مەودایەکی نزیکەی ٥٠ سانتیمەتر بوو.

بكوژەكە دووجار تەقەی كرد. ئەو بەسەر سونگیولدا دەیقیژاند كە بڵێت باوكی ئەو كارەی كردووە. دایكی كچەكە قۆڵی كابراكەی گرت و گوتی، "سونگیول مەكوژە! من لە باتیی ئەو بكوژە!"

"ئەو كابرایە، كە هاتبووە بەر دەرگەكەی ئێوە، ئاخۆ كەسێك بوو ئێوە دەتانناسی؟"

"بەڵێ. بەڵام من ناڵێم كێ بوو."

دەی دوای كوشتنەكە چیت كرد؟

"هەوڵم دا ڕابكەمە دەرەوە، لەوە ترسابووم هەموومان بكوژێت."

"لەبەرچی هەڵهاتی لە كاتێكدا كە فادیمە هەر ئەو كات كوژرابوو لەلایەن كابرایەكەوە بەدەمانچەوە كە هێشتا لە ماڵەكەدا بوو و هەڕەشەی لە سونگیول دەكرد؟"

"من پەشۆكا بووم و... بەڕێوە بۆ لای ئۆتۆمۆبێلی پۆلیس بە كچەكانم گوت كە دەبێت بڵێن باوكیان ئەو كارەی كردووە. دەنا هەمووومان دەمرین."

"جگە لە ڕەحمی و مەسعوود كێی تر هۆكارێكی هەیە بۆ كوشتنی فادیمە؟"

"من دەزانم كەسێكی تر هەیە."

" باشە هۆكاری ئەو كەسەی تر دەبێت چی بووبێت؟"

"من دەزانم چی بوو، بەڵام ناتوانم پێتان بڵێم."

"ئەگەر تۆ بتەوێت ئێمە متمانە بكەین بەو شتەی دەیڵێیت، تۆ دەبێت بتوانیت ئەو كابرامان بۆ باس بكەیت و بیرێكمان بدەیتێ كە لەبەرچی دەیویست كچەكەت بكوژێت."

"من پەشۆكا بووم. من ناتوانم پێتان بڵێم چی لەبەردا بوو."

ئێستا دادوەر زنجیرەیەك پرسیاری یەك لە دوای یەك دەست پێ دەكات: بۆچی ئەو بەپۆلیس دەڵێت كە ڕەحمی تەقەكانی كردووە؟ بۆچی ناڵێت كە چەكدارێكی نەناسراو كردوویەتی؟ لەبەرچی بكوژەكە دەیەوێت تاوانەكە بەسەر ڕەحمیدا بهێنێت؟ بۆچی سەبارەت بەو لە دادگەی ناوچەدا قسەی نەكرد؟

ئەو وەڵامی دوایین پرسیارەكەی دایەوە.: "من دەمزانی كە لەوێ نەمدەتوانی

ڕاستییەکە بڵێم. من دەترسام."

"کێ دەیتوانی ئەوەندە بۆ تۆ گرینگ بێت کە تۆ پەنجە بەرەو هاوسەرەکەی خۆت ڕابکێشیت، وەکو بکوژ دەستنیشانی بکەیت و بینێریتە زیندانیی هەتاهەتایی؟"

"من ترسا بووم. هەڕەشەم لێ کرابوو. من لەبەر خاتری منداڵەکانم و نەوەکانم ئەو کارەم کردووە."

"ئەی ئێستا چی، ئاخۆ ئێستا ناترسیت؟"

"هەتا ئەو کاتەی نەڵێم ئەوە کێیە، ناترسم... بەهەرحاڵ، لەبەر خاتری منداڵەکانم و نەوەکانم، ئەگەر ڕەحمی ئەو کارەی نەکردبێت، چۆن ئەو زیندانیی هەتاهەتاییی بۆ دەبڕێتەوە؟"

"دادوەر دەپرسێت، "لەوەتی ئەمە رووی داوە، چ هەستێکت هەبووە؟"

"من ناڕەحەت بووم کە گوتم ئەو کارەکەی کردووە. ئێستا من ئارامیم هەیە."

ئەلیف شاهینداڵ بارێکی قورسی لەسەر شانە. ئەو دەبێت کەوتبێتە بەر شالاوی ترس و دڵەڕاوکێ. ئەو ئێستا دەبێت ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت لەو درامایە چارەنووسسازەدا کە بەدوای مەرگی منداڵەکەیدا هاتووەتە پێش. بۆ پارێزەر ئەو دەبێتە شایەتحاڵی سەرەکی. هۆکاری هاتنی سەردانە مەرگهێنەرەکەی فادیمەیش بۆ ئوپسالا هەر ئەو بوو.

"تۆ دەتتوانی پێش بەمەرگی فادیمە بگریت، ئاخۆ قەت بیرت لەوە کردووەتەوە؟"

"قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ئەو دەکوژرێت."

کاتێک دادوەر پرسیار دەکات ئاخۆ ئەلیف هەست ناکات کە ئەو بەکارەکانی خیانەتی بە فادیمە کردووە، دەنگی دایکەکە دەپچڕێت. دەیداتە پرمەی گریان: "من ناتوانم ئەو ڕاستییە بڵێم کە کێ ئەو کارەی کرد. من دەترسم. من یەکێک لە منداڵەکانم لەکیس چووە."

دوایە سوێند دەخوات کە ڕەحمی نەبووە.

لەوەتی کوشتنەکە رووی داوە ئەو دووجار بکوژەکەی بینیوە. ئەو هەڕەشەی کردووە لە هەموو بنەماڵەکە. ئێستا ئەو هەست دەکات دەتوانێت بەسەرهاتەکە بگێڕێتەوە.

"من دەمەوێت منداڵەکانم، نەوەکانم، دراوسێکان و خەڵکی سوێدیش بزانن کە

ئەو ئەو کارەی نەکرد." ئەو ئاماژە دەکات بەمێردەکەی.

هیچ فایدەیەکی نییە. جارێکی تریش، ڕەحمی بەزیندانیی هەتاهەتایی سزا درا. هیچ کەس بەو چیرۆکەی لەمەڕ کابرای ناو دارستانەکە ڕازی نەبوو.

بەستەیەک کە برێتییە لە دەمانچەیەک، دوو فیشەک کە بەو دەمانچەیە دەخوات و جووتێک دەستکێشی خوێناوی دەدرێت بەنووسینگەی پارێزەرەکەی ڕەحمی. گوللەکان لە هەمان جۆر بەڵام بە کالیبری جیاواز لەوەی کە فادیمەی پێ کوژرا. ڕێک پێش ئەوەی دادگەی پێداچوونەوە دەست پێ بکات، نامەیەکی بێ ناو دەنێردرێت بۆ ڕۆژنامەیەکی ستۆکهۆڵم بەناوی "داگێنز نیهێتێر"، تێیدا دەگوترێت کە بکوژەکە کەسێکی ترە. ئەو کەسەی ناردوویەتی بانگەشە دەکات کە بکوژی فادیمەیە. ئاخۆ ئەمە کابرای دارستانەکەیە یان کەسێکی چوارەمە؟ دەشێت مەبەستی ناردنی بەستەکە بەشێک بێت لە ستراتیجییەک (واتە، بۆ پشتگیریکردنی چیرۆکی کابرای دارستانەکە بێت). بەڵام هەوڵدانەکە بەتەواوی شکست دەخوات. کاربەدەستانی سوێدی بەئومێدی ئەوەی بۆیان دەرکەوێت کێ ناردوویەتی، نامەکەیان خستە ژێر توێژینەوە. کێشەی سوێندشکێنی، واتە ئەوەی ئایا ئەو پیاوەی کە لە دادگە گوتی هیچی لە بیر نییە لەسەر سوێندشکێنی دادگەیی بکرێت، هێشتایش هەتا ئەم کاتە چارەسەر نەبووە. (دواتر بە چوار مانگ زیندان سزا درا.)

"ئاخۆ شیاوی ئەوە بوو؟ ئاخۆ بەراستی ئەوەی دەهێنا؟" نەبیلە خوشکە بچووکەکەی فادیمە دەڵێت پاش ئەوەی کە فادیمە حاڵەتەکەی بردە بەردەم میدیاکان، ئەو بەردەوام ئەم پرسیارەی ئاراستەی خوشکە گەورەکەی کردووە. بەداخەوە، لێرەدا پرسیارەکە زۆر لە جێی خۆیەتی: ئاخۆ ئەوەی دەهێنا، ئاخۆ شیاوی ئەوە بوو کە لە بەرامبەر سزای باوکی فادیمەدا چیرۆکی کابرایەک لە دارستان بۆ دادگەی پێداچوونەوە دروست بکرێت؟

دایکێک خراوەتە شوێنی تاوانکارێک، وەها نیشان دراوە کە خیانەتی بەمنداڵە کوژراوەکەی خۆی کردووە، منداڵێک کە هەموو کەسانی نزیک بە ئەو خیانەتیان پێ کردبوو، بێجگە لە سونگیول. ئێستا گێژاوی بنەوە سونگیول ڕادەکێشێت: دایکیشی ئەوی خستووەتە بن ئاوەکەوە. بەڵام ئەلیف شاهینداڵ چوار منداڵی

تریشی هـەیە؛ یەک لەوان، کـوڕەکەی، ویسـتـبـووی فـادیمە بکوژێت و سـزادانێکی لەسـەر بوو بەهۆی ئەوەی کە ئازاری جەسـتـەییی قـورسـی گەیاندبووە فـادیمە. دوو زاواکـەی، هـەردووکـیـان کـوڕانی برای مـێردەکـەین. خـوشکی مـێردەکـەی شـووی کـردووە بەبرای ئەلیف. مـێـردەکـەیشـی بکوژێکی تاوانبـارکـراوە. ئەو بەقـووڵی کـەوتووەتە بن ئاوەوە. ئەو کـەشـوهەوا مـافـیـا ئاسـایەی کـە ئەو تێـیـدا دەژی پیـاوگـەلێکی وەهـای تێدایـە کە بـەردەرگەکـەت پێ دەگـرن و فـەرمـانت پێ دەدەن: "کـەوشـەکـانت لە پێ بکە و لەگـەڵم وەرە دەرێ!" هـەڕەشـەی نـابوودکـردنی هـەمـوو بنەماڵەکان ئەگەر بەشـێک نەبێت لە ژیانی ڕۆژانە، بەشێکە لە چەندان بەسەرهاتی ئاشنا کـە هـەمـوو کـەس گـوێبیسـتـی بـووە. بەسـەرهـاتـەکان بـە جیدی وەردەگـیـرێن. ئەوانە دەبێت بە جیدی وەرگیرێن.

کەوابوو گێڕانەوەکـەی لەمـەڕ کابرای دارسـتـانەکە ئەوەنـدەش غـەوارە نییـە کە دەنوێنێت. لە چوارچێوەیەکی تردا، ئەمـە قـابیلی قبووڵ دەبوو. ئەمـجارە ئەمـە تەنیا خـزمـەت بەوە دەکـات کـە بنەمـاڵەی شـاهـینداڵ بخـاتە بەر خـراپـترین ڕووناکـیـی گونجـاو  واتە، لە بەرچاوی گشـتیدا کە ئەوان ئەو هـەمـووە پێیـان خۆشە دیسـانەوە مـتـمـانەیان لەگـەڵدا پێک بهێن: سـوێدییـەکان. هـەروەکـو ڕەحـمـی شاهینداڵ گـوتی، "ئەم سـوێدە، ئەم وڵاتە خـۆشـە." ئەلیف دەبێت لە بێـدەرەتانیـدا نیگەرانی ئەوە بووبێت کە بزانێت سوێدییەکان چۆن لەسەر ئەو بیر دەکەنەوە پاش ئەوەی هـەمـوو کـەس ئەو شـتـانـەی زانی کە فـادیمە لە زمـان ئەوەوە سـەبارەت بە سـوێدییـەکـان گوتبووی. نەبیلەیش دڵەڕاوکێیـەتی کە سوێدییەکان هەست بکەن ئەم بێگانانە هـەر بۆ ڕاوکردنی دەرماڵەی خۆشبژێێتی هـاتوونەتە ئەوێ. گەورەی بنەمـاڵەی شـاهـینداڵ بەڵگە دێنێـتـەوە کـە بەسـەرهـاتی فـادیمە پێگەی ئەوانی رووخـاندووە، نـەک هـەر بنەماڵەکەی ئەو بگرە هەموو کوردەکانی سوێد. میدیاکان لۆمە دەکرێن.

ئەوەی کـە من لە کـاتی بەدواداچوونی دادگـەی یەکـەم و دواتر دادگـەی دووەمـدا بیسـتـوومـە، پشتگیریی ئەم بۆچوونە لەسـەر دۆخـەکە ناکات. بەپێچـەوانە، ئەزموون ڕووناکـیـیـەکی نوێی خـسـتـووەتە سـەر دنیـایەک لە تـرس کە فـادیمە دەبوو لەگـەڵی هـەڵبکـات و ئـەو ڕایەڵانـە ئاشـکرا بکـات کـــە دەســـووڕانـەوە ــ و هـێـــشـــتـــایـش دەسووڕێنەوە ــ بۆ لەناو قاوخ دانانی بنەماڵەیەک کە هیچ چەشنە هەڵاتنێک قبووڵ ناکات. ئەلیف شـاهینداڵ ئێسـتـا ئەوپەڕی هەوڵی خـۆی دەدات بۆ تەسلیمـبوون.

بەشی شەشەم

# ڕێگەی بەرەوپێش

### ١٨- قسەکردن لە پەرلەمان

ئێمە پێشتر زانیومانە کە قسەکانی فادیمە لە بینای کۆنی پەرلەمان بیری بەکۆمەڵی بنەماڵەکەی ئەوی تاڵان کردبوو و هەروەها ئەوەی کە سەرەتا بانگهێشتنەکەی ڕەت کردبووەوە. هەرچەند کە گوێگرانی ئەو نزیکەی ٣٥٠ کەس دەبوون و مۆنا سالین وەزیری هاوگونجی بەڵێنی دابوو لەوێ ئامادە بێت، بۆنەکەیان بەنهێنی هێشتبووەوە. بۆ فادیمە کە زۆری پێ خۆش بوو پەیامەکەی بەوەزیر بگات، ئەم هاتنەی بەلاوە زۆر گرینگ بوو. مۆنا سالین لە دوایین ساتدا بۆی دەرکەوت کە سەرەڕای هەموو شتێک ناتوانێت لەوێ ئامادە بێت. سەرەڕای ئەوەش ئەو دواتر دەقی وتارەکەی خوێندەوە و بەفادیمەی گوت کە تا چ ڕادەیەک کاری تێ کردووە.

وتارەکەی فادیمە وەها دانرابوو کە ببێتە بەشێک لە سمینارێک لەژێر سەردێڕی "هاوگونجی لەسەر مەرجەکانی کێ؟" کە لەلایەن ڕایەڵەی کۆمەڵایەتی "توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان" ڕێک خرابوو. ڕۆژەکەی ٢٠ی مانگی یازدەی ٢٠٠١ بوو؛ دەقی وتارەکەی فادیمە لە ڕۆژنامەی ئێوارانی "ئافتۆنبلادێت"ی ڕۆژی ناشتنەکەی، واتە ٤ی مانگی دووی ٢٠٠٢دا بڵاو کرایەوە.

ئەمە ئەو شتەیە کە فادیمە گوتی کاتێک کە بۆ دوایین جار لە بەردەم جەماوەردا ئاخافت.

ڕۆژتان باش!

من ناوم فادیمەیە و تەمەنم ٢٥ ساڵە. ئەمڕۆ من بانگهێشتن کراوم بۆ ئەوەی لەسەر ئەزموونەکانی خۆم و لەوە بدوێم کە ژیانی ئافرەتێکی بێگانە لە سوێددا

بەیاساکان و کولتوور و نەریتەکانیەوە چۆنە. چەندە دژوارە ڕاگرتنی بالانس لە نێوان داخوازی و چاوەڕوانییەکانی بنەماڵە لەلایەک و کۆمەڵگەی سوێد لەلایەکی ترەوە کە بەتەواوی دنیایەکی تر و ڕوانینێکی تری بەسەردا زاڵە.

من دەمەوێت ئەزموونی خۆم لەگەڵ ئێوە باس بکەم و هیوادارم لەم ڕێگەیەوە تێگەیشتن و زانیاریتان دەست بکەوێت سەبارەت بە چۆنیەتیی باری ئەو ئافرەتە بێگانانەی کەوتوونەتە بەر پلاری بارودۆخەکە. ئامانجی من ئەوە نییە بەسەر کەسێکیدا بێنم بگرە ئەمەوێت یارمەتیتان بدەم تێ بگەن کە لە ڕوانگەی من و بنەماڵەکەمەوە چلۆن و لەبەرچی ئەو چەشنە ململانێیانە دروست دەبن.

بەلام پێم خۆشە بەوە دەستی پێ بکەم و جەخت لەسەر ئەوە بکەم کە ستەمکردن لە ژنان هەر بەتەنیا کچانی ڕۆهەلاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە بگرە ئەم دیاردەیە لەناو زۆر بنەماڵەی تردا لە بەشەکانی تری دنیاش ڕوو دەدات.

من لە گوندێکی بچووک لە نزیکی شاری ئەلبستان لە کوردستانی بەشی تورکیا لەدایک بووم. دایک و باوکم خاوەن زەوی بوون و بەکاری کشتوکاڵ و بەئاژەڵداری ژیانیان بەڕێوە دەبرد و لەمەشدا هەموومان لە بنەماڵەکەدا شان بەشانی یەک کاری هاوبەشمان دەکرد. ئێمە بنەماڵەیەکی گەورە و بەختەوەر بووین و ڕۆڵ و ئەرکی روونیشمان هەبوو. هەڵبەت لەباری مادییەوە شتی زیاد لە خۆمان نەبوو بەلام ژیانێکی هاوبەشی گەرممان هەبوو.

من حەوت ساڵان بووم کە بەهۆی ئابوورییەوە هاتینە سوێد. سەرەتا هەموو شتێک بەباشی و خۆشییەوە دەچووە پێش بەلام هەتا تەمەنم زیاتر دەبوو دایک و باوکم زیاتر سنووریان بۆ دادەنام کە چی بکەم و چی نەکەم. یەکەم نیشانەکان ئەو کاتە بۆم دەرکەوتن کە ئیتر بۆم نەبوو لەگەڵ هاوڕێ سوێدییەکانمدا یاری بکەم و یان ئەوەی لە چالاکییەکانی خوێندنگەکەمدا بەشدار بم. من دەبوو ڕاستەوڕاست بچمەوە ماڵەوە و یارمەتیی دایکم بدەم لە کاری ناوماڵ و وەکو کچێکی باش پەروەردە بکرێم.

لە ڕوانگەی دایک و باوکمەوە ئەوە باش بوو کە من بتوانم فێری خوێندن و نووسین بم لەبەرئەوەی بتوانم ببمە پێوەندێک لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگەی سوێددا چونکە خۆیان نەخوێندەوار بوون. بەلام لەلای ئەوان لەوە بالاتر پێویستم بەخوێندن

نەبوو. ئاخر بۆ ئاگالێبوونی مێرد و منداڵ، پەروەردەکردنێک پێویست نەبوو.

کاتێک گەیشتمە تەمەنی گەنجیەتی دایک و باوکم ویستیان بچمەوە بۆ تورکیا و ببمە هاوسەری یەکێک لە ئامۆزاکانم، ڕێک هەروەکو خوشکە گەورەکانم وایان کردبوو. من ئامادە نەبووم بچمە ژێر ئەو بارە. من پێم وابوو زۆر لەوە گەنجتر و کاڵتر بووم کە بتوانم وەها بڕیارێکی گەورە بدەم. جگە لەوەش من دەمویست خۆم بڕیار بدەم لەگەڵ کامە پیاو ژیانی هاوبەشم پێکەوە بنێم.

بەبۆچوونی دایک و باوکم دەبوو بنەماڵە و خزمان گرینگیی زۆریان پێ بدرێت، هەر بۆیە منیش دەبوو بیر لە بەرژەوەندیی بنەماڵەکەم بکەمەوە پێش ئەوەی ژیانی خۆشیی خۆمم لە بەرچاو بێت. باشتر ئەوەیە تاکەکەسێک ئازار بکێشێت هەتا ئەوەی تەواوی بنەماڵەکە تووشی ئازار ببێت. بەڵام بەپێچەوانەی دایک و باوکم من لە کۆمەڵگەی سوێددا دەژیام و بەشێک بووم لەو کۆمەڵگەیە. من هەموو ڕۆژێک دەچوومە خوێندنگەی سوێدی، خواردنی سوێدیم دەخوارد، هاوڕێی سوێدیم هەبوو و سەیری تەلەڤزیۆنی سوێدیم دەکرد.

ئاشکرایە کە ئەو بەها و بۆچوونانەی کە لەوێدا هەبوون کاریگەریان لەسەر من دادەنا. هەر بۆیە منیش دەستم کرد بەوەی کە سنوورەکان دوورتر و دوورتر بکەمەوە. بەردەوام هاوڕێ سوێدییەکانم دەبینی، لە چایخانە لەگەڵیان دادەنیشتم و درەنگتر لەو کاتەی بۆیان دادەنام دەچوومە ماڵەوە.

ئاخر منیش لە ژیانمدا چاوەڕێی خەونەکان و ئامانجەکانی خۆم بووم. دەمویست شەرت و مەرجەکانی خۆم بۆ ژیانم دابنێم، هەڵەکانی خۆم بکەم و دەرسیان لێ وەربگرم. دەمویست لەسەر پێی خۆم ڕاوەستم و بەرپرسی کردەوەکانی خۆم بم. نەک ئەوەی ڕێگە بدەم کەسێکی تر بڕیار بدات کە من چۆن بیربکەمەوە، چیم خۆش بوێت و چۆن هەڵسوکەوت بکەم. جگە لەوەش وەکو تاکەکەس زۆر بەلامەوە گرینگ بوو کە بخوێنم و گەشە بکەم. بێگومان ئەمە بۆ ئێوە هیچ شتێکی سەیر نییە، لەبەرئەوەی ئەمە بەشێکە لە شێوە ژیانی سوێدی، بەڵام بۆ بنەماڵەکەی من ئەمە شتێکی زۆر تۆقێنەر بوو.

"تێگەیشتنی ئەوان لە سوێدییەکان و شێوە ژیانی سوێدی ئەوە بوو کە هەرچیوپەرچین و نە کولتووریان هەیە، نە بایەخی ڕەوشت و ئەخلاقیان لەلایە. تاقە

شــتـێک دەیکەن خــواردنەوە، دەرەوەچوون، ســەمــاکــردن و کــردەوەی ســێکسی ئازادانەیە. جگە لەوە پێیـان وابوو کە سوێدییەکـان هیـچ چەشنە ڕێزێکیان بۆ ژیانی بنەماڵە نییە چونکە بەڕاست و بەچەپ لێک جیا دەبنەوە.

ئەوان ئەم چەشـنە بۆچوونانەیـان لە ڕووی هێندێک لێکدانەوەی لە پێـشـدا بڕیار لەســەردراو بۆ دروست بووبوو. ئاخـر خـۆ هیـچ ســوێدییــەکـیــان نەدەناسی و نەشــیــاندەویست لەگــەڵیــان هاتوچۆ بکەن. ســەرەتا من باڵانسـێکم لە نێـوان داوونەریتی کوردی و ئەوەی لە دەرەوە کۆمەڵگەی سـوێد دەیخواست ڕاگرتبوو. من بەتـەواوی گـێـژ و وڕ و دابەشکراو بـووم و ناچار بووم لـەوەی کـە دوو جـۆرە ژیانم هـەبێت، بۆ ئەوەی بتــوانم هــەردوو کــولتـــوورەکــە ڕازی بکەم و لـە ئاســـتـی ئەو داخوازییانەدا بم کە لە بەردەمی مندا وەکو ژنێکی گەنج دایاندەنا.

بـەڵام ئەوە بـوو ڕۆژێک شـــتـــێک ڕووی دا کـــە نەدەبـوو ڕوو بدات؛ مـن لەگـــەڵ کـابرایەکی سـوێدی ئاشنا بـووم. ناوی پاتریک بوو. من و پاتریک یەکترمـان خـۆش دەویست. سەرەتا لە ڕۆحی خۆم دەترسام لەوەی کە داخوا ئەمە دەبێ چ ئاکامێکی بۆ من هـەبێت. هـەر بـۆیە هەلومـەرجی پێکەوەبوونەکـەمـانم بـۆ پاتریک بـاس کـرد. دایک و باوکم بە هیچ لەونێک نەدەبوو سەبارەت بەئێمە هیچ شتێک بزانن.

سـەرەڕای مـەترسـیـیـەکان ئێمـە بڕیارمـان دا درێژە بدەین بـەپێوەندییـەکانمان تەنانەت ئەگەریش بەردەوام لە نێوان چواردیواردا یەکتر ببینین و لەوە بترسین کە ئاشکرا ببین. پاش ساڵێک پێوەندی ماندوو بووین لەوەی کە هەر لە ناوماڵدا یەکتر ببینین و بەدزییەوە ئەویندار بکەین، هەر بۆیە هەرچی زیاتر دەستمان کرد بەوەی چیی تر خۆپارێز نەبین.

وردە وردە پێکەوە دەچووینە دەر بەتایبــەت بۆ ئەو شــوێنانەی پێــمــان وانـەبوو کەسێکی ناسراو یان کەسی بنەماڵەکەمـان دەمانبینێت. ئەم خـۆنەپارێزییەی ئێمە ڕۆژێکیـان وای کـرد کە بـاوکم چاوی پێـمـان کەوت و هـەڵبـەت دیارە تەقـیـیـەوە لە تووڕەیدا و دەستی کرد بەلێدانی من و پاتریک.

من لـە کــاردانەوەی بـاوکم بەتـەواوی تێ دەگــەیشــتـم. وەکــو بـاوک و گــەورەی بنەمـاڵەکەی ئەوە ئـەرکی سـەرشـانی ئەو بوو کە چاودێریی نامـووسی بنەمـاڵەکەی بکات. دەبوو وشـیـار بێت و پارێزگاریبکات لە هـەڵسوکەوتی سـێکسیی ژنـەکانی

خزم و کەس و وریابێت کچێنیی کچەکانی هەتا کاتی بەشوودانیان دەستلێنەدراو مابێتەوە. ئەگەر بێتو ئەو پیاوانەی تازە دەبنە هاوسەری کچەکانی، شەوی زەماوەندەکەیان بۆیان دەرکەوێت کە کچێنییان نەماوە، ئەوا یەکسەر داوای جیابوونەوە دەکەن.

هەتا ئێستاش پەڕۆ خوێناوییەکە دەدرێتە خەسووی بووک بۆ ئەوەی نیشانی دەوروبەری خۆی بدات کە ژنێکی خاوێن و شەرەفمەندی بۆ هاتووە. لەبەرئەوەی بنەماڵەکەمان تێگەیشتن کە ئێمە پێکەوەین دەستبەجێ ئەو بەرەنجامەیان وەرگرت کە من کچێنییەکەم نەماوە.

ئەمە بۆ ئەوان مانای ئەوە بوو کە من هەرگیز نەمدەتوانی... کە ئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی کچەکەیان بەشێوەیەکی نەریتی بدەن بەشوو بەپیاوێکی کورد. ئەمەش لە گوێن ئەوان هەموو مانای ژیانی من بوو. من شەرمم هێنابوو بەسەر بنەماڵەدا و لەلای دەوروبەرەکەیان هەڕەشەم کردبوو لە بارودۆخی ئەوان. من کارێکی وام کردبوو کە بۆ لێبووردن نەدەبوو، کارێکی وەها کە هەرگیز پێشتر لەناو خزمانی مندا نەکرابوو.

"ئەمە دنیای ئەوانی هەژاندبوو و لە ترسان لەوانە بوو گیانیان دەرچێت. لە چاو ئەوانەوە من لە کچێکی خنجیلانەی کوردەوە بووبووم بەقەحبەیەکی دەمهەراش کە پێی وابوو هەر چونکە وا لە سوێد ئیتر گوایە بووە بە شتێکی گرینگ. ئەوان ناعیلاجبوون بەدەوروبەریان نیشان بدەن کە دەتوانن ناموسەکەیان بپارێزن و خۆیان دەرەقەتی ئەم کێشەیە دێن. ڕەفتارێکی وەک ئەوەی من دەبوو سزا بدرێت و باجەکەشی دەبوو بەخوێن بدرێت.

"تاق و تەنیا و دەستداشۆردراو لە بنەماڵەکەم ناچار بووم بەپەلە شاری ئوپسالا بەجێ بێڵم لەبەرئەوەی دەمزانی ئەگەر دەستیان پێم ڕابگات دەمکوژن. گواستمەوە بەرەوژوور بۆ شاری سوندسڤاڵ. دایک و باوکم زۆر زوو شوێنیان هەڵگرتم و خێرا زانییان لە کوێ دەژیم.

پیاوانی خزم دەستیان کرد بەتەلەفۆنکردن و هەڕەشە. دەیانگوت هەرگیز دەرباز نابیت لەم وەزعە. برا چکۆلەکەم ئەرکی ئەوەی پێ سپێردرا کە بمکوژێت. ئاسایی بوو بۆچی لەم ناوەدا ئەویان دانا، لەبەرئەوەی منداڵ بوو هەر بۆیەش سزایەکی

زۆریان نەدەدا. جگە لەوەش ئەو تاقە کوڕی بنەماڵەکە بوو، ئەوەش ئەرکی سەرشانی ئەو بوو کە ئاگای لە خوشکەکەی بێت کە لە چوارچێوەی کولتوورەکەدا دەرنەچێت.

"هەتا دەهات هەڕەشەکان توندتر دەبوون، هەتا زیاتر من ڕادەوەستام و نەمدەویست ژێرچەپۆکە بم، وەزعەکە خراپتر دەبوو. سەرەنجام لەوە زیاتر خۆم پێ ڕانەگیرا و بڕیارم دا بچمە لای پۆلیس و داوای پاراستنیان لێ بکەم و لەسەر بارودۆخی خۆم زانیارییان پێ بدەم با ئەگەر هاتوو شتێکم لێ هات ئەوان ئاگادار بن.

هەڵوێستی پۆلیس زۆر تۆقێنەر بوو، باوەڕیان بەقسەکانم نەکرد و پێیان وابوو ئەم بەسەرهاتەم دروست کردووە. تاقە ئامۆژگاریی ئەوان ئەوە بوو کە بچمەوە لای بنەماڵەکەم و پێیان بڵێم نابێت هەڕەشەم لێ بکەن و پێویستە ڕێز لە یاسا و نەریتی سوێد بگرن بەم چەشنە پۆلیس لە جیدیبوونی بارەکەی من نەگەیشت و ئەم تێنەگەیشتنەی ئەوان بەباوەڕی من ڕەفتارێکی دوور لە ڕێز و هەروەها سووکایەتیکردن بوو.

چیت لێمان دەوێت؟ خۆ ناتوانین پاسەوانت بۆ دابنێین شەو و ڕۆژ لەلات بێت، ئەمە بوو وەڵامی پۆلیس بۆ من. بەدڵێکی گرانەوە و بەبێ ئەوەی یارمەتییەکم درابێت لەلای پۆلیس گەڕامەوە. ئەمجارەیان ناچاربووم هەر خۆم یارمەتیی خۆم بدەم بەباشترین شێوەیەک بۆم بگونجێت.

وەکو دواین ڕێگە بۆ دەربازبوون، رووم کردە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئەوانیش بەباشترین شێوە کەوتنە پاراستنم. من بیرم لەوە کردبووەوە کە بیروڕا هەڵخرێنم لەسەر ئەم کێشەیە و هەر لێرەشەوە تیشکی زۆر بخەمە سەر بنەماڵەکەم. بەم شێوەیە دەمویست پاشەکشەیان پێ بکەم. ئەم بارەی من سەرنجێکی ئێجگار زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا لەبەرئەوەی هەر لەو کاتەدا بوو کە لەسەر چەندان حاڵەتی توندوتیژیی گرێدراو بەناموسەوە شت نووسرابوو.

لەسەر سارا ئەو کچەی کە لە شاری ئوومیۆ کوژرا قسەی زۆر دەکرا. ئەویش وەکو من کچێکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو. ئامۆزاکانی بەتاوانی ئەوەی دەیویست خۆی شێوەی ژیانی خۆی هەڵبژێرێت کوشتیان. هەر بەهەمان هۆکارەوە

ژنێک لە ستۆکهۆڵم لەلایەن خزمەکانیەوە درایە بەر چەقۆ. من بۆیە ئەو ڕێگەیەم هەڵبژارد کە زۆر ڕاشکاوانە لەو بارودۆخە بدوێم کە لە سوێد کچانی بێگانەی ناچار کردووە تێیدا بژین. من بووم بەدەنگێک و سیمایەک بۆ ئەو کچانەی کە لەژێر چەوسانەوەدا بوون و لەوانە بوو بەرکەون و بکوژرێن ئەگەر نەچنە ژێر باری خواست و شێوە ژیانی بنەماڵەکەیان.

لە هەوڵدانێکی تازەدا بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ پۆلیس بەختم هەبوو پۆلیسێکم ناسی کە ئەزموونی کارکردنی هەبوو لەگەڵ ژنانی بێگانەی کە مێردەکانیان هەڕەشەیان لێ کردبوون و یان لێیان دابوون. ئەو دەستبەجێ لە جیدیبوونی بارەکەی من تێ گەیشت و سەبارەت بەمافەکانی من وەکو کەسێکی بەرکەوتوو زانیاریی پێ دام. بەڵام بەداخەوە پۆلیس نەیتوانی یارمەتییەکی بەردەوامم بداتێ و لەبەرئەوەی بارەکەی من لە هەڕەشەی نایاسایی بەولاترەوە نەچووبوو، تەنیا ناوەکەم و ناونیشانەکەمیان دەگۆڕی و دەیانکردە نهێنی و هەروەها هێندێک یارمەتیی فریاگوزارییان دەدامێ.

من یارمەتیی فریاگوزارییەکەم وەرگرت بەڵام نەمویست ناوەکەم بگۆڕم و خۆم بشارمەوە. باشە تاوانی من چی بوو؟ بۆ دەبوو من خۆم بشارمەوە؟ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوپەڕی چالاکیی خۆیاندا بوون. لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوانانی ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی سوێدەوە بەتەواوی بۆمباران کرابووم. من لە بەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی بۆ تەلەڤزیۆنی سوێد کە بەمەبەستی پەروەردە لەلایەن ئەنستیتۆی تەندروستیی گەلەوە ئامادە کرا، بەشداریم کرد.

سکاڵاکەم لە باوکم و لە براکەم سەرەنجام کێشایە دادگە. باوکم بەتاوانی هەڕەشەی نایاسایی و براکەم بەتاوانی لێدان و هەڕەشەی نایاسایی حوکم دران. پاش دادگەکە بەدڵێکی شکاوەوە یەکڕاست گەڕامەوە بەرەو شاری سوندسڤاڵ. بیری ئەوەی کە چیی تر نەمدەتوانی پێوەندیم لەگەڵ بنەماڵەکەمدا هەبێت، وەکو ژانێک بەلەشمدا دەگەڕا. ئێجگار زۆر تاسەی دایکمم کردبوو. هیچ ئارەزوویەکی لەوە زیاترم نەبوو کە بتوانم دیسانەوە لە باوەشی دایکمدا بم بەڵام دەمزانی ئەمە مەحاڵبوو. لەبەرئەوەی ئەرکی سەرشانی ئەو وەکو دایکێک ئەوە بوو کە من بەچەشنێک بەخێو بکات کە ببمە کچێکی گوێڕایەڵ و خنجیلانە و ئەویش لەوەدا

سەرنەکەوتبوو، جا ئەو تاوانەشی لەسەر بوو.

"لەلایەکی تریشـــەوە دایکم نەیدەتوانی لایەنی من بگرێت چونکە ئەگــەر وای کـردبایە بارەکـە بۆ ئەو بـەرەو خـراپـتریش دەچـوو. ئەو خـۆی بەتاوانبـار دەزانی. ئێـسـتـا من لە شـاری ئۆیسـتـێرشـوند دەژیم و خـەریکی خـوێندنم. مـن لە بەشـی کۆمەڵایەتی دەخوێنم با بتوانم کارەکەم واتە یارمەتیدانی ئەو کچانە درێژە پێ بدەم کە لەو کێشەیان هـەیە وا من هەمبووە و پێیدا تێ پەڕیوم. هـەروەها ئێستـا خـۆم بەسـەقامگیـر و بەهێـز دەبینم بەڵام بەڕاسـتی مـاوەیەکی ئێجگار زۆری پێ چووە هەتا بەوەی ئێستا گەیشتووم.

من نـاچار کــراوم دەست لە هـەمـــوو ڕابردووم هـەڵگرم و دەست پـێ بکـەم کـــە سەرلەنوێ خـۆم و ناسنامەی خۆم دروست بکەمـەوە. من لە پێکهێنانی سەکۆیەکدا کە بتوانم بەهەردوو پێی خـۆم لەسـەری ڕاوەستم سـەرکـەوتنم بەدەست هێناوە. من بۆ گەیشتن بەو جێگایە خـەباتێکی قـورسم کردووە و نـرخێکی زۆر گرانیشم داوە. ئاسـوودەییی خـۆم لەلای دۆسـتە تازەکانم دۆزیوەتەوە کە بوونەتە بنەماڵە تازەکەی من. سـەرەڕای ئەوەی کـە نرخێکی ئەوەندە زۆریشم داوە پەشیـمـاننیم لەوەی کـە بڕیاری خۆمم دا و بەسەربەستییەوە ملی ڕێگە مگرت.

هـەڵبـەت دیارە زۆر پەرۆشم لـەوەی بەســەرم هـاتووە و ئەوەی لـە دەســتم چووە، بەڵام من نـە تووڕەم و نە بیـر لەوە دەکـەمــەوە وابم لەبەرئەوەی وام بەســەر هاتووە، چونکە ئەگـەر وابێت ئەوا هـەمــوو ئەوەی رووی داوە بێ فـایدە بووە. بنەمـاڵەکـەم ناموسـەکەیان و "کچێکیان لەدەست داوە، منیش هەمـوو ئەوانەم لەدەست داوە کە لە دەوروبەرم بوون و خۆشم ویستوون.

ئێـستـا و بەم ئـەزموونەی لە بەردەسـتم دایە پێم وایە پێویست نەبوو کـاری من بگاتـە ئێـرە. ئـەگـەر بنـەمـاڵەکـەی من یارمــەتی و پشـتـیـوانیـیـان لە ڕێکخـراوە سەرتاسـەرییەکانەوە، بۆ نموونە کۆمەڵەی کوردەکان پێ گـەیشتبـایە، ئەوا پێویست نەبوو بێرە بگەین.

ئەگەر کۆمەڵگە بەرپرسـانە بجـوولایەوە و یارمەتـیی دایک و باوکی منیـان دابایە کە زیاتر بەشـدار بن لە کۆمەڵگەی سوێددا لەوانە بوو پێشیان بەم وەزعە بگرتایە. ئەوەی بەسـەر مندا هـاتووە تازە هیـچی بۆ ناکرێت، بەڵام پێم وایە ئەمـە گرینگە کە

شـتێکی لێـوه فـێر بین و بۆ داهـاتوو چارەیەک ببـینینەوه با لـەم چەشنە حـاڵەتانە دووپات نەبنەوه.

من ویسـتم ئەمـڕۆ لێره بەسـەرهاتی خـۆم بۆ ئێـوه بگێڕمـەوه بەو هیـوایـەی کـە یارمەتیدەر بێت بۆ کچە بێگانەکانی تر با پێویست نەکا کەسـانی تر بەو ڕێگەیەدا بچن کـە بەسـەر مندا هاتووه. ئەگـەر هەر کـەس بەپێی تـوانای خـۆی هاوکـاریی بکات، شـتی وا پێـویست نیـیە روو بداتـەوه. دەبێت ئەمـە ڕوون و ئاشکرا بێت کـە هەر ژنێکی گەنج بـەهەر پاشـخـانێکی کـولتـوورییـەوه کە هەیبێت، بتوانێت هەم بنەماڵەکەی رابگرێت و هەم ئەوەی ئەو ژیانە هەڵبژێرێت کە خۆی دەیخوازێت.

"بەڵام بەداخـەوه بۆ زۆر لە کچـان ئەمە روون و ئاشـکرا نییـە. من هیـوام وایە کە ئێوه پشتیان تێ نەکەن، کە ئێوه چاویان لێ نەقونجێنن.

سوپاس بۆ ئەوەی گوێتان بۆ ڕاگرتم.

فـادیمە کـاتێک قـبـووڵی کـرد ئەم وتاره پێـشکێش بـکات، ریسکێکی گـەورەی وەرگـرت. ئەو لـەگـەڵ هاوڕێیــەکی نزیکی خـۆی دوابوو کـە چـەنده دەترسـێت لە دەرکەوتن لە بەردەم ئەم جەماوەرەدا و چەنده پێشتریەتی دابوو بـەوەی کە نەچێت. بەڵام هەسـتی دەکـرد لەبـەر چەند هۆیـەک ناچاره ئەو کـاره بکات.(١) ڕێکخـەرانی کۆبوونەوەکە رازی بووبوون کە وتارەکەی بەنهێنی بمێنێتەوه. تەنانەت بەوەشـەوه، فـادیمە دەترسا. ئەو هۆکاری زۆری هەبوو بۆ ئەو ترسـەی، هێندێک لە خـزمـەکانی نزیکەی بە دڵنیاییەوه ئاگەداربوون لە چالاکییەکانی ئەو. براکەی دواتر بەپۆلیسی گوتبوو کە باوکی "سـەبارەت بە دەرکەوتنی فـادیمە لە پەرلەماندا لە مـانگی یازدەی ٢٠٠١دا بەقووڵی نائومێد بووبوو." دەشێت ئەو تاقە کەس نەبووبێت.

فـادیمە هەر لە پـایزی ١٩٩٨بەمـلاوه زۆر کـەم خـۆی دەردەخـست. کـاتێک کـە براکەی بۆ جاری دووەم حوکم درا فادیمە گوتی، "ئیـتر قـەت لەگەڵ مـیدیاکـاندا نا! من بەشی خۆمم کردووه!"(٢)

لە قسـەکانیدا لە پەرلەمان، ئەو هـەڵسووڕانی مـیدیای لە دەوروبەری خۆی وەکو "بەشێوەی هەڵتۆقین ڕوو لە زیادبوون" باس دەکات. سەرەتا ئەو هیوادار بوو ئەوەی کە ببێتە کەسێکی ناسراو یارمەتیی دەدا زیندوو بمێنێتەوه. بەڵام ئەو هەتا دەهات زۆرتر لەو پاڵەپەستۆ و ئازاره ئاگادار دەبوو کە دەنگوباسی میدیاکان سەبارەت بە

بەسەرهاتەکەی ئەو دەیخستە سەر بنەماڵەکەی. وتارخوێندنەوەکەی لە بینای کۆنی پەرلەمان لە ستۆکهۆڵم دوایین چالاکیی گشتیی ئەو بوو.

## ١٩- هاوگونجی (ئینتێگراسیۆن)

ئاخۆ فادیمە نموونەی سەرکەوتووی هاوگونجی بوو؟ مۆنا سالین وەزیری سوێد بۆ کاروباری هاوگونجی لە وتارێکدا لە نەرویج رۆژی ١٤ی مانگی پێنج ساڵی ٢٠٠٢ ئەم پرسیارەی بەرز کردەوە.[١] ئەو هەروەها پرسیارێکی تریشی کرد: ئاخۆ فادیمە نموونەیەکی خراپی هاوگونجی بوو؟ وەڵامەکانی سالین بۆ هەر کامەیان "بەڵێ" و "بەڵێ، بەشێکی" بوو. فادیمە نموونەیەکی سەرکەوتووی هاوگونجی بوو لەبەرئەوەی کە ئەو بایەخی ئازادیی لە باوەش گرتبوو و بەتوندوتۆڵی شەڕی لەسەر کردبوو. باوکی نموونەی نیوە هاوگونجی بوو چونکە ئەو زۆربەی ژیانی کارکردنی لە سوێد ژیابوو و لە کارخانەیەک کە نزیکەی بەشێوەیەکی تایبەتی سوێدییەکانی دادەمەزراند، کاری کردبوو. کەوابوو ئەو دەیزانی کە کوشتنی فادیمە کارێکی هەڵەیە. بەواتایەکی تر، ئەوبەلایەنی کەمەوە هێندێک بۆچوونی لەسەر یاسا و ڕێساکانی سوێد وەدەست هێنابوو، تەنانەت ئەگەر بایەخەکانی سوێدیشی وەرنەگرتبێت.

ئاخۆ ئەم پرسیارانەی سالین پرسیارگەلێکن کە لە جێی خۆیدایە؟ ئاخۆ "سەرکەوتووانە خۆگونجاندن" شێوەیەکی پڕ مانایە بۆ تایبەتمەندیدان بەکەسێک کە ناچار کرا گیانی خۆی لە پێناوی ئەوەدا دابنێت کە فێر بووبوو تامەزرۆی ئازادی بێت کە ئەو هەمووە لە سیستەمی سوێددا بەڕێزە؟ کاردانەوەی خێرای من ئەوەیە بڵێم نا. لەم چوارچێوەیەدا ناکرێت و ڕاست نییە باس لە "سەرکەوتن" بکرێت. ڕستەکە نەشیاوە وێ دەچێت ئەوە بگەیەنێت کە فادیمە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە دەڤەری کۆمەڵایەتیی خۆی و لە خزمەکانی خۆیدا بوونی هەبووە. وەک ئەوەی کە مرۆڤەکان ئەتۆم بوونایە و لێک دابڕاو لە یەکتر!

کەوابوو، بەباوەڕی من، ناکرێت ئەوە ڕاست بێت کە لە ڕەحمی شاهینداڵ وەکو کەسێک بدوێیت کە نیوە هاوگونجیی هەیە لەسەر توانای وشیاربوونی لەوەی کە نابێت کچەکەی بکوژێت. ئێمە دەبێت وای دابنێین کە ڕەحمی ئەو شتەی دەزانی

تەنانەت ئەگەر لە تورکیایش مابایەوە. لەوێیش هەروەکو لە سوێد، کوشتن قبووڵ ناکرێت هەرچەند، ئەوە وایە کە کوشتنی ناموسی لە بەشێکی تورکیا، بەتایبەتی لە ناوچەی باکوری ڕۆژئاوا، ئەو شوێنەی بنەماڵەی شاهیندال لێوەی هاتووە، بەڕێوە دەچێت و ڕەزامەندیشی لەسەرە.

جگە لەوەش، ئەوە قەت پشتڕاست نەکرایەوە کە ڕەحمی شاهیندال بەڕاستی وشیاریی هەبووە کە کوشتنی کچەکەی خۆی کارێکی هەڵە بووە. لەسەر ئەساسی ئەو راستییانەی کە لە دانیشتنەکانی دادگەی باڵادا دەرکەوتن، کە لەوێدا ڕەحمی ئینکاری کرد هیچی بەسەر ئەو کوشتنەوە هەبێت، هێشتایش ناشێت ئەو بەرەنجامەی لێ وەربگیرێت کە ئەو دەیزانی کارەکە هەڵەیە. کاتێک وازی لەوە هێنا پێ دابگرێت کە چەندە نەخۆشە _ کاتێک کە حاڵەتەکە گەیشتە دادگەی باڵا، دەست لەو پارێزگاریکردنە هەڵگیرا _ بەڵگەهێنانەوەکەشی واتە، "تۆ دەبێت نەخۆش بیت ئەگەر کچەکەی خۆت بکوژیت"، هەر ڕەت کرایەوە. ڕاگەیاندنێک کە لەلایەن کامەران شوان سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە شاری مالمۆی پشتگیری دەکرێت لەو لێکدانەوەیەدا: "باوکەکە پێی وابوو کارێکی باشی کردووە. هەر بۆیە فادیمەی کوشت."(٢)

بەڵام مۆنا سالین لێرەدا خاڵێکی هەیە. ئەو دەیویست خۆی لەوە دوور بخاتەوە کە خەڵک خوازیاری ئەوە بوون لە حاڵەتەکەی فادیمە بۆ مەبەستی خۆیان کەڵک وەربگرن. کەوابوو ئەو هەوڵی دا لایەنێکی ئەرێنی بەرجەستە بکاتەوە، کە ئەوەتا هەمووان دەتوانن ببینن: فادیمە نموونەیەکە، لە ڕاستیدا نموونەیەکی درەوشاوەی کەسێکە، باسی مافی مرۆڤی بەدڵ وەرگرتووە و ئامادەیە لە پێناوی بەکردەوەکردنی ئەم بۆچوونانەدا گیانی خۆی دابنێت. ئەوەی کە بەرهەمەکەی ئەوەندە جیاوازە لەوەی کە هیوای بخوازیت بەو مانایە کە فادیمە وەکو شەهیدێکی ئارمانجەکەی خۆی سەربەرز دەکاتەوە. کەس ناتوانێت ئەوەی لێ بستێنێتەوە، نە لەو، نە لە سوێد. لەو وڵاتە، فادیمە وای لێ هاتووە کە نوێنەرایەتیی هەموو ئەو شتانە دەکات کە باشترین لە مرۆڤێکدا. ئەو پێشەنگ بوو و پێشەنگیش دەمێنێتەوە.

باوکی فادیمە کەسێکی ئاڵۆزە. ئەو لەبەر ئەوە کوشتی کە هیچ ڕێگەیەکی تری

پێ شک نەدەهات. ئاخۆ ئەمە شتەکان باشتر دەکات کە ئەو دەیزانی کوشتن خراپە، چونکە ئەمە دژ بەیاسایە؟ ئێمە چەندە دەتوانین پێمان وابێت کە ئەو سادە و سەرەتایی بوو؟ ئاخۆ بەڕاستی ئەو نەیدەتوانی پاش بیست ساڵ، لە سەرەتاییترین راستییەکان سەبارەت بە ژیان لە سوێد تێ بگات؟

کار جاری وایە وەکو هەنگاوێک بەرەو هاوگونجی بەکار هێندراوە و ئەمەش نیشاندەرێکی بەکەڵکە. بەڵام زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەهێز و ڕوو لە زیاد دەری دەخەن کە هەبوونی کارێک بەناچار بەشداریکردن و سەر بە کۆمەڵگە گەورەکە بوون ناگەیەنێت. ئەوەی کە هاوگونجی لە کاردا خۆگونجاندن لەناو کۆمەڵگەدا بەگشتی پێش دەخات، گریمانەیەکی پشتڕاست کراوە نییە. ئەمە بەتەواوی دەگونجێت کە تۆ وابکەیت لێهاتوویی و تواناکانی خۆت بۆ کارکردن بفرۆشیت لە کاتێکدا ژیانێکی پەراوێزکەوتوو و دوورەپەرێزت هەبێت، زۆر کەسیش هەر ئەوە دەکەن.[٣] باوکی فادیمە، سەرەڕای بیست ساڵ ژیان لە سوێد و شازدە ساڵ کارکردن لەو وڵاتە، لە دادگە پێویستی بەوەرگێڕ هەبوو. ژنەکەی لەوانەیە تەنانەت تورکیش نەزانێت، هەر زاراوەیەکی ناوچەییی کوردی نەبێت. وەرگێڕی دایکەکە دەبوو لە ستۆکهۆڵمەوە بانگ بکرێت؛ هیچ کەس لە ئوپسالا نەبوو کە زاراوە ڕاستەکە بزانێت.

براکەی فادیمە کە لە تەمەنی سێ ساڵیدا گەیشتبووە سوێد، بەرگەی ئەوەی نەدەگرت کە لە کۆڵانەکانی ئوپسالا لەگەڵ خوشکەکەی بەرەوڕوو ببێتەوە، هەر بۆیە کچەکە ناچار ناردرایە تاراوگە لە شارێکی تر.

شتێکی سەیرە، تەنانەت هەڵیە کە لەم حاڵەتەدا قسە لەسەر هاوگونجی بکرێت، چ جایە پێشی بگوترێت "سەرکەوتووانە." من پێم وایە بابەتەکە دەبێت لە چوارچێوەیەکی تردا لێک بدرێتەوە.

ئێمە پێویستمان بەوەیە کە بزانین تا چ ئاستێک کەسێک "خۆی دەبینێت" وەکو بەشێک لە کۆمەڵگە گەورەکە، نەک ئەوەی کە بەدوای نیشانە دەرەکییەکانی هاوگونجیدا بگەڕێن.

باوکی فادیمە، سەرەڕای مێژووی کارکردنی و تا ڕادەیەک ئاگەداربوونی لە یاسای سوێد، نموونەی شکستهێنانی هاوگونجییە. زۆر شتی تر دەبێت هەبێت

پێش ئەوەی بەکەسێک بڵێین "نیوە خۆگونجاو." ئەمە دەشێت تێڕامانێک بێت لە شکستی گشتیی ڕەوتی خۆگونجاندن کە "هاوگونجیی لە شوێنی کارکردندا" کردووە بەباسی جەماوەری لە سکاندیناڤیا و وەکو ئاساییترین هەنگاو یان نیشانە بەکار دەهێندرێت. بەهۆکاری جۆراوجۆر، زۆرێک لە خوازیارانی پەنابەری و کۆچبەران هەرگیز نەچوونەتە بازاڕی کارەوە؛ ژمارەیەکی ئێجگار زۆر کەوتوونەتە بەر "کۆلۆنیکردنی باشبژێتی."(٤) دابەشکردنی دەرماڵەی کۆمەلایەتیی ئەو ڕێگەیە کە ئێمەی خەڵکی سکاندیناڤیا ئارامیی ڕۆحی بۆ خۆمانی پێ دەکڕین. باوکی فادیمە بژێویی خۆی پەیدا دەکرد، کە ئەمە شەرەفمەندانەیە هەم لەبەرئەوەی کە کارێکی تەواو گەورەیە و هەم لەبەرئەوەی کە زۆر کەم پێویستی بەوە بوو خۆی بخاتە زەحمەتەوە. دەوڵەتی خۆشبژێتیی سکاندیناڤیا بەدیلێک دەداتە خەڵک، بەلام ئەو ئەوەی هەڵنەبژارد؛ لەو ڕووەوە، ئەو "یەکێک لە ئێمە بوو."

هەڵبەت ئەو وەکو ئێمە وایە. ئەو بەزۆربەی ئەو شتانەی ژیان دەیداتێ وەلام دەداتەوە، هەروەکو "ئێمە"، بەلام ئەو هەروەها بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە. فادیمە تێ گەیشت کە باوکی لەو ڕێگەیانەوە کە گرینگن نەیتوانی خۆی بگونجێنێت. هەر ئەوەندە بەس نییە کە کار بکەیت و پارەی کاری بەردەوام وەربگریت. زۆرێک لە خەڵکی سکاندیناڤیا بە هۆکاری جیاوازەوە لە دەرەوەی بازاڕی کاردان بەلام سەرەڕای ئەوەش ئەوانە وەکو کەسانێک کە بەتەواوی خۆیان گونجاندووە سەیر دەکرێن. ڕوانگەی دەروونیی ڕەحمی شاهیندال لە شوێنێکی تر لەنگەری گرتبوو؛ ڕەگ و ریشەی ئەو بەقووڵی لەناو کولتوورێکدا، یان ریزێک لە داوونەریتدا ڕۆ چووبوو کە کاکڵی بایەخەکانی "شتێکی تر" بوون جگە لە ئازادی و یەکسانی. مۆدێلی یەکسانیخوازانەی باشبژێتیی سکاندیناڤیا بایەخگەلێک لەخۆ دەگرێت کە بەتەواوی لە دژایەتیدان لەگەڵ ئەوانەی کولتووری کوردی؛ هیرارکی و نایەکسانی، دەسەلاتی پیاوسالارانە، بنەماڵە یان عەشیرەی پەرەگرتوو وەکو یەکەی کۆمەلایەتیی بناغەیی و کەڵک وەرگرتن لە توندوتیژی بۆ چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان.(٥)

ئەم سەرنجانە ئاماژە بەهیچ چەشنە بەراوردێک ناکات لەوەی کە چەند کەس لە کوردەکانی سکاندیناڤیا یان لە تورکیا، سووریا، ئێران یان عێراق باوەڕیان بەم بایەخە نەریتییانە هەیە. هەر کوێیەک بچیت خەڵکەکەی جیاوازن و لە حاڵەتی

کوردەکاندا جیاوازیی گەورە هەیە لەسەر بناغەی ناوچە، ئاین، پێگە و عەشیرە.(٦) هێشتایش زۆربەی ئەو شتانەی کە لە قەڵەمڕەوی گشتیدا سەری هەڵهێناوە ئەوە دەگەیەنێت کە باوکی فادیمە سەر بەدنیایەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاوازە لە دەوڵەتی باشبژێتیی سکاندیناڤیا.

لەناو بازنەی بنەماڵەکەدا دایکی فادیمە هەڵگری لۆمەیە لەسەر شکستەکانی کچەکەی و دواین خیانەتکردنی. لەبەرچی وەزیری هاوگونجی بیر لە خۆگونجاندنی ئەلیف شاهیندال ناکاتەوە؟ ئاخۆ "ئەم ژنە" سەرکەوتنێک بوو؟ یان ئەوەی وەلامەکە لەو کاتەوە کە ئەو چووە پاڵ مێردەکەیەوە لە دادگەدانەکەی دادگەی بالادا، بەرەنجامێکی پێشبینیکراو بوو؟ ئەلیف، ئەو دایکەی کە بە پشتگیری کردن لە مێردەکەی و کوڕەکەی کاتێک کە لە ساڵی ١٩٩٨دا تاوانبار کران بەوەی کە هەڕەشەی کوشتن و لێدانی لە کچەکەی کردبوو، هێشتی کچەکەی بکەوێت. ئاخۆ ئەلیف هەر ئەو کات ئەوەندە بەقووڵی سازشی کردبوو کە بەباشی دەردەکەوێت کە ئەو "خۆی نەگونجاندووە"؟

دۆخی ئەم دایکە شیاوی تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوەی کێشەکانی هاوگونجی بخەینە ناوەندێکی وردبینانەترەوە. ئەو ناوبژیوان بوو لە نێـوان دوو دنیـای ژیاندا و هەرچەند ئاکامەکەی ئەوە بوو کە گیانی کچەکەی بکەوێتە مەترسییەوە، کاری بۆ هاوگونجی دەکرد. دەشێت ئەو بەزەحمەت لە مەترسییەکان تێ گەیشتبێت. بەهەرحاڵ، ئەو خوازیار بوو نرخێکی گران بدات لەبەرئەوەی ئەو شتە بەفادیمە بدات کە لەراستیدا دەیویست: بنەماڵەیەک، سەرەڕای هەموو شت. ئەو هەموو ئەم ڕێگەیەی پێوا بۆ ئەوەی دیسانەوە کچەکەی پێوەند بداتەوە و سەرەڕای هورووژی میدیاکان ئەو کارەی کرد. ئەلماس، کچی دووەمی، کە نەیتوانی لە فادیمە ببوورێت، دەنگی تۆمارکراوی هەیە دەڵێت کە دایکی هاوسەرکاریی نێوان فادیمە و پاتریکی قبووڵ کردبوو. هەڵبەت نەک دەستبەجێ، بەلام بەتێپەڕبوونی کات ئەو خۆی لەگەڵ ئەو بۆچوونە ڕێک خستبوو.(٧) دەگێڕنەوە کە چۆن ئەلیف چوو بۆ سوندسڤاڵ یارمەتیی کچەکەی بدات کە خانووەکەی بۆ ڕێکوپێک بکات، کاتێک کە فادیمە بەپێچەوانەی خواستی بنەماڵەکەی بڕیاری دابوو درێژە بدات بەخوێندنی بالا.

ئەلیف شاهیندالّ چووبووە دۆخێکی مەترسیدارەوە _ زۆر بەدوور لەو دنیای تورکی- کوردییەی کە ئەو ڕیشەی تێدایە. بەبێ زمانێک کە بتوانێت لەگەڵ دەوروبەرە تازەکەیدا هەڵبکات، دەم داخراو و بەستراوە، ئەو هێشتایش ململانێی بوو داهاتوویەک بۆ منداڵەکانی بخوڵقێنێت بۆ هەموویان، بەفادیمەیشەوە، مەرە ڕەشەکەی بنەماڵە.

ئەلیف خوازیاری ئاشتبوونەوە و پێکەوەبوون بوو. ئەو پاڵی بەفیدان، کچە گەورەکەیەوە نا کە فادیمە ببینێت و دوو خوشکەکە زۆرجاران بە تەلەفۆن قسەیان دەکرد. بەم چەشنە فادیمە دایکی و دووان لە خوشکەکانی (فیدان و نەبیلە) وەدەست کەوتەوە؛ ئەو بەردەوام لەگەڵ سونگیول پێوەندیی هەبوو. نابێت نە لێهاتوویی دایکەکە بۆ ڕاگرتنی هاوکێش دەستی کەم بگیرێت، نە توانای ئەو بۆ لێبووردن و ڕاحەتی منداڵەکانی. "خۆڕاگری" وشەیەکە پڕ بەپێستییەتی بۆ ئەو: ئەم ژنە کە وێ دەچێت لە چاو باقیی بنەماڵەکە لە کۆمەڵگەی سوێد زۆر دوورتر بووبێت _ کە هەرگیز لە دەرەوەی ماڵ کاری نەکردووە و هیچ زمانی سوێدیی نەدەزانی – لەگەڵ ئاڵوگۆڕی وەفاداریی کچەکەی خۆی هەڵی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەوەی ئەو دەیکرد زیاتر بوو لە هەڵکردن لەگەڵ کچەکەی: ئەو کچەکەی خۆشدەویست. هێندێک لە ئەندامانی بنەماڵە دەڵێن فادیمە پاڵەپەستۆی دەهێنا بۆ دایکی کە سەردانی بکات، بەڵام ئەوە لە ڕاستییەکە هیچ ناگۆڕێت. ئەلیف پێوەندیی لەگەڵ فادیمە دەگرت.

لەم ڕێگەیەوە دایکی فادیمە بوو بەناوبژیوان لە نێوان دوو ڕاستیدا، لە نێوان دوو کولتووردا. ئەو دەبوو بەو مەترسییەشی زانیبێت کە دواجار فادیمە کاریگەری دەبێت لەسەر کچە بچووکەکەی ئەلیف، بەچەشنێک کە نەبیلەیش لە دەرەوەی بنەماڵەکە بۆ سەربەخۆییی زیاتر و بۆ "سوێدیبوون" چاو دەگێڕێت. ئەوەش لە ئارادا بوو. هەرچەند لەوانەیە کە دایکی ئاگاداری ئەوە نەبووبێت، فادیمە بە ئاشکرا گوتبووی کە ئەو هیوادارە نەبیلە وردە وردە خۆی لە بنەماڵەکە ڕزگار بکات.

ئەم ڕەفتارە ئاشتیخوازانە لە کۆڕی بنەماڵەکەدا نابێت وەکو نیشانەگەلی هاوگونجی لەگەڵ ڕاستەقینەکەی "سوێدیبوون" یان سیستەمی بایەخدانان ڕەچاو بکرێت. لەوانەیە ئەلیف لە کوردستانیش هەر هەمان کاری بکردایە. ئەتۆ یارمەتیی

منداڵەکەت دەدەیت. ئەمە ئەو شتەیە کە لە زۆربەی کولتوور و چوارچێوەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دایکێک چاوەڕوان دەکرێت: ئەو بوونەوەرێکی خۆشەویست و ناسکە کە "دانە دانەی منداڵەکان" بۆ ئەو بەواتای هەموو شتێکە. ئەمە لە دابەشبوونی کار، لە دۆخی هەستیاری لە نێوان دایک و باوکدا ڕەنگ دەداتەوە. دایک هێزی سارێژکردن و دڵخۆشیدانەوەی بنەماڵەیە، لە کاتێکدا کە ڕۆڵی باوک زیاتر دەسەڵاتدارانە و کەمتر گەرموگوڕە. هەر بۆیەشە دایکان لە کۆمەڵگەی بە کولتووری جۆراوجۆرەوە ئەوەندە گرینگن: ئەوان بۆیان دەگونجێت کە پێکەوە هەڵبکەن و "لادان" لە منداڵەکانیان قبووڵ بکەن کە ئەمەش شوێنێکی وایان دەداتێ کە تەنانەت کاتێک ڕەگ و ڕیشەیان هەر لە کولتوورەکەی خۆیاندا ماوەتەوە، ببنە پردسازکەر. هەڵبەت ئەمە بۆ هەموو دایکەکان وا نییە. کەسایەتی و هەلومەرجی ژیان گرینگە. هێشتایش، ئەمە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دایکان ڕاستە.(٨)

هاوگونجی بابەتێکە بەتەواوی گرێدراوی ڕایەڵە و پێوەندییە. بێ مانایە ئەگەر پرسیار بکرێت ئاخۆ کەسێک بەبێ لێوەشاوەییەک خۆی گونجاندووە یان نا، خۆگونجاندن "لەگەڵ شتێک"دایە. فادیمە لە وتارەکەیدا لە پەرلەمان گوتی، "ئەگەر کۆمەڵگە بەرپرسانە بجووڵایەتەوە و یارمەتیی دایک و باوکی منیان دابایە کە زیاتر بەشدار بن لە کۆمەڵگەی سوێددا، لەوانە بوو پێشیان بەم وەزعە بگرتایە."

ئەمڕۆکە سوێدیش وەکو باقیی وڵاتانی سکاندیناڤیا، گڵۆڵەیەکە، چێشتی مجێورێکە لە باوەڕ و بۆچوونگەلی جۆراوجۆر. لە هەر پێنج کەسێک لە دانیشتوان، یەکیان بەلایەنی کەمەوە دایک یان باوکێکی کۆچبەری هەیە. بەتەواوی دەگونجێت بەڵگە بهێنینەوە کە خودی فادیمە باش لە کۆمەڵگەی سوێددا خۆی نەگونجاندبوو، لەبەرئەوەی کە ئەو وەها وەستابوو کە هەر پایەکی لەلای تاقمێک بوو کە کەلێنێکی قووڵ لێکی جیا دەکردنەوە، هاوتەریب لەگەڵ یەک دەژیان، نەک پێکەوە. لەو دۆخەدا، هونەری کێش ڕاگرتن هیچی پێ ناکرێت. هەتا ئەو کاتەی شتەکان دەگۆڕدرێن، دەبێت شتێک بدرێت؛ هەتا ئەو کاتەی ئەو دوو بەرەیە ئامادە دەبن کە ئەگەر ڕێز لێک ناگرن، پێکەوە هەڵبکەن، ئەتۆ دەبێت بڕیار بدەیت دەست لە کامیان بەردەدەیت.(٩) فادیمە نەیدەویست دابڕانێک هەبێت؛ ئەو خوازیاری بەردەوامبوون بوو و لەوەشدا کارێکی باشی دەکرد. ئاسایی بوو کە دەبوو ڕێگەی پێ درابایە.

ئەو بەهەڵە لە ئاستی جۆش و خرۆشی کۆمەڵگە کۆنەکەی خۆی تێ گەیشت. لەلای ئەندامەکانی، دابڕان تاقە بژارەی گونجاو بوو بۆ ئەوان. ئاسانە پاش ڕوودانی ڕاستییەکە ژیربێژ بیت و ڕای بگەیەنیت ئەوە ئاوا بوو. من تکای تێڕامان دەکەم: بۆ وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو – کە بەهیچ لەونێک ڕیزپەڕ نییە – کە بەشێکە لە سکاندیناڤیای ئەمڕۆ، بەشێک لە کۆمەڵگەیەک کە "ئێمە"یە، هی خۆمانە. ئەم کۆمەڵگەیە، وەکو هەموو ئەوانەی تر لە ئەوروپای تازە، لە هاوگونجیدا شکستی هێناوە و شکستەکەیش لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە بۆ خەڵک زیانگەیێنە. هیچ کام لە ئێمە ناتوانین خۆمان لە سەرەوەی ئەم ڕاستییە دابنێین. ئێمە هەموومان لە ژیانی ڕۆژانەماندا تۆزێک دەکەوینە بەر کاریگەری ئەو شتانە، هێندێ کەس بەقووڵی. ئەوە بۆ "ئەوان"ە کە گەلاڵەی هاوگونجی ئێجگار گرینگە. هەموو شتێک ئەوە نییە کە بۆ خەڵک کار پەیدا بکرێت، هەرچەند کاریش گرینگە. قسە لەسەر دڵۆپ دڵۆپ تێکردنی ڕێزگرتنە لە بایەخ و بەهای کەسەکە و مافی هەر کەس لە ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خۆمان.

من هیچ ڕاسپاردەیەکم نییە کە نیشانی بدات ئەمە چۆن جێبەجێ دەکرێت. لە کتێبەکان و وتارەکانی تردا من هێندێک ئاماژەم داوە و نیشانم داوە کە چ ئاراستەیەک بگیرێتە پێش. زۆر کەسی تریش وایان کردووە. دەسەڵاتی سیاسی و ڕێکخراوەکان و تاکەکەسەکان، هەموو یارمەتیی گرینگیان داوە، بەڵام هێشتا ڕێگەیەکی درێژمان لەبەرە. هاوگونجی دەبێ بەو واتایە بێت کە خەڵک مافی یەکسان و دەرفەتی یەکسانیان دەدرێتی، بەڵام وایشیان لێ دەکەن لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان تێ بگەن. بەبەڵگەوە دەتوانین بڵێین کە فادیمە بەباشی هاوگونجی نەبوو لەگەڵ کۆمەڵگەی سوێددا، چونکە ئەو دەرفەتانەی نەبوو لە ژیانیدا کە بۆ زۆربەی کچانی سوێدیی هاوتەمەنی ئەو کراوەیە. واتە، ئەو سەبارەت بەدەرفەتەکانی ژیانی خۆی ڕاستبینی نەبوو. ئەو زۆر زیاتر لەوەی دەیویست کە ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو بەشێکی بوو، دەیتوانی پێشکێشی بکات. براکەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەگەڵ پۆلیس بەباشی ئەوەی روون کردووەتەوە: "بنەماڵەکە بەدابڕانی فادیمە رازی بووە، بەڵام بەمەرجێک کە هەرگیز هیچ چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ فادیمەدا نەبێ... ئەوە ئەو بەشە بوو کە فادیمە ئامادە نەبوو قبووڵی بکات."(١٠)

"ئەوە ئەو بەشە بوو... " فادیمە قبووڵی نەکرد. فادیمە "گرێبەستەکەی" شکاند لەوانەیە بەبێ ئەوەی تێ گەیشتبێت کە ئەمە دواین مەرج بوو، شەرتومەرجێک بۆ ئەوەی ڕێگەی پێ بدەن لە بژیت. فادیمە ئەگەر هاوگونجییەکی باشتری لە بەشە کوردییەکەی دنیاکەی خۆیدا هەبووایە، لەوانە بوو بۆی دەربکەوتایە کە لە ناوچەی وڵاتەکەی دایک و باوکی کاتێک کە ناموسی بنەماڵە دەکەوێتە مەترسییەوە، وەدەرنان و ناردن بۆ تاراوگە بەدیلێکە بۆ کوشتن. ئا بەو چەشنە کێشمەکێشەکان چارەسەر دەکرێن. واتە بەو شێوەیە کە دەکرێت خۆبپارێزن لە کوشتنی ناموسی.

بەڵام ئاخۆ لە سوێدی ئەمڕۆکەدا، بەکارهێنانی ئەم چەشنە تێڕوانینە ناچێتە ئەوپەڕی سنوورەکانی ئەخلاقەوە؟ لە پرەنسیپدا، نا. بەکردەوە، با. ئەمانەن ڕاستییەکان بۆ هێندێک لە تاقمەکانی خەڵک لە سکاندیناڤیا. برین، خوشکەکەی پێلا دەڵێت، "کوشتنی فادیمە نیشان دەدات کە کولتووری ناموس کێشەیەکە لە سوێد، نەک تاکە ڕووداوێک." کامەران شوان، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی لە مالمۆ، بەشێوەیەکی تر دەبڕێت: "لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە کێشەکە بەردەوام بوو، کەسێک دەبوو ستۆپێک بخاتە سەر مێشکی باوکی ئەو کچە."(١١)

هیچ ڕێگەیەک نییە گارانتی بکرێت کەس ناکوژرێت. لەوانەیە لە باشترین بنەماڵەکاندا ڕوو بدات و لە ساتێکی هەرە چاوەڕواننەکراودا. هێندێک کەس پێیان خۆشە خۆ بخەنە مەترسییەکی حیساب بۆکراوەوە و یارییەک دەکەن کە ژیانی خۆیشیان دەخاتە مەترسییەوە.

ئەمە ئەو شتە نەبوو کە فادیمە دەیویست. ئەو دەیویست بژیێت. بەپێی وتەی سێ کەس لە هاوڕێ نزیکەکانی، ئەو پەشیمان بووەوە لەوەی کە بە ئاخافتن لەگەڵ میدیاکاندا ئەوەندە بنەماڵەکەی خۆی وروژاندبوو. نالین پێگول، کوردێکی سوێدی و ئەندام پارلەمان، [ئێستا سەرۆکی ژنانی سۆسیال دیموکراتی سوێدە. و] ئەڵێت فادیمە کۆمەڵگەی کوردی لە ئوپسالا بە دەستی کەم گرتبوو. تێگەیشتن لەمە ئاسانە. بەڵام ئاخۆ نەدەبوو چەند نێرینەیەکی هەستیار، بۆ نموونە چەند نێرینەیەک لە بنەماڵەکەی هۆشدارییان دابایە بەفادیمە؟

یان ئەوەی کە دایکی فادیمە هۆشداریی دا ئەم ژنەی کە هاواری کرد، چەند خولەکێک پاش کوشتنەکە، "من کردم. ئەمە خەتای من بوو!" ئاخۆ ئەو ڕێگەی

دابوو بە کچە زۆر خوێندەوار و ئازاکەی، بەکردەوەگەلێکی بێباکانە ڕابەریی بکات و بەلاڕێدا بیکێشێت؟ (فادیمە تەنیا کەسێک بوو لە منداڵە گەورەکانی کە چووبوو بۆ خوێندنی باڵا.) مێردەکەی ئەلیف شاهینداڵ و لەوانەیە هی تریش، هۆشدارییان پێ دابوو: ئەو نابێت لەگەڵ فادیمە پێوەندی هەبێت. هۆکاری هۆشدارییەکە ئەوە بوو کە لەوانە بوو فادیمە بێت بۆ ئوپسالا و ئەگەر وابێت لەوانەیە شتێکی دیاریکراو ڕوو بدات. ئاخۆ بوێریی فادیمە ئەلیفی داماڵیبوو؟ دۆستێکی نزیکی فادیمە گێڕاویەتییەوە کە چلۆن فادیمە زیاتر و زیاتر متمانەی دەکرد لەوەی کە بچێت بۆ ئوپسالا و زۆرجارانیش سەردانی کردووە (ئاخۆ دەتوانێت وابێت کە ئەو زۆر زیاتر لەوەی کە ئەلیف دەیسەلمێنێت، چاوی بەدایکی کەوتووە؟). تەنانەت جارێکیان خوشکە بچووکەکەی لە چایخانەیەکدا بینی. حەیدەر کە باشترین هاوڕێی ڕەحمییە، دەڵێت ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە هاوینی ساڵی ٢٠٠١ کاتێک کە ڕەحمی بەسەفەر چووبووە تورکیا و ئەلیف لەماڵەوە بوو، فادیمە لەوێ دەنووست.[١٢] بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی ئاخۆ ئەمە ڕاستە یان نا، پیلانێگێڕانێک لە ئارادا بوو کە ئەگەر نێرینەکانی بنەماڵەکە بیانزانیبایە، بەڕاستی ململانێیان لەگەڵ دەکرد. ئێمە دەزانین کە ئەوان زوو گومانیان لە شتێک دەکرد و دواتر دڵنیا بوون.

ئاکامەکانی داهاتووی ئەمە بۆ دایکی فادیمە چی دەبێت؟ هەتا ئێستا ئەو دەبوو ئەو گوناهە ڕاکێش بکات کە بووەتە هۆی کوژرانی کچەکەی خۆی و هەروەها ئەو سەرەڕای پشتیوانییەکی بوێرانەی بۆ پارێزگاری لە ڕەحمی، شکستی هێنابوو لەوەدا کە مێردەکەی لە سزای کوشتن ڕزگار بکات. لە شەوی کوشتنەکەدا، ئەڵماس کچە دووەمەکەی، بەپۆلیسی گوتبوو کە ئەگەر کە ڕەحمی ئەو کارەی کردبێت، شیاوی ئەوە نەبوو بیکات: دوو ژیان بۆ یەک ژیان. واتە، باوکێک و مێردێک "قوربانی کرا" لەبەرئەوەی ژنەکەی کوڵی نەدا و بەردەوام شتەکانی بەشێوەی خۆی ئەنجام دەدا.

هەموو ئەو شتانەی لێرەدا باسیان لێوە کراوە، یان لەسەر دەربڕینی شایەتحاڵەکانە (لای پۆلیس و یان لە دادگە) و یان لەسەر بناغەی لێکدانەوەکانی من لەسەر بەڵگەنامەکان و ئەو شتانەیە خۆم سەرنجم داوە. من قەت لەگەڵ دایکی فادیمە قسەم نەکردووە و تەنیا لە دادگەی ناوچە و لە دادگەی باڵادا سەرنجیم

داوە. وەک هەموو کەسی تر، پێم وابوو کە ئامادەنەبوونی بۆ شایەتیدان لە دادگەی ناوچە خیانەتکردنێک بوو. هەتا دواین ساتیش، هیوادار بووم کە ئەو نەبێتە شایەتیێک بۆ پارێزگاریی مێردەکەی؛ من باوەڕم بەمیدیاکان نەکرد کاتێک رایان گەیاند کە دایکەکە دەگەڕێتەوە بۆ دادگەی باڵا بۆ پشتگیریی باوکەکە. بەڵام من هەستم بەهاودەردی کرد بۆ ئەو ژنە. پێم وایە فادیمە بووایە دەیگوت "دایەی بێ چارە."

ئەم چەشنە ژنانە کاتێک دەتوانن خۆیان بگونجێنن _ واتە کاتێک کەسانی وەکو ئەلیف شاهینداڵ مەودای ئەوەیان دراوەتێ کە تێڕامانیان هەبێت لەسەر پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان و بەچەشنێکی زۆر چالاکتر و سەربەخۆتر وەڵامی دەوروبەریان بدەنەوە _ کە کۆمەڵگەکە بتوانێت کۆمەڵگە پەڕاوێزکەوتووەکان لە یەکەیەکی گەورەتردا بەپێوەی دابمەزرێنێت. فێربوونی زمان زۆر بنەڕەتییە. وەزیری هاوگونجی سوێد لە وتارەکەیدا رۆژی ١٤ی مانگی پێنجی ٢٠٠٢ خاڵێکی گرینگی ورووژاند کە گوتی سوێد، بەپێچەوانەی دانیمارک و نەرویج کە بەم دواییانە بڕیاریان دەرکردووە، داخوازی فێربوونی زمان بۆ خوازیارانی پەنابەری دابین ناکات. ئەمە لەوانەیە وەکو نیشانەیەک لێی تێ بگەیت کە سوێد وڵاتێکی لیبراڵترە، بەڵام ئەمە دەشتوانێ ئەوە دەربخات کە ململانێی هاوگونجی بەئەندازەی پێویست بە جیدی وەرنەگیراوە. لە ڕاستیدا، حکومەتی سوێد دوو ساڵ دواتر و بەپێی بڕیاری وڵاتانی تری ئەوروپایی فێرکاری زۆرەملیی زمانی دابین کرد بۆ خوازیارانی پەنابەری سیاسی و کۆچبەران.

ئەلیف شاهینداڵ نەیدەتوانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بۆ میدیاکان و لە دادگە وەڵامی دەربڕینەکانی فادیمە بداتەوە. کەسانی تر دەبوو دەقەکانی بۆ بخوێننەوە و دەربڕینەکانی بۆ لێک بدەنەوە. چ چەواشەکارییەک دەشێت لە ئاکامی ئەم ڕەوتەدا هاتبێتە پێش؟ ئەم پرسیارە بۆ هاوسەرەکەی ئەلیفیش، کە زانیاریی لە زمانی سوێدیدا زۆر کەم بوو، دەخوات. فادیمە لە ساڵی ١٩٩٨دا رای گەیاند، "هەموو ئەمانە لە ترسی دایک و باوکی منەوە بۆ کۆمەڵگەی سوێد سەرچاوە دەگرێت. دایک و باوکم نەخوێندەوارن و زۆر بۆیان دژوارە لە سوێدییەکان تێ بگەن. ئەوان بەکەسوکارەکانی خۆیان گەمارۆ دراون و سەتەلایتیشیان هەیە کە وادەکات بتوانن تەنیا سەیری تەلەڤزیۆنی تورکی بکەن."(١٣) لە وتارەکەیدا لە پەرلەمان لە ساڵی

٢٠٠١دا گوتی کە دایک و باوکی ئەو پیانوایە سویدییەکان بێ سەروبەرن و "نە کولتووریان هەیە، نە ئاستی ئەخلاقی و ڕەوشت." سەرەڕای ئەوەش، ئەوە دایکی فادیمە بوو هەر وەکو پێش ئەویش دایکی سارا و پێلا، کە ئامادە بوو تا ئەو جێگەیەی توانی پشتگیری بکات لە کچەکەی و لە گەلاڵەکەی: بۆ ئەوەی ڕزگار ببێت.

ئەمە جێگەی ڕێزلێنانە، بەتایبەت کاتێک تێ بگەین کە ئەم دایکانە چ سنوورگەلێکیان بەسەردا سەپاوە. ئەمە بۆ هەموویان ڕاست نییە، بەڵام بۆ زۆریان. ئەمە گرینگە کە لە بەرامبەردا پشتگیری بکرێت لە دەرفەتەکانی "ئەوان" بۆ سەربەخۆبوون.

ئەمە بۆ پیاوانیش ڕاستە پیاوان، کە زۆر بەئاسانی لە بیر دەکرێن و لێیان دەگوزەرێن بۆ ئەوەی چەقی سەرنجەکە لەسەر ژنانە. (ریاض البلداوي)، کە پزیشکێکی دەروونناس و سویدی _ عێراقییە کە بەشێکی زۆری کارەکانی لەسەر بنەماڵە کۆچبەرەکانی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستە، هۆشداریی داوە بەئێمە: "بۆ کارمەندانی کۆمەڵایەتی گرینگە تێ بگەن کە بەبێ ڕەخنەگری لایەنگریی بکەن. هەموو بنەماڵەکە بەتەواوی دەبێت لە بەرچاو بگیرێت، بەمێردەکە یان باوکەکەیشەوە، کە جاری وایە دەستبەجێ تاوانبار دەکرێت."[١٤] فادیمە هەوڵی دا ئەو کارە بکات. وتارەکەی لە پەرلەمان نموونەیەکی روونی داوەریکردنێکی هاوسەنگە. ئەو نە باوکی و نە براکەی هیچ کامیان تاوانبار ناکات بەڵام دۆخەکەیان ئەداتە بەر لێکدانەوە و ئەو ڕێسایانە باس دەکات کە ژیانی ئەوان بەڕێوە دەبەن. ئەو قسەی برا بچووکەکەی دەکات کە چلۆن وەکو دووەمین سەرۆکی بنەماڵەکە دەبێت ببێتە بەرپرسی پێنج خوشکەکەی، کە چواریان لە خۆی گەورەترن و ناچارە لەگەڵ چاوەڕوانییەکاندا خۆی سازگار بکات. وە چۆن باوکی دەبوو ئەو کارە بکات کە داوای لێ دەکرێت کاتێک کە کچەکەی ژیانی ئەو و پێگەی ئەوی لەناو هەموو بنەماڵەکەدا تێک داوە. چەند کەسێک لەوانەی کە ئەویان باش دەناسی دەڵێن، "فادیمە دەیویست تەنانەت لە باوکی و براکەیشی تێ بگات." ڕاستی پیاوسالارییەکی بەهێزی نەریتی مانای ئەوەیە کە لە زۆرێک لە بنەماڵەکاندا، پیاوان دەسەڵات دادەسەپێنن و ئەرکی ژنەکان ئەوەیە کە سەر دانەوێنن. ئەمە وادەکات کە گرینگتر بێت بچینە ناو گفتوگۆکردن لەگەڵ پیاواندا.

ئەمە ئەرکێکی گرینگی ڕێکخراوەکانی کۆچبەرانە کە بیگرنە ئەستۆ. [١٥]

شۆڕش بلادهێدیێ کە سیاسەتوانێکی کوردە لە ئوپسالا دەڵێت، "ئێمە هەوڵمان دا"؛ ئەو بانگەشە دەکات کە ئەوان ئامادەگیی خۆیان دەربڕی بۆ یارمەتیدان بەڵام باوکی فادیمە وەڵامی دایەوە. "ئەوە من نیم کە بڕیار دەدەم، کەسانی تر لەسەر من بڕیاردەرن."[١٦] ئەمە لەوانەیە زۆر ڕاست بێت. کولتووری نامووس یان پاکیزەیی، وەکو لە سوێد پێی دەڵێن، ڕێک بەم چەشنە کار دەکات: داوای تەسلیمبوونی تاکەکەس دەکات بە هێزە دەسەڵاتدارە کۆمەڵایەتییەکان. قسەڵۆک و باسکردنی چایخانە بەشێکە لەم وێنەیە.

کەیا ئیزۆل، سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردی _ سوێدییەکان دەڵێت، "باسی ئەوەی کە ناچار کرابێت ڕاست نییە. هەموو کەس پێی وایە کە خەڵک قسە دەکەن، بەڵێ هەموو کەس دەتوانێت لەسەر داوونەریت و ڕێساکان باس بکات، بەڵام ئێمە دەبێت نەریتەکان پێناسە بکەین، ئێمە دەبێت ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە. خەڵکانێک کە بنەماڵەکە دەناسن دەبێت لەگەڵیان قسە بکەن."[١٧] فادیمە قسەکەی ئەوی دەسەلماند بەڵام هیچ یارمەتییان نەدایە. دۆستی فادیمە مالین ستروٚم دەڵێت، "ئاوابوو کە فادیمە دەیویست بڵێت، فەرموون ئەوا من لێرەم، ئەمە بنەماڵەی منە، ئێمە کێشەیەکمان هەیە، ئێمە پێویستمان بەیارمەتییە. بەڵام کەس یارمەتیی نەدایە."[١٨]

ئیزۆل دەڵێت، "ئێمە دەبێت چارەسەرێک بدۆزینەوە کە شیاوی ئێمەی کورد بێت، هەرچەند کە ئێمە لە سوێد دەژین. ئێمە دەبێت تێگەیشتن نیشان بدەین بەهەموو ئەوانەی تێوە گلاون. نەک هەر بۆ یەک کەس و هەموو کەسی تر بکەین بە سپەری بەلا. کاربەدەستان هەڵەیان کردووە. دەتوانێت وابێت کە هەموو ئەو شتانەی فادیمە گوتوویەتی ڕاست نییە. ئێمە دەبێت لە هەردوولا تێ بگەین... گەنجەکان دەبێت لە دایک و باوکیان تێ بگەن و دایک و باوکەکانیش لە منداڵەکانیان تێ بگەن نەک ئەوەی کە سنوور بۆ ئازادییان دابنێن. تێگەیشتن پێویستە دوولایەنە بێت. ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەمە بەرەسمی دەناسن (کێشەکان) پێویستە هەوڵ بدەن کە بەشێوەیەکی کوردی چارەی بکەن."

من لەگەڵ زۆرێک لە کوردەکانی نەرویجدا قسەم کردووە کە ئەمە دەسەلمێنن:

کێشەکان دەبێت لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ بنەماڵەکەدا چارەسەر بکرێن، نەک بەتێپەڕبوون بەسەر بنەماڵەدا.

هەموو ئەو پیاوانەی من گوێم لێ گرتوون پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگە شکستی بەبنەماڵەی فادیمە هێنا. بەڵام بنەماڵەیەک شتگەلێکی زۆرە، لەوانە دایکێک و خوشکێکی بچووک _ کە هیچ نەبێت دایکیشە _ کە دەیانبینی دەسەڵاتەکان لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئەوان بەبەرژەوەندیی ئەوانەوە یاری دەکەن و فێڵیان لێ دەکەن. سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردی _ سوێدییەکان دەڵێت، "ئێمە دەبێت نەریتەکانمان پێناسە بکەین و ڕێگەچارەی کوردییان بۆ بدۆزینەوە، با ئێمە لە سوێدیش بژین."

ئەم چەشنە تێڕامانانە ئومێد گەیێنن: ئەوەی کە فادیمە ئارەزووی دەکرد دووبارە پێناسەکردنەوەی نەریتەکان بوو وەها کە ڕێز بگرێت هەم لە تاکەکەس و هەم لە بنەماڵەکە. ژیانی ئەو شایەتیدانێکی درێژ بوو لەوەی کە چەندە ئەو ڕێزی لە بنەماڵەکەی خۆی دەگرت.

ئێمە پێویستمان بە ڕێگەیەکە بۆ پێوانەکردنی هاوگونجی کە ڕەنگدانەوەی نۆرمی بەکردەوەیە. هەتا چ ئاستێک خەڵک بەهای تاکەکەسی ئەوانی تریان قبووڵ کردووە؟ ئەمە بەواتای نیشاندانی ڕێزە لە یاسا و ڕێکوپێکی. مانای ئەوەیە کە ئەگەریش ڕێز ناگرین، لەگەڵ بایەخەکانی دیگەران و شێوەی ژیانیان پێکەوە هەڵکەین هەتا ئەو جێگەیەی کە ئەمانە لەگەڵ یاساکان و ڕێساکاندا ناکەونە کێشەوە. بەو مانایە کە لە سەرووی هەموو شتێکەوە، پارێزگاری بکرێت لە بۆچوونی بایەخی گەوهەری تاکەکان.

فادیمە قوربانیی تاوانێک بوو. ئەو بووە بە هێمایەک و لە هێزی وەها شوێنێکدا، بەردەوام کاریگەری دەبێت لەسەر نەوەکانی داهاتوو. شایەتیدانی ئەو سەبارەت بەشکستی هاوگونجیی کۆچبەرانی وەکو دایک و باوکی ئەو بۆ ناو کۆمەڵگە گەورەکە بۆ زۆرێک لە وڵاتان برەوی هەیە. با ئەمە قووڵ بکەینەوە: باوکی فادیمە نزیکەی هەموو ژیانی گەورەساڵی _ بیست ساڵ، لە سوێد کاری کردووە. دوایە وەبیر بێنینەوە "کابرای ناو دارستانەکە" و بێدەرەتانیی دایکی کاتێک کە دژ بەکچەکەی شایەتیی دا. وەبیر بێننەوە دەربڕینەکەی برازاکەی ڕەحمی: "ئەگەر فادیمە لە شاری ئویستەرشووند مابایەوە، هەموو ئەمانە نەدەقەوما."

ئەمە سوێدی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمە. بەم زووانە لەوانەیە باقیی وڵاتانی ئەوروپاییش لە هەمان شوێندا بن.

**٢٠- ئەوەی لە مەترسیدایە: تێگەیشتنێک لە مرۆڤایەتی**

لە سەرەتای کوشتنی فادیمەدا، گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە لە وڵاتانی دراوسێی سوێد و نەرویج لە سکاندیناڤیا ئاراستەی جیاوازی بەخۆوە گرت. لە هەردوو وڵاتەکە تووڕەبوونێکی گشتی لە ئارادا بوو و کەسایەتی و ڕێکخراو و سیاسەتمەدارانێکی زۆر خۆیان دەرگیر کردبوو و بۆچوونەکانی خۆیان دەردەبڕی کە چۆن بچنە پێش بۆ بەرگریکردن لە وەها تراجیدیاگەلێک لە داهاتوودا. ئەوەی لە مەترسیدا بوو ڕوونکردنەوەیەک بوو، یان تێگەیشتنێک لەوەی کە چ هەڵەیەک کرا. لەبەرچی فادیمە کوژرا؟ دەبوو کێ سەرکۆنە بکرێت؟ ئاخۆ ئاین یان پێناسەی ئێتنیکی چ ڕۆڵێکیان هەبوو، هیچ ڕۆڵێک؟ لێرەدا بوو کە قسە و باسەکان لەم دوو وڵاتە لێک جیا دەبوونەوە: لە بەرجەستەبوونەکەیدا یان لەگەڵ ئاین یان ئێتنیکدا دەهاتنەوە. وەرن ئەو جیاوازییە هەڵسەنگێنین کە ڕووناکی دەخاتە سەر ئاڵۆزبوونی "قسە و باس لەسەر کۆچبەری" لە وڵاتانی نەرویج و سوێد کە ئەو هەمووە لەیەک دەچن. پێکهاتەی جەماوەریی کۆچبەران جیاوازییان هەیە، هەروەها هەڵوێستی وڵات لەسەر فرەکولتووری بوون. هەموو وڵاتانی سکاندیناڤیا لەباری کولتوورییەوە جیاوازن، بەڵام تەنیا لە سوێد فرەکولتووری بوون ئایدیۆلۆجییەکە: سوێد بایەخێکی تایبەتی دەدات بە پاراستنی کولتووری بەکۆمەڵی تاقمە ئێتنیکییەکان.(١)

لە نەرویج، قسە و باسەکان لەسەر ئەو پرسیارە چەقی بەستبوو، ئاخۆ فادیمە موسڵمانە؟ یان ئەوەی کە دەگوترێت کە "نەء" ئەو موسڵمان نییە، ئەمە بۆچوونێک بوو کە لە چوارچێوەگەلێکی ئەوەندە زۆردا پارێزگاریی لێ دەکرا و بەوزەیەکی وەها زۆرەوە کە بە ئاشکرا مانا دەروونییەکەی دەکەوتە مەترسییەوە. زۆر گرینگ بووبوو کە هەموو کەسێک دەبوو بزانێت کە فادیمە "یەکێک لە ئێمە (موسڵمانان)" نییە، واتە، کوشتنی نامووسی هیچی بەسەر ئیسلامەوە نییە. زۆر زیاتر لە سوێد، ئەمە بابەتێکی سەرەکی بوو لە نەرویج.(٢)

له سوێد خەڵک لەسەر ئەوەی چ قەومییەتێکی هەیە بەڵگەیان دەهێنایەوە. ئەوە گرینگ بوو کە بەهەمووان بگوترێت کوردەکان پشتگیری لە کوشتنی نامووسی ناکەن، کە لە ڕاستیدا هیچ کەمایەتییەکی قەومیی دیاریکراو بەکردەوە ئەم چەشنە کارە ترسناکانە ناکەن، یان پارێزگاریی لێ ناکەن.

دڵەڕاوکێی نەرویجییەکان کە هیچ تاقمێکی ئاینیی دیاریکراو نەکرێت بە دێو لەگەڵ نیگەرانیی سوێدییەکان دێتەوە کە هیچ تاقمێکی ئێتنیکی – بەتایبەت کوردەکان – بەدێو نەکرێن. ئەم جیاوازییە لەبەر چییە؟ لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

سەرەتا دەبێت ڕاستییەک لە جێگەی خۆیدا دابنرێت: فادیمە موسڵمان "بوو". سونگیولی خوشکی بەپۆلیسی گوتووە کە هەموو بنەماڵەکە موسڵمان بوون بەڵام بەکردەوە هیچیان نەدەکرد. جەمال شاهینداڵ گەورەی بنەماڵەکە لە سوێد هەمان شت دەڵێت بە میدیاکان: "ئاین زۆر گرینگ نییە بۆ بنەماڵەکە، بەڵام هەم فادیمە و هەم بنەماڵەکە موسڵمانن."(٣)

من پرسیارەکەم لە یەکێک لە ئامۆزاکانی فادیمە کرد کە وەڵامی دایەوە، "ئێمە هەر خەڵکێکی ئاساین، هیچ ئاینێکی تایبەتیمان نییە."

"خەڵکانی ئاسایی" لە سوێد و نەرویج چالاکانە ئاینی نین. من پێم وایە ئەمە بوو ئەو شتەی کە ئەو ئاماژەی پێ دەکرد. ئەو دەیویست ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بنەماڵەی شاهینداڵ بریتی بوون لە خەڵکێکی ئاسایی، هیچ شتێکی نائاسایی سەبارەت بەوان نییە. لەوەتی کوژرانی فادیمەوە، ئەمە هەردەم بۆ ئەوان گرینگ بووە. گرینگ بوو لەبەرئەوەی هەم ئەوان وەکو کەسانی "غەریبە" چاو لێ نەکەن و هەم کارێکی وا بکەن دیگەرانیش لەگەڵ خۆیان بکێشنە خوارەوە. شاهینداڵەکان زۆریان پێ خوش بوو پێش بەوە بگرن کە کوردەکانی تر لەو کارەی لەلایەن یەکێک لەوانەوە کراوە، ئازار بکێشن. ئەوان زۆر بەباشی لە مەترسییەکە دەگەیشتن: سارا و پێلایش کورد بوون. سێ کوشتن، کە هەرسێکیان سەرنجێکی ئێجگار زۆری میدیاکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، کۆمەکی کردووە بەوەی کە کوردەکان جێگای گومان بن. کوردەکانیش بەگشتی موسڵمانن.

موسڵمانان شتی ئێجگار زۆرن. موسڵمانانێک کە هیچ چالاکییەکی ئاینی

ئەنجام نادەن زۆر ئاساییترن لەوەی کە خەڵک لە سکاندیناڤیا بیری لێ دەکەنەوە. تۆ بەموسڵمان لەدایک دەبیت و هەر وایش دەمێنیتەوە، مەگەر ئەوەی خۆت بەڕاشکاوی ڕای بگەیەنیت کە دەتەوێت ئیسلام بەجێ بهێڵیت. ئەمەش زۆر دەگمەنە لەبەرئەوەی ئیسلام ڕێگە بە ئازادیی ئاین نادات. ئیسلام گرێ دەدرێتەوە بەڕێچکەی خوێنیی باوکەوە. منداڵێک باوکی موسڵمان بێت خۆیشی موسڵمانە. حاڵەتەکەی فادیمە ئاوەها بوو. بیر و بۆچوون و هەستە دەروونییەکانی چی بوون من نازانم.

بەڵام نە ئەوانەی کە ئینکاری دەکەن و یان بەڵگە لە دژی دێننەوە کە فادیمە سەر بەکۆمەڵگەی موسڵمانان بوو، هیچ کامیان نازانن. من لام وایە ئەوانە بەمەبەستی خێر ئەو کارە دەکەن. کێشەکە فادیمە نییە. کێشەکە ئەوەیە کە ئاخۆ سووکایەتی دەکرێت بەموسڵمانەکان لەبەرئەوەی موسڵمانێک بوو کە فادیمەی کوشت یان نا.

کە ئەمەش بۆ ئەوەیە نیشان بدات چەندەی تر دەبێت بڕۆین هەتاوەکو موسڵمانەکانی نەرویج بە متمانەوە هەست بکەن کە ڕیزیان لێ دەگیرێت. هێرشە تیرۆریستییەکانی یازدەی سێپتەمبەری ٢٠٠١ سیمای دوژمنکارانەی ئیسلامی تۆختر کردەوە، سیمایەک کە _ بەباوەڕی کەسانێکی زۆر _ دوای کوژرانی فادیمە تۆختریش بووەتەوە.

بەڵام هەروەکو پێشتر گوتم، بەبەراوردی ئاراستەی قسە و باسە گشتییەکان، ئەمە لە نەرویج راستترە هەتا لە سوێد. جیاوازییەک ئەوەیە کە نەرویج کەمایەتییەکی دیاریکراوی ئێتنیکی _ لێرەدا، کوردەکان _ نییە کە لەژێر چاودێریدا بێت. جیاوازییەکی تر ئەوەیە کە هەر وەکو یەکێک لە موسڵمانە سوێدییەکان لەلای من دەری بڕی، "سوێدییەکان ئاگەدارن کە مەسیحییەکانیش دەستیان داوەتە کوشتنی ناموسی" (یەکەم کوشتنی ناموسیی ناسراو لە سوێد بریتی بوو لە فەلەستینییەکی مەسیحی). جگە لەوەش، لە نەرویج چەند کەسێک هەن کە بەتایبەتی زۆر ناسراون بۆ جەماوەر کە دەربڕینەکانی ئەوان دژ بەئاین و ئیمامەکان ئێجگار زۆر ڕەخنەگرانە بووە. کەسانێکی تر لە بەرامبەردا هەستیان کردووە ناچارن کە پشتیوانی لە ئیسلام بکەن. بۆیەش قسە و باسەکان سەبارەت بەئیسلام و کوشتنی ناموسی بەهێز دەبێت.

جیاوازییەکی تریش لە نێوان قسە و باسەکانی لەمەڕ هاوگونجی لەم دوو وڵاتە ئەوەیە کە لە سوێد پێداگرتن لەسەر کەمایەتییە ئێتنیکییە "جیاوازەکان" بەهێزترە. بۆ نموونە شیلیاییەکان، ئێرانییەکان و هیندییەکان بەوردی لێک جیاوازن، مەبەست لە ڕوانگەی ئاینەوەیە. لە نەرویج_ کە کۆمەڵی ئاینی بەو ئەندازە جۆراوجۆرە _ کۆچبەری نموونەیی هەرگاڤ وا دادەنرێت کە موسڵمانێکە. میدیاکان بەشی خۆیان کار دەکەن بۆ ئەوەی بەردەوام ڕاوێژ بکەن لەگەڵ "نوێنەرانی کۆچبەران" کە موسڵمانن. ڕێکخراوە ئیسلامییەکانیش بە هێزەوە دێنە پێش. ئەمە لەو سیما تێکچووەی جۆراوجۆربوونی کولتووری نەرویج زیاد دەکات، لەبەر ئەوە کە لە ڕاستیدا موسڵمانەکان تەنیا یەک لە سێی جەماوەری کۆچبەری ناڕۆئاوایی پێک دێنن. بەبۆچوونی من، چەقبەستنی توند لەسەر ئیسلام لە نەرویج، کە گرێدەخوات لەگەڵ جۆراوجۆربوونی "ئێتنیکی"، لەوانەیە بەدوای کوشتنی فادیمەدا بەتەواوی قسە و باسەکانی گۆڕیبێت و وای کردبێت موسڵمانەکان هەست بکەن لەژێر گوماندان و ئەمەش زۆریانی بەرەو ئەوە ڕاکێشا کە پێ دابگرن فادیمە یەکێک لەوان نەبووە.

ئەوەی کە ئەو [موسڵمان] نەبوو وێ دەچێت بووبێت بە بەشێک لە ئەفسانەیەکی قبوولکراو. من جاروبار و لە چوارچێوەی جیاوازدا لەگەڵ ئەم چەشنە بانگەشە بەرەوڕوو بوومەتەوە.(٤) بەڵام ئەمە بەو واتایە کە دۆزینەوەی کەسانێک کە ئامادەن بیسەلمێنن کە هەڵەیان کردووە و بیر لە ڕاستییەکە بکەنەوە، ئەزموونێکی ئەرێنییە. ژنێکی گەنج کە خۆی موسڵمانە، پێی گوتم، "فادیمە لەچکەی لە سەر نەدەکرد، خۆ ئەوە دەزانیت و خەڵک پێیان وایە تۆ ئەگەر موسڵمانیت دەبێت لەچکەت هەبووبێ. بەڵام موسڵمانبوون شتێکە لە نێوان کەسەکە و خوادا. خوا تاقە دادوەرە."

کەوابوو گرینگە ئەمە دووپات بکرێتەوە: کوشتنی نامووسی کردەوەیەکی ئیسلامی نییە. ئیسلام ڕەوایەتی ناداتە ئەو کارە. کوشتنی نامووسی لە زۆرێک لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا نەناسراوە و کەس شتی وای لێ نەبیستوون. ئەم کوشتنە لەناو مەسیحییەکان، هیندووەکان، بوداییەکان، کونفێسیووسییەکان و هی تریش ئەنجام دراوە و پێوەری بەڵگەدار ئەوە نیشان دەدات. کوشتنی نامووسیی ژنان کەرەستەیەکە خزمەت دەکات بەکۆنترۆڵی سێکسیی مێیینە و هەروەها بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵ بەسەر تاکەکەسدا. بەڵام هەر ئەوەندە

نیـــیــه. دەبێت ڕێســـایەکی نامـــووس بوونی هەبێت بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بدات بەکوشتنەکە و بەناموس پاداشتی بدرێتەوە.

دەکرێت بۆ ئەم مەبەستە لە ئیسلام کەڵک وەربگیرێت و لەناو هێندێک تاقمی کۆمەڵگەدا ئەو کارە دەکرێت. بەڵام ئەنجامدەرەکان کەسانێکن سەر بەو تاقمانەن. ناتوانین مەرامی ئاینی لۆمە بکەین. ئەوە ڕاستە کە ئاین دەتوانێت لە زۆر ڕێگەوە کەڵکی لێ وەربگیرێت، لەوانە ڕەوایەتیدان یان شەرمەزارکردنی کوشتن. بەڵام ئاین خۆی لە خۆیدا توانای سەربەخۆی نییە بۆ کەوتنە کار، خەڵک سیستەمی بیروڕای داڕێژراو لەســەر باوەڕ بەکــار دێنن بۆ ڕەوایی پێــدان بەکــردەوەکــانیــان. ئەتۆ وشیارکردنەوە و هاندەرت پێویستە؛ ئەوجار ئاین دەتوانێت بگۆڕێت بە هەرچییەک پێت خۆشە. ئەمە بۆ ئیسلامیش ڕاستە.(٥)

بۆ ئەو کەسـانەی کە بەدوای پشـتگیریی ئیسـلامین بۆ توندوتیـژی دژ بە ژنان، یاسـای ئیسـلام، شـەریعـەت، تا ڕادەیەک دەتوانیت ئاسـانتری بکاتەوە.(٦) بەڵام موسڵمـانە لیبراڵەکان پێ دادەگرن لەسەر ئەوەی کە ئەمە خراپ لێکدانەوەیە و کەڵکی خراپ وەرگرتنە لە شەریعەت، خوێندنەوەیەکی وشکە لەو دەقانەی کە زیاتر لە هەزار ســاڵ پێش ئێســتــا نووســراون.(٧) ئەوانە بانگەشــە دەکــەن کــە ڕۆحی ئیسلامی مرۆڤانەیە. و ئەوانە ڕاست دەکەن. ئیسلام لەباری مێژووییەوە پێگەی ژنانی لە زۆر لایەنەوە پێش خستووە.

کاتێک تاقمـێکی کۆمـەڵایەتی بەناوی ئیسلامـەوە ڕەوایی دەدات بەتوندوتیـژی بەرامبەر بە ژنان، کردەوەکـە لەسـەر ئەساسی دەقێکی کۆنە (ئامۆژگارییەکانی قورئان و سوننەتی نەریتی سەردەمی محەمەدی پێغەمبەر) کە بۆ ڕاستییەکانی ئەمڕۆ پیـادە دەکـرێت. ئەگـەر بەهـەمـان شـێـوە کـەڵک لە دەقـەکـانی ئینجـیل وەرگیرابایە، بەرهەمەکەی لەوانە بوو کە بەهەمان شێوە خراپ_بەکاربردنی ژنان بووایە _ هەروەکو ئێمە لەباری مێژووییەوە بینیومانە و ئێستایش هیشتا لە هێندێک کۆمەڵگە بنەماخوازە مەسیحییەکاندا دەیبینین.

تراجیدیاکانی فادیمە، سارا و پێلا پێمان دەڵێن کە "کولتوور" قەت نابێت لە پێشەوەی مافی مرۆڤی سەرەتایی تاکەکان دابنرێت؛ کە ڕێزگرتن لە کولتوور لە چاو ڕێزگرتن بۆ کەرامەتی هەر ئینسانێک و خۆشبژێتیی ئەو کەسە، پێویستە

هەردەم بە پلەی دووەم بێت و ئەوەی کە کولتوور بەرهەمێکی توانای ئینسانە بۆ خوڵقاندن. وەکو ڕێسای کارکردن، ریزێک لە بڕیار، پێوەری کولتووری و بیر و بۆچوون لە گەڕدایە. بەڵام، خەڵک دەتوانن کولتوور "بەدەستەوە بگرن"، لەسەر لەوحی بەرد بینووسن و بەدەسەڵاتەوە پشتگیری بکەن لە ڕاگەیاندنەکانی. فادیمە بانگەشەی دەکرد کە دایک و باوکی، بەگەیشتنە سەر خاکێکی بێگانە، ڕێساگەلێکیان خوڵقاندبوو پیان دەگوت "کولتوور" لەبەر کۆنترۆڵکردنی کچەکانیان. دیگەرانیش هەمان کار دەکەن. شوکروو بیلگیچ ئاماژە دەکات بەتوێژینەوەیەک کە ئەسما ئوجاک لە چەندان گوندی کوردستانی تورکیا ئەنجامی داوە: کچانی نێوان دوازدە و سێزدە ساڵ هاوڕێی کوڕیان هەبوو و دایکەکانیش بەوەیان دەزانی. ئەمەش بەئاسایی دەبینرا. بەڵام بیلگیچ دەڵێت لەناو کوردەکانی تورکیا لە نەرویج ئەمە نەبیستراوە. ئەو هەروەها ڕیزێک لە نموونەی تر دێنێتەوە لەوەی کە چلۆن "کولتوور" بۆ ئەو کچە کورد و تورکانەی لە سکاندیناڤیا دەژین سەختتر کراوەتەوە لەوەی کە لە تورکیا هەیە.[٨]

نەسیم کەریم کە ژنێکی گەنجی نەرویجی _ پاکستانییە، بۆ یەکەم جار سەرنجی نەرویجی بۆ هاوسەرکاریی زۆرەملێ ڕاکێشا، دوای ئەوەی بەهەزار کێشە توانی بە زیندوویی خۆی لە وەها گێرە و کێشەیەک دەرباز بکات ڕەخنەی گرتووە لە کاربەدەستانی نەرویج کە پشتیان هەڵکردووە لە بەرپرسایەتی کاتێک باسی "فەرهەنگ" هاتووەتە پێش. خەڵکانی گەنج بەپاشخانی کۆچبەرییەوە پشتیوانیی پێویستیان نادرێتی، بەڕواڵەت لەبەر "کولتوورەکەیان" و ئەو "کێشە فەرهەنگییەی" لە ئارادایە.[٩] بەم چەشنە کاربەدەستان، مافی مرۆڤی بەشێکی بەرچاوی دانیشتوان ئینکار دەکەن. نەسیم کەریم لە وتارێکدا بۆ ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانی نەرویج گوتی، "کاتێک پیاوێک دەکەوێتە بەر توندوتیژی، بەوە دەڵێن ئەشکەنجە، بەڵام کاتێک ژنێک دەکەوێتە بەر توندوتیژی، پێی دەڵێن کولتوور" و بەم چەشنە بوو بەدەربڕینی هەمان ئەو ئازارەی کە ئەزموونی فادیمەیش بوو.

کولتوور و دەسەڵات دەست لەناو دەستی یەک ڕێگەدەبڕن. ئەمەیە ئەو چەشنەی کە ئانترۆپۆلۆجیستی هیندی، ڤینا داس دەری دەبڕێت: "کولتوور کەرەستەیەکە بۆ دابەشکردنی نایەکسانانەی ئازار لە نێوان دانیشتواندا."[١٠] کەسێک دەسەڵاتی ئەوەی هەیە کە پێناسەی یاسا بدات بەدەستەوە. ئەگەر بڕیاردان بەدەست دایکانی

فادیمە، سارا و پێلا بووایە، کچەکان هەموویان زیندوو دەمانەوە. دایکان ڕۆڵی خۆیان لە کولتووری کوردیدا هەیە بەڵام دەسەڵاتی ئەوەیان نییە بیخەنە ڕۆژەڤەوە.

کولتوور خۆی لە خۆیدا ناتوانێت بانگەشەی ڕێزلێنان بکات: ڕێزلێنان تەنیا کاتێک پێویستە کە خۆشبژێتیی هەمووان و بەتایبەت لاوازەکان بەرەوپێش دەبات.[١١] ئەمین مەعلووف نووسەری لبنانی _ فرانسایی گوتوویەتی، "نەریتەکان شیاوی ڕێزلێنانن هەتا ئەو جێگەیەی خۆیان قابیلی ڕێزن، واتە ئەوان ڕێزگرتن لە مافە سەرەتاییەکانی هەموو پیاوان و ژنان دەگرنە خۆ."[١٢] "بهوخوو پارێخ" کە پرۆفیسۆرێکی بەریتانیایی _ هیندییە دەیسەلمێنێت: "ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان بەناچار ڕێزلێنان لە کولتوورەکەیان ناگرێتەوە، چونکە کولتوور لەوانەیە هیچ ڕێزێکی نەبێت بۆ مرۆڤەکان."[١٣]

لێرەدا چەند گوتنێک لەسەر ئاین لە جێی خۆیدایە. ئاخۆ کولتوور و ئاین دەتوانن لێک جودا بن؟ وڵاتانی باکور سەربەستیی ئاینیان تێدایە، بەڵام کاتێک ئاین یاسا و ڕێساگەلێک دەسەپێنێت کە لە ململانێدان لەگەڵ مافی مرۆڤدا، دەبێت چی بکرێت؟

ئاین بەشێکە لە کولتوور. بەکردەوە، ئەم دووانە ناکرێت لێک جیا بکرێنەوە. کەسێک دەتوانێت هەموو کات هەوڵی خۆی بدات، بەڵام پاش ئەوەی هەموو شتێک گوترا و کرا، ئاین بابەتێکە لەمەڕ لێکدانەوە و تێگەیشتن. هەر بۆیەشە ئێمە بەکردەوە لەناو هەموو ئاینەکان و سیستەمەکانی باوەڕدا، هەمەچەشنییەکی ئێجگار زۆر دەبینین. بۆ بەرەوپێش خستنی مرۆڤدۆستی و بەرەنگاربوونەوەی بنەماخوازی، زۆر کەس تێ دەکۆشن ئاین لە دەست تەسکبینی و نەریتگەلێک "ڕزگار" بکەن کە ڕەوایی دەدەن بە توندوتیژی یان تەنانەت پەسنی دەدەن. گەلاڵەی لەم چەشنە گرینگن. کاتێک جیاکردنەوەیەک دادەنرێت لە نێوان ئاین و کولتووردا، دەکرێت توندوتیژی و داپڵۆسین بەدوور لە کولتوور و سەربەخۆ لە ئاین، ڕوون بکرێتەوە. بەڵام دواجار، ئاین بابەتێکە لە کولتوور، لەو شتەی چاو دەیبینێت و مێشک لێی تێ دەگات.

سەربەستیی ئاین دەتوانێت لەگەڵ مافی مرۆڤدا بکەوێتە کێشمەکێش، بەڵام ئەمە خۆلێلانەدەر نییە. مرۆڤەکان بژارە و تواناییان هەیە کە کرداری ئاینیی

خۆیان لەو ڕێگەیەوە بنەخشێن کە لەگەڵ بۆچوونەکانیان سەبارەت بەمافی مرۆڤ لە هارمۆنیدایە. جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ لەلایەن نوێنەرانی هەموو ئاینە گەورەکانی جیهانەوە ئامادە و ئیمزا کراوە. ئەم جاڕنامەیە هەروەکو زۆرێک لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ڕۆئاواوە ئاماژەیان پێ کردووە، لەسەر ئەساسی بۆچوونگەلێکی گەردوونی دانراوە.

"ڕێزگرتن لە کولتوور" پایەیەکی ناوەندی بووە لە سیاسەتی هاوگونجیی زۆرینەی کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکاندا، ئەوەندە ناوەندی بووە کە مەترسیی ئەوەی لێ کراوە ئەگەر ڕێز نەگریت لە کولتووری ئەوانی تر، بە "ڕەگەزپەرست" ناوزەد دەکرێیت.[١٤] نیازەکە باشە: پشتگیریکردن لە یەکسانی لە نێوان تاقمەکان و خۆپاراستن لە بەدناوکردن. کەمایەتییە ئێتنیکییەکان نابێت بتوێندرێنەوە و هەست بکەن لەژێر پاڵەپەستۆدان بۆ ئەوەی "ببن بە" سویدی یان نەرویجی. دەبێت ڕێگە بە هەموو کەس بدرێت کە پێناسەی خۆی، کولتووری خۆی لە ناو سنوورێکی دیاریکراودا بپارێزێت. دەبێت ڕێزلێنان بۆ یاسا و ڕێسا هەبێت. ڕێزلێنان لە کولتوور لە چاو ڕێزلێنان لە یاسا، بەپلەی دووەم دێت.

ئەمە لە تیۆریدا ڕاستەوڕاستە. بە کردەوە، کێشەی لێ دەکەوێتەوە. حاڵەتەکەی ساراتان لە بیرە: ئەو کات قسە و باسەکان لەسەر ئەوە چەقیان بەستبوو کە ئاخۆ کولتوور ڕۆڵێکی هەیە لە ئاراستەکردنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان. ئەو کات ئەو لایەنە سەرکەوت کە هەر چەشنە پێوەندییەکی ئینکار کرد. سیاسەتوانان گوێیان لەوانە گرت. لە نەرویجیش زۆر کەس هەوڵ دەدەن، بە باشترین نییەتەوە، خۆ دوور ڕابگرن لە بەڕەسمی ناسینی هەموو ئەو کێشانەی کە خەڵکانی بەپاشخانی کۆچبەرییەوە هەست دەکەن ئەوانە بەشێکن لە ئەزموونە ئەساسییەکانیان. شعبانە ڕەحمان و قەدرا یووسف هەوڵێکی بێ وێنەیان داوە بۆ ئەوەی چاوی سیاسەتوانان، ڕۆژنامەوانان و ئەوانی تریش بکەنەوە. هەروەها وەلید ئەلکووبەیسی، نەسیم کەریم و ئەوانی تریش. کاتێک مۆنا سالین، وەزیری هاوگونجیی سوید دەڵێت کە ئەو "خیانەتی کردووە بەکچانی کۆچبەر"، ئەوەی کە ئاماژەی پێ دەکات ئەو هەڵوێستەی پێشوویەتی کە ئینکاری کردبوو هێندێک توندوتیژیی دیاریکراو دەتوانن جووڵێنەری فەرهەنگییان هەبێت.[١٥] کاتێک فادیمە لە پەرلەمان بەگوێگرەکانی دەڵێت، "هیوادارم پشتیان لێ هەڵنەکەن"، ئەو لە

ئەزمـوونی خـۆی دەدوێت کـە بەو هەمـوو زەحـمـەتەوە دەسـتی کەوتووە. هەر وەکـو یەکێک لە هاوڕێکانی گوتی: "کولتووری ناموسی بریتییە لە ئایدیۆلۆجییەک و هەر بۆیەش فـادیمە دەیویست قسەی لەسـەر بکات." بەڵام چۆن لەسـەر ئەوە بدوێیت لە سوێدێک کە نایەوێت هیچ ببیستێت سەبارەت بە "کولتوور" وەکو کێشەیەک؟

ئێـسـتـا، دوای مـەرگی فـادیمە، سـەرەنجـام تێگەیشـتنێکی نوێ خـەریکە دەردەکەوێت، درەنگیش بێت باشـترە لەوەی قـەت نەبێت. بەڵام هۆکاری ئەوەی کە ئەو هەمووە درێژەی کێشا هی دۆخێکی ئاڵۆزە کە نە سوێدییە و نە نەرویجی؛ ئەمە لە هەمـوو دیموکـراسـیـیـە فرەکـولـتـوورییـەکـاندا بوونیـان هەیـە، لە هیندسـتـان، ئەفریقای باکور، ئوستراليا و شوێنی تریش. مافی کەمایەتییە ئێتنیکییەکان بۆ ڕاگرتنی پێناسـەی خۆیان و پارێزگاریکردن لە کولتووری خۆیان لەوانەیە لەگەڵ مـافی تاک بۆ بڕیاردانی سـەربەخـۆ بکەوێتـە کـێـشـە و پێکدادان. جـاڕنامـەی گەردوونیی مـافی مرۆڤ لەسـەر مـافی تاکەکەس بۆ بەجێـهێـشتنی تاقمێک پێ دادەگرێت، مـافی "هەبوون".(١٦) ڕێزگرتن لە کولتوور لەلایەکی ترەوە جـاری وایە لەسەر بنەمایەکی دژبەرانە دامەزراوە: ئەوەی کە خەڵک ئەرکێکی بەستراوەبوونیان هەیە، کە دراون بەتاقمێک خاوەنداری ئەوان بێت. فادیمە دژ بەم بنەمـایە ڕاپەڕی، هەروەکو سارا، پێلا و برین و ئەوانی تر لە سوێد کردیان، هەروەکو نادیا، نەسیم و ئەوانی تر لە نەرویج کردیان. ئێستـا کارکردن بۆ مـافی مرۆڤ لە سکاندیناڤیـا زیاتر کەوتووەتە سەر هێڵێکی ڕاست: ئێمە دەبێت سوپاسی ئەوان بکەین.

پێناسـەی ئێـتنیکی بەشـێکی گرینگی ژیانی ئینسـان پێک دەهێنێت. خـەڵک پێویستیان بەوەیە کە هـەست بکەن بەشێکن لە تاقمێک و دەری ببڕن. هێندێک زۆر بەباشـی دەتوانن خـۆیان لەگـەڵ پێناسـەیەکی فـرەئێـتنیکیـدا ڕێک بخـەن. هی تر بەکێشەی دەزانن. برین سەبارەت بەفادیمـە، پێلای خوشکی و خۆی دەڵێت: "ئێمە کـەسی دەرەکین، لە هـەردوو کـۆمـەڵگەی کـوردی و سـوێدیدا." ئەمـە بـەواتای هەسـتێکی بێ خـانە و لانەییـە، سـەر بەهیچ کوێیـەک نەبوون، ڕێگەت پێ نەدرێت سەر بەلایەک بیت چونکە کۆمەڵگە دابەش کراوە بەسـەر بەرەی بەشێوەی بنەڕەتی دژ بەیەک. کـاتێک وەهـا حـاڵەتێک بێت، کـەسـانێکی زۆر لەدەست دەچن، هەرچەندیش وا دیاربێت کە باش دەتوانن لەگەڵ دۆخـەکـە بێنەوە. ئێمـە دەبێت لە بیرمان بێت کە پێناسـە هەموو کات پرسێکە گرێدراوی تەواوەتییە. یان هـەروەکو

ئەمین مەعلووف دەڵێت: "پێناسەی من ئەو شتەیە دەڵێت کە من لەگەڵ هیچ مرۆڤێکی تر چوونیەک نیم."(١٧)

دیموکراسی و دەوڵەتی خۆشبژێتییەکەی ئێمە هەردووکی لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی دامەزراوە. تاکەکەس لە ناوەنددایە. بیری "مافی مرۆڤ" لەو تێگەیشتنەوە هاتووەتە دەر کە هەر تاکێک تاقانەیە: کەوابوو تاکەکەس هەم پێویستی هەیە و هەم مافی هەیە بپارێزرێت لە چەوسانەوە لەلایەن کەسانی دەسەڵاتدارەوە، جا با ئەو کەسە لە بنەماڵەدا بێت، کڵێسا یان تاقمێکی ئاینی بێت، عەشیرە و یان حکوومەت بێت.

بەستراوەبوون بەچەشنێک لە کۆڕ و کۆمەڵ بۆ شادمانی و لە ڕاستیدا بۆ زیندوو مانەوە، پێویستە. پێوەندی ئێتنیکی دەتوانێت بەشێکی گرینگی هەستی خەڵک بێت بۆ پێناسە. بەڵام تاکەکەس هەردەم لەوە زیاترە: هەموو بوونی خودی ئێمە کۆکراوەی پێوەندیگەلێکە و بەپێی چوارچێوەکەی، ڕەنگدانەوەی ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەیە کە ئێمە کێین. بەرزکردنەوەی قەومییەت بۆ ئاستی پێناسەیەکی زۆر باڵا بەکارتێکردنی بێ سنوورەوە، دەبێتە بچووککردنەوەی مرۆڤەکان و سنووردارکردنی شیاوکارییەکانیان و تواناکانیان بۆ گەشەکردن. ئەمە لەو کۆمەڵگەیانەی لەباری کولتوورییە فرەچەشن ڕووخێنەرە، چونکە پێکەوە هەڵکردن و ڕێزگرتن لە کەرامەت و بایەخی هەر تاکەکەسێک "دەبێت" بەرقەرار بێت.

فادیمە دەیویست ببێتە هاوسەری پاتریکەکەی خۆی. بنەماڵەکەی گوتیان نا. ئەگەر فادیمە توانیبای قسەی خۆی بباتە پێش، هەموو کچەکانی بنەماڵەکە دەشیا بڕیار بدەن لەگەڵ سوێدی هاوسەرکاری بکەن. چی دەکەوتە مەترسییەوە؟ پێناسە و بەردەوامیی تاقمە ئێتنیکییەکە. هەروەک دەزانین، کچان منداڵیان دەبێت. ئاخۆ شاهیندالەکان ڕێگەیان دەدا کچەکانی کۆمەڵگەکە منداڵی سوێدییان لێ بکەوێتەوە؟ جگە لەوەش، لە ڕێگەی هاوسەرکارییەوە، کچانی وەکو فادیمە دەتوانن خزمەت بکەن بەوەی کە ئیجازەی نیشتەجێبوون وەربگرن بۆ خزمانی کوردی زیاتر لە سوێد و لە ئاکامدا، هێزی کۆمەڵگەکە و داهاتی بنەماڵەکە زیاد بکەن. قەوارە واتای هێزی هەیە. مەترسییەکان زۆر بوون. تەنانەت لەوانە بوو کە ڕێگە نەدەن بەفادیمە بەدڵخوازی خۆی ببێتە هاوسەری کوردێکیش. لە زۆرێک لە

کۆمەڵگەکاندا، کچێک لەوە پڕ بایەخترە کە ڕێگەی پێ بدەن بۆ خۆی هاوڕێی خۆی هەڵبـژێرێت. ئـەمــە دەتوانێت بۆ کـوڕانیش هەر وابێت.(۱۸) بەڵام لێـرەدا ئێــمــە سەرنجی فادیمە دەدەین و پاتریک لیندەخیۆ کە لەڕاستیدا سوێدی بوو.

یان وابوو؟ نەبیلەی خوشکە بچووکەکەی بەسەرسوورمانەوە دەڵێت "بەڵام ئەو ئێرانی بوو!" میدیاکان گوێیان لێ نەدەگرت. ئەم کچە نائومێدانە دەیگێڕێتەوە کە ئەوان هەوڵیان داوە ڕوونی بکەنەوە بەڵام میدیاکان بەشوێن شتی زۆرترەوە بوون بۆ ناشیرینکردنی شاهینداڵەکان. بڕوانە، پاتریک ئەسڵەن سوێدی نەبوو، ئەو ئێرانی بوو.

دایکی فادیمە لە شایەتیدانەکەیدا لە دادگەی باڵا هەمان شت دەڵێت: پاتریک ئێرانی بوو، نەک سوێدی. لە هەمان کاتدا باوکی فادیمە پێ دادەگرێت کە پاتریک سوێدی بوو. لە لێکۆڵینەوەی پۆلیس و لە هەردوو دادگەدانەکەدا، ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هیچ لارییەکی نەبوو کە فادیمە ببێتە هاوسەری سوێدییەک. سونگیولی کچیان، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە لە چاو بنەماڵەکەوە پاتریک سوێدی بوو. فادیمە باسی لەوە دەکرد کە چ زریانەخەوێک دەبێت بۆ باوکی کە کچەکەی هاوڕێی کوڕی سوێدیی هەبێت. سونگیولیش دەیزانی کە خزمەکانی ئەوان ئەو هاوسەرکارییەیان ڤیتۆ کردبوو. لە گەورەی هەموو بنەماڵەکە دەگێڕنەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی بنەماڵەدا گوتوویەتی: "ئەگەر فادیمە بتوانێت ببێتە هاوسەری پاتریک، هەموو کچانی بنەماڵەکەمان دەیانەوێت لەگەڵ سوێدییەکان هاوسەرکاری بکەن."

هەروەها، فادیمە گوتبووی کە خزمەکانی پاتریک ئێرانی بوون و دژ بە هاوسەرکاریی ئەو بوون لەگەڵ بنەماڵەیەکی کوردی وەکو فادیمە. (۱۸)

دایکی فادیمە لە دادگە گوتی کە توانیبوویان لەگەڵ بنەماڵەی پاتریک بەزمانی خۆیان قسە بکەن. (مەبەستی تورکی بوو. ئەمە زمانێکە زۆرێک لە ئێرانییەکان دەیزانن.)

لەم ڕێگەیانەوەیە کە پێناسەی ئێتنیکی دەبێتە بابەتی ئەوەی کە چاو دەیبینێت و ئەوەی کە چ چەشنە ئالایەک دەبێت هەڵبکرێت. من تێ دەگەم لەبەرچی ئەلیف شاهیندال دەیویست دادگە بزانێت کە پاتریک هەڵبەت ئێرانی بوو و هەروەها

لەبەرچی نەبیلە، کچە چکۆلەکەی دژ بەوە بوو کە میدیاکان پاتریک وەکو سوێدییەک بناسێنن: ئەمانە هەنگاوگەلێکی ستراتیجێکن. ئەلیف دەیویست گومان لاببات لەسەر ئەوەی کە مێردەکەی کچەکەی بۆیە کوشتووە کە کوڕە هاوڕێیەکی سوێدیی هەبووە؛ نەبیلە دەیویست خەڵک دەست هەڵگرن لەوەی کە شاهیندالەکان وەکو کەسانێک سەیر بکەن کە دوژمنایەتیی سوێدییەکان دەکەن.

بەڵام هەموو شتێک بۆ فادیمە و پاتریک بەخراپ گەڕایەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کە ئەو کێ بوو: سوێدی، ئێرانی یان سوێدی ـ ئێرانی. ئەوان بۆ یەکتر هەر ئینسان بوون. وە لە دیموکراسییەکی مۆدێرندا مافی مرۆڤەکان بۆ ئەوەی خۆیان بن، لەسەر مافی خۆیان، دەبێت گرینگتر بێت لە هەر پێناسەیەکی ئێتنیکی.

ڕۆژەکان و هەفتەکانی دوای مەرگی فادیمە ئەو پەیامەی کە وەشان دەکرایەوە و ئەوەی کە چاپ دەکرا ئەمە بوو "ژنێکی کورد کوژرا." ئەو لە ڕێوڕەسمێکدا لە کڵێسایەکی سوێدی لە گۆڕدا نێژرا: دواین شوێنی حەسانەوەی ئەو لە گۆڕستانی قەدیمی لە ئوپسالا. فادیمە بوو بەوێناکردنی جەستەیی ئارەزووی سوێد بۆ ڕزگاری. بەڵام لە مێژوودا ئەو وەکو کوردێک ڕۆ دەچێت. ئەوەش هۆکارێکی ترە بۆ تێرامان.

کەسێک دەشیا ئاوایش بڵێت، "ژنێکی سوێدی لە کوشتنێکی ناموسیدا کوژرا." هەرچەند، ئەمە بەشێوەیەک ئازاردەرە. ئەمە کوشتنی ناموسی دەکاتە بەشێک لە سوێد.

## بەشی حەوتەم

# تێڕامانەکان

### ٢١- زۆر بەتاسەبوون بۆ دیداری بنەماڵە

"مرۆڤ لە ژیانیدا هەر دایکێک و باوکێکی هەیە،" ئەمە فادیمە گوتی لە باسی ئەو خەمباری و زۆر بەتاسەوەبوونەی کە بە لەدەستدانی هەردووکیان هەستی پێ دەکرد. "من ئیتر قەت ئەوانم دەست ناکەوێتەوە. هەڵبەت هەست بەپەژارە دەکەم."

ئەو کات، ئەو هێشتا پاتریکی هەبوو. پارێزەرەکەی، لەیف ئێریکسۆن لێی دەپرسێت، "ئەگەر ئەو پاتریک لەدەست بدات، چی بۆ دەمێنێتەوە؟"

هاوڕێکەی دەڵێت، "فادیمە کاتێک کە تەنیا کەوت، هەموو ئەو شتانەی شیاوی ئەوەیە بۆی بژیت لە دەستی دابوو، هەموو پێناسەکەی بەتەواوی، بەبێ ئەوەی نە پاتریکی هەبێت و نە بنەماڵەکەی."

فادیمە دوای مەرگی پاتریک گوتی، "ئێستا هیچ دەرفەتێک بۆ ئاشتبوونەوە نەماوە." ئەو دڵنیا بوو کە بنەماڵەکەی ئەویان بۆ هەتاهەتایە دەرکردبوو.

ئێریکسۆن دەڵێت، "فادیمە وەکو شووشە، شکێنەر بووبوو. ئەو توانایەی لە کوێوە دەهێنا بۆ بەردەوامبوون، بانترە لە تێگەیشتن."

فادیمە خۆی تەرخان دەکات بۆ خوێندنی کاری کۆمەڵایەتی. ئەو دەیەوێت کەڵک لە ئەزموون و زانیاریی خۆی وەربگرێت بۆ ئەوەی ببێتە پسپۆڕ لە کارکردن لەگەڵ کەسانی گەنجی خەسارهەڵگر بەپاشخانی کۆچبەرییەوە. هاوڕێکانی بوونەتە بنەماڵە تازەکەی، بەڵام ئەو ئێجگار زۆر تاسەی بنەماڵە ڕاستەقینەکەی خۆی کردووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٩٨دا دەڵێت: "کاتێک تووڕەییەکەم ئەهوەن بووەوە، زۆر تاسەی ئەوانم کردبوو، هی دایکم، خوشکەکانم و براکەم، هەموو بنەماڵەکەم." پاش دابڕانێکی سێ ساڵە، تەلەفۆن دەکات بۆ دایکی و دەپرسێت، "چۆنی؟" دایکی

وەڵام دەداتەوە. ئێستا ئەوان لە پێوەندیدان.

دۆستی نزیکی فادیمە، ئۆلجای کاراتاس دەگێڕێتەوە، "ئەو بەسەر هەورەوە دەڕۆیشت کاتێک توانی لەگەڵ دایکی قسە بکات!" ئۆلجای هۆشداری دەداتە فادیمە کە سەردانی دایکی لە ئوپسالا بەواتای وەرگرتنی مەترسییە. بەڵام فادیمە هەر خۆشحاڵە. ئەو گوتی، "بڕوانە کات دەتوانێت چی بکات! هەر سێ ساڵ! لە شەش یان حەوت ساڵدا وێنای بکە!"

ئۆلجای لەسەر دوایین ساڵی ژیانی فادیمە لێکدانەوە دەدات، "ئەو بەڕاستی پێی وانەبوو کە دەیکوژن."

کاتێک پرسیار کرا ئاخۆ پاش ئەوەی براکەی چووە زیندان لە پایزی ١٩٩٨دا، ئەو هیچ هەڕەشەی کوشتنی تری پێ گەیشت، لەیف ئێریکسۆن دەڵێت وەڵامی فادیمە هەموو کات ئەمە بوو، "نا. هەموو شتێک باشە." کە ئەمە شێوەیەکی سوێدیی دەربڕینی کوردی ئەم ڕستەیە "هەموو بنەماڵەکەم داپۆشراوە." لەوانەیە ئەمە وەهابێت کە ئەو هەستی پێ دەکرد، یان لەوانەیە کە ئەوە فادیمە بوو کە دەیویست ئەوە بگەیەنێتە دیگەران. ئەو گەلاڵەیەکی هەبوو: خۆی دەسەلاتی ژیانی خۆی بەدەستەوە بگرێت و کاتە ناخۆشەکانی ڕابردوو لە پشتەوە بەجێ بهێڵێت. هەروەها ئەو بەقووڵی ئومێدەوار بوو بتوانێت لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاشت ببێتەوە. سونگیولی خوشکی دەڵێت فادیمە تەنانەت تاسەی باوکی و براکەیشی کردبوو.

مامۆستایەکی کورد لە زانکۆی ئۆپیستەرشووند هۆشداریی دابوو بەفادیمە کە پێش سەفەرەکەی بۆ کینیا نەچێتە ئوپسالا. بەڵام، فادیمە ڕاهاتبوو بەوەی کە خۆی بەراوردی مەترسییەکان بکات لەسەر خۆی. مامۆستاکە دەکەوێتە گومانکردن: "من پێموایە ئەو چەشنێک گەڕاندنەوەی دۆخەکەی دەویست، ئەو دەیویست نیشانی بدات کە سەرکەوتووە." فادیمە هەموو ئەو کارەی کردبوو بۆ ئەوەی دەستی بگات بەخوێندن بەپێچەوانەی خواستی بنەماڵەکەی. ئێستا گەیشتبووە نزیکەی کۆتاییی ڕێگەکە: ئەو بەڕێگەوە بوو بۆ کینیا بۆ تەواوکردنی کۆرسی خوێندنەکەی. ئەو شانازیی دەکرد و خۆشحاڵ بوو، هەستی دەکرد لە لووتکەی شتەکاندایە.

سونگیول گوتوویەتی، "ئەو دوایین شەوەی پێکەوە بووین هەر حیلکەمان دەهات."

کەشوهەوای جێژنێکی هەبوو. دایکیان بەتایبەتی بۆ ئەوەی فادیمەی پێ خۆشحاڵ بکات شیرینیی دروست کردبوو و هەموویان پێیان خۆش بوو. هەمووان زۆر رازی بوون لەو دیارییانەی فادیمە بۆی هێنابوون. هەموویان پەسنی چاکەتە تازەکەیان دەدا. یەکیان لە باوەش گرت و فادیمە بەڵێنی دا بەدایکی کە هەر گەیشتە کینیا تەلەفۆنی بۆ بکات.

هاورێکان پشتراستی دەکەنەوە کە فادیمە هەتا دەهات زیاتر لە سەفەرکردن بۆ ئۆپسالا هەستی بەهێمنایەتی دەکرد، بەپێچەوانەی ئەو هەرەشەی براکەی: "رۆژەکانی تۆ زۆریان نەماوە، من کاتێکی وەها دەتگرم کە کەمترین چاوەڕوانیت هەبووبێت."

ئۆلجای لە قووڵاییی دڵەوە تێ دەفکرێت، فادیمە لە تەنیابوون و هەست بەتەنیاییکردن دەترسا. تاسەی هەموو کەسێکی کردبوو لە بنەماڵەکەی، تەنانەت باوکی و براکەی. ئەو هەردەم لە ئامادەسازیدا بوو. ئەو بە ئۆلجای دەگوت، "کاتێک قسە لەگەڵ بنەماڵەکەم دەکەن پشتم بەرنەدەن." بۆ فادیمە، خوێندن رێگەیەک بوو بۆ قەرەبووی ئەوەی بۆی هاتبووە پێش. ئەو دەیویست بەرەسمی بناسرێت و ئەوە لە خۆی دوور بخاتەوە کە مۆرکی قەحبەبوونیان لێ دابوو. ئەو خوازیاری ئەوە بوو نیشان بدات کە چەندە لە رێگەی خوێندن و وەدەستهێنانی زانستەوە، بەهێز و ژیر بووە.

"ئەو دەیویست نەک هەر ئینسانێک بێت، بگرە کەسێکی زانا بێت."

دۆست و پارێزەری فادیمە سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٢ی مانگی یەکی ٢٠٠٢ گوتی، "هەتا دوێنێ شەو، ئەمە بەسەرهاتێک بوو بەئەنجامێکی خۆشەوە."

ماریان سپانێر رۆژنامەوان کە سەبارەت بە دواین گفتوگۆی لەگەڵ فادیمە دەدوا، گوتی: "ئەو لەناو دڵیدا مرۆڤێکی خۆشحاڵ بوو، ئەو سەبارەت بەژیانی خۆی خۆشحاڵ بوو. ئەو شێلگیرانە هەوڵی دەدا کە رێگە نەدات ئەوەی بەسەریدا هاتبوو، زاڵ بێت بەسەر ژیانیدا. ئەو ئەوەندە بەهێز بوو کە باوەڕت نەدەکرد. ئەو بەتوانایەکی زۆرەوە دەیویست ژیانێکی ئاسایی بەرێوە ببات."

لەیف ئێریکسۆن دەڵێت، "ئەو ئازاترین مامیلێک بوو کە من هەمبووە."

ژنێک کە بنەماڵەکەی دەریان کردووە دەڵێت، "فادیمە هەر ئەوەیە کە تۆزێک زۆر

دلێر بوو. ناکرێت ئەوەندە دلێر بیت."

بەڵام بوێری مەدالیای پلەی فادیمە بوو بوێری و هێزی وەستان لەسەر ئەو ڕێبازەی کە ئەو هەڵی بژاردبوو. دیسانەکە ئەو شکێنەریش بوو. وەکو ئۆلجای گوتوویەتی، "خۆشەویستی فادیمە بۆ دایکی خاڵی لاوازی ئەو بوو، هەستێک کە نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات."

فادیمە لە ئارامیدایە. دایکی بەردەوام لە ژیاندایە. تەنیا ئەو کاتەی کە بەسەرهاتەکەی گێڕدراوەتەوە دەتوانین بەتەواوی هیوادار بین کە لە ژیان و چارەنووسی فادیمە تێ بگەین.

## دوا وته

ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ٢٠٠٧، بە سیمینارێکی بیرەوەری لە سوێد ڕێز لە یادی فادیمە گیرا. پێنج ساڵ تێ پەڕیبوو لەوەتی ژیانی ئەو بەکورتی بڕایەوە و هەموو ساڵێک لەو ڕۆژە چارەنووسسازەدا، میراتەکەی ئەو هەم بەشێوەی فەرمی و هەم بە ڕێگەی کەمتر فەرمی ڕێزی لێ گیراوە. من لەوەتی چاپبوونی کتێبەکەم بەسوێدی لە رۆژی ١٢ی مانگی یەکی ٢٠٠٤وە، هەموو ساڵێک بانگهێشتن کراوم بۆ بەشداریکردن. (کتێبەکە یەکەم جار ساڵێک پێشتر و لە هەمان رۆژدا بە نەرویجی دەرچووبوو.) دووجار سیمیناری بیرەوەری لە بینای کۆنی پەرلەمانی سوێددا گیرابوو، ئەو شوێنەی کە فادیمە "وتار لە پەرلەمان"ە بەناوبانگەکەی دابوو. ئەزموونێکی تایبەتی بوو لەوێدا بوەستی، لە هەمان خاڵدا کە ئەو وتارەکەی خوێندبووەوە بۆ گوێگرەکانی، بیرم لە خێرایی و چالاکیی پەیامەکەی دەکردەوە.

وەزیرانی هاوگونجی، یەکسانی، داد و سیاسەتوانانی تر هەموویان بەبەشداریکردن لە سیمینار و قسە و باسەکاندا کە لەسەر شەرەفی ئەو بەڕێوە دەچوون ڕیزلێنانی خۆیان بۆ فادیمە ڕادەگەیاند. هەروەها کەسانی ناسراوی بەرجەستە و چالاکانی مافی مرۆڤ و کەسانی بەپاشخانی ئێتنیکیی جۆراوجۆرەوە بەشدارییان کردووە. ململانێی بێبڕانەوە هەر ماوە: چلۆن سوێد دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێگەی پێکەوەگرێدانی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ لەگەڵ خۆشبژییێتی کۆمەڵایەتی و کەرامەت بۆ هەموو دانیشتوان بەبێ ڕەچاوکردنی کولتوور، بیروباوەڕ، نەژاد و جێندەر.

لە بەرەی ناوەخۆوە چی دەبێت بکرێت؟ چۆن کەسێک دەتوانێت یارمەتیدەر بێت و بەردەوام بێت لە کارکردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا؟

ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ٢٠٠٧ ڕێکخراوێک بەنێوی "فەندی بیرەوەریی فادیمە" بەرپرسی ڕێوڕەسمەکان بوو لە ستۆکهۆڵم. من بانگهێشتن کرابووم کە وتاربێژی

سەرەکی بم لەسەر بابەتی "بۆچی ئەوروپا خیانەتی کردووە بە کۆچبەران؟" دوایە بوو بەئاخافتنێک لە نێوان نالین پێگول و من. پێگول ئەندام پەرلەمانێکی کورد ـ سوێدییە کە لە کاتی کوژرانی سارادا زوو دژ بەکوشتنی نامووسی قسەی کرد. ئەو دۆستی فادیمە بوو و لە ناشتنەکەیدا یەکێک بوو لە تابووتبەرەکان.

ئێمە هەموومان هەستمان بە شانازی کرد کاتێک کە مۆنا سالین، سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕەوتێکی سیاسیی ئێجگار پڕ جۆش و خرۆشدا بوو، تەلەفۆنی کرد کە بڵێت ئەویش پێ خۆشە بەشدار بێت. ئەمە بۆ فادیمە ئەوەندە گرینگ دەبوو، کە سەرەڕای ترس لەسەر گیانی، بڕیاری دابوو وتارەکەی پێشکێش بکات، ڕێک لەبەرئەوەی کە دەیویست پەیامەکەی بگاتە مۆنا سالین. (سالین وەزیری هاوگونجی و یەکسانی بوو؛ ئەو زیاد لە بیست ساڵە کە سیاسەتوانێکی بەرجەستەیە لە سوێد.)

من لەگەڵ مۆنا سالین و نالین پێگول دانیشتبووم و کارەکەمان خەریک بوو دەست پێ بکات کاتێک سەرنجم دا کە سێ ژنی گەنج هاتنە ژووری کۆبوونەوەکەوە. من ڕاچەنیم و ڕام کرد بۆ ئەوەی باوەش بکەم بە سونگیولدا، کە ناسیمەوە. دوایە چاوم کەوت بەکچەکەی پەنای دەستییەوە. ئەو بالآبەرز و لەسەرەخۆ و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش جوان بوو، بە سیمای فادیمەوە. ئەمە دەبێت نەبیلە بێت. ئاگام لە خۆم نەما. من لە لەدادگەدانەکەی ستۆکهۆڵمەوە لە مانگی پێنجی ٢٠٠٢ بەملاوە، ئەوم نەبینیبوو. لە تەمەنی سێزدەوە بۆ نزیکەی نۆزدە، نەبیلە گۆڕابوو بەجوانییەکی ڕاستەقینە، بەدرەوشانەوەیەکەوە کە وێ دەچوو لە دەروونەوە دەهات.

کچی سێیەم لەو تاقمەدا مالین ستریۆم بوو دۆستی نزیکی فادیمە و سونگیول کە من پێشتر نەمبینیبوو. ئەو یارمەتیی فادیمەی دابوو کە "وتارەکەی پەرلەمان"ی بنووسێت.

بەئامادەبوونی نەبیلە لەوێ، پلانەکەی من ڕووخا. من نەمدەتوانی ئەوی ئامادەم کردبوو پێشکێشی بکەم: ڕەخنەیەکی تێکدەرانە لە سیاسەتەکانی هاوگونجیی ئەوروپا (لەسەر هێڵی ئەو سەردێرەی بە منیان دابوو)، ئەویش بە کەڵک وەرگرتن لە کوشتنێکی نامووسی لە دانیمارک وەکو حاڵەتێکی ڕەخنەهەڵگر کە من تازە لە

دادگـە بەدواداچوونم بۆ کـردبوو کـە تێـیـدا نۆ کـەس بەتاوانبـار زانران کـە دەسیـسـەیان چنیـبوو بۆ کوشـتنی غـەزالە خـان تـەمـەن هـەژدە سـاڵ و مێردەکەی عەمـەل خان. غەزالە مرد، عەمـەل تۆزێکی مابوو بکوژرێت. باوکی کچەکە فـەرمانی کـوشـتنەکـەی دەرکـردبوو، براکـەی ئـەنجـامی دابوو و شـەش ئەندامی بـنەمـاڵەکـە، لەوانە پوورێکی و سێ ناسراوی بنەمـاڵەکە تێوە گـلابوون. باوکەکە سـی سـاڵ لە دانیـمـارک ژیابـوو و پیـاوێکی مـاقـووڵ و جـێگەی ڕێزبـوو وێدەچوو بەتـەواوی لە کـۆمـەڵگەی دانیـمـارکدا خـۆی گـونجـاندبێت. ئەو زمـانی دانیـمـارکیی زۆر باش دەزانی.

من مـەبەسـتـم ئەوە بوو کـە جگە لە هێندێک شـتی تر، لـە حـاڵەتی غـەزالە کـەڵک وەربگرم بۆ بەرجەسـتـەکردنی ئەوەی کە چەمکی هاوگونجی چەندە فێڵبـازانەیە؛ هـاوگونجی لە بازاڕی کـار و هـاوگونجی لە زمـاندا ناتوانن وەکو هـیـچ ئاماژەیەکی هـاوگونجـی لە ئاستی بەهاکاندا بەکەڵک بن. بەپێـچەوانە، هـاوگونجی لە ئاستێکی زیاتر گشتیدا دەتوانێت گومڕاکەر، گێژو و ڕکەر و فریودەرانە بێت. من هـەروەها وام دانابوو کـە لەسـەر شکسـتی پۆلیس بدوێم: غـەزالـە و عـەمـەل سـێ جـار داوای یارمـەتییـان لە پۆلیس کردبوو، فـایدەی نەبوو. سـێ جار بـە درێژاییی دواین هـەژدە ڕۆژی ژیانی غـەزالە. ڕێک هـەر وەکو فـادیمـە کە یەکەم جـار داوای یارمـەتیی کرد، ئەو پۆلیسـەی غەزالە و عەمەل پەنایان بۆ بردبوو باوەڕی پێ نەکردبوون و ساویلکە بوو. بەڵام لە ٢٠٠٥دا چۆن دەکرا ئاوەها بێت؟

غـەزالەیش ئەوینـی خـۆی لە ژیاندا هـەڵبـژاردبوو و بەڕەدووکـەوتن لەگەڵ کـوڕەکە "ئاشکرای کردبوو." ئەمە تاقە هیوای ئەو بوو: پاش ئەوەی متمانەی بەدایکی کرد و بۆی گێڕایەوە بەئومێدی بەدەسـتـهێنانی پشـتیوانی، کەوتە بەر لێدانی براکـەی (ئەمـە برایەکـی تری بوو نەک ئـەوەی کـە کـوشـتـی) و تێـیـان گـەیاند کـە لە چ دۆخێکدایە. ئەو زۆر باش دەیزانی بەڕەدووکەوتن چ مـەترسییەکی بۆ دروست بووە. ئەو دڵنیا بوو کە باوکی وا دەکات بکوژرێت.

بەڵام حـاڵەتەکـەی ئەو لە چەند روویەکەوە تەنانەت لەوەی فـادیمـە خـراپـتـریش بوو لەوەدا کە بەڵگە بەدەسـتـەوەیە نیشانی دەدات کەسانێکی زۆر دەیانزانی کە کچەکە دەکوژرێت و چەندان کەس یارمـەتییـان دا کە ئەو جـوتـە بخـەنە داوەوە. بەشـێکی

گەورەی کۆمەڵگەی شۆفێری تاکسی لە شاری کۆپنهاگن تێوە گلابوون؛ باوکی غەزالە خاوەنی کۆمپانیایەکی گەورەی تاکسی بوو.(١)

حاڵەتەکە کۆپنهاگنی پەشۆکاندبوو؛ منیشی پەشۆکاندبوو. بیرەوەرییەک بۆ فادیمە دەرفەتێک بوو بۆ تێڕامان لەسەر ئەوەی کە ئەمڕۆ ئەوروپا لە کوێ وەستاوە و چی پێویستە بکرێت بۆ ڕێگەگرتن لە دڕندەیی لەم چەشنە.

بەڵام من نەمدەتوانی بەبوونی نەبیلە لەوێ، وتارەکەم ئەو چەشنەی پلانم بۆ دانابوو پێشکێش بکەم. ئەو بۆ یەکەم جار هاتبوو لە بیرەوەریی فادیمەدا بەشداری بکات لە ڕۆژێکدا کە بۆ نەبیلە کارەساتئامێز بوو: لە بەرچاوی خۆیدا خوشکەکەی کوژرا؛ بنەماڵەکەی لێک ترازان؛ باوکی کە بەچەشنێک خۆشی دەویست، بوو بەبکوژ. بۆ نەبیلە هاتنەکە هەنگاوێکی گەورە بوو بەرەوپێش؛ گومان نییە لەوەدا کە سونگیول هانی دابوو، لەوانەیە پاڵی پێوە نابێت؛ خودی سونگیول لە دوای یەکەم ساڵوەگەڕی مەرگی فادیمە لە ٢٠٠٣دا، ئەمە یەکەم جار بوو بەشداریی دەکرد. نەبیلە ڕێک لە بەردەم مندا لە ڕیزی دووەمدا دانیشتبوو و هەموو بیرم لەلای ئەوە بوو کە چۆن من بەپارێزەوە پەیامەکەم بگەیەنم وەها کە برینەکان نەکولێنمەوە.

لە پێنجەمین ساڵوەگەڕی مەرگی فادیمەدا کاتی ئەوە هاتبوو نەک هەر لە تراجیدییەکە بگرە بیر لەو شادی و خۆشییەش بکرێتەوە ئەو هەیبوو، لە کەمترین حاڵەتیدا بەهیمەتی بنەماڵەکەی. من ئاوام کرد کە دیسانەوە هێڵەکانم تەون کردەوە و وتارێکی جیاواز لەوەی کە پلانم بۆ داڕشتبوو پێشکێش کرد: من کەڵکم لە ژیانی فادیمە وەرگرت بۆ تێڕامان لەسەر پشتگیریی دایکێک، خۆشەویستیی خوشکەکان، بەربەرەکانێ و ململانێ، بوێری و ئومێدی مێیینە. دوای هەموو ئەمانە، ئەمەش گرینگە لە بیرمان بێت کە فادیمە لە کاتێکدا مرد کە ژنێکی گەنجی خۆشحاڵ بوو. ئەو لێبڕاوانە تێ دەکۆشا کاتە ناخۆشەکان بخاتە پشتی سەر و بەپێی شایەتیدانی ئەوانەی کە فادیمەیان باش دەناسی، وێ دەچێت کە توانیبێتی ئەوە ڕێک بخات.

ڕۆبین گرۆینستێد، سەرۆکی "فەندی بیرەوەریی فادیمە" و خوێندکارێکی هاوڕێی ئەو، کاردانەوەی هەبوو بەرامبەر بەمن و گوتی فادیمە هیچ لەو کچە جیدی، مەند و خۆداسەپێنەرە نەدەچوو کە میدیاکان وێنایان دەکرد. ئەو تژی بوو لە پێکەنین،

حەزی لە خۆشی دەکرد و ماتۆڕی سەر بەفری لێ دەخوڕی. ئەو ژیانێکی تەواو دەژیا، دەچووە سەفەر بۆ ئەمەریکا، ئەو ڕێکەوتەی لێ دەرچێت کە لە یازدەی سێپتەمبەردا لەوێ بوو، کاتێکی زۆر خۆشی هەبوو لەوێ. ئەو سیمایەی ڕۆبین لە فادیمە لەو سیمایە ناچێت کە من نەخشاندوومە، کە تەنیا لایەنە مەند و بەرپرسیاربوونەکەی نیشان دەدات.

هاوڕێی فادیمە، مالین ستروٚیم دەڵێت ئەو خۆی دەخستە مەترسییەوە مەترسیی ئێجگار زۆر. ئەو ئەوەندە تامەزرۆ بوو کە ژیانێکی ئاسایی هەبێت و لێواولێو بێت لە شادیی زۆر و لە پێکەنینی زۆر.

من لە مالین دەپرسم، ئەی پاتریک چی؟ ئاخۆ پێت وایە لە کارەساتێکی ئاسایی هاتوچۆدا کوژرا یان نا؟ مالین لە وەڵامدا دەڵێت، ئەمە کارەساتێکی ئاسایی بوو. هەم فادیمە و هەم ئەویش لەسەر ئەو باوەڕە بوون. پاتریک ئۆتۆمۆبێلێکی بی ئێم دەبلیوو-ی هەبوو و حەزی لە لێخوڕینی تیژ دەکرد. فادیمە دایمە دەترسا لەوەی کە لەوانەیە تووشی کارەساتێک ببێت. ئەو پیاوێکی بالابەرزی، بەخۆ و جوان بوو. مالین بۆ خۆی بیری لەوە کردبووەوە: کەسێکی بەهێز کە بتوانێت ئاگای لە فادیمە بێت. بەڵام وا دەرنەچوو.

لە وتارەکەی فادیمەدا لە پەرلەمان، بەئەنقەست باسی مەرگی پاتریک نەکراوە، کە جگە لەوە هێڵەکان و ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی فادیمەی نەخشاندووە. مەرگە بێ وادەکەی پاتریک لەم بەسەرهاتەدا دیار نەبوو. بۆچی؟ مالین دەڵێت لەبەر ئەوە بوو کە کەمترین ئاماژەیەک بەوە گوێگرانی دەبرد بەرەو هاودەردییەکی زۆر لەگەڵ خەمەکەی فادیمە. ئەوەش ئەو شتە نەبوو کە فادیمە دەیویست. ئەو پەیامێکی پێ بوو کە بیگەیەنێت.

سیمیناری بیرەوەرییەکەی فادیمەی ساڵی ٢٠٠٧ لە ستۆکهۆڵم هەروەها بریتی بوو لە پێشکێشکردنی گۆرانییەک لەلایەن گۆرانیبێژێکی کورد- سوێدی کە ئارەزوو مەدەکرد لە شیعرەکانی تێ گەیشتبایەم. ئەمە وای کرد کە نەبیلە، سونگیول و زۆری تریش دایان لە پرمەی گریان. وادیارە گۆرانییەکە سەبارەت بەچەشنە تراجیدیایەک بوو وەکە ئەوەی فادیمە: ئەوەی کە چارەنووسی تۆ وایە کە لەگەڵ مەرگدا بەرەوڕوو بیتەوە لەبەر ئەو ئەوینەی لە ژیانتدا هەڵت بژاردووە.

گۆرانییەکی فۆلکلۆریی کوردی بوو. کاتێک وەرگێڕانی شیعرەکانم بیست، جارێکی تریش لە سنوورەکانی تێگەیشتنی خۆم ئاگەداربوومەوە، منێک کە لە شوێنێک گەورە بووم تێیدا سروشتییە ئەوینی ژیانی خۆت هەڵبژێریت.

دوای ڕێوڕەسمی بیرەوەرییەکە ئێمە پێکەوە _ مالین، سونگیول، نەبیلە و من _ دەڕۆین بۆ چایخانەیەک کە بتوانین دانیشین و قسە بکەین؛ سونگیول و نەبیلە دەبێت ئەو ئێوارەیە بگەڕێنەوە بۆ ئوپسالا. مالین پێش دەکەوێت. هەوا زۆر ساردە و باران دەبارێت و ئێمە یەک لە دوای یەک لادەدەین لە چایخانەکان بۆ دیتنەوەی شوێنێکی باشتر. مالین دەڵێت بچین بۆ لۆبی هوتێلێک کە دەیناسێت؛ ئێمە لەوێ ڕاحەتتر دەبێن، شوێنێکی بێدەنگە. هەر وایشە. ئێمە چەند سەعاتێک پێکەوە دادەنیشین، سەعاتی زۆر بەنرخ. من پێشتر سونگیولم دەناسی؛ ئەو بەزیندوویی ماوەتەوە و هەردەم پێم وابووە ئەو ڕێکی دەخات. بەڵام من هەڵبەت لە "دانە چکۆلەکە" دەترسام کە هەبوونی لەوێ ئێستا منی ئارام دەکردەوە؛ من نەمدەتوانی هەست بەوە نەکەم کە ئەو کچە فریشتەی پاسەوانی هەبوو.

دوای ئەوەی سونگیول و نەبیلەمان بە قەتار بەڕێ کرد بۆ ئوپسالا، من و مالین چووین بۆ خواردنی نانی ئێوارە. لەو کاتەدایە شتێکم بۆ دەگێڕێتەوە کە من پێشتر سەرنجم نەدابوو: ئەو کاتێک لەگەڵ ئەو دوو خوشکەدایە، خۆی لە کوێ دادەنیشێت.

هەردەم بەجۆرێک کە بتوانێت دەرگەی هاتنە ژوورەوەکە ببینێت. هەموو کات بەرەوڕووی دەرگەکان، ئامادەن.

لۆبیی هوتێلەکە شوێنێکی باش بوو نەک هەر لەبەر بێدەنگییەکەی و گەرم و نەرمییەکەی بگرە لەبەرئەوەی ئێمە زۆر لە ژوورەوە دانیشتبووین، بە بەرژەوەندییەکی باشەوە بۆ ڕێگەی هاتنە ژوور، بۆ مالین.

من پرسیار دەکەم، لە چی دەترسێت؟ لە بنەماڵەی نزیکی کچەکان ناترسێت، ئەوان زیانیان پێ ناگەیەنن. بەڵام ئامۆزایان هەیە؛ تاقمی خزمانیان گەورەیە. مرۆڤ قەت نازانێت چۆن دەبێت.

مالین لە هەموو کەس باشتر دەزانێ چی گرینگە. مالین هەر لە پایزی ١٩٩٧ەوە هاوڕێی نزیکی فادیمە و سونگیول بووە ئەو کات کە سونگیول لەلایەن فادیمەوە

داوای یارمـەتیی لێ کـرد. مـالین ئەو کـات لە ڕێکخـراوێک کـاری دەکـرد بۆ یارمـەتیدانی کـچانی بەپاشـخانی کـۆچبەرییـەوە. ئەو هـاتبـوو بۆ خـوێندنگەکەی سونگیول سـەبارەت بەگەلاڵەکەی خۆی قسە بکات. سونگیول کەسێکی بێدەرەتانی دەناسی کە پێویستی بەیارمـەتی هەبوو. ئەمە سـەرەتای دۆستـایەتییـەک بوو لەگەڵ فـادیمە هەتا کـۆتـاییی ژیانی. نـەبیلە هـاتبـووە ژوورەوە. سـونگیـول هەردەم لەوەدا لەگەڵی بوو.

دەی باشـە میراتـی فادیمە چی بوو؟ لە خـەبات دژ بەکوشـتنی نامووسـی و باقیی شکڵەکانی توندوتیـژیی گرێدراوی نامـووس چە دەسـتکەوتێک هەبوو؟ چ بەرەوپێش چوونێک دەتوانین لە سوێد و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدی بکەین؟

با لـە سـوێدەوە دەسـت پێ بکەین: مـانگی پێنجی سـاڵی ٢٠٠٥، ئەو یاسـایان گۆڕی کـە ڕێگەی دەدا بە کـچانی پازدە سـاڵ هاوسـەرکـاری بکەن ئەگەر یاسـای وڵاتـی دایک و باوکـی منداڵەکان ڕێگەی پێ دابایەن. یاسـاکـە برەوی هـەبوو بۆ ئەو کچانەی کە لە سـوێد لەدایک ببووبوون و شارۆمەندی سوێد بوون.(٢) ئەو یاسایە کە لە سـەرەتـای ١٩٧٠کانەوە کاری پێ دەکـرا، وادیارە بەمـەبەسـتی نیشـاندانی ڕێز بەرامبەر بە کولتووری کەمایەتییە ئێتنیکییەکان گەلاڵە کرابوو. ئەمە بەشێک بوو لە ڕۆژەڤی کولتووری وڵاتـی سوێد. هیچ کـام لە وڵاتانی تری سکاندیناڤیا یاسـایەکی لەو شـێوەیان نـەبوو. لە نەرویج، دانیـمـارک و ئایسلەند بـەلایەنی کـەمـەوە تەمـەنی هاوسـەرکـاری بۆ هـەمـووان هـەژدە سـاڵ بوو بەبێ ڕەچاوکردنی پـاشـخـانی دایک و باوکەکان.

یاسـاکە بـەمـاوەیەکی دوور و درێژ بۆ چالاکـانی مـافی مـرۆڤ لە سـوێد خـاڵێکی ئازاردەر بوو. بەڵام مـەرگی فـادیمـەی دەویست بۆ ئەوەی بگۆڕدرێت، من و زۆرێکی تر پێمـان وایە. لەناو کـاربەدەسـتـاندا، هێندێک دەڵێن کە چاکسازیی یاسـایی پێش ئەوە پلانی بۆ داڕێژرابوو. لەوانەیە وابێت. بەڵام مەرگ و مـیـراتی فادیمە، بێگومـان هەنگاوەکەی خێرا کردەوە.

فـادیمـە گـوتبـووی، "کـاتێک کـچـان دەبنە شـازدە سـاڵ، دەیانبـەنـەوە بۆ وڵاتی بنەماڵەکانیـان." پێیان دەڵێن ئەمە هـەر سـەردانێکە بۆ وڵاتەکەی پێشوومان و ئەوان ڕازی نابن بەهیـچ چەشنـە پێـشنیـازێکی هاوسـەرکـاری. بـەڵام لە ڕاسـتـیـدا،

پاڵەپەستۆکە لەسەر ئەوان ئێجگار زۆرە.

هاوسەرکاریی زۆرەملێ شکڵێکی توندوتیژییە لەسەر ئەساسی نامووس (توندوتیژیی گرێدراوی نامووس، ئەو چەشنەی لە سوێد دەیڵێن). ڕەتکردنەوەی هاوسەرکاری بەپێی خواستی بنەماڵەکە، هاندەرێکی ئاسایی کوشتنی نامووسییە، لەوانەیە ئاساییترین بێت. دەتوانین هیواداربین کە لە سوێد بەم یاسا تازەوە پاڵەپەستۆ لەسەر ئەوی هەرە گەنج کەم ببێتەوە. ئێستا کچێک پێش ئەوەی ببێت بە هەژدە ساڵ ناتوانێت هاوسەرکاری بکات، یاسای وڵاتی دایک و باوکی هەرچییەک بێت. باشترە بگوترێت کە هاوسەرکاری پێش ئەو تەمەنە لە سوێد قبووڵ ناکرێت. "کولتوور" لە بەرامبەر مافی مرۆڤی یەکساندا دۆڕاندوویەتی.

سوێد بۆ پارێزگاری لە کەسانێک کە لەلایەن بنەماڵە یان کۆمەڵگەکەیان هەڕەشەیان لەسەرە هەنگاوی تریشی هەڵگرتووە. لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، دەوڵەتی سوێد بەمەبەستی دانانی خانووی پەناگە بۆ کەسانێک کە لە مەترسیدان، دووسەد ملیۆن کرۆنی سوێدی (نزیکەی سی و پێنج ملیۆن دۆلار) تەرخان کردووە.[٣] لە هێندێک حاڵەتدا ئەم بەرنامە هاتووە بەهاواری کچانی نەرویجیشەوە کە بەدوای شکستی کاربەدەستانی نەرویجی بۆ ئەوەی هەمان شت دابین بکەن، ئەوان توانیویانە لە سوێد خانووی هێمن بدۆزنەوە. لە ئاستی نێونەتەوەییدا، سوێد وەکو نموونەیەکی باش بۆ دەستەبەرکردنی پارێزگاری لە گیانی کەسانێک کە لەسەر توندوتیژیی گرێدراوی نامووسەوە (بەواتای بەرینی وشەکان) هەڕەشەیان لێ کراوە، سەری هەڵهێناوە. دیسانەوە، ئەمە "پاش فادیمە" هاتە پێش. میراتی ئەو یارمەتیی داوە گیانی کەسانی تر ڕزگار بکرێن.

لە ئاستی خوارەوەدا، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکان و تاکەکان بەشدارییان کردووە لە هەوڵەکان بۆ ململانێ لەگەڵ توندوتیژیی گرێدراوی نامووس لە سوێد. کارمەندانی کۆمەڵایەتی، کارمەندانی خۆشبژێتیی منداڵان، مامۆستایان، پۆلیس، دادیارەکان و ئەوانی تریش سەبارەت بەکێشەکان و ڕێگەکانی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیان، فێرکارییان بۆ دانراوە. من هەموو ساڵێک بۆ بەشداریکردن لە زۆرێک لە کارگە (وۆرکشاپ)، سیمینار و کۆرس بانگهێشتن کراوم. خۆپێوەماندووکردنی ئەو هەمووە کەس و ڕێکخراوە خۆبەختکارانە کاریان تێ کردووم. سوێد بەئاشکرا لەم

سۆنگەوە لە ریزی پێشەوەی هەمووانن.

پۆلیسی سویدیش هەروەها لە ئاستی ئەوروپادا پێشەنگ بووە. "پاش پێلا" پۆلیس یەکەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەتیان پێک هێنا بۆ توێژینەوە و هەڵسوکەوت لەگەڵ تاوانگەلی نامووسی. پۆلیسی هێندێک لە وڵاتانی ئەوروپا کەڵکیان لە لێهاتوویی پۆلیسی سوێد وەرگرتووە.(٤)

دەبێت باسێکیش لە قارەمانانی شەرەف (Sharaf Hjaltar) بکرێت. "شەرەف" عەرەبییە و هەروەها لە تورکی و کوردی و فارسیدا وشەیەکە بۆ "نامووس"ە. ئەمە گرووپێک پیاوی گەنجن بەپاشخانی کۆچبەرییەوە کە لە سوێد و شوێنی تریش لە ئەوروپا زۆر ناسراون لەبەر دەستەبەربوونیان بۆ گۆڕینی شێوەکانی بیرکردنەوەی گەنجان سەبارەت بەنامووس. ئەوان دەچن بۆ سەردانی خوێندنگەکان، کۆمەڵگەکان و یانەی گەنجان و تێ دەکۆشن منداڵان و هەروەها باوکانیش فێر بکەن کە نامووس بۆ پارێزگاری لە ژیان و لە تەندروستییە، نەک کۆنترۆڵکردن و چاودێری. ئەم کوڕانە، "قارەمانانی شەرەف"، دەڵێن نا بۆ ئەوەی ببنە پاسەوانی داوێنپاکی خوشکەکانی خۆیان. ئەوان دەیانهەوێت ئازاد بن لە ئەرکی کۆنترۆڵکردن و خستنە ژێر ڕکێف. ئەوان دەڵێن شەرەف بابەتی ئازادی و سەربەستییە. لە شێوەی پێشکێشکردنی پەیامەکەیاندا ئەوان داهێنەرن و کەڵک لە شانۆ، گۆرانی، وەرزش و یارییەکان وەردەگرن. بەرامبەرێکی مێیینە بەناوی "ئێلکسیا" پێک هاتووە و خەریکی کارە بۆ دەستڕەسی بەکچان و ژنان.

تراجیدیای فادیمە، لە نەرویجیش کارتێکردنێکی زۆری هەبووە. ڕێکخراوگەلێک کە بۆ یارمەتیدانی کچان و ژنان بەپاشخانی کۆچبەرییەوە کار دەکەن باس لەوە دەکەن کە داواکاری بۆ یارمەتی لەلایەن کچان و کوڕانیشەوە زۆر لە زیادبووندایە. لە نەرویج، لە ڕاستیدا ئێستا یەک لەسەر سێی داواکارییەکان بۆ یارمەتیدان بۆ ئەوەی کە دووری بکەن یان ڕابکەن لە دەست هاوسەرکاریی زۆرملێ، کوڕانن چونکە سەردەرانەکە بۆ ئەوان بەرزترە کە بتوانن بۆ یارمەتی بگەڕێن. مەرگی فادیمە سیگناڵێک بوو بۆ زۆر کەسی تر لەوانەی کە دەشێت لە عەمباردا بن ئەگەر بێتو ئەوانیش بکەونە شوێن ئازادییەکەیان ئەو چەشنەی ئەو کردی.

لە مانگی چواری ساڵی ٢٠٠٤دا نەرویج بوو بە یەکەم وڵات لە ئەوروپا کە

هاوســەرکــاریی زۆرەملـێ بەتاوان دانـا. بەلجـیکا و دانیـمــارک بەدوایدا هـاتن و چەندان وڵاتی تریش خـەریکی ڕەچاوکردنی ئەوەن کە هەمـان کـار بکەن. ئاڵوگۆڕە یاساییـیەکەی نەرویج پاش قسە و باسـێکی گشتی و سیاسیـی چڕوپڕ لە سـەرەتای کوشـتنەکەی فـادیمەدا هاتە ئاراوە. وادیارە کە مـەرگی ئـەو نەبوو کە کـاری کردە ســەر خـودی ئاڵوگـۆڕەکـە. بـەڵام لەناو سـیـاسـەتوانانـدا وشـیـاریی هـەڵـخـڕاند و دەسـتەبەربوونی ئەوانی چڕتر کردەوە بۆ نایاسـاییکردنی هاوسـەرکاریی زۆرەملێ. هـەتا ئەو کـات، هاوسـەرکاریی زۆرەملێ سـەرپێـچیکردنێکی مەدەنی بوو. بەوەی کـە هـاوسـەرکاریی زۆرەملـێ بەتاوان دانرا، حکوومـەت ئەرکی دەکـەوێتـە سـەرشـان کە بەدواداچوون بکات بـۆ سـەرپێـچییەکـان و قـوربانیـیەکان لەو بـارە قـورسـە ڕزگـار بکات.

هـەتا نووسینی ئەم دێرانە تەنیا یەک حاڵەت گەیشتووەتە بەردەم دادگە: باوکێک و برایەک تاوانبار کران بەهـەوڵدان بۆ ئەوەی کە کچێکی حـەڤدە ساڵان بەزۆر بدەن بەشوو لە کوردسـتانی عێراق. حاڵەتەکە هـەموو ڕێگەیەکی بڕی هەتا دادگەی باڵا و سـزاکـە لە هـەر ئاسـتـێکی لەدادگـەداندا زیادی دەکرد. (باوکـەکە دوو سـاڵ و نـیو زیندان و براکە سـاڵێک و هـەشت مـانگی بۆ بڕایەوە.) من وەکو پسپۆڕ شـایەت بووم کـە لەلایەن دادوەرەوە هەم لە دادگەی ناوچە و هـەم دادگەی باڵا بانگ کرابووم و لە نزیکەوە پێشـوێنم دەگرت. کـاتێک کـچەکە واتە "باکان هونەر" لـە نەرویج ژیانی لە مـەترسـیدا بوو، بەشـێوەیەکی کاتی لە خـانووی پەناگە لە سـوێد دانرا. بەم چەشنە پۆلیسـی نەرویج توانی لە کاربەدەستانی سوێد یارمەتی وەربگرێت.

باوکی باکان لە پێش پێنج کـاربەدەسـتی نەرویجی ڕای گەیاندبوو کـە "من تۆ و تۆ و تۆ و تۆ و تۆ بە شـایەت وەردەگرم کە کـچـەکـەم دەکوژم چونکە نامـووسـی منی ڕووخـاندووە." ئەمە کـاتێک بوو کە پێیان ڕاگەیاندبوو کچەکەی لەلای کارمـەندانی خـۆشـبـژێـتـیـی منداڵان داوای یارمـەتیی کـردووە. باکـان لـە دادگەی ناوچە لە دژی باوکـی و براکــەی شــایەتـیی دا، بـەڵام لـە دادگــەی باڵا شــایەتـیــدانەکــەی خــۆی کێشـایەوە و پێداگریی کرد کە ئەوەی لە دادگەی خوارتردا گوتوویەتی درۆ بووە. کە ئەو، کـابرا باسلێکراوەکەی خۆش دەوێت و لەوە زیاتر هیـچی ناوێت کـە لە عـێـراق لەگـەڵ ئەودا بێت. لە سـەرووی هـەمـوو شـتـێکەوە، ئەو نەیدەویست کـە دایکی و خوشک و براکانی بێوەری بکرێن لە مێردێک و باوکێک. ئەو خوازیاری هاتنە دەری

باوکی بوو لە زیندان. ئەویش وەکو فادیمە باشترین شتی دەویست بۆ بنەماڵەکەی و هەستی بە گوناه دەکرد لەوەی کە بەشێکی هەبوو لە دراماکەدا.

باکان _ وەکو یەکەمین کچ کە لە حاڵەتێکی هاوسەرکاریی زۆرەملێدا لە بەردەم دادگەی تاوان لە ئەوروپا شایەتی دەدات _ کە گەنجترە لە فادیمە و زۆر لەو شکێنەرتر بوو، ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە بۆ کچانی وەکو ئەو چی لە مەترسیدایە. هیچ شتێکی کەمتر لە بنەماڵەکانیان. لە هەڵبژاردن لە نێوان بنەماڵەکەت و ئازادی، ئەتۆ کام ڕیگە هەڵدەبژێریت؟ وە بۆچی کەسێک دەبێت ناچار بکرێت ئەو هەڵبژاردنە بکات؟

فادیمە لە وتارەکەیدا لە پەرلەمان گوتی، "دەبێت بۆ هەموو کچێکی گەنج ئاشکرابێت کە بتوانێت هەم بنەماڵەکەی ڕابگرێت و هەم ئەو ژیانەی بۆ خۆی ئارەزووی دەکات. بەداخەوە، ئەمە بەهیچ لەونێک ڕوون نییە." وشەکانی فادیمە تەنانەت ئەمڕۆیش شایستەن.

مەزەندە دەکرێت کە هەزاران گەنج لە ئەوروپا لەگەڵ مەترسیی هاوسەرکاریی زۆرەملێدا دەژین. نەک هاوسەرکاری ڕێکخراو، کە زۆر کەس دڵخوازانە دەچنە ژێری، بگرە هاوسەرکارییەک کە بەسەریاندا دەسەپێندرێت. ساڵی ٢٠٠٥ لە لەندەن پۆلیسی مێترۆپۆلیتەن نزیکەی چوارسەد حاڵەتی وەهای لە بەردەستدا بوو. وێنەکە لە سەرانسەری ئەوروپا وەک یەکە، تێیدا سەرمایەی مادی لەگەڵ "نامووس"دا لێک دەئاڵێن بۆ ئەوەی پێشهاتەی هاوسەرکاریی زۆرەملی زیندوو ڕابگیرێت، یان تەنانەت زیاد بکرێت. لەو بەشەی پاکستان کە زۆربەی پاکستانییەکانی نەرویج خەڵکی ئەوێن، "ڤیزووني" سەرناوێکی ئاساییە بۆ کچە پاکستانییەکانی نەرویج.(٦) ئەمە بەواتای ڤیزایە. هاوسەرکاری لەگەڵ ئەم چەشنە کچانە بەواتای "گرین کارت"ە [کارتی سەوزی نیشتەجێبوون. و]. کوڕانیش زۆر جار ناچار دەکرێن بە هاوسەرکاریی زۆرەملێ. بنەماڵەکان لە ڕێگەی هاوسەرکارییەوە هاوپەیمانی پێک دەهێنن و هەتاهەتاییی دەکەن و ئەمەش زۆرجار مەودایەکی کەم بۆ گەنجەکان دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان بدەن.

هەڵبەت، ماوەتەوە بزانین ئاخۆ بەتاوان دانانی هاوسەرکاریی زۆرەملێ کاریگەریی دڵخوازی دەبێت بۆ پاریزگاری لە گەنجەکان. دژواربوونی پەیداکردنی

کەسانێک بتوانن شایەتی بدەن بەربەستێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ئەم حاڵەتانە بگەنە بەردەم دادگە.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەم چەند ساڵەی دواییدا هەنگاوی گرینگ هەڵگیراوە بۆ نەهێشتنی کوشتنی ناموسی و توندوتیژی لەسەر ئەساسی نامووس.

لە مانگی دەی ساڵی ٢٠٠٤دا کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەیەکی مێژوویی پەسند کرد سەبارەت بەلەناوبردنی ئەو تاوانانەی بەناوی نامووسەوە لە دژی ژنان و کچان دەکرێن. بڕیارنامەکە، بەنێوی "تاوانەکانی نامووس" پێ دادەگرێت لەسەر پێداویستبوونی ئەوەی کە هەموو شکڵێک لە توندوتیژی دژ بە ژنان و کچان، بەو تاوانانەشەوە کە بەنێوی نامووسەوە دەکرێن، وەکو سەرپێچی تاوانکارانە دابنرێن کە بەپێی یاسا قابیلی سزادانن. بڕیارنامەکە جەخت دەکاتەوە کە ئەم چەشنە تاوانانە لەگەڵ هیچ کام لە بایەخە ئاینی و کولتوورییەکاندا نایەنەوە و داوا لە هەموو ولاتان دەکات هەوڵەکان چڕ بکەنەوە بۆ بەربەستکردن و نەهێشتنی ئەو تاوانانەی بەناوی نامووسەوە لە دژی ژنان و کچان ئەنجام دەدرێن. هەروەها پێ دادەگرێت کە ئەم چەشنە تاوانانە ڕواڵەتی جۆراوجۆر بەخۆوە دەگرن و بەربەستکردنیان هەنگاوگەلی زۆر و جۆراوجۆر دەخوازێت.

لە مانگی دەی ساڵی ٢٠٠٣دا، "ئەنجوومەنی ئەورووپا" بڕیارنامەیەکی هاوشێوەی پەسند کردبوو لەسەر "تاوانەکانی بەناو نامووسی."

ئەوەی کە سەبارەت بەم بڕیارنامەیە گرینگە کەڵک وەرگرتنە لە چەمکێک، "تاوانی نامووسی" یان "تاوانگەلی نامووسی" کە هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر زەحمەت بوو قسەی لێ بکرێت و بێگومان قبووڵیش نەدەکرا. عاسمە جەهانگیر، ڕاپۆرتدەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئازادیی ئاین و باوەڕ، لە کونفرانسێکدا لە مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٤ لە ستۆکهۆڵم سەرنجی دایە کە تەنیا لە سەروبەندی هەزارەی دووەم بەولاوە بوو کە لە پاکستانی وەڵاتەکەی خۆی، کەسێک دەیتوانی لە بنەڕەتەوە سەبارەت بەکوشتنی نامووسی قسە بکات. کەشوهەوای ڕەسمیی زاڵ ئەوە بوو کە ئینکار بکرێت. نەزەند بەگیخانی کە چالاکیی مافی مرۆڤ و سەرۆکی ڕێکخراوی بنکە لە لەندەنی ژنانی کورد دژ بەکوشتنی نامووسییە، دەیسەلمێنێت. ئەو گوتی کە کوشتنی نامووسی "لە بێدەنگی و ئینکاردا

دەپێچرێتەوە." تەنانەت ئێستایش، قسەکردن لە دژی ئەوانە دەتوانیت ناونیتکەی خائین بدات لەو یان لە رێکخراوەکەی.

عاسمە جەهانگیر و نەزەند بەگیخانی لەناو نزیکەی یەک سەد پسپۆڕدا بوون کە لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی کۆ بووبوونەوە کە لەلایەن حکومەتی سوێدەوە لە رۆژانی ٧ و ٨ی مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٤ لە ستۆکهۆڵم رێک خرابوو. نێوی کونفرانسەکە، "ململانێ لەگەڵ توندوتیژیی پیاوسالاری لە دژی ژنان: بەچڕبوونەوە لەسەر توندوتیژی بەنێوی نامووسەوە." بەشداربوون بە بانگهێشتنی تایبەتی بوو و پسپۆڕان و کاربەدەستانی باڵای چەندان وڵاتی جۆراوجۆری دەگرتەوە. وەزیری یەکسانیی جێندەر و هاوگونجی وتاری کردنەوەی کۆنفرانسەکەی پێشکێش کرد و وەزیری دەرەوە دوایین وتار بۆ گەیاندنی ئەو ڕاستییە کە بۆ بەزاندنی توندوتیژی بەنێوی نامووسەوە، لە هەردوو ئاستی وڵات و نێونەتەوەییدا چالاکبوون پێویستە.(٦)

یەکێک لە وتاربێژەکان فیلیپ ئالستۆن، ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر "ئیعدامکردنی لە دەرەوەی یاسا، بەگۆترە یان سەرەڕۆیانە" بوو. ئەو کوشتنی نامووسی بە ئیعدام وێنا کرد (ڕێک هەر وەکو ئەو کارەی حوکمەکەی لە دژی ڕەحمی شاهینداڵ کردبووی). ئالستۆن گوتی، هۆکارەکەی ئەوەیە کە کوشتنی نامووسی تاقمێک لە خەڵک تێوەدەگلێنێت کە لە ڕاستیدا و بەکردەوە حوکمی ئیعدامی قوربانییەک دەردەکات. ئەم سەرمەشقەی کوشتنگەلی نامووسیی ئەوان لە کوشتنەکانی ناوماڵ جودا دەکاتەوە. هەر بۆیەش نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لەگەڵ ئەم بابەتە خەریک دەکات. توندوتیژیی ناوماڵ ناچێتە ژێر پشتگیریی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام کوشتنی نامووسی دەچێت لەبەرئەوەی کە لە دەرەوەی ماڵدایە.

ئالستۆن هەروەها باسی لەو بەرەنگاربوونەوە کرد کە ئەو وەکو ڕاپۆرتدەری تایبەت لەگەڵی بەرەوڕوو بووەتەوە. ئەویش لەلایەن سەفیرانی پیاو کە پێوەندییان لەگەڵ گرتووە و تکایان لێ کردووە کوشتنی نامووسی لە ڕیزی پێشێلکردنی مافی مرۆڤدا دانەنێت، بگرە وەکو بابەتگەلی حکوومەتەکان سەیریان بکات ـ، کاروباری ناوخۆ. ئەمە ئاوەها بوو، ئەمە ئاوەها دەبوو بمێنێتەوە.(٧) بەواتایەکی تر، ئەوان

لایەنگری هیچ دەستێوەردانێک نەبوون. بەڵام ئێستا کوشتنی نامووسی لە زومرەی دەسەڵاتی ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر "ئیعدامکردنی لە دەرەوەی یاسا، بەگۆترە یان سەرەڕۆیانە" بوو کە هەموو ساڵێک ڕاپۆرت دەدات بە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەکۆڕی گشتی.

قسەکردن لە سەرمەشقێک: نیلووفەر بەختیار، ڕاوێژکاری سەرەک وەزیرانی پاکستان بۆ گەشەکردنی ژنان لە پاکستان گوتوویەتی، "من شەرمەندەم بیسەلمێنم کە لە وڵاتەکەی من، گۆڕستانی تایبەت هەیە بۆ قوربانییانی کوشتنی نامووسی."

مەرگی فادیمە یەکێک لەو تراجیدیانە بوو کە یارمەتیدەر بوو بۆ بەرزکردنەوەی وشیاری و هەڵخراندنی چالاکی بۆ ئەوەی بڕیارنامەی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە ئامادە بکرێت. مەرگی ئەو بووە هۆی دروستبوونی سەردێری گەورە زۆر لە سوێد بەولاترەوە. ئەمە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ناسێندرا، هەروەکو چەند حاڵەتی تر لە پاکستان، بەریتانیا و سوێد (پێلا). پێش ئەو هەزاران ڕۆیشتوون بەبێ ئەوەی شوێنەوارێکی ئەوتۆیان لێ بەجێ مابێت. نێویان کوژاوەتەوە و لەشەکانیان فڕێ دراون. سەرنجێک لەلایەن ڕووناک فەرەج ڕەحیم، کە ڕۆژنامەوان و چالاکوانێکی مافی مرۆڤ و کوردی عێراقە، لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لە ساڵی ٢٠٠٤دا زۆر شت دەردەبڕێت: ئەگەر پێلا و فادیمە سوێدی نەبووایەن، دنیا هێشتایش بۆ کوشتنی نامووسی بەدەربەست نەدەبوو.

ئەمە لەوانەیە زۆر ڕاست بێت. ساڵانێ بوو لە شوێنی وەکو عێراق، پاکستان و ئوردن ڕێکخراو و تاکەکەسی بوێر هەوڵیان دەدا پشتیوانیی نێونەتەوەیی ڕێک بخەن لە خەباتەکەیاندا دژ بەتاوانەکانی نامووس، بەڵام زۆرجار لەگەڵ خۆتێنەگەیاندن یان ئینکاری تەواو بەرەوڕوو دەبوونەوە. میراتی پێلا و فادیمە ئەوە بوو کە ماڵەوەیان هێنایە بەردەم کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئەوەی کە ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا لەسەر توندوتیژیی گرێدراوی نامووس هەر یەک دنیان. خەبات لە دژی ئەوەش هاوکاریی نێونەتەوەیی دەخوازێت.

هەر وەکو بینیمانە، تاوانەکان زۆرجار – لەوانەیە بەشێوەیەکی ڕوو لە زیادبوون– بان نەتەوەییە: بڕیارەکان لەلایەن ئەو شوێنانەوە دەدرێن کە لە پارزەوینی جیاوازدان. پێوەندییە ئەلیکترۆنییە مۆدێرنەکان کارئاسانی دەکەن بۆ

دانی بڕیاری لەم چەشنە. کۆمەڵگەکان و ڕەوەندەکانی دوورەوڵات سەرنجیان ڕاکێشراوە بۆ کاروباری بنەماڵە لەوپەڕی سنوورەکان و کەوشەنەکانەوە. یاسای ئەهوەنکەرەوە لە هێندێک وڵات، شارۆمەندانی وڵاتانی تر یان شارۆمەندانی خاوەن دوو شارۆمەندێتی بەرەو ئەوە دەبات لەو شوێنە تاوانەکان ئەنجام بدەن کە سزاکان کەمتر توندن.

بڕیاری ئەنجوومەنی ئەورووپا بۆ ئەوەی داوا بکەن لە تورکیا لە یاساکانیدا چاکسازی بکات سەبارەت بە کوشتنی نامووسی بەچەشنێک کە "نامووس" چیی تر هەلومەرجێکی ئەهوەنکەرەوە نەبێت بۆ کوشتن، هەنگاوێکی گرینگ بوو. هەروەها بوو هەڵسوکەوتی زیرەکانەی سوێد لە ئاستی سەرەوەدا بۆ کارتێکردن لەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق کە یاساکانی بگۆڕێت. ڕاستە کاریگەرترین هەڵمەت بۆ چاکسازیی یاسایی لەلایەن ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە ڕێک خرا لە ڕێگەی تۆڕێکی ژنان کە دەیانتوانی دەستیان بگات و یارمەتیی بدەن بۆ شکڵ پێدان بەبیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و بەرزکردنەوەی وشیاری لەناو نوێنەرانی حکوومەتەکانی ڕۆئاوادا. بەڵام هەروەکو نەزەند بەگیخانی دەڵێت، "چڕبوونەوەکە کاتێک تیژ بووەوە کە ژمارەیەک کوشتنی نامووسیی زۆر بەرچاو گەیشتە دادگەکان و لە ئاکامدا سەرنجی میدیاکانی ئەورووپای ڕۆئاوای ڕاکێشا. ئەمە زانراوە کە لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٢دا (پاش مردنی فادیمە)، وەزیرێکی حکوومەتی سوێد خۆی کەوتە گەڕ و پاڵەپەستۆی هێنا بۆ دەسەڵاتدارانی کورد لە عێراق کە کارێک بکەن دژ بەتاوانەکانی نامووس."(٨)

بەڵام لە کۆتاییدا، ئەوە خەڵکە، نەک یاسا کە دەتوانن بەڕاستی گۆڕان پێک بێنن. لە دانیمارک، "پاش غەزالە"، برایەک ئامادە نەبوو خوشکەکەی بکوژێت. خزمەکانی کە پاکستانی بوون و ماوەیەکی زۆر بوو دانیشتووی دانیمارک بوون، لێیان دا. ئەو و خوشکەکەی لەدادگەدانەکەدا لە مانگی یازدەی ٢٠٠٦ دژ بە بنەماڵەکە شایەتییان دا. لە ئینگلستان برایەکی تریش ئامادە نەبوو خوشکەکەی بکوژێت. خوشکی ئەو، بەناز مەحموود (تەمەن بیست و یەک ساڵ) بەهەرحاڵ لە مانگی یەکی ٢٠٠٧دا کوژرا؛ باوکی و مامەی و دوو بکوژی بەکرێگیراو بەشداریی کردەوەکە بوون. بەڵام خوشکی بەناز لە دادگە شایەتیی دا کە براکەیان ئامادە نەبوو بەناز بکوژێت. ئەم چەشنە بەرەنگارییە ئومێد دەدا.

هێزەکانی پۆلیس لەوەدا کە فێر بکرێن بۆ ئەوەی هاواری کۆمەک بە جیدی وەربگرن، وەدرەنگی کەوتن. فادیمە بەختەوەر بوو لەوەدا کە دوای تەنیا دووجار داواکردن، یارمەتیی وەرگرت. غەزالە و عەمەل لە دانیمارک ساڵی ٢٠٠٥، سێ جار داواکەیان ڕەت کرایەوە، هەروەکو بەناز لە بەریتانیا لە هەمان ساڵدا. ئێستا پۆلیسی دانیمارک و بەریتانیا یەکەیان پێک هێناوە بە لێهاتوویی تایبەتەوە بەمەبەستی دڵنیابوون لەوەی کە ئەم چەشنە داواکارییانە بە جیدی وەردەگیرێن. ئەمە هۆکارمان دەداتێ ئومێدەوار بین.

بێدەنگییەکی گرینگ شەقی بردووە. شوێن لە دوای شوێن بەرەنگاربوونەوە و خەڵکانێکی دلێر دەبینین کە دێنە دەنگ لە دژی ئەم تاوانە دژ بەمرۆڤایەتییانە. لە سووریا، لە ئیسرائیل، لە تورکیا و لە سوێد ئەو بێدەنگییە وردوخاش بووە کە ئەم تاوانانەی لە ئینکاردا دەپێچایەوە. لە سووریا، ڕێبەرانی ئاینی لە دژی کوشتنی ناموسی فەتوایان ڕاگەیاندووە. ئیمامی مزگەوتەکان لە تورکیا هاتوونەتە قسە. لە کوردستانی عێراق، کە تێیدا بەم دواییانە حاڵەتێکی سامناک ڕووی دا کە لە کاتی بەردبارانکردنی کچێکدا هەتا کوشتن پۆلیسەکان لەوێ وەستاون و سەیر دەکەن و بڵاوبوونەوەی بەربڵاو لە میدیاکانی جیهاندا و دەربڕینی نارەزاییی زۆر بووە هۆی لێکۆڵینەوەیەک بۆ دڵنیاییدان لەوەی کە بکەرانی تاوان و ئەوانەی لەلاوە بەبێدەنگی وەستابوون، دەبرێنە بەردەم دادگە. ئەمانە هەنگاوی بچووکن بەئاراستەی دروست  هەنگاوگەلێکی گرینگ لەسەر ئەو ڕێگەیەی فادیمە ئاماژەی پێ دا.

من ئەم کتێبەم بەپرسیارێکەوە کردەوە: ئەوە چییە پاڵ دەنێت بەپیاوێکەوە منداڵەکەی خۆی لەسەر ناموس بکوژێت؟ من هەر بەم پرسیارەوە کتێبەکە دادەخەم. ئەم پرسیارە هەتا کۆتایی لەگەڵ مندا دەمێنێتەوە.

سەلمان ڕوشدی، لە کتێبەکەیدا بەنێوی "شەرم" سەبارەت بەڕووداوێک دەنووسێت کە کارتێکردنێکی گەورەی هەبووە لەسەر ئەو. من ئەمەم هەر بەم دواییانە بۆ دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ مندا دەنگدانەوەی هەبوو. ڕوشدی سەبارەت بەحاڵەتێک لە بەریتانیا دەنووسێت کە تێیدا باوکێک کچە تاقانە خۆشەویستەکەی خۆی کوشتووە. کچەکە بێناموسیی هێنابووە سەر بنەماڵەکەی. "تراجیدیاکە بە

ئەوینی ئێجگار زۆر و ئاشکرای باوکەکە بۆ منداڵە قەسابیکراوەکەی خۆی و بەبێمەیلی گەلەکۆمەکێی دۆستان و خزمەکانی (کە هەموویان، ئەگەر بمانەوێت چەمکی گێژ و وڕکەری ئەم ڕۆژانە بەکار بێنین، "ئاسیایی" بوون) بۆ شەرمەزارکردنی کردەوەکەی ئەو تۆختر بووەوە." ئەوەی کە نووسەر ئازار دەدات ئەوەیە کە هەست دەکات دەتوانێت لەو کردەوەیە تێبگات، هەرچەندە ئەمە کارێکی قێزەون بێت بۆی. "منیش خۆمم لە دۆخێکدا دیت کە لە بکوژەکە تێ دەگەم."(٩) تەنانەت ئەو ڕاستییەی کە ڕوشدی خۆی تازە بووبووە باوک و ئەوینی منداڵەکەی دایگرتبوو، ئەو بەچەشنێکی شیاو دوور ناخاتەوە کە هەر بتوانێت شەرمەزاری بکات، نەک هاودەردی. ئەمە بۆ ئەو بەقووڵی ورووژێنەر بوو، هەروەکو چۆن بۆ من وابوو کاتێک هەستم کرد دەتوانم هەتا ڕادەیەک لە ڕەحمی شاهینداڵ تێ بگەم.

بەڵام کاتێک لە دادگەی حاڵەتی کوشتنی غەزالە خان لە ساڵانی ٢٠٠٧ – ٢٠٠٦ دا ئامادەبووم، هەستی من بۆ تێگەیشتن لەبەریەک بڵاو بووەوە. من بۆم دەرکەوت کە ئەو گوتەی تۆلستۆی بەجێیە: "بنەماڵە خۆشبەختەکان وەکو یەک وان؛ هەر بنەماڵەیەکی چارەڕەش بە شێوەی خۆی چارەڕەشە." ئەمە بێگومان بۆ ئەو بنەماڵانە دەخوات کە گیرۆدەی کوشتنی نامووسی بوون.

بۆ من تا ڕادەیەک ئاسان بوو لە دادگە هاودەردی بکەم لەگەڵ ڕەحمی شاهینداڵ. من ڕێچکەی فادیمەم گرت. فادیمە ئەو ئێوارەی کە کوژرا سێ جار گوتبووی "بابەی بێ چارە". ئەو ویستبووی لەگەڵ باوکی یەکتر بگرنەوە. ئەو دڵی بۆی دەسووتا. لە هەڵسەنگاندنی زۆر کەساندا ئەو وەکو باوکێکی خۆشەویست دەردەکەوێت. لە دادگەدا ڕەحمی سیمایەکی تراجیکی نەخشاند، بەڵام شەیتانی نەبوو، وا نەبوو نەکەوتبێتە بەر سۆز.

باوکی غەزاڵە بەبێ سۆز دەرکەوت، وەک لە بەرد تاشرابێت. نەک لە ڕواڵەتێکی بەتەواوی ڕەقدا – ئەو بەهەیبەت بوو – بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ترساو. لەم دادگەیەدا هیچ کام لەو دراما هەستیارانەی کە ڕەحمی شاهینداڵ تووشی خۆی کردبوو دیار نەبوون. نۆ کەسی بەئارامییەکی سۆفییانەوە ڕەفتاریان دەکرد. بۆ چاودێرێکی وەکو من، جێگەی ترس بوو. من حەزم دەکرد نیشانەی ڕوومەتی ئینسانی ببینم، هێندێک قەڵەش لە ڕووکەشەکەدا، ئاماژەیەک کە پەشیمانی لە قاو بدات. هیچێک

نەبوو، یان من نەمدەتوانی دەری بخەم.

دواتر زانیم کە غەزالە گلێنەی چاوی بنەماڵەکەی و خۆشەویستترین منداڵی باوکەکە بووە. کچەکەشی وەکو ئەو، ئەوینداری فێربوون بوو؛ لە خوێندنگە زۆر لە پێش بوو. باوکی هەموو ئارەزوویەکی ئەوی جێبەجێ دەکرد؛ منداڵێکی بەدەمەوەدراو بوو، منداڵێک کە هەموو کەس خۆشی دەویست، نەک هەر باوکی بەڵام بەتایبەتی ئەو.

ئەویان بانگ دەکرد، بەبە، چەمکێک بۆ میهرەبانی.

باوکەکە چۆن توانی خۆی ڕازی بکات کە فەرمانی کوشتنی کچەکەی بدات؟ من لە کابرایەکم پرسی کە دەبوو بزانێت. ئاوا وەڵامی دایەوە: "هەرچی زۆرتر کەسێکت خۆش بوێت، کاتێک ئەو کەسە سەرشۆڕت دەکات هەستی خیانەتەکە گەورەترە. هەرچی زۆرتر کچەکەتت خۆش بوێت، هەستی سووکایەتی پێکردنەکە قووڵترە. ئەوپەڕی خۆش ویستن وا دەکات تۆ خاوێنترین و هێژاترین تایبەتمەندیی پێ بدەیت. کاتێک ئەو خیانەتت پێ دەکات ڕقەکەت سنوور ناناسێت. بەڵام باوکی غەزالە، دەبوو هەر دەریکاتە دەرەوە، نەک بیکوژێت."

بۆچی من ئاوا بەو زەحمەتە تێ دەکۆشم لەم باوکە تێ بگەم؟ ئەم ناڕەزایەتییە قووڵەی من بۆ؟ ئاخۆ ناتوانم تێ بگەم؟

ڕەحمی شاهینداڵ بۆ من وای لێ هاتبوو کە بەجۆرێک، هەرچەند بەزەحمەت، قابیلی لێتێگەیشتن بێت. ئەمە بۆ من ئارامی دەدا. بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆمەڵگەکەیە، ئەو بەکۆمەڵبوونەیە کە پێکهاتەکە ئەبەدی دەکات، کە دەبێت بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی تاکەکان هەست بەوە بکەن ئەرکی قوربانیکردنی ئینسانیان لە کۆڵ بووەتەوە. زۆر گرینگ نییە باوکێک چ هەستێکی هەیە. ئەو بکەرێکی سەربەخۆ نییە. وەک عاسمە جەهانگیر ڕاپۆرتدەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەباتکاری پێشەنگی مافی مرۆڤ لە کۆنفرانسی ستۆکهۆڵم لە ساڵی ٢٠٠٤دا گوتی: پێکهاتەکان دەبێت بگۆڕدرێن، بەڵام بەرپرسیاری دەبێت لە شوێنێک دابنرێت. بۆیە ئێمە ناتوانین لە باوکێک، وەکو باوکی فادیمە یان غەزالە ببوورین لەسەر ئەو تاوانانەی کردوویانە.

هەردووکیان سزای هەتاهەتاییان درایە.

ســەرەڕای ئەوەش ئێــمــە دەتوانین ئەوانیش وەکــو قــوربانی چاو لێ بکەین، قوربانییانی داوونەریتی نامرۆڤانە.

ئەم نەریتانە ئێستا بەهیمەتی کار و خۆپێوەماندووکردنی ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و تاکەکەس لە بەشێکی زۆری جیهان خەریکە دەگۆڕدرێت.

دەستنیشانکردنی کوشتنی نامووسی و تاوانەکانی ناموس بەپێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ ئەوە ڕێگەیەکە دەبێت بیبڕین. ئەمە خەڵک وا لێ دەکات شانازی بکەن بە کولتوورەکەیانەوە بەبێ ئەوەی لەسەر بایەخەکانی ئازادی و سەربەستی سازش بکەن. چاکسازی لە کولتووردا بەچەشنێک کە مافەکانی مرۆڤ بگرێتە خۆی کارێکی وا دەکات کە کولتووردا ببێتە شتێکی زۆر بەنرختر.

ئێستا نەبیلە لەگەڵ دایکی دەژی، تەنیا هەردووکیان پێکەوە. ئازادییەکی زۆر زیاتر لەوەی کە خوشکەکەی هەیبوو دراوەتە نەبیلە. تەنانەت سەفەری ئەو لە ئوپسالاوە بۆ ستۆکهۆلم، سەعاتێک بە قەتار، بۆ بەشداریکردن لە بیرەوەریی فادیمە لە ڕۆژی ٢١ی مانگی یەکی ٢٠٠٧دا و دواتریش مانەوە هەتا درەنگانێک بەڵگەیە بۆ ئەوە. سونگیول گرتوویەتییە ژێر باڵی خۆی و یارمەتیی داوە کارێکی هاوینە پەیدا بکات. نەبیلە کۆرسی وای لە خوێندنگا هەڵبژاردووە بۆی دەگونجێنێت کە لەگەڵ گەنجانی کۆچبەر کار بکات. هەتا ئێستا بەسەرهاتەکە کۆتاییەکی خۆشی هەیە.

سەبارەت بەدایکەکە، تەواوی ئەو شتەی من دەیزانم ئەوەیە هەر کات دەپرسم، پێم دەڵێن "هوون مۆر ڤێل" ـ حاڵی باشە.

# سوپاس و پێزانین

من سوپاسی زۆر کەس دەکەم کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە. یارمەتییان داوم تا تێ بگەم، زیاتر لەوەی کە من دەمتوانی ئومێدەوار بم بۆ خۆم تێ بگەم، هەروەها بۆ زۆر کەس کە منیان هان داوە و لە تەواوی ڕێگەکەدا پشتگیرییان لێ کردووم. من هەر چەند ناوێک دەزانم. پێزانین و قەرزارباری من زۆر لەوە بەرینترە.

سوپاسێکی تایبەتی بۆ "ئارنێ رووت". ئەو وەکو سەرنووسیاری رۆژنامەی "داگێنز نیهێتێر" لە ساڵی ١٩٩٧دا منی بانگهێشتن کرد بۆ قسە و باسێکی یەک ڕۆژە لەگەڵ وەزیری هاوکوچی و هێندێک زانستکاری سوێدی. بۆنەکەی کوژرانی سارا بوو. ئەم ڕووداوە ڕێبازی منی نەخشاند. لەلای من ئارنێ مۆدێلی ڕووناکبیرێکی گشتییە کە کار دەکات بۆ ئازادیی ڕادەربڕین و مافەکانی مرۆڤ. هاندانەکانی و پشتگیریی ئەو بۆ من لە هەڵسەنگاندن نایەت.

لە سوێد، زۆر کەسی تر یارمەتییان داوم و ئیلهامیان داومەتێ. دەمەوێت بەتایبەتی سوپاسی لەیف ئێریکسۆن، ماریان سپانێر، یووهان ئۆسارد، نیکلاس کلێمێن، سارا محەمەد، ڕەسووڵ عەولا، ریگموور میۆرنێل، ئاسترید شلیتێر و کیکیس ئۆرێ ئێلگامو، بکەم.

من خۆم بەقەرزداری مۆنا سالین دەزانم بۆ گفتوگۆ و قسە و باسە سەرنجڕاکێشەکانی و بۆ دەستەبەربوونی شێلگیرانەی کە میراتی فادیمەی بەرەو پێشەوە برد.

سوپاسی گەرمی من بۆ مۆنا ستروێم کە بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ فادیمە بۆ باس کردم. ئێمە یەکترمان نەبینی هەتا ئەم کتێبە نزیکەی تەواوبوونی بوو، بەڵام بۆ من دیداری ئەو دنیایەک بوو کە بتوانم هێندێک لە بیرەوەرییەکانی ئەو بزانم.

سوپاسی من بۆ برین ئەترووشی، خوشکی پێلا کە قەت نەمبینیوە، بۆ نموونەکەی و بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی لە کتێبەکان و لە میدیاکاندا. ئەوە

ڕێگەی دا بەمن لە شتگەلێک تێ بگەم کە ئەگەر وا نەبووایە، لەوانەبوو لێیان تێ نەگەم.

من زۆر سوپاسگوزاری کارمەندانی دادگەی ناوچەیی ئوپسالا، پۆلیسی ئوپسالا و دادگەی باڵای ستۆکهۆڵمم بۆ یارمەتی و ڕێز و حورمەتیان.

"سڤەین سکارهەیم" کە هەڵەچنی چاپی سەرەکیی ئەم کتێبە بوو بەزمانی نەرویجی. من بۆ هەردەم سوپاسگوزاری ئەوم بۆ ئەو چەشنە یارمەتیدان و هاندانەی من.

لە نەرویج، ناوەکانی هەموو ئەوانەی خۆم بە قەرزارباریان دەزانم دەتوانێت چەندان لاپەڕە پڕ بکەنەوە. پێزانینی تایبەتی بۆ شوکروو بیلگیچ، نەسیم کەریم، نادیا لاتیاوی، فەرید بووراس و وەلید ئەلکۆبەیسی.

ساڵی ٢٠٠٤ فەندی ئازادیی ڕادەربڕین بەخەڵاتێک منیان شەرەفمەند کرد. ئەوە زۆر لەوە زیاتر بوو کە وشەکان بتوانن بیڵێن. ئەوە یارمەتیی منی دا لە کارەکەمدا کۆڵ نەدەم کە بەتەواویش بێ مەترسی نەبوو و دوژمنانێکیشی بۆ پەیدا دەکردم. دەربڕینەکانی من لە دژی توندوتیژی بەنێوی ناموسەوە بەشێک بوو لەم کارە. من ئێجگار قەرزاربار و سوپاسگوزاری فاوندەیشنـم بە سەرۆکایەتیی فرانسیس شەرێستێد کە سەرۆکی پێشووی کۆمیتەی ئاشتیی خەڵاتی نۆبێل بوو.

لە دانیمارک دەمەوێت سوپاسی ئێلیزابێت ئارنسدۆرف هاسلوند، یووهاننێ تووکسێن، ئارنێ شمیدت مۆیللێر و کلاوس بووهر، واتە ئەو ڕۆژنامەوانانە بکەم کە لە حاڵەتەکەی غەزالە لەدادگەدانەکاندا ئامادە بوون. هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەمانە هەم لەباری رووناکبیریی و هەم لەباری ڕۆحییەوە یارمەتیدەرم بوو. سوپاسی تایبەتیم بۆ ژانێت ڤەنسان _ ئاندێرسێن، دادوەری گشتی بۆ ئەوەی تێڕامانی زۆری لەگەڵم باس دەکرد.

لە ئەمەریکا، من بانگهێشتن کراوم بۆ وتار گوتنەوە لەسەر بابەتەکانی ئەم کتێبە لە بەشەکانی ئانترۆپۆلۆجی لە زانکۆی ئێمۆری، زانکۆی هاروارد و زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلۆس. دەمەوێت سوپاسی بەشداران بکەم بۆ کاردانەوەکان و بۆ تێڕامانەکان.

سوپاسێکی تایبەت بۆ خوێندکارانی مێلۆن سێمینار، ناوەندی مرۆڤایەتییەکانی

هەیمەن لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە نیویۆرک و بەڕێوەبەرانی سێمینار، ئاکیل بیلگرامی، جۆن ئێلستێر و جێرێمی واڵدرۆن بۆ بانگهێشتنەکەیان و بۆ قسە و باسە زۆر بەبرشتەکانیان.

هەروەها سوپاس بۆ بەشدارانی کۆڕەکەی من لە ئەنستیتۆی خوێندنەوەکانی ئیسلام و کۆمەڵگەی دنیای موسڵمان لە پاریس بۆ وەڵامە بنیاتنەرەکانیان. هەروەها سوپاسگوزاری مارچێلۆ سوواریز- ئۆرۆزکۆ و ئێلیۆت تووریبەلم بۆ بانگهێشتنی من بۆ پێشکێشکردنی کارەکەم لە کۆنفرانسێکدا کە ئەوان ڕێکیان خستبوو و هەروەها بۆ کاردانەوە و هاندانە زۆر گرینگەکانی ئەوان.

لە ئۆسلۆ سوپاسی گەرم بۆ خوێندکارەکانم کە بەشداریی کۆرسەکانی منیان کردووە لەسەر نامووس، بەتایبەت ئێڤا شرایبێر سەرۆکی سێمینارەکەی من. پێزانینی من بۆ فرانک هەندەرسۆن ستیوارت بۆ هەموو کەس ئاشکرایە. من هەروەها سوپاسی عاسمە جەهانگیر، نەزەند بەگیخانی و ڕانا حوسەینی دەکەم.

وەرگێڕەکەی من، ئاننا پاتێرسون ئەرکی ململانێکاری پێشکێشکردنی دەقەکەی منی بۆ زمانی ئینگلیزی ڕێک خستووە. من سوپاسی ئەو دەکەم بۆ ئەرک و تێکۆشانەکەی. سوپاسی من بۆ "نۆرلا" بۆ ئەوەی بودجەی وەرگێڕانەکەیان داوە.

سوپاسی من بۆ ڕووت گۆرینگ هەڵچنی دەستنووسەکان کە ئەم کتێبەی بەدرێژاییی ڕەوتەکەی هەتا قۆناغی کۆتایی بینیوە. ئەم خاتوونە زۆر نایابە. سوپاس بۆ کارێکی جوان و بۆ ڕۆحیەی باش.

بۆ دەیڤید برێنت، کە ساڵانێ نووسیاری من بووە، زۆر زەحمەتە وشەیەک بدۆزمەوە. من بەبێ ئەو ناتوانم ئەم کتێبە یان هیچ کام لە کتێبەکانی ترم بە خەیاڵدا بێنم. من متمانە دەکەم بە دەیڤید، بوێریی لێ وەردەگرم و خۆشمەشرەبی زۆر نایابی ئەو ژیان رزگار دەکات. گەرمترین سوپاس لە قووڵاییی دڵەوە.

هاوسەرەکەم، فرێدریک بارت، هاوڕێی من بووە لە ژیان و لە کاردا. ئەوەی بۆ "ئەم" کارە گرینگە، من توانیومە کەڵک لە ئەزموونی ژیانی ئەو وەربگرم کە وەکو پیاوێک لەناو پیاواندا ژیاوە لەگەڵ کوردەکان لە عێراق، پەشتوونەکان لە ویلایەتی سنووری ڕۆژهەڵاتی باکوری پاکستان، فارسەکان لە باشووری ئێران و مەری بەلووچ لە ئەفغانستان و لەسەر زانستی ئەو لە زمانی پەشتوو و فارسی. هەرچەند

زانینی عەرەبی یارمەتیدەرم بووە، بەڵام وەکو ژنێک من سنووردارم لەوەی کە بتوانم لە دنیای نێرینەی کۆمەڵگەکانی زۆر بەتوندی لەباری جنسییەوە جیاکراو، تێ بگەم. فرێدریک ماندوونەناسانە پشتگیریی کردووم لە کارەکەمدا و ئیلهامگەیێنترین هەڵسەنگاندنی پێ داوم. ئەم کارە، کاری ئەویشە.

کوڕەکەم و بووکەکەم ئومێدم پێ دەدەن بۆ داهاتوو. من هەر دەتوانم لەسەر پێوەندیی ئەویندارانەی ئەوان بیر بکەمەوە، کە کاتێک دەستی پێ کرد تەمەنیان حەڤدە ساڵ بوو و پاش پازدە ساڵ هەر بەردەوامە: ئەوان چەندە خۆشبەخت بوون لە کۆمەڵگەیەکدا ژیاون تێیدا هەڵبژاردنی ئەوینی خۆت، مافێکی مرۆڤانەیە.

دوو نەوەکانم کە هێشتا زۆر منداڵن، ئاخۆ ئەوان لە داهاتوودا لە دنیایەکدا دەژین تێیدا سنوورەکان کەمتر گرینگن، ئازادیی تاکەکان زۆرتر؟ من ئومێدەکانم بەوانەوە گرێ دەدەم.

سونگیول شاهینداڵ بۆ من مۆدێلی بوێری، دڵسۆزی و ژیرییە. گەورەترین قەرزداری و پێزانینم بۆ ئەو.

من ئەم کتێبە پێشکێش دەکەم بە سونگیول و نەبیلە.

## یاداشتەکان

بەشی یەکەم

١- د. نەزەند بەگیخانی توێژەر و نووسەرێکی کوردی عێراق دانیشتووی بەریتانیایە کە لایەنگرێکی چالاکیی مافی مرۆڤی ژنانە بەتایبەتی ژنانی کورد. ئەو دەڵێت کە لە وڵاتەکەی ئەو دەرکەوتووە زۆربەی کچان قوربانیی کوشتنی ناموسیی بێ گوناهن (بەڵگەی توێژینەوەی پاش مردن) بەواتایەکی تر، ئەوان لەسەر ئەساسی دەنگۆی بێ بناغە کوژراون (دەربڕین لە پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی سوێد "بایەخی ناموس"؛ بڕوانە تەلەڤزیۆنی سوێد ٢٠٠٢)

٢- من ئەم ڕوانگەیەم لە پێوەندییەکان و تێگەیشتنی بان- فەرهەنگیدا لە وتارێکدا باس کردووە "لەوپەڕی وشەکانەوە: دەسەڵاتی دەنگدانەوە" (ڤیکان ١٩٩٢)

٣- گێڕانەوە لە جیهل ١٩٩١.

٤- بەپێی گوتەی کوردۆ باکسی، ناوچەی مالاتیا کۆنخوازترین ناوچەیە لە هەموو تورکیادا. ئێکپرێسێن، ٢٥ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٥- لە چەند ساڵی رابردوودا "ساڵانە" بیست و چەند ژنی گەنج لە مالاتیا لەلایەن خزمە نزیکەکانیانەوە کوژراون. مامۆستایەکی زمان لە ئەلبستان دەڵێت "کوشتن لەبەر خاتری ناموس بیرێکی ئاشنایە لەو بەشەی دنیادا". ئێکپرێسێن، ٢٥ مانگی یەک ٢٠٠٢.

٦- ئێکسپرێسێن، ٢٣ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٧- ئافتۆنبلادێت، ٢٣ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٨- دەسەڵاتی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، C 10-369-02 ل ٣٦.

٩- یەزیدیسم جەماعەتێکی بەبیروڕای ناباو کە بەتایبەتی پەیڕەوانیان لەناو کورداندایە. زۆرجار پێیان دەڵێن شەیتانپەرست، بەڵام یەزیدییەکان پێیان وایە ئەم خووەی موسڵمانان بەئاماژە بە یەکێک لە خواکانیان وەکو "شەیتان" بەهۆی هەڵەی لە ڕوونووسینەوە یان وەرگێڕانەوەیە.

بەشی دووەم

١- داگێنز نیهێتێر، ٧ی مانگی دووی ١٩٩٧.

٢- له زمانی عەرەبیدا(ث) هەر وەکو th ئینگلیزی دەگوترێت؛ ئەمە وادەکات کە ناوەکان زۆر لێک دەچن.

٣- فادیمە کاتێک تەلەفۆنی دەکرد بۆ دایکی و نەیدەویست بەئاسانی بناسرێتەوە لە "سارا" وەکو نازناو کەڵکی وەردەگرت.

٤- دەسەڵاتی پۆلیس لە ناوچەی ئوومیۆ، ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، ١٧ی مانگی دوازدە ١٩٩٧.

٥- سڤێنسکا داگبلادێت، ٨ی مانگی دووی ١٩٩٧. دواتر باسی هاوسەرکاریی کرد و ناوی هاوسەری وەرگرت بوو بەپێگول؛ کەوابێت لەمە بەدواوە لە کتێبەکەی مندا دەبێتە نالین پێگول.

٦- وەک ئەوی پێشوو.

٧- ئالکالا ١٩٩٧ب.

٨- داگێنز نیهێتێر ٨ی مانگی شەشی ٢٠٠٢.

٩- ئالکالا ١٩٩٧ب.

١٠- سیدسڤێنسکا داگبلادێت، ١٢ی مانگی دووی ١٩٩٧.

١١- ئەوەی کە خودی دایکی سارا ڕاپەڕیبوو بەرامبەر بەتوندوتیژی و داپڵۆسین لەوانەیە کارتێکردنی بووبێت لەسەر سارا. ئەو لەوانەیە هەستی کردبێت کە دایکی لەسەری دەکاتەوە. بەو هۆکارەوە سارا بە بەراورد لەگەڵ زۆرێک کچانی تری بە پاشخانی کۆچبەرییەوە، لە دۆخێکی تایبەتدا بوو.

١٢- تێ، تێ ئاژانسی دەنگوباسی سوێد، ٢٣ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

١٣- ئالکالا ١٩٩٧ ئا.

١٤- داگێنز نیهێتێر، ٤ی مانگی چواری ١٩٩٧.

١٥- سڤێنسکا داگبلادێت، ٢٢ی مانگی یەک ١٩٩٧.

١٦- داگێنز نیهێتێر، ١٢ی مانگی دوو ١٩٩٧.

١٧- هووڤووستادسبلادێت (فینلاند)، ٨ی مانگی سێ ١٩٩٧.

١٨- سیدسڤێنسکا داگبلادێت، ١١ی مانگی دوو ١٩٩٧.

١٩- یۆتێبۆری پۆستێن، ١٦ی مانگی دوو ١٩٩٧.

٢٠– ئالکالا ١٩٩٧ ئا.

٢١– هەروەها دەگوترا کە ئەمە لە بەرژەوەندیی باشی کوڕەکاندایە کە بنێردرێنە دامەزراوەیەکی چاکسازی نەک بۆ زیندان، بەڵام دادگە ئەودەم هیچ دەسەڵاتێکی یاسایی بەسەر ماوەی مانەوەیاندا نەدەبوو. دادگەی ناوچەیی ئوومیۆ، پوختەی گوتاری دادوەر، حاڵەتی .B 2121-96, 1997

٢٢– سامهێلس ماگازین (ستریپتیز)، پەخشکراو ٦ی مانگی پێنج ١٩٩٨، لەگەڵ ڕۆژنامەوان ماریان سپانێر (SVT1 ١٩٩٨). سامهێلس ماگازین پرۆگرامێکی تەلەڤزیۆنی سوێدە بۆ ڕۆژنامەگەریی لێکۆڵەرانە.

بەشی سێیەم

١– بەپێی پرۆگرامی بەڵگەنامەیی تەلەڤزیۆنی سوێد "بایەخی ناموس"، یەکەم جار نیشاندراو لە کەناڵی چوار لە ١٦ی مانگی دە ٢٠٠٢، "کوشتنی پێلا چەمکێکی تازەی هێنایە سوێد: کوشتنی ناموسی." من سوپاسی ڕۆژنامەوان یووهان ئۆسارد دەکەم بۆ ئەوەی کۆپییەک لە پرۆگرامەکەی دامێ (Tv4 2002).

٢– بەسەرهاتی برین لە کتێبێکدا گێڕدراوەتەوە "کوشتنی ناموسی پێلا: خوشکە چکۆلەکەی دەیگێڕێتەوە" لەلایەن لێنا کاتارینا سڤانبەری (٢٠٠٢).

٣– گێڕانەوە ڕاستەوخۆکانی ئەم بەشە بەدەربڕینەکانی برین خوشکەکەی پێلاوە و بە دوو ڕیزپەڕەوە (بڕوانە خوارەوە)، لە فیلمێکی بەڵگەیی تەلەڤزیۆنی سوێد وەرگیراون. ئەمانە بڕیتین لە "فادیمە: بەهای ئازادی" (یەکەم جار کەناڵی یەک لە ١٧ی مانگی دە ٢٠٠٢ نیشانی دا) و "بەهای ناموس" (بڕوانە یاداشتی ١).

٤– سڤانبەری، ٢٠٠٢.

٥– من پێشتر سەرنجی ڤینا داسم نووسیوە کە ژنان لەو ناوچانەی هیند و پاکستان (پونجاب) کە ئەو لەوێ لێکۆڵینەوەی کردووە، ڕێگەیان پێ نادرێ لە کوشتنە ناموسییەکاندا ئامادە بن (داس ١٩٩٥). ئەم مەمنووعکردنە وێ دەچێت لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا کەمتر گرینگ بێت، هەرچەند بەشێوەی ئاسایی ژنان دەپارێزرێن لە بینین. لە حاڵەتی پێلادا، دایک و خوشکەکە لە کاتی یەکەم تەقەدا لەوێ نەبوون، بەڵام ئەو پاش ئەو یەکەم تەقەیە نەمرد و دایکی و خوشکی هەڵاتن بۆ ڕزگارکردنی؛ کەوابوو ئەوان لە کاتێکی وادا گەیشتن کە بتوانن شایەتحاڵی کوشتنەکە بن.

٦– دادگەی تاوان لە دهۆک ٩ی مانگی دە ١٩٩٩. یاسای لەمەڕ کوشتنی ناموسیی

مـانگی چواری ٢٠٠٢ لەلایەن پەرلەمـانی پارێزگـای هەولێـرەوە (باکـوری عێـراق) گۆڕدرا. نامووس چیی تر هەلومەرجێکی ئاسانکەرەوە نییە.

٧- سڤانبەری، ٢٠٠٢، ٧١.

٨- ئەم دەربڕینە لە چوارچێوەی چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ لیزێ بوورکگرێڤینک لە پرۆگرامی "سـۆن ئێ لیـڤێت" (ژیان ئاوەهایە) لە ڕادیۆی نەرویج ئەنجام درا. سـالین شـتی لەو شێوەی لە گفتوگۆ لەگەڵ میدیاکانی سوید، بۆ وێنە لە ڕۆژنامەی داگێنز نیهێتێردا گوتووە (٨ی مانگی شەش ٢٠٠١): "بۆ ماوەیەکی زۆر، کۆمەڵگە خۆی وا نیشان داوە کە لە جاران ئاسانگیرترە، بەڵام هەروەها کـاتێک کە دێتە سـەر ئەوەی کە لە پشت دەرگـەی زۆرێک لە مـاڵەکـاندا چی دەقـەومـێت، ترسناک و نەزانانەیە. منیش لەوە ترسـاوم کـە تاوانی ڕەگەزپەرسـتی بدەنە پاڵم و پێم باشـتـر بووە چاوم ببەسـتم. من خیانەتم بەم کچانە کردووە. بەڵام ئێستا چاوەکانم بەباشی کراونەتەوە."

٩- ئێکپرێسێن، ١٣ی مانگی سێ ٢٠٠٢.

بەشی چوارەم

١- کێرتزێر ١٩٩٣.

٢- لە سـاڵی ١٩٩٧دا لە وڵاتی پیـرو ژنێک کە لەلایەن تاقمـێکەوە دەسـتـدرێژیی کـرابووە سـەری ناچار کرا ببێتە هاوسـەری یەکێک لە دەستدرێژکارەکان و کابراکەش ناچار بوو بۆ ڕزگارکردنی باقیی کەسەکانی تاقمەکە ببێتە هاوسەری.

٣- لە ئێـران، یەکـەم یاسـایەک کـە جیـاوازیی دانا لە نێـوان دەسـتـدرێژیی سـێکسی و پێوەندیی جنسی ڕێگەپێنەدراو لەلایەن ژنێکەوە سـاڵی ١٩٩٥ دابین کرا. هەتا ئەوکات، سزای قوربانیی دەستدرێژی کوشتن بوو. ئێستا بەپێی یاسا تازەکە، سزای کوشتن تەنیـا بۆ ئەو ژنەیە کـە ئیسـپـات بکرێت بەخـواسـتی خۆی چووەتە نـاو پێوەندییـەکی سێکسییەوە لە دەرەوی هاوسەرکاری (ئەفشار ١٩٩٨).

٤- باربێر ١٩٥٧: ٧٦- ٢٧٥، گێڕدراوە لە ستیوارت ١٩٩٤: ١٠٨.

٥- ئالبـانیـا و چەند بەشـێک لە باڵکان "لەوانەیە" ڕیزپەڕ بن، بەڵام بەڵگە لە بەردەسـتـدا نییە.

٦- گێهل ١٩٣٧: ٤٢.

٧- دیکێرمان ١٩٩٧.

٨- بەگیخانی ٢٠٠٢.

٩- ستیوارت ١٩٩٤: ٤٦. زۆرێک لە بەڵگەهێنانەوەکانی من لەم بەشەدا لەسەر بناغەی کتێبەکەی ستیوارتە.

١٠- وشە کوردییەکە لە ڕاستیدا بەمانای "تەوێڵە"، نەک "ڕوومەت". من سوپاسی شوکروو بیلگیچ دەکەم بۆ ئەم زانیارییە.

١١- هوو ١٩٩٤؛ سێلستاد ٢٠٠٢.

١٢- لە هێندێک کۆمەڵگەدا، چەمکی "ڕوومەت ڕزگارکردن" و "ڕوومەت دۆڕاندن" زۆر گرینگن و ئاوێتەیە لەگەڵ ڕیزبەندیی دەربڕینەکانی ڕیزلێنان و بەئەدەببوون، کە ئەمەش وادەکا کە سەرەڕای ئەنجامدانی شتی گەوجانە یان هێرشبەرانە بگونجێت ڕوومەت ڕزگار بکرێت. ئەم نۆرمە نافەرمییانە هەروەها خزمەت دەکەن بۆ پاراستنی دیگەران: بوونە هۆکاری ئەوەی کەسێک ڕوومەتی خۆی بدۆڕێنێت دەتوانێت تۆڵە و هەقلێکردنەوە بورووژێنێ. هێشتایش زۆر بەتەواوی دەگونجێت ڕوومەت بدۆڕێنێ بەبێ ئەوەی نامووسی خۆت دۆڕاندبێت. نامووس لە ڕەهەندێکی تردا بوونی هەیە. بەڵام، چەمکی ئاساییی نامووس لە تاقمە گەنجەکاندا لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا دەتوانێ سەبارەت بەدۆڕاندنی ڕوومەت سەخت بێت: تۆ دەبێت وەڵام بدەیتەوە و تۆڵەی خۆت بستێنییەوە بۆ ئەوەی ڕێز وەربگریتەوە.

١٣- پاتێرسۆن ١٩٨٢: ٨٠.

١٤- ستیوارت ١٩٩٤: ١٤٠.

١٥- هەمان سەرچاوە، ٤٥.

١٦- من لە کتێبەکەمدا بەنێوی "بەیانی، خودا بیهەوێت" (١٩٩٦) ئەو شتەی پێی دەڵێن "قسەی خەڵک"، لەناو خەڵکی ناوچە هەژارەکانی قاهیرەدا، دەیگێڕمەوە و لێکی دەدەمەوە. بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەورووپا، بڕوانە خادێر ٢٠٠٢ و دێ ڤریس ١٠٠٥.

١٧- خادێر ٢٠٠٢.

١٨- ڤیکان ١٩٨٤. ئەم وتارە، "شەرم و نامووس: جووتێکی مشتومڕهەڵگر،" تێیدا قسە و باسێکی چڕوپڕ لەسەر "شەرم" و پێوەندی لەگەڵ "نامووس"دا هەیە. هەروەها بۆ لێکدانەوەیەکی ڕوونکەرەوە بڕوانە کرێسێل ١٩٨١ و ١٩٨٨.

١٩- ئەفشار ١٩٩٨: ١٧٨. هالە ئەفشار نووسەر و فێمینیستی ئێرانی سەرنج دەدات: "هەتا ئێستا هیچ ژنێک مافی ئەوەی نییە مێردەکەی بکوژێت لەسەر ئەوەی بێنامووسیی کردووە، جا چ بەدەستدرێژیکردن بێت یان بە فریودانی ژنێکی تر. نامووس هەر وەکو بابەتێکی نێرینە ماوەتەوە، کە تەنیا نێرینە هەستی دەکەن و

ڕەفتاری لەگەڵ دەکەن."

٢٠- لە دۆستێکی کورد دەگێڕمەوە، "هەموو کەس دەزانێت و هیچ کەس نازانێت."

٢١- ستیوارت ١٩٩٤:١١٦ff.

٢٢- ئانترۆپۆلۆژیستەکان هەتا ١٩٦٠ەکان، واتە ئەو کاتەی بەشێوەیەکی سەرەکی چڕبوونەوە لەسەر ناوچەی مەدیتەرانە، سەرنجیان بۆ بابەتی ناموس ڕانەکێشرا. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لەلایەن پیاوانەوە بەڕێوە دەچوون و سەرنجی پیاوانیان دەدا. لەناو کۆمەڵگەی زانستی کۆمەڵایەتیدا ئەم بۆچوونە بڵاوە کە چەمکی ناموسی مەدیتەرانە تاقانەیە و جیاوازە لە هاوتاکەی خۆی هەم لە باکوری ئەوروپا و هەم لە سەرزەوینی کۆمەڵگەی عەرەبی دوور لە دەریا. هەر چۆنێک بێت، بەبێ هەبوونی لێکۆڵینەوەی تاقیکاری لە باکوری ئەوروپا _ کە بەکردەوە هەتا ئێستا بوونی نییە _ ئێمە ناتوانین بەرەنجامی پتەوی لێ دەرکێشین. بەڵام توێژینەوەی یاسایی، بەتایبەت لەلایەن یاساناسانی ئەڵمانیی سەدەی نۆزدە و بیستەوە، کۆمەڵێک لە دەروونبینی ڕووناکیدەری خوڵقاندووە بۆ ناوەوەی ناموس. (بڕوانە ستیوارت ١٩٩٤).

٢٣- داگێنز نیهێتێر، ٢٣ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٢٤- ستیوارت ١٩٩٤: ٨٠.

٢٥- پیت - ریڤێرس ١٩٧٧: ٩.

٢٦- ستیوارت ١٩٩٤: ٨١.

٢٧- پیت - ریڤێرس ١٩٦٥: ٢١.

٢٨- خادێر ١٤٣:٢٠٠٢، جەختکردنەوەکە هی منە.

٢٩- لیێن ٢٠٠٢.

٣٠- ستیوارت ١٩٩٤؛ هەروەها بڕوانە بای ٢٠٠٢.

٣١- لە "هاملێت"ی شەکسپیردا، دێرەکە بەشێکە لە ئامۆژگاریی پۆلۆنیووس بۆ لەیرتێسی کوڕی.

٣٢- ڤیکان ١٩٩١ئا.

٣٣- کێشەی نێوان هیندستان و پاکستان لە چوارچێوەی "دابەشکردندا" _ دامەزراندنی پاکستان _ زەوینەیەک ئامادە دەکات بۆ هەستبزوێنترین و توێژەرانەترین لێکدانەوەیەک کە من بینیومە لەسەر ئەوەی چلۆن ژنان وەکو بووکەشووشە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت بۆ خزمەتکردن بە خاوێنی و داهاتووی بەرهەمهێنەرانەی میللەت. هیندووەکان و موسڵمانەکان هەردووک وەک یەک، بوونە هۆی دەرهاویشتنی

ژمارەیەکی زۆر لە ژنان، بەڵام دواتر ڕازی بوون بەوەی کە میللەتە تازەپێکهاتووەکان دەبێت دیسانەوە ژنەکانیان دەست بخەنەوە. لەم نێوانەدا، ژنە دوورخراوەکان منداڵیان بوو و بەشێک لە بنەماڵە تازەکەیان پێک دەهێنا. بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی تاکەکان چییان دەوێت، ژنەکان _ واتە ئەوانەی هێشتا توانای زاوزێیان هەبوو _ بەزۆر لە منداڵەکانیان جیا دەکرانەوە و "دەیانگەڕاندنەوە وڵات." هاندەرەکە ئەوە بوو کە خاوێنی و پێناسەی هەر میللەتێک ڕابگیرێت؛ داس ١٩٩٥ لێکدانەوەیەکی جێی تێڕامانی تێدایە.

٣٤- ئافتۆنبلادێت، ١٢ی مانگی سێ ٢٠٠٢.

٣٥- داگێنز نیهێتێر، ١١ی مانگی سێ ٢٠٠٢.

٣٦- کەمالی ئەم دەربڕینەی لە فیلمی بەڵگەییی "فادیمە؛ بەهای ئازادی"دا دەربڕی، کە بەشێک لە پرۆگرامی "دۆکیومێنت ئینیفرۆن" (بەڵگەنامە لە ژوورەوە؛ SVT1 ٢٠٠٢). کەسێکی تر بەم شێوەیە دەری بڕی: "لە ئەزموونی فادیمەدا ڕاستی هەیە، بەڵام هەڵەیش هەیە. بۆ کوردەکان، ڕاگرتنی پێناسە لە پێشدا دێت. کوردەکان هەست دەکەن لە دەرەوە لەژێر پاڵەپەستۆدان؛ ئەوان دەبێت چالاک بن و شتێک بکەن بۆ پاراستنی کەرامەتی خۆیان."

٣٧- ماتێر ٢٠٠٢. ماتێر بۆی دەرکەوتووە کە نزیکەی هەموو ڕووداوێکی کوشتنێکی ناموسی لە یەکێک لە شارە گەورەکاندا، قوربانییەکە و بکەری تاوان لەو بنەماڵانەن کە لە لادێکانەوە هاتوونەتە شار.

بەشی پێنجەم

١- تسێرینگ ٢٠٠١: ٥٧.

٢- بۆ نموونەیەک لە کۆریای باشوور، بڕوانە کیم ٢٠٠٢. بەسەرهاتی هەستبزوێنی کیم لە ڕوانگەی کچێکی بچووکەوە دەگێڕدرێتەوە کە شایەتحاڵی کوشتنی ناموسیی دایکی خۆی بووە. بنەماڵەکە پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی کۆنفێسیووس بوون.

٣- تسێرینگ ٢٠٠١: ٥٧. تسێرینگ لێرەدا دەنووسێت: "پێوەندیی سێکسی لە دەرەوەی هاوسەریەتییەوە لە ناوچەی ئێمەدا (ئامدوو) قبووڵ نەدەکرا، "ئەو چەشنەی کە لە بەشەکانی تری تەبەت هەبوو"."(من خستوومەتە کەوانەوە). بەئاشکرا گرینگە کە گشتگیری نەکرێت. کاری مەیدانیی خودی منیش لە بووتان کە کۆمەڵگەیەکی بودایی دراوسێی تەبەت_ە، دێت بەهاواری سەرنجەکانی تسێرینگەوە: لە بووتان_یش ژنانی بودایی ڕادەیەکی زۆری ئازادییان هەیە، لەوانە ئازادیی سێکسی. ڕاستییەکانی ئێرە

بەهیچ چەشنێک لەگەڵ ئەو ژێردەستەییە زبرەی ژنان کە تسیرینگ لە شوێنی گەورەبوونی خۆی دەیدات بەدەستەوە، نایەتەوە. (ڤیکان ١٩٩١).

٤- پۆپ ٢٠٠٤:١٠١- ١٠.

٥- هۆیک، سیداوی و مراد ٢٠٠٦: ١٢٩- ٣٠.

٦- کاردام و هی تریش. ٢٠٠٦: ١٦.

٧- ئافتۆنبلادێت، ٢٤ی مانگی یەک ٢٠٠٤.

٨- هۆیک، سیداوی و مراد ٢٠٠٥: ١٣٢.

٩- باکان، ژنێکی کوردی عێراقە کە ئەم دەربڕینەی دا، ئەو خۆی بەزەحمەت ڕزگاری بوو لە کوشتن بەدەستی براکەی. باکان بەخەستی بریندار بووبوو، بەڵام زاواکەی فریای کەوت و بردی بۆ خەستەخانە... ئێستا بەپێناسەیەکی تازەوە لە ئەڵمانیا دەژی. ئەو لە یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لەسەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، "چڕبوونەوە لەسەر توندوتیژی بەنێوی ناموسەوە" لە سوێد، ٧ و ٨ی مانگی دوازدەی ٢٠٠٤، بەشداریی کرد. تاوانی باکان لە چاو بنەماڵەکەیەوە لەوەدا بوو کە داوای جیابوونەوەی کردبوو لە مێردەکەی کە زۆر لەگەڵی توندوتیژ بوو.

١٠- نیویۆرک تایمز، ٩ی مانگی چواری ١٩٩٩.

١١- خان (٢٠٠٦:٣٧) سەرنج دەدات کە لە هیندستان لە سێ ویلایەتی هاریانا، پونجاب و ئووتارپرادێش ڕابردوویەکی بەتایبەت خراپیان هەیە لەسەر کوشتنی ناموسیی ژنان و جووتی گەنج. کوشتنی ناموسی لە هاریانا لە ١٠٪ی هەموو کوشتنەکانە.

١٢- گاردیەن ویکلی، ٦ی مانگی شەش ١٩٩٩.

١٣- پیمێنتال، پانجیارجیان و بێللۆک ٢٠٠٥.

١٤- کۆهێن _ الماگۆر ١٩٩٦: ,١٧٨

١٥- موجاب ٢٠٠٤: ١٦.

١٦- شەلهووب- کێڤۆرکیان ٢٠٠٥:١٧٠- ٧١.

١٧- تێلێگراف، ٧ی مانگی چوار ٢٠٠٧.

١٨- بۆ لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکە، بڕوانە جینات ١٩٨٧: ١١٧.

١٩- عەبدوو ٢٠٠٤؛ تووما _ سلیمان ٢٠٠٥.

٢٠- وارەیچ ٢٠٠٥.

٢١- خان ٢٠٠٦:٣٥- ٣٦.

٢٢- ئافتۆنبلادێت، ١٤ی مانگی هەشت ٢٠٠١.
٢٣- کاردام ٢٠٠٦: ١٧.
٢٤- ئافتۆنپۆستێن، ١٤ی مانگی هەشت ٢٠٠١.
٢٥- هیومەن رایتس واچ ن. د؛ ئەبوحەسەن و وێلچمان ٢٠٠٥.
٢٦- جێهل ١٩٩٩.
٢٧- داگێنز نیهێتێر ١ی مانگی چوار ٢٠٠٠.
٢٨- جێهل ١٩٩٩.
٢٩- داگێنز نیهێتێر ١ی مانگی چوار ٢٠٠٠.
٣٠- حائیری ١٩٩٥: ١٦٩.
٣١- هەمان سەرچاوە.
٣٢- نیویۆرک تایمز ١١ی مانگی سێ ١٩٩٧.
٣٣- ناوەندی یارمەتیی یاسایی بۆ ژنان لە میسر ٢٠٠٥: ١٥٧.
٣٤- سەرنجی تاکەکەسی خۆم لە یەمەن، ١٩٨٠.
٣٥- شتراوس و کوین ١٩٩٤.
٣٦- ڤیکان ١٩٩٤ ئا.

بەشی شەشەم
١- بڕوانە بارت ١٩٨٤؛ ڤیکان ١٩٩١ئا.
٢- عەولا ٢٠٠٢.
٣- ئێکسپرێسێن، ١٠ی مانگی یەک ١٩٩٧. بۆ بەراوردێکی تەواوتری بەسەرهاتی ئاننا، بڕوانە ڤیکان ٢٠٠٢:٩٨- ١٠٦.
٤- شەبعان ١٩٩١:١٠.
٥- هەمان سەرچاوە، ٤. ٣-٥.
٦- هەمان سەرچاوە، ٤-٥.
٧- بیراک ١٩٩٩.
٨- ڤیکان ١٩٨٠.
٩- ڤیکان ١٩٩٦.
١٠- جێهل ١٩٩٩.

١- ئەو لە ڕاستیدا دووجار زاوای ە: برای ژنەکەی ڕەحمییە و هەروەها مێردی خوشکی ڕەحمیشە. کەوابوو دوو دەستەخوشک و برا، ئامۆزان؛ بەڵام لە دادگەی سوێددا تەنیا خزمایەتی لە ڕێگەی ژن و مێردایەتییەوە هۆی جێ باوەڕن بۆ ئەوەی قبووڵ بکرێت شایەتی نەدەن.

٢- پارێزەرێک بەنێوی لەیف ئێریکسۆن، کە لە لەدادگەدانەکانی باوک و براکەی فادیمە لە ساڵی ٢٠٠٨دا پارێزگاریی لە فادیمە دەکرد، پشتگیری دەکات لە سونگیول.

٣- ئەمە لەگەڵ دەربڕینەکەی فادیمەدا بۆ پۆلیس دێتەوە، ئەو دەم کە پۆلیس لە پێوەند لەگەڵ لەدادگەدانی باوک و براکەی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کرد. "باوکم تەلەفۆنی کرد لە خزمەکانمان لە تورکیا و پرسیاری کرد ئاخۆ ڕێگە بدەن بە من ببمە هاوسەری پاتریک یان نا. بەڵام هاوسەرکارییەکە قبووڵ نەکرا." فادیمە وتی کە بۆ قسە و باس لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ نزیکەی دووسەد کەس لە خزمەکان تەگبیر کرابوو.

ئەمە بۆ مامۆستایەکی زمان خەڵکی ئەلبستان، سەرزەوینی ماڵی شاهینداڵ جێگەی سەرسووڕمان نییە. ئەو دەڵێت "لەم بەشەی دنیادا، پێوەندی گرتن لەگەڵ بنەماڵە لە هەموو شتێکی تر گرینگترە. ئەمە هیچ ناگۆڕێت ئەگەر ئەوان چیی تر دانیشتووی تورکیا نەبن. هەمووان لە بڕیاردانی گرینگدا لەسەر ئەندامێکی بنەماڵە بەشداری دەکەن." (چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی "ئێکسپرێسێن"، ٢٥ی مانگی یەک ٢٠٠٢).

ئەم بۆچوونە لەلایەن کوردۆ باکسی، کە کوردێکی سوێدییە و خۆی لە تورکیا گەورە بووە و لە هەمان ژمارەی "ئێکسپرێسێن"دا گفتوگۆی لەگەڵ کراوە، پشتڕاست دەکرێتەوە. "هەموو شتێک پێوەندیی بەبنەماڵەوە هەیە. بنەماڵە گەورەکان هەر دوو ساڵ جارێک لە تورکیا کۆ دەبنەوە و کۆبوونەوەی بنەماڵە گەورەکەیان هەیە. زەماوەندکردن زۆرجار لە پێوەند لەگەڵ ئەمانەدا بەڕێوە دەچێت."

٤- بەبۆچوونی من، هەموو ئەمانە بیرکردنەوەی ئارەزوومەندانەیە. سونگیول دواتر وتی کە تەلەڤزیۆنەکە بەدەنگی بەرز کرابووەوە. جگە لەوەش، ئەلیف لە دەربڕینەکەیدا بۆ پۆلیس گوتبووی کە ڕەحمی ئەوی لە پەنجەرەکەوە دیبوو کاتێک لە ئاشپەزخانەکە دەچوو چراکە بکوژێنێتەوە؛ ئەپارتمانەکە لە نهۆمی یەکەمدا بوو.

٥- ئەمە بەشێکە لە ناساندنەکەی ڕەحمی لە دادگەدا. بەبۆچوونی من، ئەمە هەوڵدانێک بوو بۆ ئەوەی وابکات کە کولتووری کوردی کەمتر نائاسایی بنوێنێ و زیاتر سازگار لەگەڵ کولتووری سوێدیدا. لە ڕاستیدا ڕەواڵی ئاسایی تورکی _ کوردی ئەوەیە کە

بنەماڵەی زاوا خەرجی زەماوەندەکە دەکێشن. لەو حاڵەتەدا کە خوشک و براکان و ئامۆزاکان هاوسەرکاری دەکەن، ڕەواڵی ئاسایی جیاوازە: لەبەرئەوەی دوو بنەماڵەکە پێشتر خزمایەتییان هەیە، خەرجەکان دابەش دەکەن.

٦- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، لێکۆڵینەوە ٠٢٠٣١٣. K 193-02, p.5.

٧- ئێکسپرێسێن، ١٤ی مانگی سێ، ٢٠٠٢.

٨- ئەمە بەشێکە لە فیلمی پرۆگرامی "ستریپتیز" ساڵی ١٩٩٨.

٩- سزای هەتاهەتایی لە سوید بیست ساڵە، بەڵام پاش ماوەیەکی دیاریکراو، زیندانی دەتوانێت داوا بکا کە سزاکەی کەم بکرێتەوە.

بەشی هەشتەم

١- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، تۆماری توێژینەوەی C 10-369-02, pp. ٨٤–٨٥. هەموو گوتنەوەکان لە دەستنووسی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ نەبیلە لەم بەڵگەیە وەرگیراون. لە هێندێک شوێندا بۆ ئاسانکردنەوەی تێگەیشتن، زمانی نووسینەکە بەچەشنێک چاک کراوەتەوە.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٦٠١.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٥٨.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٨٠١.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٧٨–٦٨.

٦- براکەی فادیمە بەتۆمەتی ئەوە سزا درا کە دوای ئەوەی لە مەیدانی ناوەڕاستی شاری ئوپسالا لە ڕۆژی ١١ی مانگی شەش ١٩٩٨دا چاوی بەفادیمە کەوت، زیانی جەستەییی کارەساتباری پێ گەیاندبوو.

٧- بەگوێرەی شایەتحاڵەکان، فادیمە لە کاتێکدا لەلایەن براکەیەوە هێرش دەکرێتە سەری کە خەریکی خوێندنەوەی خشتەی کاتی هاتنی ئوتوبوسەکە بوو. فادیمە ئەوی نەورووژاند بگرە ئەوەندەی لێ درا کە نزیکەی بێهۆش بوو.

٨- کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوید ١٩٩٨.

٩- تۆمارکردنەکە هی ڕۆژی ٤ی مانگی دووی ١٩٩٨ە؛ براکەی فادیمە تەلەفۆنی بۆ دەکات و هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکات، کاتێک کە چووبووە لای پۆلیس و ئەوی تاوانبار کرد. فادیمە هەمان ڕۆژ، بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی "ئافتۆنبلادێت" سەبارەت

بەسکاڵاکەی دەدوێت. ئەمە ڕقی براکەی هەڵدەستێنێ کە تەلەفۆنی لێ دەکات و جارێکی تریش هەڕەشەی کوشتنی لێ دەکات. فادیمە ئەو تۆمارکارەی کە پۆلیس داویەتێ هەڵدەکات.

١٠- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، بەڵگەی توێژینەوەی C 10-369-02 p.93.

١١- هەمان سەرچاوە ل ٧٩.

١٢- هەمان سەرچاوە، ل ٥٠١.

١٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٠١.

١٤- هەمان سەرچاوە، ل ٤٠١.

١٥- هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

بەشی نۆیەم

١- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، بەڵگەی توێژینەوەی C 10-369-02, pp. ١٩٧- ٩٨.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ٩٧.

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥-٢٥.

٤- هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.

٥- هەمان سەرچاوە، ل ٣٥١.

٦- هەمان سەرچاوە، ل ١٦٠.

٧- هەمان سەرچاوە، ل ١١٩.

٨- هەمان سەرچاوە، ل ٥٥-٤٥.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ٧٠١.

١٠- هەمان سەرچاوە، ل ٥٤١.

بەشی دەیەم

١- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، تۆماری توێژینەوەی پۆلیس C 10-369-02, p. ٢٤٥.

٢- هەمان سەرچاوە، ١٥-٢٥٠.

٣- هەمان سەرچاوە. ٣٥٢.

٤- له سوید، یاسای تاوان جیاوازی دادەنێت له نێوان کوشتن و کوشتنی بەبێ ئەنقەست. کوشتن له پلەی سەختتردایە. هەر کەس ئیسپات بکرێت کەسێکی تری له ژیان بێبەش کردووە دەبێت بە کوشتن حوکم بدرێ. بەڵام، لەسەر ئەساسی هەڵسەنگاندنێکی گشتیی هەموو بەڵگە پێوەندیدارەکان، تاوانەکە "دەشێت بەرچاوکردنی هەلومەرجێک کە بووەتە هۆی ئەو کارە، یان بەچەشنێکی تر کردەوەکەی هەڵخڕاندووە، وەکو کوشتنی بەبێ ئەنقەست دادوەری بکرێت و وەها چاوی لێ بکرێت کە کەمتر مەترسیدارە. ڕەوتی دادگەکە نیشانی دەدا پرسیاری ئەوەی کە ئاخۆ حاڵەتێکی کوشتنی نامووسی دەبێت وەکو کوشتن سەیر بکرێت یان وەکو کوشتنی بەبێ ئەنقەست، پێویستە پاش لێکدانەوەی هەموو هەلومەرجێکی حاڵەتەکە، بڕیاری لەسەر بدرێت." (دادگەی پارێزگای ئوپسالا ٢٠٠٢، سزای ٤٠- ٣٠ حاڵەتی B 237-02, pp. ١٥-١٦).

٥- بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، تۆماری توێژینەوەی پۆلیس C 10-369-02, pp. ٢٥٣-٢٥٤. گوتنەوەکان لەم بەشەدا هی pp. ١٦٨، ١٧٢، ١١٧ & ١٥٥ ن.

٦- هەمان سەرچاوە ٨٥- ٧٥٢.

٧- لەلایەکی ترەوە، فیدان کچی ڕەحمی دەڵێت کە باوکی قەت هیچی نەدەدا بۆ زەماوەندەکە. وا باس دەکرێ کە ڕەحمی بەفادیمەی گوتووە کە، "ئێوە پێکەوە دەژین و ئەمەش بەپێچەوانەی سەرەتاکانی منە." هەمان سەرچاوە، ٨١١.

٨- هەمان سەرچاوە، ٦٧٢.

بەشی یازدەم

١- "ڤیردینس گانگ" (گەورەترین ڕۆژنامەی نەرویج)، ١٥ی مانگی حەوت ١٩٩٨.

٢- کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوید ١٩٩٨.

٣- یاسای سوید ڕێگە دەدا بەکچانی له بنەماڵەی بەپاشخانی کۆچبەرییەوە کە له پازدە ساڵیدا هاوسەرکاری بکەن، له کاتێکدا کە کچانی "سوێدی" دەبێت بوەستن هەتا دەبنە هەژدە ساڵ. ئەم یاسایە سەرەنجام له ٢٠٠٤دا گۆڕدرا.

٤- ڕاگەیاندن له کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوید ١٩٩٨.

٥- "ڤێردێنس گانگ" ٢٥ی مانگی حەوت ١٩٩٨.

٦- حوکم، دادگەی ناوچەی ئوپسالا، حاڵەتی K 15714-98.

٧- داگێنز نیهێتێر، ٢٤ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٨- ڤێردێنس گانگ، ٢٤ی مانگی حەوت ٢٠٠٢.

٩- بۆ نموونە بڕوانە، موێرک ١٩٩٨؛ ساندرووپ ١٩٧٧

١٠- ڕاگەیاندن لە کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوێد ١٩٩٨

١١- بیلگیچ ٢٠٠٠.

١٢- بۆ قسە و باسێکی زیاتر، بڕوانە ڤیکان ٢٠٠٢.

١٣- موا روشەنفەر کە دۆستی فادیمەیە لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا دەڵێت، فادیمە وەکو کەسێکی باریک و بێ ئازار باسی باوکی دەکرد و پێی وابوو کە ئەو قەت نەیدەتوانی بریندار بکات. بەرپرسیارەتیی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، تۆماری توێژینەوەی پۆلیس C 10-369-02, p. ٢٢.

١٤- ڤێردێنس گانگ، ٢٥ی مانگی حەوت ٢٠٠٢.

بەشی دوازدەم

١- دەگونجێ بەراوردێک بکرێ لە نێوان حاڵەتەکانی فادیمە و ئەنووشەدا (بڕوانە خوارەوە). لە هەردووک حاڵەتەکاندا بکوژەکە دان دەنێت بە کوشتنەکەدا و چەندان شایەتحاڵی کردەوەکەش هەن. حاڵەتەکی فادیمە لە سیستەمی سوێددا سەرجەم شەش ڕۆژی خایاند (دادگەی ناوچە و دادگەی باڵا)، لە کاتێکدا حاڵەتەکەی ئەنووشە بیست و سێ ڕۆژی خایاند. بەراوردێک کە لەلایەن دادوەرەکانەوە بەڕێوە چوو ئەو ئاکامە وەردەگرێ کە سیستەمی نەرویجی مەیلەو ئەوەیە کە زۆر زیادی توێژینەوەی حاڵەتەکان دەکا.

٢- دادگەی باڵای یۆتا، حوکمی ٢٦/ ٤/ ٢٠٠٦ حاڵەتی B 1339-06. لە نێوان دادوەرەکاندا جیاوازیی بۆچوون هەبوو: دووان لە پێنج کەس دەنگیان دا بەحوکمدانی دایک و باوکەکە.

٣- تۆری ١٩٩٩: پارێزگارییەکی کولتووری لەسەر هەمان بناغەی فۆرمەکانی تری داوای پارێزگاری، بۆ نموونە هێزی پێویست (نیاز) و پارێزگاری لەخۆ، لەباری فەرمییەوە بەڕەسمی ناناسرێ و لەباری یاساییشەوە ڕەوایەتیی پێ نادرێت. بەڵام ئەمە ئەنجام دەدرێت و بابەتێکە لەناو ڕەوتی لێکۆڵینەوەی یاسا و دادوەریدا کەوتووەتە بەر توێژینەوە و مشتومڕی بەرین، هەروەها بڕوانە ڕێنتێلن ٢٠٠٤.

٤- ووو ١٩٨٩.

٥– شەیبانی ١٩٨٧: ٧٦٩.

٦– گییوو ٢٠٠٢.

٧– داگێنز نیهێتێر، ١١ی مانگی دوو ١٩٩٧.

٨– دادگەی ناوچەی ئوپسالا، حوکمی ٧/ ٥/ ١٩٩٨، حاڵەتی .B 350-98

٩– یاسای سوێد دەڵێت: "ئەگەر کەسێک دەستیدابێتە تاوانێک پێش ئەوەی کە ئەو کەسە گەیشتبێتە تەمەنی بیست و یەکساڵی، دادگە سەرنجی تایبەتی دەدات بە زەوینەی حوکمەکە و بەگەنجبوونی کوڕ یان کچەکە" (دادگەی ناوچەی ئوپسالا، ١٩٩٨، حوکمی ٥/ ٨/ ١٩٩٨).

١٠– بەراوردی بکەن لەگەڵ گروێنهاوگ ١٩٩٧ و بورخگرێڤینک ١٩٩٧ بۆ مشتومڕێکی زۆر سەرنجڕاکێش سەبارەت بە کەڵک وەرگرتن لە "کولتوور" لە دادگەیەکی نەرویجدا. خاڵی دەستپێک بۆ مشتومڕەکە کوشتنێکی نامووسی بوو کە ساڵی ١٩٨٣ بەڕێوە چووبوو. باوک و کوڕێکی تورک دۆستێکی نزیکی بنەماڵەکەیان کوشت لەبەرئەوەی خۆی داسەپاندبوو بەسەر کچی پازدە ساڵانی بنەماڵەکەدا و سێکسیی لەگەڵ کردبوو. لەوە دەچێت کە کچەکە نەکەوتبووە بەر هیچ چەشنە تلەکردنەوەیەک. ڕەیدار گروێنهاوگ لە حاڵەتەکەدا شایەتحاڵێکی پسپۆڕ بوو کە هەموو ڕێگەکەی بڕی هەتا باڵاترین دادگە. ئەو زۆر باش و بە هێزەوە بەڵگە دێنێتەوە بۆ بەوەی پێویستە هەردەم تاوانێک لە چوارچێوە کولتوورییەکەیدا سەرنج بدرێت، نەک بۆ ئەوەی بەهیچ لەونێک پارێزگاری لە تاوانەکە بکرێت، بگرە بۆ پێشخستنی بناغەکەی بەمەبەستی تێڕوانینی یاسایی.

١١– ڤیکان ١٩٩٩.

١٢– نامەی غولام ئازەرەخش، ١٢ی مانگی پێنج ٢٠٠٥.

٢١، دادگەی ناوچەی ڕۆمسداڵ، حوکم ٢١– ٥– ٢٠٠٣ حاڵەتی ٣٠– ٦٢٢٠٠ حوکمەکە دواتر لەلایەن دادگەی باڵاوە پشتڕاست کرایەوە.

١٤– داگبلادێت، ١٩ی مانگی هەشت ٢٠٠٢.

١٥– داگبلادێت، ٢٢ی مانگی هەشت ٢٠٠٢.

١٦– بڕوانە خان ٢٠٠٦؛ وەرایش ٢٠٠٥.

بەشی سێزدەم

١– بۆ لێکدانەوە و بەراوردێکی قووڵتری ئەم حاڵەتە، بڕوانە ڤیکان ٢٠٠٠، ٢٠٠٢.

٢- من شـایەتحـاڵی پسـپـۆڕ بووم لە حـاڵەتەکـەی نادیا و بۆیە دەمـتـوانی لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ بکەم. من لەسەر داوای پارێزەر بانگهێشتن کرابووم.

٣- ئاخۆ لە ڕاستیدا کچێنیی هەبوو یان نا، هیچی بەسەر ئەمەوە نییە. ئەو لەوانەیە ئەمـەی بەدایکی گـوتبێت لەبەرئەوەی پێشـگیری بکات لەوەی کە لە مـەغریب بیدەن بەشوو. بۆ ئەم قسە و باسەی ئێمە، گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە ئەم بابەتە لە دادگەدا چۆن تاوتوێ کرا.

بەشی پازدەم

١- ڤێردێنس گانگ، ١٢ی مانگی دە ١٩٩٨.

٢- هەمان سەرچاوە.

٣- ڤێردێنس گانگ، ٢٤ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٤- هەمان سەرچاوە.

بەشی حەڤدەم

١- مەبەستی ئەو زمانی تورکییە. باوک و دایەگەورەی پاتریک خەڵکی بەشێکن لە ئێران کە زمانی سەرەکیی تورکییە.

بەشی هەژدەم

١- دەربڕینی مووا روشەنفەر، ڕاپۆرتی توێژینەوەی پۆلیس، ل ٢٢٢.

٢- لە گفتوگۆکردنێک لەگەڵ لەیف ئێریکسۆن، ١٢ی مانگی یازدە ٢٠٠٢.

بەشی نۆزدەم

١- ئەم وتارە لەلایەن فەندەیشنی ئانێت تومێسۆن_ەوە ڕێک خرابوو.

٢- داگێنز نیهێتێر، ٢٤ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

٣- ئاننا، کچێکی سوێدی _ سووریایی کە لە ترسی بنەماڵەکەی بەنهێنی دەژیا، وتی، "دایک و باوکی من هەمـوو کـاتی ژیانیـان لە سـوێد خـەریکی کـارکـردن بوون، بەڵام هەرکە دەگەیشتنە مالەوە دەرگەیان لەسەر هەر شتێک کە پێوەندیی بووبێت بە سوێدیبوونەوە، دادەخست. ئەوان قەت سەیری تەلەڤزیۆنی سوێدیان نەدەکرد، بگرە تەنیا کەناڵە عەرەبییەکان. من قەت ڕێگەم پێ نەدرا بچمە سەردانی بنەماڵەیەکی سوێدی و هیچ کچە هاوڕێیەکی سوێدیم نەبوو" (ئێکسپرێسێن، ١٠ی مانگی یەک

١٩٩٧). شایەتحاڵی لەم چەشنە زۆرن. هەروەها بڕوانە ڤیکان ٢٠٠٢:٩٨-١٠٦.

٤- چەمکەکە هی چالاکیی مافی مرۆڤی ئەمەریکایی جۆزێف کورتێز جوونیەرە. (لاڤێل ١٩٩٥). من لە کتێبەکەمدا بە نێوی "بەرەو چینێکی ژێرەوەی نوێ لە نەرویج" لەم چەمکە کەڵک وەردەگرم و پێوەندییەکەی لەگەڵ سیاسەتی هاوگونجیی نەرویجدا باس دەکەم، ؛ ڤیکان ١٩٩٥ ئا.

٥- ئاکمەن ٢٠٠٢.

٦- بارت ١٩٥٣.

٧- لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس، ل ٣٢١. ئەمە بەپێچەوانەی ئەوەیە کە سونگیول لە دادگەدا باسی کرد، بەڵام هەروەها لەوانەیە کە ئەڵماس زیاتر دەستڕەسی بە زانیاریی ناو بنەماڵەکەی هەبێت هەتا سونگیول کە گەنجترە.

٨- بۆ ژنان لە کوردستانی تورکیا نائاسایی نییە کە وەکو ناوبژیکار کەڵکیان لێ وەربگیرێت، چ بۆ ناو بنەماڵەکە و چ لە نێوان بنەماڵەکاندا (ئاکمەن ٢٠٠٢). ئەمە بەتایبەتی بۆ ژنانی بەتەمەن ڕاستە کە پێگە و دەسەڵاتێکیان هەیە وایان لێ دەکات بۆ ئەم ڕۆڵە زۆر باش بن. ئەمە هەروەها بۆ هێندێک کۆمەڵگەی تری ڕۆهەڵاتی ناوینیش ڕاستە (بڕوانە ڤیکان ١٩٨٣؛ ١٩٩٥ئا؛ ١٩٩٦).

٩- هێندێک پێیان وایە کە پێکەوەهەڵکردن بەس نییە. لێرەدا من پێشوێنی فەیلەسووفی سیاسی مایکڵ والزێر دەگرم کە لە کتێبەکەیدا بەنێوی "سەبارەت بە پێکەوەهەڵکردن"(١٩٩٧) بەڵگە دێنێتەوە کە پێکەوەهەڵکردن و موداراکردن مەترسییەکانی خۆیان هەیە، کە نابێت بەکەم دابنرێن.

١٠- بەرپرسیارەتی پۆلیس، پارێزگای ئوپسالا، ٢٠٠٢، تۆماری توێژینەوەکان C 10-369-02, p ١٢٨.

١١- داگێنز نیهێتێر، ٢٤ی مانگی یەک ٢٠٠٢.

١٢- تۆماری توێژینەوەکانی پۆلیس، ل ٩٤١.

١٣- ئافتۆنبلادێت، ٤ی مانگی دوو ١٩٩٨.

١٤- داگێنز نیهێتێر، ١٩ی مانگی دوازدە ١٩٩٧.

١٥- بەڵام، ڕەسووڵ عەولا کە بۆ خۆی کوردە، دەڵێت کە کاربەدەستان باوەڕێکی زۆر زیادیان بەو کارانە هەیە کە ڕێکخراوە کۆچبەرەکان دەتوانن بیکەن؛ ئەو زنجیرەیەک بەڵگەی بیر ورووژێنەر دێنێتەوە بۆ پشتگیریکردن لەم بۆچوونەی خۆی (عەولا ٢٠٠٢).

١٦- "فادیمە: بەهای ئازادی" (کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوێد ٢٠٠٢).

١٧- هەمان سەرچاوە.
١٨- هەمان سەرچاوە.

بەشی بیستەم
١- کارلبووم ٢٠٠٢؛ فرەیدمەن ٩٩٩١.
٢- لینا لارسێن، سەرۆکی ئەنجوومەنی ئیسلامی لە نەرویج بەمیدیاکانی گوت، "ئەمە هیچ فرێکی بەسەر ئیسلامەوە نییە. ئەوانە موسڵمان نەبوون" (ڤێ_گێ ٢٧ی مانگی یەک ٢٠٠٢).
٣- ئێکسپرێسێن، ٢٧ی مانگی یەک ٢٠٠٢.
٤- سوڵتان ٢٠٠٣.
٥- من ماوەی زیاتر لە سی ساڵە لەسەر ئیسلام لێکۆڵینەوە دەکەم، بە کاری مەیدانیشەوە لە چەندان شوێن لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. من لەسەر ئەساسی ئەو ئەزموونە دەدوێم. لێکۆڵینەوەکانی من بە زمانە ناوچەییەکان بەڕێوە چوون _ عەرەبی وئەندەنووسیایی.
٦- نادیرە ماتەر کە تورکیا وەکو خاڵی دەستپێک دادەنێ دەنووسیت، "ناتوانیت ئینکاریی ئەوە بکەیت کە باوەڕی خەڵک بە ئیسلام لە بواری توندوتیژی بەرامبەر بە ژناندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت _ چ سەبارەت بەرەفتاری خراپ لەگەڵ ژنان لەناو ماڵدا و چ لە کوشتنی ناموسیدا. یاسای شەرعیی ئیسلام بەبڕیاری بەردبارانکردنی ژنانێک کە خیانەتی هاوسەرییان کردووە و بە دانی ماف بەپیاوان بۆ لێدانی ئەو ژنانەی نافەرمانی دەکەن، ڕەوایەتییان داوە بەستەمکردن لە ژنان و ڕەفتاری خراپکردن لەگەڵیان لە ناوماڵدا." ئەو هەروەها ئاماژە دەکات بەڕێژەی زۆری کوشتنی ناموسی لە هێندێک ناوچەدا لە تورکیا _ لە پارێزگاکانی باکور و باشووری ڕۆهەڵات _ کە پێگەی قایمی حزبە ئیسلامییەکانن و ئاماژەیش دەکات بەوەی کە دەشێت پێوەندێک لە نێوان ئەم دوو دیاردەیەدا هەبێت. لەلایەکی تریشەوە، "کوشتنی ناموسی لەو کۆمەڵگەیانەی کە لایەنگری خوێندنەوەیەکی لیبرالانەترن بۆ ئیسلام، زۆر دەگمەنە." (ماتەر ٢٠٠٢).
٧- بۆ نموونە بەراوردی ئەلعەزم ١٩٩٥؛ مەرنیسی ١٩٩١؛١٩٩٥ بکە.
٨- بیلگیچ ٢٠٠٠: ٤٩.
٩- کەریم ١٩٩٦.
١٠- داس ١٩٩٠

١١– ڤیکان ١٩٩٩
١٢– مەعلووف ١٩٩٨: ٩٢.
١٣– پاریخ ١٩٩٩: ٧٠.
١٤– من لێرەدا لەوە زیاتر کێشەکە لێک نادەمەوە. بە دوور و درێژی لە ڤیکان ١٩٩٥ و ٢٠٠٢ و هەروەها لەلای چەندان کەسی تریش بۆ نموونە وەلید ئەلکوبەیسی (١٩٩٦)، جاناتان فرەیدمەن (١٩٩٩)، و ئینگێرلیزە لیەن (١٩٩٧) قسە و باسی لەسەر کراوە.
١٥– دواین جار و لە ٨ی مانگی دوازدەی ساڵی ٢٠٠٠دا، مۆنا سالین (وەزیری هاوگونجی) و مارگاریتا ڤینبەری (وەزیری یەکسانی) وتاریکیان لە رۆژنامەی داگێنز نیهێتێردا بڵاو کردەوە کە تێیدا دەڵێن، "بانگەشەی ئەوەی کە کولتوور بە هەر چەشنێک هاندەری کوشتن بێت، وەلانانی کێشەکانە... هەر بۆیە ئێمە دەبێت هەرگیز قسەکردن لەسەر "کوشتنی ناموسی" قبووڵ نەکەین." (سالین و ڤینبەری ٢٠٠٢).
١٦– ئیگناتیەف ١٩٩٩؛ مایەر ١٩٩٩.
١٧– مەعلووف ١٩٩٨: ١٤.
١٨– لە ناوەندیی خاچی سووری نێونەتەوەیی لە ئۆسلۆ، یەک لە سێ ئەو تەلەفۆنانەی دەکرێن بۆ وەرگرتنی یارمەتی بۆ ڕاکردن لەدەست هاوسەرکاریی زۆرەملێ، لەلایەن کوڕانەوەیە.
١٩– چاوپێکەوتن، ڤەردێنس گانگ، ٢٥ی مانگی حەوت ١٩٩٨.

بەشی بیست و یەکەم
١– ئەمەو دەربڕینەکانی تر لەلایەن قاراتاسەوە لە پرۆگرامی "فادیمە _ بەهای ئازادی" وەرگیراوە (کەناڵی یەکی تەلەڤزیۆنی سوێد، مانگی دە ساڵی ٢٠٠٢).

دوا وتە
١– بۆ بەراوردیی حاڵەتەکەی غەزالە لە کتێبدا (کە بە حاڵەتەکەی "سلاگێلسێ"یش ئاماژەی پێ دەکرێ، کە نێوی ئەو وێستگەی قەتارەیە کوشتنەکە لەوێ رووی داوە)، بڕوانە بووهر و سۆیندەربی ٢٠٠٦؛ مۆیللێر ٢٠٠٦.
٢– بەری ٢٠٠٤.
٣– هەمان سەرچاوە.

٤- ئێلگاموو ٢٠٠٤.
٥- ستوورهاوگ و خزمەتگوزاریی مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٣.
٦- وەزارەتی داد و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی سوێد ٢٠٠٤.
٧- هەمان سەرچاوە، ٩١.
٨- بەگیخانی ٢٠٠٥: ٢١٦.
٩- ڕوشدی ١٩٨٣.

## سەرچاوەکان


Aase, Tor. 2002. The Prototypical Blood Feud: Tangir in the Hindu Kush
Mountains. In Tournaments of Power: Honor and Revenge in the Contemporary
World, edited by Tor Aase, 79_100. Burlington, VT: Ashgate

Abdo, Nahla. 2004. Honour Killing, Patriarchy, and the State. In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 57_90. Istanbul: Istanbul Bilgi University Press.

Abu Hassan, Reem, and Lynn Welchman. 2005". Changing the Rules? Developments on _Crimes of Honour_ in Jordan". In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 199_208. London: Zed.

Abu-Odeh, Lama. 1996. "Crimes of Honour and the Construction of Gender in Arab Societies. In Feminism and Islam: Legal and Literary Perspectives, edited by Mai Yamani, 141_93. London: Ithaca.

Afshar, Haleh . 1998. Islam and Feminisms: An Iranian Case-Study. London: Macmillan.

Akman, Haci. 2002 Honor, Feuding, and National Fragmentation in
Kurdistan. In Tournaments of Power: Honor and Revenge in the Contemporary
World, edited by Tor Aase, 101_14. Burlington, VT: Ashgate.

Al-Azm, Sadik. 1995 Mot hevdvunne sannheter. Oslo: Cappelen.

Alcalá, Jesús. 1997a. Männen i familjen borde _talas. Dagens Nyheter,
February 7. __ 1997 b. Inte ett mord, en avrättning. Dagens Nyheter, February 8.

Älgamo, Kickis _hré. 2004. Confronting Honour Violence: The Swedish

Police at Work. In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 203_10. Istanbul: Istanbul Bilgi University Press.
Ali, Ayan Hirsi. 2007. Infidel. London: Free Press.
al-Kubaisi, Walid. 1996. Min tro, din myte. Oslo: Aventura.
Alston, Philip. 2004. Address by Prof. Philip Alston, UN Special Rapporteur on Extraj. icial, Summary, or Arbitrary Executions. In Report
from the International Conference: Combating Patriarchal Violence Against Women_Focusing on Violence in the Name of Honour," 19_20. Stockholm: Covernment Offices.
Awla, Rasool. 2002.Övertro p_ invandrarföreningar. Göteborgs-Posten, February 5.
Barber, Charles Laurence. 1957 The Idea of Hon the English Drama, 1591_700. Gothenburg Studies in English 6. Gothenburg: n.p.
Barth, Fredrik. 1953. Principles of Social Organization in Southern Kurdistan. Universitetets Etnografiske Museum Bulletin 7. Oslo.
RRR.1959. Political Leadership among Swat Pathans. Monographs on Social Anthropology 19. London: Aldine.
RRR. 1983 Sohar: Culture and Society in an Omani Town. Baltimore: Johns Hopkins University Press.
Bay, Joi. 2002 Honor and Revenge in the Culture of Danish Outlaw Bikers. In Tournaments of Power: Honor and Revenge in the Contemporary World, edited by Tor Aase, 49_60. Burlington, VT: Ashgate.
Bearak, Barry. 1999. A Tale of Two Lovers, and a Taboo Recklessly Flouted. New York Times International, April 9.
Begikhani, Nazand. 2002 Alla som tiger er medskyldiga till mord. Aftonbladet,
March 12.
2005 Honor-Based Violence among the Kurds: The Case of Iraqi Kurdistan. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 209_29. London: Zed.
Bergh, Lise. Swedish Government Initiatives to Help Young People

at Risk of Honour-Related Violence. In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 193_202. Istanbul: Istanbul Bilgi University Press.

Bilgiç, Sükrü. 2000. Integrering: Fra teori til praksis. Oslo: Kulturbro forlag.

Black-Michaud, J. 1975. Cohesive Force: Feud in the Mediterranean and the Middle East. Oxford: Blackwell.

Borchgrevink, Tordis. 1997. Et ubehag i antropologien. Norsk antropologisk tidsskrift 8:26_36.

Buhr, Claus, and Helle S_nderby. 2006. Bror, hvad er det du g_r? Historien om _resdrabet p_ Ghazala Khan. Copenhagen: DR Multimedie.

Carlbom, Aje. 2003. The Imagined versus the Real Other: Multiculturalism and the Representation of Muslims in Sweden. Lund: Lund Monographs in Social Anthropology.

Centre for Egyptian Women_s Legal Assistance 2005 _Crimes of Honor_ as Violence against Women in Egypt. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 137_59. London: Zed.

Chakravarti, Uma. 2005. From Fathers to Husbands: Of Love. Death and Marriage in North India. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 160_80. London: Zed.

Cohen-Almagor, Raphael 1996 Female Circumcision and Murder for Family Honour among Minorities in Israel. In Nationalism, Minorities, and Diaspora: Identities and Rights in the Middle East, edited by Kirsten Schulze, Martin Stokes and Colin Campbell, 171_87. London: I. B. Tauris.

Das, Veena. 1990. What Do We Mean by Health?" In The Health Transitions: Social, Cultural, and Behavioral Developments, edited by J. Caldwell et al. Canberra: Australian National University Press.

1995 Critical Events: An Anthropological Perspective on Contemporary
India. New Delhi: Oxford University Press.
de Vries, Marlene 1995. "The Changing Role of Gossip: Turkish Girls in the
Netherlands. In Post-migration Ethnicity, edited by Gerd Baumann and
Thijl Sunier, 36_56. Amsterdam: Het Spinhuis.
Dickermann, Mildred. 1997. The Balkan Sworn Virgin: A Cross-Gendered
Female Role. In Islamic Homosexualities: Culture, History, and Literature,
edited by Stephen O. Murray and Will Roscoe, 197_203. New York: New
York University Press.
Eldén, _sa. 2004. Life-and-Death Honour: Young Women_s Violent Stories
about Reputation, Virginity and Honour_in a Swedish Context.
In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited
by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 91_100. Istanbul: Istanbul Bilgi
University Press.
Elster, Jon. 1999. Alchemies of the Mind: Rationality and Emotions. Cambridge:
Cambridge University Press.
Friedman, Jonathan. 1999. Rhinoceros II. Current Anthropology 40, no 5:
679-94.
Gehl, Walther. 1937. Ruhm und Ehre bei den Nordgermanen: Studien zum Lebensgefühl
der Islandischen Saga. Neue Deutsche Forschungen 121. Berlin:
Junder und Dunnhaupt.
Ginat, Joseph. 1982. Women in Muslim Rural Society: Status and Role in Family
and Community. New Brunswick, NJ: Transaction.
1997 [1987]. Blood Revenge: Family Honor, Mediation, and Outcasting.
Brighton, UK: Sussex Academic Press.
Göta Hovrätt. Dom 2006-06-26. M_l B 1339-06.
Gr_nhaug, Reidar1997. Rettsstaten, det flerkulturelle, og antropologien.
Norsk antropologisk tidsskrift 8:256_72.

Guillou, Jan. 2002. Hedersmord har inget att göra med religion. Aftonbladet, January 23.
Haeri, Shahla. 1995. The Politics of Dishonor: Rape and Power in Pakistan. In Faith and Freedom: Women_s Human Rights in the Muslim World, edited by M. Afkhami, 161_73. London: Tauris.
Hjärpe, Jan. 1997. Kan kultur och religion orsaka mord?" Göteborgs-Posten, February 16.
Hoyek, Danielle, Rafif Rida Sidawi, and Amira Abou Mrad. 2005. Murders of Women in Lebanon: _Crimes of Honour_ between Reality and the Law. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 111_36. London: Zed.
Htun, Mala. 2000. Culture, Institutions, and Gender Inequality in Latin America. In Culture Matters, edited by Lawrence E. Harrison and Samuel P. Huntington, 189_201. New York: Bantam.
Hu, Hsien Chin. 1944. The Chinese Concept of Face. American Anthropologist
46:45_64.
Human Rights Watch. 2004. Honoring the Killers: Justice Denied for "Honor" Crimes in Jordan. Vol. 16. no. 1. April.
Ignatieff, Michael. 1999. Whose Universal Values? The Crisis in Human Rights. Praemium Erasmianum Essay. The Hague: Foundation Horizon.
Jehl, Douglas. 1999. Arab Honor_s Price: A Woman_s Blood. New York Times International, July 26.
Johansson, Kenneth. ed. 2005. Hedersmord: Tusen _r av hederskulturer. Lund: Historiska Media.
Kardam, Filiz, et al. 2006. The Dynamics of Honor Killings in Turkey. Ankara:
Population Association.
Karim, Nasim. 1996. Izzat_For OErens Skyld.Oslo: Cappelen.
Kertzer, David I. 1993. Sacrificed for Honor: Italian Infant Abandonment and the
Politics of Reproductive Control. Boston: Beacon.

Khader, Naser. 2002. _re og skam: Det islamiske familie- og livsm_nster i Danmark
og Mellem_sten. Copenhagen: Borgen.
Khan, Tahira S. Beyond Honour: A Historical Materialist Explanation of Honour
Related Violence. Karachi: Oxford University Press.
Kim, Elizabeth. 2000. Ten Thousand Sorrows: The Extraordinary Journey of a
Korean War Orphan. London: Bantam.
Kressel, Gideon M. 1981. Sorocide-Filiacide: Homicide for Family Honor.
Current Anthropology 22:141_58.
1988 More on Honour and Shame. Man 23:167_70.
Kurkiala, Mikael. 2005. I varje trumslag jordens puls. Stockholm: Ordfront.
Lavelle, Robert, ed. 1995. America_s New War on Poverty: A Reader for Action.
San Francisco: KOED Books.
Lien, Inger-Lise. 1997. Ordet som stempler djevlene: holdninger blant pakistanere
og nordmenn.Oslo: Aventura.
2000 The Dynamics of Honor in Violence and Cultural Change.
In Tournaments of Power: Honor and Revenge in the Contemporary World,
edited by Tor Aase, 19_48. Burlington, VT: Ashgate.
Lundgren, Eva, and _sa Eldén. 1997. V_ldsbrott mot kvinnor er inte n_got
eksotiskt. Svenska Dagbladet, January 21.
Maalouf, Amin 1998. Identitet som dreper. Oslo: Pax.
Mater, Nadire 2002. Lagen har ändrats, men hedersmorden finns kvar.
Aftonbladet 12. mars.
Mayer, Ann Elizabeth. 1999. Islam and Human Rights: Tradition and Politics.
Boulder, CO: Westview.
Mernissi, Fatima. 1911 . The Veil and the Male Elite. Reading, MA: Addison-
Wesley.
1995 Arab Women_s Rights and the Muslim State in the Twentyfirst
Century: Reflections on Islam as Religion and State. In Faith

and Freedom: Women_s Human Rights in the Muslim World, edited by
M. Afkhami, 161_73. London: Tauris.
Mojab, Shahrzad. 2004. The Particularity of _Honour_ and the Universality
of _Killing. _In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political
Challenges, edited by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 15_38. Istanbul:
Istanbul Bilgi University Press.
M_ller, Arne Schmidt. 2006. Ghazala_et _resdrab i Danmark. _rhus, Denmark:
Siesta.
M_rck, Yvonne. 1996. K_n, kulturel loyalitet, og multikulturalisme: Perspektiver
p_ etnisk minoritetsungdom. PhD diss, Institutt for Kulturantropologi,
Copenhagen.
Parekh, Bhikhu. 1999. A Varied Moral World. In Is Multiculturalism Bad
for Women? edited by Joshua Cohen, Matthew Howard and Martha C.
Nussbaum, 69_75. Princeton, NJ: Princeton University Press.
Patterson, Orlando. 1982. Slavery and Social Death. Cambridge, MA: Harvard
University Press.
Peristiany, J. G.ed.1965. Honour and Shame: The Values of Mediterranean Society.
London: Weidenfeld and Nicholson.
Pervizat, Leyla. 2004 In the Name of Honour In Violence in the Name of
Honour: Theoretical and Political Challenges, edited by Shahrzad Mojab
and Nahla Abdo, 137_42. Istanbul: Istanbul Bilgi University Press.
Pimentel, Silvia, Valéria Pandjiarjian, and Juliana Belloque. 2005. The
Legitimate Defence of Honour,_ or Murder with Impunity? A Critical
Study of Legislation and Case Law in Latin America. In "Honour":
Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman
and Sara Hossein, 245_62. London: Zed.
Pitt-Rivers, Julian. 1966. Honour and Social Status. In Honour and Shame:
The Values of Mediterranean Society, edited by J. G. Peristiany, 19_77. Chicago:

Chicago University Press.
1977 The Fate of Shechem. Cambridge: Cambridge University Press.
Polismyndigheten i Ume_ län. 1996. Förundersökningsprotokoll 17. December.
Polismyndigheten i Uppsala län 2002 a.Forhör av Murat Sahinda l020313
K 1931-02.
2002 b. Förundersökningsprotokoll C 10-369-02. Datum February
28, 2002.
2002 Om Fadime Sahindal i SVTs Striptease_98. Kopia Knr.
02-1931 March 5, 2002.
Pope, Nicole. 2004. Honour Killings: Instruments of Patriarchal Control.
In Violence in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited
by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 101_10. Istanbul: Istanbul Bilgi
University Press.
Renteln, Alison Dundes. 2004. The Cultural Defense. Oxford: Oxford University
Press.
Rizvi, Javieria. 2004. Violence in the Name of Honour in Swedish Society:
What Lessons Can Be Learnt from the Swedish Experience?" In Violence
in the Name of Honour: Theoretical and Political Challenges, edited by Shahrzad Mojab and Nahla Abdo, 211_24. Istanbul: Istanbul Bilgi University
Press.
Rushdie, Salman. 1983. Shame. London: Jonathan Cape.
Sahlin, Mona, and Margareta Winberg. 2000. Kulturen ingen Ursäkt ".Dagens
Nyheter, December 8.
Sandmo, Erling 2005. a. _reskulturens fall og vekst. In Hedersmord: Tusen
_r av hederskulturer, edited by Kenneth Johansson, 207_24. Lund: Historiska
Media.
2005 b. Hvorfor ikke?" In Hedersmord: Tusen _r av hederskulturer,
edited by Kenneth Johansson, 7_10. Lund: Historiska Media.
Sandrup, Therese. 1998. Sin mors datter: En studie av tyrkiske og pakistanske

jenter og kvinner i en norsk drabantby. MA thesis, Institutt og
Museum for Antropologi, Oslo.
Selstad, Leif. 2002 The Attraction of Power: Honor and Politics in a Japanese
Village. In Tournaments of Power: Honor and Revenge in the Contemporary
World, edited by Tor Aase, 151_64. Burlington, VT: Ashgate.
Shaaban, Bouthaina. 1991. Both Right and Left Handed: Arab Women Talk
about
Their Lives. Bloomington: Indiana University Press.
Shalhoub-Kevorkian, Nadera. 2005. Researching Women_s Victimisation
in Palestine: A Socio-legal Analysis. In "Honour": Crimes, Paradigms, and
Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein,
160_80. London: Zed.
Sheybani, M. M. 1987. Cultural Defense: One Person_s Culture Is Another_s
Crime. Loyola of Los Angeles International and Comparative Law Journal
9:751_83.
Stewart, Frank Henderson. 1994. Honor. Chicago: University of Chicago
Press.
Storhaug, Hege, and Human Rights Service. 2003. Human Visas: A Report
from the Front Lines of Europe_s Integration Crisis. Oslo: Human Rights
Service.
Strauss, Claudia, and Naomi Quinn. 1994. A Cognitive/Cultural Anthro-
pology.
In Assessing Cultural Anthropology, edited by Robert Borofsky,
284_98. New York: McGraw-Hill.
Sultan, Shoaib.2003. Fadime, muslim eller ikke?" Ung Muslim 4, no1
Svea Hovrätt. Dom 2002-06-01. M_l no. B 4651-02:48.
SVT1. 1998. May 6 episode of Samhällsmagasin (Striptease), with reporter
Marianne Spanner.
2002 Fadime: Frihetens pris (Fadime: The Price of Freedom). Documentary.
First aired October 17.
SVT4. 2002. Hederns Pris (The Price of Honor), with reporter Johan _sard.
First aired October 16.

Torry, William I. 1999. Multicultural Jurisprudence and the Cultural Defense. Journal of Legal Pluralism, no44
Touma-Sliman, Aida. 2005. Culture, National Minority, and the State: Working against the _Crime of Family Honor_ within the Palestinian Community in Israel. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 181_98. London: Zed.
Tsering, Diki. 2001. Dalai Lama, My Son: A Mother_s Story. London: Virgin.
TV2. 1999. "Rikets tilstand," with reporter Gerhard Helskog. Episode of Tvangsekteskap. First aired October 27.
Ume_ tingsrätt. 1997. Dom 1997-03-25. M_l nr. B 2121-96, 25.
Uppsala tingsrätt 1998a. Dom 1998-08-05. M_l nr. B 1510-98.
1998b. Dom 1998-05-07. M_l nr. B 350-98.
2000. Dom 2002-04-03. M_l nr. B 237-02.
Walzer, Michael. 1997. On Toleration. New Haven, CT: Yale University Press.
Warraich, Sohail Akbar. 2005. Honour Killings_ and the Law in Pakistan. In "Honour": Crimes, Paradigms, and Violence against Women, edited by Lynn Welchman and Sara Hossein, 78_110. London: Zed.
Wikan, Unni. 1980. Life among the Poor in Cairo. Translated by Ann Henning.
London: Tavistock.
1984 Shame and Honour. A Contestable Pair Man (n. s )19: 635_52.
1991.a. Behind the Veil in Arabia: Women in Oman. Chicago: University of Chicago Press. (First published by Johns Hopkins University Press, 1982.)
1991.b The Girl Child in Bhutan. Thimphu, Bhutan: UNICEF.
1992 Beyond the Words: The Power of Resonance. American Ethnologist 19, no. 3: 460_82.
1995 Mot en ny norsk underklasse: Innvandrere, kultur, og integrasjon. Oslo: Gyldendal.

1996 Tomorrow, God Willing: Self-Made Destinies in Cairo. Chicago: University of Chicago Press.
1999 Culture: A New Concept of Race. Social Anthropology 7, no. 57:1_64.
2000. Citizenship on Trial: Nadia_s Case. D_dalus (Journal of the American Academy of Arts and Sciences) 129, no4. : 55_76.
2002. Generous Betrayal: Politics of Culture in the New Europe. Chicago: University of Chicago Press.
Woo, Deborah. 1989. The People v. Fumiko Kimura: But Which People? International Journal of the Sociology of Law 17:403_28.

## پێڕست


پێشەکیی وەرگێڕ ........ 6
پێشەکی ........ 9
بەشی یەکەم – ژیانەکانی سوێد ........ 21
١– فادیمە، لە یادی ئەو ........ 21
٢ – سارا: "لەو سوێدیتر بوو" کە مافی ژیانی هەبێت ........ 38
٣ – پێلا، یان مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە ........ 52
بەشی دووەم – نامووس ........ 62
٤– نامووس چییە؟ ........ 62
٥– کوشتنی نامووسی لە بوارێکی کولتووری یەکتربڕدا ........ 88
٦– کچێنی، پیاوەتی و نامووس ........ 112
بەشی سێیەم – حاڵەتەکەی فادیمە ........ 127
٧– لە دادگە ........ 127
٨– خوشکە بچکۆلەکەی، تەمەن سێزدە ساڵ ........ 144
٩– بەسەرهاتی دایکێک ........ 161
١٠– سادە و سەرەتایی؟ ........ 171
١١– ئەو هێزەی لە پەرێشانیدا لەدایک بوو ........ 189
بەشی چوارەم – ژیانەکانی نەرویج ........ 203
١٢– وچانێک: نامووس لە دادگەدا ........ 203
١٣– حاڵەتی نادیا: پرسێکی تری نامووس ........ 225
١٤– حاڵەتی زێدینی: ئاخۆ نامووس لە مەترسیدا بوو؟ ........ 233
١٥– کوشتنەکەی لیۆرێنسکووگ: دووبارە بیرکردنەوە لە نامووس ........ 238
بەشی پێنجەم – دادگەی پێداچوونەوە ........ 242
١٦– کابرای دارستانەکە ........ 242

١٧- دایکەکە ........ 249
بەشی شەشەم - ڕێگەی بەرەوپێش ........ 258
١٨- قسەکردن لە پەرلەمان ........ 258
١٩- هاوگونجی (ئینتێگراسیۆن) ........ 267
بەشی حەوتەم - تێڕامانەکان ........ 293
٢١- زۆر بەتاسەبوون بۆ دیداری بنەماڵە ........ 293
دوا وتـە ........ 297
سوپاس و پێزانین ........ 316
یاداشتەکان ........ 320
سەرچاوەکان ........ 340